# گەندەڵی

ئیسماعیل حەمەئەمین

# گەندەڵی

ڕۆمان

# گەندەڵی

## ئیسماعیل حەمەئەمین


- ژانر: ڕۆمان
- نۆبەی چاپ: ٢٠٢٢
- دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: نووسەر
- چاپ: لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە

ژمارەی سپاردن: ISBN: 7 734191 722711



بەبێ ڕەزامەندی نووسەر: ئیسماعیل حەمەئەمین، هیچ کەس و لایەنێک بە هیچ شێوازێک مافی لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی نییە.

# کتێبی یەکەم

دیســپۆتکان، زاڵمەکان، بۆچی هەن؟ بۆچی دەبێت هەزارەها خەڵک خۆیان لەبەردەم میزاجی ورگی تەنیا کەسێکدا ملکەچ بکەن، بۆچی دەبێــت چــارەنوســــیـــان پــابەنــد بێــت بە بــاوبژی ورگ و ترِوتسەکانییەوە؟

شانۆگەری چەتەکان – فریدریخ شیللەر

# ئاهەنگی ماسی برژاندن

# ١

من (مۆپسی پاشا) بڕیارمداوه چیرۆکی خۆم بگێڕمەوە. چیرۆکی من بۆ نەگبەتیم خەڵک بە کوشـــت دەدات، زۆر دڵ بۆ ئەبەد دەشـــکێنێت، زۆر کەس وا لێ دەکات پێش ئەوەی بچنە بەردەم ســـەگە هەوشـــارەکانی هاوڕێم، خۆیان بکوژن. ئەو ســـەگانەی لە پشدەرەوە هێنراونەتە ئەم ڕیزە کۆشک و ڤێلایانەی من تێدا دەژیم و لەوێ، لەســـەر ئەژنۆ نەیاران و خیانەتکارانیان بۆ دادەنێن و ئەوانیش بە کەڵبە و چنگە بەهێزەکانیان تێیانبەردەبن و دەیانکەنە گۆشتی ڕیزاڵ بوو و لاشەکانیان وەک پەڕۆی کۆن دەدڕێنن.

من دەزانم لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکەی ژیانم، چەندەها کەس گەر ئەقڵ لەو کاتەدا میوانیان بێت، ئەوا دەبێت فریای جانتا پێچانەوەش نەکەون، بڕۆن ســـەر هەڵبگرن و ئەم مەملەکەتە بۆ نادیار جێبهێڵن. دەنا، چارەنوســـیان چوونیانە بۆ بەردەم ســـەگە هەوشـــارەکانی هاوڕێم و ونجڕ ونجڕ بوونیانە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو گۆشـــتەکەیان دەخرێتە قابلەمەی مســـی هیندی و دەبێتە خواردنی هەوشارە برسییەکان. ئەو هەوشارانەی پێشتر، چەندەها ڕۆژ برســـیکراون، هەر دوای لەتوپەتکردنی لاشـــەکە دووبارە بە زنجیر دەیانبەســـتنەوە تاوەکو چەند ڕۆژێک هەر گۆشـــتی لاشـــەکەیان دەدەنێ. ئەو بەســـتەزمانانە تێری پێ ناخۆن، چونکە هەمووی هەڵدەهێننەوە، ئاخر بۆگەنترین گۆشـــت گۆشـــتی مرۆڤە.

ئـەوە شـــتێکـە مرۆڤ خۆی نـایزانێت، بـەڵام هـەموو ئـاژەڵـە گۆشـتخۆرەکانی دونیا دەیزانن، مەگەر برسـێتی هەراسـانیان بکات، دەنا خواردنی گۆشـتی مرۆڤ، خواردنی پیسـخۆرترین بونەوەری سەر ئەم زەوییەیە. بەمشێوەیە ئەم گۆشتە تا تەواو دەبێت ڕۆژانە دەرخواردی هەوشـــارەکان دەردرێت و چاوەڕێدەکەن تاوەکو هەڵیدەهێننەوە، ئەوسـا سـەگەوانەکانی ڤێلاکە هەموو ڕشـانەوەی سـەگەکان دەخەنە ئەو مەنجەڵە مسـە نازدارانەی بەتایبەت لە هیندوسـتانەوە بۆیان هێناون، کە نرخی هەریەکێکیان زیاتر لە پێنج هەزار دۆلارە. بۆ زانینتان دوو ڕۆژ ڕشانەوە ئادەمییەکەی گەدەی هەوشارەکان لە مەنجەڵە مسە لوکسوسەکاندا لەگەڵ پەینی ئاژەڵدا دەخەوێنن. پاشـان ئەم گۆشـتە بۆگەنە ئادەمییە، ئەم ڕشـانەوەی گەدەی هەوشـــارەکان، تێکەڵی فەردەیەک گەنم و پەینی ئاژەڵی دەکەن و فڕێیدەدەنە قووڵایی گۆمە شـــینەکەی چەمەکەی ئەو بەرەوە. ئەو گۆمە مەنگەی ماســییە ســوورە قەدیمەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێت... دەڵێن؛ ماسییە سوورەکان لەبن کەورگەکانەوە بۆنی ئەم بۆگەنە ئادەمییە و پەینی ئاژەڵ دەکەن و هەموویان دێنە دەرەوە، هێواش، هێواش، بە هەفتەیەک هەموو گەنم و گۆشـــتەکە دەخۆن. پاش تێپەڕبوونی هەفتەکە، پاسەوان و مەسینە هەڵگرەکانی ڤێلاکەی ســـەرۆک دێن و قومبەلەی تی ئێن تی لە گۆمە مەنگەکە دەهاون و بەفەردە ماسـییە سـوورەی دە کیلۆیی و بیسـت کیلۆیی دەهێننەوە. ئیدی ئێمەی ســەگەکانی کۆشــک، دەزانین کە ئاهەنگی گەورەی ماسـی برژاندن دەسـتپێدەکات... هەر لەم ئاهەنگی ماسـی برژاندنەوە چیرۆکەکەی من دەستپێدەکات، کە هەم چیرۆکی منە و هـەم چیرۆکی گـەندەڵییـە و هـەم مێژوویی ئـەم وڵاتـەیـە کـە من

سەگانە دەیگێڕمەوە و چیتر دەربەست نایەم دوای ئەوەی چیرۆکی ژیانم بڵاودەبێتەوە کێ تووشـــی چ دەبێت، کێ خۆی دەکوژێت و کێهاش دەچێتە گەدەی سەگە هەوشارەکانەوە. تازە خاڵە گەورە لە خەســـتەخانە تایبەکەی پاریســـە و چۆتە ســـووڕی بێهۆشـــی درێژخایەنەوە.

بیرمدێت، خاڵە گەورە پێش دوا جەڵدەی دەماغی وەســـیەتی بۆکردم و گووتی ``مۆپسی پاشا من تازە فریا نەکەوتم، بەس تۆ چیرۆکی ئـەم بێقیمـەتـانـەی چواردەورم بگێڕەوە `` دوایی زانیم خاڵە گەورەی میهرەبان، بە فڕۆکەی تایبەت براوەتە هەمان ئەو خەستەخانە تایبەتەی کە (یاسر عەرەفات) ی هاوڕێی، سیانزە ساڵ لەمەوبەر تێدا خەوێنراو و بە لاشـــەیی هاتە دەرەوە. بیرمدێت، لەگەڵ خاڵە گەورە چووین بۆ سەردانی عەرەفات و پێش ماڵئاوایی بە خاڵەی گووت`` خاڵە گەورەی خۆشـــەویســـت، هاوڕێی شۆڕشگێڕیی دێرینم، ئەسەفم ئەوەیە نەهاتم چیرۆکی ئەم شۆڕشە فەلەســـتینیە قۆڕە و ئەندام مەکتەب ســـیاســـییە قووندەر و لەشفرۆشانە بنوسمەوە. دەزانم لاشەم لێرە ناچێتە دەرەوە کە ژنە پوز ئەســتوورەکەم و مەکتەب سیاسیەکان لەسەر لاشەی من شەڕە سەگیان دەبێت`` کە ئەمەی گووت خاڵە گەورە بەچاوێکی گلەییانە ســـەیری عەرەفاتی کرد و ئەویش بە بزە هەمیشـــییە دبلۆماسییەکەیەوە سەیری منی کرد و گووتی`` ببورە مۆپسی پاشا، ئەبو مۆپســی لوەرد، مەبەستم بێئەدەبی نییە بەرامبەر بە ڕەچەڵەکی باڵای سەگ. ئاخر مۆپسی پاشا شەڕە سەگ هەر لەسەگ جوانە، نەک لە مەکتەب سیاسیەکانم کە شەڕە سەگیشیان پۆخڵ کردووە.``

هێشـــتا لەراڕەوی خەســـتەخانە پاریســـییەکە بووین، خاڵە گەورە منی لـەبـاوەش نـابوو، فـەرمـانی بـە پـاســـــەوانـەکـانی دا تۆزێک دوورکەونەوە، چونکە دەیزانی ژنەکەی و گەلارێزانی خەســـــوویی هەموو پاسەوانەکانی کردۆتە سیخوڕ بەسەریەوە. سەیرێکی کردم و بە چرپەوە گووتی ``دەخیلتم مۆپســی پاشــا، گەر منیان هێنا بۆ ئێرە و زانیت چیرۆکەکەی عەرەفاتیش لە مندا دووبارە دەبێتەوە، دەخیلتم پاشــــا گیان، هەر کەزانیت شــــەڕە ســــەگی مەکتەب سـیاسـیەکان و خەسـوو و ژنەکەم هەڵگیرسـاوە، ئەوە بزانە دوای ماوەیەک ســـەرەی تۆش دێت. پێش ئەوە تۆ دەســـت بوەشـــێنە و هەموو شتێک بگێڕەوە کە من بۆتم گێڕاوەتەوە. دەخیلتم مووی لێ مەپەڕێنە و وەک خۆی بەهەموو پیس و پۆخڵیەوە بیگێڕەوە. ئاخر گەندەڵی بۆگەنە، شـــتی بۆگەنیش بە زمانی ڕازاوە باس ناکرێت. وەک خۆی بیگێڕەوە و گۆشـــتی لاشـــەکـەی منیـان لێ بکـە بەقوزەڵقۆرت. ئا، مۆپســـی گیان بیرت نەچێت لە ئاهەنگی ماســـیی برژاندنەکانمانەوە دەستپێبکە``

منیش لەســـــەر وەســــیەتی ئەو پیاوە گەورەیە کە خاوەنم بووە، ســـــەرداری ئەم گاڕانە خوێڕیی و مل حیزانە بووە، لێرەوە، لە ئاهەنگی ماسی برژاندنە ئادەمییەکانەوە دەستپێدەکەم...

ســـەرەتا ئەوە بزانن لەوەتەی ئەم ڕیزە کۆشـــکانە لێرە بیناکراوە، ســـالانێکە جگە لە پیاوەکانی خاڵە گەورە نەبێت، کەس بۆی نەبووە ماســـی ئەم چەمە ڕاوبکات. بەمانای هەر کە چەمەکە لەســـنووری ئێرانەوە دەڕژێتە کوردســـتانەوە تاوەکو دەگاتە بەردەم کۆشـــکی خاڵـە گـەورە، کـەس نـاتوانێت، نـە بـە تۆڕ، نـە بـە قولاپ، بـە هیچ شـــێوەیەک و لە هیچ وەرزێکدا دەســـت لەماســـی ئەم چەمە بدات.

تەنانەت گەر منداڵانی گوندەکانی سەر ئەم چەمە و بەدرێژایی چوارسەد و پەنجا کیلۆمەتر دوور لەم کۆشکەوە سەرەمێکوتەیەک بخەنە شوشە دۆشاوێکەوە، ئاسایشی گشتی گەڵ و قوونی خۆیان و خانەوادەکانیان لە کارەبا دەدەن، و دووساڵیش دەیانخەنە زیندانی نەوجاوانانەوە. جگە لەوە، کۆی ئەم چەمە دوو دەزگای ترسناک دەیپارێزێت، کە خاوەنی چەندەها بەندیخانە و ژووری ئەشکەنجەی مۆدێرن و درۆنی کامێرایی سیخوڕییە؛ یەکەمیان بەشێکە لە دەزگای ئاسایشی گشتی و ئەویتر بەشێکە لە هەواڵگیری نیشتمانی، ئەمانیش دووبارە وەک ئەمیبیای ترسناک کەرتدەبن و دابەشدەبن بەسەر چەند دەزگایەکی دیکەی وردیلە و تێکدەئاڵێن و هەر یەک لەمانە جاسووسی بەسەر ئەویترەوە دەکات و هەمووشیان پابەندن بە خودی یەکێک لە خانمە بەدەسەڵاتەکانی کۆشکە بەناوی (گەڵاڕێزان خانم)ی خەسووی خاڵە گەورە. ئەم پیرێژنە قاڕییە خاوەن گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕێکخراوێکی ژینگەپارێزییە، هەروەها ڕۆماننوس و شاعیری نیشتمان و بیرمەندی فێمێنزمی کوردییە، تێزێکی هەیە لە ژێر ناوی (ژنیزمی شۆڕشگێڕیی) کە پرۆفیسۆرە ماستاوچییەکانی زانکۆ بۆیان نوسیووەتەوە و کۆنفراسی لەسەر دەگرن و بودجەی گشتی بۆ تەرخاندەکەن. بەمشێوەیە خەسووی خاڵە گەورە سەرپەرشتی هەموو ئەم دەزگا مەدەنی و سیخوڕیانە دەکات، تەنانەت سیخوڕیی بەسەر خودی خاڵە گەورەی میهرەبانیشەوە دەکات.

ئاوا ئەم ماسییە بەستەزمانانە لە ناو ئەم تۆڕە حیزبی و دەزگایی و ژینگەیی کۆشکدا دەژین و قەڵەو دەکرێن و ڕاودەکرێن،

ســــەیریش لەوەدایە دوای ئەوەی چەمەکە بیســـت کیلۆمەتر، کۆشـــکەی خاڵە تێ دەپەڕێنێت، لەدوای ئەو بیســـت کیلۆمەترە، ڕێگەدراوە بە خەڵکی لەهەموو وەرزەکاندا ڕاوە ماســـی بکەن، تەنانەت قومبەلەی ماســـیش ڕێگە پێدراوە. ئەمەش وایکردووە کە ماســییە وریاکان تاوەکو ســنووری قەدەغەکردنی ڕاوەماســی لە چەمەکەدا بمێننەوە و سنوورەکە نەبەزێنن، چونکە لێرە و بەتایبەت لەبەردەم ئەم ڕیزە کۆشـــکەی ســـەرۆک، باش بەخێو دەکرێن و بەدەگمەن بۆ ئاهەنگی ماســـی برژاندنی تایبەت نەبێت ڕاو ناکرێن. هەربۆیە من، مۆپســـی پاشـــا، زۆرم کەیف پێ دەهاتن و ڕۆژانە دەچوومە سەر چەمەکە و بۆیان دەوەڕیم، ئەوانیش ئازادانە لەسەر ڕووبەڕی ئاوەکە و شڵپ و هوڕیان بوو، بەڵام ئەم بەستەزمانانە نەیاندەزانی ڕۆژێک دێت لە مەملەکەتە ترســـناکەدا گەدەیان پڕ دەکرێت لە ڕشـانەوەی ســەگە هەوشـارەکان و گۆشـتی بۆگەنی ئادەمییان دەدەنێ و دوایش لەسەر پشکۆی ئاهەنگە بەردەوامەکانی ئەم کۆشــکە، لەگەڵ شــەرابی فەڕەنســی و ئیســپانی و ویســکی ســـکۆتـدا دەرخواردی گـەورە و بچوک دەدرێن. نـەیـانـدەزانی دەرخواردی فەرمانبەرانی سەفارەتەکان و قونسوڵە ئەمریکیەکان و وەرگێڕە کوردەکانی کلکیـان دەدرێن. ئـەوانـەی وەک ســـەگی چـاودێری بـەدووی کـارمـەنـدە ئـەمریکییـەکـانـەوەن و دەمیـان خواردەکەنـەوە و (ئۆو مـای گـاد)یانـە و حـەپـەیان دەگـەیشـــتـە گوێچەی من و هەوشــارەکانی هاوڕێم، چونکە ئێمەی ســەگ چاک حەپەی مرۆڤەکان دەناسینەوە کاتێک دەبنە سەگی ئەم و ئەو.

ماســییەکان دەرخواردی ئەندام مەکتەب ســیاســیەکانیش دەدرا کە وەک ئێمەی ســـەگ، کلکەلەقێیان بوو بۆ خاڵە گەورە و ژنی خاڵە

گەورە و خەســـــووی خاڵە گەورە و ســـــەگەوان و دەرگەوان و قەیتولی دایبی فڕێدەری خاڵە گەورە. بەڵام ئێمە لە ســـــروشـــــتی خۆمانەوە بەوەفاین بۆ ئەو نانەی خاوەنەکەمان دەیبەخشــێ پێمان و کلکەلەقێی ئێمە لە سـروشـتی دڵسـۆزیمانەوەیە، بەڵام کلکەلەقێی مەکتەب ســـیاســـییەکان هیچتر نییە جگە لە تفکردنە نەبێت لە ئەو جامە ئاوەی لێیان خواردۆتەوە. هەربۆیە تکادەکەم حەپەی ئێمە و حەپەی ئەوان و کلکەلەقێی ســــروشـــــتی ئێمە و کلکەلەقێیی ئەم پۆخڵاواتە ئادەمیانەتان لێ تێکەڵ نەبێت. ئەم مەکتەب ســـیاســـیانە لـەم ئـاهـەنگی مـاســـــی برژانـدنـەدا، ئـەوەنـدە کووڕدەبنـەوە و دادەنەوێنەوە بۆ باخەوان و ســــەگەوان و قوونپاکەرەوەی خاڵە گەورە و خزمەتکارانی ئەم کۆشکە، بە جۆرێک تا چەند ڕۆژێک لە ساونای هۆتێلە پێنج ئەستێرەکانی شار و ڤێلاکانیان نەبێت، لە هیچ کوێیەک پشتیان نەرم نابێتەوە. خاڵە گەورە فێری کردوون، کە کێ لە خاڵە گەورە نێزیک بێت پلەی لەهەموو ســـیاســـیەکی ئەم وڵاتە بەرزترە. قۆندەرە دانەرەکەی خاڵە گەورە دەتوانێت میزبکات بە وەزیری داراییدا بێئەوەی نقەی لێ بێت، ســـــەگەوانەکان لەهەموو کەس بـەختـەوەرترن کـە زوو زوو بۆ تـاقیکردنـەوەی دڵســــــۆزی ئەندام پەرلەمانێک یان ئەنجومەنی پارێزگاریەک، یان بەڕێوبەڕی گومرگێکی ســــەرســــنوور بە دەم و قنگ و قوز گانیان دەدەنێ و کۆمدەبنەوە لەبەردەمیاندا. هەربۆیە کە من، مۆپســــی پاشــــا، لە ئاهەنگەکەدا لە نێزیک خاڵە گەورەوە کلکم دەلەقاند و بەدوویەوە بووم، هەرگیز ڕێگەم نەدەدا کەسـیان، تەنانەت بۆ ماسـتاوکردنیش بێت دەســـــت بەســـــەر و گوێلاکمدا بهێنن. هەر کە دەســــتیان نێزیکـدەکردەوە دەوەڕیم و خێرا بـە ترس و بزەیـەکی گێلانـەوە

دەســـــتیان لادەبرد و قڕوقەپیان دەکرد. خاڵە گەورەش هەموو جارێک لەخۆشـــیاندا، گەز گەز، باڵای دەکرد، چونکە تەنها ئەو و خانەوادەکەی ئەو بۆیان هەبوو دەســتم لێ بدەن. هەر جارەی کە بە یەکێک دەوڕیم، خاڵە گەورە بە بزەوە سەیری دەکردم، بزەکەی وەک ئەوە وابوو لە تاقیکردنەوەکەدا ســـەد لە ســـەدم هێنابێت. تەنانەت ئەو مەســینە هەڵگرانەی کە ژمارەیان لە بن نایەت، کە بۆ من کووڕ دەبوونەوە و وەک خۆیان دەیانگووت ``ســەری ڕێزیان دادەنەواند`` من وەک خاڵە گەورە بەقێزەوە ســـەیرمدەکردن، بێگومان ئەوە لە چاوە گەورەکانمدا دەبینرا، چونکە من لە خاڵە گەورە زیاتر کەســیترم خۆشـــنەدەویســـت. خاڵە گەورە ئەوەی دەزانی و ئەوەش چیرۆکی خۆی هەیە و دوایی بۆتانی دەگێڕمەوە. تەنانەت من ڕەچەڵەکە ئەوروپییەکەشم بۆ کەس نەدەجولا، بەتایبەت کاتێک وەرگێڕە ڕاپۆڕتنوسە لۆکالیەکانی قونسولیەی ئەمریکی لێم نێزیکدەبوونەوە، کە ئەمریکیەکان لەناو خۆیاندا بە(دەمپیســـەکان – دێرتی ماوتس) ناویان دەبردن و چەندەها جار گوێم لێیان بووە وایان بانگکردوون و ئەوانیش بۆ خۆگێلکردن لەو ناوە ناشـــرینە وەک ســـوعبەت و جۆکی ئەمریکی پێیان پێدەکەنین و دەیانگووت ``فەنی، ڤێری فەنی...`` کاتێک ئەم دەمپیســـانە بە ئینگلیزییە ئەمریکانییە پڕ ڕیاکارییەکانیانەوە لێم نێزیکدەبوونەوە، مڕەمڕ و گەڤەم دەیتۆقاندن و دووردەکەوتنەوە. یان کاتێک فەرمانبەرە باڵا و تەنانەت ژەنراڵە ئەمریکییەکانیش هەوڵیاندەدا خۆیان بنوێنن و لێم نێزیکببنەوە بەوەی، گوایە ئەوان زمانە خۆرئاواییەکەی سەگێکی وەک من دەزانن، خێرا مڕەمڕم دەیترساندن و سوورفلانە ســـووردەبوونەوە. تەنانەت کە هەوڵیاندەدا تەریقبوونەوەیان بە

ڕســـتەی هێورکەرەوە وەک (گوود بۆی) دابپۆشـــن، من لە مرەوە دەمکردە گەڤە و وەڕین، ئیدی قڕوقەپیان لێ دەکرد.

لەم ئاهەنگی ماسی برژاندنە تایبەتەدا، ماسییە گۆشت ئادەمییەکان دەرخواردی هەموو ئەو لەشـفرۆشــە سـمت و لێو و ڕوومەت پڕ ســـیلیکۆنە دەدرێن کە هەموویان کۆپی ســـەقەتی هەیفا وەهبی ســەماکەرن. هەموو ئەم بۆتۆکســەوانانە لەژێر ناوی هونەرمەند و چالاکەوان و میدیاکاری ئازاد و ئەندام پەرلەمانی ئۆپۆزیســـیۆنی هەژاران، کە عەزیی دەهەزار دۆلارییان لە بۆند سـتریتی لەندەن و شانسلیزییەی پاریسەوە بۆ دەهات، بانگهێشتی ئەم ئاهەنگی ماسی برژاندنە دەکران. ئەمانە هەریەکە و بەخۆیان و گروپێک لە کچی گەنجی هاوکاریان وەک چۆن خۆیان وایان پێدەگووتن، دەهاتنە ئاهەنگی بەناوبانگی ماسـی برژاندنی کۆشـکی خاڵە گەورە. دەهاتن بۆ ئەو کۆشـک و ڕیزە ڤێلایەی زیاتر لە سـی و شـەش کیلۆمەتر لە شـارەوە دوورە و لە بەرامبەر ڕیزە شـاخێکی گەورە و چەمێکی پڕ هاژەدا لە تەنیشـــت یەکەوەن و باخچەکانیان تێکەڵە و هەر کۆشـــکەی بۆ مەبەســـتێک بیناکراوە و هەر یەکەو بیناســـازێکی شـارەزای جیهانی بیناسـازی کردووە. ئەم بۆتۆکسـەوانانە ژنانێکی هەژار و لێقەوماو نین لە هەژاریدا ئەم کارە بکەن، نا تکا دەکەم ئەمجۆرە لەشــفرۆشــییە هەژارییەتان لەگەڵ ئەم لەشــفرۆشــییە پیســـەدا لێ تێکەڵ نەبێت. ئەمانەی دێن بۆ ئەم کۆشــکە هەموویان خاوەن بڕوانامە و پلە وپۆسـت و دەسـەڵات و ماڵ وێرانکەری ئەم میللـەتـە هـەژارەن. زۆربـەیـان ئـەنـدام پـەرلـەمـان و ئـەنـدام پۆپ و ئەندام لقی ســـەوز و کۆمیتەی مۆر و هۆبەی ســـەوز و مقەڕی

خوشـــکانی خواناســـی و تەنانەت وەزیر و گزیر و ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە و دارایی و ڕۆشـــنبیریی و ئاوەڕۆ و زێرابن. ئەم قنگ و لێو پڕ بۆتۆکس و مەمکە پڕ ســـلیکۆنە ســـیاســـیانە، شارەزای کون و کەلەبەری ئەم کۆشک و ڤێلا سەرسوڕهێنەرانەن. بەس من دەزانم ئەم قوز مەلهایانە چیدەکەن، ئەمانە بێ هیچ پێشـــەکیەک پێتاندەڵێم؛ هەم خۆیان و هەم هاوکارەکانیان بەفەرمانی مەکتەبی سیاسی و هۆبەی جڤات و سکرتێری باڵای لقی ســـەوز و ڕابەری گشـــتی ئیمانداران و کادێرە پڕتەقاڵیەکانی ئۆپۆزیســـیۆن، بەناوی دیالۆگی کولتوریی و گەیاندنی پەیامی کوردایەتی و ناڕەزایی بە دونیا، دەهێنران بۆ کێرمژینی ئەمریکی و فەڕەنســـی و عەرەبە ئێراقیەکانی حکومەتی نوێی دوای ســـەدام حوسێنی تکریتی. باقی، لە مۆپسی پاشاوە وەکیل بن چی تریش ڕوویداوە... ئاوەها، من و هاوڕێ هەوشـــارەکانم لغەلغی دێڵە سەگە ئادەمییەکان دەناسینەوە و جارجارە بۆمان دەسەننەوە و دەمانزانی کە دێڵەکانی ناو ئەم حکومەت و حیزبە چەندە لەپێشەوە و لە دواوە، بەهەموو کوونەکانیانەوە وەک دێڵەی هەرزان لغەلغیان کردووە تا گەیشـــتوون بەوەی بێنە ڤێلاکەی خاڵە گەورەی ســـکرتێری باڵا، و ماســـییە قەڵەوەکانی چەمەکەی ئەوبەر زەقەنبووت بکەن. سووریش دەیانزانی ئەمشەو بۆنی سپێرمی عەرەب و تورک و ئەمریکییەکان لەدەمیاندا تامی ماسییە سوورە دەدات، بەڵام ئەوەی نەیاندەزانی ئەوە بوو، کە بۆنی ماســـییەکان بۆنی ئەو ڕشانەوە گۆشت ئادەمییەیە کە هەوشارەکانی هاوڕێم بەقێزەوە هەڵیانهێناوەتەوە.

## ٢

من دەزانم  زۆر کەس بەهۆی ئەم چیرۆکەی منەوە دەچنە گەدەی سـەگە هەوشـارەکانەوە، پاشـان دەبنە ڕشـانەوە و دەچنە گەدەی ماسـییە سـوورەکانی ئەم چەمە سـەختەوە، و دووبارە دەبنەوە بە ئاهەنگی ماسـی برژاندنی ئەم کۆشـکە. بەڵام چار نییە، هەر دەبێت ئەم چیرۆکەم بگێڕمەوە کە دەمباتە سەر سەدەها چیرۆکی دیکەی ئەم مەملەکەتە بۆگەنە. ئاخر ناکرێت لەم بارە سـەختەی مندا کە نازانم چارەنوسم بەدەست ئەم ئەندام مەکتەب سیاسییە خوێڕیی و قوونـدەرانـە بـەرەو کوێ دەڕوات، وەک تری بن گۆم بڕۆم و کـەس چیرۆکی من نـەزانێت. ئـەوەش بـاش دەزانم کـە گومـان لـە هـەموو دونیـا بکرێت، ئـەوا گومـان لـە من نـاکرێت کـە من بتوانم چیرۆکی وا ئاشـکرا بکەم و لەداهاتوودا ببێت بە ڕۆمان و فیلمی سـینەمایی و شـانۆی کۆمیدی و زنجیرەی درامی. ببێتە ڕۆمان و لە هەموو هەرێم و دونیادا بخوێنرێتەوە و وەربگێڕدرێتە سـەر چەندەها زمانی دونیا. ئاخر دەبێت هەموو دونیا بزانن ئـەمانـە لـەمبـەر و ئـەوبـەرەوە، چـەنـد کێر زلی بێگـانـەیـان بـە نـاوی خزمەتکارەوە هێناوە بۆ ڤێلای چەند مەکتەب سـیاسـیەک کە بـەنهێنی حـەزیـان لـەقوونـدان بووە. خۆ چیرۆکی ئـەو مـەکتـەب سـیاسـیەم (فەرەی  عەبەی ئامە بەڕەڵا)م  لە یادە، کە دوایی بە (فیفی عەبدە) ناوی دەرکرد، ئەم فەرەی ئامە بەڕەڵایە لە لەندەن

حەیای خاڵە گەورەی برد و بە پەلە مەســـەلەکەیان بە دوو ســـەد هەزار دۆلار بۆ داپۆشـــی. ئەمە چیرۆکەش هەڵدەگرم بۆ دوایی... نەک هەر ئەوە، دەبێت لە ڕێگەی ئەم  چیرۆکی ژیانەمەوە بازبدەمە ناو ئەو چیرۆکانەی خاڵە گەورە لە ئەزموونی شــۆڕشــی شــاخ و شــارەوە، وەک چۆن خۆی وای ناودەنا، بۆی گێڕاومەتەوە. دەبێت خەڵکی بزانن چۆن ڕەمزەکانی شـــۆڕش برا و دایکی خۆیان بۆ بێگانە بە گان داوە،  گەوادییان بۆ بەعســـییەکان و شـــیعەکان و ئەمریکییەکان کردووە. مەبەستم گەوادی ڕاستەقینەیە نەک گەوادی سیاسی، چونکە ئەوە ئاشکرایە ئەمانە وەک خاڵە گەورە دەیگووت ``لە قنگی دایکیانەوە بە گەوادی ســـیاســـی لەدایکبوون.`` دەبێت خەڵکی بزانن ئەمانە کچی پاکیزەی خانەوادەی خۆیان خســـتۆتە ژێر جەندرمەی وەها، کە لە تورکیا دا، قەحبەی کارخانەکانیش گانیان نادەنێ. منداڵیان لەبەر خاتری شیرینی نەوت هێناوە بۆ ژێر ئەفســـەر و نوێنەری کۆمپانیای نەوت و گاز، کە تانجی گەڕ بێزی نایەت بەتەنیشـــتیاندا تێپەڕێت. منداڵی ئەم وڵاتەیان بە زۆر یان بەڕازیکردنی خانەوادەکەیان، یان زۆرجار منداڵی خزمەکانیان دەهێنا بۆ قوولە ڕەشـــی ئەمریکی و نەرویجی موو زەرد و پیرە کەڕتڕی ئەڵمانی و فەڕەنســی بۆگەنی وەها، گەر لە وڵاتی خۆیاندا کاری وابکەن، بەتۆمەتی پیدۆفیلیی بۆ ماوەی پانزە ســـاڵ زیندانی دەکرێن و پێنج ساڵیش لەژێر چاودێریدا دەبن.

ئاخر چۆن دەبێت خەڵکی ئاگاداری سەرەتای هەڵتۆقینی ئیسلامییە مۆدێرنەکان نەبن، کە ســـەرەتاکەی بە چیرۆکی ئەو ئیســـلامییە دەســـتیپێکرد کەبە خۆی و ڕێکخراوێکی خێرخوازیەوە لە

سـعودییەوە هاتەوە بۆ کوردسـتان کە ناوی نابوو (ڕێکخراوی خێرخوازیی ئیسـلامی کوردسـتان) کە بەرامبەر حیجابکردن و باڵاپۆشـی و چوونە ناو خوولی ڕاهێنانی قورئان خوێندنەوە، فەردەیەک ئارد و چوار کیلۆ برنج و دووقوتوو ڕۆنی یەک کیلۆیی و دوومریشکی بەستووییان بە کچانی هەژار دەبەخشی. سەیر لەوەدابوو لەو زەمەنی گەمارۆی ئابوورییەدا کە هێشتا سەدامی دیکتاتۆر لەسـەر حوکم مابوو و ئەم هەرێمەش تا سـنووری کەرکوک ئازاد بوو. هەر لەم کۆشکەی خاڵە گەورەدا نوێنەرەکانی (نەتەوە یەکگرتووەکان) دەهاتن و خاڵە گەورە لە پێناو ئەم میللەتە برسییەدا ئەوەندە لەبەردەمیاندا دەچەمیەوە، کە زۆر جار دەترسام لە کاتی کەوتن بەدەمدا بپلیشـێمەوە لەژێریدا مرداربمەوە. ئاخر بەس من دەمزانی خاڵە گەورەی خۆشـەویسـت لە پشـێویی دەروونی و لە خەفەتی ئەم میللەتە و سـەگ و سـەگبابی چوار دەورەی، ڕۆژانە چی دەخسـتە گەدەیەوە، کە هەق وایە دوای مردنی، گەدەی بخرێتە ڤیترینی مۆزەخانەی شـتە عەجایبەکانی دونیایەوە. بێگومان وەک هیلاکترین و بەهێزترین گەدەی دونیا نمایش بکرێت... من بەم سـەگییەی خۆمەوە دەمزانی گەر گەدەی بکەوێت بەسـەرمدا، یەکبڕ ئێسـکەکانم دەشـکێنە ناو پەردەی سـییەکانمەوە و هیچ یەکێک لە سـەگە خواوەندنەکانی ئاسـمان فریام ناکەوێت، هەربۆیە لەگەڵ یەکەمین چەمینەوەی خاڵە گەورە لەبەردەم نوێنەری ئەمریکییەکان، خێرا ڕامدەکردە دەرەوە. من بەم سـەگییەی خۆمەوە دەمزانی ئەم چەمینەوەیە لەبەرامبەر قوولە ڕەشەکانی یوئێن و نوێنەرە بەرتیلخۆر و کڵاوشینە لووتبەرزەکان، نەک هەر ڕێز نییە، بەڵکو خۆسـووکردنەکە لەزەمەنێکەوە فێری

بووه کە دەســـتە ڕاســـتی (مەلای گەورەی دەمگەوهەر)ی کوردان بووە و پێکەوە لە مەنفای ڕووســـیدا ژیانیان بەســـەربردووە و بە (قۆنـەرە موســـــەقـەفـەکـەم) بـانگیکردووە. بیرمـدێت چۆن هـەموو شـــــەوێک پێش خـەوتن وێنـەی مـەلای گـەورەی دەمگـەوهـەری نیشاندەدام، کە بە چوارچێوەی زێڕین و بەردی نایاب ڕازێندرابۆوە و دەیگووت ``مۆپسی پاشا، ئەوەندە منی خۆشدەویست بە قۆنەرە موســـــەقـەفـەکـەم بـانگیدەکردم و قـاقـا پێدەکـەنی و مژی لـە دار جگەرەکەی دەدا و دەســـتی دەدا بەشـــانمدا.`` لەوەش ســـەیرتر ئـەوەبوو هـەموو ئـەو چـەمینـەوەی خـاڵـە گـەورە بۆ ژەنراڵـەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەم ئیســـلامییە بۆگەنە بوو، چونکە ئەو ڕۆن و ئـــارد و برنجـــەی (ڕێکخراوی خێرخوازیی ئیســــلامی کوردســـتان) دەیبەخشـــیە کچان و ژنانی ئەم دەڤەرە لە بەرامبەر بوونیان بوو بە خوشـــکانی باڵاپۆشـــی ئیماندار، ڕۆن و ئارد و برنجی عـەمبـارەکـانی نـەتـەوە یـەکگرتووەکـان بوو کـە بـە مۆڵـەتی ئەمریکی و خاڵە گەورە و لەژێر چاودێری ئەودا  بە لۆری دەدرا بە ڕێکخراوەکە. تاکە شـــت ئەوەبوو هەرچی باج و لۆگۆیی شـــین هەبوو دەگۆڕدرا بە نیوەمانگی ئیســـلامی و لەســـــەر هەر فەردە ئاردێک نوسرابوو؛ خوایە لە دەستت بەزیاد بێت...

ئاخر ناکرێت لە ئێســـتادا کە خاڵە گەورەی میهرەبان لەداخی ئەم هەموو مەکتەب سیاسی و منداڵەورکە بێقیمەتەی دەووروبەری، لە خەستەخانە پاریسییەکە لە زمان کەوتووە و منیش نازانم چیم لێ بەسەردێت. دەترسم بمکوژن و خەڵکی چیرۆکی بنەتۆوی ئیسلامی نوێ لەم دەڤەرە نەزانن. هەر بەکورتی بۆتانی باســـدەکەم و ئەمەم لەزاری خاڵە گەورەوە بیستبووە، بەوەی؛ سـەرۆکی ئەم ڕێکخراوە

کاتی خۆی بەناوی خوێندنی دکتۆرا لە زانســـتە ئیســـلامیەکان، لە وڵاتی ســـــعودییە ڕاهێنانی پێکراوە، بەڵام چۆن خولی ڕاهێنانێک. تەنانەت من ئاگاداریی زۆر لە گلەییەکانی ئەم ئیســـلامییە بووم کە بەتەلفۆنی ئەســـیریی، جیوەیی، لە ســـعودییەوە دەیکرد و گوێم لێ بوو خاڵە دەیگووت ``هەتیو، قووندەر، تۆیان لە ئەفغانســـتانەوە بۆ من هێنا کە دەبوایە دەرخواردی ســـەگە هەوشـــارەکانت بدەم. خوا ئەم دۆخەی بۆ خولقاندیی گوێرەکە، ئاخر ئەفغانە عەرەبەکانی وەک عەبدوڵا عەزام و ئوســـــامەی گەوادی ملیۆنەر و ئەیمەن زەواهیریی لە ئەمریکیەکانی ئاغایان هەڵگەڕانەوە یان پێدەچێت گەمەیەکی تری سیاسی ئەمریکی بێت، بەهەر حاڵ، ئیتر شانست هەســتاوە قووندەر و لەقەی لێ مەدە. باشە ئەتووی پشقل چییت گلەیی بکەیت؟ دەبوایە لێرە تۆم بدایە بەســـــەگەکان. هەتیو تۆ شانست هەیە کە ئەمریکییەکان تۆیان داوەتە دەست ئەو وەهابییە ملیاردێرانە و پاشەڕۆژی سیاسیت ڕوونە. جگەلەوە قنگی بۆگەنی تۆ چییە بیپارێزیت، ئاخر گێلە تازە قوونت چۆتە ناو هاوکێشـــــە سیاسیەکانەوە و ئەوەی قوونی بچێتە مەتبەخی سیاسیەوە دەبێت چاوەڕوانی هەموو شـــتێک بکات. ئەوە کاری موخابەراتەکانە چی لە قوونت دەکەن و لەدەســـــتی مندا نییە دەســـــت وەربدەمە کاروباریان. تۆ دەبێت بەختەوەر بیت کە قنگت هێلکەی ئاڵتونت بۆ دەکات، دەرگای ســـــەعادەتی لە دونیای ئیســـــلامی نوێدا بۆ کردویتەوە... گوێرکە، دونیای جیهادییە کۆنەکان هەر خەم و ماڵ وێرانی بەدوواوە بوو، دونیای ئیسـلامیە نوێیەکان پڕێتی لە پارە و ســـــەفەری ئەوروپا و پلە و پایەی چەور. هیچتان ناوێت جگە لە تۆزێک شیرە شیری سـەر مینبەرەکان و تۆزێک خوتبەی ئاگرین

نەبێت.... باشـــــە باش، خەمت نەبێت پێیاندەڵێم لەســــەرخۆ بن لەگەڵتدا.`` کە خاڵە گەورە کە تەلفۆنەکەی داخســـتەوە، بانگی منی کرد و منی کردە باوەشی و بەدەستە خڕوپڕەکەیەوە چیرۆکی ئەم گلەیکردنەی بۆگێڕامەوە. چیرۆکی ئەوەی؛ موخابەراتی وەهابی و ئەمریکی وەک بەشێک لە ڕاهێنانی موخابەراتی، ئەم پیاوەیان فێرە قوون بادان و قوون خوراندن کردووە. بە کورتی و بەکوردی؛ فێری قووندان و حەشیش و هێرۆیین و ئێکسەسزی و کریستاڵ کردبوو. جگە لەوە زیاتر لە سەد کاسێتی ڤیدیۆی باشیان لەسەر تۆمارکردبوو کە لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا چەندە خەڵکی سواری خۆی کردبوو. بە کوردی و بەکورتی قووندان و قوون پەرستیان کردبوو. ئەمریکاییەکان دەیانزانی دەبێت لە داهاتوودا ئەرکی بە ئیسلامەویکردنی ناوچەکە بگرێتە دەست و نایانەوێت وەک خاڵە گەورەە دەیگووت``کە گوونی زل بوو، قوونی خۆی لەبیربچێتەوە.``

لەم کاسێتە ڤیدیۆیانەدا هەموو قووندانەکانی بە ووردەکارییەوە تۆمار کرابوو. دوایش کە کاتی خۆی هات، ئەم جیهادییە ڕیش درێژ و خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایان لە ساڵی گرانی و گەمارۆ ئابوورییەکەدا بە پارە و دەسەڵات و ڕێکخراوێکی خێرخوازیی ئیسلامییەوە ناردەوە بۆ ئەم مەملەکەتە. پێش هەموو شتێک شەوێک بە نهێنی هاتە ئەم ڤێلا خۆشەویستیەی خاڵە گەورە و لێرە خاڵە گەورە تەنها دە خولەکی یەکێک لەم ڤیدویانەی نیشاندا کە موخابەراتەکان میزی پێ دەخۆنەوە و بەشێکی تریش، وەک دیار بوو لە ئاهەنگێکی وەک خۆیان ناویاندەنا ئاهەنگی غولامبازیدا بوو. بەڵام هەموو ئەمانە ئەو کاتانە بوو کە تازە لەگەڵ بارودۆخە

ئالتوونیەکەدا ڕاهاتبوو. دوایی ئەو دە خولەکە، خاڵە گەورەی میهرەبان هەر لەبەردەمی مندا پێیگووت`` برۆ ڕیش حیزی قووندەر، کاری خۆت بکە و ببە بە ئۆپۆزیسیۆن لە دژمان. ئێمەش لەسەر خەت دەبین لەگەڵتدا. ئەوە مۆپسی پاشاش شاهیدە، وانییە پاشـــا گیان`` ئیدی مینش بۆی وەڕیم، ئەوەش مانای کۆتایی گفتوگۆکە بوو. مەلای موجاهیدی خێرخواز خێرا بێدەنگی لێ کرد و پشتاوپشت چووە دەرەوە.

ئەی چۆن، ناکرێت من، مۆپسی پاشا، وەک تڕی بن گۆم بڕۆم و چیرۆکی ئەو قەشـــمەریات نوســـەی هەشـــت مووچەی هەبوو گۆڕەوشار بێت، کە عەسران لە یەکێتی ڕۆشنبیرانی کوردستان بەسەر خەڵکدا دەیشیڕاند و ئێوارانیش بەوە دڵخۆش دەبوو کە لە خوار قاچی خەسووی خاڵە گەورە دابنیشێت و پێی بڵێت؛ ئەلا تۆ بەڕۆماننوســـی لەدایکبوویی خانم... دوای هەموو نوکتە و قســـە بازاڕییەکانی، خەسووی خاڵە گەورە وەک عادەتی خۆی بۆ خۆشی ووردە تفی دەباراندە ناوچەوانی سەرۆکی ڕۆشنبیران و ئەویش قاقا پێدەکەنی و دەیگووت ``زیاتر خانم، زیاتر، تفی تۆ عەتر و ئیلهامی تەنزەکانمە`` خۆ ئەگەر من، مۆپسی پاشا، لەو ساتی تف بارینە پڕ نیعمەتە پەیدا بوومایە خێرا خەســـووی خاڵە گەورە (گەلاڕێزان خانم) وەک چۆن ئەم پیرێژنە قاڕییە خۆی وا ناوزەد دەکرد، و لە ڕاستیدا ناوی (ڕەعنا دەمشڕ) بوو، ئەمەش چیرۆکێکی ترە و دوایی بۆتانی دەگێڕمەوە... خێرا گەلاڕێزانی شەش قوز، کە منی دەبینی هاواری دەکرد ``وەرە مۆپســـی گیان، میزەکەی پێدا بکە، ئاها دکتۆر شـــادمان، مۆپســـی چۆن لە زمانی بەشـــەر

تێدەگات.`` ئیدی منیش خێرا خۆم هەڵدەدایە باوەشــیەوە و دوای ئەوەی ماچی دەکردم منی تا ئاستی دەمی سـەرۆکی ڕۆشـنبیران دکتۆر شــادمانی شــازەمان بەرزدەکردەوە، کە لە ڕاســتیدا کاتی خۆی و ئێســـتاش لەناو خەڵکدا بە (خولە چەقەنەی عەزە خوێڕی) ناسرابوو، بەڵام لەگەڵ چەرخەلەی دونیا و سـەرکەوتنی شـۆڕش نـەک نـاوی خۆی گۆڕی بـە دکتۆر شـــــادومـان، بـەڵکو نـازنـاوی (شـازەمان)یشـی بۆ داپۆشـینی نازناوی عەزە خوێڕی باوکی، بۆ خۆی زیادکرد. ئاوا گەلاڕێزان خان، یان بڵێین (ڕەعنا شـــەش قوز) وەک چۆن خزمەتکارەکان لەناو خۆیان وایان پێدەگووت، منی لە دەموچاوی دکتۆر شــادومانی پزیشــک و نوســەر و ڕۆشــنبیر و بەناو شـــۆڕشـــگێڕی قەدیمە، نێزیکدەکردەوە و منیش بەتەبیاتی ســـــەگیی خۆم ڕقم لەمرۆڤی دوو ڕوو و ماســـــتاوچی یە، لەگەڵ وەڕیندا چەند پرژە میزێکم بۆ دەهاویشـت و ئەویش قاقا پێدەکەنی و دەیگووت ``میزی مۆپسـی پاشـای خاڵە گەورە، دەرمانی ڕۆح و دڵە گەلاڕێزان خانم، ئیلهامبەخشـــی تەنزە، تەنزێک ببێتە تیر بچێتە دڵی نەیارانی حیزب و ڕێبازی خاڵە گەورەمان``

ئـاخر نـاکرێت لـەگـەڵ مردنی لـەپڕی خـاڵـە گـەورەی میهرەبـانـدا ژەهرخوارد بکرێم و خەڵک چیرۆکی ڕاســـتەقینەی ئەو شـــاعیرە گەورەیەی نیشـــتمان نەزانن کە ئێســـتا گەنجان دەچنە ســـەر قەبرەکەی بۆ وێنەگرتن، ئەوێک لێرە چەندە خۆی سووک کرد بوو بۆ دەفتـەرێک دۆلار. بیرمدێت کـە دەهـات بۆ لای خـاڵـە گـەورە، بـە فـەرمـانی خـاڵـە گـەورە دەیـانبرد لـەبـەردەم کولانـەی تـانجیـەکـانیـدا کورســـیان بۆ دادەنا. بۆ چاوپێکەوتنێکی دە خولەکەیی، تاوەکو لە

بۆگەنی کولانە ســـەگەکانی تێردەبوو، زیاتر چوار کاژێر چاوەڕێی دەکرد. کە دەشـــهاتە ژوورەوە تەنها حەوت خولەکی ڕەزیلکردنی هەبوو و پاشـان خاڵە گەورە داوای شـیعرەکە کۆنەکەی لێ دەکرد، شـــاعیریش دەگەشـــایەوە و دەیگووت ``بەردێک گووتی کە خاڵی گەورە هات بۆ ئێرە، من دڵی شـاخێکم بینینی`` ئیدی نەیدەهێشـت تەواوی بکات و خاڵە دەیگووت ``برۆ شـــاعیری ترن، ئەوا جگە لە بودجەی دەزگاکەت، مانگانە دە هەزار دۆلارەکەی گیرفانی خۆت نابرم. بەس خوات بێت شـــاعیری ترن، چاپخانە ئاســـن و پۆلایە چۆن مشک دەیخوا``

٣

ئاوەها من، مۆپسی پاشا، چیرۆکی هەمووان دەزانم، باش دەشزانم گومان لە هەموو کەس بکەن، گومان لە من ناکەن کە چیرۆکی ســـوپایەک ژنی قەحبە ئاشـــکرا بکەم کە چۆن لە ژوورەکانی ئەم ڤێلایەیە کراون بە ئەندام پەرلەمان و ســـەرۆک شـــارەوانی و پارێزگار و بەڕێوبەر و ســکرتێری ســەندیکا و خاوەن ڕێکخراوی ژنان و مندالآن و نازانم چیتر... چۆن ســـەرەتا پێشـــئەوەی ببنە ئەندام پەرلەمان دەبوایە بچنە حەوشـەی پشـتەوە و وەک وەفایەک بۆ ڕێبازی خاڵی گەورە کێری ســـەگەوان و مەیتەرەوان و قەیتول و گووشـــۆر و پاســـەوانەکانی خاڵە گەورە بمژن. بێگومان وەک

مۆری دڵسۆزیان بۆ هەموو فەرمانێک کە حیزب پێیان ڕابسپێرێت، دەیانتوانی کێری نێرکەر و باگیریش بکەن بە خۆیاندا. چیرۆکی ئەمانە لای منە و دوایش باسی یەک بەیەکی ئەم لەشفرۆشانەی حیزبتان بۆ دەکەم. بێگومان کەس گومان لە من ناکات، ئەوەش بزانن کەسیش جگە لە منی خۆشەویستی خاڵە گەورە ئەم وردەکاریانە نازانێت، بەڵام گەر سەبرتان هەبێت لەگەڵمدا ئەوا هەموویتان بۆ دەگێڕمەوە. تاکە ئەغز و ئازارە لەدڵمدا ئەوەیە، دەزانم بەم کارەم دیسانەوە سەگە هەوشارەکانی هاوڕێم ئازار دەدەم، چونکە دەزانم لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکە کاریان زۆر بۆ پەیدا دەبێت. دەزانم ئێستا ئەوان کۆن بوون و بەم سەری پیرییەوە وەک جاران توانای پەلاماریان نەماوە، بەڵام بەشی ئەوەیان هەر پێیە ژنێک یان پیاوێک یان منداڵێک ونجڕ ونجڕ بکەن. دەزانم سەگە هەوشارەکان دڵشکاو دەبن بەم کارەیان، کاتی خۆیشی ئەم کارەیان پێدەکردن هەر دڵشکاو دەبوون، دەهری دەبوون، تووڕەدەبوون لە دونیا و وەحشیتر دەبوون. سەیر لەوەدایە چەندە وەحشیتر دەبوون ئەوەندە خۆشەویستر دەبوون و خانەوادەی ڤێلاکەش بە گەورە و بچوکیانەوە زیاتر هۆگریان دەبوون و نازیان دەدانێ. ئێ، هەوشاریش بە سروشتی خۆی دڵسۆزە و دڵی گەورە و بچوکی ئەم خانەوادەی پێ ناشکێت کە نانیان دەدەنێ و لەبەردەمیاندا خۆیان دەکرد بە مەڕی مردوو. منداڵەکانیان دەڵێی لە قنگی شەیتان هاتوونەتە دەرێ، گوێچکەیان ڕادەکێشان و باوەشیان پێدا دەکردن و ئەمانیش کز کز بۆیان ڕادەکشان و نقەیان لەخۆ دەبڕی. من دەزانم ئەم هەوشارانە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە گلەییم لێدەکەن و دەڵێین؛ ئاخ مۆپسی

پاشـــا خوا بتگرێت بەم ســـەری کۆنییەوە، ئێمە و دووبارە لاشـــە ونجڕ ونجڕکردن، بۆ کاری واتکرد...

من دەزانم دوای بڵاوبوونـەوەی چیرۆکی ژیانی من، شـــــەوانیش ســـەگە هەوشـــارەکان بە خوێنی وشـــکەبووەی دەمولمۆزیانەوە دووبارە وەک جاران دەکەونە وەڕین و ناڵین لە بەختی خۆیان. جاران، کە یەکێکیان لەتوپەت بکردایە دەستیان دەکرد بە قروسکە قروسک و وەڕین، تاوەکو من، مۆپسی پاشا، بەم خڕوپڕپییەی خۆم و کەللە زلەمەوە کە بە لەشـە خڕپنەکەمەوە نوسـاوە و ئەوەی مل بێت لە ڕەچەڵەکی ئێمەی شـاهانەدا نییە. بەم چوار قاچە بچووکانە و گوێچکە شـــۆڕ و لچە ئەســـتوورەکەمەوە، بەم چاوە ڕەش و دەموقـەپۆزە مڕومۆچـەمـەوە، دەچووم بۆ لایـان. کـەس جورئـەتی ئەوەی نەبوو ڕێگەم لێ بگرێت، چونکە من مۆپسی پاشام پێدەڵێن، کێ دەوێرێـت ڕێگـەم پێ بگرێـت، کێ دەوێرێـت کـاتێـک دەوەڕم ســـــەری شـــۆڕ نـەکـات و بزەم بۆ نـەکـات، خێرا بـە خۆم و کەللەزلەکەمەوە کە بێ مل، بە لەشمەوە نوساوە، دەچوومە بەردەم هەوشارەکان و لەبەردەم قەفەزەکانیان ڕادەوەستام، کە ئاوڕم بۆ ســـەگەوانەکان دەدایەوە، ســـەگەوانەکان دەیانزانی دەمەوێت بەم مانگە شـــەوە بەرەڵایان بکەن. هەربۆیە کۆی پاســـەوانەکانیان ئاگاداردەکردەوە کە لە قوولەی پاســـەوانی نەیەنە خوارەوە و هەموو دەرگاکانی ڤێلاکەیان دادەخست، پاشـان دەرگای هەر سێ ســـەگە هەوشـــارە پشـــدەرییەکانیان دەکردەوە و پێکەوە، هەر چوارمان دەچووینە ســـەر تەپۆلکەکەی بەردەمی ژووری (خاڵە گەورەی میهرەبان) و لەبەردەم ژوورەکەی دەســـتمان دەکرد بە قوولە قوول و وەڕین بۆ مانگ. دەمانزانی زۆری نەدەبرد کە خاڵە

گەورەی میهرەبان  لە دیوارە شـــوشـــەییە گوللە نەبڕکەیەوە دەردەکەوت. ئەو دیواربەندییە شـوشـییەی کە وەسـتا ئەڵمانەکان بۆیان دروســتکردبوو، زیاتر لە چوارســەد و پەنجا هەزار دۆلار نرخی شـوشـە بەندییەکەی بوو. ئاوا، دەبوایە هەمیشـە ئاسـمان و ســروشــت لە پەنجەرەیەکی گەورە دیار بن کە تەواو دیوارێکی شــوشــەیی گوللە نەبڕە لەلایەن کۆمپانیای (هانز ئوند کۆ)ی ئەڵمانییەوە بۆی دروســتکرابوو. بۆ هیچ نا، وەک خۆی بە منی دەگووت ``مۆپسـی پاشـا بۆئەوەی زەمەنە لەیاد نەکەین کە چۆن لە شــاخ و بەرد و چەم و گوندەوە دەســتمانپێکرد و ئێســتاش سەرۆکی هەموو وڵاتم``

ئێمەی ســەگە ڕاســتەقینە دڵسـۆزەکانی، بۆئەوەی یادی خۆی ون نەکات و هەمیشـە هەسـتبکات  لەناو سـروشـتدایە،  ئاوا لەبەردەم تەپۆڵکە کەی بەردەم ژوورەکەی  قوولە قوولمان بوو. دەمانزانی دێتە بەردەم دیوارە شـوشـەییەکە و پێکە ویسـکییەکەی هەڵدەبڕێت و لە پەنجەرەکەوە هاوار دەکات ``باوکی باوکم مۆپســی پاشــا، دووانی وەک تۆم هەبوایە هەموو مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیەکانم بەشـەق دەناردە کولانەی تانجیەکانم.``  ئیدی من و هەوشـارەکانی هـاوڕێم کە بۆ نـەگبـەتی خۆیان وەک گورگ دەیانلوراند، گلـەییـان لەبەختی خۆیان دەکرد، دەمانزانی کە خاڵە گەورە لەســەر قەنەفە چەرمە ئینگلیزییەکە، کە نرخەکەی زیاتر لە سێ سەد هەزار دۆلار دەبوو کە بە ئاڵتون و بەردی نایاب و پێســتە شــێری ئەفریقایی بۆی دروســتکرابوو، ڕادەکشــا و لەژێر قوولە و لغەلغی ئێمەدا، قووڵ زۆر قووڵ خەوی لێ دەکەوت. دەشــمانزانی بەیانی کە لە خەو هەڵدەسـتا و دەیزانی من لە باوەشـیدا نوسـتووم، دەسـتێک بە

ورگە زلەکەیدا دەهێنێت و سەیرێکم دەکات و دەڵێت ``ئاخ مۆپسی پاشا گەر تۆم نەبوایە چیمبکردایە`` ئیدی دوای ئەوە دەستدەکات بە دەردڵ کردن لای من و کۆتایی ڕستەکەی هەر ئەوەندەیە ``مۆپسی باشە هەقمە یان نا، لەوەزیاتریان پێ بکەم؟!`` منیش هەمیشە سەرم بۆ دەجوڵاند و بە سۆزەوە سەیرم دەکرد. ئەویش خێرا باوەشی پێدادەکردم و دەکەوتە ماچکردنم `` مۆپسی، ئای مۆپسی پاشا، هەر تۆی نەجیبزادە، نەک ئەم ژن و کچ و خەسووە قەحبەیەم کە حیمایە نەما سوار خۆیان نەکەن`` ئەم ڕستەیەی دوایی بەچرپە دەگووت و دووبارە دەکەوتە یاریکردن لەگەڵمدا.

ئاوەها من، مۆپسی پاشا، لەڕێگەی(خاڵە گەورە)وە کە دەساڵ زیاترە لە قەڵەویدا قاچەکانی خۆی نەبینووە و گۆرەوویی بۆ لەپێ ناکرێت و دوو ساڵیش زیاترە قنگی خۆی بۆ پاک ناکرێتەوە و قەیتولێک یان جارجارە مەکتەب سیاسیەک قنگی بۆ پاکدەکاتەوە، وەکیتر دایەبی تایبەت بە خۆی هەڵدەگرێت. منێک لەگەڵ ئەم پیاوە میهرەبانەدا ژیاوم، هەموو ئەم چیرۆکانە دەگێڕمەوە کە ئەو بۆی گێڕاومەتەوە و ئەوەشی کە خۆم بەسەریدا کەوتووم. هەرچەندە دەشزانم کە چیرۆکەکانم دەبێتە ماڵ وێرانی و ئاشکراکردنی سەدەها حەیاچوونی ناشرین لەم دەڤەرەدا، ئەو حەیاچوونانەی لە کوونی قوز و قنگەوە دەستپێدەکەن، تاوەکو دەگەنە کوونی بۆریی نەوت و گازی ئەم مەملەکەتە.

# تەشتە ئاڵتوونییەکان

# ١

قسەیەک هەیە دەڵێت ``خاوەن سەگ دەچنەوە سەر سەگەکانیان``
دیارە مەبەســت لەوەیە کاتێک مرۆڤ ســەگێک هەڵدەبژێرێت، ئەوا سەگەکە نێزیکە لە کاراکتەر و کەسایەتی خۆی؛ هێمن بێت یان پڕ نیگەرانی و جوڵە، یان تەمەڵ و گەلۆر، یان ناســـک و تەبیات ناســک... بۆ نموونە؛ ئەوانەی دڵ و دەروونیان پڕە لە نیگەرانی و توڕەبوون، ئەو ســەگانە هەڵدەبژێرن کە لەگەڵ تڕی خۆیاندا شــەڕ دەکەن، خۆ ئەگەر هیچیان بەر کەڵبە و ددانە تیژەکانیان نەکەوێت، ئەوا لەگەڵ کلکی خۆیان شـــەڕ دەکەن و قەپی لێدەگرن. بڕوابکەن ســـەگە هەوشـــارەکانی هاوڕێم جاری وا هەبوو مریشـــکی چینی تـەرەبووی کولانـە زێڕینـەکـانی (گـەلاڕێزانی شـــــەش قوزیـان) لەتوپەتکردووە، بە جۆرێک کە ســەگەوانەکان لە ترســی ســزادان، خێرا پەڕوباڵەکانیان خســـتۆتە عەلاگەیەکەوە و لەدوور فڕێیانداوە.
من زۆرجار لە هەوشارەکانی هاوڕێم دەپرسی ئەم حەزە چییە بۆ سەرسەرێتی و پارچە پارچەکردنی پشیلە و کۆتر و عەلی شیش و قاز و مریشـــکی ئاوارە کە بەهەڵە ڕێیان دەکەوتە بەردەم قەفەزەکانیان؟! تاکە وەڵامیان ئەوە بوو کە ســـروشـــتی ئەوان وەهایە، هیچیان دەستنەکەوێت، ئەوا پەلاماری یەکتر دەدەن...
بەینی خۆمان بێت خاڵە گەورەش حەزێکی گەورەی لە شـــەڕە ســـەگ بوو، هەربۆیە جارجارە ســـەگێکی لاوازی بۆ دەهێنان و لە

حەوشــەی پشــتەوە دادەنیشــت و پێکە ویســکیە بێ ســەهۆڵەکەی بەدەســـــتەوە دەگرت، ئیدی ســــەگەوانەکان، چاوەڕێی خاڵە گەورە بوون تاوەکو ناوی یەکێک لەم ســێ هەوشــارەی بڵێت کە لەســەر ناوی چەقۆکێش و چەکلە بەناوبانگەکانی دێرزەمانی کوردایتی ناونرا بوون؛ وەک (حەســەنە گۆجی ســێ قنگ) و (عوســە کوێری کرماشـــانی) (حەمە عەینە بۆر) و ســـەگەوانەکان چاوەڕێی ئەوە بوون ناوی یەکێک لە هەوشـــــارەکان بڵێت و ئەمان بیهێننە بەردەمی. بۆ نموونە هەر کەناوی (حەمە عەینە)ی دەگووت، هەموویان دەیانزانی ئەوە (بۆرە)یە و بەچاوێکی کوێر و زنجیرێکی ئەســتوورەوە دەیانهێنایە بەر قاچی و پێیدەگووت ``حەمە عەینەی گەواد، لەوەتەی تۆ مابوویت بە قســەی مەلا گەورەی دەم گەوهەر خەڵکت بەر چەقۆ ددەدا، خەڵکت دەگا، تەعدات لە ژنی خەڵک دەکرد. لەشـــــت هەموو شـــــوختی خەنجەر و چەقۆ و قەمە بوو، چاوی ڕاســـــتت بە قولاپی حەماڵەکانی ژێر پردەکە، لە زەمەنی زەعیم ســـــدیقی خوێنڕێژدا دەرهات. ئادەی بابزانم ئێســـــتاش بۆ منیش وای `` ئیدی هەوشـــارەکەی هاوڕێم کە بە (حەمەی عەینە) ناویاندەبرد، هەرئەوەی گوێ لێ دەبوو، خێرا دەکەوتە لێسانەوەی پێڵاوەکانی خاڵە گەورەی میهرەبان و کە زنجیرەکەشـــیان لێ دەکردەوە، ئەو ســـەگە بەســـتەزمانەی بێئاگا لە گۆڕەپانەکەدا کلکە لەقێی بوو. کاتێک بەخۆی دەزانی حەمەی عەینە بە لەشـــــە زلەکەیەوە خۆی هەڵدەدایە ســـــەری و بەقەپاڵ خوێناوی دەکرد، دواجار قەپی دەکرد بەملیدا تا هەناســـــەی لەبەر نەبڕیایە وازی نەدەهێنا. دوایی بەدەمولمۆزی خوێناویەوە ڕایدەکردە بەر قاچی خاڵە گەورە و چنگەکانی لەناو چیمەنەکەدا ڕادەکشان و چاوەڕێی

ئەو پلە گۆشتە برژاوە، یان ئەو ڕانە مریشکەی دەکرد کە خاڵەی میهرەبان بۆی هەڵدەدا. دوایی خاڵە سـەیری دەکرد و ئەم ڕسـتە سـوواوەی دووبارە دەکردەوە ``ئای حەمە عەینەی کوێر، چواری وەک تۆم لـە شـــێوەی ئادەمیی هـەبوایـە، هـەموو ئـەم مـەکتـەب سیاسییە ورگزل و تەمەڵ و دایکخۆگێیانەم وەک ئەو سەگە حیزە دەتۆپاند، هەوشـــارخواردم دەکردن. ئافەرین عەینە کوێر، ئەزانی شـێوە ئادەمییەکەی تۆ لە زەمەنی قاسـمدا بە ئەمری مەلای گەورە خۆی کردبوو بـە چـایخـانـەکـەی حـەمـە ڕەقـدا و تفی کردبووە ناوچەوانی گۆرانی شـــاعیر، ئاخر مەلای دەم گەوهەر وەک من نەبوو، ڕقی لە ئەفەنی موسەقەف بوو.``

لەمەدا دەڵێم خاڵە ڕاسـتـدەکات، خاڵە گەورە زۆر ڕێزی لـەم هونەرمەند و ئەو شـــاعیرە دەربارانە دەگرت، بەڵام ئەمانەش بە کارە قۆڕەکانیان دڵیان دەشـکاند، وەک خۆی دەیگووت ``پڕیشـکە گوویان بەر من دەکەوێت`` ئەوێکی شـۆڕشـگێڕی قەدیمە، منەوەر و خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریسـی شـەسـتەکان و ڕۆژنامەنوسـی دێرین، ئینگلیزی زان و عەرەبیزان و ئەڵمانی و ڕووسی زان، دونیا دیدە، هەمان ڕەزیلکردنی شـــاعیران و هونـەرمـەندانی دووبارە دەکردەوە، بەڵام وەک ڕەزیلکردنی باوکە ڕۆحییەکەی خاڵە (مەلا گەورەی دەمگەوهەر) نەبوو. نەخێر، تکایە خاڵە و مەلاگەورەی دەمگەوهەری ئەم میللەتە خوێڕییەتان لێ تێکەڵ نەبێت. بۆ نموونە ئەو شـاعیرەی کە ئێسـتا گەنجەکان فۆتۆی ڕۆمانسـی لەسـەر قەبرەکەی دەگرن. ئەوی بانگهێشت دەکرد بۆ ئاهەنگی ڕەزیلکردن و داوای لە من کرد میزی پێدا بکەم. منیش لێی نێزیک دەکەوتمەوە و لایەکی قاچم بەرز دەکردەوە و میزمدەکرد بە دەرلینگی چەپی و

پێڵاوەکەیدا. کە دەیویســـت وشــکی بکاتەوە خاڵە گەورە دەینەڕاند بەســـەریدا ``نێرەکەر، نەکەی میزی مۆپســـی پاشـــام تا مردنت بســـڕیتەوە، گەر بتبنیم لە بۆنەکانی حیزبدا ئەم پانتۆڵەی پەڵەی میزی مۆپسـی پاشـات لەپێدا نەبێت، جارێکیتر دەتکەمە پەڕۆی بێ نوێژ. سکتر، بەم سەری پیریتەوە دەست دەبەیت بۆ کچی پانزە و شـــانزە ســـاڵ و ملوانکەی زێڕیان بە پارەی حیزب و خوێنی شـەهیدان بۆ دەکڕیت. چەند جاری تر من دەبێت بە حاکمەکان بڵێم نەتخەنە بەندیخانەوە، ها؟ چەند جاری تر دەبێت فیعلە قۆڕەکانتان پینەبکەم، چەندی تر، ها؟ هەی شـاعیری هێڕ و حۆل و سـەڕواڵ پیس. ئەوەش لە تۆ گەلۆر و هێڕترە تۆ بە شـــاعیر تێدەگات...ئاخ، ئاخ، ڕەحمەتی مەلای گەورە ناهەقی نەبوو شـــەقاوەی دەنارد بۆئەوەی لەناو خەڵکدا تف بکەنە ناوچەوانی شـــاعیرەکان. هەی ترنی خوێڕیی.``

بڕوام پێبکەن ڕەزیلکردنی ئەو بۆ ئەو هونەرمەند و بەناو (کەڵە ڕۆشنبیران)ە خەتای خۆیانی تێدا بوو. ڕەزیلکردنەکەی لەسەر بێ ناموسییە بەردەوامەکانیان بوو. سەرەڕای ئەوەی بە فەردە پارەی دەدانێ و هەر کە باسی پارەی دەکرد بۆ نوسەران و ڕۆشنبیران من مرەمرەم بۆ دەکرد و دەیگووت``مۆپسی پاشای ئازیز، دەزانم بەخوا دەزانم ئەم پرۆفیســـۆرە زلحۆرتەی زمانی کوردی، پیاوی فازڵ بەراکی جەلاد بووە، ئەو موزیشـــنە بەناوبانگە پیاوی بەعس بوو و قوتابیەکانی خۆی بە گرت داوە. دەزانم زۆربەیان لە ژێرەوە پیاوی موخابەرات و ئەمنەکانی ســـەدامی بێقیمەت بوون. دەزانم هەندێکیان نامیلەکەکانی شۆڕش و نوسینەکانیان لەکوردییەوە بۆ ئەمنەکان وەردەگێڕایە سەر عەرەبی. دەزانم لیستی ناوەکانیان لەو

فایلانەدا هەیە کە دوای ڕاپەڕین بەردەســـتمان کەوتن.  گڤە و مرەمرِ مەکە مۆپســی گیان، بەخوا دەزانم هەموویان دایکی خۆیان بۆ پارە و پۆست دەفرۆشن. باشە پێکەوە سەیری ئەو ڤیدیۆیەمان نەکرد، ئەو ڤیدۆیی ســاڵی هەشــتاکان کاتێک ئێمە لە شــاخ لەدژی بەعس شــەڕمان دەکرد، ئەمانە لەســەر ســفرەی (ئەنوەری ســالە کەچە)ی جاش و پیاوکوژی بەعس بە جەڵەب وەک بزنە لات دەلەوەڕین. ئەو ئەنوەری کەچەیە خەڵکی دەکوشــت و لاشــەکانی بەســەر جادەدا ڕادەکێشــا تا ڕیزاڵ ڕیزاڵ دەبوون. کاتی خۆی  کە کۆپی کاســێتە  ڤیدیۆکەیان بۆ هێنام، ئەوســا هەموو شــۆڕش لە ئێران پەناهەندە بوو و منیش دەمێک بوو لە پێش ئەنفالەکانەوە لەنێوان لەندەن و ئەڵمانیا و نەمســـادا هاتووچۆم دەکرد. بینیمان ئەم ســـەگبابانە چۆن بیبســـی کۆلای جاشـــەکان هەڵدەدەن و قرِقێنەیان لە کاســێتی ڤیدۆکەدا دەگەیشــتە ئێمە... ڕاســتدەکەیت مۆپســی پاشــا، تۆ ڕاســتدەکەیت، ئاخر تۆ ســەگی ڕۆشــنگەریت و ڕەچەڵەکت خانەدانە و دەگەڕێتەوە ســەر ســەدەی ڕێنیســانس و کۆشکی ڕۆشنبیرە ئۆرستۆکراتەکان. ڕاستدەکەیت دەبوایە دوای ڕاپەڕین بمانکوشــتنایە، دەرخواردی گورگ چەقەڵمان بدایە،  بەڵام مۆپســی پاشــا گیانی هاوڕێم، دونیا وایە، لینین گووتەنی؛ شــۆڕش شتێکە و دەوڵەت شتێکە. شۆڕش خەڵکی وەفادار و بەجەرگی شار و شــاخی دەوێت و حوکمکردنیش خەڵکی بۆگەن و پاشــەڵ پیس و قووندەر و گوێڕایەڵی کۆیلە و مەســـینەهەڵگری دەوێت. هەربۆیە من دروشـــمی نان و ئازادیم تەنها بۆ ئەم ئەدیب و (هونەرمەندە گەوڕانە) داهێنا، نەک بۆ ئەو ڕۆشــنبیرانەی بە ڕاســتی ڕۆشــنبیر و هونەرمەندن و جارجارە لەدەهریبوونماندا دەیانکوژین یان

ناوزڕیان دەکەین. ڕاستە مۆپسی بەگ، ڕاستە، مڕەمڕ مەکە دەزانم باش تێمدەگەیت و ئەم مڕەمڕەت دەخەمە سەرچاوم، تۆ ڕاستدەکەیت، ئەو ڕۆشنبیرانە بۆ بەرلین و میللەتی ئاقڵ دەستدەدەن، بۆ ئێمەش دەستدەدەن بەڵام بۆ بە کوشتدانیان، بۆ کردنیان بە پاڵەوانی شەهید و ڕەمزی شۆڕش و خەبات. هەربۆیە لە شۆڕشدا پێویستمان بە ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکان بوو، بەڵام لە دەوڵەتدا پێویستمان بە هونەرمەندە کەرگەوزەکانی بەردەم سفرەی بەعسییەکانە... مڕەمڕ مەکە هاوڕێم و لەقسەکانم بێزارمەبە، ئەزانم هەندێک لەو ڕۆشنبیر و نوسەرانە لەڕیزی شۆڕشدا کەسانی بەجەرگ بوون، بەڵام بەکەڵکی ئێستا نایەن. بیریشت نەچێت ئەوانەشی جاران شۆڕشگێڕ بوون ئەوانیش گەر زۆر بەهێز نەبن لە دڵ و دەروونیاندا تێکەڵی کەرگەوزەکەی دکتۆر شادومانی شازەمانی نوسەران، یان عەلە جۆلانەی هونەرمەندان دەبن. دونیا وایە مۆپسی پاشا، شۆڕش شتێکە و دەوڵەت شتێکی تر``

ئەمە میهرەبانی خاڵە گەورەی سەرۆکی هەموو وڵات بوو لە زەمەنی گەشانەوەی نەوت و گاز و کۆمپانیا نێو نەتەوەییەکاندا، کەچی ئەم نوسەرە دەربارانە نانە بەخشندەکەی خاڵە گەورەیان گواوویی دەکرد و ئازادییان لە کێرهاویشتنەوە دەبینی بۆ ناموسی خەڵکی. کچانی منداڵیان بەناوی (ئازادی جەستە) و (ڕۆمانسیەت و ئەشق) هەڵدەخەڵەتاند، هەر ئەوەش نا، بەڵکو ڕاپۆڕتیان لەسەر دەهات، بێگومان هەر خۆیان لەناو خۆیاندا ڕاپۆڕتیان لەیەکتری دەدا، بەوەی؛ فلان هونەرمەند یان نوسەر لە سەرمێزی یانەی

فەرمانبەرانی قنگ هەڵپچڕاو، یان دیداری ڕۆشـــنبیرانی گاندەر، قسـەیان بە سـەرۆکی گەورە، خۆری وڵات، خاڵە گەورە گووتووە، بە دیکتاتۆر و ڕێویی و ئۆپۆرتنیسـت و قومارچی سیاسـی ناویان بردووە. سـەیریش لەوەدایە هەمان ئەو کەسانەی جنێویان بە خاڵە دەدا، هەمان ئەوانە بوون پارەی مەزە و تەشـریبی قۆزییەکەشـیان لەسەر حسابی مەکتەبی کۆشک بوو، هەمووشی دەهاتەوە بەردەم (سەید ماجید) ی قاسەگر و تسلیێدەری حیزب.

بیرمدێت هەموو ســـەری مانگێک (ڕەحیمی ســـەید ماجیدی دانساز)ی قاسـەگری کۆشـک و نهێنگری حیزب و هاوڕێی دێرینی خەباتی شاخ و شاری خاڵە گیان، بەخۆی جەستە لاواز و دەفتەرە ڕەشـەکەی بن هەنگڵی و وردە تسـەکانیەوە لەوسـەری کۆشـکەوە دەردەکەوت. بەبۆڵە بۆڵەوە دەهات و خاڵە دەیگووت ``ها، سـەیدی جوان، هـاوڕێی دێرین چییـە، دیســـانـەوە هونـەرمـەنـد و شـاعیرەکانن؟!`` ئیدی دەفتەرەکەی دەکردەوە و لیسـتی مانگانەی وەک خاڵە ناوی نابوو (لیســـتی گوو خوارنەکانیان) دەنارد بۆ کۆشک، کە بەناوی کۆنفراس و دیدار و کلیپی گۆرانی و شانۆنامە و کۆبوونەوە لەپێناو کولتور و هونەری کوردیدا سـەرفیانکردبوو. ئیدی لەگەڵ ســـەید ماجید دا، لەگەڵ هەر پێداچوونەوەیەک هەردووکیان هاواریان دەکرد و ژوورەکەیان پڕ دەکرد لە جنێوی گوواویی، بـەجۆرێـک کـە من بـەخۆم و جـەســـتـە بچوک و خڕپلەکەمەوە ڕامدەکردە دەرەوە و خۆم گووم دەکرد.

جارێکیان ســـــەید ماجید، وەک چۆن هەموو ڕەحیمەکەیان لێ دەپەڕاند و لە حیزب و کۆشکدا بە (سەید ماجید) ناسرابوو، وەک پیشەی جارانی بە خۆیی و دەفتەرە ڕەشەکەی بن هەنگڵی و وردە تسەکانیەوە کە لە تووڕەیی و دەهریبوونی لە دونیادا ناسکانە بە هەوادا پەرتی دەکردەوە و تەنها من بە لووتە هەســـتیارەکەمەوە بۆنم دەکرد، هات و لەبەردەم خاڵەدا وەک پیشـــەی جارانی بە خزمەتکارەکەی گووت``هیچ ناخۆمەوە، قوزەڵقۆرت دەخۆم...`` خاڵەش کەیفی بەو تورەبوونەی دەهات و هەموو لەشـــی دەکەوتە ســـەر لەرزە و قاقا پێدەکەنی، بەتایبەت پێچی ورگە عەجایبەکەی شـــەپۆلی تێدەکەوت و دەیگووت ``خوات بێت ســـەید، هههەه، دیســـانەوە بەزمەکەیە، ئاگات لە فشـــاری خوێنت بێت`` ســـەید ماجیدی بەســـتەزمانیش هەمان ڕســـتەی دووبارە کردەوە، ئەوەندەی من بیرم بێت ماوەی دەســـاڵ زیاترە هەمان ڕســـتە و تۆنی دەنگ و هەمان هەناسەی ئاخ هەڵکێشانی بوو، هەموو جارێک بەمجۆرە دەســـتپێدەکرد `` ئاخ خاڵە جوانەکەم، ســـەدجار ئاخ، خۆزگەم بە زەمەنی شـــاخ، جارێ ڕاوەســـتە با بۆتی باس بکەم، ئەوســـا دەبێت من پێتبڵێم؛ ئاگات لە فشـــاری خوێن و دڵت بێت`` پاشان سەیرێکی منی کرد و گووتی ``ئەزانم تۆزێکی تر مۆپسی پاشای نەجیبزادە لە جنێوەکانمان پەست دەبێت و دەچێتە دەرەوە، توخوا وا نییە مۆپســـی پاشـــا`` منیش دەســـتمدەکرد بە مرەمڕ و گڤەگڤە و وەڕین و ســـەرلەقاندن بۆی. ئیدی خاڵە گەوەری میهرەبان ئەوەندە پێدەکەنی کە زۆر جار پێکە ویســـکییەکەی لەدەســـت دەکەوتە خوارەوە، و دەیگووت ``هههەه، تۆ ســـەیری

بەزمی ئەم دووانە ناکەیت`` پاشان سەید دەستیدەکرد بەدەردەدڵ کردن.

## ٢

من، مۆپسی پاشا، ئەو جارەم چاک بیردێت، کە دوایی وەڕین و گڤەگڤی من، کە باسی (دەریا خانم) ی گۆرانیبێژیان کرد، ئەوەی گۆرانییە بەناوبانگەکەی بەسەر (ڕێبازی خاڵە گەورە) دا هەڵگوتووە کە دەڵێت؛``پێشمانکەوە، پێشمانکەوە خاڵوانی، تۆ ڕێبەڕ و خوامانی...هتد`` و بۆ یەکەمین جار کاسێتی ڤیدیۆی ئەو کلیپەمان لە ڕێگەی وەزیری ڕۆشنبیری و لەهەمانکاتیشدا سەرۆکی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبەوە بینینی. گۆرانیەک ئەم ``قوز باغەیە`` وەک چۆن خاڵە وای پێدەگووت، بەجۆرێک دەیگووت، لەو بڕوایەدام گەر پیاهەڵدان و ڕیاکاری مرۆڤ بوایە، ئەوا دەمێک بوو دوای ئەو گۆرانییە، لە شەرم و قێزەوەنیدا خۆی دەکوشت. من خۆم وەک سەگێکی پێشکەوتووخواز و خاوەن شەجەرەیەکی نەجیبزادە، نەک هەر بڕوام بەو پیاهەڵدانە نییە، بەڵکو قێزی لێ دەکەمەوە تا ڕادەی ڕشانەوە. وەک چۆن باوە کە دەڵێن؛ خاوەن سەگ، لەسەر شێوەی خۆی سەگ هەڵدەبژێرێت، ئەوا هەڵسوکەوت و تەبیاتی من و خاڵە گەورە زۆر لە یەکتری دەچن. لەبەرئەوە کە دەڵێم دەرشێمەوە بەمانا میتافۆرییەکەی نییە،

نەخێر، بەڵکو بەمانا ڕاســـتەقینەکەیەتی، بەمانای ڕشـــانەوەی ڕاســـتەقینەیە. بەتایبەت  کە وەزیری ڕۆشـــنبیری دەهات بۆ لای خاڵە گەورە، دوای ڕۆیشتنی بە خولەکێک ڕشانەوەی هەردووکمان مسـۆگەر بوو. جا با لەم دەریا خانمە قوز باغەیەوە سـروودەکەی خاڵە گەورەوە  باســـی ســـێ کەســـی زۆر ڕیاکارتان بۆ بکەم، کە یەکەمیان دەریا خانمە و دووهەمیان ئەناڵ قەرەپۆزیی موزیشـن و ئاوازدانەری بەناوبانگی نیشتمانە. با باسی ئەم وەزیر و سـەرۆک دەزگـا ڕاگـەیـانـدنەتـان بۆ بکەم کـە لێرە بـە کۆشـــــک (بـە دەم گۆرەوویی) ناسراوە...

سەرەتا باسی ئەم دەم گۆرەوییەتان بۆ بکەم، بەوەی  هەرگیز ئەو ڕشـــانەوەیەم لەبیرناکەم  کە ئەم دەم گۆرەوویيە ســـەگبابە بە گەدەی من و خاڵەی میهرەبانی کردووە، بەتایبەت ئەو کاتەی هەر لەدوورەوە بە خۆی دەست بەسنگ گرتنە ڕیاکارییەکەی لەوسەری کۆشــکەوە دەردەکەوت، ئیدی من خێرا  لە کۆشـــی خاڵە گەورەی میهرەبانەوە بازمەدایە ســـــەر قەنەفە گرانبەهاکە و لەوێوە بەرەو ژووره شـــاهانەکەی خۆم خۆم قوتار دەکرد. ژوورێک  بە فۆتۆی خۆم و خاڵەی میهرەبان ڕازاوەتەوە. من لەتاو ئەو هەموو ماسـتاو ســـاردکردنەوە و دەمە ڕیاکارەی ئەم ســـەرنوســـەری ڕۆژنامەی حیزب و سەرۆکی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب، بەدڵێکی پڕ ئازارەوە خاڵەم بەجێدەهێشـــت بۆ چارەنوســـی خۆی، چونکە دەمزانی هەر وشـەیەکی، هەر بزەیەکی درۆزنانەی، هەر قوربان قوربانێکی، هەر گەورەم و ســــەرەوەرم و جەناب جەنابێکی گەدەی من و خاڵەی تێکدەدا و دەیڕشـــــاندینەوە. بـەجۆرێک، کـاتێک ئـەم بونـەوەرە دروســـــتبووە لـە مـەســــینـەهـەڵگریی و ڕیـاکـارییـە لـە کـاتی

ڕۆیشتینەوەیدا، هێشتا نەدەگەیشتە دەروازەی ڤێلاکەی سەرۆک، کە خزمەتکارەکان خێرا بەرەو ژوورەکەی من و ژوورەکەی خاڵە بە تەشتی ئاڵتوونی تایبەتەوە دەهاتن، کە تەشتی ڕشانەوە بەردەوامەکانمان بوو لەم کۆشکەدا. ئەوان سوور دەیانزانی من و خاڵە لە بۆگەنی ئەم وەزیریی ڕۆشنبیرییە ڕشانەوەمان دەهات و تاوەکو گەدەمان دوا پلە گۆشت و دوا پەنیر و دوا هەنگوینی شەمەترێنکەی هەڵنەهێنایەتەوە، پشوومان نەدەدا. پاشان ئاوی سۆدەی سادەیان دەداینێ و خاڵە لەسەر قەنەفە پێست شێرەکەی و منیش لەسەر سیسەمە شاهانەکەم خەومان لێدەکەوت. جا هەر یەکێکمان زووتر وەئاگا بهاتایەتەوە دەچووە بۆ لای ئەویتر، بەتایبەت خاڵە گەورە کە وەئاگا دەهاتەوە و دەیزانی لەتەنیشتیەوە خۆم خپکردووە ڕستەکە سەد بارەکەی دەگووتەوە `` بۆگەنترین گۆرەوویی بەڕێدا بڕوات، بۆنی قەڵەمفرۆشێکە کاتێک دەڵێت قوربان``

ئەم وەزیری ڕۆشنبیرییە، لێرە و لەم کۆشک و ئەم ڤێلایە و خانەوادەی خاڵە گەورەدا بە (دەم گۆرەوویی ) ناسراوە کە لەڕاستیدا ناوی ( حسەی ئەحە داس گوواویی)ە بەو سیفەتەی باوکی بەگەنجی لەسەر مریشک دزین، داسێکی ڕیخاویان بۆ هاویشتبوو، دەمە داسەکە ڕیخاوییەکە لایەکی ڕوومەتی قاشکردبوو، ئیدی بووە بە نیشانە و شۆرەتی. پیشەی باوکی لەوەتەی هەبووە جاشێتی و پیاوخراپی بوو، تاوەکو کوژرانی بەدەست ڕێکخستنە نهێنیەکانی شار. بەڵام نوکتەکە لێرەدایە، ئەوانەی ئاگاداری ئەم مێژووەن، ئێستا لە زەمەنی دوای شۆڕش، زەمەنی (ڕەشەبای دیموکراسی) وەک چۆن لەسەر زاری

هەمووانە، ئەوا باسی هەموو شتێک بکەن، ئەوا باسی باوکی ئەم (گۆرەوویبە بۆگەنە) ناکەن وەک چۆن خاڵە گەورە وای پێدەگووت. هەموویان؛ شۆڕشگێڕە دێرینەکان، گەنجانی مارکسی لینینی جاران و چەپ و شۆڕشگێڕیی حەفتاکان و هەشتاکان، کە ئێستا بوونەتە سەرۆک هۆبە و مۆبە و لق و مق و جق و نق و خاوەن کۆمپانیای دەرمان و خاوەن قومارخانە و قەحبەخانەی نهێنی و کۆمپانیای هاوردەکردنی کچان لە ئۆکراینا و ئێران و بەغدا و شارەکانەوە... هەموو ئەو شۆڕشگێڕە دێرینانە، ئێستا گەوادی قونسولیەتی ئەمریکی وئێرانی و ئەڵمانی و کۆرییەکانن. ئەوانەی بوونەتە گەوادی نوێنەرەکانی کۆمپانیای نەوت، وەک دەڵەکی بەزیوو شرینییەکەی دەخۆن. هەموو ئەم کۆنە مارکسی و کۆنە پێشمەرگانەی بەقسەی خۆیان (ئا ڕبی جی) یان بە کاڵی قووتداوە و لەگەڵ دە هەلیکۆپتەری سەمتی ڕووسیدا بە قۆچەقانی شەڕیان کردووە... هەموو ئەم قارەمانەنە، کە لە هەموو شەڕێکدا کەسی یەکەم و پاڵەوانی یەکەم و سەرکردەی یەکەم بوون و وەک گوێزی ساغ بەناو فیشەکەی باغە و قومبەلەی سەرەسۆدەیی مەتاتی، بەسەرکەوتوویی و بێ شوخت و برینداری و لووتپژانێک، لێی دەرچوون. ئەم هەموو پاڵەوانە مێژووییانە باسی هەموو شتێک دەکەن، بەڵام بەسەر ڕووداوی کوشتنی باوکی ئەم دەم گوواوییەدا باز هەڵدەدەن. تەنانەت ناوێرن ئاماژەشی بۆ بکەن، نەبادا دەمە میدیاییەکەی و پەیجەکانی فەیسبووکی کوڕی ئەم داس گوواوییە لە دژیان کاربکات و حەیاچوون و گەندوگوویان ئاشکرا بکات. گوێم لێ بوو جارێکیان یەکێک لەوانە بە هاوڕێکەی دەگووت `` ئەم ژن حیزە کۆنە بەعسییە، باوکی بە داسی گووایی

ســەری نایەوە، کەچی ئێســتا  داســی گووایی لە خەڵک دەگرێت``
ئەمەیان بۆیە دەگووت  چونکە لەیەک کاتدا هەم سەرۆکی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب  و هەم وەزیری ڕۆشـــنبیریی حکومەتیش بوو. ئیتر ئەو دەم ڕیاکارە، بە چەندەها شـــێواز کە دوایی بۆتانی دەگێڕمەوە، خۆی کردبووە دەمە هارەکەی  خاڵە گەورە بۆ وەڕین بە نەیارانی ناوخۆ و دەرەوەی حیزب و هەموو جارێک کە دەهات بۆ لای خاڵە و ژوورەکەی پڕ دەکرد لە قســـەگووتن بە فلان و فیســـار، بە ڕاپۆڕتی بۆگەن و ڕیاکارییەک کە ژوورەکە ســـیخناخ دەبوو بەبۆنی قەوزەی لاشـــەیەک دەمێک  بوو بێت فڕیاندابێتە گۆمێکی لیخنەوە. ژوورەکەی پڕ دەکرد لە بۆگەنی پیلانی ســەیر و ســـەمەرەی ناوزڕاندنی ئەوانەی کە هێشـــتا ناویان بۆ خۆیان دروســـت نەکردووە و دەشــێت ببن بەناوێک و پیلانی ناوزڕاندنی ئەوانەشـــی ناودارن و لە دژی حیزب کاردەکەن. پلانە بۆگەنەکانی هەوای ژوورەکەی  ســـیخناخ دەکرد، بەهەوایەکی شـــێدار کە بە قوڕگ و ســـییەکانمانەوە دەنووســـا، وردە وردە هێڵنجمان دەهێنایەوە... ئیدی کە بۆنی تێکچوونی هۆڕمۆنەکانی ســـەرۆک و سکرتێری گشــتی و ڕابەڕی گەورەی نیشــتمانمان، خاڵە گەورەم دەکرد، دەســتمدەکرد بەوەڕین و ئەو خێرا بێدەنگ دەبوو و دواوە و دوا، وەک ئەوەی لەمەرقەدێکی پیرۆزدابێت دەچووە دەرەوە. هێشــتا ئەو ئەودیوو دەرگای کۆشــکی ســەرۆک نەکەوتبوو کە لە باوەشی خاڵەوە من بازمدەدایە سەر قەنەفەکە و لەوێوە ڕامدەکردە ژوورەکەی خۆم و لەوێ دەڕشامەوە. خاڵەش وەک من دەڕشایەوە و پاشـــان خەوی لێدەکەوت. زۆرجار وا ڕێدەکەوت ئەو زووتر لە من وەئاگابێتەوە،  دەهات بۆ لام، بەڵام من فەرامۆشـــم دەکرد و

بەچاوە گەورە ڕەشـــەکانم گلەییم لێ دەکرد کە بۆچی هەر لەســـەرەتاوە ناهێڵێت بڕۆمە ژوورەکەم، و ئەویش هەموو جارێک دەیگووت ``هههەه، مۆپســـی پاشـــای ئازیز، زیز مەبە، ئاخر حکومکردن وایە، دەوڵەت ئەمانەی دەوێت. ئەوانەی شـەرم و حەیا نازانن. گووخۆر و بۆگەنن، دایکخۆگێن و هەموو شـتێک بۆ حیزب دەکەن. نەک ئەو مشـتە ڕۆشـنبیر و شـۆڕشـگێڕانەی لە مەنفا و ماڵەوە خۆیان لێمان خیش کردووە، چیبکەم بەخوا ســـەد هێندەی تۆ ڕقم لێیانە و ڕشـــانەوەم دێت، بەس حیزب وایە؛ نەیخۆیت، دەتخوات``

جا با بگەڕێمەوە ســـەر دەریا خانم و بەزمی ســـروودەکەی، کە بەقسـەی خاڵە مووچەی شـەش سـاڵی دە فەرمانبەری مەسـلەکی ئەم وڵاتەی تێچوو بوو. ئەوجارە بۆ یەکەمجار بوو لەژیانمدا کە خاڵە داوام لێبکات لەکاتی هاتنی وەک خاڵە دەیگووت ``ئەم دەم گوواییە گەزەتەچییە`` نەچمە ژوورەکەم و خۆم خیش نەکەم و لەگەڵیدا بم. ئیدی خۆتان دەزانن من ســـەگی دڵســـۆزی خاڵەی میهرەبانم و قسەی ئەوم پێ ناشکێت. لە گەڵیدا مامەوە تاوەکو ئەم بونەوەرە دەمپیســە وەک پیشـەی جارانی ڕەتیدەکردەوە لەسـەر کورسیی بەرامبەری خاڵە دانیشێت و لە خوار قاچی خاڵەوە چوار مەتر دوور لە خاڵە لەســـەر ئەژنۆ دانیشـــت... با بیرم نەچێت و دەبێت ئەوە بڵێم؛ خاڵە جگە لەمن و سـەید ماجید و چەند کەسـێک نەبێت، تەنانەت ڕێگەی کوڕە نەمســـاوییەکانیشـــی (پاڤان و قابان)یشـی نەدەدا لە تەنیشـتیەوە دابنیشـن. تەنانەت ژنەکەی و خەســـووە مارانەکەی (گەلاڕێزانی شـــەش قوز) بۆیان نەبوو ئەو چوار مەترە ببەزێنن. ئاوا ئەم وەزیرە دەم گووایییە دەهات و لە

ئاستی قاچی خاڵە لەسەر زەویەکە لە سەر ئەژنۆ دادەنیشت و بزەیەکی گوواویی لەسەر لێو بوو. منیش وەک پیشەم هەمیشە لە باوەشی خاڵەدا بووم و مرەمرم لەگەڵ مەراییەکانی زیادی دەکرد و جارجارە کە شەپۆلی ماستاوکردنی منی وەڕس دەکرد، ئیدی دەستمدەکرد بە گڤە گڤ و مرەمرِ و بە وەڕینیشم کۆبوونەوەکە کۆتایی پێدەهات...

ئا، بیرم چوو ئەوەتان پێ بڵێم کە خاڵە کردبوویی بە یاسا لەم مەملەکەتەدا، کە هەر کاتێک من بوەڕم، دەبێت قسەکەرەکان لە شوێنی خۆیاندا بێدەنگ بن، چونکە ئەوە یاسایەک بوو کەس نەیدەتوانی ڕیزپەڕی بکات. بەپێی بڕگەی دووهەمی دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەک چۆن لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب و لە هەمانکاتیشدا لە حکومەتیشدا هاتبوو، هەروەها بەپێی دەنگی هەموو فراکسیۆنەکان، تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی عەلمانی و ئیسلامی و چەپەکانیشەوە کە بەیانی بۆ مووچە وەرگرتن لە حکومەتدا بوون و ئێوارانیش لەسەر تی ڤییەکان بۆ کەرکردنی مێگەلەکەیان جنێویان بە حکومەت دەدا. تەنانەت ئەمانەش دەنگیان بە یاسای ژمارە (حەفتاوپێنج) بڕگەی شەشی دەسەلاتەکانی سەرۆک دابوو، بەوەی`` یەکەم؛ وەڕینی مۆپسی پاشای خاڵە گەورەی نیشتمان حیکمەتە، ساتێکە کە سەرۆک بیر لەنیشتمان دەکاتەوە و دەبێت هەموان بێدەنگ بین. دووهەم؛ هەموو دژەکارییەکی ئەم یاسایە لە چوارچێوەی یاسایی تاوانەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت``

لێرەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من، مۆپسی پاشا، لەڕاستیدا وەک هاوسەرۆکی خاڵە گەورە تەماشا دەکرام. تەنانەت وێنەی سەرۆک کە لە تەنیشت سەرۆکی میهرەبان خوالێخۆشبوو (مەلا گەورەی

دەم گەوهەر) لە وەزارەت و شـــوێنە فەرمییەکاندا هەڵدەواســـرا، تـەنها جیـاوازییـەکی هـەبوو، مـەلای گـەورە دارجگـەرەیـەکی بەدەســـتەوە بوو و خاڵە گەورەش لەوەتەی بووە خاوەنی من، فۆتۆکەی گۆڕیبوو بەو فۆتۆ بەرلینییەی کە فۆتۆگرافی بەناوبانگی ئەڵمانی (هانز شـــنایدەر) چرکاندبووی، تێدا، منی لە باوەش نابوو. هەربۆیە وێنەی من و خاڵە گەورە لە دەروازەی بینای پەرلەمانەوە بیگرە تـاوەکو مـاڵی وەزیرە قووندەرەکـان، وەک چۆن خـاڵـە وای پێدەگووتن، تا دەگەیشـــتە ژووری ژمێریاریی پۆلیســـخانەکان و دوورترین ســنوور و خاڵی پشــکنینی ئەم مەملەکەتە، لەتەنیشــت وێنەی خوالێخۆشبوو مەلای گەورەوە هەڵواسرابوو.

من وەک هەموو سەگێک دەزانم کە مرۆڤ بێزار بێت یان بترسێت لەشـی هۆڕمۆنێکی تایبەت دەردات، بۆنی دەکەم و بەپێی ئەو بۆنە کاردانەوەم دەبێت. بەتایبەت خاڵە گەورە بەهۆی کێشـی ورگی کە چیتر قاچەکانی بەرگەی ڕاگرتنی نەدەگرتن و لەبەر قاچ ئاوســانی زوو زوو هۆرمۆنـەکـانی تێکـدەچوو. لـەو ســـاتی هۆڕمۆن تێکچوونەیدا من دەوەڕیم و نەدەوەســـتام تا هەموویان بێدەنگ نـەبوونـایـە. دکتۆرە ئـەڵمـانییـەکـەی خـاڵـە گـەورە (دکتۆر فریـدریـک ڤێرنـەر) کـە بـە (دکتۆر ڤێرنـەر) بـانگـدەکرا، پیـاوێکی زیرەک و میهرەبان بوو، لە کۆنەوە هاوڕێی خاڵە بوو، کاتێک خاڵە ســالانێک وەک نوێنـەری مـەلا گـەورەی دەمگـەوهـەر کـە هـەردووکیـان ئـەو زەمەنە سالانێک بوو دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد کوردستانیان جێهێشـــتبوو، ئەوا خاڵەی گەنج لەنێوان مۆســـکۆ و ئـەڵمـانیـای ڕۆژهـەڵات و چیکۆســـلۆفـاکیـای جـارانـدا هـاتووچۆی دەکرد و

ماوەیەکیش لە زانکۆیەکی بەرلینی ڕۆژهەڵات – لە زانکۆی پۆستدام - پۆلی تەکنیک بۆ زانستەکانی دەوڵەت و یاسا، چەند ساڵێک خوێندکار بوو. لەو کاتەوە ئەو و دکتۆر ڤێرنەر، هاوڕێی یەکترن. هەربۆیە هەموو جارێک کە دکتۆر ڤێرنەر دەهات بۆ پشکنین بە خاڵەی دەگووت `` گەر مۆپسی پاشا وەک هەموو جارێک بە وەڕینەکەی زوو فریات نەکەوێت، ئەوا دەمێک بوو لە ژێر چاودێریی باری ناکاودا دەبوویت. کە مۆپسی پاشا وەڕی ئەوە بزانە بۆنی هۆڕمۆن تێکچوونت دەکات ``
هەموو جارێکیش سەیری منی دەکرد و بە ئەڵمانییە بەرلینییەکەی دەیدواندم کە وشەت(من - ئیخ) ی دەکرد بە (ئیک) چونکە دەیزانی من خۆم لەڕەچەڵکدا لە بەرلین چاوم کردۆتەوە و وەک خاڵە گەورە لە ئەڵمانی تێدەگەم. جگە لەوە، هەموو جارێک دیارییەکی بۆ دەهێنام و هەرگیز منی بیر نەدەچوو. وا تێنەگەن دکتۆر ڤێرنەر لەبەر پارە لەبەرلینەوە دەهات بۆ ئەم کۆشکە، نەخێر، لەمەدا بەهەڵەدا چوون، دکتۆر ڤێرنەر یەک عانەی وەرنەدەگرت، ئەو تەنها لەبەر خۆشەویستی خاڵە گەورە و بڕوای پتەوی بە خاڵە هەبوو، و بەردەوامیش لەگەڵ دکتۆرەکانی دیکەی خاڵە لەسەر خەت بوو. منیش بەم سەگییەی خۆمەوە بەپێی ئامۆژگارییەکانی دکتۆر ڤێرنەر پاسەوانی باری تەندروستی خاڵەی میهرەبان بووم، بەس من دەمزانی چەندە بەم بارە لارەی ئەم کوردە غەمگین بوو، بەڵام هەمیشە دەم بەپێکەنین و گەشبین خۆی نیشاندەدا. بەس من دەمزانی کە لەم ساڵانەی دوایدا خاڵە هاوسەنگی بەم مەکتەب سیاسییە خرف و ماستاوچییەکانی حیزب و قەحبە پەڕلەمانتار و قوزدەری قونسوڵیات و(ئین جی ئۆ)کان، تێکدەچوو. هەربۆیە، کە

یەکسـەر دەوەڕیم، خاڵە ئەو بێدەنگیە پڕ ترسـەی بەهەل دەزانی و ئەو کەسـەی لەنیوەی دانیشـتنەکەی بۆ نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بەجێدەهێشـت. لێرەوە، لەمسـەر تا ئەوسـەری ئەم وڵاتە، وەڕینی من، مۆپسی پاشا، شتێک نەبوو کەس بتوانێت فەرامۆشی بکات. تەنانەت ژەنراڵە دوودەگییەکانی سـەفارەتەکان کە برایانی ئیمانی حزبە ئیماندارەکان، زۆرجار لە ژێر سـەرپۆشـی شـەودا غوڵام و فەقییە لوسـەکانیان بۆ دەبردن. بێگومان ئەمەتان دوایی بۆ باس دەکەم، کە بۆچی و لەبەرچی ئەم گەوادییە نێربازییان دەکرد! ئەوا ئەو ژەنراڵە دوودەگییانەش، پێشـتر زانیاریان دەربارەی وەڕینی منیان بە ئینگلیزی و فەڕەنسـی و ئەڵمانی بە ڕاپۆڕت لەلابوو، کە بە ماجیکی زەرد خەتیان بەسەر یاسای یاسای ژمارە حەفتاوپێنج بڕگەی شەشی دەسەڵاتەکانی سەرۆک دابوو، کە ئاگاداری وەڕین و مڕەمڕەی من، مۆپسـی پاشـا، بن و گفتوگۆکەیان لەو کاتەدا بپچڕێنن و بێدەنگ بن.

لێمدەپرسـن لە کوێوە ئەم ڕاپۆڕت و وەرگێڕانە عەنابیەیان بۆ دێت؟ بێگومان وڵات لەسـەر سـیخوڕیی و ڕاپۆڕتلێدانی زاری و قوونی و قوزی دەژیت... هەموو ئەمانە لەلایەن ڕاپۆڕتلێدەرە لۆکالەکانی سـەفارەتەکان بۆیان ئامادە کردبوون، جا هەر کە دەوەڕیم خێرا وەک ڕێزێک بۆ من دەچوونە باری ئامادەباشـی سەربازییەوە، تا ئەو کاتەی خاڵە دەستی دەخستە سەرشانیان و سـەیری منی دەکرد و دەیگووت ``مۆپسـی پاشـا، هێوربەرەوە.``

پاشان ئیزنی بەردەوامی قسەکردنی پێدەدان.

زۆرجاریش کە من و خاڵە دەچووین بۆ مەکتەبی سـیاسـی، خاڵە منی لەسـەر مێزە ماهاگۆنییەکەی ژووری کۆبوونەوەی مەکتەب

سیاسیەکان دادەنا. خاڵە منی لە بەردەمی خۆیدا دادەنا و گوێی لە فڵتەفڵتەکانیان دەگرت، هەر کە هەســتم بکردایە خاڵە گەورە تەواو بێزار بووە، خێرا دەوەڕیم. ئیدی هەموویان قڕوقەپیان لێ دەکرد و بێدەنگییەکی قورس وەک غوباریی خۆڵبارینی باشـــووریی ئەم ئێراقە گواوویە لەســـەر ڕوویان دەنیشـــتەوە. غوباری بێدەنگیەکی قورس هەموویانی دەخســـتە ترس و دڵەڕاوکێیەوە، تێدا، خاڵە هەناســـەیەکی هەڵدەکێشـــا و دەیگووت `` ئاخ، ئاخ...`` ئیدی هەڵدەستا و ئەوانی لە نیگەرانی و ترس لە سزادان و ڕیسواکردندا جێدەهێشت. هێشتا ئەو نەدەچووە دەرەوە کە (مەلا سەعیدە پیرەی نەمســـاویی) ئەندام مەکتەب ســـیاســـی، بۆگەنی بەو ناوەدا بڵاودەکردەوە. من و خاڵە لەو ســـەری ڕاڕەوەکەوە گوێمان لە جنێویی مەکتەب ســـیاییەکان بوو بە مەلا ســـەعیدە پیریان دەدا، ئەویش هەموو جارێک بەدەنگە ناقۆڵا گڕەکەیەوە کە لە دوورەوە دەهاتە بەر گوێمان دەیگووت`` ئاخر چۆن لێم بەرنەبێت بەڕێزینە، وەڕینی مۆپسی پاشا سزای لەدووە، ماڵتان خەرا نەبێت، لە نەمسا گەر تڕ لێ بەربتەوە پێی دەرێن حافیەتت بێت، لێرە جڕتی لەدووە، هەی ڕەجحی و کۆنەپەرستینە`` ئیدی دوای ئەوە شیرەیەک جڕت مەلا ســـەعیدە پیری نەمســـاویی دادەڕیی. بەجۆرێک، دادڕینی جڕتەکانی مەکتەب سیاسییەکان لە ژووری کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسیەوە دەگەیشتە دەروازەی یەکەمی مەکتەبی سیاسی حیزب. بە خارەی گەورە بوایە بگەڕایەتەوە و هەموویانی دارکاری بکردایە، بەڵام من قرووســـکەیەکم دەکرد و هێورم دەکردەوە. پاشـــان خارە وەک هەموو جارێک لەناو ئۆتۆمبێلە گوللەنەبڕکەیدا دەســـتی بەســـەرمدا دێناو و دەیگووت `` ئاخ مۆپســـی پاشـــا، لە

چییەوە هاتینە ســـەر چی، ئەم چەکل و منداڵەورکە و جرِتلێدەرانە هاتنە سـەر میراتی شـەڕی پارتیزانی و کوڕە قارەمانەکانی شـار و شــاخ. ئێســتاش ئەم دایکخۆگێیانە حیزب بەڕێوەدەبەن، ئاخ، ســەد ئاخ... بەڵام چاکت کرد مەلا نەمســـــاویت بێدەنگ کرد، بڵێم چی مۆپسی پاشا، دۆستی دێرین، حیزب ئێستا پێویستی بە فایلدارێکی وەک ئەم مەلا ســــەعیدە تڕکەنە هەیە`` خۆ ئەگەر یادەوەرییە ســەگانە پەرتەکەم یار بێت، ئەوا لە بەشــەکانی تردا، باســی ئەم مەلا سەعیدە پیرە نەمساوییە فایلدارەتان بۆ دەکەم...

دەبێت ئەوە بزانن، کە ئەم تەبیاتە گازگریی و ســەگانەیەم وەهایە، لە بابەتێکەوە باز هەڵدەدەم بۆ ئەویتر، هەربۆیە لەمەدا من داوای لێبوردن دەکەم کە ناتوانم لەم گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانەمدا، ئەم تەبیاتە ســـــەگییەم تەرک بکەم... جا با بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتەی وەزیری ڕۆشـــنبیریی دەم گواوویی چوار مەتر دوور لەبەر قاچی خاڵە دانیشـــت و کاســـێتە ڤیدیۆکەی هەڵکرد. ئەوە بۆ یەکەمجار بوو لە تەلەفیزیۆن (دەریا خانمی قوز باغە) ببینم بەخۆی چەند موزیکـاری کیچ و بێتـام و کۆرســـێـک لـە کوڕ و گـەنجـەوە گۆرانییەکەی (ڕێبازی خاڵە گەورە) یان دەگووتەوە. ئەم گۆرانییە (ڕێبـازی خـاڵـە گـەورە) لـەلایـەن موزیکژەنی بـەنـاوبـانـگ (ئـەنـاڵ قەرەبۆزی) موزیک و وشـــــە و دابەشـــــکردنی بۆ دانرابوو. جا بۆئەوەی یادەوەرییە گازگرییە ســـەگیەکەم پەرت نەبێت، یان بڵێین (یـادەوەرییـە کینیزمیـەکـەم) وەک یۆنـانیـەکـان وای پێدەڵێن، پـەرت نەبێتەوە و بۆئەوەی بیرم نەچێت، دەبا باســـی کەســـی دووهەمتان بۆ بکەم، کە ئەم موزیشـــنە بەناوبانگەیە کە لە ڕاســـتیدا من نازانم

ناوی ئەسـڵی ئەم موزیشــنە  بەناوبانگەی نیشــتمان چییە، بەڵام حیمایە و ســـەگەوان و قەیتول و دایبی پاکەرەوەی خاڵە هەر بە (ئەناڵ قەرەبۆزی) ناویاندەبرد و ئەم ناوەش هەر لە خاڵەوە داکەوتبووە خوارەوە. خۆشــتان دەزانن من ســـەگێکم ڕەچەڵێکی باڵاو زیرەکەم هەیە، دونیا دیدەم، ئەوەندە دەزانم کە (ئەناڵ) بەلاتینی مانای قنگ یان وەک خاڵە دەیگووت``قوون`` دەگەیەنێت. بەڵام لە ڕاســـتیدا وەک خوێندنەوەی خۆم و خاڵە گەورە بۆ کتێبەکانی دەروونناســی، ئەناڵ، دوو مانای دیکەی هەیە؛ یەکەمیان کاری سێکسیە لە قوونەوە کە ئەمە مافی هەموو کەسێکە لەگەڵ قوونی خۆیدا و  دووهەمیان؛ لە شـــیکاری دەروونیدا ئاماژەیە بە (قۆناغی قوونی) یان چاکتر وایە بڵێم (ئەناڵە فازە) وەک چۆن فرۆید بە ئەڵمانی وای  پێناســـە دەکات و  بە ئینگلیزی (ئەناڵ ســـتێچ)ی  پێدەڵێن.  ئەمەش ئەو کاتەیە کە دایک و باوک منداڵەکانیان فێردەکەن بچنە ســـەر تەوالێت و کۆنترۆڵی قوون و گووکردنیان بکەن. منداڵ بەپێی ئەو قۆناغە یەکەمین هەنگاو دەنێت بۆ ســـەربەخۆیی خۆی  لە ڕووی جەســـتییەوە، بەمانای منداڵ  زۆرانبازیی وجودیانەی خۆی لەگەڵ دایک و باوکی دەســتپێدەکات و ئەمەش کاریگەری قووڵی دەبێت لەسەر  کەسێتی و سیفەتەکانی کەســـێتی لە داهاتوودا...  با من وەک ســـەگێکی زیرەکی خاڵەی میهرەبان بۆتان سادەبکەمەوە؛ بۆ نموونە گەر دایک و باوک ڕێگە بدەن بە منداڵ لە نێوان دووســـاڵی بۆ ســێ ســاڵی بە ئارەزووی خۆی بیکات بەخۆیدا  و زۆری لێ نەکەن خۆی بگرێت و لەســـەر قەعدە و پێشاو دابنیشێت، ئەوا لەداهاتوودا کەسێکی دەستبڵاو و پەرتوبڵاو و  ســەرەڕۆی  لێ دەردەچێت. خۆ ئەگەر گەر زۆری

لێ بکەن، ئەوا منداڵ وای لێکدەداتەوە کە گووەکەی شتێکی زۆر بە بەهایە و لێی دەستێنێنەوە، هەربۆیە کەسێکی تەبیات قەبز و گۆشەگیر و غەمبار و چرووکی لێ دەردەچێت. خۆ ئەگەر نەخۆشی ڕیخۆڵە و قەبزیشی نەبێت، بە تەبیاتی سایکۆلۆژی خۆی زۆر لەسەر ئاودەست دەمێنێتەوە و لەداهاتووشدا ڕەزیل و چرووکی لێ دەردەچێت. گەر منداڵێکیش لەم تەمەنەدا بە ڕێکوپێکی بەم قۆناغەدا تێپەڕبێت، ئەوا خوویی سەر ئاودەستی ڕێک دەبێت و لەداهاتوودا کەسێکی هاوسەنگ و لەسەرخۆی لێ دەردەچێت. بەڵام لەوانەیە بڵێن بۆچی ئەمەتان بۆ باسدەکەم؟ چونکە باش دەزانم پێتان ناخۆشە سەگێک وانەبێژیی دەروونناسی ئێوەی مرۆڤ بێت، چونکە ئێوە لەو وەهمەدا دەژین کە ئێوە تاکە بونەوەری زیرەکن لەسەر ئەم هەسارەیە. دەزانم ئێوەی مرۆڤ چەندە خۆتان بە زلتر و گرنگتر تێدەگەن لە بونەوەرەکانی دیکەی سەر ئەم زەویە، بەمەرجێک بونەوەرێک کە هاوسەنگی سروشتی ئەم هەسارەیەی تێکدابێت و نەشاز بێت، ئێوەی مرۆڤن. ئێمەی گیانداران و مێروو و تەنانەت درەخت و ڕووکەکانی سەر ئەم زەویە بەشێکین لە هارمۆنیەتی گەردوون و سروشتی ئەم هەسارەیە، بەڵام تاکە نەشاز لەم هارمۆنیەتەدا ئێوەی مرۆڤن بە خۆتان و گێلێتی و ترزلیتانەوە، ئەم هەسارەیەتان پڕ کردووە لە ژەهر و کوشتن و بڕین و ناشرینی. هەربۆیە باش دەزانم پێتان ناخۆشە سەگێکی ڕۆشنبیری وەک من دەرستان دابدات، بەتایبەت باسی ئەوەتان بۆ بکات چەندە بەدەست قوونتانەوە گیرتان خواردووە... بەڵام من وەک ئێوە نیم، تەنها بۆ خۆدەرخستن زانیارییەکانی خۆم دەربخەم، نەخێر، وەک سەگێک هیچ شتێک

ناکەم کە بێ ئامانج بێت و هارمۆنیەتی دونیا تێکبدات. ئامانجی ڕاڤەکردنی ئەم (قۆناغە قوونییە) لەوەدایە، کە خاڵە گەورە بۆ پێدانی پلە و پۆست، ئەم هاوکێشەی شیکار دەروونییەی سیگمۆند فرۆیدیی بەسەر مەکتەب سیاسی و کادێر و وەزیرەکانی حکومەت و ئەفسەرە پلەباڵاکاندا جێبەجێدەکرد. ئەویش لە ڕێگەی ئەو تۆڕەوە زانیاریی پێدەگەیشت کە ڕاپۆرتلێدەریی ژمارە یەک بوون؛ وەک چایچی، پاسەوان، قەیتول و خزمەتکار و لەشفرۆش و سکرتێری مەکتەب سیاسیەکان و وەزیرەکان، پاشان لەڕێگەی کادێر و ئەفسەرەکانیانەوە... بۆ نموونە ئەوانە، ڕاپۆرتی تایبەتیان لەسەر کات سەرفکردنی مەکتەب سیاسیەکان و وەزیرەکان لە ئاودەستەکاندا، بۆ سەرۆک دەنارد. زۆربەی ڕاپۆرتە بەسوودەکانیش، ڕاپۆرتی ئەو لەشفرۆشانە بوون کە بە شەش هێڵی هەواڵگرییەوە دەچوونەوە سەر خەتی سیخوڕیی گەلاڕێزان خانم. گەلاڕێزان سەرۆکی هەر یەک لەو شەش دەستەیە بوو، کە شەش لەشفرۆشی عەنابی و بەناوبانگی دەزگای نهێنی حیزب بوون و بە شەش قوزەکە ناسرابوون. ئەوانە هەموو ڕاپۆرتەکانیان بۆ گەلاڕێزان خانم دەهێنا، لەوێوە کورتکراوەکەی ڕاپۆرتەکانیان لە سەر مێزی خاڵە گەورەی میهرەبان دادەنا. نەگبەتی قەدەریش لەوەدابوو، هێشتا گەلاڕێزان خانم فریای ئەوە نەکەوتبوو کە ناوی (ڕەعنا) لەخۆی بکاتەوە، کە پاشگری (شەش قوزە)کەی حیزبیشی پێوە نوسا. تاکە هۆکارەکیش بۆ بەناوبانگی ئەم شەش ژنەی سەرۆکی شەش دەستە لەشفرۆشییە ئەوەبوو، لەناو دەزگایی هەواڵگریی حیزبدا ڕاپۆرتی ئەوان هەمیشە پڕ زانیاریی و وردەکاریی بەسوود بوون. جا بۆ جیاکردنەوەی لە ڕاپۆرتەکانی

دیکه کادیرەکان لەناو خۆیاندا بە (ڕاپۆڕتی شـەش قوزەکە) ناویان دەبردن. بێگومان کەس لە کۆشـکدا زاتی ئەوەی نەدەکرد ئەو وشـەیە بەدەمیدا بێت، بەڵام من چەند جار گوێم لە خزمەتکار و قۆنەرەدانەرەکانی کۆشـک بوو لەبەر خۆیانەوە جنێویان پێدەدان و ئەم شـەش قوزەیان لەبەر خۆیانەوە گوتووە... ئاوەها، هەموو ئەو لەشـفرۆشـە بێشـومارانەی کە لەلایەن شـەش خانمی بەڕێزی ناو حیزب و حکومەت سـەرپەرشـتیدەکران، لە کۆبوونەوەی حیزبدا ڕاپۆڕتیان دەربارەی گووکردن و چوونە سـەر ئاودەسـت و تڕ لێدانی کەڵتە کۆنەکانی مەکتەب سـیاسـی و تەنانەت سـەرۆک لقەکانی حیزب و هۆبە سـەوزەکانیش، دەگەیشـتەوە بە خودی خـاڵـەی میهرەبـان. ئـەم ژنـە پۆسـت بـاڵایـانـە، ڕاپۆڕتی لەشـفرۆشـەکانیان بەپێیی باش و خراپی جیادەکردەوە و دەیاندەیە دەسـتی گەلاڕێزان خان. هەرچەندە خاڵەش چیرۆکی ئەم نازناوەی دەزانی و هەموو جارێک دەیچرپاند بە گوێچکەمدا `` خۆی دەبوایە هەزار قوز بوایە مۆپسـی پاشـا، ئاخر ئەو شـەشـە بەسـتەزمانانە ڕاپۆڕتی هـەزارەهـا قوز حیزی ئـەم حیزب و حکومـەتـەمـان بۆ دێنن.``

ئەم ڕاپۆڕتانە لەژووریی نوسـتنەوە بیگرە تاوەکو گوێگرتن لە تڕی لێپسراوەکان دەنوسرایەوە و دەکرایە ڕاپۆڕت و دەهاتە سەر مێزەکەی خاڵە گەورە. خاڵە بەپێی تیۆرەکەی فرۆید هەموویانی دەسـتنیشـان دەکرد و دەیگووت``مۆپسـی پاشـا دەبێت لەڕێگەی گووکردنیانەوە بزانم چەندە بەسـوودن بۆ حیزب وحکومەت`` ئیدی لەگەڵ هەر کابینیەکی نوێی وەزارەتە یەک لەدوای یەکەکان، تـاوەکو ڕاپۆڕتی (ئـەنـاڵ فـازە) یـان بڵێین(ڕاپۆڕتیی قوونیـان)

نەهاتبایە بەردەستی خاڵە گەورە، ڕەزامەندی خۆی نەدەبەخشییە وەزیرەکان، بەتایبەت وەزیریی دارایی کە دەبوایە لەوانە بوایە کە زۆر لەسەر پێشاو دەمێنێتەوە. گەر ڕاپۆڕتەکان وەهایان نیشانبدایە کە ماوەی گووکردنی کورتە ئەوا دەیگووت``دەبینیت مۆپسی پاشا، ئەم سەگبابە دەست بڵاوە، گوو بەقنگیەوە گیر نابێت. بەکەڵکی وەزیری دارایی نایەت. بەس بۆ وەزارەتی دەرەوە باشە، ئاخر گەر وەزیری دەرەوە لەگەڵ دۆستە ئەمریکی و ئەورووپی و ئیقلیمیەکاندا ڕەزیل بێت، ئەوا تیادەچین. خۆ ئەوە باسی ئەوەش ناکەم گەر قنگی بخورێت وەک خاڵە دەیگووت ئەوا حەزی لە قووندانە و ئەمەش بۆ پەیوەندییەکانی حیزب نەک حکومەت، خراپ نییە``

ڕاستیتان دەوێت، من کە ئەم ڕوونکردنەوانەم لە خاڵە دەبیست، بەختەوەر دەبووم کە خوای گەورە منی وەک سەگ هێناوەتە ئەم دونیایەوە و ڕۆژانە شوکرانەی خوام دەکرد کە وەک سەگێک بەم دونیادا تێدەپەڕم و ئەم هەموو ڕق و زۆرانبازییە دەروونی و خەمۆکی و نیگەرانییە بەدەست قنگم و گووەکەمەوە ناکێشم.

## ٣

با بگەڕێمەوە سەر ئەم موزیشنەی نیشتمان کە ناوی ئەو لەم کۆشکەی سەرۆکدا، بە ناوی قنگەوە نوساوە و ئاوازدانەری گۆرانییە بەناوبانگەکەی (ڕێبازی خاڵە گەورە) ی خانمە گۆرانیبێژ

(دەریـا خـانمی قوز بـاغـە) یـە. من لێرەدا داوی لێبوردن دەکـەم لەبەکارهێنانی ئەم ناوناتۆرە ناشـــرینانە، بەڵام لەم کۆشـــک و ژیانەی من تێدا ژیاوم شـــتەکان وا ناونراون و منیش پەیمانم بە خاڵە داوە شـــتەکان بەو زمانە بگەڕێمەوە کە زمانی گەندەڵییە، زمانی گەندەڵیش وەک دەزانن لە گوو پیسـترە. هەموو جارێک کە باسی ئەم (ئەناڵە موزیشنە) بکرایە، وەک خاڵە وای ناودەبرد، باس باســـی پەیوەندی نێوان مرۆڤ بوو بە قنگییەوە، بێگومان بەپێی تیۆرەی شـــیکاری دەروونی ســـیگمۆند فرۆید. باس باســـی ئەو قوونە بوو کە لە منداڵیەوە دەبێتە کێشــە بۆ مرۆڤ تاوەکو مردنی. بۆ نموونە لە منداڵیدا بەزۆر لەسەر قەعدە دای دەنیشێنن، خۆ گەر گووبکات بەخۆیدا لێی دەدەن، خۆ کە هەسـت و سـۆزی سـێکسـی باڵق بوو ئەوا دەبێت ئاگای لـە قنگی خۆی و خـەڵکی بێت، خۆی تووشـــی کێشـــەی دەروونی کۆمەڵایەتی نەکات. چەندەها منداڵە هەژاری دەستگێڕ و دەستفرۆش لەم وڵاتەدا لەلایەن دوودەگەیی و قنگییەکانەوە دەستدێژیان دەکرێتە سـەر و دوایش کە گەورە دەبن خۆیان دەبنە دەســـتدرێژیکەر. چەندەها جار ئەم قنگە خوورانە گرفتی گەورەی بۆ حیزب و شـۆڕش و حکومەت و مەکتەبی باڵای هۆبە و (مەکتەبی خوشـــکانی ئیمانداران) چێ کردووە. خۆ ئەگەر مرۆڤ مێ بێت و بە گەنجی لەم کۆمەڵگە دواکەتووە لەترســـی پەردەی کچێنی وەک خاڵە بۆی باسـکردووم، قنگی بۆ سـێکس و ئەشـق و دڵداری بخاتە کار، ئەوا لەکاتی شـووکردنیدا گەر بە هەڵە خۆی وەرگێڕێت بۆ مێردەکەی و بیباتـە قوونییـەوە، ئـەوا ڕۆژی دوایی مێردەی لێی دەپرســـێـت لـە کوێ فێری ئـەمـە بووە و دەیکوژێت... بەڵێ، خاڵە چەندەها کێشەی عەشایریی و ژنکوشتن و

دەستدرێژیی لەم کۆشکەوە تاوتوێ کردووە، کە ئەندامانی حیزب پەلاماری قنگی ئەم و ئەویان داوە. ئەوەش نەبێت، مێژوویی قوون بۆ مرۆڤ لەنێوان سێکس و گووکردندا گەمەی خۆی دەکات و بەڵایەکی گەورەیە بۆ مرۆڤ. نەک هەر ئەوە، خۆ کە مرۆڤ پیر دەبێت، وەک ئەم ساڵانەی دوایی خاڵە گەورە، ئەوا لەسەر قوونی بەر جنێو و مۆرە دەکەوێت. خۆ ئەگەر مرۆڤ لەپیریدا قنگی خۆی بۆ کۆنترۆڵ نەکرێت و بیکات بەخۆیدا، ئەوا بە کاژێر لە گووی خۆیدا بەجێیدەهێڵن، زۆرجاریش لەکاتی پاکردنەوەیدا لێی دەدەن.. ئاخ، سەد ئاخ ...خۆ ئەوە باسی پەیوەندیی نێوان پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و گووەکەیتان بۆ ناکەم، ئەوەش چیرۆکێکی دوورودرێژە و منی قوتابی گوێڕایەڵی خاڵە زۆر شتم لەبارەی ئەم بابەتەوە دەزانم، هەربۆیە من بەردەوام سوپاسی خواوەندی میهرەبان دەکەم کە بەسەگ خولقاندوومی و وەک مرۆڤ گیرۆدەی قنگی نەکردووم.

بەمشێوەیە باسکردنی ئەم موزیشنە (ئەناڵ قەرەپۆزیی) لای خاڵە پابەند بوو بە تۆڕێک زانیاری چڕ و پڕ و تێکئاڵاو کە خاڵە بانگی دەکردم، و بۆ کات بەسەربردن بۆمی باسدەکرد. بەڵام من بەم سەگییەی خۆمەوە ئەقڵم بێت، خاڵە ئەم ناوی ئەناڵەی بە مانا سێکسوالیەکەی لە جیاتی قووندەر بەکاردەهێنا، چونکە لە ناخەوە ڕقی لێی بوو، وەک خۆی دەیگووت ``لەدەمیەوە موزیک نایەتە دەرێ، بەڵکو لە قنگییەوە وەک گووییەک دێتە دەرێ، کە حەیای گووش دەبات. ئاخر ئەم میللەتەش زەوق سز و گووخۆرن بۆیە ئەم گووە بە موزیک تێدەگەن``

بیرمدێت جارێکیان کە وەرەقەیەکیان هێنایە بەردەمی کە داوای زەوییەکەی سێ سەد مەتری دەکرد لە ناوەڕاستی شار، بە بۆڵە بۆڵ و جنێوەوە لەگەڵ سەید ماجیدی هەمیشە قەبزیی تسلێدەر و قاسەگری حیزب قسەیان لەسەر کرد. دوایی خاڵە بە ڕیزێک جنێوەوە ڕەزامەندی نیشاندا. کە سەید ماجید ڕۆیشت، خاڵە منی بانگ کرد و باسی ئەم (ئەناڵ قەرەبۆزییە)ی بۆکردم و گووتی ``ئەم حیزبابە لە ڕۆژی لە دایکبوونی سەدامی تکریتی بێقیمەتی دیکتاتۆردا، کچ و کوڕی گەنجی ئەکادیمای هونەرە جوانەکانی بە زۆر دەبردە شارۆچکە پیسەکەی (عۆجە) بۆ تکریت و هەڵی دەپەڕاندن. دەزانی لە چ کاتێکدا بوو مۆپسی پاشای نەجیبزادە؟ ئەو کاتە تۆی خۆشەویست وەک گوجیلەیەکی نازدار لە بەرلین لە دایک نەبوو بوویت، کە عەلی کیمیاوییە شێتی برای سەدامی بێقیمەت و زۆڵ، کە خۆشی نازانێت باوکی کێیە، بە فەرمانی سەدام ئەم کوردەی کیماویی بارانکرد. کەچی ئەم ئەناڵ قەرەپۆزییە بێقیمەتە لەو کاتەدا خۆی و براکەی ئاهەنگی پیاهەڵدانیان بۆ سەدام سازدەکرد... ئاخ سەد ئاخ، ئاخر تۆ بەم مڕەمڕەت قسەم پێدەکەیت، جا کاتی خۆی مۆپسی پاشای خۆشەویست نامەی ڕێکخستنە مارکسییە گەنجەکانم بۆ هات کە داوای ڕێگەپێدانیان دەکرد بی تۆپێنن. من گووتم؛ لە دوو بێشەرفدا با دانەیەکیان وەک خومرەی هەویر بۆ داهاتوو بمێنێتەوە. براکەیان کوشت کە لە کاتی ئەنفال و کیماوییدا بە دەستێک جلی شاڵ و کڵاشی دۆمییەوە چووە بووە بەردەمی سەدامی بێقیمەت، بە کوردی شیعری بەسەردا هەڵدا بوو و گووتبویی؛ تۆ ئێراقی، تۆ پێغمبەری، تۆ هەموو کوردستانی، تۆ خۆری درەوشاوەی... ئەوسا

گووتم؛ با ئەم گەوادە بتۆپێنن و ئەم ئەناڵ قەرەقۆزییەم بۆ بهێڵنەوە و نەمهێشـــت بیکوژن، چونکە ئەم جرجە لە قنگەوە هاتۆتە ئەم دونیایەوە گەندەخۆرێکی بێ وێنەیە، بەپێی تێۆرەکەی لینین لە شۆڕشدا سەلکە توورێک ناهێنێت و لە دەوڵەتدا سوودی زۆر دەبێت``

پێدەچێت سوودەکەی ئەو کاتە بۆ خاڵە دەرکەوتبێت کە ئەم ئەناڵە پیشـــەکەی نێو بەعســـی زیندوو کردەوە، کە ڕاپۆرتلێدان و سیخوڕیی و سووکە گەوادیی و فیتنەیی بوو لەناو سەندیکای هونەرمەندانـدا. هەموو ڕاپۆرت و ڕاوێژەکانی بۆ لێدانی هونەرمەندە ڕاستەقینەکان و نەیارانی حیزبمان، حیزبی سۆسیال لیبرالی کوردستان، بەسوود بوو. هەروەها کە ڕاگەیاندنی حیزب کەوتە ئەوەی کەناڵی تەلفیزۆنیان هەبێت، کەســـیان لەو باشـــتر دەســـتنەکەوت کلکی خۆی لەهەموو بەشـــەکاندا هەڵســـوێت و پیشـــەکەی جارانی چالاک بکاتەوە. تەنانەت ســـووکە گەوادیشـــی دەکرد بۆ بەرماوە خواردنی وەک؛ زەوی و مووچە و ئیکرامیات و ســـەفەری ئەوروپا. بەمەش ئاوێکی ترســـناکی ڕشـــت کە دوایی دەزگا نێهنیەکانی حیزب مەلەیان تێدا کرد، ئەویش ســـــەرەتای هەڵخەڵەتاندنی کچی گەنج بوو لەژێر هەر ناوێکدا بێت و بردنیان بوو بۆ ئەم ژێر گوونی ســـــەرکردە میلشـــییایەکانی حیزب و کادێرەکانی هۆبەی دارایی و ئەو ســـــکرتێری وەزیر و ئەم و ئەویتر... هەموو ئەمانە، ئەو ئاوە جوانە بوو کە ئەو و چەندەهای وەک ئەو ڕشـــتیان. ئاوەکە ئەم ئەناڵە قەرەپۆزییە ڕشـــتی بەوەی تۆڕێکی لە کچی بەســـــتەزمان و هەژار پێکهێنابوو کە هەموویان بەناوی هونەر و ڕاگەیاندن و بێژەریی بەمووچەی بەرز

دایدەمەزراندن و دوایی تووشـــی ئەو ســـەرکردە میلیشـــیایانەی دەکردن کە چەند ساڵێک بوو لە شاخ و مەنفاکانی ئێران و تورکیا و سووریا هاتبوونەوە، زۆربەشیان وەک خاڵە دەیگووت؛ ماکەرگێ و قووندەر بوون... بەڵام حیزب بەپێی تێورەکەی خاڵە گەورە، کاتێک لە شـــاخەوە دێتە شـــار پێویســـتی بە ئەمانەیە، وەک لە شۆڕشگێڕە ڕۆمانسیەکان. هەر بۆیە، ئەناڵ قەرەپۆزیی سوودێکی گەورەی هەبوو ``خومرەیەکی بەعســـی چاک بوو بۆ ماســـتی ئەزموونی کوردیی`` وەک خاڵە دەیگووت. هەموو جارێک کە مرەم دەکرد دوای ئەم قســـانەی دەیزانی ڕەخنەی لێ دەگرم، خاڵە دەیگووت `` ڕاســـتە ئەمانە پیســـن مۆپســـی گیان، هەر وەک چۆن مرۆڤ ناتوانێت بێ ڕیخۆڵەی پیس و گوواویی بژی، حیزب و حکومەتیش بێ ئەم ڕیخۆڵە پیســـانە ناژین`` هەربۆیە ناوی (ئەناڵ - قوون) ناوێکی فرەڕەهەند بوو تەواو پڕاوپڕ بە باڵای ئەم موزیشنە گەورەیەدا کرابوو...

لێرەوە وشەکانی سروودی (ڕێبازی خاڵە گەورە) لەلایەن ئەناڵ قەرەپۆزیەوە ئاوازی بۆدانراو و هەر ئەویش بوو دەریا خانمی دەستنیشاکرد بۆ گووتنی و سروودەکە بەمجۆرە دەستپێدەکرد؛

`` پێشمانکەوە، پێشمانکەوە خاڵوانی،

تۆ سەروەر و خوامانی –

تۆ شاخ و هەرد وکێوانی،

خەباتی شار و شاخانی –

پێشمانکەوە سەروەرم، تۆ ڕێبازی

، تۆ بلێسەی، تۆ دڵی هەموو کوردانی.``

بیرمدێت كە یەكمجار من و خاڵە گوێمان لە كاسێتی یەكەمی گۆرانییەكە گرت، خاڵە بێدەنگی و غەمبارییەكی قووڵ دایگرتەوە، پاشان خێسەیەكی لە وەزیری ڕۆشنبیریی (دەم گوواویی) كرد و گووتی`` هەتیو تۆ لای خۆی ئاقڵیت، ئاخر دەتەوێت بانگخوازە گوێرەكەكان لێمان بكەونە شیرە شیرِ بۆئەوەی دوایی لەژێرەوە بە دەفتەر دۆلاریان بدەینێ؟`` كەچی ئەم وەزیرە وەڵامی حازربەدەستی ڕیاكاری هەبوو و گووتی `` قوربان چیبكەم ئاخر تۆ خوای منی، خەتای موزیشنە گەورەكەمان نییە قوربان، من خۆم ئەم وشەیەم بۆ زیاد كرد`` خاڵە بزەیەك هاتە سەرلێویی و گووتی`` دەم حیزی گواوویی ئەمە چاك بكە باشە. دەی هەستە دەی لاچۆ، مۆپسی پاشا خەریكە توورِە دەبێت، ئەم وشەیە بگۆڕن و پارەیەكی باش بدە بەم دەریا قوزدەر و ئەناڵ قەرەپۆزییە``

ئیدی ئەم وەزیر و سەرۆكی دەزگای ڕاگەیاندنە وەك ئەوەی لەمەرقەدیی شێخێكی گەورەدا بێتن، ئاوەها دواوە و دوا چووە دەرەوە. هەر كە چووە دەرەوە خاڵە گووتی`` تفوو لە فەساڵت، گەر كورسی سەرۆكایەتی نەبێت، تۆ ئەو پیاوەی بێیت لەبەر قاچمدا دانیشێت.`` ئیدی خزمەتكاران دەیانزانی خاڵە فشاری خوێنی بەرزدەبێتەوە و خێرا بە خۆیان و تەشتە ئاڵتوونیەكەیان هاتن، دەیانزانی ڕشانەوەمان دەستپێدەكات.

٤

ئێســـتا هـەمووان چیرۆکی ئـەم (ئـەنـاڵ قـەرەپۆزی) و وەزیری ڕۆشـنبیری و سـەرۆکی دەزگای حیزب (دەم گووایی)یەتان زانی، دیارە من کەمترین چیرۆکم لەسـەر گەندەڵی گوتووە. بشـمبوورن زمـانـەکـەم پیس بوو، ئـاخر وەک خـاڵـەی میهرەبـان ئـامۆژگـاری کردم`` گەندەڵی گووە و گووش بەزمانی پیس وەســـفدەکرێت`` منیش تـەنهـا ئـەوەم کرد و هیچیتر. هـەروەهـا وەک تێبینتـان کرد کەمێک بەم زمانە پیســـەم باســـی دەریا خانمی گۆرانبێژم بۆ باسـکردن کە کەسـی سـێهەمە لەم چیرۆکەمدا، لەم کۆشـکەدا بە (قوز باغە) ناسـراوە، چونکە ئێستا لەزۆرخۆریدا لەشـە باریکەکەی سـەرفکردووە و قەڵەو بووە. وەک سـەگەوانە زیرەکەمان (خەلیل بەگی ئامۆکیان) بۆی گێڕامەوە ``جاران مۆپسـی بەگ، وانێەکەکەی بۆ هەموو مەکتەب سـیاســـی پلاســـتیک بوو و هەریەکەو بە ئارەزووی خۆی ڕایدەکێشـا. جاران کاسـپیەکەی باش بوو، بەڵام دوایی شـتی ناسـکتر و جوانتر هاتنە بازاڕەکەوە و خۆیشـی ماڵی ئاوا بێت، ئەوەندەی دا، تا عەیب نەبێت لەڕووی جەنابی مۆپسـی بەگمدا؛ وانێکی بووە باغە. ئێ، ئێستاش تەماع چاوی کوێر کردووە، بڕوا بکە ئێستا جارجارە بەدزییەوە بۆ پارە و ئەرزە و واستە لای خاڵە، دەچێتە باخەڵی عوسـە چلمنی ئاوەدسـت پاکەرەوەکەی خاڵە گەورە.``

کەواتە با لەقســـەکانی خەلیل بەگی ســـەگەوانی بەهیبەتی خاڵە گەورەوە بگەڕێمەوە بۆ ئەو کاتەی کە ســـەید ماجید هاتە لای خاڵەی میهرەبان؛ کە دەهات وەک هەموو جارێک بە وەڵامی تورەی خزمەتکارەکان دەســتیپێدەکرد `` قوزەڵقوڕت دەخۆمەوە`` ئیتر دەســتی دەخســتە ســەر دەســتی خاڵە و دەیگووت `` توو کوردستان خۆت سەغڵەت مەکە و پێت ناڵێم بۆ پەستم`` زۆری نەدەبرد چاوی دەگێڕا و کە منی نەدەبینی هاواری دەکرد ``مۆپسی بەگ ڕایکرد، مۆپسی بەگ وەرەوە، وەعد جنێو نادەین`` ئیدی کە من دەردەکەوتم خاڵە پێدەکەنی و منیش خۆم هەڵدەدایە باوەشی. سەیری ناوچەوانە گرژکەیم کرد چۆن لەسەر خۆ هێمن دەبێتەوە و پاشان دەیگووت `` دەی سەید، توو گۆڕی شەهیدان بۆم بگێڕەوە`` ئیدی سەید ماجید دەستی برد بۆ وەسڵێکی بچوک کە بەخەتێکی ناخۆش چەند ژمارەیەکی لەســـەر نوســـرابوو و چیرۆکی دەهرییبوونی خۆی لەم وەســـڵە گێڕایەوە کە بڕی پێنج ملیۆن دینـاری ئێراقی بوو کـە دەیکردە چوار هـەزار دۆلاری ئەمریکی، کەئەمەی گووت، خاڵە گووتی ``ســـەید گیان تۆ هەموو کۆمپانیاکانی حیزب و ملیۆنەها دۆلاری حیزب لە بانقەکانی ناوەوە و سویسرا و دونیا بەڕێوە دەبەیت، ئێستا بۆ چوار هەزار دۆلار گلەیی دەکەیت؟`` سـەید خوویەکی ناشـرینی هەبوو، چۆن وەک خاڵە دەیگووت`` لە قۆناغی قوونیدا گیری خواردووە و قەبز و ڕەزیلە`` ئاوا قســـەکردنیشـــیدا وەک خاڵە دەیگووت ``وەک گووکردنەکەی وایە، زۆری پێدەچێت.`` هەربۆیە گەر لای هەموو حیزب بێدەنگی و هێمنی ســـەید ماجید ســـیفەتێکی گەورەی بێت، ئەوا بەپێی ڕۆشــنبیرییە ســایکۆلۆژییەکەی خاڵە، بێدەنگییەکەی لە

ڕەزیلییەوەیە، نەک لە باشـــی و گەورەیی و نهێنیگرییەوە، وەک کادێرە تڕنەکان لێی تێگەیشــتوون. بەهەر حاڵ، ســەید وردە وردە چووە ناو باســەکەوە، ســەرەتا باســی ئەوەی کرد کە دەریا خانم خۆی و شاعیرێکی ڕۆمانسی کە تازە لە ئەوروپاوە بەربۆتەوە ناو کۆشی حیزب، ئەو شاعیرەی جاران جنێوی بە حیزب و ورگەکەی خاڵە دەدا و تەنانەت لە ڕۆمانێکیدا بە خاڵەی گووتبوو (پیاوە ورگنەکە) و گوایە لە خەونیدا بەدوویی ڕەوە کوللەی ڕەشـــەوە بووە و لەمجۆرە تڕوهاتە، یان وەک ســـەید دەیگووت؛ شـــقلی و پقلیانە... ئەم شـــاعیرە دوای بەرز و نزمییە ڕۆمانســـییەکانی لە ئەوروپادا و بەتایبەت لەگەڵ ژنە دەمهەراش و ژنەکانی تری دۆستی کە لە ژێرەوە وەک سەید دەیگووت ``بەناوی شیعر و پەروانە و بنەگۆزروانی ئەشق و پەپولە و خاڵخالۆکەی سووتاو، هەڵیدەخەڵەتاندن`` زۆر نابات بەسەر حەیاچوونی خۆیدا دەکەوێت، باری کەوێتە لێژی و خش خش بە خشـــکەیی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. وەک سەید دەیگووت ``لە ڕێگەی ئەم وانێک باغەیەوە دەیەوێت لە دەزگا ئەدەبییەکەی حیزب بۆ بڵاوکردنەوە دامەزرێت`` ئەم شاعیرە دڵ ناسکە هاتووە شیعرێکی بەدزییەوە نوسیووە، بێگومان وەک نیەت پاکی خۆی و تۆبەکردن بەرامبەر حیزب و شۆڕش و ڕێبازی خاڵە گەورە، وەک سەید گووتی`` بێقیمەتە بۆ خۆلکردنە چاوی خەڵکەوە چووە بەناوی (هەڵۆ ئارامی) شـــیعرێکی بۆ شـــەهیدانی حیزب نوســـیووە، هەر ئەو شـــەهیدانەی لەڕۆمانە بێتامەکەیدا بە (جاشـــی شـــەســـت و ســـێ) و شـــتی تریش وەســفیکردوون. ئیدی ئەم شــیعرە دراوە بە دەریا خانم و دوایی ئەناڵ قەرەپۆزی ئاواز و موزیکی بۆ داناوە. کە گۆرانیەکە تەواو

بووە و تەنها ئەوە ماوە بیکەن بە کلیپی تەلفیزۆنی. تیمەکە بۆ چەند کاژێر چوون بۆ وێنەگرتنی کلیپەکە و نانی نیوەڕۆیان خواردووە، ئەمە هەموو چیرۆکەکەیە``

پاشان سەید ماجید بێدەنگ بوو و هەناسەیەکی هەڵکێشا، سەیری خاڵەی کرد و سەیرێکی منی کرد و بەردەوام بوو `` دوای مانگێک لە بڵاوبوونەوەی کلیپەکە دەریا خانم لە قاسەداری کۆشک پەیدا بوو، وەسڵێکی پێ بوو بۆ سەرفکردنی. ژمێریارەکەم وەک هەموو جارێک بێ سێ و دوو و بێ گەڕانەوە بۆ من، هەموو لیستی سەرفکردنێکی دەریا خانی سەرفکردووە. بەس ئەمجارەیان نەک بۆی سەرف نەکرد، بەڵکو کردبوویە دەرەوە. بە جۆرێک کە بۆیەکمجارە دەریا خانم نازناوی ڕاستەقینەدا خۆیدا بکەوێت، ئا ئەوەی لێرە لەم کۆشکدا پێی دەناسرێتەوە...`` کە سەید گەیشتە ئەم بەشە، خاڵە سەیرێکی منی کرد و پاشان بە بەپێکەنینەوە گووتی`` ماڵ خەرا سەید ، خۆ وانێک باغەکەی پێ نەگووتوە؟ بەخوا بەزمێکی خۆشە، ئێ دوایی؟``

لەو کاتەدا سەید بێدەنگیەک دایگرت و لەگەڵیدا لەژێرەوە ڕیتمی ئەو وردە تسانەی بەرزدەبووە کە نەرم و ڕەزیلانە دەریدەکرد، بەجۆرێک کە تەنها لووتە سەگانەکەی من بۆنی دەکرد. سەید وەک پیشەی هەموو جارێکی سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد و پاشان بەچرپەوە گووتی ``بەسەری مۆپسی بەگ، ئەو جنێوی باغەیە فریای نەکەوتایە، منیش دەرمدەکرد``

پاشان سەید بەردەوام بوو لە گێڕانەوە بەوەی، کە ژمێریارەکەی حیزب کە وەسڵەکەی بینیووە لەپێستی خۆی هاتۆتە دەرەوە و بە دەریا خانمدا تەقیوەتەوە، ئیدی دەریا خانم گوتوویەتی ``گەر ئەو

وەسڵە سەرف نەکەیت، ئەوا من سەرفت دەکەم`` ژمێریارەکەش یەکەو ڕاست گووتویەتی`` تۆ دەمێکە سەرفی دەکەیت خانم، قوزە لاستیکەکەت خەریکە دەبێتە باغە و دەتەوێت بە وەسڵی ساختە جوانکاری بۆ بکەیت`` کە سەید ماجید لە ژوورەکەی خۆیەوە گوێی لە وشەی (لاستیک) و (باغە) و هاوارهاواری دەریا خانم بووە، خێرا فریای ئەوە کەوتووە پەلی دەریا خانم بگرێت و بیهێنێت بۆ ئۆفیسەکەی خۆی و هێوری بکاتەوە. بێ بینینی وەسڵەکە خێرا تەلفۆن دەکات چوار هەزار دۆلاری بۆ بێنن و پەیمانی دەداتێ کە ژمێریارەکەشی سزا بدات. ئیدی دەریاخانم بە چوار هەزار دۆلارەکە سارد دەبێتەوە و چیتر لە مەسەلەی (قوز باغە و قوزەلاستیکەکەی) و ئەم شتانە ناکۆڵێتەوە...

سەید سەیرێکی من و خاڵەی کرد و گووتی`` کە ئەم وانێک باغەیە ڕۆیشت، لە فیکردا ڕا چووم؛ گووتم خوایە بۆ لەسەر ئەم قسەیە نەڕۆیشت، بۆ نەیگووت چۆن ئێوە وام پێدەڵێن. بەڵام خاڵە گەورەم، هاوڕێی تەمەن، پێدەچێت ئەم حزبەمان بووبێتە گۆلاو، پێدەچێت من و تۆ قەدەرمان لەگەڵ ئەم کرمی قوونانەدا بێت، پێدەچێت من و تۆ لەناو ئەم گۆلاوەدا لەخەفەتدا سەربنێینەوە`` لەگەڵ ئەم دێڕەدا من قروسکەیەکم کرد و ئاگام لێ بوو چرچەکانی ناوچەوانی خاڵە میهرەبان گرژ بوون، تەمی غەمبارییەک هەرسێکمانی بۆ ماوەیەک خامۆش کرد و خاڵە گووتی `` ئاخ، سەد ئاخ`` پاشان گووتی`` ئەی ژمێریارەکەت سزا نەدا؟``سەید گووتی ``ئەو کوڕە دڵسۆزە پەروەردەی خۆمە، بێئەوەی خۆی سەغڵەت بکات وەسڵەکەی دانا و ئیتر منیش وەک ئەو تەقیمەوە و هەردووکمان جنێومان بەدارو بەرد دا. بڕوا بکە حەبی زەغتم پێ

نەبوایە دەمردم`` کە ئەمەی گووت منیش دەستمکرد بە قروسکە قروسک و خاڵە گووتی`` ماڵ خەرا، دە دڵم شەقی برد، ئەو وەسڵە چی تیایە، تۆزێکی تر مۆپسی پاشا توورە دەبێت``

سـەید ماجید هێمنی خۆی تێک نەدا و وەک پیشـەی جارانی بۆ زیـاتر درێژکردنـەوەی چـاوەڕوانی ئێمـەهـاواری کرد بۆ خزمەتکارەکان کە لیمۆنادە بێنن کە بۆ دابەزینی فشـاری خوێنی خۆی و خاڵە باشـە، پاشـان چاویلکە زەڕیبنیکەی لە جانتاکەی دەرهێنا و کەوتە خوێندنەوەی ئەو وەسـڵەی دەریا خان گووتی ``قوربان گیان ئەمە مەسـرەفی یەک ژەمێک نیوەڕۆیی ئەم چوار کەسـە بووە بەم شـێوەیەی خوارەوە...`` کە ئەمەی گووت لەسەرخۆ قوومێکی لەپەرداخەکەی دا و من دەمزانی خەریکە خاڵە لەپێستی خۆی دێتە دەرەوە، هەربۆیە مرمرم دەستپێکرد، سـەید سـەیری کردم و گووتی ``سـەبر، سـەبر، مۆپسی بەگ، سـەبر`` پاشـان قوومێکی تری لە لیمۆنادەکەی دا و گووتی ``قوربان ژەمی نیوەڕۆی ئەم چوار کەسـە، ئەم وانێک باغە و شـاعیرە لەڕ و لاوازە ئەوروپیە و پاسـەوانە سـیس و کامێرامانە ڕەقەڵەکە، بەمجۆرە بووە؛ هەشت سەد و شەست شیش کەباب و گۆشت و جگەر`` کە ئەمەی گووت، وەک ئەوەی کارەبا درابێتە پێیەکانی، خاڵە هەستایە سەرپێ، بەجۆرێک کە من خێرا بازم هەڵدایە سەر قەنەفە پێست شـێرەکە و دەستمکرد بەوەڕین، خاڵەش شـیڕانی ``چی؟! هەشت سەد و شەشت شیشیان خستە قوونی بابیانەوە``

سـەید ماجید بەهێمنی سـەیرێکی کرد و خۆی تێکنەدا گووتی ``سـەبر گەورەم، سـەبر، ماوە، گەورەم، هی تریش، ماوە`` خاڵە گووتی `` چی لەوە زیاتر؟`` سـەید ماجید سـەیرێکی وەسڵەکەی

کرد و گووتی `` قوربان، دوو هەزار و پێنج سـەد چا، پەنجای دیژلەمە. وەک لێرەدا نوسـراوە قوربان، بەوەی، ئا، لە دیژلەمە و تاڵەکاندا خاتریان گرتووین...`` خاڵە دەسـتیکرد بە هاتوچۆکردن و منیش بەدوویەوە بووم، دەترسـام ببورێتەوە، بەتایبەت وردە وردە گوێم لە پێچەکانی ورگی بوو، شـەپۆلی دەدا. ئەنزیمات ڕشـتن و سـوێرایی ڕشـتنی ناو گەدەی بۆنێکی تەسـکوون بوو دەهاتە بەر لووتم و دەمزانی تاوێکی تر نابات خاڵە دەخاتە سـەر پێچی ڕشانەوە. سـەید ماجدیش بەردەوام بوو ``هێشتا ماوە قوربان، ئا ئەوەتا، چل پاکەتی مارلبۆرۆیان کێشاوە...``

بێدەنگیەکی قورس باڵی کێشـا بەسـەر ئەم دوو پیاوەدا، هەردووکیان سەیری یەکتریان کرد و سەید ماجدیش وەک ئەوەی بیەوێت بەنزین بکات بە ئاگریی تووڕەیی خاڵە گەورەدا، بە هێمنی گووتی`` ئا، با بیرم نەچێت، دووسـەد و پەنجا نانی گەرموگوڕیان بۆ هاتووە`` خاڵە لە مەنجەڵێکی بوخاری دەکرد لە لێواری تەقیندا بێت و گووتی ``هیچیتر ماوە؟`` سـەید ماجدیش گووتی ``ئەی چۆن گەورەم، ئەی چۆن، بە هەمووی کردوویەتی پێنج ملیۆن دیناری ئێراقی، بەس دەریا خانم گووتی لەبەر خاتری حیزب و خاڵە گەورە چوار هەزار دۆلار بەسـە و باقی لەسـەر خۆی بێت، یەعنی خاتری گرتووین``

بێدەنگیەک باڵی کێشا بەسـەر هەردووکیاندا و دەمزانی زۆر نابات وەک بۆمبی دانراو دەتەقنەوە. ئیدی لە پڕێکدا ئەم دوو پیاوە تەقینەوە و کەوتنە جنێودان و دەمپیسـی بەدارو بەرد و نەعلەتیان لەو ڕۆژە کرد چەکیان بۆ ئەم میللەتە گەندەخۆرە کردە شـان، نەعلەتیان لە گەنجێتی بابردوویان کرد، نەعلەتیان لەو ڕۆژە کرد

که مارکس و لینینیان ناسـی، لەعنەتیان لەو ڕۆژە کرد کە دوای مەلا گەورەی دەمگەوهەر کەوتن. لەعنەتیان لەو ڕۆژە کرد ژنیان تێدا هێنا. نەعلەتیان لە کوڕە گەندەخۆرە لەندەنیەکانیان، لە کچە پاریسـی و نەمسـاویی و لە کوڕەزا سـویدیی و کچەزا ئەمریکییە گەنیوەکانیان کرد. تەنانەت لەعنەتیان لەو کادێرە گەنجانە کرد لە دژی بەعس و سـەدام تکریتی بێقیمەت، حیزبیان بەخوێنی خۆیان بۆ ئەم گەوادانە دروستکرد. لەعنەتیان لەو پێشمەرگە و ڕێکخستنە لەبیرکراوانە کرد لەبن بەرد و تاوێر و ژێر زنجیری تانکەکانی بەعس و لەزیندانەکاندا بێکەس کوژ و گۆڕ غەریب کران. نەعلەتیان لە خۆیان کرد، لە ئاسـمان، لە گوڵە بەیبوونەکان، لە غوباری ساراکانی نوگرە سەلمان. نەعلەتیان لەو ڕۆژە کرد تێدا لەدایکبوون بۆئەوەی قەحبەکان ببینین چۆن سواری ملی شەهیدەکان بوون و کردیانن بە سـەفتە دۆلار و کەرە زێڕینەی خۆیان، لەدوبەی و پاریس و لەندەن شۆپینیان پێ دەکەن...

ئاوا ئەم دوو هاوڕێ قەدیمە هەریەکەو بێ ئاوڕدانەوە لە یەکتر، بێ ماڵئاوایی، یەکتریان بەجهێشێت. سەید بەرەو دەرگای دەرەوە و خاڵەش بۆ ژوورەکەی من، چونکە دەیزانی هەر لەگەڵ تەقینەوەی هەموو جارێکیاندا، من دەمێکە بازمەهەڵداوە و ڕامکردۆتە ژوورەکەم. کە خاڵە هات بۆ لام هێشـتا هەناسـەی سـوار بوو، دەنگی دەرنەدەهات، دەهریی و دڵشـکاو و پیرتر دەردەکەوت لە جاران. بەتایبەت هەموو جارێک سـەید ماجیدی دەبینی زیاتر کۆمدەبێتەوە و زەلیلانە و زۆرجار بە گریان و بۆڵە بۆڵەوە دەچووە دەرێ، هەموو جارێک دەیگووت`` ئای خاڵە کێ کردی و کێ خواردی`` کە ئەمەی دەگووت خاڵەش بەتووڕەیی ژوورەکەی

جێدەهێشــــت و دەهاتە لای من. لەنێوان ژوورەکەی ئەو و ژوورە ڕازاوەکەی من، خاڵە نیو ســــەدەی دڵشـــکانی خۆی لە ئاوێنە ژەنگاویەکانی مێژوویی ئەم شـــۆڕشـــەدا بینی، خۆی بینی وەک ``کەرە دێزێکی نێو مێژوو`` کەرە دێزێک وەک خۆی دەیگووت ``بەحەســـرەتی زەڕینێکی ئازادییەوە دەتۆپێت`` ئاوا بەپیریی و شـــەکەتییەوە هاتە ئەو ژوورەی بە وێنەی من و خاڵە ڕازاوەتەوە، دەستی دا لەسەرم و ماچی کردم. زۆری نەدەبرد خزمەتچیەکان بەخۆیان تەشـتە ئاڵتوونیەکانی ڕشـانەوەکانمان هاتن. تەشـتەکەی خاڵە بە پێی قەبارەی وورگی خاڵە بە ئەڵماس و بەردی نایاب ڕازبۆوە. زۆری نەدەبرد هەرچی شـــەپۆلی گەدەیی بوو پاڵی نا بەوەی لەناوەوە هەیە بۆ ناو تەشـــتەکە. منیش وەک ســـەگی خاوەنەکەم ڕشامە نێو تەشتە ئاڵتوونیە نایابەکە. ئاخر من و ئەو دەچووینەوە ســـەر شـــێوەی یەکتریی، پاشـــان ئاوی ســـۆدەمان خواردەوە و ڕاکشـاین، هەوڵماندا سـەرخەوێک بشـکێنین، خاڵە بە ``ئاخ ســـەد ئاخ`` خەوی لێکەوت و منیش هەمیشـــە بەو ئاخەوە ســـەرم نایەوە، کە گوجیلەیەکی جوانی ماڵێکی بەرلینی بووم و هێشـتا نەهاتبوومە ناو ئەم گۆلاوەی کە نیوسـەدەی سـەگیی منی، تێدا فەوتا.

# مۆپسی پاشا، ئۆرستۆکراتی ڕێنیسانس

## ١

من دەزانم ئێستا ئێوە، کە ئەم ئەم دوو بەشە بچوکەتان خوێندۆتەوە، سەیرتان لێ هاتووە ناوی من وەک ئۆرستۆکرات و نەجیبزادە ببرێت. بەتایبەت دوای ئەوەی ئەو زمان پیسییەتان لە من بینی، خۆتان بینیتان زمانم نەپاراست، ئێستا ئێوە من وەک سەگێکی پیسی بێ ئاست دەبینین. بەڵام توو ویژدانتان خۆتان بیری لێ بکەنەوە، یەکێک لەناو ئەو هەموو دز و قۆڵبڕ و ساختەچی و پیاوکوژ و نۆکەر و مەسینە هەڵگر و قوزدەر و قەحبە و لەشفرۆش و ماستاوچییەدا بژی، دوایی بە چ زمانێک وەسفیان بکات؟ ئێوە بیربکەنەوە لەناو ئەو هەموو گەندەڵییە ئەخلاقی و ئیداری و خیانەت و پاشقول لێگرتن و شەڕە کوتلە و سووکی و چرووکی و کوشتن و جنێوفرۆشانەدا، چ زمانێک هەیە پڕاوپڕ وەسفیان بکات، ها؟ ئێوە پێمبڵێن کامە زمان وەسفیان بکات؟... بەهەر حاڵ، بۆئەوەی بمناسن باسی خۆمتان بۆ دەکەم کە چۆن گەیشتمە ناو کۆشکی خاڵە گەورەی میهرەبان و بوومە تاکە هاوڕێی و هاودەمی، تاوەکو جەڵدەی دەماغ لێی دا و ئێستا من لەم کۆشکەدا بەدەست ئەندام مەکتەب سیاسییە پیرە کەرترە خوێڕییەکانەوە زەلالەتمە.

بەڵام با ئێوە وا نەزانن کە من هەر بەدەمپیس لەدایکبووم، نەخێر من شەجەرەیەکی نەجیبزادەم هەیە و یەکێکم لە سەگە زیرەکەکانی

سەر ئەم زەوییە، بەتایبەت ڕەچەڵەکێکی زۆر باڵا و خانەدانم هەیە، ڕەچەڵەکی من لەگەڵ پیاو و ژنانی بەهێز و بەدەســــەڵات و دانا و ئۆرستۆکرات و داهێنەر و ئازاکانی مێژوودا تێکەڵ بووە. گەر ئێوە تۆزێک ســەبر بکەن و بەردەوام بن لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەی ژیانە ناهەموارەم، ئەوا بۆتان دەســــەلمێنم من کێم و لەکوێوە هاتووم...

سەرەتا ڕەچەڵەکی من دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور، بۆ وڵاتی چین، وڵاتی حەکیم و مرۆڤی زیرەک و هونەری ســــەبرکردن و کەمخواردن و فۆکۆسکردن و میدیتەیشتن و دەستڕەنگینی. ناوی من لەگەڵ ناوی هەژدیهاکانی حیکمەت و ئیمپراتۆری چیندا دێت، هەندێک دەڵێن؛ ڕەچەڵەکی من وەک لەمێژووی ئیمپراتۆریەتی چیندا هاتووە، مێژوویەکە دووهەزار ســاڵ لەمەوبەر بە ڕەســمی وەک ســەگی خۆشــەویستی ئیمپراتۆری چین تۆمارکراوە. حەیف، هەزار حەیف، یان وەک خاڵە گەوەرەی میهرەبان دەیگووت؛ ``ئاخ سەد ئاخ`` لەناو ئەم مەکتەب سیاسی و ژن و منداڵە خوێڕیانەی خاڵە گەورە و خەســــووە قاڕییەکەیدا، خەریکە دەبمە پاتاڵ و بێقیمەتێک بیخەیتە ئاوەوە، وەک ســــلێمانییەکان دەڵێن؛ ئاو لێڵ ناکەم...

ئاخ ســەد ئاخ، کە لەم کتێبەشــدا هەر دەبێت وشــەی ناشــرین و جنێو و قوز و قنگ و جڕت و تڕم لەســــــەر دەم بێت. ئاخر حەکیمترین بونەوەر و مرۆڤ بێتە ناو ئەم بونەوەرە پیســــانەی گەندەڵی و خیانەتەوە، دەمی دەبێتە کرمی دوانزە مەتری ناو ڕێخوڵە ئەستوورە کە بە (دوودلواحیدە) ناسراوە. ئەو کرمەی قەت لە ڕێخۆڵەی گواوویی تێر نابێت و بەزۆریش نەبێت لە قنگ نایەتە

دەرەوە، چونکە لە گوودا نەبێت ناژی و هەر دەبێت ژەهر بخۆیتەوە بۆئەوەی بە تۆپیویی ڕیخۆڵەت جێبهێڵێت. جا بیهێننە بەرچاوتان ئێوە لەناو ڕیخۆڵەی گەندەڵی و خیانەتدا بژین، ئیدی زمانی گفتوگۆ و وەسفکردنتان چۆن دەبێت؟! بەسادەیی وەڵامتان دەدەمەوە، گەندەڵی سەری نییە، چاوی نییە، گوێچکەی نییە، زمانی نییە، چونکە زمان لای ئاژەڵ و باڵندەکانیش بۆ وەڕین و چریکە و دەربڕینە لە هارمۆنیەتی خۆی و سروشت. نەخێر بەڕێزان، من دوای ئەم ژیانە پڕ ناسۆرییەم لەناو ئەم گەندەڵکار و خیانەتکارانەدا بۆمدەرکەت کە گەندەڵی زمانی نییە، دەمی نییە، و تەنها قنگی گوواییی هەیە، تەنها ڕیخۆڵەی گواوویی و قنگی پیسی هەیە. گەندەڵی بەڕێزان بە قنگ دەودێ و لەپڕژە گوو زیاتر هیچیتری لێ نایەتە دەرەوە، کە نەک مرۆڤ بەڵکو کۆی ئەم هەسارەیە گوواییی دەکات.

گەندەڵی دەمی نییە، تەنها قنگی هەیە لەڕێگەیەوە پەیمانی پێدەدات و دروشمی پێ دەڵێتەوە، یاسای پێدادەنێت. ئاوا گەندەڵی بونەوەرێکە بێ سەر تەنها کونێکی هەیە بۆ هەڵلوشینی دونیا، ورگێکی هەیە بۆ عەمبارکردنی هەموو شتێک، ڕیخۆڵەیەکی هەیە بۆ چوونە دەرەوەی وشەکانی، قنگێکی هەیە بۆ قسەکردن و کۆبوونەوە و پەڕلە دانان و ملشکاندن. ئاگاتان لێ بێت کە دەڵێم قوونی هەیە، ئەوا قوونی ئەوان بۆ قسەکردنە، چونکە زمانی ئەوان گووە و هیچیتر، دەنا وەک قوونی دیکەی بونەران نییە، بەوەی ئەوەی دەیخوات هەندێکی لێ دێتە دەرەوە و پاشماوەکەش دەبێتە پەین و هاوسەنگیەک لە سروشتدا ڕادەگرێت. نەخێر، گەر وابیربکەنەوە بەهەڵەدا چوون، ئەوانە ئەوەی دەیخۆن هیچی لێ

ناهێننە دەرەوە، تەنانەت گووەکەشـــیان بەقاچاخ دەفرۆشـــن و دەیدەن بە بێگانە و دوژمنانی ئەم کوردە خۆڕاگر و قارەمانە... بەڵێ بەڕێزانم، گەندەڵی قوونی هەیە بۆ قســـەکردن، بۆ دواندن و کە قســـەش دەکات تەنها دونیا پڕ دەکات لە پڕژە گوویەک کۆی دونیا بۆگەن و ژەهراوی دەکات، بەڵام ئاخ ســـەد ئاخ، منێکی نەجیبزادە کە ڕەگەکانم دەگەڕێتەوە بۆ ســـەر ئیمپراتۆریەتی چینی و باپیران و نەنکە دێرینەکانم ســـەگی ئەو ئیمپراتۆرانە بوون، کە حوکمی ملیۆنان چینی زیرەک و دەســـتڕەنگین و جەنگاوەری پڕ کەرامەتیان کردووە، ئێستا ``مەکتەب سیاسییە دایکخۆگێیەکان`` وەک خاڵە دەیگووت، بەزۆر دەمبەنە مەکتەب سیاسی و لە شوێنی خاڵە گەورە دامدەنێن و کامێرا ڕیاکارەکانی کەناڵی (دیموکراس ســـات) و(پەیمانی ئیمانداران) و (کەی دوو وەن) و (ئێن بی جی) (قەندیل نیوز) و زۆریتر ئامادە دەبن و لەســـەر شـــاشـــەکان دەردەکەوم و بە زووم نیشانی ئەم میللەتە خوێڕیی و ترسنۆک و ڕیاکارەی دەدەن. هەروەها بیریان ناچێت لەگەڵ پێدانی زەرفە پارە بە میدیاکارانی بەناو ئازاد، ئەوەیان پێ بڵێن ``بنوســـن بە ئامادەبوونی ڕەمزی میهرەبانی خاڵە گەورە (مۆپســـی پاشـــا)، کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسی دەستپێکرد.``

ئەو میدیاکارانە وەک ســـەگی گەندەخۆر، نەک وەک من کە ڕەچەڵەکم ئیمپراتۆرییە، خێرا کلکیان دەخەنە ناوگەڵیان و تێیدەتەقێنن بۆ ڕۆژنامە ئازاد و کەناڵی ئۆپۆزیســـیۆنە پڕ جنێو و شـــەڕە لەقەکانیان، هەواڵی ئامادەبوونی من لە کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسیەکان بڵاودەکەنەوە. ئەوەی نایزانن ئەوەیە، هەر کە کامێرا و حەشـــاماتی میدیاکارە ماســـتاوچیی و قۆنەرەدانەر و

بەرماوەخۆرەکان دەڕۆن، کۆبوونەوەکە دەبێتە نهێنی و من لەسەر کورسـییەکە دادەگرن و لەڕقی خاڵە گەورە لەو ناوە بەرەڵام دەکەن، زۆر بێقیمەتانە دەکەونە ڕابواردن پێم. زۆرجار بەجڕت دوام دەکەون و منیش لەترسی شیرەی جڕتەکانی (زەبور ئەڵمانی) ئەندام مەکتەب سـیاسـی هەڵدێم و ئەویش بەجڕت بەدوومەوە دەبێت، منیش بەم جەسـتە خڕ و پاشـایانەمەوە، لەم سـووچ بۆ ئەویتر هەڵدێم و دەکەومە قروسکە قروسک. هەندێکجار بەهێمنی لە سـووچێکی هۆڵەکەدا خۆم خپدەکەم و هەوڵدەدەم خەوم لێ بکەوێت، لەپڕ بە شلپەی تڕی مەلا سەعید پیرەی نەمساویی ئەندام مەکتەب سـیاسـی ڕامدەچڵەکێنێت و ڕادەکەمە سـووچێکی دیکەی ئەم هۆڵی کۆبوونەوەیە...

ئاخ سەد ئاخ، کە خاڵە ئاوا جەڵدەی دەماغ لێیی نەدابوو، بە شکۆوە لەبەردەم خاڵە و لەسـەر مێزە ماهاگۆنییەکە دایدەنام و هەموویان لە ترسـاندا لەکاتی قسـەکردندا چاوێکیان لەسـەر من بوو، نەبادا مڕەمڕ بکەم و خێرا قسـەکەیان پێ ببڕم. ئێسـتاش داخی ئەو زەمەنەیان لەدڵدایە، بۆیە ئاوەهام پێ دەکەن... خۆئەوە باسـی ئەوەتان بۆ ناکەم ئێسـتا وردە وردە هوما خانمی ژنی خاڵە، هەرچەندە هیچ پلەیەکی حیزبی نییە، بەشـداری کۆبوونەوەکان دەکات. بیرمدێت سـەرەتا لە خواری خوارەوە دادەنیشـت، ئێسـتا گەر وردتر سـەیری هەواڵەکان بکەن، لەسـەرخۆ هاتۆتە سـەری سەرەوەی تەنیشتی کورسییە چۆڵە زلەکەی خاڵە گەورە. بەڵام با قسـەیەکش بۆ دز بکەم، ئەم خانمە ڕێزی منی زۆر لایە، هەربۆیە کە هوما خانم دێت ئەوا ئەویش بە شـێوازی خاڵە لە کۆشـکەوە

نایەڵێت پێم بەر زەوی بکەوێت، من لەباوەش دەنێت و کە دەگاتە ژوورەوە خێرا من لەســـەر مێزە ماهاگۆنییەکە دادەنێت. بێگومان ئەو بەناوی خانەوادەی خاڵە و پارێزەری مۆپســـی پاشـــا وە من وەک کارتی فشـــار و نوێنەری ڕۆحی خاڵە گەورە بەکاردێنێت، چونکە لەدەســـتوری ئەم وڵاتەدا و بەتایبەت لە بڕگەی شـــەشـــی دەسەڵاتەکانی سەرۆک و بەپێی یاسای ژمارە حەفتاوپێنج هاتووە؛ کە تەنها خانەوادە و کەســـە نێزیکیە دیاریکراوەکانی خاڵە بۆیان هـەیـە لێم نێزیـک ببنـەوە و فۆتۆ بـەرلیینیـەکـەی خـاڵـە کـە منی لەباوەشـــدایە دەبێت لە هەموو شـــوێنێکی وڵاتدا لە جیاتی فۆتۆ کۆنەکانی خاڵە هەڵبواســـرێت... ئاوا هوما خانم بەخۆی و جگەرە هەمیشـــە نەکوژاوەکەی لالێویی و بۆن ترشـــاوی نیو قاپ عەرەقی شـــەوانی، کە تەنها عەرەقی لوبنانی یان ئێراقی یان ڕاکی تورکی نـەبێت، خواردنـەوەی تر نـاخواتـەوە، بـەبێزارییـەوە دادەنیشـــیـت. سـەرەتا منی لەبەردەم کورسییە بەتاڵەکەی خاڵە دادەنا و منیش بە عورفی خاڵە گەورە بە مڕەوە ســـەیری هەموویانم دەکرد، پاش مـاوەیـەک بێدەنگی و مۆڕەکردنم لێیـان، خۆم شـــلـدەکردەوە و ڕادەکشـــام و چـاوەکـانم دەنووقـانـد. ئێتر ئـەوە نیشـــانـەی دەســـتپێکردنی کۆبوونـەوەکـە بوو. ئیـدی (کـەرگـەوزەکـە) دەستیپێدەکرد، چونکە هوما خانم کۆبوونەوەکانی مەکتەب سیاسی بەعورفی خاڵە بە (کەرگەوز) وەسفدەکرد و لەڕاستیشدا نەک هەر حزبە ســـەروەرەکەی ئێمە، بەڵکو کۆی حزبەکانی ئەم مەملەکەتە بەپێی قەبارەی خۆیان کەرگەوزیان هەبوو. هەر کاتێکیش زەڕین و جیفڕکەی کەران دەســـتپێدەکرد، هوما خانم منی لەباوەش دەنا و

مەکتەب سیاسیەکانی بەقەولی خۆی ``وەک پارچەیەک گوو`` لە کەرگەوزەکەدا جێدەهێشت.

بێگومان دەبێت لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەم و بڵێم؛ کە ڕێزی زۆرم بۆ کەری ئەسڵ هەیە، کە نەدزە و نە قووندەر و نە گەوادی سیاسی و نە فایلدەرە و نە سیخوڕی ئەم و ئەوە. بونەوەرێکی زیرەک و بەتوانا و بەسەبر و پڕ لە حیکمەتە، چەندەها ئەدەبیاتی گەورەی لەمەڕ نوسراوە. لە گریکی کۆندا ئەفسانەکان باس لە (سیلین)ی ساتیرەک و قسەخۆش و هەمیشە سەرخۆش دەکەن، کە خواوەندێکی ڕەدووکەوتووی خوای پێکەنین و سەما (دیۆنیسۆس) بووە. ئەم خواوەندە (سیلین) هەمیشە بەسەر پشتی کەرەکەیەوە بووە و خۆی و(ساتیر)ی قسەخۆش و بونەوەرە خواوەندییەکانی تر بەدەوری گوێدرێژەکەدا بەختەوەرییان دەهێنا بۆ ناو گوند و شارەکانی یۆنانی کۆن. سەیری تابلۆی (دۆزینەوەی هەنگوین) بکەن کە لە سەدەی شانزەدا لەلایەن نیگارکێش (پیرۆ کازیمۆ) کێشراوە، چۆن کەرەکەی لە نێوەڕاستی ئاهەنگەکەدایە وەک سومبولێکی خۆشبەختی و بەختەوەریی و ژیری... بێگومان ئەوەی باسی دەکەم کەری ئۆرگیناڵە، کەری ئەسڵە، نەک وەک ئەم مەکتەب سیاسییە دایکخۆگێیانە تەنانەت هاوڕێی خۆشیان نین و لەکۆنەوە، لەزەمەنی شای ئێرانەوە، کچ و ژنی خۆیان وەک نیشانەی نۆکەری دەخستە بەردەم ساڤاک و میت و موخابەراتە جۆراوجۆرەکانەوە... بەمشێوەیە، کاتێک کەرگەوزەکەی مەکتەب سیاسیەکان گەرم دەبوو، بەتایبەت لەم دواییەدا بەرە بەرە بە ترس و ناڕاستەوخۆ، باسی دەسەڵاتەکانی خاڵە گەورەیان دەکرد. وەک (فەرەی عەزە حیز) کە ناسراوە بە فیفی عەبدە، لە

کۆبوونەوەکەدا بە زۆڵێتی لە دەمی دەردەرچوو بوو  گووتبووی `` لە ئەگەری دۆخی نەخوازراو دا``  ئاوەها، وردە وردە باسـی دەسـەڵاتەکانی خاڵە گەورەیان دەهێنایە پێشـەوە، بەڵام بێئەوەی بوێرن بیکەنە مەحزەری کۆبوونەوەکان. لەم خاڵەدا  وەک هوما خـانم دەیگووت`` کـەرگـەوز خۆش بوو و کـەوتنـە جیفڕک هاویشتن``

ئیتر هوما خانم هەڵدەستایە سەرپێ و بێئەوەی یەک وشە لەدەمی بێتە دەرەوە دەیکردمە باوەش  و ماچی دەکردم و بە لاقەترتێ وە دەیگووت`` ئۆو مۆپسـی پاشـا گیان بێزار بوویت، ها، چی! تڕیان لێدا...`` ئـاوەهـا  کۆبوونـەوەکـە خـامۆش دەبۆوە و مـەکتـەب سـیاسـییەکانی بۆ نیگەرانی و دڵەڕواکێی خۆیان، جێدەهێشـت. من دوایی بۆم دەرکەوت کە خانم، فەرەی عەزە حیزی ئەندام مەکتەب سـیاسـی کردۆتە سـیخوڕ بەسـەریانەوە و هەموو هەواڵی کۆبوونەوەکانی بۆ دەهێنا، فەریدون عەزیزی ناسـراو بە فیفی عەبدە  وەک خاڵە دەیگووت ``لە حەفتاکانەوە بەعسـییەکان بۆ جاسـوسـی ناردیان بۆ لامان و زۆر حەزی لە گەوادییە`` ئەمەش هەڵدەگرم بۆ دوایی و چیرۆکێکی دوورودێژە...

ئیدی لێرەوە تراژیدیای من دەستپێکردووە، کە چارەنوسـی من بۆ ئەم مەکتەب سیاسـییە خرف و دز و سـیخوڕانە بەجێهێڵراوە، پێی ڕابورێن.  لەدوای کەوتنی خاڵە لە خەسـتەخانە پاریسـییەکە چیتر ناکرێمە باوەشـی هوما خانم، بەڵکو دەخرێمە قەفەزێکی سـەر داپۆشراو، سەگەوانە  نوێیەکانی زەمەنی نوێی حیزب بە ئۆتۆمبێلە درعەکەی خاڵە گەورە و لەدەرگای پشـتەوە دەیانبردمە ژووری

کۆبوونەوەکە. ســـــەرەتا کە دەرگای کڵۆمدارو بۆ ســــەگەلەکە دەکرایەوە، کە مەکتەب سـیاسـییەکان وایان بە میدیاکارانی خۆیان و میدیا بەناو ئازادەکان دەگووت. ئیدی دەکەوتمە بەر فلاش و زوومی کامێرەکان. دوایی کە سەگەلەکە بەزەرفە پارە یان وەسڵی خواردن لە ڕیستۆرانێک بەناوی (پارووی چەور) دەچوونە دەرەوە و دەرگاکە دادەخرا. من لە سـووچێکدا فڕێدەدرام و کۆبوونەوەکە پڕ دەبوو لە جرتی زەبور ئەڵمانی فایلداری کۆنە بەرماوە خۆر و گەوادی دێرینی موخابەراتی بەعســـیەکان و ناوبڕی تڕی مەلا سەعیدە پیری نەمساوی فایلدار و پرخەی فەتاحی وسوە کوێری گەندەڵ و قسە قۆڕەکانی فیفی عەبدەی قومارچی و کۆنە گەوادی بەعســیەکان و قســە زلەکانی حەمەی بلیخانۆف کەشـــخە کە بە (فەقێ عەلمانی) ناســـراوە، و بڵەبڵەکانی حاکم قەدری کە ( قەدری تاپۆ) ناسراوە و جیکە جیکی (نازە بۆتۆکساوی) کە حەزدەکات بە شـــەونم خان بانگی بکەن... دەبێت ئەوەش بڵێم؛ کاتێک هوما خانم بەشـــــداری کۆبوونەوەکان دەکات کە بیەوێت بڕیارێکی خۆی و گەلاڕێزان خـانمی زڕدایـک و خەســـووی خـاڵە و تولفـە نەمســـاوییەکانی، پاڤان و قابان، تێپەڕبکات. هەربۆیە ئەمە هەموو جارێک ڕوونادات کە بمکاتە باوەش و لە شـوێنی خاڵە دامبنێت و مەکتەب سـیاسـییەکان لە من بترسـن و بێدەنگ بن لەبەردەمم دا، وەک گەلاڕێزان خانمی، خەســـووی خاڵە و زڕدایکی هوما خانم، دەیگووت`` زۆر سەهون، من ئامادەی ئەم کەرگەوزە بم``

گەلاڕێزانی شـــەش قوز، خەســـووە قاڕییەکەی خاڵە گەورە، لە ئێســتادا بۆتە شـۆکێک بۆ هەموو ئەندام مەکتەب سـیاسـییەکان،

چونکە لەوەتەی خاڵە بە ورگەوە کەوتۆتە ناو خەســـتەخانە پاریســـییەکە، خۆری ئەو لەدرەوشـــانەوەدایە. لەوانەشـــە بپرســـن بۆچی دەڵێم؛ خـاڵـە بـە ورگـەوە کەوتۆتـە نـاو خـەســـتـاخـەنـە پاریسـییەکە؟... ئاسـانە، چونکە  یاسـر عەرەفاتیش بەقنگەوە کەوتە خەستەخانەکەوە. ئەوەش چیرۆکێکی سەیرە و ڕێگەم بدەن تۆزێک سەگانە ڕۆشنتان بکەمەوە...

بارەگای ســـەرۆکایەتی یاســـەر عەرەفات (ئەبو عەمار) لە ٢٩ ی ئازاری ٢٠٠٢ دا لەلایەن ســـوپای ئیســـرائیلییەکانەوە گەمارۆ درا، بێگومان ئەم هێرش و گەمارۆیە سـوسـتماتیک بوو، بەوەی یاسـر عەرەفات (ئەبو عەمار) لە کۆشـکی سـەرۆکیاتیدا بۆی هەبوو تەنها لە ژوورەکەیدا نان بخوات و بمێنێتەوە و گوو بکات. هۆکارەکەشی وەک خاڵە دەیگووت ``پەڕلەی نێوان ئیســـلامیەکان و مەکتەب سیاسـی و ژنە لوبنانیەکەی بوو لەگەڵ مۆسـاد`` هەمووی بۆئەوە بوو زەمەنی عەرەفات کۆتایی پێ بێت و زەمەنێکی تێکەڵ و پێکەڵی پۆســت مۆدێرن دەســتپێبکات، کە ســیاســیەکان، هونەرمەندەکان، نوســـەرەکان، موزیشـــنەکان وەک ئەســـتێرەی مقەبا، بەپەلە بگەنە لوتکە و بەپەلەش لەبیربچنەوە. زەمەنێک کە هیچ شـــتێک بەهای قووڵی خۆی نامێنێت، هەموو شتێک زۆر و بۆر بێت، تەنانەت وەک خاڵە دەیگووت `` نۆکەری بێگانەکردنیش بەر هەموو کەســـێک نەکەوێت`` سەرەتاکەی بەمجۆرە دەستپێکرد؛ ئیسلامیەکان کەوتنە ناردنی ســاروخی تەنەکەیی کە لای فیتەرە بێ ئیشــەکانی ڕامەڵا و زیفەی غەربی، یان لەلایەن حزبوڵای لوبنانی دروســتکرابوون. ئەم ڕاکێتە تەنەکەییـانە چـەنـد مـەترێـک لـەنێزیـک گونـدە نوێیـەکـانی ئیســـــرائیل دەتـەقینـەوە، بێئـەوەی هیچ زیـانێکیـان هـەبێت. لێرەوە

میدیای  ئیسـلامیەکان و هەندێک لێپسـراوی بەرەی ڕزگاریخواز و هەم ئیســـرائیلییەکان، ئەم ســـاروخە کارتۆنی و دەســـتکردەیان گەورەتر دەکرد لە قەبارەی خۆی.

بیرمدێت، هەر لەســەرەتادا کە ئەم هەرایە ڕوویدا خاڵە تەلفۆنی بۆ یاسـر عەرەفات (ئەبو عەمار) کرد و گووتی`` ئەمە پەڕڵەیە لەدژی تۆ`` و هیچیتری دەســـتنەکەوت جگە لەوەی عەرەفات گوتبووی ``ئاخ ســـەد ئاخ، خاڵە گەورە، ئەمڕۆ ســـەرەی من و تۆ هاتووە، ئیتر کە دووپشکەکان لەدایکدەبن ورگی دایکیان هەڵدەدڕن`` زۆری نەخایەند کە پەنجا تانک و زرێپۆش هاتنە شـاری (ڕامەڵا) و بینای ســەرۆکایەتی و بەتایبەت قاتی ســێهەمی بارەگای ســەرۆکایەتی عەرەفاتیان بەر تۆپ و ڕاجیمە دا... قاتی ســـێهەم پەنجەرەی ژوورەکـانی گـەورە بوون، هـەر کـە عـەرەفـات  بجوڵایـە بۆ ژوورەکـانی تر، دەبوایـە بـەڕاڕەوە درێژەکـەدا بڕوات، ئـەمـەش عەزابێکی گەورە بوو بۆ ئەبو عەمار کە کێشـــەی ڕیخۆڵەکانی هەبوو، بەکورتی بەدەســـت قوونی و گووەکەیەوە زەلالەتی بوو. ســـەرەتا تانکەکان ئاودەســـت و حەمامی تایبەتی ئۆفیســـەکەی ئەبوعەماریان بە هاوەن وێرانکرد، هەربۆیە هیچ چارێکی نەمابوو جگە لە چوون بۆ ئاودەستەکانی ڕارەوەکە نەبێت، کە بۆ پاسـەوان و چایچیەکان تەرخانکرابوو. قاتی ســـێهەم وەک پردێکی گەورە وەهابوو و  پڕی بوو لەپەنجەرە و کاتی خۆی ئەبو عەمار وەک متمانە بەخۆی و چواردەوری ئەمجۆرە بیناســـازییەی هەڵبژارد بوو، چونکە ئەم قاتە دەیڕوانیە گۆڕەپانێکی فراوان و جارجارە خەڵک دەهاتن لەوێ ســـڵاویان لە دیداری ئەبو عەمار دەکرد و ئەویش دەهاتە بەر پەنجەرەکە و سڵای لێ دەکردن. لە گەمارۆکەدا

ئـەم پردە پـەنجـەرییـە وێرانکرابوو، ڕاڕەوەکـە دەمی کرابۆوە بۆ دەرەوە و هــەموو جوڵــەیــەک بــەنــاو وێرانــەی پــەنجــەرە دەرهـاتووەکـانـەوە دیـار بوو. هـەموو جوڵـەیـەک لـە ئۆفیســـی عەرەفاتەوە بۆ ڕاســت و چەپ، بەر تۆپ و دەســتڕێژی تانکەکان دەدرا. چیتر عـەرەفـات نـەیدەتوانی لـەژوورەکـەی بچێتـە دەرەوە، تەنانەت تەوالێت و حەمامە تایبەتەکەی کە چەند مەترێک لەپشـــت ئۆفیســـەکەوە بوو بەدەرگایەکی لەناو ئۆفیســـەکەوە و لەوێوە بە ڕاڕەوێکی بـاریک دەچووە ســـــەر تـەوالیت و حـەمـامـەکـە، هـەر لەسـەرەتای گەمارۆکە بەر سـاروخ و هاوەن دران و وێران بوون. پاشـان پەنجەرەی ڕاڕەوەکە لەگەڵ دووهەم تۆپدا هاتبۆوە دەرەوە، بەجۆرێک یەکەمین پاسـەوان لەوێدا کوژرا. ئاوەها گەمارۆکە وەک ئەوەی نەخشــەی بۆ کێشــرابوو، عەرەفاتی خســتە تەڵەیەکی ســێ ســـــاڵی گۆشـــــەگیریی زۆرەملێیەوە، خاڵە دەیگووت`` ئەوە پیلانی گەڕی مەکتەب ســیاســی و ژنە گەنجەکەیەتی کە هەموو حســـابە بانقیەکانی شـۆڕشـیان بە کۆد لەبەردەستدایە. ئای مۆپسـی پاشـا، خۆ گەر عـەرەفـات ژنـەکـەی گەنج بێت و بیەوێت لێی ڕزگار بێت ناهەقی ناگرم، باشــــە هوما ترِنی ژنم هەمووی دەســــاڵ لە من گـەورەترە و پیر بووە، بۆ لـەگـەڵ زڕدایکـە شـــــەش قوزەکـەیدا منداڵەکانم لێ هاندەدەن و جاسوسم بەسەرەوە دادەنێن``

عـەرەفـات دوایی چـەند مـانگێک هـەســـتی بە پەڕلـەی مـەکتـەب سیاسییەکانی کرد. دوای دوو ساڵ و هەشت مانگ کە کەوتە سەر قەرەوێڵەی مردن، ئەوجا هەســـتیکرد ژنەکەی خیانەتی لێدەکات. ئاریێل شارۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی فەرمانەکەی ڕوون و

ئاشـكرابوو، كە دەبوایە عەرەفات لە ژووری ئۆفیسـەکەیدا سـاغ و سـەلیم گەمارۆ بدرێت و نەتوانێت بێتە دەرەوە. ئیدی سـی سـاروخ و بۆمبی جۆارجۆری تـانکـەکـان، تـەواو چواردەوریـان وێران کرد بوو. عەرەفات بەهەڵواسـراوی وەک تەیرێکی ماقووڵی لێهات لەناو قەفەسـدا، هەربۆیە کاتێک خاڵە گەورەی میهرەبان بە تەلفۆنی جیوەیی قسـەی لەگەڵدا دەکرد دەیگووت`` ئاخ سـەد ئاخ، ئەبو عەمار دەسـتم شـکێت، شـۆڕشـت کرد بۆ ئەو گەوادانە، ئەوا تۆیان لەو ژوورەدا بەندکردووە، ئەندام مەکتەب و سـەرکردایەتیەکەت خەریکی کۆبوونەوە و جڕت و فڕتن لە ئەورووپا بەناوی سازشەوە، ئاخ سەد ئاخ، دەستی شکاوم بۆت، هاوڕێی دێرینم``

ئەوەندەی من بزانم سـێ سـاڵ عەرەفات بەتەنیا لە ژوورەکەیدا و بـە مۆڵـەتی تـایبـەت خواردنی بۆ دەبرا، بۆی نـەبوو ژوورەکـەی بەجێبهێڵێت و تەنانەت قەعدەی گووکردنی تایبەتیان بۆ دەبرد کە سـێ ڕۆژی دەویسـت تا پڕ دەبوو، ئەوسـا بەتاڵ دەکرایەوە. هـەربۆیە وەک دەیانگووت؛ زۆربـەی جاران وەک فیدائیـەکی کۆن بەسکەخشێ چۆتە کەلاوەکانی تەنیشتی ئۆفیسەکەی، دەیانگووت؛ ئەوەندە بەژێر پەنجەرەکەدا بەسـکە خشـێ چوو بووە ژوورە چۆڵەکان و لەوێ خۆی بەتاڵکردۆتەوە، ئەژنۆکانی تووشـی برینی سـەخت بوون. ئیدی سـێ سـاڵ بۆی نەبوو کەس ببینێت، لە گۆشەگیریەکی زۆرەملێدا ژیاندیان، تاوەکو تەواو ڕووخا. لەکاتێکدا عەرەفات چەند مەترێک دوور لە بینای مەکتەب سیاسیەوە گرفتی سـەختی حەمامکردن و تەوالێتی هەبوو، لە بیناکەی تەنیشـتیەوە هاتوچۆی ئاسـایی ڕۆژانەی سـەرکردەکانی حیزب و ئەندام مەکتەبەکانی بەردەوام بوو. کۆبوونـەوەکان بەنـاوی عـەرەفات و

شـکۆی سـەرۆکەوە دەسـتپێدەکرد و دیدارە ڕۆژنامەوانییەکانیش وەسـتانی نەبوو. نەک هەرئەوە، بەڵکو مەکتەب سـیاسـیەکانی لە قەتەر و دوبەی و باریس و ئەسـتنبول و لەندەن و بەرلین و بەرلشـەلۆنە و مەدرید، بەناوی عەرەفات و شـۆڕشـەوە قسـەیان دەکرد و باسـی خۆڕاگری عـەرەفـاتیـان دەکرد، کـەچی ئـەم ``بێقیمـەتـانـە`` وەک خـاڵـە دەیگووت ``هیچیـان بیریـان لـەوە نەدەکردەوە چ نەبێت بەدزییەوە قەعدەیەکی پلاستیکی بۆ بنێرن`` بەڵام خۆیان لە سـویتی تایبەتی هۆتێلە هەزار ئەسـتێرەکان و فڕۆکەی جێتی تایبەت و لەئاهەنگی تایبەتدا دەهاتن و دەچوون. ژنـە لوبنـانییـەکەی دەمێک بوو وەک خۆی گووتبوی`` لـەکـەرێتی عەرەفات و عەرەب و فەلسـتینیەکان`` بۆ ئەبەد سـەفەری کردبوو و لە ڤێلاکەی پاریسی دەژیا، ڕۆژانە لە (شانسلیزێ) نەبوایە، لەهیچ شوێنکی تر شۆپینی نەدەکرد و قاوەی نە دەخواردەوە.

خاڵە لەو ڕۆژەوە چارەنوسـی خۆی بە چارەنوسـی یاسـر عەرەفاتەوە گرێدابوو، ڕاسـتر وایە بڵێین لە ئاوێنەی سـاڵەکانی دوایی عـەرەفـاتـدا، کۆتـاییـەکـانی خۆی دەبینی. ئـاخر خـاڵـە و ئەبوعەمار لەزەمەنی بلۆکی سـۆڤیەتییەوە یەکتری دەناسـن، لە لوبنان و فەلەسـتین چەندەها جار وەک دوو گەنجی شـۆڕشـگێڕی زەمەنی شـەسـتەکان یەکتریان ناسـی بوو. خۆ ئەوە باسـی ئەو هەموو نامەبەرییەی ئەبو عەمار ناکەم بۆ سـەدام حوسێن کە خاڵە گەورە پێی سپارد بوو. تەنانەت لەگەرمەی شۆڕشدا کە سـەدام و خاڵە دوو دوژمنی سـەرسـەخت بوون، خاڵە لەڕێگەی ئەبوعەماری هاوڕێی نامەی گرنگی دەگەیاندە سـەدام و وەک خاڵە دەیگووت ``گەمەکە بەردەوام بوو`` هەموو جارێک خاڵە فۆتۆ دەگمەنەکەی

خۆیی و ئەبوعەماری نیشـــاندەدام و دەیگووت ``ئاها دەبینیت، پێکەوە وەک دوو ســـەرکردەی شـــۆڕشـــگێڕ، لە خولێکی نهێنی مەشـــقکردندا بووین`` لەوە زیاتری نەدەگووت، تەنها جارێک نەبێت لەدەمی دەرچوو، ئەوەی تێگەشـــتم ئەوە بوو؛ کە چۆن ســـەدامیان لە قاهیرەوە نارد بۆ کۆدێتا بەســـەر حکومەتی ئێراقی ئەوســـا، قڵپکردنەوەی ئێراق بەســـەر هاوکێشـــەیەکی نوێی خوێن و نەوتدا. ئاوەها خاڵەشـــیان لە قاهیرەوە هەڵگرت بۆ ســـنوورە شاخاوییەکان بۆ ڕێگەگرتن لەو شۆڕشە کوردییە چەپە خۆڕسکەی دوای شـۆڕشـی مەلا گەورەی دەمگەوهەر، کە گەنجە شـۆڕشـگێرە خەوبینەرەکان بەســـەرکردایەتی (ســـوارە)ی گەنج، لە گەڕەکە هەژارەکانەوە بەخوێنی خۆیان بنەغەیان بۆ دانابوو... بەهەمان شێوەش کاتی خۆی عەرەفاتی کوێتیان کردە فەلەستینی و ناردیان بۆ گیانی ئەو خەوبینەرە فەلەســـتینانەی کە (غەســـان کەنەفانی) لەڕۆمانەکانیدا خەونی پێوە دەبینی، لە دواجاردا غەسان وەک خاڵە دەڵێت ``هاوڕێم بوو، بە کەرێتی خۆی، خۆی دایە بەر تەقینەوە`` هەر ئەو زەمەنە کەنەفانی تیررۆر دەکرێت و بەقســـەی خاڵەی هاوڕێی ``شـــتێکی مابوو منیش بەرکەوم`` و بەزیندوویی لێی دەرچوو. ئاوەها خاڵەش بە مەزندەیی ســـەگێتی خۆم، لەهەمان بازنەی خوێن و پەڕلەی موخابەراتەکاندا دەســـوڕایەوە... دیارە چەند ڕووداوێک هەن کە ئەم تێۆرەیەم دەســـەلمێنت و زەمەن یار بێت لەم کتێبەدا بۆتانی باس دەکەم...

جا با بگەڕێینەوە بۆئەوەی؛ بۆچی خاڵە بەورگەوە کەوتە خەســـتەخانە پاریســـییەکە و عەرەفات بەقنگەوە؟! ئاســـانە، چۆن

یاسـر عەرەفاتیش بە قنگەوە کەوتە ئەو خەستەخایە، خاڵەش بە ورگەوە کەوتە ناو هەمان خەستەخانە... عەرەفات وەک خاڵە دەیگووت ``لە قۆناغی قوونیدا گیری خواردبوو`` و ڕیخۆڵەکانی جەڵدەی بۆ دروستکرد. خاڵەش ورگە وەحشی و حەزیاکەی بووە هۆی جەڵدەی دەماغ و تۆزێکی تر ئەمەتان بۆ ڕووندەکەمەوە. بەگشتی ئەوە دەزانم، عەرەفات ئەو سێ ساڵەی وەک تەیری گوول بەو ئاسمانەوە بوو، جولەکەکان سێ ساڵ لەناو نەخۆشی ڕیخۆڵە و گووی خۆیدا ئەشکەنجەیاندا، وەک خاڵە دەیگووت `` قوونی بووە جەلادی`` بەڵام با ئەوەش بڵێم، کە لەگەڵیشیدا خاڵە چارەنوسی خۆی دەبینی و نەیدەویست بڕوا بەچاوەکانی بکات چی لە عەرەفات دەکەن، چۆن لاشەکەی بەزیندوویی بەدەم مەکتەب سیاسی و ژنەکەیەوە ڕیزاڵ ڕیزاڵ دەبێت. هەر ئەم هەست و ترسەی بوو وای لێکردبوو ڕەدووی وردودرشتی هەواڵی مەکتەب سیاسییەکان و ژنە لوبنانییەکەی بکەوێت. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕۆژانە بەتەلفۆنی جیوەیی سیخوڕێک، پێدەچوو ئەندام مەکتەب سیاسییەک یان ڕۆژنامەنوشەکی دیاری فەلەستینی بێت، لە (ڕامەلا) وە هەواڵی نوێی ململانێی مەکتەب سیاسی و ژنەکەی عەرەفاتی پێ دەگەیاند. ئاوەها، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤ دا ``ئەبوعەماری وەرد`` وەک خاڵە وای پێدەگووت، باری تەندروستی تێکچوو و بە هەلیکۆپتەر بردیان بۆ فڕۆکەخانە، لەوێوە بۆ (خەستەخانەی پێرسی) سەربازیی لەپاریس. لە یازدەی نۆڤەمبەری ٢٠٠٤ دا چەند مانگێک دوای سەردانەکەی من و خاڵە بۆ لای، کۆچی دوایی کرد. من و خاڵە بەکوڵ گریاین، خاڵە گریا و منیش قروسکەم دەگەیشتە شاخەکانی ئەوبەر، سەگە

هەوشارەکان دەیانلوراند، ماسییە سوورەکان لەو سێ ڕۆژی پرسەی کۆشکەکەماندا لە هەڵبەز و دابەز نەکەوتن. ڕاستیتان دەوێت، هەردووکمان من و خاڵە بۆ عەرەفات نەدەگریاین، بەڵکو بۆ چارەنوسی خۆمان قروسکەمان بوو.

## ٢

دەبا تۆزێک ئەم زمانە سەگییەم بگەزم، کە لەم گۆلاو و ڕیخۆڵە پیسەدا فێری بووم. دەبا تۆنەکەم هێمن بکەمەوە و چیتر نەگەڕێمەوە بۆ ناو ئەم زەلکاوە. بۆئەوەی ئێوەش لێم بێزار نەبن، با باسی ڕەچەڵەکی خۆمتان بۆ بکەم. وەک گووتم؛ سەرەتاکانی من لە وڵاتی مەزنەکانەوەیە، لە وڵاتی چینەوەیە، بەمانای ڕەگوڕیشەی من دەگەڕێتەوە بۆ چین و لە مێژوودا ناوی من، لەگەڵ ناوی ئیمپراتۆری چیندا هاتووە. لە چیندا بە (مۆباگۆ) 哈巴狗 ناوم هاتووە، لای هەر چینیەک بڵێ (مۆباگۆ) ئەوا دەزانێت کە ئەوە ڕەچەڵەک و ناوی منە. لە مانادا بە (سەگی باوەش) یان (سەگی ناوکۆش) دەناسرێم. ئاخر دەموچاوم خڕە و کەللەم زلە، پڕە لە کاراکتەری بەختەوەری. من بەم خڕوخۆڵیەمەوە، بە سروشتی خۆم حەزم لە باوەش و لە کۆشە، وەک سەرینێکی کوردی پەڕ وەهام کە مرۆ حەز دەکات لە باوەشم نێت. مرۆڤ منی خۆشدەوێت و لەگەڵمدا هەست بە ئارامی دەکات، مەگەر لەناو

ئەم مەکتەب سـیاسـییە ترکەن و کرمی قنگانە نەبێت ``ئاخ سـەد ئاخ`` ببورن دیسـانەوە دەمە پیسـەکەم کەوتەوە کار، ئیتر تۆزێک خۆم دەگرم و چیتر باسیان ناکەم...

باپیرانم دووهەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح، تەنها لەماڵ و کۆشـکی خانەوادەی ئیمپراتۆری چیندا بوونیان هەبووە، بە مانای پێیان نەچۆتە دەرەوەی کۆشـکەوە، بەکوردییەکەی من سـەگی مسـکێن و عەوام و خەڵکی هەژار نەبووم. دەڵێن؛ تەنها ئیمپراتۆر و خێزانی قەیسـەرەکانی چین بۆیان هەبووە دەسـت لە باپیرانم بدەن، بەمانای ڕەچەڵەکی ئێمە لەناو میللەتی ڕەش و ڕووتدا بوونی نەبووە. هەر یەکێکیش بەدزییەوە ڕەچەڵەکی ئێمەی ڕاگرتبێت، ئەوا دەسـت و قاچیان لە گۆڕەپانە گشـتیەکاندا پەڕاندووە و کردویانەتە عیبرەت بۆ هەر مسـکێن و هەژارێک بیر لەوە بکاتەوە توخمی ئێمە ڕابگرێت.

لە ئیمپراتۆریەتی چینیدا باپیرانی من تاقانە سـەگی نازداری ئیمپراتۆر و زنجیرە خزم و لقەکانی درەختی ئەم خانەوادەیە بوون. بێگومان ئەمە زیاتر لە سـاڵانی نێوان ٩٦٠ تاوەکو ١٢٧٩ پێش زایندا تۆمارکراوە، ئەوەش ئەو سـاڵانە بووە کە خانەوەدای (سـونـگ) حوکمی ئیمپراتۆریـەتی چینی مـەزنیـان کردووە. مێژوونوسـەکانی ئیمپراتۆریەت وەهایان تۆمارکردووە؛ گوایە لەو زەمەنەدا دیارییەکی گرانبەهایان هێناوە بۆ قەیسـەری چینی (تاهی تسـونگ) ئەویش گوجیلەیەکی جوان و نەرمونۆڵی سـەر زلی چاو ڕەش و دەمولۆز ڕەش و لووت پان بووە. گوجیلـەیـەک لـەنـاو سەبەتەیەکدا بوو کە بە ئاورشم داپۆشرا بوو، قردێلەیەکی لەملیدا بووە. دیارە ناکرێت بڵێم مێینە بووە، چونکە لەو زەمەنەدا کەس

نەیوێراوە دەڵە سـەگێک بکاتە دیاریی بۆ ئیمپراتۆرێکی ترسـناک. هـەربۆیـە گوجیلـەیـەکی نێر بووە، قردێلـەیـەکی بـە ملـەوە بووە و لەسـەری نوسـرابوو``لۆ چەنگ شـی`` ئیدی ئەم ناوە یەکەمین ناوی ڕەچەڵەکی ئێمە بووە، بەکورتی ناوی باپیرەم (لۆ چەنگ شی)ە و لە مێژوویی چیندا لەلایەن مێژوونوسانی ئیمپراتۆریەتەوە تۆمارکراوە، ئەم تۆمارە تا ئێستا لە ئەرشیفی چینییەکاندا ماوە. ئەو تۆمارە ڕەسمییەش وەک دۆکۆمێنت بەشەمعی سوور و مۆری قەیسـەر (تاهی سـونگ) پارێزراوە… جا کە خاڵە گەورەش بووە سـەرۆکی بێ ڕکابەری ئەم مەملەکەتە پان و بەرینە کە باکووری شـاخە و ناوەڕاسـتی سـارا و خوارووی کەنداوێکی پڕ مێژووی شەڕوشۆڕ و جەنگی خوێناوییە، کۆمپانیای موڵتی ناشناڵی نەوتی چینی کە بۆ ڕێکەوتن دەربارەی دۆزینەوەی نەوت ڕوویانکردە کۆشـکی خاڵە گەورە، هەر کە منیان بینی کەوتنە مقۆمقۆ. ئیتر زۆری نەبرد لەکاتی سازشکردن لەسـەر (شـیرینی نەوت) بەوەی شیرینیەکە بدرێتە خاڵە و بخرێتە سەر ئاکاونتی بانقی لە سویسرا. هەر لەو ڕۆژانی سازشی شیرنی نەوتدا، چینییەکان کۆپییەکی ئەو دۆکۆمێنتەیان وەک دیاریی پێشـکەشـی خاڵە کرد، کە تێدا ناوی بـاپیرە گـەورەم (لۆ چـەنـگ شـی) هـاتووە، خـاڵـەی میهرەبـان لەخۆشـیاندا هەموو مەرجەکانی ئەوانی قبوڵکرد و گووتی`` ئیدی قسەم نەما و بەئارەزووی خۆتان کاربکەن`` نەک هەر ئەوە بەڵکو لەسـەر شـەرەفی من، ئێوارە خوانێکی تایبەتی بۆ سـازکردن و سوپاسی کردن کە مۆپسی پاشای هاوڕێی تەمەنی خاڵەیان لەبیر بووە. دۆکۆمێنتەکە بەخەتێکی جوان ناوی باپیرە گەورەمی لەسـەر بوو، هـەروەهـا بە مۆمی سـوور شـەمعیان لێدابوو کە مۆری

ئۆرگینالی قەیسەری لەسەر بوو. بەڵام ``ئاخ سەد ئاخ`` کە ئێستا ئەم دێڕانە دەنوسـم گریانم دێت بۆ هاوڕێی تەمەنم خاڵە گەورە، کە بە ورگەوە کەوتە ناو خەستەخانە پاریسیەکە و منی و لەناو ئەم بێقیمەتانەدا بەجێهێشتووە...

جا ئەوەندەی من ئاگاداری بم و لە خزمەتکاران و مەسـینە هەڵگرانی کۆشکەوە بەر گوێم کەوتبێت؛ نوێنەری کۆمپانیای چینی سازشاکار، هاتبوون بۆ ئەوەی ڕێکەوتنی ژێربەژێری نەوتی قاچاخ لە ئەڵمانەکان بسـەننەوە. ماوەیەک بوو ئەڵمانەکان دەیانویسـت لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی و بەڕەسـمی لەگەڵ حکومەتی نوێی دوای ڕوخانی سـەدام حوسـێنی تکریتی، ڕێکەوتنی درێژخایەن مۆربکەن. تەنانەت ئەو سـەگە ئەڵمانییەیان بە دیاریی هێنابوو، کە بە (شێفە هوند) ناسراوە، و بە شانازییەکی ئەڵمانییەوە بە (قەیسەر - کایزەر) ناویان دەبرد. بەڵام خەڵک لەم دەڤەرە پێدەڵێن ``وۆڵف دۆگ`` و هەر ئەو ڕۆژە قەیسـەری ئەڵمانیان وەک دیارییەک لەگەڵ خۆیاندا هێنا و بە بێ پرسـی خاڵە گەورە، لە حەوشـەکە بەریاندا. بەڵام ئەو بەسـتەزمانە زۆر کلکە لەقێی بۆ نەکرا، چونکە هەر کە خاڵە ئەوەی بیسـتەوە، دەموچاوی گرژکرد، و بۆ تەرەکردنی ئەڵمانە ڕەنگپەڕیووەکان، چرپاندبوویی بە گوێچکەی پاسـەوانەکەیدا، ئەویش چرپاندبووی بە مایکەکەی لای دەمی... زۆری نەخایەند لە حەوشـەی پشـتەوە سـەگەوانەکەمان (نەوشـیروانی کەتەر) دەرگای قەفەزی بۆ (گۆجەی هەوشـار) کردبۆوە، کە خاڵە بە (حەسـەنە گۆجی سـێ قنگ) بانگی دەکرد، زۆری نەبرد بازی هەڵدایە بەردەم قەیسـەرە ئەڵمانییەکە و هەردووکیان کەوتنە مرە مرێکی ترسـناک بەرامبەر بەیەکتری،

بەجۆرێک خاڵە و ئەڵمانەکانی ڕاپێچی تارمە گەورەکەی بەردەم باخچەکە کرد. لەگەڵ گۆڕینی مڕەی قەیســـەر بە قروســـکەیەکی حیزەلانە، وەفدە ئەڵمانەکان زارەترەک بوون. لە بالکۆنەکەوە بینیان هێشــتا ئەو ســەگە ئەڵمانییە بەســتەزمانە، ئەو قەیســەرە نەگبەتە، فریای یەکەمین کەڵبە دەرخســـتن و گەڤە گەڤ نەکەوت، کە هەوشارە پشدەرییەکەمان، گۆجەی سێ قنگ، سواری ملی بوو و قەپی کرد بەملیدا و نینۆکی تیژی هەردوو لاقی پێشـــەوەی لە لەشـی گیرکرد. بەجۆرێک وەک گوێزان لە لەشـی ئەو بەسـتەزمانە چەقین، شـــێفە هوند هەڵدەلەرزی و دەیقروســـکاند، دووخولەکی نەخایاند کە هەناسەی لەبەربڕی و مرداربۆوە...

زۆری نەخایەند (نەوشـــیروانی کەتەر) بەهەڵەدوان پەیدابوو بە زۆڵێتی گووتی`` نـازانم چۆن بـازی هـەڵـدایـە ئێرە قوربـان، بمانبەخشـــن`` خاڵەش ســـەیرێکی کرد و گووتی `` دەی قوربانی گۆجە بێت، ســەگێک بەرگەی دوو دەقەی شــەڕ نەگرێت، بۆ تۆپین باشــە. هەقی ڕەمزی نافیعی بۆکردینەوە``وەفدە ئەڵمانیەکە هێشــتا لەژێر شـــۆکی ئەو پەلامارەی گۆجەی هەوشـــاردا بوون، کە وەرگێڕەکە ئەم قسەیەی خاڵەی بۆ وەرگێڕان. ئیدی بێ هیوابوون لەوەی بگەنە هیچ دەرئەنجامێکی پۆزەتیڤ و هیچ پرســـیارێکیان دەربارەی (ڕەمزی نافیع) لە خاڵە نەکرد، بەڵام پێدەچوو ناوەکەیان لەلایەن خۆیان تۆمارکردبێت و خۆیان ئەم ڕووداوە بە ناوی (ڕەمزی نافیع)ەوە گرێبدەن.

بەڵام ئەوان دەیانزانی کە مەســـەلەکە تەنها لاوازی ســـەگەکەیان (قەیســـــەری ئەڵمانی) نەبوو کە خاڵەی تووڕە کردبوو، بەڵکو تۆڵەکردنەوەیەکی مێژوویی بوو کە هێشـــتا لای ئەوان ڕوون و

ئاشکرا نەبوو. ئەوەی لەو کاتەشدا ئەوان نەیاندەزانی، ئەو تۆمارە چینییە بوو کە ناوی باپیرەم (لۆچەنگ شی) لەسەر نوسرا بوو کە چینیەکان وەک بەرتیل و دەستەودایەریی چەند ڕۆژێک پێشتر، بەخششیبوویان بە خاڵە گەورە. من ئەو ڕۆژەم باش بیردێت و لەبەردەمی مندا جەخت لەوە کرایەوە کە بۆ ئەم بڕوانامە مێژووییە چەندەها پەیوەندی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆئەوەی مۆڵەتی حکومەتی چینی وەربگرن، پاشان بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەواڵگیریی چینی توانیان ئەو مۆرەی قەیسەر بۆ شەشەمین جار لەسندوقەکە مێژووییەکە بهێنە دەرەوە و بۆ ئەم کۆپییە بەکاری بهێنن...

ماوەیەک دوای خنکانی شێفە هوندەکە (قەیسەر) و لە ئاهەنگێکی دیکەی ماسی برژاندنی کۆشکدا، گوێم لێ بوو چینیەکان لەم کۆشکەی خاڵە بە وەفدی قونسوڵیەتی ئەڵمانیان گووت ``لەمەودوا فێربن چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ میللەتانی دیکە. بەتایبەت کوردەکان، هەر کەسێک وا تێبگات سەگی خۆی بەرداتە ناو حەوشەی کوردێک و لەولا بتوانێت بەساغی کلک بلەقێنێ، ئەوا وەک قەیسەرەکەی ئێوەی لێ بەسەردێت. بیر لەوە بکەنەوە هەموو میللەتانی ئەم ناوچەیە لە ئەرمەنی و ئاشووری و تەنانەت کلدانی و مەسیحی و تورکمان چوونەوە ئاو و پەڕاوەزە بوون و شوناسی خۆیان ونکرد. بیرتان چوو سەدام کیماویی لە ئێوە کڕی و فەڕەنسیەکان فڕۆکەی جەنگی میراجیان پێ بەخشی، ڕۆمانیەکان پۆستاڵ و ڕووسەکان تانک و کلاشینکۆف. حەڤدە ملیۆن مینی فەڕەنسی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و ئەوروپیتان لەم وڵاتە چاند بۆ لەناوبردنیان، کەچی کورد بەو گەندەڵیی و فەوازیەوە، گەمەی

خۆی دەکات و ئێوەش لەبەردەمیاندا بۆ پارچە ئێســـقانی نەوت زمان دەردێنن``

بەکورتی، ئێســـتا گەر هەر یەکێک بچێتە ژوورەکەی من، تۆمارە ئیمپراتۆریەکە دەبینێت کە بە چوارچێوەیەکی ئاڵتونی زێڕپۆشکراوە و ناوی باپیرم وەک (لۆ چەنگ شــی) بەخەتی چینی نەخشــێنراوە، مۆری ئیمپراتۆر بەڕوونی لەســـەر شـــەمعە ســـوورەکە دیارە. لەتەنیشــت ئەویشــەوە وەرگێڕانی ئەو تۆمارە بەزمانی ئینگلیزیی و کوردی و عـەرەبی هـەڵواســـراوە و بـەهـەمـان شـــێوە مۆری ئیمپراتۆریـەت و شـــەمعی ســـووری لێ دراوە. ئـەم دۆکۆمێنتـە ســەدەها ملیۆن دۆلار کەوت لەســەر خاڵە، چونکە گەر خاڵە زیاتر پێی دابگرتایە، ئەوا زیاتریان بۆ دەخســتە ســەر ژمارە بانقییەکەی سـویسـرا بەڵام خاڵە گووتەنی `` هەمووی قوربانی گوونی تۆ بێت مۆپســی پاشــا`` نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەر کەســایەتیەکی گرنگی جیهانی ڕێگەی بکەوتایە ئەم کۆشـــکە، خاڵە دەیبردە ژوورەکەم و فۆتۆ بەناوبانگە بەرلینیەکەی خۆم و خۆیی نیشـــاندەدا، پاشـــان چیرۆکی باپیرە گەورەمی بۆ دەگێڕایەوە کە هەزارەها ســـاڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح، سەگی تایبەتی ئیمپراتۆر بوون، وەک ئەوەی بـە نـاڕاســـتـەوخۆ بـە میوانـەکـەی بڵێت ``بـەم ورگـە کوردانـەم هەڵمەخەڵەتێ، تۆ سەروکارت لەگەڵ ئیمپراتۆرێکدا هەیە``

# ٣

ئەوەی کە لە دڵمدا بووە گرێ هۆکاری ناردنی هەوشـــــارەکەمان (حەســـەنە گۆجی دووقنگ) بوو بۆ ســـەگە ئەڵمانیەکە کە بە شـــێفە هوند ناســراوە، بەناوی (قەیســـەر)وە پێشـــکەشـــی خاڵەیان کردبوو، کە بێگومان ئاماژەیەک بوو بۆ دوا قەیســـەری ئەڵمانی کە (ڤلیهەمی دووهەم) بوو. ئەو قەیســـــەرە ئەڵمانیەی جەنگی جیهانی یەکەمی هەڵگیرســـاند و لە دوای دۆڕانی لە جەنگدا کە تەنها بە ویســـکی و بیرە خواردنەوە بەشـــداری تێدا کرد، پاشـــان بەرەو هۆڵەندا هەڵات و لەوێ تا مردنی وەک پەنابەرێک لە کۆشـــــکەکەیدا لە بێکاریدا خەریکی بڕینەوەی درەختەکانی دارســــــتاکانی چواردەورو بەری بوو. ئەو قەیســـەرە باڵاکورتە گزگلەی، بەردەوام وەک عەلەشـــیش بەخۆی و ســـمێڵە عەنتیکە و مەدالیا ســـەربازیی و جلە ســـەربازییە کەڵەشـــــێرییە پڕۆیســــــییەکەیەوە، مۆڕەی لە کامێراکان دەکرد و حەزی لە وێنەگرتن و ســـەما و ســـەفەر بوو. تەنانەت کە جەنگی جیهانی یەکەم بە فەرمانی ئەو هەڵگیرســــا، ئەو زۆربەی کاتەکانی لەســــەر پاپۆڕە تایبەتەکەی لە کەنداوەکانی نەرویج، خەریکی ئاهەنگی ویســــکی خواردنەوە و ســــەما بوو... دیارە کارێکی زیرەکانە نەبوو، با دەرچوونێکی ڕەگەزپەرســــتانەی ئەڵمانی بوو لەلایەن ســــەرانی کۆمپانیاکەوە، بەوەی ڕێگەیان بە خۆیان دابوو ســــوعبەتی ڕەگەزپەرســــتی بە توێکڵی وەها لەگەڵ خاڵە گەورەی میهرەباندا بکەن و ســــەگێکی بەناوی قەیســــەرەوە بۆ بهێنن، کە

وەک هەڕەشەی جەنگ و کۆیلەکردنی بەرامبەر وەها بوو. بەمانای سەگەکەشمان لە کۆشکەکانی ئێوەدا قەیسەرە. خاڵە گەورە ئەم کەریتیەی بۆ ئەو ڕەگەزپەرستییە مێژووییە گەڕاندەوە کە لە کۆنەستی هەموو ئەڵمانێکدا ڕەگی داکوتیوە، نەک تەنها بووە هۆی دۆڕاندنیان لە دوو جەنگی گەورەی دونیا کە هەر ئەوان دەستپێشخەربوون، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی کە دونیا قێزیان لێ بکاتەوە و لەدوای جەنگی جیهانی دووهەم بکەونە ژێر شەقی ئەمریکی و بریتانیەکان. خاڵە گووتی`` تۆ سەیری ئەم گێلە ڕەگەزپەرستانە بکە، وا دەزانن من گێلم و وەک عەلی بابای چەتە سەیرم دەکەن، کە تەنها دیارییەکە دەبینێت و مانا و ڕەمزە دبلۆماسیەکەی فەرامۆشدەکات. ڕەگەزپەرستی ئەڵمانی بەردەوام لە فۆرمی جیا جیادا خۆی نوێدەکاتەوە`` کە ئەوەی گووت من دەستمدەکرد بە مڕەمڕ و خاڵە خێرا گووتی ``مۆپسی گیان، دەزانم تۆ لە بەرلین لەدایکبوویت، بەڵام هێشتا سمێڵت بۆر نەکرد بوو کە لە ماڵی پرۆفیسۆر ئەوڕحمانی زەردەکی ناسراو بە پاشا گەورە بوویت دەزانم ئەو هەموو شتێکی دەکوردان‌د، تەناتەت تۆشی کوردان‌دووە`` پاشان دەستی بەسەرمدا دەهێنا و گووتی ``خۆت نیمچە ئەڵمان و کوردیت، دووڕەگەیت و باش دەزانیت ئەڵمان کە لەدایکدەبێت وا دەزانێت کە هەر خۆی لەسەر ئەم زەوییە بوونی هەیە`` کە وای گووت من خێرا لوراندم و خاڵەش قاقا پێدەکەنی. خاڵە گووتی ``مۆپسی پاشا، دۆستی ژیانم، ئاخر گەر ئەم دەماغ پەتاتانە ڕەگەزپەرست نەبن، یەکەم چۆن سەگەکەیان بێ پرسی من یەکسەر لە حەوشە و کۆشکدا بەرەڵا دەکەن. گەر ڕاسیست نەبن چۆن بیر لە سەگی کوردیی هەوشار

ناکەنەوە کە من ســـێ جەربەزەم هەن کە پاســـەوانی من و تۆ دەکەن. سـێهەم لەهەمووی خراپتر، سـەگەکەیان ناو ناوە قەیسـەر، وەک ئەوەی نەزانم (ڤێلهەمی دووهەم) دوا قەیســەری فشــەکەری گەندەڵی دۆڕاویی ئەڵمانیا بووە. لەهەمووشـــی ناشـــرینتر خۆیان دەزانن هێشتا هیچیان لە قوونی دایکیان نەهاتبوونە دەرەوە کە من لـە بـەرلینی ڕۆژهـەڵات لـە زانکۆ خوێندوومـە، کـەچی وەرگێڕیـان هێنابوو. مۆپسـی پاشـا گیان، چاوی ڕاسـیسـتی ئەڵمانی کوێرە وا دەزانن هــەر خۆیــان زمــانزانن و خــاوەن کولتورن. منیش بڕیارمدابوو لـە ڕقی ئەوان نـەوت بدەم بە پشـــقل نایدەم بەم هەڵبزڕکاوانە. ئەوە جارێ تاوەکو لە مەســـەلەکەی ڕەمزی نافیع تێدەگەن، چینیەکان ملیۆنەها دۆلاریان خســتۆتە گیرفانی خۆیان و منەوە .... هههەه .... قووندەری ڕاسیستانە``

ئەوەی کەس لەو کاتەدا تێنەگەیشـــت، بەمنیشـــەوە، ناوهێنانی (ڕەمزی نـافیع) نـاوێـک بوو، کـە هیچ پـەیوەنـدیی بـەو کۆنتراکتی نەوتفرۆشـــتنەوە نەبوو. ئەڵمانەکان زیرەک بوون لە پەیامەکەی خاڵە تێگەیشتن، بێگومان پێشئەوەی بڕۆنەوە، خاڵە داوای لێکردن، کەلاکی قەیســـەرەکەیان لەگەڵ خۆیاندا ببنەوە. ئەمەش لەخۆڕا نـەبوو، چونکە ئەم پەیامە توندە بۆ هەموو کۆمپانیاکانی ئەڵمان بوو کە بەنیازبوون لە کۆی ناوچەکە دەست بەکاربن.

ئێرانیەکانیش بەم دەرکردنەی ئەڵمانەکان دڵخۆش بوون، چونکە زۆربەی گرێبەســتەکان لە نێوان کۆمپانیا ئێرانییەکان و ئۆفیســی و ئیدارە گشـتیەکانی خاڵەدا بوو، کە سـەید ماجیدی تسـلێدەری و قاســەگری حیزب و هاوڕێی خەباتی خاڵە سـەرپەرشـتی دەکردن. دیارە ئێرانییەکان ژێربەژێر هەرچی کەرەسەی سەقەت و ژمارەی

خەیاڵی هەبوو دەیاندا بە مەکتەبی خاڵە، دوای ڕێکەوتن لەســــەر پشـکی خاڵە، سـەید ماجید بە قۆنەرە بۆیاخەکەرەکەی خاڵە گەورە دەیاننارد بۆ وەزیری پیشەسازی و کۆپیەک بۆ وەزیرە قەڵەوەکەی دارایی دەنێردرا کە خاڵە بە دەڵە بەراز ناوی دەبرد. بۆ هیچ نا، تەنها بۆئەوەی لە پشکی نەوتی مەملەکەت ئەم پارەیە سەرفبکرێت. ببورن من ناوە ئەسڵییەکەی نازانم و لەم کۆشکەدا هەر کەسە و شۆرەتێکی هەیە...

بیرمدێت، هەر شەوەکەی دوای تۆپاندنی قەیسەرە ئەڵمانییەکە، لە تارانەوە یەکێک لە ئایەتوڵاکان تەلفۆنی بۆ خاڵە کرد و گوێم لێ بوو خاڵە گووتی`` ئەی چۆن ئاغام کاتی خۆی کۆمپانیایەکیان هەبوو بەناوی (شـترەباگ) هەرچی پلانی ڕێگەوبانی سـەربازی و ئەمنی هەبوو ئەوان بۆ سەدامیان چێ دەکرد. خۆ من کەر نیم ئاغا جوون، دایملەر بێنز و ســـیمێنس و ئەو ســـەد و هەشـــتا کۆمپانیایەی ئەڵمانییە گەورە و بچوکە لەبیربکەم، کە چەکی کیمیاویان بۆ سەدامی بێقیمەت دروستدەکرد و لە ئێوەی شیعە و لە ئێمە کوردی دەدا. بەســــەری ئاغا من کاتی خۆی ڕەجام لە حکومەتەکەی هیلمۆت کۆلی زلحۆرت کرد کە چیتر کیمیاویی نەدەن بەســەدامی شـێت و شـبر، کەچی ئەو نازییانە وەک ئەوەی ئێمە و ئێوە قالۆنچە بین و دەرمانی قەلا چۆیی سیسرک و مڵەیان بدەنێ، ئاوا بە تەن کیمیاویی و بۆریی ســــاروخی تایبەیان دانێ و کردیان بە ئێمەدا. ماڵ خەرا، کۆمپانیای بی ئێم ڤی، دایملەر و مێرسیدس لەجیاتی ئۆتۆمبێل دروستبکەن، چوون بۆری تایبەتیان بۆ ســــاروخی کیماویی بۆ دروســــتکردن. ماڵ خەرا، کۆمپانیای پیشــەســازی ســیمەنس لەجیاتی جلشــۆری هەرزان و تەباخ و

تــەلفیزۆنمــان بۆ بنێرن، خــەریکی داهێنــانی نوێ بوون لــە ئەلیکترۆنیاتی چەکی کۆمەڵکوژدا. دوایش دەیانگووت؛ ئێمە ئاگامان لەوە نەبووە ســەدام بۆچی بەکاریدێنێت... عەجایب، کاتی خۆشــی کە نازییەکان شەش ملیۆن جوولەکەیان قەلاچۆکرد، تەنانەت نازییە پلەدارەکانیش لە دادگای نورنبێرگ گووتیان ئێمە نەماندەزانی ئەو ســـەربازگانەی ئاوســـشـــڤیتز بۆ لەناوبردنی جوولەکە بووە... عەجایب، شـــتی وات گوێ لێ بووە ماڵ خەرا... ئێ ئاغا جوون، باشــە ســەدامێکی زۆڵ کە نەیدەزانی باوکی کێیە، بە یانزە ســاڵی بەتاپڕە شرێک خزمێکی خۆی کوشت، ئینجا وەرە کیمیاویی بدەیتە دەســت... عەجایب، بەڵێ ئاغا جوون، ئەم ئەڵمانە پەدەر ســوختانە دەیانەوێت خاڵە کەر بکەن، نەک هەر ئەوە ئاغا جوون، بەڵکو بیســـتم کە لە تاقیگەکانی ناوەڕاســـت و باشـــووری ئێراقدا ئەندازیارە ئەڵمانەکان لەگەڵ بەعســـیەکاندا لە ڕومادی و لابۆرەکانی پیشــەســازی عەســکەری کە بە تەسنیع عەســکەری ناودەبران، ئەنفالکراوەکانمانیان هێنابوو، کیماویان لەســـەر تاقیکردونەتەوە. بۆ هیچ نا، تابزانن ڕاســەی ئاریی کورد، تا چەند بەرگەی کیمیاویی دەگرێت. ئا، ئا، ئەی چۆن ئاغا جوون، وشــەی (ڕاســە) یان لەلا پیرۆزە و تا ئێســتاش لە دەســتورەکەیاندا ماوە... بەڵێ، بەڵێ ئاغا جوون خۆیەتی ڕاســـە مانای (ڕەگەز) دەگەنێت، بەڵێ لە دەستوورەکەشیاندا بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە... بەڵێ، بەڵێ ئاغا جوون، کیماویان لەسەر ژن و منداڵ و گەنجی گەرمیانی ئەنفالکراومان لەلابۆرەکانی ناوەڕاســـتی ئێراق تاقیکردبۆوە. بۆ هیچ نا، تاوەکو بزانن ڕەگەزی کورد تا چەند بەرگەی کیماویی دەگرێت... بەڵگە ئاغا جوون! چ دیکتاتۆرێک هەیە دوای خۆی بەڵگە

جێبهێڵێت ماڵ خەرا، دوایی لاشـــەکانیان لە حەوزی ئەســـیدا تواندبووە و فڕێیاندا بووە دیجلە و فوڕاتەوە``
بیرمدێت خاڵە قوومێکی لە ویسـکیەکەی دا و منی کردە باوەشـی خۆی و بەردەوام بوو لە قسـەکانی ``بەسـەری مۆپسـی پاشـا ئاغا جوون، دوای ڕووخانی ســـەدامی بێقیمەتیش هێشـــتا ئەفســـەری ئێراقی هەبوو لە (شــتوتگارد) ڕاهێنانیان لەســـەر چەکی کیماویی دەکرد. بەڵێ، بەڵێ ئاغام، ئەی چۆن هیچم نەکرد، بە ســـەفیری ئەڵمانیم گووت؛ بۆچی وادەکەن، گووتی؛ ئێمە ئەڵمانین و دەوڵەتی یاســـاین و پابەندین بە کۆنتراکتی بیزنســـەوە لەگەڵ ســـەدام و کۆنتراکتەکە هێشتا تەواو نەبووە. ئێ ئەوسا لاواز بووین قسەمان نەکرد، کەچی ئێســتا هاتوون دەیانەوێت قۆنتەراتیان بدەینێ... ئەی چۆن ئاغا، نۆکەریی موخلسین چۆن شەهیدانی حەسەن و حوسێن لەبیر دەکەین، ماڵی خۆتانە ... خدا حافیز، خدا حافیز، ئاغا جوون``

پاشـــان خاڵە ســـەیرێکی کردم و دەموچاومی دەخوێندەوە، بیرتان نەچێت خاڵە گەورەی میهرەبان لەتە ئادەمییەکەی من بوو، منیش لەتە ســـەگییەکەی خاڵە بووم. ئیدی تێگەیشـــتم کە خاڵە بەزیرەکی خۆی ویســتی لە ئەڵمانەکان بگەیەنێت کە گرێ مێژووییەکان بەناو زەمەندا تێدەپەڕن، بەڵام لەبیرناکرێن. چونکە چۆن خاڵە (ڕەمزی نافیع)ی لەبیرنەکردووە، ئاوا مێژوو ئەو هەموو چەک و بەرمیلە کیماوییەی لەبیرنەکردووە کە ئەڵمان لەهەشـــتاکاندا بە ســـەدام و بەعســـیەکانیان بەخشـــی، بۆئەوەی کوردی پێ قەلاچۆ بکەن. ئەمریکییەکان و بریتانی و فەڕەنسی و تەنانەت ڕووسەکانیش ئەم کارەیان کردووە، بەڵام ئەڵمان لەمەدا چەکی کۆمەڵکوژی کیماویان

دانێ و پشکی شێریان هەبووە. خاڵە ئەو شەوە گووتی``ئێستا ئەو ئەڵمانە ڕەنگ هەڵبزرکاوانە دەگەڕێن بەناو مێژوودا و چیرۆکی ڕەمزی نافیع دەیدۆزنەوە. ڕەمزی خزمی ئێمە بوو، خوا عافووی بکات بە دەردەی ئەم نازییە پیسانەوە بەنەخۆشی سەری نایەوە`` هەر کە خاڵە قسەکەی تەواو کرد کەوتمە قروسکەی پاڕانەوە کە چیرۆکی ڕەمزی نافیعم بۆ بگێڕێتەوە. ئاخ سەد ئاخ، خاڵەگەورەی میهرەبان دڵی هەموو دونیای دەشکاند، بەڵام دڵی مۆپسەکەی خۆی بۆ نەدەشکا، هەربۆیە بە زمانە شیرینەکەی خۆی کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەڵمانە نازیەکان و ڕەمزی نافیع.

وەک خاڵە بۆی گێڕامەوە، هەر کە سەری لەهێلکەی سیاسەت جووقا بوو، لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەوە، چیرۆکی ڕەمزی نافیعی کردبووە وانەیەکی گەورە بۆ خۆی و وەک کتێبێکی سیاسی و ئەخلاقی سەیری ئەم چیرۆکەی دەکرد. هەربۆیە گووتی`` گەر ویستیت بۆ ماوەیەک ببیت بە پیاوی ئەم دەوڵەت یان ئەویتر، پەنجە گووایەکەتیان بدەرێ نەک دەستە هەنگوینیەکەت، دەنا قووتت دەدەن`` بەهەقەت وابوو، وەک خاڵە بۆی گێڕامەوە ڕەمزی نافیع گەنجێکی هەولێریی ئەکادیمی بوو، لە کۆتایی چلەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە لوبنان دەیخوێند. گەنجێک هاوڕێی جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان بوو، ئەمانەش ئەو کەسە دیارانە بوون کە بڕوایان بەسەربەخۆیی کوردستان هەبوو، تاوەکو مردنیان کاریان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردبوو. ڕەمزی نافیع سەرەڕای زیرەکی و توانای ئەکادیمی، یەکێک بووە لە سەربەخۆخوازە دڵسۆزەکان بۆ کوردستانێکی

سەربەخۆ و ئازاد. بەڵام ئەم سەربەخۆخوازییە لەکاتی جەنگی جیهانی دووهەمدا تراژیدوکۆمیدیانە دەکەوێتە کۆشی نازییەکانەوە...

ڕێگەم بدەن من زیاتر بە مێژوودا ڕۆبچمە خوارێ، لەبەر هیچ نا، تەنها بۆئەوەی بزانن کە من سەگێکی ڕۆشنبیرم، نەک جنێوفرۆشێک وەک لە دووبەشەکەی دیکەدا بینیتان و بەشەکانی دوایشدا گێڕانەوەی زۆر ناشرین دەخوێننەوە. من ئەم مێژووە ناشرینە دەگێڕمەوە بۆئەوەی بزانن ڕۆشنبیرترین بونەوەر بێتە ناو ئەم گەندەڵخانەیەوە لە دوایدا جگە لە جنێوفرۆش و گەواد و قووندەر و سووک و سەلیم نەبێت، هیچی تری لێ دەرناچێت. یەکێک لەناو گوودا بژی هەر بۆنگوویی لێ دێت، ئەوەی بۆگەنی کردبێت هەر هەر بەبۆگەنی دەمێنێتەوە. بەڵام ڕێگەم بدەن باسی ئەم ڕەمزی نافیعەتان بۆ بکەم چۆن لەجیاتی ئەوەی لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان، وەک خۆی خەونی ڕۆمانسیانەی پێوە دەبینی، جەور بکێشێ و خەباتی بۆ بکات، لە دواجاردا وەک نازییەک کەوتە ناو ڕووداوەکانی مێژووەوە و وەک نازییەکیش کوژرا. ئەمەش چیرۆکی خۆی هەیە...

حکومەتی پاشایەتی ئێراقی لەکاتی جەنگی جیهانی دووهەمدا کەوتبووە بەرداشی نێوان نازییەکان و هاوپەیمانەکان، بەتایبەت کەوتە نێوان تەوژمی بریتانی و تەوژمی نازیی ئەڵمانی کە لەبەرەکاندا لە دژی یەکتری دەجەنگدان. لەم نێوانەدا حکومەتی پاشایەتی بەدەست وەزیرەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی) گیریی خواردبوو. نازییەکی توندڕەو بوو، کاتی خۆی بۆ پشتیوانی

عەرەب لە دژی  ئیســـــرائیل، ئەو و موفتی فەلەســــتینیەکان، لە میونشـــــن ســـــەردانی ئادۆلف هیتلەریان کردبوو. ڕەشـــــید عالی گەیلانی پێشــتر لە چەندەها وەزارەتی حکومەتی پاشــایەتی ئێراقدا وەزیر بوو، ســــمێڵێکی هیلتەریی یەک فلســـی هەبوو، نازییەکی عەرەبی پیتی بۆرژوا بوو، دوایش کە لە ٣١ ی ئازاری ١٩٤٠ دا بوو بـە ســــــەرۆک وەزیرانی ئێراق، یەکەمین کـاری ئەوە بوو هەژموونی ئینگلیزەکان و خانەوادەی مەلیکی ئێراقی ســـــنووردار بکات. بەجۆرێک، کە (وەســـــی) خاڵی مەلیکە بچکۆل و خانەوادەی مەلیک، ئێراقیان لە ترسی زیندایکردن بەجێهێشت.

گەیلانی بەئاشـــــکرا لە کاتی جەنگی جیهانی دووهەمدا دژایەتی جوولەکە و ئیسـرائیل و وڵاتانی  بەرەی هاوپەیمانێتی دەکرد و کە بریتانیەکانیش ئاوڕیاندایەوە بینیان خەریکە ئێراق هەمووی دەبێتە ســـــمێڵ یەک فلســـــی هیتلەریی و نازییەکان، ئێراقیان وەک بنکەی ڕۆژهەڵات پێناســــەکردبوو. بۆ ڕێگەگرتن لە تەشـــــەنەی دیاردەی نازییەت لەئێراقدا و گەڕانەوەی ڕژێمی پاشــایەتی، ســوپای ئینگلیز لە بەسـرا دابەزی و تاوەکو بەغدا نەوەسـتان. لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤١ ڕەشید عالی گێلانی، دوای یەک سـاڵ لە سـەرۆک وەزیریی، بەرەو ســعودیە هەڵهات و تاوەکو ڕووخانی حکومەتی پاشـــایەتی نەگەڕایەوە ئێراق.

ئەم هێلانە نازییەی ڕەشـــــید عالی گەیلانی، بەچکە مارێکی دیکە پەروەردە کرد کە بۆ ماوەی زیاتر لە سی و شەش ساڵ ئێراقی لە لەڕەگەوە وێران کرد. ئەو بەچکە مارە ســـــەدام حوســـێن تکریتی خوشـــــکەزا و زاوای ئەفســــــەرێک بوو بەناوی خەیروڵاتوڵفاحی تکریتی. تۆویی شۆڤێنزمی عەرەبی و ڕەگەزپەرستی لەو کاتەوە لە

مێشـــکی ســـەدامی مێردمنداڵدا چەکەرەی کرد کە خاڵی، عەبدوڵا تـەڵفـاح، بـانگـەشـــەی بۆ نـازییـەکـان دەکرد. خیروڵا تەڵفـاح نەک بەخێوکەری سـەدام بوو، بەڵکو خەزووریشـی بوو، سـەدامیش بەم بیروڕا نازییە تێکەڵ بە شــۆڤێنزمی عەرەبییە، کوشــتن و بڕینی و ســەرســەرێتی خۆی ڕەواخواز دەکرد. خەیروڵا توڵفاح یەکێک بوو لەو ئەفسـەرانەی کە لایەنگرە سـەرسـەختەکانی حکومەتی ڕەشـید گەیلانی بوو، و دوای ڕووخانی حکومەتەکەی گەیلانی، توڵفاحیش لەسەر نازییەت و ڕەگەزپەرستی لە سوپای ئێراقی دەرکرا، کرا بە مامۆستای سەرەتایی. بێگومان سەدام حوسێنی هەرزەرکار و زاوا و خوشــکەزاشـــی بەو ڕقە نازییە پەروردە کردبوو، چەندین جار پێکەوە لەسـەر بیروڕا شـۆڤێنی و قەومییەکانیان و چەند جارێکیش لەســـەر تاوانی کوشـــتن، پێکەوە زیندان کرابوون. بەڵام دونیای کۆدێتاکان هاوکێشەکان لە شەو و ڕۆژێکدا قلّپدەکەنەوە، کۆدێتای یەکەمی بەعسـیەکان لە سـاڵی ١٩٦٧ ڕوویدا، هی دووهەمیش لە ساڵی ١٩٦٨ دا، تەواو حیزبی بەعسی سۆسیالستی هێنایە سـەر حوکم. ژەنراڵ ئەحمەد حەســەن بەکر کە وەک ســەدام حوســێن خەڵکی شـــاری تکریت بوو، بووە ســـەرۆکی ئێراق و ســـەدام حوسـێن بووە جێگری. سـەدام حوسـێن هەر بەناو جێگر بوو، دەنا ئەو ســـەرۆکایەتی دەزگایەکی ئەمنی ترســـناکی دەکرد بەناوی (حەنین) کە کاری پاکتاوکردن و کوشتن و ئەشکەنجەدانی ئەندامە لاســـارەکانی حیزب و نەیارانی حیزب بوو، بەجۆرێک وەک خاڵە گەورە بۆی گێڕامەوە کە جارێک ژەنراڵ ئەحمەد حەسـەن بەکر لە ژووری ســـەرۆکایەتیدا گریابوو و گوتبووی``من و وەزیرەکانم هیچیتر نین جگە لە بەندکراوی ســەدام حوســێن نەبێت`` ژەنراڵ

ئەحمەد حەســـەن بەکر لە ســـاڵی ١٩٧٩ خۆی خانەشـــین کرد و ســـــەدام بووە ســـــەرۆکی ئەبەدی ئێراق. ئیدی لەهەمان ســـــاڵدا خەیروڵا توڵفاحی خاڵی سەدام بووە پارێزگاری بەغدا، بەڵام زۆری نەبرد لەنـاو خەڵکـدا نـاوبـانگی بە حەرامی بەغـداد، یـان بڵێن؛ چەتەکەی بەغدا، دەرکرد... بەڵام چیرۆکی مارەکانی نێو دەســـەڵات بەوە کۆتایی نەهات، ســـەدام حوســـێن لە ســـاڵی ١٩٨٩ کوڕی خاڵی خۆی ( ژەنراڵ عەدنان خیرۆڵا توڵفاح) کە وەزیری بەرگری سوپای ئێراق بوو دەکوژێت. ژەنراڵ عەدنان خەیروڵا توڵفاح لە سەردانێکیدا لەگەڵ ســەدام و خانەوادەکەیدا بۆ کوردســتان، پێشــتر دەگەڕێتەوە بۆ بەغـدا. ئیـدی گوایە هەلیکۆپتەرەکەی لە ئـاســـــمـانـدا بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکیەوە تێکدەچێت و لە ئـاســـــمانەوە بەردەبێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە وەک خاڵە گەورە دەیگووت ``پیلانی ســەدام خۆی بوو، هۆکـارەکەی وەک دەیـانگووت بۆئەوە دەگەڕایەوە کە ژەنراڵ عەدنـان خەیروڵا وەک وەزیری بەرگری لە ســـــوپـا و حکومەتـدا دەســـــەڵاتی پەیـدا کردبوو. جەنگی ئێران و ئێراقیش تەواوی ســـــوپای هیلاک کردبوو، خۆ ئەگەر کۆدێتایەکی بەهێز لە ئارادا بوایە، هەر دەبایە ژەنراڵ خەیروڵا توڵفاح کوڕە خاڵی ســەدام بەســـەر ســـەدامدا بیکات. ئەمەش ئەو ســـێبەرە بوو کە ســـەدام لێی تـرســـــــا بـوو. ســـــــاڵانـی دوای ڕووداوی کەوتـنەخـوارەوەی هەلیکۆپتەرەکە، ســــاڵانی زۆرانبازی ســـــەدام و کوڕە گەورەکەی عودەی بوو، کە ئەویش لە ژێر کاریگەری دایک و باپیرە خەیروڵادا بوو``

سەرەڕای ئەو ڕووداوە خەیروڵا توڵفاح بەردەوام بوو لە بانگەشە شـــــۆڤێنیەکانی لەدژی کورد و هەموو نەتەوەیەکی غەیرە عەرەب،

بەکورتی، یەکێک بوو لە باوکە ڕۆحییەکانی شـــۆڤێنزمی عەرەبی، بەعســـیەکان و تەنانەت عەرەبەکانیش وەک ئایدیالێک ســـەیریان دەکرد. لە میســـر و وڵاتە عەرەبیەکان کتێبیان بۆ بڵاودەکردەوە و چـاوپێکەوتنی تەلفیزۆنیـان لەگەڵـدا ئەنجـامـدەدا. بـەتـایبـەت لـە هەشـــتاکاندا ئەوەندە لەخۆی بایی بوو بوو، کتێبێکی لەســـەر شـــێوەی کتێبەکەی ئادۆلف هیتلەر (خەباتی من) بڵاوکردەوە کە پڕی بوو لە بیروڕای ڕەگەزپەرستی. بۆ نموونە نوسـیبووی``سـێ شـــت نـەدەبوایـە خوا خـەڵقی بکردنـایـە؛ عـەجـەم و جوولـەکـە و مێشـــولە`` بێگومان لەفەرهەنگی عەرەبی ئیســـلامیدا و قورئاندا هەموو میللەتانی غەیرە عەرەب لە کورد و فارس و میللەتانی نا - عەربیی ئێرانی، بە عەجەم ناودەبرێن. تەنانەت بە ئەوانە گوتراوە کە بەعەرەبیەکی باش قســەدەکەن و موسـڵمانن بەڵام عەرەب نین ئەمانەش هەر بە عەجەمی وەسـفدەکرێن. وشــەی عەجەم هیچیتر نییە جگە لە مۆرلێدانێکی شـــۆڤێنیانە وایە لە غەیرە عەرەبەکان، جیاکردنەوەی ڕەگەزپەرستانەیە کە عەرەب وەک نەتەوەیەکی باڵا بەســـەر نەتەوە و ڕەگەزە نزمەکانی دیکە دادەنێت کە عەجەمن، بەمانای عەرەب نین. خەیروڵا تولڵفاح لە چلەکاندا نامیلکەیەکی دە لاپەڕەیی دەرکردبوو، نوســـیبوویی``عەجەم ئاژەڵن خوا لەســـەر شـێوەی مرۆڤ خەڵقی کردوون، جوولەکە لە خڵتە و گەندوگوویی میللەتان دروســـتبوون، مێشـــولەش بونەوەرێکە هەموو خراپ تێیدەگەن و خوا نازانێت بۆچی خەڵقی کردووە``

لەگەڵ ڕووخانی حکومەتەکەی ڕەشـــید عالی گەیلانی نازییەکان ئێراقیان لەدەســـتدا، بەڵام کۆڵیان نەدا و بەدوویی دروســـتکردنی

هێزێکی دیکەدا دەگەڕان لە ئێراق. هەربۆیە موخابەراتی ئەڵمانی (گۆســــتابۆ) پیلانێکیان دانا بەناوی (ئۆپەراســــیۆنی ماموت) ئەم ئۆپەراسـیۆنە لەژێر ناوی ماموت بوو، ماموت ئەو فیلە زەبەلاحەی چاخی بەردینە، کە هیچ شــــتێک ناتوانێت ڕێگەی پێ بگرێت. ئەڵمانەکان دوای ئەوەی لە عەرەبی ئێراقی نائومێد بوون، بڕیارپاندا وەک خۆیان دەیانگووت ``برا ئارییە کوردەکانیان لە ئەشکەوتەکانەوە بێنە دەرێ`` چونکە ماموتە زەبەلاحەکان لە هیچ ناترســـن، هەر ئەوانن دەتوانن حکومەتی ئێراقی پڕۆبەریتانی بڕوخێنن و کوردستان دەکەنە بنکەیەکی نازییەکان بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵات. بۆ ئەم مەبەســـتە ئەفســـەرێکی گوســتابۆیان بەناوی (یۆهان گۆتفرید میوللەر) نارد کە پەیوەندی بکات بە کوردەکانەوە. دیارە پێشـــتر پەیوەندییان بەزۆر لە ســـیاســـیەکانی دەرەوەی کوردســـتان کرد بوو و وەڵامیان نەدابوونەوە. لە دواجاردا وەک قاژوویی مەرگ بەسەر (ڕەمزی نافیع)ی شۆڕشگێڕی ڕۆمانسی و خوێندکاری زانکۆی ئەمریکی لە لوبنان، نیشـــتنەوە و بەمەرجی سەربەخۆیی کوردستان داوای هاوکاریان لێ کرد. داوای لێدەکەن چاوساغیان بێت لە کوردستاندا، بۆئەوەی بەناوی حکومەتی نازیی ئەڵمانییەوە پەیوەندیی بکەن بە سـەرۆک هۆز و دەسـەڵاتدارەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی باشوور و شۆڕشی سەربەخۆیی کوردان لـەدژی حکومـەتی ئێراقی بەرپا بکەن، کـە حکومـەتی گەڕانەوەی پاشـــایەتی و هەژموونی بریتانیەکان بوو. لەبەرامبەر ئەو هاوکارییەدا لەکاتی ســـەرکەوتنی شـــۆرشـــی کوردان و نازییەکاندا لەجەنگدا، پەیمانی کوردســـتانی گەورەیان بە ڕەمزی نافیع دابوو. ڕەمزی نافیعی خومار بە ســـەربەخۆیی کوردســـتان

گوێی لە ئامۆژگارییەکانی میر کامەران بەدرخان و جەلادەت بەدرخان نەگرتبوو، لەگەڵیان چوو بوو بۆ کوردستان. دەڵێن؛ لە نیوەشەوێکی ئەنگوستە چاودا (یۆهان گۆتفرید میوللەر) و چەند ئەفسەرێکی دیکە و ڕەمزی نافیع بە پەڕەشووت لە دەوروبەری موسڵ هەڵیاندەدەنە خوارەوە، ماوەیەک ڕەمزی نافیع و میوللەر و چەند ئەفسەرێکی گوستابۆ، بەجلی کوردییەوە بە کوردستاندا دەگەڕێن، بەڵام زۆر نابات دەستگیردەکرێن. میوللەر و هاوڕێکانی وەک دیلی جەنگ ڕادەستی ئینگلیزەکان دەکرێنەوە و ڕەمزی نافیع لە ژێر ئەشکەنجەیەکی سەختدا فڕێدەدرێتە خراپترین زیندانەوە، ئیدی لەم زیندان بۆئەویتر ئەشکەنجە دەدرێت...

لەمبارەیەوە خاڵە دەیگووت ``کە بووی بە جاشی لایەنێک دەبێت بەردەوام نۆکەری خۆت بسەلمێنیت، جا گەر دایکیشت بهێننە بەردەمیان، دەبێت بۆ ڕازیکردنی ئاغاکەت فەرمووی لێ بکەیت سواری بێت`` هەرچەندە بریتانیەکان بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دیلە ئەڵمانەکان کرد، دوای چەند ساڵێک بەپێی ڕێکەوتنامەی جنێف ئازادیانکردن. کەچی حکومەتی ئێراقی جاشی بریتانیەکان بوو، بۆ سەلماندنی نۆکەرایەتی خۆیان هەمان مامەڵەیان لەگەڵ ڕەمزی نافیعدا نەکرد و سالانێکی دوورودرێژ (ڕەمزی نافیع)یان لە زیندانی شێدار و پڕ جورج و دووپشکدا ئەشکەنجەدا. ڕاستە فەرمانی دادوەر لە لەسێدارەدانەوە کرا بە بیست ساڵ بەندکردن، بەڵام وەک خاڵە بۆی گێڕامەوە``وەک ئەم فەرهاد عەزیزەی مەکتەب سیاسیەم، ئەم فیفی عەبدە قەحبە و دایکخۆگێیە وەها بوون، بۆ سەلماندنی نۆکەرییان، ڕۆژانە ڕەمزی نافیعی سەربەخۆخوازیان ئەشکەنجە دەدا، کە دوای چەندەها ساڵ بەر

لێبوردنی گشـــتی کەوت،  هیچی ئەوەی پێوە نەمابوو، بە ڕێگەدا ڕێ بکات و گیانی دەرچوو``

دەرئەنجامی ســەختی ســاڵانی ئەشــکەنجە و گواســتنەوەی لەم بەندیخانە بۆ ئەویتر و  ئەشــکەنجەدانی بەردەوامی،  ڕەمزی نافیع هەر لە بەندیخانە تووشــی برینێکی پیس بوو لە دەماغیدا. هەربۆیە کە لە خەستەخانە دەیخەن، نەشتەرگەری کەللەسەریان  خستبووە بەردەستی دکتۆرێکی جوولەکەی  تایبەت بە نەخۆشیەکانی دەمار کــە نــاوی (جــاک عــەبودیی شـــــابی) بوو،  دەڵێن؛ گوایــە نەشــتەرگەرییەکەی وەها بۆ کردبوو کە دوای ماوەیەکی کورت لە ئازادکردنی بیکوژێت. بەمەش پیاوەکانی ئینگلیز دڵســـۆز بوون بۆ دروشمە ئەبەدییەکەیان (بیانکە بەدوژمنی یەکتر و سوودمەند بە) لەلایەک جوولەکەیان لەبەردەم کورد ڕەش دەکرد و لەبەردەم جاک عەبدویشـــدا  گووتبویان؛ کوردەکان نازین و لایەنگری ئەڵمانن!

 کە چیرۆکەکەی خاڵە  هاتە ســەر ئەم بەشــە، خاڵە قاقا پێکەنی و گووتی`` ئەی چۆن مۆپســی پاشــا، بیرمدێت  کە چوومە زانکۆی بەغدا و لەوێ دەمخوێند ڕۆژێکیان جەمالی برادەرم کە لە کۆلێژی پزیشــکی دەیخوێند، ویســتی من  بچم بۆلای دکتۆر جاک عەبود شـــابی و پێیبڵێم؛  کە جەمال نەخۆشـــە و ناتوانێت بێتە هۆڵی تاقیکردنەوە، بەڵکو بۆی  دوا بخات. جەمال چەندجارێک ئەوەی لێ دووبارە کردمەوە، کە ئەگەر لێی پرســـیت تۆ کوردیت، بڵێ هەر شــتێکم، تورکمان، ئاشــووری، عەرەب، کلدانیم،  بەس ئامان نەڵێی کوردم``

خاڵە گەورەی گەنج کە چوو بوو بۆ لای دکتۆر جاک عەبودی شـابی و پەیامەکەی جەمالی پێگەیاندبوو، یەکەم پرسـیاری دکتۆر جاک عـەبود ئـەوە بوو؛ جارێ پێمبڵێ خـەڵکی کوێی؟ ئـەویش بێ بیرکردنـەوە گووتبوی؛ کوردم! دکتۆر جـاک دەموچـاوی دابوو بەیەکدا گوتبووی؛ بڕۆ بەجەمال بڵێ لەســـەر دارەمەیتیش بێت، دەبێت بێت بۆ تاقیکردنەوە، ئەگینا دەرناچێت... خاڵە قاقا پێکەنی و گووتی`` کە دکتۆر جاک عەبود شـــابی زانی کوردم وایدەزانی نازییەکی لەبەردەمدایە و فلیمی جەمالیشـــم ســـووتاند. هەر ئەو دکتۆر جاکە بوو ساڵانێک بەر ئەوە، نەشتەرگەری بۆ ڕەمزی نافیع کرد و کوشتی، بە ئەقڵی خۆی نازییەکەی کوشتووە``

بەڵام (گۆتفرید یۆهانس میولەر)ی ئەڵمانی چی بەسـەر هات؟ خاڵە وەک لەتە ئادەمییەکی خۆم، کە سەیری دەموچاوی کردم و گەڤە ناسکەکەم بۆکرد، تێگەیشت کە ئەو پرسیارە لە هزرە سەگانەکەمدا خولـدەخوات، گووتی`` ئـەزانی ئـەو بێقیمـەتـە هـەر ئـاوڕی لـەو ڕەمزییـە نـەگبـەتـە نـەدابۆوە، تـەنـانـەت وەک بـە کرێگیراوی خۆی وەسـفی کردبوو. ئەو نازییە بێقیمەتە لە کتێبەکەیدا باسـی پەیمانی نـازیەکـانی نەکردبوو بۆ ڕەمزی نـافیع کە دانپێـدانـان بوو بەســـەربەخۆیی کوردســـتان. گۆتفرید میوولەری نازیی قووندەر، خۆیشـــی تا نەوەد و پێنج ســـاڵی تەمەنی لەســـەر بازرگانی بە مرۆڤەوە دەژیا. ئەو قاچاخچی کردنەی ئەو بەمرۆڤەوە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەم بەناوبانگ بوو، لە ئەڵمانیا پێیاندەگووت؛ بازرگانی بە کۆیلەی سپییەوە``

گۆتفرید میوللەر وەک هەموو ســـــیخوڕە خۆرئاواییەکان  بە ناوی گەشــتیار و کەلەپورناس و دروســتکردنی پردی خۆشــەویســتی هاتبووە کوردســـــتان. ئەم نازییە  دووجار هاتبووە کوردســـــتان، ســـەرەتا لە کۆتایی ســـییەکاندا هاتبوو، تەنانەت شــێخ مەحمودی حەفیدی کەر کردبوو، شـــێخ کە خۆی بە (مەلیک)  دەناســـاند وێنەیەکی خۆی بە ســـمێڵە زل و کەوا و مراخانییە قۆپچەدارەکەی وەک خاڵە دەیگووت`` پێشکەشی ئەم  گۆتفریدە سووک و سەلیمە قووندەرە کردبوو`` خاڵە لەنێوان هەردوو ڕســـتەدا ناوی گۆتفرید یۆهـانس میوللـەری هێنـا و گووتی ``ئـەم  گۆتفریـدە ســــووک و سـەلیمە قووندەرە، ئەم قووندەرە نازییە، لەسـاڵی  ١٩٣٧ دا کتێبێک دەنوســـێت بەناوی؛ دڕپێدانی خێڵە کوردە ســـەرەتاییەکان`` هەر وەک خاڵە دەیگووت`` بڕین و دڕپێدان لە ڕووی ماناوە وەک ئەوە وایە بەســـەر شـــوێنەکدا بدەیت، یان پاکیزەیەک کوون بکەیت. ئەو داخراوەش مەبەســـتی ئەوە بوو کە کورد گێلن و ئاگایان لەدونیا نییە``

ئەو شـــەوەی خاڵە ئەمەی دەگێڕایەوە، شـــەوی تۆپاندنی شـــێڤە هوندەکە (قەیســـەری ئەڵمانی) بوو، دانیشـــتبووین لە باخچەکەدا و سـەیری ئەستێرە گەشـەکانمان دەکرد، گوێمان بۆ خوڕەی چەمەکە دەگرت کە ناو بەناو شڵپوهوڕیی ماسییە سوورەکان بێدەنگی ئەو کۆشـــکەی بە تۆنێکی هێمن دەلەرزاندوە. دەنگی ســـیســـرکەی ئەو نیوەشـــــەوە لـەگـەڵ پێکدادانی پـارچـە ســــەهۆڵـەکانی نـاو پێکـە ویسـکیەکەی خاڵە،  جارجارە هەوشـارە دڵسـۆزەکەمان (حەسـەنە گۆجی ســـێ قنگ) ی وە ئاگا دەهێنا، کە لەبەر قاچی خاڵەدا وەک

پاڵەوانێک ڕاکشـــابوو و وەنەوزی دەدا.  جارجارە خاڵە گەورە باڵە مریشـکێک یان پارچەیەک پەنیرێک یان نانە چەورەی چێشـتلێنەرە ئەڵمـانە نوێیەکەی دەدایێ ، کـە مـاوەی هـەفتـەیـەک بوو دکتۆر فریدریک ڤێرنەر، بۆ ئەم کۆشـکەی ناردبوو. دکتۆر ڤێنەر هاوڕێیی دێرنی خـاڵە گەورە بوو لە زەمەنی ژیـانی لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتی سـۆسـیالیسـتی، ئەو زەمەنە ڤێرنەر و خاڵە  پێکەوە لەیەک زانکۆدا دەیانخوێند، ڤێرنەر زانســـــتە پزیشـــــکیەکان و خاڵەش زانســـــتە سیاسـییەکان.  دکتۆر ڤێرنەر  چێشـتلێنەرێکی ئەڵمانی تایبەتمەندی لە  هونەری پارێزیی و دییەت، بۆ ناردبوو، کە دەیتوانی گۆشـت و خواردنە بەتامەکان بەجۆرێک ئامادە بکات کە تامیان نەفەوتێت، بەڵام گوایە بەجۆرێکە  کە  ڕێژەی چەورییەکانیان تێدا ســــفر بکاتەوە. بەڵام ئاخ ســـەد ئاخ،  ئەوەی خاڵە گەورە ئاگای لێ نەبوو ئەوە بوو، گەلاڕێزانی شـــەش قوزی خەســـووە قاڕییەکەی، هەموو جارێک ســــــەفتەی پێنج هەزار یان دەهەزار دۆلاری دەخســــــتە گیرفانی ئەم شـــــێفە ئەڵمانییەوە بۆئەوەی چەوریی هەراش بخاتە خواردنەکانی خاڵەوە و ورگی هەراشـــــتر بێت. تەنانەت ئەو ڕانە مریشـک و باڵە مریشـکانەی سـووری دەکردنەوە، وەهای لە خاڵە گەیاندبوو کە شـەوانە  لەناو سرکە و بیبەری تایبەتدا دەیخەوێنێت بۆئەوەی چەوری لە لەشـدا دروسـت نەکەن. بەڵام خۆتان دەزانن وەک هەموو سەگێک  هەستی بۆنکردنم تیژە، هەربۆیە نیوەشەوێک چوومە چێشـــتخانەکەوە و ئاگام لە چێشـــتلێنەرە ئەڵمانە بایەرییە بەرازەکە بوو، ڕانە مریشک و باڵەکانی دەخستە ناو گیراوەیەکەوە، کە بەهەستی بۆنکردم زانی ئەو گیراوەیە دووگی مەڕ و هاڕدراوی چســـڵیکی ســـورۆکراوە بە شـــەرابی ئیســـپانی، کە تامی خواردن

خۆشــتر دەكات، مرۆڤ تووشــی نەوســنی و هەراشــی دەكات و هەر دەخوات و لە تاموبۆیی تێرنابێت. هەر كە چوومە بەردەمی بە ئەڵمانی گووتی `` گووتن ئابند، تۆ مۆپســـی پاشـــایت، پێیانگووتم ئەڵمانی تێدەگەیت، دانیشـە، دەی لە شـوێنی خۆت دانیشـە.. سیتسز، سـیتسـز`` كە ئەوەی گووت خێرا بازمدایە ســەر كورســییەكە و لەوێوە بۆ ســـــەر مێزەكە و لەبەردەم لەگەنە چەورەكەدا كەوتمە گەڤە گەڤ و وەڕین، تاوەكو هوما خانمی هاوسـەری خاڵە هات و منی كردە باوەش و بە ئینگلیزی بە چێشتێنەلێنەرەكەی گووت``ئەم شـتانە لەبەردەمی مۆپسـی پاشـا دا مەكە، لەوە زیرەكترە كە تۆی نازیی بەراز مەزندەی دەكەیت`` ئەوەی گووت و چێشـتلێنەرەكەی بە ڕەنگ پەڕیوویی لەبەردەم قابلەمە چەورییەكەدا جێهێشت.

هەر ئـەو ئێوارەیـەی كـە قـەیســــەری ئـەڵمـانی تێدا خنكێنرا و شــەوەكەی خاڵە گەورە باســی گۆتفرید میوللەر و ڕەمزی نافیعی بۆ دەكردین، بە نەوشـــیروانی كەتەری ســـەگەوان و پاســـەوانی تـایبـەتی گوتبوو كـە ( حـەســـــەنـە گۆجی ســـێ قنگ) بێنێـت. نەوشیروانی كەتەر ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو، شوێنای كەتەرێك لـە لای ڕاســـتی نـاوچـەوانیـەوە درێژ بوو بۆوە، تـاوەكو نێوان هەردوو برۆیی و پاشـان بەسـەر پێسـتی لووتی و بەرەو بەشـی چـەپی ڕوومـەتیـدا كۆتـایی پێدەهـات. خـەتێكی خوار كـە جێگـەی دوورینـەوە بوو. بـەجۆرێك بوو، كـە دەموچـاوی وەهـا دەهـاتـە بەرچاو كە وەك شـووتی قاش كرابێت و پێكەوەیان دروویبێتەوە. ئەو شــەوە، ئەویش لە بەر قاچی خاڵە لەگەڵ هەوشـارە دڕەكەمان (حەسـەنە گۆجی سێ قنگ) چوارمشـقی دانیشـتبوو. خاڵە جارجارە ڕانە مریشـــكی دەدا بە ئەویش و ئەویش دەیگووت `` بەزیاد بێت

خاڵە گەورەم، موفەڕکە، موبارەکە`` قسەکانی خاڵە زوو زوو وەک خۆی دەیگووت `` مەوجەکە دەگۆڕین`` دەیکردە ئەڵمانی و کە منیش دەمقرووسکاند ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە تێدەگەم. ئەو شەوە خاڵە باسی ئەوەی بۆکردم، کە ڕەمزی نافیع وەک کوردێکی دڵسۆز بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە نیشتمانپەوەری خۆیەوە کەوتە چاڵەکانی نازییەکی بێقیمەتی وەک یۆهان گۆتفرید میوللەر، خاڵە گووتی `` ئەوەی منی کوشت ئەوەیە، ئەو سەگبابە وەک هەموو نازیی و ڕەگەزپەرستێکی سپی، هەموو ژیانی لەسەر بازرگانی بە گۆشتی مرۆڤەوە بوو`` بەمەش خاڵە مەبەستی لەوە بوو کە میوللەر لەدوای جەنگ بەردەوام بوو لە کاسپییە کۆنەکەی وەک نازییەک، بەڵام لە فۆرمێکی تردا. ئەویش پراکتیزەکردنی ڕقی بوو لەمرۆڤی داماو و بێدەسەڵات. ئەو بێدەسەڵاتانەی هیتلەر پێیوابوو پێویستە لەگەڵ کەمئەندام و جوولەکە و ڕەگەزە لاوازەکانی دیکەدا بسووتێنرێن و لەناوببرێن و دونیایان لێ پاکبکرێتەوە. ئەم پیاوە وەک نازییەکی کۆن لە پەنجاکاندا هەستا بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خێرخوازی بەناوی (سەلامەت) کە بنکەی یەکەمی لە هامبۆرگ بوو، بەتایبەت لە نێزیک ناوچەی لەشفرۆشەکانەوە (سان پاوڵی) بوو. ئیدی هەر لەشفرۆشێک، بێلانەیەک، و بەتایبەت منداڵانی بێ دایک و باوک و ئاوارە و یۆگۆسلاڤی و سلاڤی و هەنگاریی و ئۆکراینیەک ڕێگەی بکەوتایە ئەوێ، خواردنی گەرم و دەرمان و تەنانەت شوێنی خەوی بۆ دابین دەکردن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ملیۆنەها دۆلار لە ئەمریکییەکانی داگیرکەری ئەڵمانیا و حکومەتی دوای هیتلەر وەک فەند و پشتگیری وەربگربێت. زۆری نەخایاند لە هەموو ئەڵمانیادا

بنکەی  لەجۆرەی کردەوە، کە لەڕاســـتیدا هیچیتر نەبوون جگە لە بنکەیەکی دیکەی (بازرگانی کۆیلەی سپی) نەبێت.
ئێسـتا بیرمدەکەوێتەوە، کە من، مۆپسـی پاشـا، کاتێک گوجیلەیەکی ئاقڵ و زیرەک بووم  لە بەرلین و هێشتا نەبوو بووم بە هاوڕێی و هـاوخـەمی خـاڵـە گـەورە. کـاتێـک لـە بـەرلین لـەمـاڵی پرۆفیســـۆر (ئیبـەرهـارد بنیـامین)ی جوولـەکـەی ئـەڵمـانـدا لـەگـەڵ دایـک و بـاوکم خوشــک و برا مۆپســـەکانمدا دەژیام. خانەوادەیەکی ڕۆشـــنبیری جوولـەکـەی ئـەڵمـان بوون، لـە بـاووبـاپیریـانـەوە لـە (کورفورســـــتـەر شـتراسـە) لە قاتی سـێهەمی بینایەکی سـەدەی هەژدە دەژیان. کاتی خۆی  دکتۆر ئێبەرهارد لەگەڵ هاتنە ســـــەرحوکمی نازییەکان بە مێردمنداڵی لەگەڵ خانەوادەکەی بەرەو لەندەن کۆچیان کردبوو. لەدوای جەنگ هاتبوونەوە  هەمان ماڵ. پێشـتر، لە کاتی ناسـیونال ســۆســیالیزم، ئەفســـەرێکی نازیی ماڵە بەتاڵەکەی داگیرکردبوون، چونکـە بـاوکی دکتۆر ئیبـەرهـارد زیرەکـانـە هـەر لـەگـەڵ ئـەوەی نازییەکان هەڵبژاردنەکانی ســـی یانواری  ســــاڵی ١٩٣٣ یان بە ڕێژەی  لەسەدا نەوەد و پێنجی میللەتی ئەڵمان  بردەوە، و ئادۆلف هیتلەر بوو بە سەرۆک وەزیرانی هەڵبژێردراو. دوای ئەو بەرواره، بنیامینی باوکی  هەموو شـــتێکی فرۆشـــتبوو و خانووەکەی بە بەتاڵی جێهێشـــتبوو. ئەو مـاڵە شـــوێنای لەدایکبوون و مردنی چەندەها مۆپســـی خانەوادەی من بوو. منیش دوا مۆپســـی ئەو خانـەوادەیـەم کە ژیانی مۆدێرن هـەڵیوەشـــانـدەوە و ئـەمـەتان لـە بەشـــی داهاتوودا بۆ دەگێڕمەوە.  باپیرانم لەگەڵ ئەم خانەوادە بـەڕێزەدا ســــەفـەریـانکردبوو بۆ ئینگلتـەرا و لـەوێش ئـەوان بـەر بۆمبارانی لەندەن کەوتبوون و چەرمەســـەریی جەنگیان بینی بوو.

دوای گەڕانەوەش، ئەوە لەدوای ئەوەی مۆپسـی باوباپیرانم لەوێدا ژیـاین و خـەفـەبووینـەوە. بیرمـدێت کـە گوجیلیـەکی بچوک بووم بـاوکم فێری دەکردم ئـاگـام لـەخۆم بێـت و ئـەوە بزانم هـەموو مرۆڤێک دکتۆر ئیبەرهارد و پرۆفیسـۆر عەبدولڕەحمانی زەردەکی و هاوڕێ ڕۆشنبیرەکانی نییە سەگیان خۆش بووێت و لە سروشتە نۆبڵ و خانەدانەکەی مۆپس و مێژوویان تێبگەن. باسـی باپیرم (مۆپسـی مۆتزارت)ی بۆ دەکردم، کە چۆن لە کۆتایی پەنجاکاندا هاتوون بۆ بەرلین، جگە لەوەی بەسـەر وێرانەدا هاتبوون، ئەوا ئەڵمانیا لە ژێر لافاوی ئەو جاش و چەقۆکێش و پاتاڵ و چەورە و پیـاوکوژانـەی یۆگۆسـلاڤیـا و ڕۆمـانیـا و ئۆکراینـا و بولغـاریـا نقوومبوو بوو. ئەوانە، زۆربەیان لە کەمپەکانی نەمسـا وە بەرەو کەمپە پیسـە بەدناوەکەی شـاری (تیسـرندۆرف)ی نێزیک شـاری (نورنبێرگ) دەهـاتن، دوای ئـەوەی لـەوێ خۆیان وەک هـەڵاتوویی سیاسی دژی ڕژێمی کۆمۆنیستی ڕۆمانی و یۆگۆسلاڤی دەناساند، داوایان دەکرد لە کەنەدا یان ئەمریکا وەربگیرێن. هەندێکیان وەک باوکم بۆی گێڕامەوە، بەچەند هەفتەیەک پەناهەندەییان وەردەگرت و زۆربەشـیان بە دە و یانزە سـاڵ لە چاوەڕوانیدا بوون. لەوێوە ژیـانێکی نوێیـان بۆ خۆیـان پێکهێنـابوو کـە ژیـانی ژێرزەمینـە تاریکەکان بوو. ئیدی بە شـارەکاندا بڵاودەبوونەوە و دەسـتە و باندی دزی و کوشـتن و ماڵبڕینیان پێکدێنا. ئەمانە کەتیبەکانی جاش و پیاوکوژ و گەندوگوویی کۆمەڵگەکانی خۆیان بوون، کاتی خۆی کە نازییەکان یۆگۆسـلاڤیا و ئۆکراینا و ڕووسـیا و هەنگاریا داگیردەکەن، ئەم جاش و پیاوکوژ و پاتاڵانە دەکەنە کەتیبە و دەستەی سەربازی و هەندێکیشیان وەک ڕاپۆرتلێدەر و

لەشـفرۆش و سـیخوڕ بەسـەر هاونیشـتمانەکانیانەوە، ڕێکدەخەن. لەگەڵ ڕۆچوونی نازییەکان بۆ ئاودەسـتی مێژوو، ئەم مێرووانە لەم ئاودەسـتەوە دێنەوە دەرێ و ئەڵمانیا بە قەرزاری خۆیان دەزانن...

خاڵە گووتی ``وە نەبێت ئەم ئەمریکی و فەڕەنسـی و بریتانییە خوێڕیانە ئاگایان لەو هوروژمە نەبێت... ئەم سـێ دەوڵەتەی براوەی جەنگ دوای جەنگی جیهانی یەکەم سـەربازگەیان لە ئەڵمانیادا هەبوو، ئێسـتاش ئەمریکییەکان چەندەها بنکەی سەربازییان هەیە... نەخێر، مۆپسی پاشای ئەزیزم، ئەمانە خۆیان کەمپەکانیان بۆ دەکردنەوە بۆئەوەی دژی بلۆکی سـۆسـیالیزم بەکاریان بهێنن، بەشێک بوون لە سووتەمەنی جەنگی سارد. جا چۆن کورد لە زۆر وێستگەدا قوربانی شەڕی سارد بوو، ئاوا لەکاتی جەنگدا ڕەمزی نافیعی نەگبەت سـووتەمەنی نازییەکان بوو. بەهەر حاڵ ئەم جاش و جووش و پیاوکوژە یۆگۆسلاڤی و ڕۆمانیی و ئۆکرانی و سلۆڤێنیانە لە کۆتایی پەنجا و شەستەکاندا بە کۆیلە سـپییەکان ناودەبران و کاری ترسـناکیان لە دژی شۆڕشگێڕانی بەرەی سۆسیالیزم ئەنجامدەدا`` تەنانەت خۆیان خودی خۆیان بە ئەو سـەرۆک باندانە دەفرۆشـتەوە و نرخیان لەسەر خۆیان دادەنا. زۆرجاریش تەنها لەپێناو پۆشاک و پێڵاو و ڤۆدکا و نانی ڕۆژانە و پاسـپۆرت، دەبوونە جاشـی سـەرۆک باندەکان. ئەمانە خۆیان دەفرۆشت بۆ ئەو سەرۆک باندانەی کە دوایی دەیاندان بە ئەمریکیەکان و بە قاچاخ سـواری کەشـتیان دەکردن و بەڵێنی ئەوەیان پێدەدان دوای جەنگ دەیانکەنە هاوڵاتی ئەمریکی و مووچەی هەتایی کۆتایی خزمەتیان بۆ دەبڕنەوە. ئەم

خڵتە و پڵتە و چەقۆکێش و پیاوکوژانە دڕندەترین پیاوکوژ بوون، تەنانەت منداڵی ساوایان لەبەردەم دایکەکانیان دەسووتاند و لاقەی دایکـەکـانیـان دەکردن. ڕێخۆڵـەی مێرد و برا و بـاوکـەکـانیـان بـە زینــدوویی دەردەهێنــا و دەیــانکردنــە نــاو دەمی کۆریی و ڤێتنامیەکانەوە. تەنانەت بە قاچاخ ڕەوانەی جەنگی کوبا و کۆریان و ڤێتنام کران و زۆبەیان نەگەڕانەوە. ئەوانەشی بە قاچ پەڕیوویی یـان کوێریی و بێ قۆڵی گـەڕانـەوە، خۆیـان بـە زیرەکی خۆیـان ســــواری کەشــــتی بوون بە قاچاغ لە هامبۆرگ یان لەنێزیک ســــنووری یۆگۆســــۆلاڤیادا گیرســــابوونەوە. زۆرجار کە ڕێگەی دابەزینیان هەڵە دەکرد، لەلایەن گوندییەکانی ئەو دەروبەرەوە، کە دەیانناسـینەوە، بە بەرد و تێلا دەیانکوشـتن. هەندێکی تریان وەک کۆیلە لە کەمپەکانی ئەڵمانیادا دەمانەوە و هەموو کارێکیان دەکرد بۆ مانەوە و ڕزگاربوون لەو بیســــت مارک و کەمپە پیســــەی تیســــرندۆرف. هـەربۆیـە ئـەمریکی و موخـابـەراتی ئـەڵمـانی بۆ ئـەنجـامدانی تیرۆر و تـەقینـەوە دەیـانـناردن بۆ یۆگۆســــلافیـای سۆسیالیستی و ئۆکراینای سۆڤێتی و ڕۆمانیا . جەنگی سارد وەک خاڵە بۆی باســــکردم پڕی بوو لەو مامەڵەکردن بە گەندوگوویی مرۆییەوە...

ئەو مانگەشــەوەی دوای خنکاندنی قەیســەری ئەڵمانی بە کەڵبەی هاوشـەرەکەمان (حەسـەنە گۆجی سێ قنگ)، کاتێک خاڵە گەورە ڕانـە مریشــــی هـەڵـدەدا بۆ نـەوشــــیروانی کـەتـەر و گۆجـەی هەوشــــارمان، من بیرم لەو کەمپانە دەکردەوە کە دوای جەنگی جیهانی دووهەم ئەڵمانیای لێوەڕێژ کردبوو لە گەواد و لەشـفرۆش و چەقۆکێش و پیاوکوژ و خڵتە و پڵتەی کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا.

تەواو کە سـەیری گەڵاڕێزان خانم و هەلاڵەی ژنی خاڵە و کوڕە نەمسـاویی و برازا بریتانیەکانی و ئەندام مەکتەبە سـیاسـییە دایکخۆگێکان ودەموچاوە پڕ شـوخت و لەتەکەی نەوشـیروانی کەتر و کەللە زلەکەی (حەسـەنە گۆجی سێ قنگ)م دەکرد، هەمان وێنەی ئەو چەورە و پیاوکوژانەم دەهاتە بەرچاو کە باوکم لە بەرلین بۆی باسدەکردم. هەر ئەو چرکەساتە گریانم بۆ حاڵی خۆم و خاڵە دەهات، گریانم بۆ خۆم دەهات کە منێکی گوجیلەیەکی بەرلینی کەوتوومە ناو جۆرێکی تر لە خڵتەی مرۆیی، پیسـتر لە کۆیلە سپییەکان. ئەو کۆیلانەی کە فاشیستی کرواتی و ئۆکراینی و سـربی و ڕۆمانیی بوون و گەندوگوویی نازییەکان بوون، لە ئەڵمانیا وەک پەنابەر و کۆیلەی سـپی خۆیان بە حکومەت و قاچاخچی و موخابەراتەکان دەناسـاند و نرخیان لەسـەر خۆیان دادەنا، وەک چۆن لەم کۆشـکەی خاڵەدا هەر یەکێک نرخێکی لەسەر قوز و قنگ و کەرامەتی خۆی داناوە...

ئەم کۆیلە سـپیانە پێویسـتیان بە ڕاهێنان نەبوو، چونکە جاش و پیاوی کەتائیبە جۆاروجۆرەکانی دژە شـۆڕشـگێڕەکانی یۆگۆسـلاڤیای (جۆزێف برێسـت تیتۆ)ی کۆمۆنیسـت بوون. ئەمانە دژە جوولەکە و پیاوکوژەکانی جاشی نازییەکان و هێزەکانی ئێسی ئێس بوون، تالانچی و منداڵکوژ و سـەربڕی گوند و شـارەکانی پۆلۆنیا و ئۆکراینا و هەنگاریا و ڕووسـیا، بوون. ئەم هەموو جاش و پیاوکوژ و سـیخوڕ و تالانچیانەی پێوەلکاوی سـوپای هیتلەر لە موینشـن و هامبۆرگ و ئەڵمانیا و لە کەمپەکان کەوتبوون و موخابەرەتەکانیش دەستەبژێریان دەکردن، بۆ نموونە دەیانردن بۆ ئیسـپانیا بۆ یارمەتیدانی ڕژێمی فرانکۆی دیکتاتۆر لەدژی

شـــۆڕشـــگێڕە کۆمۆنیســـتەکان. دەیاننـاردن بۆ ئەمریکای لاتین، بۆ کۆریا، یاخود سـەربڕین و کوشـتنی سیاسـیەکانی ناو ئەوروپایان پێ ئەنجامدەدان.

خاڵەگەورە کە باســـــی ڕێکخراوەکەی یۆهان گۆتفرید میوللەری دەکرد، باسـی ئەوەی دەکرد کە میوللەر چۆن ڕەمزی نافیعی کردە پێخوســــــی خۆی، ئاوا هـەر ڕێکخراوەکـەی ئـەو لـەدوای جـەنگی جیهانی دووهەم، خلّتە یۆگۆســــلاڤیەکانیانی دەنارد بۆ ئەڵمانیای سۆسیالیستی بۆ تیرۆرکردنی چەندانی وەک ئەو، کە وەک پەنابەر و شۆڕشگێڕێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و خوێندکار لە زانکۆکانی (دی دی ئێر – ئەڵمانیای ســــۆســــیالســــتی) دەیخوێند و چالاکی سیاسـی بۆ کوردسـتانێکی سۆسیالستی بانگەشـە دەکرد. لەو کاتـەوە خـاڵە گـەورە چاوی لـەســــەر میوللـەر و ئـەڵمانـەکانـە و زانیاری لەســــەر ڕێکخراوە خلّتە و پلّتەکەی میوللەر کۆکردبۆوە. ئەو ڕێکخراوەی ســــەدان لەشــــفرۆشــــی دەفرۆشــــتەوە بە ئەمریکییەکان بۆئەوەی لەگەڵ وەجبەی یۆگۆســــلاڤی و ســــربی و ئۆکرایینیدا لە ڕۆمانیاوە لەڕێگەی دەریاوە بچن بۆ ڤێتنام و لەوێ ناوگەڵی فرۆشــــراویان لەخزمەت ئەفســــەرە ســــپییەکاندا بێت. هەرچەندە دوایی حکومەتی ئەڵمانی ڕێکخراوەکەیان پێ داخسـت و تۆمەتی بازرگانی کۆیلەی سپی و بازرگانی بە منداڵانی سەر جادە و لەشفرۆشییەوەی خرایە پاڵ، بەڵام تەنانەت ڕۆژێک چییە زیندانی نــەکرا و دوای زنجیرەیــەک لــە دادگـایکردنی جۆراوجۆر، وەک پاڵەوان یەک لەدوای یەک دادگاکانی دەبردەوە. مەلەفەکان چەندە زوو دەکرانەوە و ئاوەهاش بە خاو و خلیچکی و لەســــەرخۆ لەناو بیروکراتیەتدا نقوومدەکران و کەیسەکە خەفە دەبۆوە.

نەک هەر ئەوە، بەڵکو دوایی ڕێکخراوێکی هاوشـێوەی دامەزراند و بە ملێۆنەها فەندی ئەمریکی  و نەمساوی وەرگرت. یۆهان گۆتفرید میوللەر  لەنەوەد و هەشــت  ســاڵیدا مرد، بەڵام دوای مردنیشــی گەندەڵییەکانی بەردەوام بوو، چونکە حوکمی بنەماڵەیی هێنایە ناو ڕێکخراوەکە و کوڕەکەی بووە سەرۆکی ڕێکخراوەکە و تائەمڕۆش هەر فەندی زەبەلاح بەناوی یارمەتی منداڵی بێلانە و لەشـفرۆشــە قوربانییەکان و هاریکاری پەنابەران، وەردەگرێت.  خاڵە گووتی`` میوللەر لە فرۆشـتنی ڕەمزی نافیعیەوە بە بریتانیەکان، کاسـپییەکە فێربوو. بەوەی، باشـترین کاروکاسـپی، بازرگانیکردنە بە گۆشـتی مرۆڤی  گەمژە و تێکشکاو و سادەخواز و بەتەماع و خەوبینەرەوە، کە بەئاســـــانی دەبنە کۆیلەی خەونەکانیان، بەتەماعەکانیش بێ کۆیلەبوون ناژین``

خاڵە دوای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەی ڕەمزی نافیع و بکوژەکەی یۆهان گۆتفریف میوللەر  گووتی `` ئێسـتا مۆبسـی پاشـا دەزانی بۆچی حەســــەنە گۆجی ســــێ قنگم بەردایە قەیســــەرە حیزە ئەڵمانییەکە. ئاخر  ئەوە پیاوی ســـپییە کە  گەندەڵی فرێداوەتە دونیاوە و ئێمەی ســــیاســــیش  پێی تێدەنێن و دەبێت میللەتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات بەچنگ بیخۆن، بەڵام هەر یەکە و بەتامێک`` کە ئەمەی گووت پێکەکەی هەڵبڕی و قاقا پێکەنی. ئیدی من دەســـتمکرد بە لوورەی ســــەرکەوتن و زۆری نەبرد هاوشــــەرە دڕەکەمان (حەسەنە گۆجی سێ قنگ) کەوتە لوورە  لوور و پاشان لەپشـــتەوە هەردوو هەوشــــارە ئازاکانمان  (حەمە عەینە بۆر)  و (عوســــە کوێری کرماشــــانی) لەژێر تریفەی ئەو مانگە شــــەوە دا کەوتنە لوورە لوور، خاڵەش  یادی بەخێر،  قاقا پێکەنی.

# ٤

دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر باسکردنی  ڕەچەڵەکی ئێمەی مۆپس کە ڕەچەڵەکێکی باڵا و سـومبولی سـەرردەمی ڕێنیسـانسـە، نەک جنێوفرۆشـێکە، لەناو هەموو هەوشـارە سـەربەرزەکانی پشـدەردا، چارەنوسـم لە تەنیشـت هەوشـارێکی بێقیمەت و کۆیلە و جاشـی وەک ( حەسـەنە گۆجی سـێ قنگ) گرێبدرێت... بەڵێ، لەناو ئەم کۆشـکەدا خواش فێری سـیخوڕیی و کۆیلەبوون و  جڕت و جنێو و ناوناتۆرە و شـتی ناشـرین دەبێت. هەربۆیە من ئەم بەشـەم تایبەت کردووە بە سـەلماندنی ڕەگوڕیشـەم وەک سـەگێکی ڕۆشـنبیر، وەک سـەگێکی خانەدان، وەک سـەگێک کە گەندەڵی و ناشـرینی ئازاری دەدات و چاری نییە جگە لە گوێڕایەڵی نەبێت. بەڵام ئەوەش بزانن کە فرسـەتێکم بۆ هەڵکەوێت ئەوە دەڵێم کە ویژدانی سـەگیم دەیەوێت، ئێسـتاش نوسـینەوەی ئەم چیرۆکەی ژیانەم، ئەو فرسـەتەیە و لەدەسـت خۆمی نادەم. هەربۆیە داواتان لێدەکەم کەمێک لەگەڵم بەسـەبر بن و گوێ لە چیرۆکی ڕەچەڵەکی من بگرن، بۆ هیچ نا، تەنها بۆئەوەی کە دوای ئەم بەشـە سـەری ئەو مەنهۆڵە گوواویەم بە تەواوەتی هەڵدایەوە، وەک بێقیمەت و کۆیلەیەک سەیرم نەکەن، بەڵکو وەک سەگێکی ڕۆشنبیر کە بڕوای وایە مێژوویی شـتە بچوکەکان لەو مێژووە زەلحۆرتە کەرانەکە گرنگترە کە ئەکادیمی و میدیاکارانی فەرمی ورگی خۆیانی پێ زل و ناشرین دەکەن. مەنهۆڵەکە  پڕ گوو و بۆگەنی لاشـەیە، چیرۆکی

زیاتر لەنیو سـەدەی ئەم شـۆڕش و گەندەڵخانە گەورەیە یە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو چیرۆکی چەندەها مەنهۆڵی دیکەی گەندەڵییە کە بەناو مێژوو و جوگرافیای کیشـوەرەکاندا لە ڕۆژهەلاتەوە تاوەکو ڕۆژئاوا، لە ئاسیای بچوکەوە تاوەکو یابان و لەمسەری جەمسەری بەسـتەڵەکی باکووری زەوی تاوەکو باشـووری ئەم زەویە درێژدەبێتەوە... جا بۆئەوەی بەرگەی بۆگەنی مەنهۆڵەکە بگرن، کە پێشتر وەک پراوە تۆزێکم هەڵدایەوە بۆتان، باشترە جارێ ئەوەتان بۆ بسەلمێنم کە چۆن سەگێکی خانەدانی ڕۆشنبیری ڕێنیسانسی وەک من، لەوپەڕی نۆبلی خۆمەوە بوومە پاتالێک لەناو ئەم فەردە گووانەی گەندەڵیدا ژیان بەسـەردەبەم. لە دوای کەوتنی خاڵە لەخەسـتەخانەی پێرسـێی پاریس، زەبون ئەڵمانی ئەندام مەکتەب سیاسی کۆنە پیاوی بەعسیەکان و مەلا سەعیدە نەمساوی کۆنە گەوادی سەفارەتی بەعسیەکان لە هەشتاکاندا، تڕکەنێکی وەها، و دوو گەوادەی وەها لەسـووچێکدا گیرمدەکەن و بەر جڕت و تڕم دەدەن. پێش ئەوە با بگەڕێمەوە سەر چیرۆکی خۆم و باپیرانم...

وەک پێشـتر بۆم باسـکردن ڕەچەڵەکی ئێمە لە دوو هەزار سـاڵ پێش زاینـەوە وەک سـەگی گرنگی ئیمپراتۆریـەت بـە فـەرمی ناسـراوە. کەسـیتر جگە لە خانەوادەی قەیسـەرە یەک بەدوا هاتووەکانی ئیمپراتۆریەت نەبێت، بۆی نەبووە ڕەچەڵەکی ئێمەی هەبێت. نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەزار سـاڵ دوای ئەو مێژووە کە خانـەوادەی (هـان) لـە ئیمپراتۆریەتی چین هـاتنە سـەر حوکم، باپیرانم بە (لۆ چەنگ شی) دەناسران. بەدرێژایی سەدو شەست و هەشت قەیسەری یەک بەدوا هاتوویی خانەوادەی (هان)، باپیرانم

ڕەنجیاندا بەوەی ببینە تاقانە سەگی بێ ڕکابەری قەیسەر و شازادەکان. بەمەش جگە لە شازادە و خانەوادەی قەیسەرەکانی چین نەبێت، کەسیتر بۆی نەبوو خاوەنی ئێمە بێت. باپیران و نەنکە گەورەکانمان بە زیرەکی و خانەدانی خۆیانەوە توانیان هەزارەها ساڵ لەو پۆستەدا بمێننەوە، هەربۆیە خاڵە گەورەی میهرەبان لەو ڕۆژەوەی من و ئەو لە بەرلین یەکترمان ناسی تاوەکو دوا جەڵدەی و ئێستاشی پێوە بێت، فۆتۆی خۆی و من بە فەرمی لەهەموو فەرمانگەکانی مەملەکەتدا بە فەرمانی سەرۆکایەتی هەڵواسیووە. ئاخر خاڵە گەورە خانەدان و میهرەبان، ئیمپراتۆری کوردایەتی بوو، بەهای منی خستبووە چاوەکانیەوە، بەڵام حەیف، هەزار هەیف بۆ خاڵە، ئاخ سەد ئاخ، گریانم دێت، چونکە دەزانم ئێستا دوورە لەمن و بیرمدەکات... ئێستا خاڵە گەورە لە خەستەخانەی (پێرسی) پاریسە، خەستەخانەیەکە لە بەشی ڕۆژئاوای پاریس و سەر بە وەزارەتی بەرگری فەڕەنسییە. هەر ئەو خەستەخانەیە بوو کە من و خاڵە گەورە جارێکیان سەردانی (ئەبو عەمار) یان بڵێن یاسر عەرەفاتمان کرد و خاڵە وەسیەتەکەی خۆی بۆکردم، بەوەی گەر زەمەن وەرگەڕا و گەیشتە ئەم خەستەخانەیە و شەڕی مەکتەب سیاسی و هوما خانی ژنی وگەلاڕێزانی شەش قوز دەستپێکرد، من دەستبکەم بە نوسینەوەی هەموو گەندەڵییەکان و ئەوەتا ئێوەش چیرۆکەکە دەخوێننەوە.

بەهەر حاڵ، من دەمەوێت بڵێم کە خاڵەی میهرەبان پیاوی کوردایەتی و ڕۆشنبیری و خانەدان بوو، دەیزانی من نەوەی ئەو سەگە مەزنانەم کە خانەدانی لە خوێنمدایە، هەربۆیە منی وەک (لۆچەنگی) خۆی مامەڵە دەکرد. مێژوونوسەکانی چین لە زۆر

شـــوێندا باپیرانی منیان بە (شـــازادە) ناوبردووە، تەنانەت چۆن کاتی خۆی هەموو مۆپسەکانی قەیسەری چین، پاسەوانی تایبەتیان هەبووە و کەس بۆی نەبوو لێیان نێزیک بێتەوە. ئاوا، منیش لەم کۆشـــکەدا و تەنانەت لە بۆنەکانیشـــدا بەچەند پاســـەوانێکی دەموچاومۆن و پڕ چەک، دەورە درابووم. خۆ باســـی ئەوەتان بۆ ناکەم کە خاڵە بووە سەرۆکی ئەم وڵاتە، دوو دەستەی پاسەوانی هەبوو، یەکێکیان بە بازنەیەک بەدەوری خاڵەوە بوون و دەســـتەیەکی تر بەدوری منەوە. خاڵە لەبەر ورگە زلەکەی لەســـەرخۆ و خاو بەڕێدا دەڕۆیشـــت و بازنەیەکی پاســـەوانی بەدەوردا بوو. منیش لەو ســـەردانە ڕەســـمیانەی خاڵە بۆ وڵاتانی ئەوروپا، چەند مەترێک بەدووی خاڵەوە بووم و بە پاســـەوانی شـــارەزا دەور درابووم، کە زۆربەیان وەک پاســـەوانی خاڵە، ئەمریکیی بێ سەواد بوون.

چیرۆکی ڕەچەڵەکی ئێمە هەر لەو مێژوودا کورت ناکرێتەوە، نەخێر، هێشتا ماوە، با بۆتانی باسبکەم؛ باپیرانم هەر لە کیشوەری چیندا نەمانەوە، بەڵکو لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەوە ڕەچەڵەکی ئێمە دەگاتە ئەوروپا، بەڵام چۆن گەیشـتنێک، یەکســـەر ناوی ئێمە پابەند دەبێت بە خانەدانە ئازادەکانی هۆڵەندە. ناوی ڕەچەڵەکی ئێمە بە ناوی ئۆرســـتۆکراتە گەورەکانی ئەوروپا و ململانێیە مێژووییە گەورەکەی نێوان هەردوو کڵێسای کاسیولیکی ڕۆمانی و پرۆتســـتانتی یان بڵێن (ئێفانگیلیزم) گرێدەدرێت. ئەم مێژووە شـــکۆدارەش ئەو کاتە دەســـتپێکرد کە یەکێک لە باپیرانم، بابڵێین یەکێک لە (لۆچەنگەکان) وەک دیارییەک لە ئیمپراتۆریەتی چینەوە بەرەو خانەوادەی شانشینی هۆڵەندیی، بۆ (خانەوادەی نارنجەکان)

وەک دیارییەکی بەنرخ بەڕێدەکرێت. ئیدی لەوێ، لە ناوەڕاســـتی ســـەدەی شـــانزەوە ناوی ڕەچەڵەکی ئێمە لە (لۆچەنگ)ی چینیەوە دەگۆڕێت بۆ (مۆپس) و بە مۆپس بانگدەکرێن.

مۆپس بەگشـتی لە زمانە ئەوروپییەکاندا بە کەسـێکی خڕوخەپان دەگووترێت، بەینی خۆشـــمان بێت بە ئەڵمانی گەر بە ژنێک بڵێیت مەمکانتم نیشـاندا دەڵێیت؛ تسـایگ دۆخ مال داینە مۆپسـە... بەمانای مۆپسـەکانتم نیشـانبدە، ئاخر سـەروسـەکوتمان وەک مەمکی شـەنگە ژنێکی هەراش، خڕوخۆڵە. هەروەها وشـــەی مۆپس لە وشـــەی مۆپەرن Moppern ی ئەڵمانی کۆنەوە هاتووە کە مانای مشـــە مش و مڕەمڕە. هۆڵەندییەکایش ئەم وشـــەیە بەکاریدەهێنن، بەو سیفەتەی ئەم سـەگە سـەرەتا لە هۆڵەنداوە بە ئەوروپادا بڵاوبۆوە مۆپەرن چـاوگ و ڕەگە کۆنەکەی نـاوی مۆپســـە. وەک مێژوو دەیلێت؛ هۆڵەندا ئەو کاتە لەژێر ســـایەی ئەڵمانە هابســـبۆرگیەکانی نەمســـادا بووە. مۆپەرن وەک گووتم؛ مانای مڕەمڕ و مشـــەمش و بۆڵەبۆڵ دەگەیەنێت، هەروەها گەر لە فەرهەنگی ئەڵمانی (دودن) بگەڕێیت ئەم وشـــەیە دەتباتە لێکچووی هەیە کە کەئەویش (مۆوپســـە Möpse) کە ئەمیش بەمانا بازاڕییەکەی مانای مەمک دەگەیەنێت. جا بیرتان نەچێت، ڕەچەڵەکی ئێمە لووتی درێژ نییە و پانە و بە دەموچاومانەوە نوسـاوە، ئەمەش وای کردووە کە بۆری هەناسـەدانمان کورت بێت و کێشـەی هەناسـەدانی بەردەوامامان بۆ چێ دەکات. هەربۆیە، ئێمە هەمیشـــە مشـــەمشـــمانە و بەردەوام هەناســـەمان توندە. تەنانەت لەم ســـاڵانەی دوایدا لە هۆڵەندا یاســایەکیان دەرکرد کە چیتر ڕەچەڵەکی ئێمە زیاد نەکرێن، چونکە ژیانی ئێمە بەدەســت هەناســە توندییەوە ئێش و ئازار و عەزابێکی

بەردەوامە. هەرچەندە یاساکە هەیە، بەڵام کەس بە گوێی حکومەتی هۆڵەندی ناکات، ئاخر ئێمەی مۆپس بە مڕەمڕ و مشەمشەکەمانەوە جوانین. بەمشـــێوەیە ناوی مۆپس جگە لەوەی ئاماژەیە بۆ مەمکی خڕی شــــەنگە ژنـەکـان، ئـاواش مـانـای مڕەمڕیش دەگـەیـەنێت. بەمجۆرە ناوی ئێمە لە (لۆچەنگ شی) وە بوو بە مۆپس.

بەڵام دەبێت ئـەوەش بڵێم، کە ئـەم نـاو گۆڕینـە، نـاو گۆڕینێکی پڕ شکۆ و مێژوویەکی پڕشنگدارە کە هیچ سـەگێکی ئـەم سـەر زەوییە بەخۆیـەوە نـەیبینووە. هـەر وەک چۆن نـاوی من لـەم مـەملـەکـەتـەدا وەک(مۆپســـی پاشـــا) لەســـەر هەموو زمانێکە، یان وەک ســـەید ماجیدی تسـلێدەری حیزب لەناو ڕاڕەوەکانی ئەم حیزبە غەمبار و عـەمـارەپۆیـە بـە (مۆپســـــی بـەگ) بـانگیـدەکردم، کـە (بـەگ) لـەنـاو کوردانـدا مـانـای ئـەوە دەگـەیـەنێت کـە من ڕەچـەڵـەکێکی خـانـەدانم هەیە، بەڵام لەمەشــدا ســەید ماجیدی تسـلێدەری حیزب شــەکری شــــکاند. هەربۆیە کە لەبەردەمی خاڵەدا بە مۆپســــی بەگ بانگی دەکردم، خێرا مڕەم بۆ دەکرد و ئەویش خێرا لەبەر دڵی من و خاڵە ڕاستی دەکردەوە و دەیکردەوە بە پاشا.

لە ڕاستیدا وشەی بەگ لە تورکیای عوسمانلیدا بە خزمەتکارەکانی کۆشــــکەکانیان گوتووە، بە ئەوانەیان گوتووە کە پیاوی خۆیانن و خزمەتکـاری خۆیـانن. بەمـانـای بەگەکـان هیچیتر نین، جگە لە گووشـــۆر و گۆرەوویی شـــۆر و هەڵگری ســـینی بەڵغەم و دان پاکەرەوەی ســـوڵتان و ســـوپا ســـالار و ئەشـــرافی کۆشـــکە عوســــمانلیەکان نەبێت. ئاوا وەک دەبینین، لە وڵاتی ژن و پیاوە ئـازاکـانـدا کـە وڵاتی کوردانـە، نـاوی من بۆ ئـەبـەد بـە نـاوی ئازادیخواز و ڕزگاریخوازێکی وەک خاڵەگەورەوە وەک (پاشـــا)

گرێدراوە. فۆتۆ بەرلینییەکەی خاڵە گەورە کە منی لەباوەشـــدایە زیـاتر لە ســـێ ملیۆنی بە فۆرمی جیـاوازەوە بە دیواری ئـەم نیشتمانەوە هەڵواسراوە. خۆ ئەوە باسی ئەوە ناکەم لەکاتی شەڕی ناوخۆدا هەر کەسێک سەگێکی مۆپسی لەم کوردستانەدا هەبوایە، ئەوا لەلایەن چەکدارانی حزبی کۆنەزڤاتیڤی کوردســـتانەوە، بە بەرچاوی خاوەنەکەیەوە تاوەکو ڕۆحی دەردەچوو، ئەشـــکەنجە دەدرا. تەنانەت دەچوون بەڤیدیۆ ئەم ئەشکەنجەدانە وەحشیانەیان دەگرت و دەیـاننـاردە بۆ خـاڵـە گـەورە، ئـەوەش چیرۆکێکی تری شەڕی ناوخۆیە و دوایی بۆتانی دەیگێڕمەوە.

بەهەر حاڵ، بە بەراوورد بەم قەبارە بچوکەم و چنگە بچوک و خڕوخۆڵی و کەللەزلی و تەنگەنەفەســـییە بۆماوەییەکەمەوە، من خاوەن مێژوویەکی پڕ قارەمانم. وەک قەبارە و چنگ و دەمولمۆز و کەڵبە هەڵکەوتەی فیزیکیم، هەر کەســـێک من ببینێت، دەکەوێتە ئەو بڕوایەی کە هـەموو کەســـێک پێمدەوێرێت، بێگومان وەک هەوشـارەکان لە پشـتەملە دەیانگووت``ئەم حیزبابە بەرگەی قەپی تانجییەکی حیز ناگرێت`` بەتاییەت ئەمە قسـەی (حەسـەنە گۆجی ســێ قنگ) بوو، هەوشـــارە هەرە دڕەکەی خاڵە، ئەمە کاتێک بوو لەگەڵ (حەمەی عەینە بۆر) و (عوسە کوێری کرماشانی) دەکەوتنە گفتوگۆ و گوێم لێ بوو باســـی منیان دەکرد... بیرتان نەچێت چۆن خاڵە گەورەی میهرەبان تا دوا جەڵدەی چاوێکی لەســـەر مەکتەب ســـیاســـیی و پاســـەوانەکانی بوو، ئاوا بەردەوام ئامۆژگاری منی دەکرد، چاوم لەســـەر ئەم ســـێ هەوشـــارە بێت، خاڵە هەمیشـــە دەیگووت``ئەوە بزانە مۆپسی پاشا، هەر کە چاوت نووقاند و شل بوویت، ئەوا وەک ئەم مەکتەب ســـیاســـییە دایکخۆگێیانە گرەو

لەسەر گۆشتت دەکەن`` لە زۆر بۆنەدا کە دەچوومە پیاسەی سەر چەمەکە و دەمویست لەناو داربەڕووەکانی ئەوبەر، یان لە تەنکاییەکە بپەڕمەوە، دوور و نێزیک لەبەرچاوان و شوێنی دیاردا پیاسەم دەکرد. هەرگیز نەدەچوومە نێزیک گاشە بەردێک کە سەگەوان و پاسەوانەکانی خاڵە چاویان لێم نەبێت. هەرگیز بواری تەنیاکەوتنەوەم نەدەدا بەخۆم، هیچ یەکێک لە هەوشارەکان بواری ئەوەی بۆ هەڵ نەدەڕخسا کە خۆم و خۆی لە ڕووبەڕێکدا تەنیا بکەوینەوە. هۆکاری ئەوەش حیکمەتی قسەکانی خاڵە و ژیانم بوو لە ناو ئەم حیزب و گووخانەی شۆڕشەدا، کە فێربووم هەمیشە بەیەک چاوی نووقاوەوە بخەوم، وەک خاڵە دەیگووت`` نەک بەیەک چاوی نووقاو، بەڵکو دەبێت پێش خەوتن زۆر بخۆم و بخۆمەوە، بۆئەوەی بە گوێچەکەیەکی وەئاگا و قوونێکی هەمیشە وەڕز لەژیان و میزەڵدانێکی پڕ میزەوە بخەوم. بۆئەوەی زوو زوو هەستم بۆ میزکردن و تاوەکو خۆر کەوتنی بەیانی نیمچە وەئاگابم. دەبێت شەوانە گەدە و قوون و میزەڵدانم، نیوەی دەماغم سەرقاڵ بکەن بە هەرس و تڕ و میزکردنەوە.`` ئەمەش هۆکاری ئەم وەئاگاییەی شەوانی بوو کە دەماغی ئەو پیاوە مەزنە تووشی جەڵدە بوو، ئەوەیە کە من تۆزێک لەمەوبەر گووتم؛ عەرەفات بە قوونەوە و خاڵەش بەورگەوە کەوتنە ناو خەستەخانە پاریسییەکە.

بەڵام ڕێگەم بدەن ئەم سەرنجەش لەبیرنەکەم، بەوەی خاڵە جەستەی خۆی لە هاوکێشە سیاسی و جەماوەرییەکە جیانەدەکردەوە، تەنانەت لە حساباتی خۆپاراستنی خۆیشی لەدژی نەیارەکانی کە هەمیشە دەیگووت`` لە کوونی گوێمدا خۆیان دەشارنەوە`` ورد و درشتی هەڵاوێرد دەکرد. بۆ نموونە هەموو

جارێک دەیگووت `` مۆپسی پاشا لە ڕۆژئاوا سیاسی ورگن دەگمەنن، چونکە ئەقڵی خەڵک لەگەڵ زۆرخۆریدا نین. بڵام ئەم گاڕانەی ئێمە تێیدەقلێپێنن، جا گەر ورگت نیومەتر لە پانتۆڵەکەت تێپەڕنەکات حسابی سەلکە توریکت بۆ ناکەن``ورگەکەی خاڵە، ورگی حیکمەتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتیانە بوو، بەڵام ورگە ئێجگار گەورەکەی ئەم دواییەی شتێکی تر بوو، کە جگە لە من کەسیتر نەیدەزانی بۆچی گەورە بوو، بەجۆرێک کە خاڵە پێویستی گۆچانی ستیلی تایبەت بوو کە نرخەکەی بیست و شەش هەزار دۆلار بوو. دەتوانم بڵێم سەرەتای بەخێوکردنی ئەم ورگە، ورگی خۆپاریزی بوو لە سیخوڕ و مۆرانە و بەچکە دوپشەکەکانی چوار دەوری، بابڵێین ورگێک بوو لەگەڵ ڕۆچوونی تەمەنیدا لەترسی پەڕلە و پیلانی ڕەشی نەیارە دۆستەکانی، بەخێوی کرد بوو. ئاخر لەوەتەی خاڵە لە شاخەوە هاتبووە شار و لەوێوە بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی، ئیدی لە ترسی پاسەوان و سەگەوانە تایبەتیەکانی دەمانچەی لەژێر سەریندا بوو، کە دەمانچەیەکی تۆپڵی جۆری کۆڵتی کۆن بوو. تەنانەت لەترسی دۆستەکانی ژنەکەی کە لە شێوەی پاسەوانی تایبەت و سکرتێر و چایچی و شۆفێر و باخەوان و بیۆگرافیست و هونەرمەند و میدیاکار دەردەکەوتن و زوو زووش لە پێچی ڕووداوە لەپڕەکاندا وندەبوون و دەبوونە هەڵم. هەندێکیشیان زیرەکانە هەڵسوکەوتیان بەدڵی خانم دەکرد و دەبوونە بەڕێوبەڕ و جێگیری وەزیر و لێپرساوی حزبی و جەلادی دەزگا نێهنیەکانی حیزب، و دەچوونە خزمەت گەلاریزانی زرڕدایکی هوماخانەوە. لە بەشێکی تردا باسی پەیوەندی نێوان

گەلاڕێزانی خەسووی خاڵە و کچەکەی دەکەم، کە چۆن کاتی خۆی هەریەکەو بە ڕێگەی خۆی لەگەڵ خاڵەدا بووە...

ورگەکەی خاڵە، بەتایبەت لەم ســاڵانەی دوایدا لە ترســی دەزگا ئەمنیەکەی گەلاریزانی خەســوویی و لەشــفرۆشــە جوان و ترسناکەکان بوو. ئەو لەشفرۆشانە چاو و گوێ و دەستی درێژی گەلاڕێزان و دەزگا ترســناکەکەی بوون. بەتایبەت ئەوانە دەیانتوانی جادوو لەهەر پیاوێکی کۆشــک و پاســەوانێکی مەکتەب ســیاســی و ڤێلاکانی دەوروبەری بکەن و بیخەنە ژێر تۆڕی چاوە ڕەشــە پڕ کل و ناز و مەکرە شــەیتانییەکانیانەوە. خاڵە لە ترســی ئەوانە، ماوەیەک تووشــی بێدارییەکی ترســناک بوو، تاوەکو پەیڕەوی ستراتیژی ورگە ترسناکە سیاسیەکەی کرد و دەمانچە کۆڵتە قەدیمەکەی خســتەوە ژێر ســەری. تەنانەت لە ســەفەری ئەوروپاشدا ئەم دەمانچەیەی هەڵدەگرت، نەک ترس لەو سیخوڕ و ڕاپۆڕتلێدەر و ماســتاچییانەی خۆی، بەڵکو لەم دواییەدا لە کوڕە نەمساوییەکانیشی (قابان و پاڤان) دەترسا، چونکە دەیزانی هومای ژنی و خەسووە قاڕییەکەی، تەنانەت مەکتەب سیاسییە خرف و فایلدارەکانیش، کوڕەکانیان لێکردووە بەدوژمن. بۆ ئەم مەبەســتە خاڵە میکانیزمێکی تایبەتی بەکارهێنا، ئەویش خواردنی شــەوانە بوو، بێگومان منیش بە ســروشــتی مۆپســانەی خۆم حەزم لە زۆرخۆرییە، ئیدی منیش وەک ئێستا دەمبینین ئەوەندە قەڵەو بووم کە تەمەنی ســەگیم بەرەو کورتبوونەوە دەچێت. لە ترســی هەموو ئەمانە خاڵە گەدەی بەخواردنی پێش خەوتن ڕۆژ بەڕۆژ وەک دیوارێکی بەرگری لە خۆی، هەڵچنی. گەدەیەک بوو لەترســی کەسە نێزیکییەکانی، پڕ بوو لە خواردنی شەوانە، گەدەیەکی دڕندە

بوو و دووجار جەڵدەی بۆ دروســـتکرد. ســـەرەتا دوای جەڵدەی یەکەم، هەژدە کیلۆ چەورییان لە ناو گەدە و بەر موســـەلانی دەرهێنا، بەلام تازە گەدەکەی وەک خۆی گووتی`` بۆتە حەزیایەکی ترسناک و لەسەرخۆ قووتمدەدا``

ســـەرەڕای لابردنی ئەو هەموو چەورییە، گەدەکەی بە درێژیی و پانی گەورە دەبوو، شـــەوانە نەیدەتوانی خۆی بگرێت و نەخوات، گەلاڕێزانیش فەرمانی کردبوو بە خزمەتکارەکان بێ دڵی خاڵە نەکەن. ئەو چێشـــتلێنەرە ئەڵمانە بێقیمەتە بەناوی چێشـــتی دژە چەوریی و دییەتەوە هاتبوو، دەمێک بوو چووبووە ژێر فەرمانی گەلارێزانی شەش قووز و سوودی لەو بودجە کراوەیە وەردەگرت کە گەلاڕێزان خســـتبوویە بەردەســـتی. بەناوی گیراوەی بکوژی چەوری لەناو گۆشـــت و خواردندا، بە ئارەزووی خۆی لە ئیتاڵیا و فەڕەنســـاوە گیراوەی گرانبەهای دەکڕی و بە ســـەد قات لەســـەر بودجەکەی هەژماردەکرد. بەلام لەڕاســـتیدا گیراوەکان بەجۆرێک بوون، مرۆڤ دەیتوانی گایەک حەپەلووش بکات، بێئەوەی تێر بێت و ئەمەش لەگەڵ فەلســـەفەی شـــەوخواردنی خاڵەدا یەکیدەگرتەوە. هەرچەندە کە خواردنیان دێنا من نەمدەخوارد و دەســـتمدەکرد بەوەڕین، بەلام خاڵە بە چاوێکی پڕ فرمێســـکەوە قەپی لە ڕانە قەل و مریشـــک و قاز دەدا و دەیگووت ``دەزانم دەمکوژێت مۆپســـی پاشـــا گیان، بەلام ئەوەی لە ســـیاســـەتدا فێری هەڵلوشـــین بێت بە پیری گووش هەڵدەلووشـــێت``بەلام کارەســـاتەکە ئەوە بوو، کە ورگەکەی لە ورگی دژە دوژمنانەوە، بووە جاشـــی دوژمنانی، وەک خاڵە دەیگووت``وەرە لەم تەویلەیەدا ورگی خۆشـــت ســـیخوڕیی و جاشێتی بۆ دوژمنەکانت بکات``

ئاوەها، خاڵە گەورە لەکۆبوونەوەکاندا خەوی لێدەکەوت، زۆرجار ترِی لێدەدا و مەکتەب سـیاسـییە دایکخۆگێکان لە حوزوریدا خامۆش دەبوون. تەنانەت جارێکیان کە داوای لێبوردنی کرد، مەلا سەعیدی نەمساوی و دوایش فەرەی ئامە بەرەڵلا و زەبون ئەڵمانی هەستان و گووتیان `` چ شـەرەفێکی گەورەیە لووتی ئێمە بە ترِی خاڵە گەورە پیرۆز بێت`` کە ئەوەیان گووت من خێرا دەسـتمکرد بەوەرِین و خێرا پاسـەوانەکان هاتن خاڵەیان بەرزکردەوە و خاڵە بـەتوورِەبونـەوە کۆبوونـەوەکـەی جێهێشـت. کـە چووینـە نـاو ئۆتۆمبێلێکـەیـەوە، خـاڵە منی لـە دەموچـاوی خۆی نێزیکردەوە و ماچی کردم، سـەیری چاوەکانیم کرد پرِن لە فرمێسـک، بەهێوری بۆئەوەی شـۆفێرەکەی گریانی نەبینێت، فرمێسـکە جوانەکانی بە دەموچاوی من سـرِی، چونکە دەیزانی ئەم بۆگەنەش کە بەزی ناوسـکی منداڵەکانی لەخێری خاڵەیە، ماوەیەکی زۆرە جاسـوسـی بەسەر خاڵەوە دەکات...

ئەم ورگەی دوایی خاڵە کە بۆ پاراسـتنی خۆی بەخێوی کرد، وەک خـاڵـە گووتی `` وەک دایکخۆگێکـانی تر لێم هـەڵگـەرِاوەتـەوە و دەیەوێت بەساغی بمخوات`` هەر واش بوو، ئەم ورگەی بۆ جاری دووهەم تووشـی جەڵدەی دەماغی کرد و خاڵە بە ورگەوە کەوتە ناو خەسـتەخانە پارییسـییەکە و منی لەناو ئەم ئاودەسـتخانە گەورەیەدا جێهێشـت، کە گەلارِێزانی شـەش قوز لە لایەک میزی تێدەکات و مەلا سـەعیدە پیرە ترِکەنی نەمسـاویی فایلداری تێدا بۆتە کوتلە، و زەبور ئەڵمانی فایلداری بەعسـی بۆتە پرِفیسـۆری حیزب، فەرهاد عەزیز بۆتە قسـەکەری مەکتەبی خاڵە گەورە. فەرهادعەزیزێک کە لە ناو سـولێمانییەکاندا بە (فەرەی عەزە حیز)

یان (فەرەی ئامە بەڕەڵڵا) ناســـراوە، لەبەر بزنســـی قومارخانە و قەحبەخانە لوکسـوسـەکانی، لەناو مەکتەبی سـیاسـی و کۆشـکدا پلـەکـەی بۆ (فیفی عـەبـدە) بـەرزکراوەتـەوە کـە ئـەویش نـاوی ڕاقیسەیەکی بەئالۆشی میسریی ناسراوە.

ڕاستە ئێستا خاڵە لەجەڵدەی سێهەمیدایە و لە سوڕی بێهۆشیدایە، بەڵام وەک گووتم من ســەگێکی شــاهانەم و زیرەکی ســیاســیانە لەخوێنمدایە، وەک کرۆمۆســۆم و جینات لەناو هەڵکەوتەی مندایە. هەربۆیە زۆر زوو فێری پەڕڵە و ستراتیژی نێو کۆشکی سیاسەت و دەســـەڵات بووم، تەنانەت لەســـەر ڕێبازی خاڵە هەمیشـــە ســـروودەکەم لەبەر خۆم دەگوتووە (پێشـــمانکەوە، پێشـــمانکەوە خاڵوانی، تۆ گەورە و تۆ خوامانی) ئاوا لەســـەر ڕۆشـــنایی ڕێبازی خاڵە دەژیام و هەمیشــە تا ئەم دواییەش تا خاڵە نەکەوت، من هەر لە پێشــەوە بووم. تەنانەت کە ئارەزووم هەبوو بۆ پیاســەی ئەو چەم و کێوە و ســەیرکردنی ماســییە ســوورەکان، خێرا بەوەڕینە فەرماندەییەکەم سەگەوانەکانم بانگدەکرد و ئەوانیش دەیانزانی کە من چیم دەوێت. لەسەر ڕیتمی سروودەکەی پێشمانکەوە خاڵوانی کە ئاوازدانەرەکەی کۆنە بەعسـیەکی وەک (ئەناڵ قەرەپۆزی) بوو، دەکەوتمە وەڕین. ئیدی هەموویان وەک ئەوەی خاڵە لە بیچمە ســـەگییەکەیدا بێتە بەردەمیان، ئاوا گوێ قوڵاخ و ڕەپ دەبوون، بەتایبەت ســـەگەوانە زیرەکەمان (خەلیل بەگی ئامۆکیان) و (نەوشیروانی کەتەر) و (شێخ حسێنی چەقۆ کوول) کە گوێیان لە گەڤە گەڤە و وەڕینی تـایبـەتی من دەبوو، خێرا هـەریـەکـە و هەوشـــاری خۆی دەردەهێنا، بۆ کوێ بڕۆیشـــتمایە هەر ســـێ

هەوشـارەکەمان (حەمە عەینە بۆر) و (حەسـەنە گۆجی سـێ قنگ) و (عوسـە کوێری کرماشـانی) وەک پاسـەوان لەپێش و لەدوامەوە ڕاکـەڕاکیـان بوو. ئـاوا من لایـەکی چـاوم لـەسـەریـان بوو و سەگەوانیش چاویان لەسەر هەوشارەکان و خاڵە گەورەش چاوی لەسـەر سـەگەوان و پاسـەوانەکانی بوو. بەمشـێوەەیە سـێ سەگەوانی ترسناک و پیاوکوژ و سێ سەگی هەوشاری ترسناک، پاسەوانی من بوون.

بەمجۆرە منیش لەسـەر ڕێگەی باپیرانم بووم، بەتایبەت باپیرە گەورەکەم کە هەر لەگەڵ گەیشـتنی بۆ سـەر زەوی ئەوروپی وەک سـەگێکی بچوک و خڕیلە و لووت پان و لمۆز ڕەش، وەک سـەگی کۆشـی ئیمپراتۆری نازدار، ناوێکی گەورەی بۆ خۆی دروسـتکرد. بەڵام ئەمە چۆن ڕوویدا، چۆن باپیرە گەورەم توانی بەو جەسـتە بچوک و خڕ و لووتە بچوک و هەناسـەگیرییەوە، توانیمان پارێزگاری لەو پلەو پایە گەورەیە بکەین کە دوو هەزار سـاڵ لە ئیمپراتۆریەتی چیندا هەڵگری بووین. ئەمە چیرۆکێکی مێژوویە کە ناوی ئێمە وەک مۆپس بەناوی (خانەوادەی نارنج)ی هۆڵەندییەوە بەندە. تۆزێک سـەبرتان هەبێت بە ووردی بەو مێژووەدا دەچینە خوارێ.

## ٥

سەرەتا با باسی ڕووداوە گەورەکەی باپیرە گەورەمتان بۆ بکەم لەگەڵ میری نارنجی هۆڵەندی، کە بووە هۆی ئەوەی ڕەچەڵەکی ئێمە وەک سەگێکی ئەورووپی لە سەردەمی ڕێنیساندا ناو دەربکات. بێگومان تا کۆتایی سەدەی هەژدەش ڕەچەڵەکی ئێمە تەنها لە سالۆنی ئەدەبییەکانی سەردەمی ڕۆمانسیەت و خانەدانە ئەورووپییەکان و ماڵی پاشاکاندا، بوونی هەبووە. ئەو ڕووداوەی باپیرە گەورەم لەگەڵ میری نارنجی پێگەی ئێمەی تاوەکو ئەمڕۆ لە شەجەرەی ئۆرستۆکراتیەکاندا زامن کرد. بەڵام بۆچی باسی ئەمەتان بۆ دەکەم؟! دەزانن بۆ؟ ئاخر ئەوەی ئێوە ڕۆژانە دەیبینین فۆتۆ ڕەش و سپییە بەرلینیەکەی من و خاڵە گەورەیە، تێیدا خاڵە گەورەی میهرەبان منی لەباوەشدایە، فۆتۆیەکە لە کۆشکی سەرۆکایەتییەوە بیگرە تاوەکو ناو هۆڵی پەرلەمان و هەموو فەرمانگە ڕەسمیەکانی ئەم مەملەکەتە هەڵواسراوە. جا ئەوە بزانن هەر لەخۆڕا خاڵە منی نەکردۆتە باوەشی، نەخێر، ئەو پیاوە ئازادیخوازە گەورەیەی کورد هەر لەخۆڕا نایەت ئەو شەرەفە گەورەیە ببخەشێتە سەگێک بۆ ئەوەی پێبڵێن؛ ئاژەڵ دۆستە. نەخێر، ئەو لەو شتە ڕووکەشیانە گەورەتر بوو. ئەوەش بزانم من تەنها سەگی کۆش و دیکۆر و بۆرژواتیەتی بەتاڵ نیم، بەڵکو سەگێکم ڕەمزی ئازادی و کرانەوە و سەردەمی ڕێنیسانسم،

ڕێنیسانسێک کە بەسەردەمی بواژنەوەی ئەوروپا پێناسە دەکرێت...

خۆ ئەگەر بیرتان بێت، باسی ئەوەم بۆ کردن کە ڕەچەڵەکی ئێمە تایبەتە، شاهانەیە و خانەدانی لەخوێنماندایە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەدرێژایی سەدەکان ئێمە بە زیرەکی و توانای خۆمانەوە پارێزگاریمان لەو ناو و ناوبانگە گرنگەمان کردووە. ئێستا دەمەوێت چەند هەنگاوێک لە بۆگەنی گەندەڵخانەکە دوورتان بخەمەوە و باسی ئەوەتان بۆ بکەم کە چۆن ڕەچەڵەکی ئێمە لە (لۆچەنگ شی) چینیەوە ناومان گۆڕا بۆ (مۆپس) و چۆن چۆنیش ناوبانگمان دەرکرد.

جارێ با بەوە دەستپێبکەم کە باپیرە گەورەم بە پاپۆڕێکی ئیمپراتۆریانە و بەهاوەڵی چەند کەسایەتیەکی گرنگی ئیمپراتۆری چینی و سوارچاکی جەربەزە لە بەندەرەکانی هۆڵەندا لەنگەریان گرت. دوای ئەوەی نامەی هاوپەیمانی و دۆستانەی ئیمپراتۆری چین پێشکەشی (دۆقی نارنجی ولیەمی بێدەنگ) کرا، لەگەڵیدا دیارییەکی گرنگی ئیمپراتۆریان پێشکەشی میری نارنجی کرا، دیارییەک بوو نیشانەی کرانەوەی ئەوروپا بوو بەسەر کولتورەکانی دەرەوەی خۆی و ڕەمزی ڕێنیسانس بوو. ئەو دیارییەش یەکەمین (لۆچەنگ شی) بوو کە بکرێتە دیاریی بۆ پیاوێکی ئازادیخوازی ئەوروپی، بەمەش باپیرە گەورەمان یەکەمین سەگی ئیمپراتۆریی چینی بوو پێ بنێتە سەر زەوی ئەوروپا.

لەو ڕۆژەی سەدەی شانزە و بەتایبەت لە ساڵی ١٥٧٢ باپیرە گەورەم هاتە ئەوروپا و (ولیەمی بێدەنگ)ی دۆقی خانەوادەی

نارنجیەکانی هۆڵەندا ناوی (پۆمپی) لێنا، دوای ئەم ڕووداوە و بەدرێژایی زەمەن وەک ڕەگەز بە (مۆپس) لە ئەوروپادا ناســـرا. (پۆمپی) ناوێک بوو لەناو جەرگەی ڕێنیسانسدا بەخشرا بە باپیرە گەورەم و بەرگە چینییەیەکی لێ ســـەندرایەوە و بەرگێکی دیکەی کولتوری ئەوروپیی ڕێنیســـانســـیانەی پێبەخشـــرا، ئێســـتاش من یەکێکم لە نەوەی ئەو سەگە ڕێنیسانسییە.
گومانم نییە ئێوە کە منتان لەبەشـــەکانی ســـەرەوەی ئەم کتێبە لەڕێگەی ئەو زمانە بێئەدەبە ناشـــرینە پڕ جنێوە ناســـی، واتان هەســـتکرد لەبەردەم ســـەگێکی بەڕەڵا و بێ کولتوردان. بەڵام بڕوا بکەن ئەوە تاوانی من نییە، چونکە دونیای گەندەڵی زمانی دیکەی نییە جگە لەزمانی دزی و جنێو و خیانەت و بێئەدەبی و ناوناتۆرە و کەرامەت شکاندنی یەکتر نەبێت. من لەناو ئەواندا گەورەبووم و زمانی ئەوان بۆ ئێوە دەگوێزمەوە، دەنا وەک گووتم؛ من خاوەن ڕەچەڵەکێکی خانەدان و پڕ کولتورم. من بەسەگی کولتورە باڵاکانی ڕۆژهەڵاتی دوور و ڕێنیسانس دەناسرێم. تەنانەت لەگەڵ یەکەمین بەریەکەوتنی ڕەچەڵەکی ئێمە لەگەڵ کولتوریی ئەوروپادا، ئێمە لەناو ڕووداوە مێژوویەکاندا ڕۆڵی گەورەمان گێڕاوە. بەڵام بەڕێزان چ ئەوروپایەک، ئەوروپای ڕێنیســـانس و جەنگی نێوان کاسیولیک و پرۆتستانت، ئەوروپای دووبارە ژیاندنەوەی هونەر و موزیک و فەلســـەفە و تێکەڵبوون لەگەڵ کولتوری وڵاتانی دیکە و ئاینەکانی دیکە. ئەوروپایەک کە چیتر بە کەنیســـەی کاســـیولیکی و خاچپەرســـتی کۆت و بەند نەدەکرا. ئەوروپایەکی وەئاگاهاتووی دوای ســـەدە تاریکەکانی ناوەڕاســـت. ئەوروپایەکی خرۆشـــاوی جەنگ و پێکدادانی نێوان جەنگی ڕزگاریخوازی میرە هۆڵەندییەکان

لە دژی هەژموونی کڵێسـای کاسـیولیکی و پاشـا فیلیپی دووهەمی ئیسـپانیا، و جەنگی میر و ئۆرسـتۆکراتەکان لە دژی هەژموونی پاپی ڕۆما و کڵێسا و پاشاکانی هاوپەیمانی. بەکورتی و بەکوردی، باپیرە گەورەم لەناو جەرگەی ئەم ماوە زەمەنییە گرنگەی سەدەی شانزە هاتە ئەوروپا، کە بە ڕێنسانس ناسراوە.

ڕێنیسـانس بەسـادەییەکی سـەگانە بۆتانی ڕوونبکەمەوە مانای بووژاندنەوە دەگەیەنێت. بەمجۆرە ڕەچەڵەکی ئێمە لە دوو هەزار سـاڵی پێش زاینەوە لە ڕۆژهەڵاتی دوور، ڕەچەڵەکێکی ئیمپراتۆری بووە، و کە هاتینە ئەوروپاش یەکەمین هەنگاومان لەناو ڕێنیسانس و جەنگی ئازادیدا بووە، وەک خاڵەی گەورەی میهرەبان دەیگووت ``مۆپسـی پاشـا، تۆ نەجیبترین سـەگی دونیایت، تۆ سـەگی ڕێنیساسیت``.

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ ئەو زەمەنەی باپیرەم چوارپێی پیرۆزی خسـتە ئەوروپای سـەدەی شـانزە و بووە سـەگی خانەوادەی نارنجییەکان. بووە سـەگی ئازادیخوازێکی خانەدانی وەک (ڤیلهەمی ناسـاو) کە بە (ولیەمی بێدەنگ) ناسـرابوو، و ناوی (پۆپی) لێ نرا. ئەوە بزانن (پۆپی باپیرەم) ئەوەندە خانەدان بووە لە هەموو سـەفەرەکانی ولیەمی دووهەم و هاوسـەرە شـازادەکەی و نەوەکانیدا، لەگەڵیاندا بووە، تەنانەت ولیەم لە شـەڕەکانیشـیدا لە دژی ئیسـپانی و فەڕەنسـییەکان، لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی. دوای کوژرانی ولیەمی خانەوادەی نارنجەکان، نەوەکانیشـی باپیرەمیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە بۆ سـەفەرە دوورەکانیان. تەنانەت تێکەڵاویان هەبووە لەگەڵ خانەوادەی سـەگە ئۆرسـتۆکرات و پاشـاکانی ئەوروپا و ژن و ژنخوازیی سـەگانە لەگەڵ توخمی

ئێمـەدا، بۆتـە نـەریتێکی شـــاهـانـە و چـەنـدەهـا تـابلۆیی زەیتی نیگارکێشـــی کراوە کە نەوەکانی باپیرە پۆپی، تێدا دەرکەوتووە، تابلۆکان بێ شـــومارن و لە ســـەدەی شـــازدەوە تاوەکو کۆتایی سەدەی هەژدە و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە درێژدەبنەوە، گەواهی ئەو ڕاستیەن. بۆ نموونە؛ لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و بەتایبەت لە ســـاڵی ١٦٨٨ هەر لەو ســـەفەرە مێژوویەدا کە کوڕی ولیەم بۆ چەســـپاندنی دەســـەڵاتی و دۆزینەوەی هاوپەیمان لە دژی فیلیپی دووهەمی پاشـای ئیسـپانیا، لەگەڵ هاوسـەرەکەیدا ماری دووهەم، باپیرە پۆپیی دووهەم، نەوەی پۆپی ولیەمی بێدەنگ، لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە، ئینگلتەرا و لە کۆشکی شاهانەی خانەوادەی پاشا جێمسی دووهـەم بۆ مـاوەیـەک دەمێننـەوە. هـەر ئـەو مـاوەیـە ئـەم دوو خـانـەوادە بـەدەســـــەڵاتـەی ئـەوروپـا، خـانـەوادەی نـارجییـەکـان و خانەوادەی پاشـــا جێمســـی دووهەم، ســـەرقاڵی هاوپەیمانی نوێی پرۆتستانتی دەبن لە دژی کڵێسـای کاسیولیکی و هەژموونی پاشـا کاسـیۆلیکەکانی ئیسـپانیا و فەڕەنســا. هەر لەو ماوەی مانەوەیەدا بڕیاڕ دەدرێت دەڵەسەگی شاهانەی بەریتانی کە بە (کینگ چارلسی ســـپانیۆڵ) ناســـراوە لە باپیرە گەورەی دووهەمی نەوەی پۆپی باپیرەم بدرێت. ئیدی لە ئەویشـــەوە نەوەیەکی تر کەوتۆتەوە، کە مۆپسی شـاهانەن لەسـەر سـتایلی بەریتانی. چەندەها نیگارکێشـی گەورەی ئەوروپا ئەم بۆنە تایبەت و ڕاوەســـتانە شـــاهانەی مۆپســـەکانی ناو ســـاڵۆن و کۆشـکەکانیان نیگارکێشـی کردووە و ئێســـتا لە مۆزەخانەکانی دونیادا باپیرانم دەبینرێن لەناو کۆشـــی شـــازادە و میرزادە و ئۆرســـتۆکرات و نیگارکێشـــە بەناوبانگ و

دۆستی خانەدانەکاندا پاڵکەوتوون، یان لە تەنیشت پاشاکاندا کەللە زلەکەیان بەرزکردۆتەوە و چاویان بڕیوەتە نیگارکێشەکەیان.
ئاها، خۆ بینیتان خاڵە گەورە خاوەنی چ چەشـــەیەکی ئەوروپی باڵای هەبوو کە منی کردۆتە ســـەگی ئەم میللەتە بەشـــخوراوە. بەهەر حاڵ، لەو ڕۆژەوە ناوی مۆپس لە ئەوروپای ڕێنیســـانس، ئەوروپای ســـەدەی شـــانزە ناوبانگی دەرکرد. لەو ڕۆژەوە ئیدی ڕەچەڵەکی ئێمە بووە ســـەگی بێ ڕکابەری نێو کۆشـــکی ئۆرستۆکرات و کۆنتێسە و دۆستە تایبەکانی قەیسەر و پاشاکانی ئەوروپا. بەڵام ئەوەی زیاتر ئێمەی بەناوبانگکرد نەبەردییەکی باپیرە پۆپییم بوو، کە ئێســـتا لەســـەرخۆ و ســـەگانە بۆتانی دەگێڕمەوە.

(ولیەمی بێدەنگ) خاوەنی باپیرە گەورەم پۆپی، لە ســاڵی ١٥٣٣ دا لە دایکبووە. یەکێک بووە لەو دۆق و خانەدانە ئازایانەی لە جەنگی هەشــتا ســاڵەی دۆقەکانی هۆڵەندا لە دژی داگیرکردنی ئیســپانی بەشـــدار بووە. ئەو جەنگەی کە لە ســـاڵی ١٥٦٨ تاوەکو ١٦٤٨ خایەند و بەرە بەرە هەر دۆقێک ناوچەکەی خۆی لەدەســـت ئیسپانیەکان ڕزگار کرد. (ولیەمی ناساو دیلێنبێرگ) کە بە (ولیەمی بێدەنگ) ناســـرابوو لە ئەڵمانیا و لە (دیلێنبێرگ) لەدایکبووە، لە تەمەنی یازدە ســـاڵیەوە، بەپێی عورفی ئۆروســـتۆکراتی، ولایەتی فەڕەنســی پێ ســپێدرا، کە ناوچەی نارنجی هۆڵەندیی بوو. با بڵێن ناوچەی نارنجی بە میراتی بۆ مایەوە، کە ئەمەش هەرێمێکی گەورەی هۆڵەندی بوو. ئەم میرە گەنجە بەهۆی زیرەکییەوە لە خزمەتی چارلسی پێنجەمی ئیمپراتۆری کاسۆلیکیدا بوو. چارلس

و شـــــاهەنشـــــای ئیســـــپانیا  لقێک بوون لە درەختی خانەوادە بەدەســـەڵاتەکان و لەگەڵ هابســـبۆرگیەکانی ئۆســـتەرایخ (نەمســـا) لقوپۆپیـان تێکـەڵ بوو. ئـاوا لـەنـاو ئـەو هـەموو لق و پۆپـە چڕەی خانەدان و ئیمپراتۆر و قەشــە مەزنانەی کاســیولیک، ولیەم توانای خۆی گەشـەپێدا، وەک نهێنیگرێک، جۆرێک لە متمانەی پێدرابوو کە بوو کە لە دوایدا نازناوی (بێدەنگ) یان بەشــانازییەوە، بەســـەردا دابڕی.

بەڵام ئەم لق و پۆپانە لەگەڵ دەرکەوتنی تەوژمی پرۆتســـــتانیەت لێکجودا دەبنـەوە، چیتر ئـەم بنـەمـاڵـە دەســـــەڵاتـدارانـە نـابنـە ســـەروقوونی یەکتریی. لەســـەدەی شـــازدەوە ئەوروپا دابەش بوو بەســـەر دوو جۆر لە مەســیحیەت؛ یەکەمیان کە کاسـیۆلیکەکانن و دووهـەمیـان پرۆتســـــتـانیـەت یـاخود بـە ئێڤـانگیلیزم نـاســـــراوە. کاســیولیەکان خاوەن دەســەڵات و ســامانی ترســناک بوون، تەواو خوا و مەســـــیح و بەهەشـــــتیان خســـــتبووە خزمەت پاشـــــا و ئیمپراتۆرەکان. تەنانەت هیچ پاشــا و قەیســەرێک  گەر ڕەزامەندی پاپی ڕۆمای لەسـەر نەبووبێت، توانای ئەوەی نەبوو بەردەوام بێت لە حوکمکردن، چونکە زۆری نەدەبرد سـوپای پاشـا و قەیسـەر و میر و دۆقەکانی ئەوروپا لەبەردەم دیواری شارەکەی کۆدەبوونەوە و تاســـەریان نەپەڕاندایە، دڵی کڵێســـای کاســـیولیکی ڕۆما ئاوی نەدەخواردەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو وەک بەزمەکەی لای خۆمان، ئەوەی لە بەشـــەکانی دیکەدا بۆتانی دەگێرمەوە، قەشـــەکان هەر ژنێکی جوانیان بەدڵ بوایە و خۆی نەدابا بەدەســـتەوە، بەناوی جادووگەر و شـــەیتان لەناوەڕاســـتی گۆڕەپانە گشـــتیەکاندا دەیـانســـووتـانـدن. خۆ ئـەوە بـاســـی ئـەوەتـان بۆ نـاکـەم کـە

کاسـیۆلیکیەکان  وەک ئەندام مەکتەب سـیاسـییە دایکخۆگییەکانی ئەم دەڤەرە گیرفانیان حوشـتریشـی هەڵدەلوشـی. نەک هەر ئەوە، بەڵکو پسولەی بەهەشـت و لێخۆشـبوونی خوداییان دەفرۆشـتەوە. میر و پاشـاکانی کاسـیۆلیک تا بینەقاقایان لە گەندەڵیدا نقووم بوو بوو. تەواو وەک ئەندامان و کادێرانی حیزبەکانی ئەم مەملەکەتە وەهـا بوون، کـە دوای ئـەوەی دزی و فزی و تـالانییـان دەکرد، دەسـتدرێژیشـیـان دەکردە سـەر ژنی خـەڵکی و تـەنـانـەت دەیانکوشـتن. کە دەشـهاتنە بەردەمی خاڵە گەورە، ئەویش بەهۆی دڵە باشـەکەی، سـەرەتا دۆ و دۆشـاوی تێکەڵدەکرد، پاشـان بە گۆچانە مێژوویەکەی دەکەوتە وێزەیان، دوایی ئەوە، کارێکی تری پێدەسـپاردن و لێیان خۆشـدەبوو.  بە هەمان شـێوە، کڵێسـای کاسـیولیکی لەسـەدەکانی ناوەڕاسـت و شـازدەدا هەمان گەمەکەی خاڵە گەورەی کرد، بەڵام لەسەر ئاستی هەموو ئەورووپا.
ئـەم گـەمـەیـە بـەردەوام دەبێت، تـاوەکو یـەکێکی  وەک (مـارتین لوسـەر)ی ئەڵمانی  پەیدا دەبێت، کە ئەوسـا خوێندکاری یاسـا دەبێت، ڕۆژێک  بەڕێدا دەڕوات و لەپڕ باران دادەکات و دەیکاتە تۆفان و بەر هەورە بروسـکە دەکەوێت، هاوار دەکات دەکات بۆ خوای میهرەبان کە فریای بکەوێت. بە هەموو پێوانەیەک دەبوایە لەو باوبۆران و هەورەبروسـکەیەدا ببوایە بەقەرەبرووت، بەڵام وەک ئەوەی لە مردن گەڕابێتەوە دەچێتە ژێر درەختێکەوە. لەژێر ئەو درەختەدا بڕیاردەدا واز لە خوێندنی یاسا بێنێت و ببێتە قەشە. زەمەن دێت و دەڕوات و ناهەقی کڵێسـای ڕۆما مارتین لوسـەر بێزار دەکات، بەجۆرێک هەریەکە لە قەشـەکان دەبنە خاوەنی سـەدەها دۆنم و  سـامانی زەبەلاح،  ژن و منداڵەکانیان لەتێریدا

تووشی نەخۆشی قەڵەوی بوو بوون. بێگومان ئەمە لەکاتێکدا بوو کە میللەتانی ئەوروپا، ڕۆما و ئەڵمانیا و بریتانیا و فەڕەنســـا، گیرۆدەی نەخۆشـــی گەڕوگوولی و مردن لەبرســـاندا بوو بوون. دزیی و جەردەیی، نەخۆشـی گەڕوگوولی و تاعون و کۆکە ڕەشـە، دڕکە و مێکوتەی پیس و ســفلس و گۆناریاش لەولاوە بوەســتێت. میللەتانی ئەوروپا لەژێر حوکمی کڵێســـای کاســـیولیکیدا لە تاو برسێتی و نەخۆشییە درمەکان بۆگەنیان کردبوو. مارتین لوسەری قەشـــە بیری لەوە دەکردەوە کە نابێت خوایەک هەبێت ئەوەندە گەندەڵ بێت، بە جۆرێک ئەو هەموو گەلۆرە ورگزل و بێقیمەتانە نوێنەری بن. هەربۆیە لە ســـاڵی ١٥١٧ دا نەوەد و پێنج یاســـای نوێی بۆ مەســـیحیەت نوســـی، و لەدژی گەندەڵیی کڵێســـای ڕۆما دەنگی بەرزکردەوە. یەکەم قســەی ئەوە بوو کە دەڵێت؛ مەسـیح تا لە خاچدرا گیرفانی نەبوو، ئێوە ئەم هەموو گیرفان و زێڕ و بەردە نایابە چییە بەخۆتانەوە کردووە... مۆپسی پاشای خۆتان سەرتان نەیەشـــێنێت، بزوتنەوەی (پڕۆتســـتانت) یان بابڵێین (ئێڤانگلیزم) دەبێتە نیشانەیەک بۆ (ڕیفۆرمستەکان) و لە سەدەی شازدەوە دوو کڵێســا لەدژی یەک کاردەکەن، کڵێســای کاســیولیکی و کڵێســای پڕۆتســـانت، کە ئەمەی دوایی کڵێســـای گەل و هەژاران بوو، بەجۆرێک زۆرێک لە پاشا و میر و دۆقەکان کە لەدژی هەژموونی هـابســـبۆرگ و ڕۆمـا و فـەڕەنســـیـەکـان، چوونـە ڕیزی ڕیفۆرمستەکانەوە.

ولیەمی بێدەنگ هەروەها ناســـرا بوو بە (ولیەمی نارنجی) کە لە ســـاڵی ١٥٤٤ دا بوو بە یەکێک لە میرەکانی نارنج و بە (دۆقی نارنجی) ناسـرابوو، ناوچەی ئۆتریخت و زیلاند و فریســلاندی پێ

سـپێردرابوو. هۆڵـەندای ئـەو سـەردەمـە لـەژێر هـەژموون و دەستێوەردانی پاشا فلیپی دووهەمی شای ئیسپانیا دەینالاند، کە بێگومان لەگەڵ کڵێسـای کاسـیولیکی ڕۆما و خانەوادەی پاشـایەتی هابسـبۆرگیەکان و پاشـا هێنری پاشـای فەڕەنسـیەکاندا وەک سـێ کوچکە هێزی کڵێسـای کاسـیولکی دەسـتیان بەسـەر چارەنوسـی ئـەوروپـا دا گرتبوو. هـەرچـەنـدە ولیـەمی نـارنج خۆی پیـاوێکی کاسـیۆلیک بوو، بەڵام لـەگەڵ ئـەو هـەموو کوشـتن و بڕین و ڕەدوونانە نەبوو کە کاسـیولیەکەکان لە دژی کڵێسـای پڕۆتسـاتنی ئەنجامیان دەدا. ئەمـە جگە لـەوەی هـەڵسـوکەوتی فەرمانبەرە بالاکانی فیلیپی دووهەمی ئیسپانی و باج و خەراج کۆکرنەوەیان لە ناوچەی میرەکانی هۆڵەندە تەواو بەو جۆرە بوو کە وەک ئەوەی میرەکان لای ئەوان خزمەتکاربن. ناڕەزایەتی خەڵک لە هەڵسوکەتی کاردینالڵ و قەشـەکانی کڵێسـای کاسـیولیک کە بەپشـتگیری ئیسـپانیەکان و فەڕەنسـییەکان بە ئارەزووی خۆیان بەناوی دامرکانەوەی هەڵگەڕاوە پڕۆتسـتانیەکان لە ناوچەکانی هۆڵەندا، دزیی و کوشـتن و ڕاوڕووتیان دەسـتپێکردبوو، بەجۆرێک کە گەیشـتبووە ئاسـتێکی ترسـناک. هەرچەندە ولیەمی بێدەنگ، بابڵێین دۆقی نارنجی، خۆی کاسـیولیک بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو هەڵمەتی دادگایی سـزادانی کاسـیۆلیکەکان نەبوو لە دژی پڕۆتسـتانیەکان. ئـەو بڕوای وەهـابوو، هـەموو کـەس ئـازادە لـەوەی چ ڕێبـازێکی مەسـیحی هەڵدەگرێت و لە ناوچەکانی حوکمی نارنجی نابێت ئەم دادگا ئاینیانە ڕێگەپێدراو بێت. هـەربۆیە ولیـەمی بێدەنگ لـەدژی هـەژموونی فیلیپی ئیسـپانی لـە سـاڵی ١٥٦٥ دەچێتـە بـەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە.

میرەکانی ناوچە جیاوازەکانی هۆڵاند (کۆنفیدراســـیۆنی پیاوە نۆبلەکان)یان پێکهێنا بوو، داوایان کرد کە ڕاونان و دادگایی و کوشـــتنی پڕۆتســـتانیەکان لە ناوچەکانیاندا کۆتایی پێ بێت. بەڵام هەم فیلیپی ئیسپانی و هەم هێنریی فەڕەنسی و بەپشت بەستن بە کڵێســـای ڕۆما ئەم داواکارییەیان ڕەتکردەوە. زۆرێک لەو پیاوە نۆبلە و خانەدانە هۆڵەندیانە وەک ولیەمی نارنجی کاســـیولیک بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نەبوون مەسەلە ئاینیەکان بە توندوتیژی چارەســـەر بکرێت. هەندێکی تریش لەو خانەدانە هۆڵەندییانە وەک بەشـــێکی زۆری میرەکانی دیکەی ئەڵمانیا و بریتانیا و فەڕەنســـا پشتگیری کڵێسای پڕۆتستانیان دەکرد و بوو بوون بە پڕۆتستانت. لێرەوە جەنگی هەشـــتا ســـاڵەی ڕزگارکردنی هۆڵەندا لە دەســـت فیلیپی دووهەمی پاشـای ئیسـپانیا و فەڕەنسـییەکان دەسـتیپێکرد، جەنگێک هەشـــتا ســـاڵی خایەند و لەدواجاردا بەلجیکا و هۆڵەندا ســـەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. لەم جەنگەدا چەندەها جار دۆڕاندن و خیانەت لێکردن و شکستی ڕوویدا، چەندەها گوند و شار وێران بوون، چەندەها دایک بەدوای لاشەی کوڕەکانیاندا وێڵ بوون کە لە ناو لێڕەواڕ و دارستانەکان و کەنار ڕووبارەکاندا بوونە خۆراکی گورگ و بەرازە کێویی و چەقەڵ و پشـــیلە کێوییەکان. چەندەها منداڵ هەتیوکەوتن، چەندەها ژن بێوەژن کەوتن، ئەمە جگە لە نەخۆشـــی و برســـێتی و پەتای جۆراوجۆر لەو هەشـــتا ســـاڵەدا سەمفۆنیای هاوتەریبی ئەم جەنگە بوو.

ولیەمی بێدەنگ ناوی چووە لیســـتی ئەو داواکراوانەی کە دژی کڵێسای ڕۆما وەستابۆوە، هەم لەلایەن ئیسپانیەکان و هەم لەلایەن فەڕەنســـیەکانەوە کرابووە ئامانج. ولیەم لەم جەنگەدا چەندەها

دۆڕان و سەرکەوتنی بەخۆیەوە بینی، چەندەها جار کشاوەتەوە و چەندەها جاریش شـــێرانە هەڵمەتی بۆ ســــوپای داگیرکەری ئیسپانییەکان و فەڕەنسییەکان برد بوو. پێنج جار هەوڵی کوشتنی درا و لەهەموویان بەناوبانگترنیان کە ســــەری نەگرتووە و قارەمانێتی پۆمپی باپیرە گەورەمە، کە بەمەش پۆمپی باپیرەم و ڕەچەڵەکی ئێمە دەچێتە مێژوویی ئەوروپاوە. مەخابن، تاکە جارێک کە باپیرەمی لەگەڵدا نەبوو، زەفەریان پێ برد و کوشـــتیان. بەڵام ئەمەش چیرۆکێکی ســــەیرە، با وچانێک بدەین لەدەســــت چیرۆکەکانی ئەم کۆشـــکە گەندەڵەی خاڵە گەورەی میهرەبان و بەم زمانە گازگرریەم بۆتانی بگێڕمەوە.

## ٦

ولیەمی بێدەنگی پاشـــای نارنجی هۆڵەندی، باپیرە پۆمپی زۆر خۆش ویســـتووە، متمانەی گەورەی پێی هەبووە و لەمەشـــدا زیرەکی و بەتوانایی ئەو سەرکردە ڕزگارکەرە گەورەیەی هۆڵەندا دەردەخات، کە وەک خاڵە گەورەی میهرەبان بیری تیژبووە و پلە و پایەی ئێمەی سەگی مۆپسی زانیووە. زانیویەتی ئێمە سەگی ناو مێژووین، تەنانەت ئێمە ســـەگی قســـەکەرین و دەتوانین مرۆڤ بدوێنین، هەروەک چۆن من ئێســـتا لەم چیرۆکی ژیانەمدا ئێوە دەدوێننم. ولیەم زانیویەتی کە ڕەچەڵکی ئێمە ڕەچەڵەکێکە

مێژووی قووڵی هەیە، پێدەچێت ئەویش وەک چۆن  خاڵە گەورە دەمدوێنێت، ئەویش باپیرە پۆمپی دواندبێت و پێکەوە گفتوگۆی دوورودرێژیان هەبوو بێت. دەنا لەگەڵ خۆیدا نەیدەبرد بۆ ناو جەرگەی شـــەڕە خوێناوییەکانی، بەتایبەت کە پاشـــای ئیســـپانیا فیلیپی دووهەم بیســـــت و پێنج هەزار کرۆنی  دانابوو بۆ یەکێک بتوانێت ولیەمی بێدەنگ بکوژێت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چەندەها کەس لەبەر تەماع و ماڵی دونیا و هەندێکیشـــــیان وەک (بالتازار جێرارد) لەبەر توندڕەویی ئاینی کاســـــیکۆلیکیان، هەوڵی تیرۆری ولیەمی بێدەنگ بدەن. بەتایبەت لە شەڕی نۆساڵەدا ولیەم وەک ســــــەرکردەی یەکەمی ڕزگاریخواز لە دژی ئیســـــپانی و فەڕەنســـییەکانیان شـــۆرەتی دەرکردبوو، تەنانەت تا ئێســـتاش  بە (باوکی نیشتمان) ناو دەبرێت.

هەوڵدانی یەکەم چیرۆکێکی گەنجێکی خۆشـــــباوەڕ بوو کە لەلایەن یەکێک لە بازرگانە ئیسپانیەکان (گاسپاردیا ناسترۆ) نەخشـەی بۆ کێشـرا بوو. ئەم بازرگانە بەقســەی خۆی ســێ پاپۆڕی فەوتا بوو، دەبوایە بەپێی یاســـای پاشـــا فیلیپی دووهەم (هەشـــتا دوکات) کە پارەی ئەو کاتە بووە، قەرەبوو بکرێتەوە. دەبیســـتێت کە بیســـت و پێنج هەزار کرۆنی پاشـــــایی دانراوە بۆ یەکێک کە ولیەمی بێدەنگ تیرۆر بکات، دوای ڕاوێژێک لەگەڵ هەردوو قاســـــەدارە نۆزدە ســـــاڵەکەی (ئەنتۆنیۆ دێ ڤێ نێرۆ) و(دۆمینیک فیرار) کە هەر دووکیان  لای خۆی کاریان دەکرد، نەخشـــەی پیلانی تیرۆرکردنی ولیەمی بێدەنگ دادەڕێژن. ئەم ســـــیانە، پلانی ئەوە دادەنێن کە کوشـــتنی ولیەمی بێدەنگ بە گەنجە خزمەتکارە نۆزدە ســـاڵەکەیان (خوان دی خاورەگی) بســـــپێرن. ئەمەش گەنجێکی خۆش باوەڕ و

سادە ئەقڵ بوو، هێنایانە سەر ئەو بڕوایەی، ئەو کارەی دەیکات بۆ خوای گەورە و میهرەبانە. تەنانەت بڕوای بەوە کردبوو لەگەڵ کوشـــتنی ولیەمدا ``خوا بۆی پێدەکەنێت`` نەک هەر ئەوە، بەڵکو بڕوای بە قسـەیەی ئەو سێ کەسـە کردبوو، کە دەیانگووت؛ لەگەڵ ئەنجامدانی کوشتنەکەدا دەتوانێت دەرباز بێت، چونکە یەکسەر خوا لە بینراو و دیارەوە، نادیاری دەکات و یەکســـەر نەبینراو دەبێت. جگە لەپاداشــتی خودایی کە پاداشــتی کڵێســا کاسـیولیکە، بەوەی هەڵگەڕاوەیەکی لە ئاین ســـزاداوە، جێگە و پلە و پایەکی تایبەت وەک شـاسـواری کاسـیۆلیکەکان پێ دەبەخشـرێت. ئەمە جگە لە پاداشــتی زێڕ و زیوو، شــۆرەتی پەلی خانەدانی فیلیپی ئیســپانی دووهەمیشـی پێ دەبەخشـرێت. هەر ئەم قسـە باقوبریقانە وەها لە (خوان) دەکات دەمانچەیەکی باروتی لولە پڕ ســـاچمەی ئەو زەمەنە، لەژێر جلەکانی بشـــارێتەوە و بە ســـکاڵایەکەوە بچێتە کۆشـکی ولیەمی بێدەنگ، کە ڕۆژانە دەرگای کۆشـکی بۆ سـکاڵا و شکایەتی خەڵک کراوە بوو.

کاتێک (خوان دی خاورەگی) لە هەژدەی ئازاری ١٥٨٢ سـکاڵاکەی دەداتـە دەســـت ولیـەمی بێدەنـگ، هێشـــتـا ولیـەم چـاوی پێدا نەخشـاندبوو کە خوان دەمانچە باروتیەکەی دەردەهێنت و تەقەی لێدەکات، ساچمەکە لای ڕاستی ملی دەسمێت و ئێسکی شەویلگەی چەپی دەشــکێنێت. دەمانچەکەی ســەدەی شــانزە بەشــێوەیەکی ســەرەتایی خراپ دروسـتکرا بوو، بێگومان زەمەنێک بوو هێشـتا قەوانی فیشــەک نەدۆزرابۆوە، تەنها سـاچمە و باروت بوو لە لە لولەی دەمـانچەدا. میکـانیکی ئـەم جۆرە دەمـانچـە ســـەرەتـاییـە بەوجۆرە بوو؛ کە چەکوشـــەکە دەیدا لە ناو باروتی لولەکە و

هێزی تەقینەوەی bارووتەکە پاڵ بە ســـاچمە کەوە دەنێت، لەژێر پاڵەپەســتۆ و گەرمی بارووتەکەدا ســاچمەکە دەرپەڕێتە دەرەوە و دەیدا لـە ئـامـانجـەکـە، بـەڵام زۆرجـار وا ڕێکـەوتووە دەمـانچـەکـە تەقیوەتەوە و تەقەکەر خۆیشـــی بریندار بووە. ئەمەش لە خوانی نۆزدە ســـاڵی نەگبەت ڕوویدا و هەر لەوێدا بەدەمانچەکەی خۆی بریندار دەبێت و دەکەوێت، خێرا لەلایەن پاســـەوانەکانی ولیەمی بێدەنگەوە بە شمشێرە شیشیەکانیان کوناودەری دەکەن.
هەواڵی شــکســتی تیرۆرکردنی ولیەم خێرا بە هەموو شــوێنێکدا بڵاودەبێتەوە و (گاســـپاردیا ناســـترۆ) ی گەورە بازرگان فریای هـەڵاتن دەکـەوێت و دوایی لـەلایـەن فیلیپی دووهـەمـەوە پاداشـــت دەکرێت. هەردوو خزمەتکارە گەنجە خۆشــباوەڕەکان (ئەنتۆنیۆ و دۆمەنیک) دەستگیردەکرێن و بڕیاڕی جەڕەبابەیان بۆ دەردەچێت.
جەڕەبابە، ئەو شێوە کوشتنە فەرمییەیە، کە تاوانبار دەخرێتە سەر کورســـیەک و قاچەکانی بە کورســـیەکەوە توند دەکرێت، پاشـــان ملەوانەیەکی ئاســـن یان پەڕۆیەکی قایم دەخرێتە ملی، لە پشـــتی کورســـییەکەوە بە قۆڵێکی ئاســـن یان بە قۆڵێکی دار، بادەدەرێت تـاوەکو ملـەوانـەکـە ملی دەشـــکێنێت. ئـەم جـەڕەبـابـەیـە میتۆدی ئیســـپانییەکان بوو لە ســـەدەی ناوەڕاســـتدا، بەڵام مێژووی ئەم جەڕەبابەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆمای پێش لەدایکبوونی مەســـیح و دواجار کە ئەم شــێوازە بەکارهاتووە لە ســاڵی ١٩٥٩ دا بووە، کە تاوانبار (خۆسیە ماریە کاربۆ) ی پیاوکوژیان پێ جەڕەبابەدا، ئەمە دوا بەکارهێنانی بوو و ئیدی قەدەغە کرا... دەرئەنجامی هەوڵدانی یەکەمین تیرۆرکردن، ولیەمی بێدەنگ شـــەویلگی چەپی تووشـــی شـــکان دەبێت و ماوەیەکی زۆر خواردن و قســـەکردنی نامێنێت،

بەڵام وردە وردە چاکدەبێتەوە. ئەم شـــــەویلگ شـــــکانەی تا دوا هەناســـــەی تەمەنی کێشـــــەی قســـــەکردن و جووینی خواردنی بۆ چێکردبوو... وەک چۆن  خـاڵـە دەیگووت`` ئـەم ورگـەم بۆتـە دوژمنم``  ئاوا شەویلگەی شکاوی ولیەمی بێدەنگ تا دواهەناسەی بووە دوژمنی و ژیانی لێ تاڵ کردبوو.

بەم ســـــەگییەی خۆمەوە ئەوەندە لە مێژووی مرۆڤ فێربووم کە دەسەڵاتداران هەمیشە شوێنێکی لەشیان دەبێتە دوژمن لێیان و تا مردن  وەک دوژمنێکی نـادیـار بـەدوویـانـەوە دەبێـت. زۆربـەی دیکتاتۆرەکان ئەم دوژمنەیان پێ لەناو نەبراوە و هەمیشە لە لەشی خۆیاندا هەڵیانگرتووە، بۆ نموونە؛ یۆلیۆس ســـێزەر ئەو دیکتاتۆرە ڕۆمـانییەی کـە فـەیلـەســـــوفیش بووە و هـەموو ئـەوروپـای کۆنی داگیرکرد، برینێکی پیس و بۆگەنی لەســـــەریدا هەبوو، کە تەنها ســـــەگ و ئەســـــپ و گوێدرێژ دەیگرێت و تامردن پێوەی ناڵاند. پلۆتارچ مێژوونوسی ڕۆمانی کۆن باسی ئەوەی کردووە؛ یۆلیۆس ســـــیزەر دەســـــتلـەرزین و پـەڕکـەمی هـەبووە. خۆش لـەوەدایـە پەڕکەمەکەی لەلایەن ماســـــتاوچیی و گووپاکەرەوەکانی کۆشـــــک وەها لێکدراوەتەوە، کە ئەوە ســـــاتی  خواوەندەکانە کە دەســـــت لە یۆلۆس ســـێزەر دەدەن.هەروەها کینگ جۆرجی ســـێهەم  پاشـــای ئینگلتەرا و سەرکردەی جەنگی  حەوت  ساڵەی ئەمریکا، نەخۆشی شـــێتی هەبوو، بەجۆرێک جارجارە بەتەواوەتی دەڕووخا و شـــێت دەبوو، دەبوایـە دەســـــــت و دایـەرەکـەی بۆ مـاوەیـەک چـاکـەتی قۆڵبەســـــتی پێ لەبەر بکەن و بیبەســـــتنەوە  و دووریبخەنەوە لە خەڵک  تاوەکو هێوردەبێتەوە. دوایی لەشـــەســـتەکاندا لێکۆڵەرەکان

به تۆماریی پزیشکی شاهانەی جۆرجی سێهەمدا چوونەوە بۆیان دەرکەوت کە نەخۆشـــی (پرۆفیریا)ی هەبووە ئەویش جۆرێکە لە نەخۆشـــی کە چیتر خڕۆکە ســـوورەکان توانای گواســـتنەوەی ئۆکسجینی پێوستیان نییە بۆ خانەکانی لەش، دەماغی مرۆڤیش کە لەژێر کەمی ئۆکسجیندا بناڵێنێت، مرۆڤ تووشی شێتبوون دەبێت، گێژ و وڕیی و بوارەنەوە و ڕشـــانەوە و تەرزە دروســـتبوون لە قاچەکاندا دروستدەکات. بەکورتی و بە کوردیی؛ خوێنی خۆی لێی بوو بووە دوژمن. ســەیر لەوەدایە جۆرجی سـێهەم حەوت ســاڵ لەکاتی داگیرکردنی ئەمریکادا خوێنی خەڵکی ڕشـــت، بەڵام لەگەڵ خوێنی خۆیدا شەڕی بۆ نەکرا. لەم چیرۆکەی ژیانی منیشدا و بۆ نەگبەتی من، خاڵە گەورەی میهرەبان و ورگە زلەکەی لێی بووە دوژمن و تووشی جەڵدەی کرد.

بەڵام با بگەڕێنەوە ســـــەر چیرۆکی یەکەمین هەوڵی تیرۆری ولیەمی بێدەنگ و ئەوەی لەم چیرۆکەدا جێگەی پێکەنینە، ئەو بڕوا پتەوەی ئەم گەنجە سـەرلێشـواوەوە (خوان) بوو، بەوەی کە دوای ئەوەی ولیەم دەکوژێت، ئەوا خوای میهرەبان خەبەری دەبێتەوە و بۆی پێدەکەنێت، و بە قودەرتی قادر خێرا وەک خێو لەبەرچاوان ونیدەکات. هەربۆیە دوایی کوشـــتنی، گیرفانەکانی (خوان دی خاورەگی) نەگبەت دەپشـــکنن؛ دوو جزدانی تورەکەیی لە پێســـتی ســـمۆرەی ئاویی و چەند متومورویەک، مێویی مۆمی ســـەوز، و چەند پارچە دوعایەکی نوسراو بە ئیسپانی تێدا بوو. بە مەزندەی ئەقڵی خۆی ئەم شـــتانە دەیپارێزن لە کوشـــتن و دەتوانێت وەک بەرزەگی بانان بۆی دەرچێت.

با من، مۆپسی پاشای سەگی ڕێنیسانس زیاتر قسەنەکەم، و خۆتان لە ئینتەرنێت بە ئینگلیزی یان ئەڵمانی یان هەر زمانێکی دیکە، سەیری هێڵکارییەکەی (فرانس هۆگن بێرگ) بکەن کە لە ساڵی ١٦١٦ دا بڵاوکرایەوە، تێدا خوان ڕاکشاوە و لەهەموو لایەکەوە ڕمیان چەقاندۆتە لاشە ساردبۆوەکەی. یاخود تابلۆی زەیتی هونەرمەندی هۆڵەندی سەدەی نۆزدە (نیکلۆس پینەرمان) بەناوی (هەوڵی کوشتنی ولیەمی بێدەنگ) لە ساڵی ١٥٨٢، کە ئەمە تابلۆیەکە ولیەم لەلایەن شازادەی ژنییەوە تەداوی دەکرێت. تابلۆیەکی جوانە و چەندەها جار من و خاڵە لەسەفەرەکانماندا بۆ ئەوروپا، دەچووین بۆ هۆڵەندا و پێکەوە سەیری ئەم تابلۆیەمان دەکرد. بەتایبەت خاڵە باسی دڵسۆزی شازادە (شارلۆتە بۆربۆنی) ژنی دڵسۆزی ولیەمی دەکرد، کە چۆن شەونخوونی بەدیار ولیەمی بریندار و برینپێچی بەردەوامی وای لێکرد دوای شەش مانگ ولیەم چاک بێتەوە، بەڵام ئەو لەهیلاکی و شەونخونیدا هێز لە لەشیدا نەمێنێت و بمرێت. هەموو جارێک خاڵە دەیگووت`` ئاخ سەد ئاخ مۆپسی پاشا، من دەزانم هەر چاوم بنووقێنم، هوما و ڕەعنای شەش قوز پێستم بەزیندوویی دەگوورون، ئێستا ماوم جاسوسیم بەسەرەوە دەکەن و پیاوەکانم دەکڕن، جا وەرە بریندار بم و بکەومە سەر جێگا``

ئەو ڕووداوەی باپیرە پۆپیمی تێدا بەناوبانگ بوو، ڕووداوێک بوو لە ساڵی ١٥٧٢ دا ڕوویدا، ڕێگەم بدەن ئەم چیرۆکەی دیکەی زەمەنی ڕێنیسانستان بۆ بگێڕمەوە؛ کاتێک ولیەمی بێدەنگ

گەمارۆی شـــاری (مۆن) دەدا  کە ئێســـتا شـــارێکی بەلجیکییە، دەیەوێت لە ســـوپای ئیســـپانیەکان بدات، بەخۆی و هێزێکیەوە لە لایـەک و براکـەی ولیـەم (لویســـی نـاســـــاویی) لـەلایـەکی تر، بەشـداربوون لە گەمارۆدان و شـەڕی ڕۆژانەدا. ولیەمی بێدەنگ لە یەکێک لە هێرشـــەکانیدا لەبەرامبەر هێزەکانی (دۆن فێرناندۆی دۆق و خانەدانی ئەلبا)ی ئیســـپانی ســـەرکەوتوو نابێت. ئەم دۆقە لە ئازایەتی و توندوتۆڵی پلانە سەربازییەکانی لە مەیدانی شەڕدا بە (دۆقی ئاســـنین) ناســـرابوو. ولیەمی بێدەنگ و باپیرە پۆپیم دەکشێنەوە بۆ گوندێکی نێزیک شاری مۆن. شەوەکەی کە دەیکردە یازدەی ســێپتمەبەری ١٥٧٢ کاتێک ولیەمی نارنج لەچادرەکەیدا لە پڕخـەی خـەودا دەبێت، باپیرە پۆمپی لـە ســـرتـە و دەنگی پێی وەئاگادێتەوە، خێرا هەڵدەکەوتێتە ســـەر ولیەمی بێدەنگ و بە چەپۆک و وەڕین خـەبـەری دەکـاتـەوە، بـەجۆرێک پیاوکوژەکـان فریاناکەون ولیەم بکوژن، هەر لە چاردەکەدا شـەڕ دەسـتپێدەکات. هێزەکانی ولیەم لەو هێرشـە کتوپڕەدا شـەش سـەد کەسـیان لێ دەکوژرێت، بە دۆڕاویی بەرەو سـنوورەکانی ئەڵمانیا دەکشـێنەوە. براکەی ولیەم بەناچاری شـاری مۆن بەدەسـتەوەدات و ئەمشـارە لەنێوان فەڕەنســی و ئیســـپانیەکاندا بەشـــدەکرێت. دیارە زۆربەی هێزکەی ولیەم و تەنانەت وەک هەموو ســـوپاکانی ئەو کاتە لە جـاش پێکهـاتبوون، خـەڵکی هـەژار بوون و بۆ بژێویی دەبوونـە شـــەڕکەری میرەکان، جارێک لای ئەم میرە و جارێکیتر لەکوێ مووچەی باشتر بوایە دەچوونە پاڵ ئەو هێزە. لەو هێزە گەورەیەی ولیەم  هیچی وای لێ نامێنێتەوە چونکە ولیەم پارەی پێ نامێنێت. ماوەیـەک لـە زێدی خۆی، لـە ئـەڵمـانیـا ونـدەبێت و تـا دەگـاتـەوە

ناوچەکەی خۆی لە هۆڵەندا، تەنها باپیرە پۆمپیم و دڵسـۆزەکانی لـەدەور دەمێنن. ولیـەم بڕیـارڕ دەدات بـە بڕیـارێکی شـاهـانـەی خانەوادەی نارنج، ناو و ڕەچەڵەکی مۆپسـی ئێمە، و باپیرە پۆمپی وەک سـەگی ڕەسـمی خانەوادەی نارنج بە مەڕسـومێکی شـاهانە بناسـێنن. ناسـاندنێک، هەر وەک چۆن خاڵە گەورە لە دەسـتور و یاسـادا دەسـەڵاتەکانی منی لەم مەملەکەتەدا چەسـپاند، ئاوا باپیرە پۆپیم دوای ئـەوەی وەک ڕزگارکـەری ولیـەمی بێدەنگ نـاوبـانگی دەرکرد، بووە سەگی بێ ڕکابەری خانەدانەکانی ئەوروپا...

مەخابن، لەو کاتەی باپیرە پۆمپی لەگەڵ ولیەمدا نابێت، هەوڵدانی پێنجـەمی تیرۆرکردنی ولیـەمی بێدەنگ سـەردەگرێت. ئـەمـەش چیرۆکی پیاوێکی کاسیولیکی فەڕەنسیە، کە لەناوچەیەکی فەڕەنسی سـەر بە حوکمڕانی ئیسـپانیەکان لە ناوچەی (فرانس کۆنتێ) لە خێزانێکی کاسیولیکی لە دایکبوو، لە زانکۆی دۆلێ خوێندنی یاسای تەواو کردبوو. دوای ئەوەی دەبیسـتێت کە فیلیپی دووهەم بیسـت و پێنج هەزار کرۆنی بۆ سـەری ولیەمی بێدەنگ تەرخانکردووە، بڕیـارڕدەدات ولیـەم تیرۆر بکـات. هـەنـدێـک لـە مێژوونوسـانی خـانـەوادەی نـارنج دەڵێن؛ پـەروەردەی کـاسـیولیکی تونـدڕەویی (گێرارد بالتازار) مۆتیڤێکی بەهێزتر بووە لە بردنەوەی خەڵاتەکە.

گێرارد بـالتـازارد لـە مـانگی ئـازاری ١٥٨٤ دەچێت بۆ نـاوچـەی (تیرێر) و پلانەکەی بۆ ئەفسـەرێکی باڵا (ژوسـتین) ئاشکرا دەکات، بەڵام ئەوان پلانێکی دیکەی بۆ دەکشـێین و ڕازیدەکەن لەسـەر ئەو پیلانـە نوێیـە بڕوا بـەڕێوە. هــەر بۆیــە قــەشــەی گەورەی فرانسـیسـکایەکان لە شـاری (تورنێ) نامەیەکی پشـتگیری بۆ

دەنوســـێت کە بیبات بۆ میری (پارما) و تێدا نوســـرابوو؛ ``ســـوارچاکێک بۆ دادپەروەریی و ئیرادەی پاشـــا ژیانی خۆی بەختدەکات`` بەڵام میری پارما کۆی ئەم کارەی بەدڵ نابێت و دەینێرێت بۆ لای (کریســـتۆفەر ئاســـیوفیلی) کە فەرمانبەرێکی بەدەسەڵات بووە. هەرچەندە بالتازار داوای پەنجا کرۆن دەکات بە قەرز بۆ کڕینی جلێک وەک ئەفســـەر، بۆئەوەی وەک خانەدانێک دەربکەوێت و دوو دەمانچەشـــی پێ بکرێت، بەڵام ئەم داوایە ڕەتدەکرێتەوە. لەدواجاردا دەڵێت ``چەند هەفتەیەکی دیکە هەواڵی کوشتنی ولیەم دەبیستن``

لێرەوە دوو گێڕانەوە هەیە لەم چیرۆکەدا؛ یەکەمیان ئەوەیە دەڵێت؛ بالتازار خۆی وەک پرۆتستانتێکی ڕاکردوو لەدەست زوڵمی کڵێسای کاسیولیکی فەڕەنسی، بە ولیەم ناساندووە، بەجۆرێک کە کاری تەتەریی بۆ ولیەم ئەنجامداوە و نامەبەری ئەو بووە بۆ هاوپەیمانەکانی لە فەڕەنسا. لەوێوە، پەنجا کرۆنی دەستکەتووە و دوو دەمانچەی پێ کڕیووە. هەندێکی تر دەڵێن؛ کە بەجلی دڕوا و پیســـەوە چۆتە کۆشـــکی ولیەم و لە پاســـەوانەکان پاڕاوەتەوە کە پیویســـتی بـــە جلی گونجـــاو و پێڵاوی گونجـــاو هـــەیـــە بۆ بەشـداریکردنی لە چالاکیەکانی کڵێســا و پاســەوانەکان توانیوویانە پەنجا کرۆنی بۆ پەیدا بکەن، بەمەش دوو دەمانچەی پێ کڕیووە.

بالتازار بە جلە ئەفســـەرییەکەیەوە لە دەی تەمووزی ١٨٥٤ لە کۆشـکی ولیەم لە شـاری (دێلف) خۆی دەشـارێتەوە. کاتێک ولیەم خەریکی پشـکنینی پاسـەوانەکانی بوو، لە کاتێکدا کاپتنی کۆشـک لەبەردەمی ولیەمدا لەســـەر چۆک بوو، لە ســـووچێکی تاریکەوە گێرارد بالتازر بەخۆی و دوو دەمانچەکەیەوە هەڵدەکوتێتە ســـەر

ولیەم و سێ فیشەکی پێوە دەنێت، ولیەم یەکسەر دەکەوێت بە زەویدا و دوا ڕستەی لە کۆشی خوشکە میهرەبانەکەیدایە، کە لەو کاتەدا لەتەنیشتیەوە دەبێت ئەوەیە ``خودایە بەزەیت بە من و میللەتە هەژارەکەمدا بێتەوە``

بالتازار پێشتر پێستی فووتێکراوی میزەڵدانی بەرازی لەخۆی بەستبوو، بەونیازەی دوای ئەوەی دەگاتە دەرگای کۆشک و لە جۆگەیی بازنەیی دەوری کۆشک خۆی بەو چوپە بەرازەی قەدیی دەرباز بکات، و سەر ئاو بکەوێت، بەڵام پشتێنەکە کار ناکات و زۆر زوو دەکەوێتە ناو جۆگە قووڵە پیسەکەوە. لەلایەن بەرازەوان و پاسەوان و کارەکەری کۆشک دەور دەدرێت و دەهێنرێتە دەرەوە. هێشتا لەژێر شەق و پێلەقە و کلکە شمێردا دەبێت، کە دەبیستێت هێشتا ولیەم لەژیاندا ماوە، هاوار دەکات``ئەو دەستە بە نەعلەت بێت کە ئامانجەکەی ناپێکێت`` هەموو جارێک کە خاڵە گەورە دەگەیشتە ئەم بەشەی چیرۆکەکە دەیگووت `` ئاخ سەد ئاخ، مۆپسی پاشا، گەر ولیەمی بێدەنگ باپیرەتی لەگەڵدا بوایە، ئەو دەستەی ئاشکرا دەکرد کە بۆ کوشتنی نەعلەت لەخۆی دەکات. بیرت دێت چۆن تۆ ئەو دەستەت بەیەک وەڕین ئاشکرا کرد`` ئەمەش چیرۆکێکی ترە و لەبەشەکانی دیکەدا یان لە کتێبێکی تردا گەر یادەوەرەییە سەگانەکەم و زەمەن یارم بێت، بۆتانی دەگێڕمەوە.

ولیەمی بێدەنگ دەکوژرێت و گێرارد بالتازاریش دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر بڕیاری کوشتنی دەردەچێت، لە کۆی ڕۆژانی ئەشکەنجەدا داوای بەزەیی ناکات و لە دادگاییەکەدا خۆی بە سوارچاکی خوای گەورە وەسفدەکات. تەنانەت خۆی بە

(داڤیدی جولەکە) دەشوبهێنێت کە (گولاتی زلحۆرت)ی کوشتووە. داڤید وەک لەتەوراتدا هاتووە گەنجێکی لاواز و شوانکار دەبێت، بە قۆچەقانیەک بەرەنگاری گولاتی زەبەلاح دەبێتەوە و لەیەکەم هاویشتندا بەردێک لە ناواچەونی دەدات و دەیکوژێت، دوایی سواری سەری دەبێت و سەری لێدەکاتەوە. بەڵام دادگا گوێ لەو چیرۆکانە ناگرێت و قورسترین جۆری کوشتنی بەسەردا دەسەپێنێت؛ سەرەتا دەبێت دەستی ڕاستی بە ئاسنی سوورە بوو بسوتێنرێت تا دەگاتە سەر ئێسقان. پاشان دەبێت لە شەش شوێنی جیاوازەوە بە گازی ئاسنین گۆشتی لەشی بپچڕن. دوایش بە چوار ئەسپ دەست و قاچی ببەستنەوە و بیکەن بەچوار لەتەوە. نەک هەرئەوە، بەڵکو دەبێت دوایی ناوسکی بهێنرێتە دەرەوە و دڵی لە سنگی بهێننە دەرەوە و بیخەنە سەر دەموچاوی و دواجاریش سەری بپەڕێنن.
دوای کوژرانی ولیەم و گیراردی بکوژی، دووبڕیاڕی شاهانە، لەدوو دەسەڵاتی پاشایەتی جیاوازی کاسیولیک و پرۆتستانەوە دەردەچێت. دوو بڕیاڕ لەلایەن دوو خانەوادەی شاهانەی ئەورووپیی دوژمنی یەکترەوە دەردەکرێت؛ یەکێکیان بۆ کوژراوەکە و ئەویتر بکوژەکەیە... یەکەمیان بڕیاڕی کاسیولیکەکانە بۆ خانەوادەی بکوژەکە کە لەلایەن فیلیپی دووهەمی پاشای ئیسپانیا دەردەچێت بەوەی جگە لەوەی بیست پێنج هەزار کرۆن دەدەن بە خانەوادەی بالتازار، ئەوا پلەی خانەدانیشیان پێ دەبەخشرێت. بێگومان ئەم پلەیە هاوپێچە لەگەڵ بەخشینی کۆشکێک و چەندەها دۆنمی و زەوی زار. بەپێچەوانەی ئەمەوە، بەپێی بڕیاڕی خانەوادەی نارنجەکان، کە خانەوادەی پرۆتستانین، ولیەمی دووهەم بە

ڕەسمی قەبرێکی پەیکەریی مەڕمەڕی لە (کڵێسای نوێ - شاری دێلف) بۆ دەکرێت، بەجۆرێک کە لەسەر قەبرەکە پەیکەری ڕاکشاوی ولیەمە و لەبەر قاچیدا باپیرەم، سەگە دڵسۆزە شاهانەکەی ولیەم، پۆپی، ڕاکشاوە. دەبێت ئەم دووپەیکەرە لەسەر مەزاری ولیەم بە بەردی مەڕمەڕ دروستبکرێت، بەمەش بۆ یەکمجارە سەگێک لە مەزاری کڵێسادا بوونی هەبێت. دەڵێن کڵێسا نەیتوانیووە لە دژی پەیکەری مۆپسەکەی ولیەم قسەبکات، لەبەر دووهۆکار؛ یەکەمیان چونکە دەمێک بوو پۆپی پلەکەی بۆ سەگی خانەدان و شاهانە بەرزکرابۆوە و مۆر و ئیمزای پاشای لەسەر بوو، دووهەمیان یادی وەفا و خۆشەویستی بونەوەرێک بوو کە خودا خەڵقیکردووە و هاوڕێی مرۆڤە و ناوی لەکتێبە پیرۆزەکاندا هاتووە. جگە لەوە هەردووکیان، ولیەم و مۆپسەکەی، کە بە پۆپی ناسرا بوو، دوو هاوڕێی تەمەنی یەکتری بوون کە تەنها مردن لێکی جودا کردنەوە.

لێرەدا دەمەوێت سەرنجی ئێوە بۆ چەندەها تابلۆیی بەناوبانگ ڕابکشێم کە ئەوە دەسەلمێنێت لە سەدەی شازدەوە تاوەکو هەڵوەشاندنەوەی لەسەرخۆی ئۆرستۆکراتیەت لە ئەوروپادا، ڕەچەڵەکی ئێمە سەگی ناو ساڵۆنە ئەدەبیەکانی سەردەمی ڕۆمانتیک و ئەدەب و نیگارکێشی و تەنانەت فۆتۆگرافی باڵا بووە. سەرنجتان بۆ تابلۆ بەناوبانگەکەی (لویس میخایل ڤۆن لۆ) ڕادەکێشم کە پۆرترێتی شازادەی بنەماڵەی قەیسەری ڕووسیا، شازادە (کاترینا دیمیتریڤانا) یە کە تابلۆیەکی زەیتیە لە ساڵی ١٧٥٩ لەسەر خام نیگارکێشکراوە، تێدا شازادە کاترینا مۆپسە خۆشەویستەکەی لە باوەشدایە و زمانی دەرهێناوە. ئەو تابلۆیە لە

یەکێک لە هۆڵەکانی مۆزەخانەی پوشکین لە مۆسکۆدا نمایشکراوە. هەروەها نابێت سەگە بەناوبانگەکەی نیگارکێشی ئینگلیزی (ولیەم هاگەرز) لەبیر بکەین، کە لەساڵی ١٧٤٥ خودپۆرتریتێکی خۆی و مۆپسەکەی کردووە کە ناوی (ترامپە) و ئەویش وەک مۆپسەکەی کاتەرینا زمانی بۆ نیگارکێشەکەی دەرکێشاوە. خۆ ئەوە باسی ئەدەبیاتی ئەم دونیایە ناکەم کە باسی زیرەکی و وەفاداریی و دڵسۆزی مۆپس دەکات، بۆ نمونە شاعیر و ڕۆماننوس و درامانوسی بەناوبانگی ئەڵمانی (ڤۆلڤگانگ گۆتە) کە لەسەدەی ڕۆشنگەریدا ژیاوە، یەکێکە لە ڕۆمانتیکەکانی ئەوسەردەمە، چیرۆکێکی هەیە بەناوی (ئیدل شتاین و مۆپسەکەی) ئەمە جگە لە چەندەها فۆتۆگرافی بەناوبانگ کە فۆتۆی جوانی مۆپسیان لە گەلەرییەکانی جیهاندا نمایشکردووە. بێگومان چەندەها ڕۆمان و گێڕانەوەی جۆراجۆر گەواهیی ئەوەدەدەن، کە ئێمە ڕەچەڵکێکی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەر و ڕۆمانتیکین، نەک جنێوفرۆشی کۆشکەکانی گەندەڵی.

٧

بیرمدێت دوای هەوڵدانی کوشتنی خاڵە، بۆ پشوو پێکەوە لەگەڵ خاڵە گەورەی میهرەبان چووین بۆ (کڵێسای نوێ) لەشاری (دێلف)ی هۆڵەندا، ئەوە کاتێک بوو کە هێشتا خاڵە گەورە وەڕینی

منی نەکردبووە یاســـا لە پەڕلەماندا و وێنە بەرلینیەکەی من و ئەوی نەکردبووە مەرسـومێکی سـەرۆکایەتی. ئەو ڕۆژەم بیرمدێت چـەنـد مـانگێـک بوو دوای ڕووداوەکە، کە خـاڵـەم لـە مردنێکی تراژیدیی ڕزگارکرد. دوای ئەوە، خاڵە گەورەی میهرەبان کە ئەم چیرۆکـەی میری نارنجی و باپیرە پۆمپی بۆ گێڕامـەوە گووتی ``مۆپسی گیان دەبێت هەمیشە چاو و قوونم کراوە بێت، دەنا وەک ولیەمی بێدەنگم بەســـەر دێت و لەیەک غەفڵەتدا دەمکوژن. من خۆم دەزانـم گــەلاڕێزانی شـــــەش قوز و لــەشـــفرۆش و مەســـینەخۆرەکانی چواردەورەم چیان لە بن ســـەردایە، هەر چاو بنووقێنم فەوتاوم. خۆ بیرتدێت گەر تۆ نەبوویتایە، جەماله تەوری مەکتەب ســیاســی دایکخۆگێم، بە ناوی ئەوەی دەســتی تووشــی نەخۆشی پێست بووە، ویستی بە دەستکێشێکی زەهرەوە تەوقەم لەگەڵدا بکات، تۆش خێرا وەڕیت، ئەویش پاشـــاوپاش گەڕایەوە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. بەڵام من نەمهێنـایە ســـەر خۆم و تۆم هێورکردەوە. خۆ ئەگەر هەســتی بۆنە تیژە دڵسـۆزەکەت نەبوایە دەمێـک بوو کوژرابووم. بەڵام دوای عەیـامێـک جەمـالی تەور وەشێنی مەکتەب سیاسیمان بە زەهری ئەتۆمی کە لە موخابەراتی ڕووســـیەوە بۆمان هاتبوو، ســزادا. زەهرەکە لەســـەرخۆ ســاڵ و نیوێکی ویســت تاوەکو بەکاوەخۆ ئێسـک و هەناوی خوارد، بەقەد زەڕنەقووتەیەکی لێ مـایەوە. تەنـانەت ژن و کچە قەحبەکەی لە ژوورێکی تـاریکدا لەنـاو گووی خۆیدا فڕیـاندابوو، چونکە چـاوە زەڕنەقووتەیی و ســـەرە بچوکبۆوەکەی لەژێر کاریگەری زەهرە ئەتـۆمـیەکەدا بەرگەی خـۆری نەدەگـرت. ئەو تەور وەشـــێنە ترســنۆکەی کاتی خۆی لە پشــت منەوە و بە فەرمانی شـیروانی

مچەگەڕی جێگرم گەنجێکی شــــۆڕشــــگێڕی بە تەور کوشـــــت، بەشـانازیەوە بەخۆی دەگووت جەمالی تەور. دەیویسـت دوای ئەم هەموو ساڵە گوونی بەسەر خاڵە گەورەی نیعمەتیدا شۆڕ بکاتەوە، بەڵام دوایی بەزەلیلی لەناو گووی خۆیدا تۆپی. ئەی چۆن من هەر کە تۆم لەبەرلین بینی زانیم تۆ سەگێکی مێژوویت، تۆ ئەسڵزادەیت و ڕۆژێـک دێـت وەک پۆمپی ولیـەمی نـارنجی من لـە هـەولێکی کوشتن ڕزگار دەکەیت``

بیرمدێت، هەر دوای ئەو ڕووداوە و ســــەفەرەکەمان بۆ شـــــاری دێلفی هۆڵەندی و کلێسایی نوێ، خاڵە گەورە سەرۆکی پەڕلەمانی بانگکرد و پێیگووت``وەرە قووندەر، نازانم چۆنی دەکەیت، بەڵام دەمەوێت هەفتەی داهاتوو لە یاسا و دەستوردا هاتبێت، کە دەبێت دوای وەڕینی مۆپســــی پاشـــــا، دەبێت ئەوی بەرامبەر یەکســــەر بێدەنگ بێت، جا کەرگەوزەکەی تۆ بێت یان کەرخانەکەی من بێت. دووهەم؛ دەبێت هەموو فۆتۆکانی من کە لەتەنیشـــت (مەلاگەورەی دەمگەوهەر) دانراون بە فۆتۆ بەرلینیەکەی من و مۆپســــی پاشــــا جێگەی بگیرێتەوە. ئەو فۆتۆیەی (هـانز شـــــایدەر) ی فۆتۆگرافی هاوڕێم چرکاندوویەتی، تێگەیشـــتیت قووندەر؟! مەبەســــتم ئەو فۆتۆیەی کە من مۆپسی پاشام لە باوەشدایە``
کە ســــەرۆکی پەڕلەمان لەبەر خۆیەوە پرتەپرتێکی کرد خاڵە گووتی `` کرتە کرت مەکە وەک مامری حیز، بەسـە گارە گار، بڕۆ ئەوە بکە کە من پێدەڵێم. دوایی کاری لابردنی زیاتر لە سێ ملیۆن لە فۆتۆکانی من لەم مەملەکەتە و جێگرتنەوەی بە فۆتۆ تازەکەی هـانز شـــــنایدەر، بە کۆمپانیاکەی براکەت دەســــپێرم. بودجەش

کراوەیە بۆ چەورکردنی قوونی ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆن و چەپەکان`` سەرۆکی پەرلەمانی قووندەر وەک چۆن خاڵە وای پێدەگووت، کە ئەمەی بیست لەخۆشیاندا گووتی`` ئەی چۆن گەورەم، مۆپسی پاشا لوتفی هەیە، نەجیبزادەیە``

دەمەوێت لێرەدا تێبینیەک بڵێم؛ خاڵە جاران وەها نەبوو، گەر یەکێک بە من یان بە خاڵەیدا هەڵبدایە دەموچاوی گرژدەکرد و دەیگووت``سکتیر، ماستاوم بۆ مەکە، خاڵە کەر دەکەیت`` بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی ورگە حەزیاکەی هەر وەک خۆی دەیگووت`` لەژێر کۆنترۆڵی مندا دەرچووە و بە گەدەم بیردەکەمەوە``حەزی لەو ماستاوچیی و مەسینە هەڵگرانە بوو، کەیفی پێدەهاتن. بەمەرجێک بە ئاشکرا پێیدەگووتن`` مەسینە خۆر`` خۆ ئەگەر وەسفی منیان بکردایە قاقا پێدەکەنی و دەیگووت `` هههههە، وایە، مۆپسی پاشا سەگی ڕێنیسانسە و شاهانەیە، زیرەکە ئەوەندە دەزانێت کە ئەو شاهانەیە و تۆش مەسینەخۆری. دە بڕۆ تڕکەن لە جیفڕکخانە کوردییەکەدا شەڕ بۆ یاساکەی مۆپسی گیان بکە`` هەر بۆ زانینتان لە فەرهەنگی خاڵە گەورەی میهرەباندا پەرلەمان ناوی ``جیفڕکخانە`` بوو، بە مەکتەب سیاسی حیزبی دەگووت``کەر گەوز`` بە میدیای حیزب و ئازادی دەگووت ``زەڕخانە`` کە کورتکراوی (زەڕین -خانە) بوو. بەمجۆرە خاڵە گەورەی میهرەبان خاوەنی فەرهەنگێکی سیاسی بوو کە هەموو ناوێکی پڕ بەپێستی کەسەکە بوو. زۆرجار وەهام هەستدەکەت غەدر لەوی بەرامبەر دەکات، بەڵام دوایی کە فایلی ئەمانەی بۆ باسدەکردم دەمزانی کەمتری گووتوە و شایەنی لەوە زیاترن. بۆ نموونە؛ بە مەلا سەعیدە پیری نەمساوی ئەندام مەکتەب سیاسی

دەگووت ``گووخۆری بەعســـیەکان`` بە فەرهاد عەزیزی دەگووت `` فیفی عەبدە`` و بە زەبور ئەڵمانی دەگووت `` گەوادی زەریف`` چونکە هەر لەکۆنەوە لەدوای ڕووخانی شـــۆڕشـــی مەلا گەورەی دەمگەوهەر کە دەگاتە ئەڵمانیا جگە لە جاســـوســـی، گەوادی بۆ سەفیرە نوێیە بەعسیەکان دەکات و دەیانباتە (سڤینگە کلوبەکان)ی فرانکفۆرت و میونشـــن و ماڵە تایبەتەکانی لەشـــفرۆشـــی. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەوە بەناوبانگ بوو بەردەوام نوکتەی بۆ کارمەندە بەعسیەکانی سەفارەتی ئێراقی دەکرد و تەنانەت یەکێک لە هاوڕێ کچە بەڕەلاکانی لەسەر ئەوە وازی لێ هێنا کە شەوێک حەشیشی مارانەی دابووێی و بۆ جێگیری ســـــەفیری بەجێهشـــــتبوو. دوایی کچە لە پۆلیس شـــکاتی لێ کردبوو، تاوەکو بە بڕێک پارە داواکەی کشـــــاندەوە. ئاوا لەم کەرگەوز و جیفرکخانەیەدا خاڵە گەورە فەرهەنگێکی گەورەی بێ وێنـــەی هەبوو بۆ وەســـــفکردن و پێناسەکردنیان.

هەر دوای ئەوەی ســــــەرۆکی پەڕلەمان، ببوورن ``ســــــەرۆکی جیفرکخانەکە`` بەپێی قاموســــــەکەی خاڵە گەورە، کۆشــــکی بەجێهێشــــــت، زۆری نەخایەند کە لەماوەی هەفتەیەکدا بەکۆی ئۆپۆزیســــیۆن و حزبەکەی ئێمە و حزبەکەی کوڕانی مەلای دەمگەوهەر و هەروەها بەپێی دەنگی هەموو فراکســــیۆنەکان، تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی عەلمانی و ئیسلامی و چەپەکانیشەوە بەپێی بڕگەی دووهەمی دەســــەلاتەکانی ســــەرۆک، دەنگیاندا بە یاســـا نوێیەکە، کە یاســـای ژمارە حەفتاوپێنج بوو لە بڕگەی شـــەشـــی دەســــــەلاتەکانی ســــــەرۆکدا بەڕوونی هاتبوو `` یەکەم؛ وەڕینی مۆپســـی پاشـــای خاڵە گەورەی نیشـــتمان حیکمەتە، ســـاتێکە کە

سـەرۆک بیر لەنیشـتمان دەکاتەوە و  مۆپسـی پاشـا داوا دەکات، دەبێت هەمووان لەو سـاتەدا بێدەنگ بن. دووهەم؛ فۆتۆ بەرلینیەکی خاڵە کە مۆپســی پاشــای لەباوەشــدایە، فۆتۆی فەرمی دەوڵەتە و هەموو دژەکارییەکی ئەم یاسایە لە چوارچێوەی یاسایی تاوانکاری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت``

لەو ڕۆژەوە من، مۆپســـی پاشـــا، وەک جێگری ســـەرۆکی وڵات، تەماشـا دەکرام. تەنانەت وێنەی سـەرۆک کە لە تەنیشت سـەرۆکی میهرەبان خوالێخۆشــبوو مەلا گەورەی دەمگەوهەر لە وەزارەت و شوێنە فەرمییەکاندا هەڵدەواسرا، تەنها جیاوازییەکی هەبوو، مەلای گەورە دارجگەرەیەکی بەدەســتەوە بوو و خاڵە گەورەش لەوەتەی بووە خـاوەنی من، فۆتۆکـەی گۆڕیبوو بـەو فۆتۆ بـەرلینییـەی کـە فۆتۆگرافی بەناوبانگی ئەڵمانی (هانز شنایدەر) چرکاندبووی و تێدا، منی لـە بـاوەش نـابوو. هـەربۆیـە وێنـەی من و خـاڵـە گـەورە لـە دەروازەی بینـای پـەڕلـەمـانـەوە بیگرە تـاوەکو مـاڵی وەزیرە قووندەرەکان، وەک چۆن خاڵە وای پێدەگووتن، تا دەگەیشـــتە ژووری ژمێریاریی پۆلیسخانەکان، لەتەنیشت وێنەی خوالێخۆشبوو مەلای گەورە هەڵواسرابوو.

بیرمدێت هـاوڕێی دێرینی خـاڵە، فۆتۆگراف هـانز شـــنـایدەر، لـە ڕۆژێکی بـارانـاویی بـەرلینیـدا فۆتۆکەی لە ســـتۆدیۆکەی خۆی چرکاند. فۆتۆیەک بوو، تێدا چرکەســـاتی گەنجی من و خاڵە بوو. ئەوە کاتێک بوو کە خاڵە بەئەڵمانییە جوانەکەی بە هانزی هاوڕێی گووت، کە لە زەمەنی خوێندکارییەوە  کاتێک لە بەرلینی ڕۆژهەڵات دەیخوێند یەکتریان دەناســی، پێیگووت`` ئەمە مۆپســـی پاشـــایە،

سەگی ڕێنیسانسە`` کە وایگووت من خۆشیدا دەستمکرد بە لورە لور، بەدووەمدا هانز شنایدەر و خاڵە گەورە قاقایان لێدا.

# کارۆلین تایلەری گەندەڵ و شنە قۆنەرە

## ١

زەمەنی فۆتۆ بەرلینیەکە، من تازە هەڵمکردبوو، وەک ئێستا لە دیوویی دووهەمی دونیای مرۆڤەکان تێنەدەگەیشتیم، نەمدەزانی دیوویی یەکەم هیچیتر نییە جگە لە ڕوونمایەکی هەڵخەڵتێنەر نەبێت، کە مرۆڤەکان دیوویی دووهەمی خۆیانیان پێوە هەڵدەواسن. هەر کە دیوویی دووهەمیش ئاشکرادەبێت، پەیوەندییەکان گۆڕانی بەسەردادێت، یان دەبنە کۆیلەی یەکتری، یاخود دەبنە دوژمن و پیاوکوژی یەکتر. سوپاسگوزاری خواوەندی گەورەم کە منی وەک سەگێک خولقاندووە، ئەوەی لە ناخماندایە بەرامبەر ئەویتر لە وەڕین و گەڤە و مڕەمڕ و خیشکردن و گەمەدا، گوزارش لەخۆی دەکات و بەهیچ دونیایەکی دووهەمدا تێپەڕ ناکات. بەڵام لەمەشدا پێچێکی سەیر لە ژیانمدا سوڕاوە، بەوەی، دوای ژیانی چەند ساڵەم لە ناو ئەم کۆشکە پڕ پەڕڵە و پیلانە ڕەشە مرۆییەی خاڵەدا، دوای ئەوەی تەمەنی سەگیی جوانم لەناو ئەم حیزبە دایکخۆگییەدا بەسەربرد، نەک هەر من، بەڵکو سێ هەوشارەکەمان فێری دونیای دووهەم بوون. هەربۆیە، چیتر سروشتیان سروشتی سەگ نەماوە، بەقەد هێندەی سروشتی ئەم سیاسیە گەواد و مەسینەخۆر و پاتاڵانەیان گرتووە. ئەوانیش فێریی دەگە لێدان و ماستاوکردن و کلکەلەقێی و کوتلەچێتی بوون. ئەمەش وایکردووە، بەتایبەت، لەوەتەی خاڵە لە خەستەخانەکەی پاریس بێهۆش

کەوتووە، نەوێرم لە قەفەزەکانیان نێزیکبمەوە، ژیانم جۆرێکی دیکەی لێ هاتووە و خۆم لە سووچێکی ئەم کۆشکەدا قۆشمەڵە دەکەم، بەهێمنی خۆم نەدید و نەبینراو دەکەم. مەگەر جارجارە گەلاڕێزانی شەش قوز و هوما جیڕی هاوسەری خاڵە منیان بۆ بەردەم زوومی کامێرای زەڕخانەکان و کۆبوونەوەکانی کەرگەوزەکە بوێت و بەدوومدا بگەڕێن، دەنا کەس لێم ناپرسێتەوە. ئەوساکەش، کارەکەر و قەیتولەکانی ئەم کۆشکە لە سووچەکاندا دەمدۆزنەوە و دەمدەنە دەست (شنە قۆنەرە) کە کارەکەرێکی کوردیی ڕەگەزنامە ئەڵمانییە و هەر لەوێ لە دایکێکی سربی و باوکێکی نادیار لە دایکبووە. بەلام دەڵێن گوایە زەبور ئەڵمانی هاوڕێی دایکی بووە، کاتی خۆی بەگانی داوە بە بەعسیەکان و دوایی سکەکەی بەسەر ئەودا ساغکردۆتەوە. بەلام دەبێت ئەوەش بڵێم کە شنە چەنەباز، شۆخ و شەنگترین و قەحبەترین لەشفرۆشی ئەم ئەم کۆشکەیە، بێگومان یەکێکە لە ئەندامانی سوپا لەشفرۆشە بێشومارەکەی دەزگا نهێنیەکەی گەلاڕێزانی شەش قوز و هوما جیڕی ژنی خاڵە... ئاوەها، هەر کە پاسەوان و کارەکەر و گووشۆرەکان لەسووچەکاندا دەدمدۆزنەوە، ئەوا شنە قۆنەرە زۆر بێشەرمانە دێت و بەگوێچکە ڕامدەکێشێت و فڕێمدەداتە تەشتە کەفاوی شامپۆی هەرزان و بە دیتۆڵی هەرزانی ئێرانی دەمشوات کە هەموو لەشم داغان دەکات، جارجارەش نقوورچم لێدەگرێت و ئازارمدەدات. ماوەیەکەیشە دەمداتە دەست حسە گووشۆری خاڵە، ئەو فێربووە گسکەکە دەخاتە کەفاوەکە و بەوە دەمشوات، بەجۆرێک فێربووم لەدەستیان ڕابکەم و خۆم لەپەناو پەسیوەکان بشارمەوە. ئێستاش ئاوارەی ئەم ڕیزە کۆشکەم، بەلام ئاخ سەد

ئاخ، جاران دەبوایە بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی خودیی دکتۆری ڤێتنەری خاتوو پرۆفێسۆر دکتۆر (کارۆلین تایلەر)ی بەرەگەز بەریتانی منیان بشوشتایە و کەس بۆی نەبوو بەبێ پێوانەکردنی تایبەتی گەرمای تەشت و پشکنینی شامپۆ و خاولییە ئاوریشمیەکان کە وێنەی منی لە چینەوە بە دەست لەسەر دوورابوو، بانگهێشتی خۆشتنم بکات.

پرۆفێسۆر کارۆلین تایلەر کامبریجی بوو، دکتۆرای لە کامبریج لە ڤێتنەری سەگ و جۆرەکانیدا هەبوو. بەکالۆریۆسی لە ڤێتنەری گشتی و ماستەر دیگری لە چارەسەری ئاژەڵە دڕندەکاندا بەدەستهێنا بوو، پە ئێچ دی یان بڵێین دکتۆرای لە نەخۆشییە درمەکانی سەگدا هێنابوو. ئەمە جگە لەوەی چەند ساڵێک وەک لێکۆڵەر و وانەبێژ لە چەندین زانکۆی دونیا کاری کردووە. خاتوو تایلەر لەلایەن قونسوڵی بەریتانییەوە بۆ کۆشکی خاڵە پێشنیازکرا بوو. تەمەنی هەڵکشاو بوو، با بڵێین؛ لە مینۆپۆسی کۆتایی چلەکانیدا بوو... وەک گووتم؛ شتنی من دەبوایە لەژێر سەرپەرستی خاتوو پرۆفیسۆر کارۆلین تایلەر بوایە، هەمیشە شتن و شامپۆکردنیشم لە تەشتێکی تایبەتی زەرکەفتدا بوو کە ناوی من بە بەردی گرانبەها لەسەری نەخشێنرابوو. پارەی ئەم تەشتە پارەی دە ساڵی فەرمانبەرێکی پلە یەکی ئەم مەملەکەتە کوردییە جنیۆسایدکراوە بوو. شامپۆ و دەرمانەکان بەتایبەت لە بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیاوە دەهاتن، دەبوایە کارۆلین تایلەر هەموو دوو ڕۆژ جارێک بێت سەردانم بکات و دەیدواندم، تەنانەت باری سایکۆلۆژی منیشی وەک ڕاپۆرت لە سەر لاپتۆپەکەی دەپاراست و لەکاتی پێویستدا کۆپییەکەی دەنارد بۆ ئیمێلی کەسی خاڵە

گەورە. بەمشێوەیە خاتوو تایلەر لەسەرەتادا بۆڵەبۆڵەکانی لە لای من دەکرد و دەیزانی من ئینگلیزی تێدەگەم، دەیەویست بیسەلمێنێت کە لە ڕازی دڵی من تێدەگات، دەزانێت من وەک سەگێکی ڕێنیسانس چ ئازارێک دەکێشم بەدەست ئەم هەموو گەندەڵیی و بازاڕییەتی سیاسییەکانەوە. بۆ نموونە دەیگووت`` ئەم چ سەرۆکێکە تەنها تێچووی سەگە بێگانەکانیان نیو ملیۆن دۆلارە لە مانگێکدا. دەزانی مۆپسی پاشا، من دوێنێ لەدەمم دەرپەڕی و باسی شامپۆیەکم کرد نرخەکەی هەزار پۆندە، کەچی خاڵە دەموچاوی لێکناو و گووتی؛ بۆ ناشێت تۆ لەوە هەرزانترت بۆ مۆپسی پاشای من هێنا بێت... لەوەش سەیرتر ئەوەیە، سەگە هەوشارە کوردییەکان کە نایابترین سەگی دونیان بە دیتۆڵی هەرزانی ئێرانی پاکدەکەنەوە. تەنانەت تاوەکو برینی پیسیان لێ نەیەت من بانگ ناکەن. ئەو هەموو پارەیە بۆ سەگە بیانیەکانی وەک چەرچڵ و ڕۆت ڤایلەر و سەگی سلوقی بریتانی خەرجدەکەن، ئەو هەوشارە کوردییە شاخ دۆست و شوان دۆستەکانیان فەرامۆش دەکەن`` ئەم قسانە هەقیقەت بوون، هەوشارە ئەزیزەکانمان بە نانی ڕەق و شەق بەخێودەکران، هەمیشە بەزنجیر دەبەسترانەوە، ئەوانە وەک خاڵە دەیگووت ``وەک ئەو پێشمەرگانە وەهان، کاتێک سکیان بخوسێت شەڕت بۆ ناکەن، تەنها بۆ شۆڕشکردن و کوشتن باشن``

دیارە دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەم قسە ئایدیالیستانەی دکتۆر تایلەر تەنها لە مانگی یەکەمدا بوو، بەڵام کە پارەی خاڵەی بەسەردا ڕژا و لە چەند مانگێکدا پارەی شوقەکەی لەندەنی دایەوە، کە دەبوایە

به بیست ساڵ بیداتەوە. دوای ئەوەی فێرە وەرگرتنی دیاری وەک جانتای مارکەی گووجی و عەتری سێ سەد دۆلاری فەڕەنسی و مۆبایلی گرانبەها و سەفتە دۆلاری بەخشیش بوو. ئەو بەخشیشەی لەبەرامبەر چارەسەرکردنی سەگی گرانبەها و مەیمونی نارنجی دەگمەن و تووتی کاریبی جڕتلێدەر و مریشکی چینی و تەیروتیورە عەجاییبەکان و ئاژەڵی سەیر و سەمەرە، تەنانەت مار و کیسەڵە دەگمەنەکان، پێی دەبەخشرا. لە خۆشی ئەم نازونیعمەتە خۆی سەرخۆش دەکرد و خۆی دەخستە ژێر خزمەتچیەکان، سەگەوانەکان، قەیتولە قۆنەرەدانەرەکانی خاڵەوە، و ئەوانیش پەلیان دەگرت و لێرەو لەوێ لە پەنا و پەساری ڕیزە کۆشکەدا سواری دەبوون. خانەوادە تروکاوەکەی خاڵە گەورەش، هەمیشە وەک دەستە و دیاری، قاسەی پارەی گومرگی سنوورەکان و باجەکانی ناوخۆ و پارەی بیرە نەوتە فرۆشراوەکانیان بەوالایی بۆ خرابووە سەرپشت، بە جۆرێک، هەموویان کورد گووتەنی؛ تووشی گەشکە بوون و وەک شێت دەگەڕان بەدووی شتێکدا کە ئەویتر نەیبێت. هەربۆیە گەر ڕۆژێک ڕاپەڕینێک ڕووبدات و ئەم ڕیزە کۆشکەی سەرۆک و کۆشکەکانی دیکە داگیربکرێن، ئەوا کۆی وڵات بەسەر ئەو هەقیقەتەدا دەکەوێت کە ئەوان لە وڵاتی مۆزەخانە دەگمەن و باخچەی ئاژەڵانی کەم وێنەی دونیادا ژیاون. بڕوابکەن، تەیری وەها سەیریان هێناوە کە جارجارە لە بالکۆنەکانەوە بە باڵکراوی فجوق دەکەنە ناو باخچەکە، سەریان لەسەری فەقێ بلێخانۆفی مەکتەب سیاسی چەنەباز دەچێت، کە چاویلکەیەکی ڕەشی گەورەی لەچاودایە. یان هەندێکیان قاژ و قیژیان لە قاژەی گەلاریزانی شەش قوز دەچێت. مەیمونێکی نێری

حیزۆڵەی قووندەر هەیە کە دەســـــت بۆ گەڵوگوونی قەیتول و گووشـــۆرەکان دەبات، زۆر بێناموســـە و هەر لە فیفی عەبدەکەی خۆمان دەچێت بەگەنجی. کیســـەڵێکی کاریبی تەمەڵی تســـکەنمان هەیە، ســـــاڵی ســـــانتیمەترێک دەجولێت، کتومت لە نوســـــتنە هەمیشـەییەکەی و تەمەڵەیەکەیدا لە فەتاحە وسوە کوێری مەکتەب ســیاســی دەچێت، و لە وردە تس لێدانیشــدا لە ســەید ماجیدی قاســــەگری حیزب دەچێت. دەڵە کەمتیارێکمان هەیە، بەردەوام پاشووی خۆی نیشاندەدات و خۆی بادەدات لە قەفەزەکەیدا، وەک ئەوەی کەس قوزی پێوە نەبێت ئەو نەبێت. ئەویش تەواو لە نازە بۆتۆکساوی مەکتەب سیاسی جیکەجیکەر دەچێت... ئاوەها، پارەی خوێنی ئەم هەموو شەهیدە بەجەرگانەی کوردستان بەناو دەماری ئەم حەیواناتە غەریب و عەجیبانەدا دێت و دەچێت.

دیارە ئەم بەخشیشانەی کارۆلین تایلەر لێرە و لەوێ وەریدەگرت دوو هێندەی مووچە زەبەلاحەکەی بوو، مووچەیەک خۆی چاوەڕوانی چارەکێکی نەدەکرد. ئاوەها، دوای ئەم تێپەڕبوونەی کارۆلین تایلەر بە چوونیدا بە کوونێکی بچوکی زێرابی گەندەڵیدا، دواندن و ڕەفتاری ئەویش بەرامبەر بە من گۆڕانی بەســەردا هات. لەجیاتی ئەوەی وەک ســــەگێکی نازدار بمدوێنێت، لە دڵەوە وەک جاران بمدوێنێت، بە شـــێوەیەکی قێزەوەن فێری ڕیایکردن و ماســتاوکردن و ســتایشکردن و ماچکردنم بوو بوو... وەک شــنە قۆنەرە بە قاقا قەحبەییەکەیەوە دەیگووت`` ئەم بیچە پیرەش فێری کاسپیەکە بوو``

لە ڕاستیدا من زۆر بەداخ بووم بۆ کارۆلین چونکە زۆر زوو دڵی خۆی خستە ناو جانتا گرانبەها و سەفتە دۆلاری سەفەرەکانی خزمە پاتاڵەکانی خاڵە و منداڵە هیچەکانی مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیەکان. لە بەرامبەر ئەمەدا بیری چوو بۆوە کە پرۆفیسۆرێکی ئەوروپییە و بەڕەنجی شانی خۆی خۆی پێگەیاندووە، وەک چۆن سەرەتا کە هاتبوو، خۆی بە ڕەچەڵەکە جەنتڵە بریتانیەکەیەوە بادەدا. نەخێر، زۆر زوو چووە ژێر سەگەوانەکانمان، تەنانەت سەگەوانی هەوشارە دڕەکەمان حەسەنە گۆجی سێ قنگ کە نەوشیروانی کەتەرە، هیچ لەشفرۆشێکی ئەم کۆشکە، تەنانەت ئەو سێ پیرێژنە کۆنە بەعسییەی یەکێتی ژنان گانیان نەدادێ… ئەو سێ پیرێژنە دوای ڕاپەڕین لە ترسی تۆڵەی خەڵک ڕایانکردبووە بەغدا و دوایی خاڵە لە سەفەرێکیدا ئەم سێ پیرێژنە دەمهەراش و دەمپیسەی هێنایە ئەم کۆشکانە و کەسیش نەیدەزانی کاریان چییە. لە ڕستیدا ئەو پیرێژنانە لەسەر گوێچکەیان دەژیان و گوێچکە پیسە بەعسییەکانیان دەنا بەهەموو شوێنێکەوە، تەنانەت زۆرجار دوای منیش دەکەوتن بۆئەوەی بزان من بۆ کوێی دەچم و لەکوێ وچان دەدەم و دوایی بە خاڵەیان ڕادەگەیاند. ئەو پیرێژنانەی لە بەعسیەکانەوە فێری سیخوڕیی و ڕاپۆڕتلێدان و دەمپیسی بوو بوون، دەبێت چەند ماڵیان وێراکردبێت، چەندە گەنجیان خستبێتە بەردەم تیغی چەقۆی جەلادی بەعسیەکان، چەندە ژنیان بە لاقەکردن دابێت، چەند دایکیان جەرگ سووتاو کردبێت… لەبەر ئەم هۆیانە هەموو قەیتول و گووشۆرەکانی ئەم کۆشکەش خۆیان لێ لادەدان، تەنها نەوشیروانی کەتەر نەبێت لەبەر ناشرینی سەروفەسالی و قەڵبی

هەڵسوکەوتی هەوڵیدەدا لەگەڵیاندا بخەویێت و ئەوانیش فەرامۆشیان دەکرد. کەچی کارۆلین تایلەر گانی بە نەوشـیروانی کەتەریش دا، چونکە دەیزانی ئەویش وەک هەوشارە دڕەکەی ``حەسەنە گۆجی سـێ قنگ`` لە بن قاچی خاڵەدا دادەنیشـێت... بەمشـێوەیە هەر لەیەکەم لە دەسـتدانی شـکۆیی بۆ ناو قابلەمە پیسـەکانی گەندەڵی من کارۆلینم فەرامۆشـم کرد، چونکە ئێمەی سـەگ تەنها لە زمانی دڵ و ڕازی دڵ تێدەگەین، ئەوەی درۆمان لەگەڵدا بکات بۆنی درۆزنی و ڕیاکاریەکەی دەکەین و لێی دووردەکەوینەوە یان پێی دەوەڕین.

لەڕاسـتیدا من سـەرەتا دڵم بە کارۆلین زۆر خۆش بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی زانیم قەیرە ژنێکە و ڕقی لە شـووکردنە، لەگەڵ تەنهایی خۆی ڕاهاتووە و چ نەبێت بۆ خۆی دانابوو هەشـت سـاڵ لەم کۆشـکانەدا بمێنێتەوە، کە بۆتەمەنی سـەگیی من زۆر گونجاو بوو. دڵم خۆش بوو کە جگە لە خاڵەی میهرەبان مرۆڤێکی دیکەی ڕۆشـنگەری خۆرئاوایی و جەنتڵی بریتانی دەبێتە هاوڕێم، بەڵام مەخابن... من، مۆپسی پاشا، لەو ڕۆژە باراناوییەی بەرلین، کە من و خاڵە لەبەردەم کامێرای هاوڕێی دێرینی خاڵە، فۆتۆگراف و هونەرمەند هانز شـنایدەر وەسـتاین بۆ ئەو فۆتۆ بەناوبانگەی کە ئێسـتا زیاتر لە سـێ ملیۆن فۆتۆ دەبێت لە هەموو فەرمانگە و پۆلیسـخانە و دەزگاکانی حیزب، تەنانەت بە قەبارەی جۆراوجۆر بە عەرەبانە و سندوقی پاکەتی جگەرەفرۆشـی دەسـتگێڕەکانیشـدا هەڵواسـراوە. لەو ڕۆژەوە، جگە لە خاڵە گەورە نەبێت کە بە دڵ دەیدواندم کەسـیترم ڕێکەوت نەکرد لە دڵەوە وەک سـەگێک منی

خۆش ویستبێت، نەک وەک سەگی هاوڕێی خاڵە ماستاوم بۆ ساردبکاتەوە و میزەکەم  بە پیرۆز بزانێت. دەبێت ئەوەش بڵێم؛ کە جارجارەش دکتۆر فریدریک ڤێرنەری  هاوڕێی خاڵەش لە ماوەی مانەوەی چەند ڕۆژێکی لەم کۆشکەدا، بەختەوەری دەکردم و لە دڵەوە دەیدواندم. لەوەش خۆشتر ئەوەیە بە زمانی دووهەمم کە ئەڵمانییە دەیدواندم و خاڵەش ئەڵمانییەکەی دەمەزەرد دەکردەوە و بۆ دنەدانی من دەیگووت`` ڤێرنەر، تازە مۆپسی ئەڵمانی بیرچۆتەوە و کوردانددوومانە...`` کە دەستمدەکرد بەوەڕینی ناڕەزایی و سەری نەخێرم بادەدا، خاڵە و ڤێرنەر قاقا پێدەکەنین. خاڵە هەمان ڕستەی بە کوردی ئاڕاستە دەکردمەوە، دووبارە دەستمدەکردەوە بە وەڕین و گەڤە گەڤ، خاڵەش  وەک دەڵێن منی لە قافدا دەگرت و دەیگووت`` ئاها ڤێرنەر، نەمگووت کورداندومانە و کوردی تێدەگات، تازە بەرلینی نەماوە`` منیش لە ڕقی ئەم ڕستەیە و وەک ناز و بەعزبوونێک خێرا دەچوومە پەنا دکتۆر ڤێرنەر دەوەڕیم بۆئەوەی بمکاتە باوەشی، ئەویش لە ڕازی دڵی من تێدەگەیشت و دەیگووت``وەرە مۆپسی پاشا، خاڵە سوعبەت دەکات، تۆ هەر بەرلینیت`` ئیتر منیش دەستمدەکرد بە لورە لور. بەمجۆرە لورەی من تێکەڵی قاقای خاڵەی میهرەبان و دکتۆر ڤێرنەر دەبوو. هەربۆیە من دڵم خۆش بوو کە جگە لە خاڵە، هاوڕێیەکی دیکەی ئادەمی کە دکتۆر کارۆلین تایلەر بوو، هاتبوو لەم کۆشکەدا، دوور لەڕیاکاری و ماستاوکردن بۆ خاڵە، منی وەک سەگێک بوێت و بمدوێنێت و لەتەنیاییەکانم کەمبکاتەوە. بەتایبەت لە دوای ئەوەی  خاڵە لەلایەن هەموو حیزبەکانەوە بە کۆدەنگ بوو بە سەرۆکی مەملەکەت، ئیدی کاتی بۆ من زۆر کەم بوو. لەو

کاتەوە بەشـێکی زۆری ژیانم لێرە، لەم ڕیزە کۆشـکەی بەرامبەر ئەم ڕیزە چیایە بەسـەر دەبەم. خوا هەڵناگرێت، لە سـەرەتادا خاڵە منی برد لەگەڵ خۆیدا بۆ کۆشکی سـەرۆکایەتی لە پایتەخت، بەڵام گەرمای ئەوێ و شـێداریی لە زسـتاندا منی زیاتر لەوە تەنگە نەفسـتر دەکرد، کە هەمە. ترسـێکی زۆرم لەو عەرەبانە هەبوو کە بە جلی زەیتونی و قاتی سـەفاریی بەعسـیانەوە بەناو کۆشـکدا دەهـاتن و دەچوون، چونکـە هـەموویـان وێنـەی سـەدام و جەلادەکانیانی بیردەهێنامـەوە کە کاتی خۆی خاوەنی دووهـەمم، دوای دکتۆر بینامین، پرۆفیسـۆری زمانـە ڕۆژهـەلاتیـەکان و کوردۆلۆژی (عەبدولڕەحمانی زەردەکی) کە ناسـرابوو بە (پاشـا) لە خانـە دوو ژووریـیە جوانەکـەی لـە بـەرلین بۆی گێڕاومـەتەوە. خواوەند ئەو دوو ڕۆحە جوانە شـاد بکات، بەوەی چەندە منیان خۆشـدەویسـت، خودا ئاگای لە ڕۆحی پڕ ئێش و ئازاریان بێت بە دەست ئەو مرۆڤانەی هیلاک نەدەبوون لە دەمپیسی و ئازاردانیان. بـا چیرۆکی ئـەم دوو میهرەبـانـە بۆ دوایی هـەڵبگرم، چونکـە گێڕانەوەی لە ئێستادا ئازارم دەدات.

ئیدی وەک گووتم؛ دکتۆر کارۆلین تایلەریش فێری ماستاوکردن و مـەرایکردن بوو بوو، بۆ نموونـە کـە خـاڵـە گـەورەی میهرەبـانی لەدوورەوە دەبینی لە باوەشـی دەکردم و دەسـتی پێدا دەهێنام، کە خاڵەش دوور دەکەوتەوە وەک ڕەعنا یان بڵێم گەلاریزانی شـەش قوز فێری بۆڵەبۆڵە بوو لەبەرخۆیەوە دەیگووت ``ستوپست کرێزی دۆگ`` ئەم ڕسـتەیەی ``سـەگێکی دەبەنگ و سـەگی گەمژە``ی چەندەها جار دووبارە کردەوە. دواجار پەتی سەبرم پسا و ڕۆژێک

بە ئامادەبوونی خاڵە دەستمکرد بەوەڕین پێی، ئیدی خاڵە یەکسەر دەموچاوی گرژ کرد، کە خاڵەش دەموچاوی گرژبکردایە لەیەکێک، ئەوی بەرامبەر یەکسەر ڕەنگی سپی دەبوو. بینیم کارۆلین تفێکی قووت داو زانی کە من دەمێکە لە بۆڵە بۆڵەکەی تێگەیشتووم. لەو ڕۆژەوە دەبوایە کارۆلین پرسی بە خاڵە بکردایە و خاڵەش بە ڕێزەوە داوای لێ دەکردم بۆی بوەستم تاوەکو پشکنینەکانی تەواو دەکات، تەنانەت لەو کاتەشدا من هەر مڕەمڕم بوو.

کارۆلین وەک هەموو مرۆڤێکی سپی کە لاوازی لە ڕۆحیدایەتی و دەری نابڕێت، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئەویتر ماسکەکەی پێ لادەبات، ئەوا یەکەمین کاردانەوە دەبینیت لە دەموچاویاندا کە وەک چەوەنەر سوور دەبنەوە. لەو ڕۆژەوە هەموو پشکنین و شوشتنێکم بۆ کارۆلین تایلەر عەزابێکی جەهەنەمی بوو، چونکە لەگەڵ مڕەمڕم و تیژی چاوەکانم، پرۆفیسۆر کارۆلین تایلەری دەرچووی زانکۆی کامبریج، وەک گلۆپی قەحبەخانە سوور دەبۆوە. خاڵە گەورەی میهرەبان هەر لەگەڵ یەکەمجاری وەڕینم بە کارۆلین هەستی پێ کردم و بەو دڵە گەورەییەی یەکسەر کۆدی منی خوێندەوە. یەکەم کاردانەوەی ئەوە بوو، وەک پیشەی هەمیشەیی، سووکترین کەسی دەنارد بۆ ئەوانەی خۆیان لێ دەبوو شت و وەک باڵۆن فش دەبوونەوە. هەربۆیە بە دوو دێڕ بە شنە قۆنەرەی گووت کە بەم دکتۆر تایلەرە بڵێت``لەمەودوا هەمان یاسای ژمارە حەفتاوپێنج، بڕگەی شەشی دەسەڵاتەکانی سەرۆک تایبەت بە مۆپسی پاشا، بەسەر ئەویشدا دەچەسپێت، تەنها لەکاتی پشکنینی پێویستی ڤێتنەریدا نەبێت دەتوانێت لێی نێزیکبێتەوە، ئەویش بە پێی کاتێکی دیاریکراو`` کە خاڵەش ئەمەی لەبەردەم

مندا به (شـــــنه قۆنەرە) گووت، من خێرا دەســـــتمکرد بە لوورەی خۆشی، و خاڵە کەوتە سەر لەرزەی پێکەنین و گووتی`` مۆپسی گیان، جا من لە تۆ تێنەگەم کێ لێت تێدەگات``  بەمجۆرە لەم ڕیابازییەی مرۆڤی ســـپییەش ڕزگارم بوو کە یەکســـــەر بەدەمدا وەک ســـــلێمانیەکان دەڵێن؛ کەوتە ناو پاقلەکەوە، پاقلەیەک تەنها پاقلەی بۆگەنی گەندەڵییە.

بێگومان شنە قۆنەرەش لە خوای دەویست ئەم هەواڵە جەرگبڕە بە ئینگلیزییە سەرەتاییەکەیەوە بە پرۆفیسۆر کارۆلین بڵێت و سەرەتا ئاگام لێی بوو هەر کە دکتۆر کارۆلین لەوســــەری باخچەکە دەرکەوت، شـــــنە هاواری لێ کرد ``هێی کارۆلین، وەرە بۆ ئێرە`` کارۆلین لەژێر شـــۆکی ئەوەدا بوو کە چۆن شـــــنە قۆنەرە هەروا بازاڕیانە بانگیدەکات و بەتوڕەییەوە چووە بەردەمی لەگەڵ یەکەم وشـــەی کارۆلیندا ``چۆن جورئەت دەکەیت... هاو دێر یوو`` شـــنە گوێی لێ نەگرت و یەکســـەر دوولاپەڕەی کێشـــا بەدەموچاویدا، کە دەقی یاســـــای وەڕینی مۆپســـــی پاشـــــا بوو لە دەســـــتوری ئەم مەملەکەتەدا، و کارۆلینی بەدەم داچەقیوویی بەجێهێشـت. هەمووان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد دوای ئەو ســـووکایەتیە کارۆلین بچێت شکات بکات یان جانتا بپێچێتەوە و دەست لەکار بکشێتەوە، بەڵام زۆر ئینگلیزیانە لاپەڕەکانی هەڵگرتوو و چووە ژوورەکەی خۆی... دیارە پێویســت ناکات ئەوە بڵێم  کە شـنە تازە هاتبووە کۆشـک و ناوبانگی ناوگەڵکردنەوە و فیتنەیی و مەرایکردنی بۆ هوما و گەلاڕێزانی شـــــەش قوز گەیشـــــتبووە خاڵە، خاڵەش چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە ئەرکی شـــنە ئاو ژێرخســـتە ژێر دکتۆر کارۆلین

تایلەر دەبێت، کە پڕواپڕی ئەرکە پیســــەکانی دیکەی شــــنەیە. هەربۆیە جگە لە هێنانی چا و قاوە هێنان  بۆ میوانەکان، کاری سەرەکی شنە، ڕاپۆڕلێدان و فیتنەیی وکاری پیسی دیکە بوو. لەو ئەرکانەشـــی دوای ســـڕکردنی کارۆلین پێی ســـپێردراو و وەک شەرەفێکی گەورە خستیە سەرشانی خۆی، پاکردنەوەی قنگی من بوو، کە بە ماچکردن و بەســـاقە و بەقوربانبوونم بە دەنگی بەرز، بۆئەوەی خاڵە گوێی لێ بێت.

بیرمدێت، دوای ئەو بڕیارە، ڕۆژی دوایی ســـەید ماجید هات، قاقا بەم بڕیارە پێکەنی، چونکە ئەم بڕیارەی لە شـــنە قۆنەرەی فیتنەوە بیســـــتبوو. ســـــەید ماجیدی تسـلـێدەری حیزب بۆ زیاتر دەستخۆشیکردن لە هەستی سەگانەی من لە دژی کارۆلین تایلەر، بۆ خاڵەی گێڕایەوە؛ کە دەمێکە ئاگادارە کارۆلین لەژێرەوە لەم کۆشــــکەدا چی دەکات و چی ناکات، جگە لەوە دەمێکە لە ژێر چاودێریدایە. ســــادەترین بیزنســــی لەگەڵ نوێنەری کۆمپانیای دەرمانی ئاژەڵ و لوکســوریەتی ســەگدایە، کە ســەدەها هەزاری دۆلاری  خســتۆتە گیرفانیەوە.  ئەمە جگە لەوەی وەســڵەکانی کە دەیدا بە ئیدارەی حیزب، چوار قاتی نرخی ڕاســـتەقینەی ئەو ڤاکســـین و دەرمان و شــــامپۆیانەیەن کە بۆ مۆپیســـی پاشــــا بەکاریدێنێت. بەڵام خاڵە پێی باش بوو دەرنەکرێت و ســـڕبکرێت، زۆر لە دەرماڵە و ئەرکەکانی لێ بســەنرێتەوە.  ســـەرەڕای ئەوە، بێگانەیەکی دیکە بێنن کە بریتانی نەبێت، فەڕەنســی یان ئیتاڵی یان ئەڵمان بێت، کە هەرســـێکیان ڕقیان لە لووتبەرزیی بریتانیەکانە و کارۆلین بەردەســـتی ئەم دکتۆرە بکات. بە گووتەی خاڵە ``بەڵکو خۆی ئەمەی قبوڵ نەبێت و لێی بدات بڕوات، گلەیی قونســـوڵی

بەریتانیمان نەیەتە ســەر`` بەڵام کارۆلین لەوە کەللە ڕەقتر و بێ شــەرمتر بوو، وەک ســەید ماجید دەیگووت`` دەبینیت خاڵە گیان، گووی پێ خاوێن بکەیتەوە، هەر دەمێنێتەوە.`` بێگومان لەدوایدا قسەکەی سەید ماجید ڕاست دەرچوو.

ئاخ ســەد ئاخ، لەگەڵ دووهەمین جەڵدەکەی، خاڵە تەنها ســێبەری کەسەکانی دەبینی لەم کۆشکەدا، و تەنها من و سەید ماجید و سێ هەوشـــارە دێرینەکەی و خەلیل بەگی ئامۆکیانی ســـەگەوان و پاســەوانی دڵســۆزی دەناســییەوە. ڕاســتیتان دەوێت، هەموومان بەتێپەڕبوونی ئەم هەموو ســـاڵە بەرەو پیریی و خەڵەفان دەڕۆیشــتین. ئاوا، ڕەعنا شــەش قوز دەمێک بوو، دکتۆر تایلەری دەرکربوو و ناردیبیەوە بۆ لەندەن. بەڵام دکتۆر تایلەر دەمێک بوو ئەوەندەی پارەی ئەم کوردەی لووشــدابوو، تەنانەت ئەو ماوەیەی خاڵە بێکاری کردبوو، بەجۆرێک سەخت بوو کە لەژێریدا دەینالآند، بەڵام ئینگلیزیانە لەبەر بەرژەوەندی خۆی دانی بەخۆدا گرت. تەنانەت خانەوادە trووکاوەکەی خاڵە و مەکتەب ســیاســیەکان بۆ چارەســەری ئاژەڵە عەجاییبەکانیان نەدەهاتن بۆ لای. تەنها ئەرکی شوشتنی من بوو، ئەویش دەبوایە لە ژێر سەرپەرشتی دکتۆرێکی فەڕەنسی ڤێتنەریدا بوایە. دکتۆرێک کە تەنها هەڵگری بەکالۆریۆسی زانکۆیەکی زۆر چەپەک و کزی شــارێکی فەڕەنســا بوو. تەنانەت کارۆلین بۆی نەبوو حەبێکی گولاج بنوســێت بۆ ئەو جووت قەلموونە مالیزییە نەزۆک و لەڕ و ناشــرینەی گەڵاڕێزانی شــەش قوزی زڕدایکی هوما جیڕی ژنی خاڵە. ئەو قەلموونەی کاتی خۆی لە ئینتەرنێتدا بینبووی و ســـەفیری مەملەکەت لە مالیزیاوە بە

دیاریی بۆی ناردبوو، کەچی داوای پانزە هەزار دۆلاری لە سـەید ماجیدی قاسـەگری حیزب دەکرد و سـەیدیش دەیزانی فلسـە سـووریکی تێ نەچووە، بەڵام بە بۆڵە بۆڵ و وردە تسـلێدانەوە، لەبەر خاتری دڵی خاڵە بۆی سـەرفکرد. بێگومان ئەمە جاران بوو، بەڵام ئێستا هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە، سەید ماجیدی قاسەگری حیزب بێ پرسی گەلاڕێزان ناتوانێت فلسە سوورێک سەرفبکات.

داخی ئەم کارۆلین تایلەرە لە دڵی مندایە و با تۆزێکی تریش باسی قەڵبی ئەم بونەوەرەتان بۆ بکەم، چونکە سەرم سوڕما بوو چۆن مرۆڤێک ئەم هەموو سـاڵە لە باڵاترین زانکۆی دونیای وەک کامبریج پلەی دکتۆرا بێنێت لە زانستدا، ئاوەها بە ماوەیەکی کورت ئاوا دەچێتە نزمترین ئاستەوە، کە مایەی ڕشانەوەیە…
خاڵە هەموو جارێک دەیگووت ``مۆپسـی پاشـا گیان، ئەوەی یەکجار فێربوو لە لەگەنی دەسـەڵات بلێسـێتەوە، بۆ ئەبەد وەک بەرازی ناو گەوری لێ دێت، تاوەکو پاشـماوەی بۆ هەڵنەدەیتە گوواوە، نایخوات`` ئەم تێورەیەی خاڵەش تەواو بەسـەر ئەم کارۆلینە گەندەخۆرەدا پراکتیزە دەبوو. ئەمەش تەواو لە چیرۆکی ئەو ماوەیەدا ڕەنگیدەدایەوە کە کارۆلین بەهێمنی بەڕەکەی لەژێر پێیدا ڕاکێشرابوو؛ دیارە وەک گووتمان خاڵە لەبەر پەیوەندی نێوان خۆی و قونسـوڵی بریتانیا نەیدەویسـت کارۆلین تایلەری دکتۆری سەگ و پشیلە و مەیمون و ئاژەڵە عەجایبەکانی کۆشک، دەربکات. ئەو دەیویسـت فشـاری بخاتە سـەر و وای لێ بکات شـکۆی پرۆفیسـۆری خۆی و ڕەچەڵەکە بریتانیە خانەدان و نۆبڵەکەی، ڕێگەی نەدات بەردەوام بێت و داوای دەسـت لە کارکێشـانەوە

بکات. کارۆلین  چیتر وەک جاران دەســتە و دیاریی وەرنەدەگرت، هەروەها بانگیان نەدەکرد بۆ ئاهەنگی کۆکتێل و ماســـی برژاندن. چیتر خانەوادەی خاڵە وەک کارەکەر لەگەڵ خۆیاندا نەیاندەبرد بۆ دوبەی و قەتەر و ئیمارات و لەندەن و نیوۆرک و ڤینیســـیا و دوورگە دوورەکانی کاریبی، بۆ هیچ نا، تەنها  بۆئەوەی هاوەڵی سـەگە ڕۆتڤایلەر و سـلوقی و شـێفە هوندەکانیان بێت. تەنانەت بە پرۆفێســـۆر بانگیان نەدەکرد، یان چ نەبێت وەک لە ئینگلیزیدا باوە بە خاتوو تایللەر (مس تایللەر) بانگی بکەن، نەخێر چۆن سـەگێکیان بانگدەکرد ئاوەها بە `` هێی، هێی، تایلەر کۆم، کۆم``  بانگیاندەکرد. خۆ ئەگەر کاریان پێ بوایە بۆ نەخۆشی سەگ و تووتی و مەیمون و مریشکە چینی و ئاژەڵە عەجایبە گرانبەهاکانیان، وەک ئەوەی بۆ بەندیخانە و فەلاقەی بانگبکەن، ئەوا لەڕێگەی پاســـەوانە چڵکن و پۆلیســـە لاتەکانیانەوە ئاگاداریان دەکردەوە. ئەمە جگە لەوەی دکتۆرە فەڕەنســـییەکە بە حوکمی ئەو دوژمنایەتیە مێژووییەی نێوان فەڕەنســـی و بریتانیەکان هەیانە، بۆشـــی ئەم کارۆلینەی گرتبوو، دەیزانی وەک هــەموو ئینگلیزێـک بۆ بــەدیهێنـانی ئامانجەکەی، خۆی دەکاتە باگیرێکی گێل و هەموو بارێکی پیس لە پێناو مووچەکەی لە خۆی دەنێ. ئاوا، کار گەیشـــتە ئەوەی قوونی مەیمونە گەڕەکانی کۆشکەکانی ئەوبەری خزمەکانی خاڵەشیان پێ چەور دەکرد و نقەی نەدەکرد. هێلکەی وشـــترملە گەڕەکانیان پێ هەڵدەگرتەوە و دوایی لەبەردەمیدا دەیانکێشا بە زەویدا، کەچی ئەو تـەنها بزەی بۆ دەکردن. تـەنـانـەت چـەند جارێک شـــنـە قۆنـەرە بـەســـەریدا قیژانـدی کـە بۆچی کیســـەڵـە دەگمـەنـە کـارییـە تسـلێدەرەکەی سـەید ماجیدی قاســەگر و تسـلێدەری حیزب و

حکومەتی لە بیرکردووە. خۆ گەر زیرەکی هەوشـــارەکان نەبوایە، دەمێک بوو ئەو کیســـەڵە نایابە چل هەزار دۆلارییە لە چەمەکەدا ونبوو بوو. بەڵام کارۆلین بێباک لەم هەموو فشارە هەموو شتێکی دەکرد، و هـەموو شـــتێکی قبوڵ دەکرد، تـەنـانـەت جـارجـارە پێیاندەگووت؛ کە نابێت بێکار بســوڕێتەوە و بابچێت ئاودەســت و گـەوڕەکـان پـاکبکـاتـەوە. نـەک هـەر ئـەوە، بـەڵکو دەیـانبینی لـە چیمەنەکەی پشـــتەوە بە دەســـتکێشـــێکەوە گووی ســـەگە بێشـــوومارەکانی ئەم کۆشـــکانە پاکدەکاتەوە. بەمشـــێوەیە هەموو شـــتێکی قبوڵکرد، تاوەکو لە کاتی نەخۆشـــکەوتنی خاڵەدا، ســـەید ماجید و گەلاڕێزان خانم بەزۆر دەریان نەکرد، وازی نەهێنا...

بیرمدێت، لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی کۆشـــکدا کە دوا ئاهەنگ بوو، کارۆلین دوای ماوەیەکی دوور و درێژ، بانگهێشـت بکرێت. ئەویش تەنها لەبەر ئەوە بوو دەبوایە تا ســـەری مانگ هەموو شـــتێکی بپێچێتـەوە و بۆ ئـەبـەد بگـەڕێتـەوە بۆ لـەنـدەن. گوێم لێ بوو قونســوڵی بریتانی داوای لێبوردنی لێکرد کە خاڵە گەورە ئێسـتا لە بـارێکی تـایبـەتدایـە و چیتر ئـەو نـاتوانێت بڕیـاڕی کۆتـایهێنـانی خزمەتی بوەســـتێنێت. بەڵام خاتوو کارۆلین تایلەر بە پێکەنینەوە گووتی`` ئۆو جەنابی قونســـوڵ، چ میهرەبانیەکە لە جەنابتانەوە، کۆی ژیـانم بیرم لـەوە دەکردەوە ئـایـا هـەڵـە نـەبوو هـەڵبژاردنی ڤێتنەری، بەڵام ئێسـتا دەزانم کە بەهۆی کوردەوە ئەم هەڵبژاردنەم بووە بردەنـەوەی لۆتـەرییـەک، کـە کـەس خـەونی پێوە نـەبینیووە، چونکە تەنها لای کوردە خزمەتکردنی سەگی بێگانە ئەوەندە پارەی میللەتی تێ بچێت``

## ٢

چارەنوســـــی من لە دکتۆر کارۆلین تایلەری گەندەڵ و دکتۆرە فەڕەنســـــییە حەپۆل و چڵکنەکەوە، خرایە دەســـــتی مەکتەبلیەکی ترۆکراوی  وەک شـــــنە قۆنەرە، کە دەمێک بوو لەتەمەڵیدا و لەبەر ســـــەرقاڵی بە حەشـــــیش کێشـــــان و ئاهەنگی ئۆرجی، قوتابخانە گشـتیەکانی ئەڵمانیای بەجێهێشـتبوو. هەروەها بەهۆی دزیکردن لە مارکێتەکان و حەشـــیش فرۆشـــتنی بچوک لێرە و لەوێ، زیاتر لە ساڵێک لە زیندانی گەنجان و نەوجەوانان مابۆوە. ئەمە جگە لەوەی دەبوایە پێنج ساڵ لەژێر سەرپەرشتی دادگا و ئازادی مەرجداریدا بمێنێتەوە، تاوەکو لەم ساڵانەی دوایی بەخۆی پاژنە بەرزییەکەیەوە هێنایان بۆ ئەم کۆشـــــکەی خاڵە. ئیدی چۆن ئاژەڵێکی کاریبی لە سەرما و بەستەڵەک ڕزگاری دەبێت و فڕێدەدرێتەوە ناو دارستانە چڕ و شـــێدارەکانی باران، ئاوەها لە دووهەم ڕۆژەوە وەها دەهات و دەچوو، وەک ئەوەی لێرە لە دایک بووبێت...

ئەم شـــنە قۆنەرەیە، کە بە خۆی جانتا ســـوور و تەنورە کورت و تاتووەکانی ســـەر شـــانی و پوزی و وەک خۆی دەیگووت؛ ئەوەی ناوگەڵیشی دوپشکێک بوو، هاتە ئەم کۆشکە. تەنها کاژێری یەکەم لەگەڵ باوکی (زەبور ئەڵمانی) مڕومۆچ  و نابەدڵ بوو، بەڵام لە کاژێری دووهەمەوە وەک ئاژەڵێکی دڕندە کەوتە سەر قاچی خۆی. دیارە ڕاســـــتی ئەوە نازانین کە ئەم کچە کچی خۆیەتی یان وەک

دەڵێن کچی یەکێک لە دۆســـــتەکانێتی کە زەبور ئەڵمانی بەپارە ڕازیدەکردن، و ژێر بەژێر لە خزمەتی موخابەراتی ئێراقی بەعســدا کاری پێدەکردن. نازانین لە کامە دۆســـتێتی یان لە کامە دۆســـتی ژنە ســۆزانیەکانێتی کە لەهەشــتاکاندا لە ئەڵمانیا دەیبەخشــی بە ڕەفیق حیزبیەکانی ســـــەفارەتەکان، و دەبوون بە هاوەڵی ئەو بەعسیانەی حیزب بۆ کەیف و خۆشی و پشوو وەرگرتن لە ژن و منداڵ کوشــتن، لە بەغداوە دەیانناردنە ئەڵمانیا یان ســویســرا یان نەمســـا. دەڵێن؛ کە عودەی، کوڕە پیاوکوژ و گەندەڵەکەی ســـەدام حوســێنی دیکتاتۆر هاتبووە ســویســرا، دوای چەند مانگێک لەبەر حەیاچوونەکانی، سـویسـرا دەریکرد. ئەو حەیاچوونەی دوای ئەوە بوو کە بە شـەوێک دوو ملیۆن دۆلار بە قومار دەدۆڕێنێت، داوا لە سەفیری ئێراقی دەکات ملیۆنێکی تری لە هەمان شەودا بۆ بهێنێت، کە ســـــەفیر ئەم داوایە ڕەتدەکاتەوە، خۆی و پیاوەکانی دەکەونە تێهەڵدانی ســـــەفیر و کۆی گازینۆکە دەشـــکێنن، بە جۆرێک کە هێزێکی تایبەتی پۆلیس دێن و عودەی دەبەنەوە بۆ هۆتێل نەک بۆ مەخفەری پۆلیس، چونکە ســـویســـرا ئەوەندەی پارەی ســـەدامی کرابوو بە قوڕگدا، نەیدەویســـــت دڵی دیکتـاتۆری ئێراق لـەخۆی بڕەنجێنێت. لـەو مـاوەیـەدا زەبور ئـەڵمـانی نـاوبـانگە جوانـەکـەی گەیشــتبووە عودەی ســـەدام حســێنی بێقیمەت. ئیدی لەو ڕۆژەوە زەبور ئەڵمانی ناوی چووە لیســتی گەوادە بێشــومارەکانی عودەی سەدام حوسێن، بۆئەوەی ژن و کچی جوانی ئەوروپیی و ئۆکراینی و ڕووســی و یۆگۆســلاڤی بۆ پەیدا بکات، و لە ڕێگەی ســەفارەتی ئێراقییەوە بە فڕۆکەی جێتی تایبەت بۆی ڕەوانە بکەن. هەربۆیە لە فایلەکاندا لە ژێر ناوی (خزمەتە تایبەتەکان) هەزارەها دۆلاری بۆ

ســــــەرفکرابوو، ئـەو فـایلانـەی دوایی کـەوتنـە بـەردەســــت ڕۆژنامەبازەکانی ئەم مەملەکەتە.

لەوانەیە خوێنەری ئەم دێڕانە ئەو پرســـیارە بکات، کە منێکی ســـەگێکی بچوک کە هەم تەنگە نەفەســـی بۆماوەییم لەگەڵدایە کە ســـروشـــتی ڕەچەڵەکی مۆپســـی ئێمەیە، لە کوێ ئەمانە دەزانم؟! بەســـادەیی؛ لە کۆشـــکەکانی خاڵەوە کە من تێدا وەک پاشـــا تێدا دەهاتم و دەچووم، لە ســـــووچەکاندا خۆم خپ دەکرد و گوێم لێ دەگرتن. بۆ زانینتان کە ئاهەنگ لەم کۆشکەدا دەستپێدەکات، هیچ ئاهەنگێک نییە پڕ نەکرێت لە لەشفرۆش و دوایش لەبن لووتی خاڵە ســەدەها کێر ئێواران نەچنە دەم و قوون و قوزوە، ســەدەها گرتە ڤیدیۆش بۆ ملشـــــکاندنی یەکتر نـەگیرێت. هـەمووشـــــی وەک گەلاڕێزانی شەش قوزی خەسوویی و هوما خانی ژنی بە خاڵەیان دەگووت`` لە پێناو پاراستنی ئەزموونە گەورەکەیە``

ئاوەها، هیچ ئاهەنگێک نییە ســـــەدەها هەزار دۆلاری تێ نەچێت، بەجۆرێک بوتڵە شــــــەرابی وەها دێنن کە نرخەکەی پێنج هەزار دۆلارە، ویســــکی ئایریشــــی کە بە دوکەڵ زاخاودراوە، دە هەزار دۆلار نرخێتی. ئەمە لەکاتێکدایە کە حکومەت بە سێ مانگ جارێک چارەکە مووچە دەدا بەخەڵک. بەڵام حیزب لەســـــەر بۆری نەوت خەوتووە و حیزبەکەی ئێمە و حیزبەکەی کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر وەک برا بەشــــیدەکەن. گومانی تێدا نییە کە بودجەی حیزب زەبەلاحترە لە بودجەی حکومەت، تەنانەت نوکتەیەکیان هەیە کە دەڵێن ``دەی تڕۆی بکە بۆ ناو حکومەت و بیکە بە وەزیر`` بەمجۆرە لەو ئاهەنگە و لە کاتی گەشـــتەکانم لەگەڵ خاڵە

گەورەی میهرەبان کە هەمیشـــە منی لە کۆبوونەوەکاندا لە باوەش دەنا، یاخود منی لەبەردەم خۆیدا دادەنا، یان کورسـیەکی تایبەتیان دەهێنا و لە لیمۆزینەکەدا دۆشـــەکێکی نەرمی تایبەتیان دەخســـتە سـەر کە بە ئاوریشـمی چینی چنرابوو. منیش ئەرکی خۆم دەزانی، لە تەنیشـــت خاڵەوە گوێچە بچوکەکانم قووتدەکردنەوە و هەر کەبۆنی هۆرمۆن ڕژانی خاڵەم بکردایە، کە بۆنێکی ئاشـــنا بوو بە لووتم، خێرا خۆم ڕاســـتدەکردەوە دەســـتمدەکرد بە وەڕین، ئیدی کۆبوونەکە کۆتایی دەهات. بەمجۆرە من، مۆپســی پاشــا، ئاگام لە ســـڕ و تڕی ئەم حیزبە و ئەم ئەندام مەکتەب ســـیاســـییە دایکخۆگێیانەیە.

دیارە وەک باســـمکرد، ئەم زەبور ئەڵمانییە بێقیمەتە، کە ئێســـتا ئەندام مەکتەب ســـیاســـیە، ئەو زەمانەش نوێنەری ڕەســـمی حیزبەکەمان یەکێتی ڕەنجدەرانی کوردســـتان بوو، کە ئەوســـا بەرەیەکی ســـێ حیزبی بوو. ئەوە زەمەنێک بوو کە هێشـــتا پێشـــمەرگە ئازاکانمان، پاڵەوانە ئەفســـانەییەکانمان، لەبن بەرد و شاخەکاندا لەدژی سوپای ئێراقی شۆڤێنی بەعسی، سنگی خۆیان دەنـا بـە گوللـەوە. هەر لـەو کـاتـەوە زەبور ئـەڵمـانی پـارەی لـە هـەردوولاوە بـەســـــەردا دەڕژا، لەلایە بەعســـیەکـان و لەلایەن حزبەکەمـانەوە. ئـەو هێڵێکی تر بوو کـە خـاڵـە و مـەکتـەب ســـیاســـییەکانی لە ژێرەوە دەبەســـتەوە ســـەدام حوســـێنی دیکتاتۆرەوە. دەنا سـەیر نییە، دوای ئەم هەموو کیماوی بارانکردن و کوشـــتارە گەورەیە نە لووتی خاڵە و نە لووتی شـــابازی مچە گەڕی هـاوڕێی تەمەن و جێگری و فەرەی ئـامـە مـاڵانگەڕ و فەقێ بلیخانۆف و فەتاحی وسوە تەمەڵ...و زۆریتر قەترەیهک خوێنی لێ

نەهاتووە؟! سەیر نییە دووسەد و پەنجا هەزار کەس لەم شۆڕشەدا، لە ئەنفالدا و لەژێر ئەشکەنجە و زیندان و لەسێداران و شەڕە قارەمانەکاندا بکوژرێن، کەچی بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵە ئەمان پەڕی گوڵێک دەموچاویانی بریندار نەکردبێت؟ ئێستاش، بە گووپی سوور و ئاڵ و جەستەیەکی تەندروستەوە دێنە سەر تی ڤیەکان و تاکە کێشەیان چەوری دابەزاندن و ورگ زلی و زۆرخۆری و کێر هەڵنەسانە. خۆ شابازی مچە گەڕ هەر کە پشتی دەئێشا شاخی بەجێدەهێشت و دەچوو بۆ نەمسا و لەوێ خۆی چارەسەر دەکرد، بەمەرجێک پێشمەرگە هەژارەکان لەبەر نەبوونی دەرمان و دکتۆر برینەکانیان هەوی دەکرد و بە عەزابەوە دەمردن...

من مۆپسی پاشا، سەگێکی ڕێنیسانسی زیرەکەم، دەزانم کە نەگبەتی و کوشتن وماڵوێرانی بۆ پێشمەرگەی هەژار و ڕێکخستنە ئازا و خانەوادەکانیان بووە، پارەی موخابەراتی ئەمریکی و سوریی و ئێرانیش ڕژاوەتە سەر حسابە بانقیە زۆرەکانی خاڵە گەورە و شابازی مچە گەڕی جێگری. من، مۆپسی پاشا، بەم تەمەنە سەگییە کورتەم و بەم ئەقڵە بچوکەمەوە هەموو شتەکان کۆدەکەمە و لێکی دەدەم و لێی دەردەکەم ئەو دەرئەنجامەم بۆ دەردەکەوێت؛ کە سەدام ئەمانەی پێ باشتر بووە وەک نمایشکارێک دژایەتی بکەن، وەک لە شۆڕشێک سەرکردایەتیەکی ڕاستەقینەی هەبێت و بۆی کۆنترۆڵ نەکرێت. شۆڕشێک وەک ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت لە دوای ئاشبەتاڵی ناوەڕاستی حەفتاکان، کە بە سروشتی لە دایکبوو، بەڵام زۆر زووش ئیفلیج کرا. دامەزرێنەرانی شۆڕشی نوێ لە کوردستان دەژیان، لەناو

خەڵکی خۆیان و ئازاری ئەم میللەتە داگیرکراوەدا بوون، بەڵام زۆر زوو ئەمانە لە نەمسـا و دیمەشـق و قاهیرە وە هاتنەوە و چوونە بن کلێشـەیان و بە ئاڕاسـتەیەکی تردا بردیان. هەڵەی نیوەی سـەرکردایەتی ئەم شـۆڕشـە نوێیە ئەوەبوو گوێیان لە تەگبیری ڕەشی ئەوانە گرت کە لە دوای شکستی شۆڕشی مەلا گەورەی دەمگەوهەر لە نەمسا و لەندەن و قاهیرە لەسەر حسابی موخابەراتی بریتانی و سـیای ئەمریکی و موخابەراتی دەوڵەتە عەرەبیەکان خۆیان دەلێسایەوە. ئەوانەی کاریان تەنها ئەوە بوو لە کاتی لەدایکبوونی هەر جوڵەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیی، بە خۆیان و ئەقڵە موخابەراتیەکانیان، سـواری ملی ڕەوت و شـۆڕشـەکان ببن و بیخەنە خزمەتی گەمەی موخابەراتەکانەوە. ئەوانە زۆر زوو خۆیان لە دامەزرێنەرانی شـۆڕشـی نوێ نێزیک خستنەوە، زۆر زوو بە پەڕلە ڕەوانەی سنووری ئێرانیان کردن، تەنها (هاوڕێ سوارە) بوو پڕ گومان بوو لەو ئەکتەرانەی کە خۆی لە نامیلکەیەکدا گووتیبووی`` ئەو هەلپەرسـتانەی لە پەراوێزی مەلای گەورە دەلەوەڕین`` ئەو بە قسـەی نەکردن، بەڵام نیوەی سەکردایەتی ناو شار بەرەو تاران بە قاچاخ لەسنوور پەڕینەوە، بەو نیازەی گەر بێنە تاران ئەوا ئەوان دەتوانن دەنگی شـۆڕشـی نوێ بە جیهان بگەیەنن. بێگومان ئەمە ڕووی نەدا هەر لەسـەر سـنوور بە سـاواکی ئێرانی بەگرتیاندان و ئەوانیش ڕادەسـتی بەعسـیەکانیان کردنەوە. بەعسـیەکانیش سـەرە گرنگە شـۆڕشـگێڕەکانیان لە سـێدارە دا و دوای هێنان و بردن و ئەشـکەنجەی هەندێکیان، کاراکتەری سـایکۆلۆژی هەر یەکەیان خوێندبۆوە و دەیانزانی ئازادکردنیان سـوودی زۆرتر دەبێت،

چونکە وەک لە فایلێکدا نوسرابوو `` وەک لاشە هیچ سوودێکیان لێ نابینین، چونکە ئەمانە کوردایەتی لەبەرچاوی هەر یەکێک دەخەن، بیەوێت لە دژمان دەستبداتە چەک. سروشتیان سروشتی تاوانبار و پیاوکوژ و فیتنەچییە، هەندێکیان کیسێک ڕق و بوغزن لەدژی یەکتری و کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونین، باشترە وەک ڤایرۆس فڕیاندەینە ناو شاخ ``

بێگومان هەر ئەو کاتە لەسەرەتای حەفتاکان یەکێکی وەک فەرەی ئامە بەڕەلا با بڵێین فیفی عەبدە، هەر لەبەغدا فەرمانبەرێکی بچوک بوو لە فەرمانگەی کشتوکاڵی بەشی ڕەسافە، لە سەرەتاوە بە سیخوڕی چوو بووە نێو شانە دامەزرێنەرەکانیانی بەرەی مارکسی لینینی کوردستانەوە، لەگەڵیشیاندا تا ئێران ڕۆیشت و هەر ئەویش بوو کاتێک فرسەتی هەڵاتنیان بۆ هەڵدەکەوێت پەشیمانیان دەکاتەوە. ئیدی وەک چۆن تەماتە دەبژێرن، بەعسیەکان شۆڕشگێڕەکانیان لە سێدارە دا و ئەوانەی وەک فیفی عەبدە و چەندانی تری وەک (عوسە شەلی کوتلەچی) کە دوایی بیست ساڵ لەو ڕووداوە بووە، جێگری شابازی مچە گەڕ لە گردە غەمبارەکەیدا. ئەو و زۆریتریان ئازاد کرد بۆئەوەی بچنەوە شاخ، بەمشێوەیە دوای چەند ساڵێک ئازادیان کردن بۆئەوەی دەستبکەنەوە بە گەمەی شۆڕش و سەرکردایەتی نوێی شۆڕشی نوێ بۆ جاری دووهەم دابمەزرێننەوە...

من دەزانم ئێوە ئەم قسانەم بە ئەقڵی نەخۆشانەی سەگێکی کۆن و کەڵەتە پیر تێدەگەن، کە خاوەنەکەی لە دوا ساتەکانی ژیانیدایە و بێناز کەوتووە لەو ناوە. دەزانم ئێستا دەڵێن؛ مۆپسی پاشا کە

وێنەکەی لەگەڵ خاڵە گەورەی میهرەباندا لەهەموو شـــوێنێکی ئەم دەوڵەتەدا هەڵواسـراوە، بۆیە ئەم قسـانە دەکات چونکە چیتر وەک کەسی دووهەمی مەملەکەت مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت. ئەوێک کە لە دەسـتوری ئەم وڵاتەدا شـوێنای تایبەتی خۆی هەیە، شـوێنی خۆی لەدەستداوە... گەر وا بیربکەنەوە ئەوا دەکەونە هەڵەیەکی گەورەوە، باشــە ئێوە پێمبڵێن؛ گەر شـۆڕشـێکی وەهمی و سـووکەڵە بوونی نەبێت، چۆن مەکینەی شـــۆڤێنزمی عەرەبی بکەوێتە کۆمەڵکوژی و بە چ بیانویەک ڕاگوازتن و بە عەرەبکردن دەستپێبکات؟!

هەربۆیە (هاوڕێ سـوارە) ئەو گەنجە باریکەلە چاویلکە لەچاوەی لە مۆســکۆ خوێندبووی، دامەزرێنەری ئەم شــۆڕشــە بوو، ئەقڵی یەکەمی بوو، بەڵام ئەو بڕوای بە خەباتی چەکداری نەبوو. ئەو دەیگووت؛ خەباتی ســـیاســـی و ڕێکخســـتنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەپێش شــۆڕشــێکەوەن بە کۆمەڵێک بڕنەو و ژێرســێی ژەنگاوی موخابەراتی دەوڵەتانی دراوســێ شــەڕبکەن. دەیگووت؛ گەر بچینە شـاخ لە شـۆڕشـی مەلا گەورەی دەمگەوهەر بە هێزتر نابین، خۆ ئەگەر شـۆڕشـی شـاخ هەڵگیرسـێنین دەبێت بۆ چەک و پاڵپشــتی پشــت بە موخابەراتەکانی دەورەبەر و کۆنە جاشــەکان ببەســـتین... ئەو ڕای وابوو؛ کە دەبێت جەماوەر وەها ڕۆشـــنبیر بکرێت کە بتوانێت لە ســاتی خۆیدا ســەدەها هەزار دەســت بداتە خەباتی ناو شارەکان. ئەو وەک لینین کاری دەکرد دەیویست چین و توێژەکان بە ئایدیای دادپەروەری و چارەی خۆنوســـین و ســـۆســـیالیزم پەروەردە بکات، نەک بیانکاتە چەکدار و دوایش بە کوشتیانبدات و پارەی ساواک و سیا و موخابەراتی سووریەکان بخەنە ســـەر ژمارە بانقیەکانی خۆیان... ئەم ئایدیایانە بەعســـی

ترســــاندبوو، هەر بۆیە بیرکردنەوەی موخابەراتی ئێراقی لە شۆڕشێکی کۆنترۆڵکراو کە لەلایەن ئەندامانی لەوەڕگە کۆنەکەی مەلا گەورەی دەمگەوهەر وە بەڕێوە ببرێت، لەلایان نەخشـــەیەکی زیرەکانە بوو. شـــوڕشـــێکی کۆنترۆلکراو باشـــترە وەک لە شۆڕشێک تیۆرە و سیاسەت کاری تێدا بکات، و بەردەوام خۆی نوێبکاتەوە. خۆ گەر شـــۆڕشـــێکی وا کارتۆنی بوونی نەبێت، ئەوا خەڵک بیر لە شۆڕشێکی دیکەی کوردیی دەکەنەوە کە بە بەعس و دەوڵەتەکان کۆنترۆڵ ناکرێت. شۆڕشێک پڕی بێت لە پیاوی خۆیان و لە ژێر کۆنترۆلی ئەواندا بێت باشـــترە، وەک لە ژیانی چەند ســـەربازێکی برســـی کە لێرە و لەوێ دەکوژران و بە هەزارەها جێگەی دەگرتنەوە. باشـــترە ســـەرقاڵیان بکەن بە شـــۆڕشـــی ســـاختەوە، تا خەڵک بیرۆکەی کوردبوون و شـــۆڕشـــی لەبەرچاو بکەوێت... خۆ ئەگەر ئێوە وەڵامی ئەم پرســـیارانە بدەنەوە، دەگەنە هەمان دەرئەنجامی ئەقڵانی کە من پێیگەیشـــتووم. هەر ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە چۆن خاڵە گەورە و شـــابازی مچە گەڕ، چنگ لەسەر شان، ئەم لە قاهیرە و ئەویتر لە نەمساوە وەک لە یادەوەرییەکانی درۆینەکانی خۆیاندا هاتووە خۆیان کردووە بە ســـنوورەکاندا و پێشـــمەرگەکانی ناو وڵاتیش لە ســـنوور هاتوون بەرەو پیریان؟!

گێل هەیە بڕوا بەوە بکات لە ناوەڕاســـتی حەفتاکاندا کە ئێران و ئێراق و تورکیا هەموو شـــۆڕشـــێکی کوردیان تەفروتونا کردبێت، گرووپێک دەتوانێت ئەو سێگۆشە ترسناکەی سێ دەوڵەت و سێ سوپا و سێ موخابەراتی سنوورەکان ببڕێت، کە چاو و سیخوڕیان لەهەموو شارۆچکە وێستگەی پاس و گوندێکی سنووریدا لە کاردا

بوو؟! دەماغ پەتاتە هەیە بڕوا بەوە بکات کە شـــابازی مچە گەڕ بەو سـەروچاوە ناشـرین و ڕەشـتاڵەی کە هەر لە لگاوچی و دزی بوتڵە غاز دەچێت، یان خاڵە بەو ورگە زلەیەوە بەهەلیکۆپتەری تورک هاتبێتە سـنوور و سـنووریان بڕیبێت بێئەوەی سـێ موخابەراتی بەهێزی ناوچەکە پێی بزانن؟ یان دەشـێت عەبای سیحریان بە خۆدا دابێت و وەک جنۆکە سنوورەکانیان بڕی بێت؟!

چ گەمژەیەک هەیە بڕوا بەو چیرۆکانە بکات؟!

جارێ ئەم چیرۆکی سـنوور بڕینە لە یادەوەرییە پڕ درۆکانی شـابازی مچە گەڕ و فەقێ عەلمانی بیلخانۆفی نەیاری دێرینی، هەر یەکە و بە جۆرێک ترش و خوێی پێوە دەکات. ئەم پێشـتر لەسوریاوە خۆی کردووە بە سنووردا و فەقێ بلیخانۆفیش بەخۆی و چەند پێشـمەرگەیەکەیەوە چووە بۆ پێشـوازی خاڵە گەورەی میهرەبان... هەموو ئەمانە زۆر بەسـادەیی دەگێڕدرێنەوە، مەگەر دەروێشـی گەمژەی حیزبی لەبەر بەرژوەندی بێت یان گەمژەیی سـیاسـی و کۆیلەیی ڕۆحی بێت، بڕوایان بەم گێڕانەوە هێنا بێت؟

بەگشـتی وێنەکە وێنەی گەڕانەوەیە بۆ سـەر ورگی ئەو کۆرپەلەی شـۆڕشـەی کە هێشـتا لە گاگۆڵکێدا بوو. هەربۆیە یەکەم کاریان زیزکردنی هاوڕێ سـوارەی گەنج بوو کە بیرمەندی شـۆڕش بوو، ئەو دەیویسـت لە ناوچەیەکی تر سـەرکردایەتیەکی نوێ لەدژی خاڵە و شـابازی مچە گەڕ لەسـەر بیروڕایەکی چەپ و کوردانە ڕێکبخاتەوە. بەڵام ئەمان زۆر زوو شـوێنی هاوڕێ سـوارەیان ئاشکراکرد و بەکوشتیاندا. گەر سەبرتان هەبێت ئەمەتان دوایی بۆ باسـدەکەم، وەک چۆن خاڵە لە شـەوێکی سـەرخۆشـیدا کە ئەوەی بۆ ئاشـکرا بوو، کە جلەوی دەسـەڵات هەمووی چۆتە ناوگەلی

گەلاڕێزان و هوماو شـــنە قۆنەرە و ترۆهاتەکانی وەک زەبور ئەلمانی و مەلا ســـەعیدی فایلدار و فیفی عەبدەی دایکخۆگێ. ئاوا، لە شـــەوێکدا هەزار ڕەحمەتی بۆ گۆڕی هاوڕێ ســـوارە نارد، و بەگریانەوە باسی چۆنێتی ئاشکراکردنەکەی شوێنەکەی بۆ کردم، ئەمە هەڵدەگرم بۆ دوایی.

پلانێکی تریان لەناوبردنی ســـەرکردە عەسـکەریی و بەجەرگەکان بوو، هەر بۆیە لەمەشـدا سـەدانیان بەکوشـتدا. ئەوەی مایەوە ئەو هەویرە بوو بە ئارەزووی خۆیان دەیانکردە گوونک  بۆ تەنووری خوێن و بازرگانی  ســـیاســـی. دوایش  لە کۆتایی حەفتاکاندا کۆنفراسـەکانیان خست بە قنگدا تاوەکو بەعس پیاوە نەخۆشـەکان و فیفی عەبدەی  بۆ ئازادکردن. پێدەچێت ڕێکەوتنی ژێر بەژێر بێت، بۆئەوەی سـەرکردایەتی نوێی شـۆڕشـی شـاخ بەجۆرێکی تر دامەزرێتەوە. بەمجۆرە بۆ ســـەدام و بەعس ئەم جۆرە تەقوتۆقە و خۆبەکوشتدانە کەمە لێرە و لەوێ  باشتر بوو، چونکە ئەوان وەک خاڵە تەنها بۆ من، هاوڕێ دێرینەکەی مۆپســـی پاشـــا، پێش دوا جەڵدەی دانیی پێدا نا، بەوەی`` لە شـــاخ جەســـتەی کوردمان لەتوپەتدەکرد، ئەوەمان کوشـــت کە ناوی ڕۆحی کوردبوونە، دەنا ئێســـتا من بەم ورگەوە نەدەکەوتمە بەر ڕەحمەتی گەلاڕێزانی شەش قوز و هەرزەکارێکی وەک شنە قۆنەرە``

وەک دەبینین  بەعس ترسـی لە بوونی فیزیکی شـۆڕشـی چەکدار نەبوو، بەڵام ترسی لە تەشەنەکردنی هزری کوردستانی سەربەخۆ هەبوو، ترسی لە ڕۆحی کوردبوون و شوناسی کوردبوون هەبوو. ئیدی کێ هەبوو لە فیفی عەبدەی شـــۆڕش و فەقێ عەلمانی و شـــابازی مچە گەڕ و هوما جیڕ کە جارجارە لە لەندەنەوە لە

ســـــنووری ئێرانەوە خۆی دەکرد بە ســـــەرکردایەتیدا و چەند فۆتۆیەکی دەگرت. کێ هەبوو لە زەبور ئەڵمانی باشـــتر ویســـکی تـایبـەت و هۆتێلی گـەرم و نـەرمیـان بۆ ئـامـادە بکـات و ببێتـە نامەبەری نێوان حیزبمان و بەعسیەکان. کێ هەبوو لە مەلاسەعیدە پیرە نەمساوی تڕکەن باشتر بۆئەوەی جارجارە بڕواتەوە شاخ و بەڕاپۆڕتی چەورەوە بگەڕێتەوە بۆ موخابەراتی ئێراقی. کێ لەمانە باشـتر هەبوون بۆ دروسـتکردنی شـۆڕشـێکی وەهمی کە هەموو کاتێک ئامادەبوون وەک مەلاگەورەی دەمگەوهەر ئاشـــــبەتاڵی لێ بکەن، یان وەک ســــەگی بەڕەڵا، وەک هەوشـــــارە بێقیمەتەکەمان ``حەســـەنە گۆجی ســێ قنگ`` ئامادەبوون بەزمان دەرکێشـــان و کلکەلەقێ وە لەبەر قاچی ســەدامی دیکتاتۆردا دانیشــتن... ئەمە و زۆریتر.

ببورن جـارجـارە کوردانـە دڵم پڕ دەبێت، ئیتر بـا بوەســــتم لـەم خوتبەبێژییە، چونکە لەوانەیە ئێستا بڵێن؛ سەگێکی بچوکی وەک تۆ ئەم درۆیانە چۆن هەڵدەبەستیت کە شۆڕش لافاوێک خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە؟ من دەڵێم ئەوانەی بە پێشمەرگە و کادێرە ئازادەکانیان دەگووت خوردانەوەی ئەلکحول تاوانە لەدژی شـــۆڕش، خواردنی گۆشـــــت و پاڵدانەوە پیشـــــەی هەلپەرســــت و ڕیڤیژینزمەکانە، پـەڕینـەوەی ســـــنوور بۆ ئێران و ئـەوروپـا ڕاکردنـە لـە واقیع و ترسـنۆکییە... کەچی خۆیان هەمیشـە پێیەکیان لەتاران و نەمسـا و سـویسـرا بوو. ئەوانە بازنەیەکیان وەک خەرمانەی مانگ بەدەوری خۆیان هەڵبەســـتبوو، پیرۆزییەک گوایە هەموو ســـەفەرەکانیان لە پێناو کۆکردنەوەی هاوکاری و پشتگیری دەوڵەتان بوو بۆ شۆڕش

و کوردایەتی. لەڕاســـتیدا ئەوانیش وەک بەعســـیەکان لە هۆتێل و شـوقە ئامادەکراوەکانی زەبور ئەڵمانی و مەلا سـەعیدی نەمسـاوی و زۆریتر لەم گەوادانە، دەگیرسانەوە و پشوویان دەدا...

دەزانم ئێسـتا ئێوە دەڵێن؛ مۆپسـی قسـەی زل دەکات، بەڵام ئێسـتا تـاریق عـەزیزم بیردێتەوە کە وەزیری دەرەوەی ســــەدام بوو، لێیـانپرســـی؛ ڕات چییـە بـەرامبـەر ئۆپۆزیســـیۆنی ئێراقی بـە کوردەکانیشــەوە کە لە شــاخن؟ دوای ئەوەی لەبەردەم کامێراکان لە ســـویســـرا ســـیگارە کوباییەکەی پێکرد، زۆر ڕاســـتگۆیانە بە ئینگلیزییە ڕەوانەکەی گووتی؛ شـتێک نییە پێی بڵێن ئۆپۆزیسـیۆن، هەموویان وەک ئێمە بیردەکەنەوە و بەشـێکن لە ئێمە بەئەقڵیەت و بەکرداریش... لێرەوە لەو بڕوایەدا نیم خاڵە گەورەی میهرەبان لەو کاتەدا ئەوەی نەزانیبێت کە هەردوو نوێنەرەکەی حیزب لە ئەڵمانیا و نەمسا لەگەڵ موخابەراتدا کار نەکەن. وەک خۆی دەیگووت ``بۆ شـــۆڕش ئازاکان بەکوشـــتدەدەین و بۆ ئاشـــتی و حکومکردن ترسنۆک و  گەواد و لەشفرۆشەکانمان پێویستە``

بگەڕێینەوە ســـەر ئەم شـــنە قۆنەرە و باوکە جوانەکەی کە زەبور ئەڵمانی ئەندام مەکتەب سیاسیە. ڕاستی کەس لەوە دڵنیا نەبوو کە ئەم شـــنەیە لە کامە ســـۆزانی زەبورە، کە ژمارەیان لەبن نایەت، بەڵام دەڵێن دایکی سربییە. ژمارەی لەشفرۆشەکانی زەبور ئەڵمانی زۆر بوون، بەتایبەت ئەوانەی جاران لە نەمســـا و ئەڵمانیا بەناوی گێڵفرێنـد و هـاوژین، بۆ بـەعســـیـەکـانی ســـــەفـارەتی ئێراقی بەجێدەهێشتن. ئەمەش پیشـەی دێرینی ئەو بوو، هەربۆیە ئێسـتاش کەیفی بە دەزگا نوێیە حیزبیەکەی گەلاریزانی شـــەش قوز دێت و

شـــنەی کچی وەک کچی باوکی خۆی بۆ ئامادە و ســـاف و لوس کردووە. بیرمـدێت دوای ئـەوەی ڕژێمی ســــەدام بـەدەســـتی ئەمریکییەکان کەوت، فایلی موخابەراتی ئێراقی کەوتە بەردەســـت خەڵک و لەوانەوە کەوتە بەردەســـت ڕۆژنامەبازەکان. ئەوانیش وەک پیشـــەی ``زەڕاندنیان`` بەکوتلەی ئەوبەریان فرۆشـــتەو، بەشێکی دیاری وەسڵی شەوەکانی زەبور ئەڵمانی بوو، کە ئەندام مەکتەب ســیاســی بوو لەســـەر لیســتی کوتلەکەی خاڵە گەورە. هەموو وەسـڵەکان لە فایلەکەیدا هەڵگیرابوو، کە ســەفارەتی ئێراقی بەعسیەکان بۆی سـەرفکردبوو. ئەم فایلانە و فایلی مەلا سـەعیدی نەمساوی و زۆریتر کە ژمارەیان زیاتر لە دوو سەد کەس دەبوو، پلـەی جۆراجۆریـان لـە حیزبـدا هـەبوو. هـەموو ئـەم فـایلانـە لەبەردەســـت ڕۆژنامەبازەکاندا بوون. ڕۆژ ڕۆژی بڵاوکردنەوەی پەرەگراف و وێنەی وەسڵ و نامەی فەرمی بەعسیەکان و لیستی ئەو پیاو و ژنانە بوو کە لە ژێرەوە لەگەڵ موخابەراتی ئێراقیدا بوون. ئـەم حـەیاچوونـانـە لاپـەڕەی ڕۆژنـامـە بـەنـاو ئـازادەکـانی پڕکردبۆوە، بـەجۆرێک بـەتـەڵخی نیشـــاندەدرا کـە لیکی دەمی کوتلـەچیـەکـانی ئـەمبـەر و ئـەوبـەری دەڕژان. لـەڕاســـتیدا ئـەم ڕۆژنامەبازانە مەبەســـتیان ئاشـــکراکردنی هەقیقەت نەبوو، بەقەد ئەوەی دەیانویســـت گەمە لەگەڵ هەقیقەتدا بکەن. فایلەکان هەر لەســـەرەتاوە جادووی ڕۆژنامەی ئازادی بەتاڵکردووە، جادووی ڕۆژنامەنوســـی ئەم دەڤەرەی کردە هەڵمی گۆلاوێکی هاوێنێکی سووتێنەر. فایلەکان فرسەتێکی باشی بەخشی بە حیزب بۆئەوەی ڕۆژنامەگەری ئازاد بکاتە ئەو زەڕخانەیەی لە خەیاڵدانی خاڵە و شـــابازی مچە گەڕ و کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەردا بوو.

هەربۆیە چەند مانگێکی نەخایەند سـەرنوسـەرەکان وەک قۆشـمەی هەرزان، بوونە قەشـمەر، و میدیا بووە ئەو زەڕخانەیەی کە حیزب بۆ گەمەی گەوجاندنی ئەقڵی جەماوەریی سادە و دورشمسازیی و هـاوارکردن پێویســـتی پێی بوو. بێگومـان ئـەمـانیش خۆیـان بۆ گەمـەکان شـــلکردبوو، هـەربۆیـە (گۆڤاری لفکین) کە لـە لفکـەوە هاتووە، هەرەوەها (ڕۆژنامەی هاوەڵبازی) کە لە هەردوو وشـــەی هاوڵاتی و هەواڵەوە هاتووە، (ڕۆژنامەی تەنەکە) بەو ســـیفەتەی تەنەکە ئاوێنە و نیشـانەی هەژاریی و ژیانی ناسـۆری هاوڵاتیانە... ئاوا ســـەرنوســـەرانی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە، ئەم فایلانەیان دەســتکەوتبوو. ئەوانیش وەک ســەرنوســەر ڕۆژنامەنوســەکانی جیهان ئەوەندە ئازا و بوێر نەبوون لەپێناو دەسـتکەوتنی هەواڵ و زانیاریدا خۆیان بکەن بە ئاگردا، نەخێر ئەمانە زۆر لەوە بچوکتر بوون کاری وەهایان لێ بوەشـێتەوە. ئەمانە وەک چەرچی سـووک و ســەلیم ئەم فایلانەیان بە پارەیەکی زۆر ڕەمزی لە ڕۆژنامەبازە عەرەبە ئێراقیەکانی هاوشـــێوەی خۆیان، لە بەغدا وموســـڵ و کەرکوک، کڕیبۆوە. ئەم ســێ ســـەرنوســـەرە لەســـەر ئەوە ڕێکەوتبوون هەفتانە تەنها چەند مانشـێتێک و چەند کۆپییەکی تەڵخ بڵاوبکەنەوە. ئەمانە وەک خاڵە دەیگووت ``هەر بە ڕاپۆڕتلێدەر و ســـیخوڕ لە گەڵی دایکیان کەوتوونەتە خوارەوە، تەنانەت هەواڵی ناوگەڵی نەنکە قاڕییەکەشیان دەفرۆشن``

بەمجۆرە دوای ئەم کەمە بڵاوکردنەوەیە، سـندوقی پارەی نەوتیان بۆ هەڵڕژا، و لەو ڕۆژەوە شەرەفی مینبەری جنێوفرۆشی سیاسیان پێ بەخشـــرا. وەک دکتۆر شـــابازی مچە گەڕ هەمان ئایدیای بەعســیەکانی هەبوو، دەیگووت ``بۆ ئەگەری ئەوەی لە داهاتوودا

ئۆپۆزیسیۆنێک دروستبێت، بە فیلتەری جنێودا بڕوات، نەک کولتور و ئایدۆلۆژیا`` بەمجۆرە ئەم قۆشـــمانە وەک مەیمونی جڕتلێدەر هەموو فایلەکانیان بە هەردوو کوتلەکە فرۆشـتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا (ڕۆژنامەی تەنەکە) کە هەفتانە دەردەچوو و بە هەزار دیناری چاپ دەفرۆشرا، بووە خاوەنی باشترین بالاخانە و ستاڤ کە هەرگیز لەگەڵ دەرامەتی ڕۆژنامە یەک هەزارییەکەدا یەکی نەدەگرتەوە. تەنانەت (گۆڤاری لفکین) کە بە سێ هەزار دەفرۆشرا و بووە خاوەن ستاڤێکی زەبەلاح و بینایەکی دوو قات کە بیست و چوار کاژێر کارەبای حکومەتی هەبوو. ســـەرنوســـەری ناوی گۆڤاری لفکین خۆی ناو نابوو (میر هەڵۆ) کە لەڕاســـتیدا ناوی (حەمەی عولە شـــینکایی)ە وەک خاڵە دەیگووت ``ئەم کوڕی قەحبەیە لە قوونی ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامیەوە لەدایکبووە`` هەڵۆ کاتێک ئەم قســـەیەی خاڵەی بەر گوێ کەوتەوە، دوای ئەوەی کوتلەکەی خاڵە شـــەو و ڕۆژێک زیندانیان کرد و بڕێکیان لێدا. لە ڕۆژی دووهـەمـدا، لـەتـاو قوونی خۆی وەک خـاڵـە دەیگووت، گۆڤارەکەی فرۆشـــت بە کوتلەکەی دکتۆر شـــابازی مچە گەڕ کە ئەوســـا جێگری خاڵە گەورەی میهرەبان بوو. دوایش کە دکتۆر شـــاباز جیابۆوە و لە گردە غەمبارەکە بەخۆی و هەوشـــارە دڕەکانیەوە جێگیر بوو، ئەم لفکە پیســـە بووە شـــوێنی جنێوە پیســـەکانی شـــابازی مچە گەڕ و حیزبە نوێیەکەی. لەبەرامبەر ئەم خزمەتانەدا لە کارگەی چیمنەتۆ بڵحەکەی کە هەرچی ســـەوزایی ئەو ناوچەیەی ژەهراوی کردبوو، میر هەڵۆی حەرامزادە، بە قەولی خاڵە، پشـکێکی بچوکی پێ بەخشـــرا، کە دەیکردە بیســـت هەزار دۆلار لـە مـانگێکدا. ئـەمـە جگـە لـە پـارەی دیکـەی دزەپێکردنی

حەیاچوونەکانی منداڵانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر و کوڕان و برازاکانی خاڵە گەورە و هەواڵی دۆســـتە کوژراو و زیندووەکانی هوما خانمی هاوســەری خاڵە و گەلاریزانی خەسـووی و زۆریتر. ئەمە جگە لە ڕادەستکردنەوەی ڕۆژنامەنوسە گەنجەکان بە فێڵ و تەڵەکە و پەیمانی ســەوز و ســوور و بە کوشــتدانیان لە زیندانە تاریکەکاکەنی گرد و ژێرزمینە ترســـناکەکانی ئەم مەملەکەتە. ئـەوەی لـەدڵی ئـەم میر هـەلۆیـە بـە حـەســـرەتی مـایـەوە، چاوپێکەوتنێکی خاڵە بوو، بۆ ئەوە سویێ بوو بۆوە، و خاڵە بە `` میراوی گوو`` ناویدەبرد. ئەویش بەو حەسرەتەوە ژیا و نەگەیشتە مورداى وەک خۆی گوتبووی ``بەس خاڵە بمکات بە سـەگی خۆی بە هەموو کەسێک دەوەڕم کە لە خەونیشدا دژی خاڵە بێت`` بەلام خـاڵـە لـە کۆبوونـەوەیـەکدا گووتی`` کوڕینـە من لـەگـەڵ ئـەوەدام زەڕخـانـەکـان بـاش بزەڕێنن، بـەلام ســـەگی وەک میراوی گووە ئەوەندە بۆگەنە، گووش لە گوویێتی دەخات``
هەر قسـەکەی خاڵە گەورەی میهرەبان ڕاست دەرچوو، دوایش کە خاڵە کەوت، گەلاریزانی شـەش قوز و کوڕە نەمساویەکانی خاڵە و برازا هـەرزەکارە لـەندەنیەکانی لـەگەڵ گەلاریزاندا بوونـە هێزێکی گـەورە لـە حیزبـدا، ســـەرنوســـەری لفکین بـایـدایـەوە و بـە ڕێکەوتنامەیەکی ژێر بەژێر کۆی گۆڤارەکەی خستە خزمەت دەزگا ترســـناکە ئەمنیەکەی حیزب و لەبەرامبەردا یەک ملیۆن دۆلاری وەرگرت. ``میراوی گوو`` بـە قـەولی خـاڵـە، بـەنیـازی خوێنـدنی ئەکادیمی خۆی لە گۆڤارەکە دوورخســـتەوە و جێگرەکەی کارە پیسـەکانی بۆ دەکرد. ئێسـتاش دوای ئەوەی کردیان بە پڕۆفیسـۆر لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بە پڕۆفیســـۆر (میر هەلۆ) بانگدەکرێت و

ڕۆمانی قەبە و زل دەنوسـێت، و بەتەماعی ئێوارەخوان و پارە، ڕۆژنامەباز و ڕەخنەگرە دەمپانکەرەوەکان بانگهێشـت دەکات بۆ ئێوارە ئیمزاکردنی ڕۆمانەکەی کە بە بەلاش دابەشـی دەکات. سـەیر لەوەدایە ئەسـتێرەی ئەم میراوە و سـەرنوسـەری گۆڤاری تەنەکە ( ئازادی ئەحمەد هەروایی) و ( فاقەی ئافە حیزبی) سەرنوسەری ڕۆژنامەی (هاوەڵباز)، کە لەڕاستیدا بەناوی ئافتاوی دایکی بانگدەکرێت کە کاتی خۆی دەلاڵی فەرمی ئەفسـەرەکانی بەعس بوو لە باشـووری شـار. هەموو ئەمانە خاڵە گووتەنی ``ڕیخی ئەم میللەتەن`` هەموویان لەگەڵ کەوتنی خاڵە بەورگەوە بۆ ناو خەسـتاخە پاریسـیەکە، خەلاتی زێرینی دەزگای گەلاڕێزان خانم و مەدالیای زێرینی ڕۆژنامەنوسیان پێ بەخشرا. ئەم قەشمەر و ڕۆژنامەبازانە بۆئەوە قەڵەوکران کە هەر دەنگێکی ناڕەزا دەنگی هەڵبرێت، ئەوان باوەشـی زەڕخانەکانی خۆیانی بۆ بکەنەوە و بەجۆرێک کە دەنگی خۆی نەناسـێتەوە... ئەمەش چیرۆکێکی درێژ و ئاڵۆزە کە دەچێتە خانەی ئەو شـتەی دکتۆر عەبدولڕەحمانی زەردەکی، خـاوەنـی دووهـەمـم لـە دوای دکـتـۆر بـنـیـامـیـن، بە``گەوجاندنی جەماوەریی`` ناویدەبرد و گێڕانەوەی ئەمەش کات و کتێبی گەورەی دەوێت.

بەمجۆرە هەندێک لەم ناوانەی ناو فایلەکان، تا ئەو کاتەی فایلەکان ئاشکرابوون ڕۆژانە دەهاتنە سەر تی ڤیەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە چۆن ئاربیجی و هاوەنیان بەکاڵی خواردووە و چۆن لە زیندانەکاندا خۆڕاگری بێ وێنە بوون، چۆن بەعسـیەکان لە کاتی ناوهێنانی ئەواندا لەرزیان پێ کەوتووە. چۆن بە سـێ فیشـەکەوە

بەرامبەر ڕەتڵێک زرێبۆش بوونەتەوە. تانەت چۆن یەکێکیان بەڕێکەوت لەسەر لوتکەی شاخێک بووە هەژدە کۆپتەری ڕووسی بۆیان هاتووە، بە دەمانچەی تۆکاریۆف کۆپتەرێکی خستۆتە خوارەوە و ئەوانیتریش وەک چۆلەکەی بەرباران زارترەک بوون و لە ئاسماندا بڵاوەیان لێ کردووە...

ئەمانە کۆمەڵێ کەڵەشێری شامی فشەکەر بوون، ڕۆژانە وێنەی خۆیان لەناو ژووره ڕەش داگەڕاوەکاندا بە بیجامەوە نیشانی بینەرانی کەناڵی زەڕخانەی حیزب و (بەرنامەی شکۆمەندان) دەدا، گوایە ئەمە فۆتۆی زەمەنی زیندانە. گوایە ئەم فۆتۆیانە لە مەلەفەکانی ئەمنی سلێمانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەیئەی کەرکوکدا بەردەست کەوتووە و جەلادەکانیان چرکاندویانن. فۆتۆی خۆیان لە ناو بەفردا نیشاندەدا گوایە سێ ڕۆژ بووە نانیان نەخواردووە، بەمەرجێک چەند هەنگاوێک لەولا بارەگا پڕ گۆشت و برنجی کوردیی و ڕۆنی خۆماڵییەکانیان، چرکێنرا بوو. وێنەی خۆیان بڵاودەکردەوە، لە فۆتۆکاندا زیاتر لە دوو پشتێن شانەی کلاشینکۆفیان لەخۆیان بەستووە و حەفتاوپێنجیان بەشانەوەیە، بەمەرجێک بەدرێژایی ساڵان، قوونی تەمەڵیان لە بارەگاکاندا بۆگەنی کردبوو. خۆ ئەگەر بچوونیایە بۆ گوندێکی تر بە تۆپزی ئێستر و بارگیریان لە جوتیارە هەژارەکان داگیردەکرد، لەوێش تەنها لە ڕۆخ چەمەکاندا خەریکی ڕاوە ماسی بوون... بەمجۆرە دونیایە فشەی سەوزو سووریان دەکرد کە لەگەڵ ڕووخانی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ لە فایلەکاندا ڕووە ڕاستەقینەکەیان تەواو دەرکەوت.

ئەم فایلانە کە زەبور ئەڵمانی و مەلا سـەعیدی نەمسـاوی و حسـە چاوکلی ئەندامی سـەرکردایەتی و هەڵۆی حەمە عەسـکەری ئەندام مەکتەب عەسـکەری و لیلۆ بۆتۆکسـاوی دیار بوون. بەتایبەت لیلۆ بۆتۆکسـی ئەندام مەکتەب سـیاسـی کە لە فایلەکاندا پلەی عەریفی ئەمنی لەبەر ڕاپۆڕتە نایابەکانی لەسـەر ڕێکخسـتنەکان پێ بەخشرابوو. ئەوێک چەندەها شانەی سەرەکی ڕێکخستنی بە گرتن دابوو کە زۆربەیان لە ژێر ئەشـکەنجەدا گیان دەرچوو بوو. چەندەها زانیاری گرنگ لەسـەر ماڵە پێشـمەرگە کە خۆی بەناوی حیزبەوە دەچوو سـەردانی دەکردن و هەر خۆشـی لیسـتی ناوی ماڵە پێشـمەرگەکانی لەسـەر وەرەقەی ئەلەمنیۆمی ناو پاکەتی جگەرەی سـۆمەر بۆ بەعسـیەکان دەنوسـی و لەبەردەم دوکانێکدا بۆی فڕێدەدان. لە فایلێکدا هەمان وەرەقە ئەلەمنیۆمەکە بە دەرزی دەبوس لەناو فایلەکەیدا هەڵگیرابوو، لەگەڵ ڕاپۆڕتی ئەفسـەری ئاسـایشـی (مەنزومەی شـیمالی) کە بە خەتێکی ناشـرین بەناوی ``ڕەفیقە نازدار`` ناوی براوە و داوای پلە بەرزکردنەوەی کراوە بۆ عەریفی ئاسـایش، لەگەڵ سـەرفکردنی پارەیەکی زیاد بۆ چالاکییە نایابەکانی. ئەمە جگە لە فایلی ئەندام پەڕلەمان (ڕەخشـە هەنارەیی) کە پلەکەی ڕەفیق حزبی بووە و سەدان ڕاپۆڕتی لەسەر خوێندکارەکانی دابووە ئەمن و مونەزەمەی بەعس. ئەمە ئەو کاتە بوو ئەو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان مامۆستا بوو...

وەک خاڵە بۆی گێڕامەوە؛ هەموو شـار ئەو ئێوارەیەی کۆتایی هەشـتاکانی لەبیرە کە ئێوارەی ڕۆژی پێش جەژنی قوربان بوو لاشـەی هەژدە گەنجی بەشـی شـانۆیی ئەم شـارە هاتنەوە، هەژدە لاشـەی چاو دەرهێنراو، مەمک بڕاو، نینۆک دەرهاتوو، لاشـەی

داخكراو بە ئوتو، شـــێوێندراو لەلایەن دەڵەکە بەعســـیەکانەوە کە بڕوایان وابوو؛ کوردی باش لاشـــەی باشـــە... هەمان ڕاپۆڕت کەناوی ئەو هەژدە گەنجەی تێدا بوو، چالاکیەکی ڕەخشـــە هەنارەیی بوو. بەڵام وەک خاڵە دەڵێت `` ئاخ ســـەد ئاخ`` دوای ڕاپەڕین بەو جەستە سپی و سۆڵ و پوزە خڕەیەوە، لەگەڵ مێردە ئەندازیارە خوێڕییەکەیەوە چوونە خزمەت ئەندام مەکتەب سیاسیە جەربەزەکەی حیزب کە ناوی (جەمال ئەبو تەور) بوو، ئەوەی بە دەستکێشیکی ژەهرەوە هاتە ژوورەوە، گوایە دەستی تووشی برین بووە و ویســـتی تەوقە لەگەڵ خاڵەدا بکات، من یەکســـەر بۆنی ژەهرەکەم کرد و بازمدایە ســـەر مێزە ماهاگۆنیەکەی خاڵە و لە نێوانیاندا وەســـتام و کەوتمە وەڕین، و نەمهێشـــت خاڵە تەوقەی لەگەڵدا بکات... ئەم دەعبایە حەزیدەکر بە جەمالی ئەبوتەبڕ، یان جەمال تەوروەشـــێن بانگبکرێت و ئەم ڕەخشـــە هەنارییە لەباوەشی جەمالی تەور وەشێندا ناوگەڵی خۆی دەکردەوە. مێردە ئەندازیارەکەشـــی یاریدەدەری جەمال بوو، جەمالیش هەموو بەڵێندەرایەتی بارەگای حیزب و حکومەت و هێزەکانی پێشـــمەرگەی بە ئەو بەخشـــی بوو و ئێوارانیش لەگەڵ ڕەخشـــە هەنارەییدا باس و خواســـی هونەری شـــانۆ و شـــێوەکاری بوو. ئاوەها بە ماوەیەکی کەم نەک ڕەخشـــە هەنارەیی بووە بەڕێوبەڕی ئەکادیمای هونەر، بەڵکو بووە ئەندام مەڵبەند لەســـەر لیســـتی کوتلەکەی جەمالی تەوروەشـــێن، کە دواییش جەمالی ئەبو تەور گوونی زل بوو، دەیویســـت بە تەورێکی ژەهراوی خاڵە لە ســـەرۆکایەتی لاببات. دەرئەنجام بە دووچاوی قاژوویەکەوە ماڵئاوایی لە ژیانکرد...

ئاوەها ئەم هەموو فایلانە ئەوەندە زۆربوون  کە چیتر دادی کوتلەکەی شـــابازی مچە گەڕی نەدا ،چونکە بەشـــێک لە گەمەکارەکانی کوتلەکەی خۆی لەو فایلدارانە بوون. هەربۆیە پێش کۆنفراسـی گەورەی حیزب کە شـابازی مچە گەڕ بە نیاز بوو بەم فایلدارانە خاڵە گەورەی میهرەبان لە ســـەرۆکایەتی بخات، ناچار بوو لەگەڵ خاڵەدا یەک بەیەک بکەن و مەســـەلەی فایلدارەکان بە چەپڵە ڕێزانێک  کۆتایی پێبهێنن و بیانکەنەوە بە کۆنفراســـدا. ئیدی چەندە ماڵیان وێرانکردووە، چەندە دایکی ئەم وڵاتە پڕ کارەساتەیان جەرگ سـووتاوکردووە، چەندە گەنجیان بەرەو حەمامەکانی تێزاب بردووە، چەندە پێشـــمەرگەی قارەمانیان بە زمانە پیســـەکەیان خستۆتە کەمینی بەعسیەکانەوە، چەندە ناوی مێردمنداڵیان داوە بە ئەمن و ئیستخبارات کە گوایە ڕێکخستنی سیاسین و لە لۆرییەکاندا بە زنیدوویی سـووتاندیانن. چەندە کیژیان بردە بەردەسـت ئەمن و چەتەوڵەکانی ســـەدام بۆئەوەی لاقەیان بکەن، چەند گوندیان بە وێرانکردندا... ئەمانە هەمووی، لە بەختی زەبور ئەڵمانی و مەلا ســەعیدی تڕکەن، بۆ دوو هاوڕێ دوژمنەکە خاڵە و شـابازی مچە گەڕ، گرنگ نەبوو... نەک هەرئەوە، بەڵکو هەموویان لە کۆنفراســدا بـە چـەپڵـە بوونـەوە بـە ئـەنـدامی کۆنفراس و هـەنـدێکیشـــیـان بوونەئەندام  مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی. هەموویان بەدەنگی کۆی ئەندامان پلەکانیان بەرزکرایەوە... بەهەر حاڵ ئەم زەبور ئەڵمانییە مەنهۆڵێکی گووە چۆن ســـەری هەڵدەیتەوە بە بۆنی گێژ دەبیت و زەمەن یار بێت، لە بەشـــەکانی تردا بەم زمانە گازگرییە، کینیزمیی و ســـەگییەمەوە، زیاتر دەچمە وردەکاریی ئەم فەردە گووەوە.

٣

بیرمدێت، تەنها کاژێری یەکەم بۆ شـــنە قۆنەرە لەم کۆشـــکەدا ناخۆش بوو، بەڵام کە کاژێری دووهەم دەســـتپێکرد، دونیا لای ئەم بونەوەرە شـەیتانیە گۆڕا بۆ بەهەشـتێک تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ تەراتێنی تێدا دەکات. ئەویش ئەو کاتە بوو کە هوما خانم و گەڵارێزانی شـــەش قوز لەگەڵ خۆیاندا بردیان بۆ ژوورەکەی تر، ئیدی بە سروشتی لەشفرۆشی و ئەقڵە قەحبەسازەکەی، زانی ئەو دەرگایەی بۆ کرایەوە کە دەمێکە چاوەڕوانێتی. لەو ڕۆژەوە تا ئێســـتا لەم کۆشـــکەیە و بۆ چرکەیەکیش باســـی باوکی ناکات، تەنانەت کە زەبور ئەڵمانی دێت بۆ ئێرە، ئەو بۆ بوغزاندنی لەبەردەم مەکتەب ســـیاســـیە چڵێس و دایکخۆگیەکانی هاوڕێی، کورترین تەنورە لەبەردەکات، تەنکترین گۆرەوی هەڵدەکێشـــێت و لای ڕانی بە قردێلەیەکی پەمەیی ئاوریشمی دەبەستێت. مەمکەکانی نیشـــاندەدات کە لێرە بە پارەی گەڵاڕێزان پڕی کرد لەســـلیکۆن، سمتی پڕکرد لە بۆتۆکس، و لێوەکانی بەپارەی حیزب و حکومەتی کوردیی پڕ کرد لەفیللەری ئۆرجیناڵ. چەندەها جار بەو درزی مەمکانە و ڕانە تورتەکانی خۆی دەکرد بە کۆبوونەوکاندا و چایی و قاوەی دادەنا، چاوی هەموویان دەچووە سەر درزی مەمکەکانی. ئیدی لوشکە لوشکێک لەو کەرگەوزەدا بەرزدەبۆوە کە بە مرەمرە و وەڕینی من، بێدەنگی لێ دەکرا. هەموویان دووبارە چاویان دەگێڕایەوە ســـەر خاڵە گەورە و من، لە بەردەمی خاڵەدا لەســـەر

مێژە ماهاگۆنییەکە بە مڕەمڕەوە سەیرم دەکردن و بێدەنگم دەکردن... دیارە خاڵە گەورەی میهرەبانم، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی منەوە، بە زمانە ئەفەندییەکەی گووتی`` سەیر، سەیر مۆپسی پاشا، ناهەقم نییە بەم مەکتەب سیاسیە دەڵێم کەرگەوز، ئاگات لێ بوو ئەم شنە قۆنەرەیە چۆن ئەم کەرە پیرانەی خستە سەر هەزە`` کە کەوتمە مڕەمڕ خاڵە گووتی ``مۆپسی گیان، ئێ وەک نەهرۆ دەڵێت؛ شۆڕشەکان زیرەکەکانی وەک ئێمە نەخشەدانەرین و قارەمانەکان جێبەجێیدەکەن و دوایی دەڵەک و ترسنۆک و قەحبەکان لێی دەخۆن... ئێ ئێستا سەرەی ئەوانە و کار بە ئەوان دەڕوات. ماڵ خەرا، تۆش واز لەو ڕۆمانسیەتە بێ تامەت ناهێنی...``

بیرمدێت، هەر ئەو ڕۆژە شنە قۆنەرە چووە سوپاکەی گەلاڕێزان و هوما جیڕی ژنی خاڵە، زانیم ئەمەش بەچکە لەشفرۆشێکی دیکەیە لە سوپای لەشفرۆشەکانی حیزب و حکومەت، بەلام ئەمەیان لە جۆرێکی ترە، جۆرێکی ترسناک کە تەواوی نەریتی لەشفرۆشی خستە ناو موبەقی سیاسییەوە. جۆرێکی ترە لە لەشفرۆشی کە لە ڕێگەی هونەرەکانی سەر جێگا دەچنە ناو مێژووەوە. تەواو ئەم شنە قۆنەرەیە، (مادام دی پۆمپادۆر)ی لەشفرۆشی تایبەتی لویسی پازدەم بیردێنێتەوە، کە لە ئێوارەیەکی سەدەی هەژدە دا، لە کۆشکەکەی خۆیدا ئاهەنگی شەراب و سەما و گان گانێنی لەسەر شەرەفی لویسی پازدە بۆ خانەدانەکان سازدابوو. لەو ئێوارەیەی ساڵی ١٧٥٧ دا هەواڵی ئەوەی پێ ڕادەگەیەنن کە بەشێکی زۆری سوپای لویسی پازدە لە (ڕۆس باخ) و لەسەر دەستی (فریدیرکی دووهەم) ی پڕۆسیەکان، کەلەپاچە

کراون. ســـــەرەڕای ئەم هەواڵە جەرگبڕەی دۆڕانی فەڕەنســـــا لەبەرامبەر ئەڵمانەکان و مەترســـــی داگیرکردنی پاریس، مادام دی پۆمپادۆر نایەوێت ئاهەنگەکە بوەســـتێنێت و قســـە بەناوبانگەکەی دەکات کە بانگەشـــەی مێژوویی مۆدێرنەیە. پۆمپادۆر فەرماندەدات ئاهەنگی گان و شـــەراب لە کۆشـــکدا بەردەوام بێت و دەڵێت ``با لەدوای ئێمەوە دونیا لافاو بیبات`` پێدەچێت خاڵەش بڕوای بەم یاســایە هێنابێت، یان هەموو جارێک وەک هوما خان وگەلاڕێزانی شــەش قوز دەیانگووت `` با لەدوای قوزی شــنە قۆنەرەوە کورد و حکومەتەکەی ئاو بیبات``

دیارە من وەک سەگێکی ڕێنیسانس، کە لە بەرلین و لەماڵی دکتۆر بنیامین ژیانی گوجیلەیم بەســـــەربردووە، زۆربەی کاتم لە گەڵ دکتۆر بینامیندا بەســـــەربردووە و بڕێکی زۆری ڕۆشـــــنبیرییە فراوانەکەی ئەوم بەرکەوتووە. لەو ڕۆژەوە و تەنانەت دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی کە لە دکتۆر بنیامین ڕوویدا، دەزانم ئەمجۆرە لەشفرۆشانە ترسناکترین لەشفرۆشن کە ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤەکان دەگۆڕن. نــەک هــەر ئــەوە، بــەڵکو (مــادام دی پۆمپــادۆر) کــە لەشـــفرۆشـــی لویســـی پانزە بوو، وەک شـــنە قۆنەرەی خۆمان، زۆربەی وەزیرەکان لێی دەترسان و قسەی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە دانان و لابردنی پۆســـــتە وەزاریی ماڵییەکاندا. کەچی هەر ئەویش بوو ســــاڵۆنی ئەدەبی بۆ هونەرمەندان و بیرمەندانی ئینسکلۆپیدیایی وەک؛ ژان ژاک ڕۆسۆ و دیدرۆ و دی ئالمبێرت و ڤۆلتیر و زۆریتر کردەوە، کە لە دوایدا بیروڕا نوێیەکانی ئەم بیرمەندانە پاشایەتی لە فەڕەنسا دەڕوخێنن. بیرۆکانی شۆڕشی

فەڕەنسی لەم ساڵۆنە ئەدەبیەوە دەترووکێن کە لە ساڵی ١٧٨٩ بەرپا دەبێت و لویسی شانزە و سیستمی پاشەیەتی بۆ یەکمجار لە دونیادا درزی تێدەکەوێت. هەربۆیە، ئەم لەشفرۆشانەی کۆشک بە ناو مێژوودا دەڕۆن و چارەنوسەکان دەگۆڕن، و فیتنە و گەندەڵییە گەورەکان و ماڵوێرانیەکان لە ناوگەڵی ئەوانەوە دونیا ژەهراوی دەکات.

ڕاستیتان دەوێت، حیزبە نوێیەکەی ئێمەش (سۆسیال - لیبرال) لەوەتەی لە شاخەوە دابەزیوەتە ناو شارەکان، پڕی بووە لەم لەشفرۆشانە، کە لە سادەترین کۆمیتە و هۆبە و لقەوە دەترووکێن تادەگەنە ئاستی گەلاڕێزان و شەش ژنە لەشفرۆش و تۆڕەکانی لەشفرۆشی ملشکاندنی حیزبەکان. هەربۆیە من، مۆپسی پاشا، لووتم لە دوورەوە بۆنی گەندەڵی و کاراکتەرەکانی دەکات، لەیەکەم بینینی شنەدا کە هاتە بەر قاچی خاڵە و دەمی هەڵهێنایەوە، من خێرا وەڕیم پێی. بەپێی یاسای ئەم مەملەکەتەش کە مۆپسی پاشا سەگی خۆشەویستی خاڵە گەورەی میهرەبان وەڕی، ئیدی دەبێت ئەوی بەرامبەر بێدەنگ بێت و دیدارەکە کۆتایی پێدێت. لەوڕۆژەوە من و شنە قۆنەرە دوژمنێکی سەرسەختی یەکترین، چونکە لە دوای ئەو جارە کە نەمهێشت دەمی بکاتەوە، شنە فرسەتی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوت دوو ڕستە لەگەڵ خاڵەدا بگۆڕێتەوە... بیرمدێت کە شنە قۆنەرە لەگەڵ باوکیدا (زەبور ئەڵمانی) مەکتەب سیاسی چوونە دەرەوە، خاڵە بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردم و گووتی ``مۆپسی پاشا، زۆر جار لێت تێ ناگەم`` بەلام کاتێک خاڵە لە من تێگەیشت کە تازە وەک چۆلەکەیەکی پەڕوباڵکراو کەوتبووە

تۆڕی مادام پۆمپادۆرەکانی خۆیەوە. دەیزانی گەلاڕێزان و هوما جیرپی ژنی چاودێری دەکەن، دەیزانی کە شـنە قۆنەرە زوو زوو خۆی دەکات بەژووردا و ویسکی نایاب و مریشکی سۆرۆکراوی بۆ دێنێت، کە لەخۆشـەویسـتیەوە نییە، بەڵکو ئامانج لێی زلکردنی ورگە حەزیاکەی خاڵە بوو. ئەو ورگەی لەدواجار لێی بووە دوژمن و تووشـی سـێ جەڵدەی کرد، یەکەمیان سـووک و دووهەمیان قورس و سێهەمیان ئێستایە کە تەواو لە باری بێهۆشیدایە و کەس نازانێت کەی لە خەستەخانەکەی پاریس وەئاگا دێتەوە... داخی ئەم لەشـفرۆشـانە لەدڵی مندایە، بەڵام با ئەوەش بڵێم تکایە ئەوانەتان لەگەڵ ئەو ژنە بێدەرەتان و بێلانە و بێ سـێبەرانە لێ تێکەڵ نەبێت کە لە تاو هەژاری و ڕەشـەبای ژیان کردوونی بەلەشـفرۆش. نەخێر، ئەمانەی ئەم حیزب و حکومەتە جۆرێکی ترن، هەر کە لەدایک دەبن وەک خاڵە دەیگووت`` ناوگەڵیان دونیا قووتدەدات`` و هەموو شـتێک دەکەن لە پێناو دەسـەلات و پارەدا. ئەمانە ترووکاوەکانی مادام دی پۆمپادۆرن، بەڵام بە کۆپییە چڵکنەکەیەوە، وەک زەروو بەگەرووی ئەم میللەتە هەزارەوە نوسـاون و خوێنیان دەمژن.

وەک چۆن بۆتانی دەگێڕمەوە ئاوایە، ئەم شـنە قۆنەرەیە وەک ئەوەی شـوێنی ڕاسـتەقینەی خۆی، ژینگەی سـروشـتی خۆی دۆزیبێتەوە لە یەکەم ڕۆژەوە بووە جێگەی سـەرنجی هەمووان، بە تایبەت گەلاڕێزان و هوما جیرِ، کە سـەرەتا لە کەناڵی ئاسـمانی حیزب وەک وەرگێڕی ئەڵمانی لە بەشـی هەواڵ دایانمەزراند، بەڵام لەدوای نێوەڕۆوە دەگەڕایەوە بۆ کۆشـک، لێزانانە چایی و قاوەی

بۆ میوانە گرنگەکان دادەنا. لە ئاهەنگی ماسی برژاندنەکاندا سەرپەرشتی خزمەتکردنی قونسوڵەکانی دەکرد. ئەو قونسوڵانەی سەرەتا بە جەستەیەکی لاواز و ڕێکەوە دەهاتنە ئەم مەملەکەتە کوردییەوە و دوای کۆتایی هاتنی خزمەتیان، یان گواستنەوەیان لەسەر گەندەڵی بە ورگێکی ناشرین و غەبغەبەیەکی پەمەییەوە دەگەڕانەوە وڵاتەکانی خۆیان. هەموو کەس لەم کەناڵە تیڤیەی حیزب، بە ماوەیەکی کورت بۆیان دەرکەوت، کە ئەڵمانییەکەی شنە قۆنەرە لە ئاست زمانی جادەیە و لەبەردەم چەمکە سیاسیەکاندا دۆش دادەما. تەنانەت کە بە مۆبایلەکەی سەیری فەرهەنگەکانی دەکرد، لەبەرئەوەی تەنها مەکتەبلیەکی ترۆکراو بوو، وەک ئینگلیزەکان دەڵێن ``سکۆڵ لیڤەر`` بوو، لە فەرهەنگەکەش تێنەدەگەیشت. جا هەر بۆ زانینتان، هوما جیڕی ژنی خاڵە و گەلاڕێزان خانمی زڕ خەسوویی، لەم ساڵانی دوایدا دەستیان بەسەر زەڕخانەکانی حیزبدا گرتبوو، هەربۆیە لە دژی بەڕێوبەری کەناڵەکە بوون کە سەر بە کوتلەی شابازی مچە گەڕ بوو، دەیانویست دەستەمۆی بکەن. سەرەتای دەستەمۆکردنی لاوازبوونی بوو بەرامبەر ڕانە تورت و لێوە ئەستورەکانی شنە، هەر چەندە سەرۆک بەشەکان گلەییان هەبوو، ئەم گوێچکەی کەڕی خۆی دەدانێ. بەمجۆرە، شنە چۆلەکەیەکی ئازاد بوو لە زەڕخانەکەی حیزبدا و بە ئارەزووی خۆی بە کەناڵەکەدا دەهات و دەچوو. تەنانەت ناردیان بۆ وەرگێڕان لە بەشی منداڵان و بۆ دۆبلاژ، لەوێش هەر کاتی بەسەردەبرد، چونکە دەیزانی ئەوەی لەسەرە بەناو بینا چوار قاتە گەورەکەی کەناڵەکە لێرەو لەوێ بێت و بچێت دەم حیزی بکات، یاخود بە پاژنە بەرزی و تەنورە

کورتەکەیەوە، کە بە ئەنقەست قاچی دەخستە سەرقاچی بۆئەوەی چاوی برســی پیاوەکان دزەنیگا بکەنە ڕەنگی دەرپێ کورتەکەی و دوکەڵی جگەرەکەی هەڵمژن کە جارجارە بە نازەوە لە کاتی گفتوگۆدا لەبەر دەمیاندا فووی دەدا. بەمجۆرە، هەواڵی ڕۆژانە ژیانی هەموویانی لە ڕێگەی وەک خۆی دەیگووت ``نیشاندانی لەتە قوزێک کۆدەکەمەوە`` ئێوارانیش ڕاپۆرتی دەمی لەســەر کارمەند و سەرۆکی بەشەکان و تەنانەت پاسەوانەکانی کەناڵەکەش دەدا بە گەلاڕێزان و هوما جیرپی هاوسەری خاڵە...

وەک بیستم، کارە گەورەکەی شنە قۆنەرە ئەوە بوو، کە یەکەمین گانی دا بە بەڕێوبەڕی کەناڵەکە و بەکامێرا بچوکە تایبەتەکەی کە دەزگاکەی گەلاڕێزان لەناو جانتەکەیدا بۆیان دامەزراندبوو، چەندەها گرتەی ڤیدیۆیی ڕووتیان لەم بەڕێوبەرە گرت. هەروەها لەڕێگەی بەرنامەی ڤیدۆشۆپی نوێ توانیان جەستە و دەنگی شنە تەڵخ و کپ بکەن، بەڵام جەســتە ناشــرین و بڵحەکەی بەڕێوبەری کەناڵەکە و قســەکانی تەواو ڕوون و بەرگوێ بخەن. ئەمە جگە لە چەندەها چاتی ڕووت، کە هەندێکیان گرتە ڤیدیۆیی دەســتپەڕکردن و قسەی پیسی ئەم بەستەزمانە بوو. ئەو قسانەی لەژێر نەشئەی ڕســتە شــەهوانیەکانی شــنەوە و بەنیازی دیداری جێگەی شــنە دەیکردن و جوان ڕیکۆڕد دەکرا، چونکە شنە پێیدەگووت`` توخوا نیشانم بدە، بزانم جوانیت بە ڕووتی``

ئیدی ئەم بەڕێوبەڕە نەگبەتە کە سەر بە کوتلەکەی شابازی مچە گەڕ بوو، دوای مانگێک نەیانهێشت وەک شنە دەیگووت``دەستپەڕی چاتە ڕووتەکانی بە پشــتیدا بچێتە خوار`` کە ئێوارەیەک لەبەردەمی ماڵی خۆی فڕاندیان و لە ژێرزەمینێکی دەرەوەی شــار،

وەک گوێرەکەی قەسابی خستیانە سەر چۆک و پەلکێشیان کردە بەردەم شاشەیەکی تەلفیزۆن و ڤیدۆکانیان نیشاندا. ئەویش هیچی نەگووت جگە لە لوشــکە لوشــکی گریان نەبێت، دەســتیان دا بە پشــتیدا و قاقا پێیانگووت بوو``پێشــمەرگەی دێرین، جڕت، ئاخ کێرمان`` ئەو چەورە و پاتالانە کە کەس نەیدەزانی کێن و لە کوێوە هاتوون و سەر بەکێن، دوای سووکایەتی و پڕ جڕتکردنی، سەفتەیەک دۆلاریان خستە گیرفانیەوە و گووتیان `` خاڵە کادێری خۆی خۆش دەوێت، بڕۆ گەواد وەڵا کاری باشــمان بۆ نەکەیت ڤیدیۆی کچە پانزە ســاڵەکەشــت بۆ دەگرین`` لەو ڕۆژەوە، خاڵە گووتەنی `` نان و شــەقی ناوگەڵ`` بۆ ئەم ســیاســیە بودەلانەی دوای شــۆڕش، بووە گورزی یەکلاکەرەوە لە هاوکێشــە سیاسیەکاندا. ئەی چۆن خاڵە وەک دەیگووت ``قۆناغی قوونی، لە دەمەوە دەســتپێدەکات و دەچێتە ورگ و پاشــان لە ناوگەڵدا دەســوڕێتەوە. ئیشــی ئێمەش ئەوەیە قوون و دەم و ناوگەڵیان بکەین بەیەک. ئەی چۆن مۆپســی پاشــا، زەمەنی شــۆڕش قوونی بەعسمان دەدڕی و قوونی ئێمەیان دەدڕی، ئێستا مۆدەی دڕین و خوێن نەماوە، ئێستا مۆدەی مڕینە، مڕینە``

لەو ڕۆژەوە ``ســیاســەتی دەم و قنگ`` پیادەکرا، ئەم ســیاســەتە هەزاران کادێر و خەڵکانی ناوحکومەتی خســتە تەڵەکەوە. جاران ئەم بەڕێوبەرە کە دەهاتە لای خاڵە کەســێکی مۆن و لووتبەرز و شــانازیکەر بوو بە خەباتی شــاخییەوە، کەچی دوایی بووە دەمپانکەرەوەیەکی ســەیر، کە لەبەر چەمینەوەی زۆری بۆ ئەم و ئەو، بەخواری بە ڕێگەدا دەڕۆیشت. لەو ڕۆژەوە هەموو مەحزەری کۆبوونەوەکانی کوتلەکەی خۆی لەڕێگەی شــنەوە دەدا بە

دەزگاکەی خاڵە، کە گەلاڕیزانی شـەش قوز سـەرپەرشـتی دەکرد. تەنانەت تاوەکو جیابوونەوەی کوتلە گەورەکەی شـابازی مچە گەڕ بە خۆی و کادێرە دێرنیەکانی حیزبەوە، و پاشـــان بوونی بە ئۆپۆزیســـیۆنێکی پڕ هەرا و هاوارکردن. ئەم پێشـــمەرگە کۆن و کادێرە کۆنەی حیزبیش لەگەڵیاندا ڕۆیشـــت و دڵســۆزی خۆی بۆ شـابازی مچە گەڕ لە ئاستێکدا بوو کە بووە سـەرۆکی کۆی دەزگا میدیاییەکەی ئۆپۆزیسیۆن، کە هیچیتر نەبوو جگە لە زەڕخانەیەکی تر لە تەنیشـــت زەڕخانەکانی دیکەی ئەم مەملەکەتەوە. لەوێش لە ژێرەوە بەردەوام بوو لە ڕاپۆڕتلێدان، وەک دەیانگووت جارێک گوتوویەتی`` تەنانەت ڕاپۆڕت لە خۆشـــم دەدەم``ئەم گەمەیەی تا ئەمڕۆش بەردەوامە و تەنانەت ئێســـتا بە نیازە لەهەڵبژاردنی داهـاتوودا خۆی بۆ ئـەنـدامی جیفرکخـانـەکـە هـەڵبژێرێـت. ئـەمـە یەکەمین دەسـتەمۆکردن بوو لە ڕێگەی ناوگەڵەوە، کە دوایی بووە سـیاسـەتێکی پیادەکراو لە حیزبدا. گوێم لێ بوو شـنە بۆ هوما خانمی ژنی خاڵەی دەگێڕایەوە`` ئۆ مای گاد، ویی گوناحە، بەو حەسـرەتەوە دەمرێت جارێکیتر لەگەڵیدا بخەوم، گووتم وەڵا سـوێت بێتەوە لچێکت نیشـان نادەم. جارێک ویسـتی ماچم بکات پێمگووت؛ دەمت بەرە بەولاوە باگیر، هێشـــتا بۆگەنی گەوڕەکانی شاخت لێ نەبۆتەوە``

لەو ڕۆژەوە، شـنە قۆنەرە سـەرنجی هەمووانی بۆ زەمەنێکی نوێ ڕاکێشـا، بۆ ئەو سـیاسـەتە نوێیەی حزبەکەمان حزبی سـوسـیال-لیبرالی کوردسـتان. لێرەوە حیزب وردە ووردە دەبووە دەزگایەکی ئـەمنی لـە کۆیلـە و خـاوەن کۆیلـە پێکـدەهـات و هیچیتر. خـاوەن کۆیلەکان بەناوی خاڵە گەورەوە خاڵەشـیان کردبووە کۆیلەی

خۆیان. حزب لەو ڕۆژەوە چووە سەر ڕاستەڕێی  ئەو سیاسەتەی دەمێک بوو کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر، دوای شـــکســـتی شـــۆڕش لە حەفتاکاندا لە مەنفای ئازەربایـنجانیدا بەســـەر ئەندامەکانیان و خێزانەکانیاندا ســـەپاندبوویان. کێها نەبوو کە شـــارەزای دیوویی دووهەمی مێژووی ئەم مەملەکەتە بێت، ئەوە نەزانێت کە لە زەمەنی مەلا گەورەی دەمگەوهەرەوە، ئەم سیاسەتە لێرە و لەوێ پیادە کراوە، بەڵام  لەو مەنفایەی دوای شـــکســـتی حەفتاکان بۆ زیاتر بێدەنگکردن و کۆیلەکردنی ئەندامە باڵاکانیان بوو، بەڵام لە هەموو حزبەکاندا بۆتە میتۆدی یەکەمی ڕامکردن و کویلەکردنی ناڕازیەکان... لە دوای شـــکســـتی حەفتاکان حزبەکەی مەلاگەورەی دەمگەوهەر  پێشـەنگی پیادەکردنی  سیاسـەتی نان و شـــەقی ناوگەڵ بوون، جا کێها ئەندامی مەکتەبی ســـیاســـی نەبوو لـەلایـەن خـانـەوادە ترووکـاوەکـەی مـەلا گـەورەی دەمگـەوهـەر لەبەردەمی خۆیدا ســـواری ژنەکەی نەبن و بە کامێرایی ئەوســـای لایکایی ئەڵمانی فۆتۆی ژنەکەی نەگرن و دەنگی تۆمار نەکەن. کێها نەبوو  لەو سـنگدەرپەڕێنانەی شـۆڕشـی حەفتاکان، و شـۆڕشـی گەلاوێژی شەستەکان کە منداڵباز بوایە لەکاتی کردندا بۆسەیان بۆ دانەنایە و بەســـەر بەچە ئەفغانی نەیانگرتایە وبە ڤیدیۆ تۆماریان نەکردایە، بۆئەوەی تا مردن بڵێت؛ من ســـەگی بەرقاپی ماڵی مەلا گـەورەی دەمگـەوهـەرم... کێ نـەبوو ژنـەکـەیـان بـەزێڕ و پـارە هەڵنەخەڵتاندایە و دوایی فۆتۆکانیان نیشـــانی مێردەکەیان نەدایە و دەیـانگووت ``گـەواد تـاوەکو مردن بوەڕە بۆمـان، خۆ ئـەگـەر ژنەکەشـــت بکوژی ئێمە ئەم فۆتۆیانە نیشـــانی کوڕ و کچەکانت دەدەین، کڕبە و نانی حیزیی حیزب بخۆ``

ئەم سیاسەتی (نان و شەقی ناوگەڵ)ە لەو زەمەنەوە، لێرە و لەوێ پەیڕەودەکرا، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی (شـــیرینی نەوت) کە پارەی پێشـەکی کۆمپانیا موڵتی ناشناڵەکانی نەوت بوو، کە لە بری گەڕان و دۆزینەوەی نەوت دەبەخشـــرا بە ســـیاســـیەکانی ناوچەکە، ئەم سیاسـەتە ئاڕاسـتەیەکی سـوسـتماتیکی وەرگرت. لەو ڕۆژەوە کە شیرینی نەوت پەیدا بووە، سیاسەتی نان و شەقی ناوگەڵ، لەسەر هەموو ئاستەکاندا پەیڕەو دەکرێت. لەو ڕۆژەوە، سیاسەتی پارەی بەرێ و لەشفرۆشـی دانسـقەی بخەرە بەر ناوگەڵی، و وەک سـەگ پەتی بکە، جێگەی دیالۆگی ســـــیاســـــی گرتۆتەوە. پارەی بەرێ و ڕۆژانە سووکی بکە و بیخەرە ئەڵقەی لەشفرۆشـەکانی حیزبەوە با ڕۆحی بۆگـەنبكات و چیتر قســــەی زل نەکات. پارەی بـەرێ و ژنـەکـەی و کچـەکـەی لـەلایـەن گـەوادێکی حیزبـەوە هـەڵبخـەڵـەتێنـە، دوایی لـە دژی بـاوک و براکانی بـەکـاریـان بهێنـە. پارەی بـەرێ و کچەکە منداڵکارەکەی بکە بە دۆستی خۆت. پارەی بەرێ و سەمای پێبکە تا ڕۆحی دەردەچێت، پارەی بەرێ و شــــەوانە ژنەکەی لە جێگەی خۆتدا ســــەرخۆش بکە، با بشـــزانێت کە لای تۆیە. پارەی بەرێ و ناوگەڵی لێ بکە دوژمن...

هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە لەم چیرۆکەی ژیانەمدا، بەش نییە من باسی ناوگەڵ و لەشفرۆشـەکان نەکەم، ئەمە لەبەر حەزی من نییە بۆ ڕەزالەت و پیســـی، نەخێر، من ســـەگێکی ڕێزدارم، ســـەگێکم ڕەگـەکـانم دەگـەڕێتـەوە بۆ خـانـەوادەی ئیمپراتۆری چین و لـە سـەدەی شـازدەوە و لەگەڵ یەکەم هەنگاوی ڕەچەڵەکی نایابی ئێمە بۆ سـەر زەوی ئەورووپا، باپیرە گەورەمان سـەگی خانەدانێکی وەک میری نـارنجی هۆڵـەندی بووە و پـەیکـەری بـاپیرە گـەورەمـان لـە

شـــاری دیڵفی هۆڵەندی لەتەنیشـــت میرەوە دانراوە. بەڵام چیبکەم گەر بمەوێت بە وەســــیەتەکەی خاڵە کار بکەم کە کاتی خۆی لە ســــەردانی یاســــر عەرەفاتدا لە خەســــتاخەنە پاریســــییەکە، پێیگووتم``دەخیلتم مۆپسی پاشا، مووی لێ مەپەڕێنە و وەک خۆی بەهەموو پیس و پۆخڵیەوە بیگێڕەوە. ئاخر گەندەڵی بۆگەنە، شــتی بۆگەنیش بە زمانی ڕازاوە باســــناکرێت`` ئاوەها مەجبورم وەک سەگێکی بەوەفا هیچی لێ نەپەڕێنم.

وەک گووتم؛ شــــنە قۆنەرەش یەکێکە لە کاراکتەرە ترســــناکەکانی دەموچاویی ســــیاســــەتی نوێی کوردیی دوایی نەوەەکان، هەربۆیە ناکرێت من لەم چیرۆکی ژیانەمدا فەرامۆشــــی بکەم. بیۆگرافیای شــــنە قۆنەرە، بیۆگرافیای ئەو لەشــــفرۆشــــە نوێیانەی حیزبن، کە لەناوگەڵیانەوە قەدەری ئەم میللەتە هەڵدەســــوڕێنن؛ ئیدی هەر لە بڕیاڕی وەزارەتەکانەوە بیگرە، تاوەکو کۆبوونەوەی پەڕلەمانە جیفڕکخانەکە، تاوەکو دەگاتە بڕیاڕی فڕاندن و کوشــــتن و برســــیکردن و مووچە بڕین و ســــەرەونگومکردن. تاوەکو دەگاتە دەســتبەســەراگرتنی ســەدەها هەزار دۆنمی جوتیاران و فرۆشــتنی تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبێل، و تاوەکو دەگاتە پشــــکی کۆمپانیای مۆبایل و ئینتەرنێت و پەیوەندەیەکانی دەرەوە و بیزنســــە گەورەکانی نەوت و گازی وەزیری نەوت و وەزیرە یەک بەدووە هاتوەکانی دارایی و پیشــەســازی... لێرەوە، شــنە قۆنەرە مۆدێلی یەکەم و پێشــەنگی یەکەمی ئەم لەشــفرۆشــە نوێیە بوو، کە دوای ئەو لەشــــکرێک کچی گەنج لەســــەر ڕێبازەکەی دەڕۆیشــــتن و

لاســـــاییان دەکردەوە، بەجۆرێک، تاوەکو کادێرانی دێرینی حیزبە ســـۆســـیال لیبرالەکەمان ئاوڕیان دایەوە، ســـوپا گەورەکەی گەلاڕێزانی شـــەش قوز و هوما جیڕی هاوســـەری خالە، هەموو دەسـەلات و دەزگا جومگەییەکانیان خسـتە ژێر کۆنترۆلی خۆیان. لە شـــنەوە ئێرایەکی نوێ و شـــەپۆلێکی دیکەی بۆگەنی لەم گەندەلخانەوە بەســـەر مەملەکەتدا وەک ڕەشـــەبای مەرگ دەلوورێنێت و هەموو شتێک لووشدەدا، کە قابیلی لووشدان بێت...

دیارە من ڕۆژ بەڕۆژ بەم ئەقلە سـەگانەم ڕەدوویی وردودرشـتی هەنگاوە پیس و پۆخلەکانی ئەم لەشفرۆشە بووم، هەربۆیە ناهەقم نەبوو لەیەکەم چرکەوە کە نەمهێشـــت لێم نێزیکبێتەوە، مەگەر بۆ قنگ سـڕینم نەبێت. من دەمبینی چۆن ئەم بونەرە بۆگەنە لە کارە گەندەل و پیســـەکانیدا بەرەو پێشـــەوە دەڕۆیشـــت، بەجۆرێک کە سەرانی حیزبەکانی تر لەم مەملەکەتەدا حسابی وردیان بۆ دەکرد. تەنانەت هەموو وەزیرە یەک لەدوای یەکەکانی ناوخۆ و دارایی و پیشەسازی و گەشتیاری و دەرەوە لەخزمەتیاندا بوون. ئێستا شنە خاوەنی چەندەها کۆمپانیای جۆراوجۆرە، دەســـتی، بابلێن قوزی، لەهەموو شتێکی ئەم مەملەکەتەدا وەرداوە...
بیرمدێت یەکەمین کاری لەگەل کۆمپانیەکانی خانووبەرە و تابلۆی ئۆتۆمبێل فرۆشتن بوو. ئەمە دەستپێکی سوودی کارەکەرێتی بوو لەم کۆشکەی خالە دا، هەربۆیە تا ئێستاش شنە قۆنەرە بەختەوەرە بەوەی لێرە دەخەوێت و لێرەش ناوگەلی دەکاتەوە. هەرچەندە خاوەنی دوو ڤێلایە لە باشـترین شـوێنی ئەم مەملەکەتە کە نرخی هەر دووکیان زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلار دەبێت، خاوەنی چەندەها

فلاتی دوو ژووری و پێنج ژوورییە کە هەر یەکەی بۆ مەبەستێک بەکاردێنێت. ئەمە جگە لە پشکێکی لە کۆمپانیای (ئازا نێت) کە کۆنە شیوعیەکی بەخشراو و دەوڵەمەندکراو لەلایەن سەدامی بێقیمەتەوە، خاوەنێتی و شنە یەکێکە لەو کەسانەی کاری تایبەتی بۆ کردووە. خۆ جاریێ هەموو کەسێک چیرۆکی ئەو دۆنمانە دەزانێت کە بەپارەی پیاز لە خاوەنەکانیان کڕدرانەوە، و دوای ئەوەی بە قوزێک کە دای بە ئەندام مەکتەب سیاسی (قەدری تاپۆی چڵکن) هەموو دۆنمەکان خرانە نەخشەی شارەوانی. ئەمە ئەو چیرۆکە بوو کە شنە بەم دۆنمانە بووە شەریکە بەشی گەورەترین تاوان، کە لەم شارەدا ملی خەڵکی لەسەر کرا بەپەتا و چەندەها خەڵکی لەسەر کوژرا. ڕۆژنامەنوسی لەسەر فڕێندرا و لە کۆشکی قەدری تاپۆ چڵکندا دەرخوادی هەوشارەکانی درا. ئەمە چیرۆکی شنە قۆنەرەیە کە لە بەشەکانی تردا چەندەها چیرۆکی سەیر و سەمەری دیکەتان بۆ دەگێڕمەوە.

دەبێت ئەوەش بڵێم؛ کە هەمان چیرۆکی شنە قۆنەرە لە دەڤەری کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەوانە چیرۆکی سەیر و ناوی سەیر سەیری لەشفرۆشە پۆمپادۆریەکانیان هەیە، وەک چیرۆکی سکوڵ لیڤەرێکی هەرزەکاری کوردێکی ئەمریکی ترە کەناوی هانا لۆڤە، یان شنەی میردادی هۆڵەندیی و کۆسیای چەموشی ئێرانی و لولوی مامەیی و زۆریتر.

# دەمپانکەوەرەکان

## ١

ڕاستیتان دەوێت، لەوەتەی خاڵە بە ورگەوە کەوتە ناو خەستاخە پارییسییەکە، ئازادی سوڕانەوەم بەم کۆشکەدا و تەنانەت ڕیزە کۆشکەکەی تر زیاترە. جا وەک بۆم باسکردن ئەم کۆشکانە هەموویان دەچنەوە سەر یەکتری و هەموویان بەڕیز لەسەر قەراغی ئەم چەمە شێت و ڕیزە شاخە دڵگیرە دەچنەوە سەر یەک باخچەی گەورە. خۆ ئەگەر لەمسەر پیاسەی تێدا بکەیت دەتوانیت تا ئەوسەری بڕۆیت، کۆتایی پەرژینەکەش کۆتایی باخچەکەیە. ئەویش پێنج سەد مەتر دوورە لە کۆشکی شەشەمەوە. لەوێوە، لەو دیوو پەرژینەکەوە، یەکەیەکی کۆماندۆی هێزی تایبەتی جێگیرە و بە چواردەوری ئەم باخچەیەدا قووللەی پاسەوانی بەرز دانراوە. دیارە چەند کیلۆمەترێک پێشئەوەی بگەیتە کۆشکەکان، یان کاتێک بەجێیاندەهێڵیت، ئەمبەر و ئەوبەر جادەکان دوو سەربازەگەی هێزی تایبەتی پاسەوانی خاڵەی لێ جێگیرکراوە. ئەمە جگە لە کەتیبەیەکی زرێپۆشی نەفەرهەڵگری تیژڕەو و هەمەری ئەمریکی و تەنانەت تانکی ئەمریکی نوێ. ئەمانەش، هێزێکی بەکرێگیراو و جاشی کۆمپانیایەکی ئەمریکین بەناوی (بەوری ڕەش – بلاک پانتەر) کاریان سەرپەرشتی کۆی ئاسایشی کۆشک و خاڵەیە. بە کۆیی پاسەوانەکان کە لەژێر ناوی سوپا و هێزی پێشمەرگەدا ڕێکخراون، جگە لە بەکرێگیراوە ئەمریکییەکانی وەک بلاک پانتەر،

بە هەموویان دەکەنە سێ بەتالیۆنی سەربازیی تێر و پڕ لە دەرماڵە و مووچە، کە مووچەی مانگانەیان بە ڕەسمی دوو ملیۆن دۆلاری سەرەتاییە. بەکۆی ساڵەکە خۆی دەدات لە سەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، چونکە پێوەکراو و شایستە دارایی و دزی وفزی ئازووقە و تەنانەت چەک فرۆشتن و ڕەدەڵ و بەدەڵی ئەمریکیەکان و (عەمید پاڵەوان)ی خزمی نێزیکی خاڵەش لە بازاڕی ڕەشدا، دێتە سەری. بەکۆی ئەمانە، چەندەها ملیۆن دۆلاری دیکەی مانگانەیە و دەچنە زێرابی گەندەڵییەوە. زێرابێک، بۆگەنەکەی دەگاتە لووتی سەگێکی بچوک و خڕیلانەی وەک منیش.

بێگومان بوونی ئەم هێزە گەورەیە کوشتنی خاڵەی لەلایەن نەیارییەوە زەحمەت کردبوو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا خاڵە وەک بەندکراوێک لە ژێر چاوی ئەمریکیەکاندا بوو. ئەوەی خاڵە پارێزراوە لە کوشتن تەنها لەبەر بوونی ئەم هەموو پاسەوان و سەگەوان و هێزی تایبەت و (بلاک پانتەرە) خوێڕیانە نەبوو، کە بێشەرمانە بەناو ئەم کۆشکەدا دەهاتن و دەچوون، بەمەزندەی خۆیان زامنی پاراستنی خاڵەیان دەکرد. نەخێر، لەمەدا بەهەڵەدا نەچن، ئەمانە کۆمەڵێک بەکرێگیراو و پاتاڵی کۆمەڵگەکانی خۆیان بوون، هەندێکیان لەسەر منداڵبازیی و لاقەکردن، چەندەها ساڵیان لە بەندیخانەکاندا بەسەربرد بوو، هەندێکیان کۆنە هیرۆین فرۆش و کۆنە دەیوسی کۆلان و ماڵە قاچاخەکانی گۆشتی سوور بوون. ئەمانە لەهەموو شوێنێکی کۆشکدا دەبینران و دەهاتن و دەچوون و جارجارەش بەپێی ڕێنماییەکانی حیزب، پەتیان بۆ شلکردبوون بە ئارەزووی خۆیان کارەکەر و ڕاپۆرتنوسە سمت زلەکانی گەلاڕێزانی شەش قوزیان لە ژێرزەمینەکانی خاڵەدا بگێن. ئەوەشی

دژی ئـەم کـارە بوایـە یـان ئـەم نهێنیـەی ببردایـەتـە دەرەوە، بەزیندوویی لە حەوشـــەی پشـــتەوە بەرەڵای هەوشـــارەکانیان دەکردن، بێگومان دوایی دەکرا بەڕشـانەوە و دەرخواردی ماسـییە نازدارەکانی چەمەکە دەدران و لەپاش ئەوەش بۆ ئاهەنگی ماســی برژاندنە حەیاتەکە. تەنانەت قوونبازە ئەمریکییەکان بەســـەر پاســەوان و مریشــکەوانی کۆشــکەکاندا دەفســان، یاخود ســوار خۆیانیان دەکردن، چیرۆکی ئەمانەش تەمەنی ســەگیم یار بێت لە دەرفەتێکی تردا بۆتانی دەگێڕمەوە.

دەبێت ئەوە بزانن، کە تەنها بەهۆی ئەو سوپا پاتاڵە پڕ چەک و و بـەکرێگیراوانـەوە نییـە کـە خـاڵـەی میهرەبـان توانی تـاوەکو دوا جەڵدەی دەماغی بەسـەلامەتی بمێنێتەوە. نەخێر، بەڵکو خاڵە گەورە لە ســـەدام حوســـێنی تکریتی دیکتاتۆرەوە فێربوو بوو، شـــوێنی خەوی بەردەوام بگۆڕێت. کەس نەیدەزانی خاڵە لە پڕێکدا لە کامە ژووری کامە کۆشـــک، لە کامە ژێرزەمین، لە کامە هۆڵ، کامە قەنەفەی ڕاڕەوەکان، تەنانەت کامە ســـووچی موبەقێکی ئەم کۆشـکانەدا، ورگەزلەکەی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشـێت و لەســەر کیســـە خەوێکی ســـادە لێی دەخەوێت و دەمانچە تۆپلییە کۆڵتە کۆنەکەی لەژێر ســـەریدا دادەنێت. پەلی شـــکاوم بۆ خاڵە، کە ئەم ورگەی لێ بووە دوژمن و توانی بیخات و لە منی بکات. ئێسـتاش خاڵـەی میهرەبـان لـەدوا مـەنزڵگـەی ژیـانـدایـە و بێهۆش کـەوتووە، کەس نییە دەســـتێکی میهرەبانم بەســـەردا بهێنێت یان چ نەبێت بمدوێنێت، کەس نییە لەم کۆشـــکەدا منی بوێت. بەمەرجێک جاران غیرەتی ئەوەیان نەبوو لێم نێزیکببنەوە، چجای وەک ئەم شـــنە

قۆنەرە هیرۆین مژە، جورئەتی ئەوە بکات گوێچکەم ڕابکێشـــێت. بـەڵام وەک گووتم؛ ئـەمـە چـەنـدە ئـازارم دەدات، دە هێنـدەش بـەختـەوەرم دەکات، چونکـە بـە ئارەزووی خۆم لـەم کۆشـــک بۆئەویتر، لەو ژێرزەمین بۆ ئەویتر و لەو ڕاڕەو بۆ ئەویتر پیاســە دەکەم و لە کوێ ئارەزووم لێ بێت خۆمی لێ خپ دەکەم. ئەمەش وایکردووە کـە زیـاتر لــە جـاران چیرۆکی جۆراوجۆری ئــەم گەندەڵخانەیە ببیسـتم و زۆر شـتی سـەیر و عەجایب ببینم، و ئەم کتێبەی ئێســـتای پێ دەوڵەمەند بکەم. بەتایبەت ئێســـتا زانیاری وردترم دەربارەی هوماخانی ژنی خاڵە گەورە لەبەردەســتە، ئەو هوما خانمەی مەکتەب ســـیاســـییە دایکخۆگێیەکان بە چرپە و گەپەوە بە (هوما جیڕ) بانگیدەکەن.

بـەڵام ئـەم چیرۆکی (جیڕییـە) لـەچییـەوە هـاتووە و چۆن کـەوتـە دەمی ئـەم ئەندام گوێدرێژە دایکخۆگێیانە؟! ئـەمـەش چیرۆکـەکـەی سـادەیە و دیسـانەوە دەچێتە ناو کولتوری شـەڕە کوتلەکەی نێوان کوتلەی خاڵە و کوتلەی شـــابازی مچە گەڕ. ئەمەش لە ڕێگەی غەیبەتی ژنانەی نازە بۆتۆکســاوی مەکتەب ســیاســیەوە بوو و دوایش کـەوتـە دەمی کوتلـەی دژەکـەی خـاڵـە کە هـاوڕێی تـەمـەن و جێگرەکـەی ســـەرپـەرشـــتیدەکرد. ئیدی وەک چۆن دڵۆپێک مەرەکەب بڕژێنتە ناو تەشتێک ئاوی ساف و ڕوون، ئاوا چیرۆکی جیڕبوونـەوەی نـاوگـەڵی هومـای ژنی خـاڵـە بـەنـاو ژوورەکـانی مەکتەب سیاسییەکاندا بڵاوبۆوە، و لەو ڕۆژەوە بە هوما جیڕ ناوی دەبەن. دیارە چیرۆکی جیڕبوونەوەتەی هوماخان کە دەمێکە بوو بووە نوکتەی سـەر زاری سـەگەوانەکانی کۆشـک و مەسـینەخۆر و لەشـــفرۆشـــەکانی دەزگاکەی گەلاڕێزان، ئەمەش کاتێک بوو کە

جارێکیان هوماخان لە دڵپاکی خۆیەوە گلەیی و گازندە و خەمی ژنانەی خۆی بۆ نازە بۆتۆکساوی هەڵڕشت. ئەو نازەیەی کە حەزدەکات پێیبڵێن شەونم خانم، هەڵڕشتبوو، بەوەی خاڵە دەمێکە لەگەڵیدا ناخەوێت و قوزی بە جۆرێک جیڕ بۆتەوە گەر وا بڕوات دەبێت پەنا بەرێتە بەر چارەسەری سروشتی. نازەیەکی چرچ کە تەمەنی لە شەشت و حەوت ساڵ بەرەو ژوور تر بوو، لە ڕاستیدا کەس چیتر نەیدەزانی تەمەنی ڕاستەقینەی چەندە، چونکە لەگەڵ تەقینی پترۆ دۆلار بە حیزبەکانی ئەم هەرێمەدا، فاتە ماڵانگەڕی حیزبیش، وەک چۆن هەندێک لەمەکتەب سیاسیەکانی کوتلەکەی تر وای ناو دەنێن، خۆی هەڵدایە نێو ئەم جهانیگیرییە بە لەزەتە، بەجۆرێک خۆی تێدا نقوومکرد تاوەکو هەموو گیانی خۆی نەکردە بە سلیکۆن و بۆتۆکس، و خۆی نەکردە نازەنین و شەونم و کوڕەگەنجێکی لەبەغداوە نەهێنا بۆ ئەوەی سواری خۆی بکات، وازی نەهێنا. ئیتر نازانم لەخرفیی خۆیدا بووە یان لە ئیرەییدا، سەدەها جار ئەم چیرۆکەی هوماخانمی بەستەزمانی بۆ ئەندام مەکتەب سیاسییەکان گێڕابۆوە. سەیریش لەوەدا بوو کردبوویە خوویەکی سەیر، بەوەی هەموو جارێک لەژووری مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیال لیبرالەکەمان ئەمەی دەگێڕایەوە. هۆکارەکەشی ئاسانە، چونکە لای ئەو کۆبوونەوەی دووکەس تەنها یەک مانای هەیە، ئەویش غەیبەتکردن و توانج و ئێرەیی و حەیاچوون گێڕانەوەیە... دیارە ئەمە عادەتێکی بوو لەو زەمەنەی کە ناوی ئەسڵی نازە ماڵان گەڕ، کە لەگەڕکدا بە فاتە ماڵانگەڕ ناویاندەبرد، بەو سیفەتەی لە دایکە بەعسیەکەیەوە ماڵانگەڕیی و سەرکردن بە نهێنی ماڵانی بۆ مابۆوە. دوای ڕاپەڕین دایکی

ڕەحمـەتی وەک پیشـــــەی جـارانی  فـاتـەی هێـنـایـەوە خزمـەتی حیزبەکەمان. نازە ئەو زەمەن لە ناوەڕاستی چلەکانی تەمەنیدا بوو، پێشـــــتریش هـەم ناوگـەڵی و هـەم دەمـە شــــڕ و ســــروشـــــتـە سیخورییەکەی لە خزمەت فەرمانگەی ئەمن و ئیسخباراتی ئێراقیدا بوو، بـەڵام ئـەم ڕابوردووە بـە وەرەقـەیـەکی خـاڵـە وەک ``خـەبـاتی نهێنی قارەمانانەی هەڤاڵ فاتم، ناســراو بە نازە خانم``  پێناســەی خۆی وەرگرت.  بـەمجۆرە لـەدەرگـای گـەورەی خـاڵـەوە  هـاتـە حیزبەوە، ئەم سـەرکردنەی بەقوونی ئەم و ئەویی خسـتە خزمەت خاڵە گەورەوە و نەیارێکی زۆری کوتلەکانی ئەمبەر و ئەوبەری بۆ خاڵە ئاشـــکرا کرد. لەو ڕۆژەوە کە ناز و ســـــامانی نەوت و دەرماڵەی حیزبی هاتە بەردەست، ناوەکەی خۆی گۆڕی و سـەرەتا کردی بە (لیلۆ خانم) گوایە کورتکراوەی ژنە شـــەهیدی کوردایەتی لەیلا قاســـــمە و ئەمیش (لیلۆ)یە کە بچوکراوەی ناوی لەیلایە و ئەمەشـــی زۆڵانە بوو، چونکە ئەوانەی پێشـــتر وەک نازە ماڵانگەڕ نەیاندەناســـــی وەهایان مەزندە دەکرد ناوە کۆنەکەی لەیلا بێت، بەڵام کە پترۆ دۆلاری پێدا تەقیەوە ڕقی لە نـاوی لیلۆ یـان لەیلا بوو، بەڵکو ناســکی کردەوە و کردی بە شـــەونم خانم. ئیدی دونیا لای لیلۆ بۆتۆکس  ژوورێکی گەورەی غـەیبـەتکردن و حـەیاچوون بوو کە دەبێت ئەو ســـەری پێدا بکات و ئاشـــکرای بکات. هەربۆیە بەم سەری  پیرییەش وازی لە خووە کۆنەکەی نەدەهێنا و هەرچی لەگەدەیدا بوایە لەماوەی پشـــووی کۆبوونەکان و چاوەڕوانیکردنی گەڵاڕێزان خانمدا دەیڕشاندەوە.

بیرمدێت، ماوەیەک لەمەوبەر وەک هەموو جارێک منیان فڕێدایە هۆڵی کوبوونەوەکەی مەکتەب سـیاســی و  بۆخۆم بەچواردەوری

مێزە ماهاگۆنییە گەورەکە لەبەینی کورســی و قاچەکاندا خۆم خپ دەکرد و گوێم لە قســـە بێمانا و بێتامەکانیانم دەگرت. لەوناوە بۆ خۆم لـە نێوان قـاچی ئـەم گروپ بۆ ئـەویتری ئـەم کـەرگـەوزەدا دەهـاتم و دەچووم و گوێمـدەگرت و لـەبـەرخۆمـەوە پێدەکـەنیم، لەهەمان کاتیشــــدا ئاخم بۆ خاڵە گەورەی میهرەبان دەخوارد کەچۆن شــێر لە بێشــــەدا نەبێت دەڵـەک تـەراتێنانـە، ئاوا ئـەم کەرگەوزە، جیفڕکخانەیەک بوو تەپوپۆزی دەگەیشــــتە عەرشــــی عەزیم. لەناو لوشــکەلوشــک و جیفڕک هاویشــتندا گوێم لە نازە سلیکۆن بوو قسـەی بۆ هەردووک ئەندام مەکتەب سـیاسـی فەقێ بلیخانۆف و شێخ عەزیزی ڤیاگرا دەگرت، هەر وەک ئەوەی ئەوان لە ڕەگەزی خۆی بن و قوزی لاســتیکیان هەبێت وەک خۆی، ئاوا زەمی ژنـەکـەی خـاڵـەی دەکرد و گوێم لێ بوو دەیگووت؛ گوایـە هوما کاتی خۆی بە ئەوی گوتووە کە ناوگەڵی جیرڕبۆتەوە لە بێ پیاویدا، چونکە چیتر ناتوانێت لەگەڵ خاڵەدا سێکس بکات، بەتایبەت ورگەکەی خاڵە دێتە بەینی هەردووکیانەوە و نایگاتێ و کورت دێنێت... هەر کە ئەوەی گووت قاقا و پێکەنینی فەقێ بلیخانۆفی عەلمانی و شـێخ عەزیز عەسـکەری ناسـراو بە شـێخ ڤیاگرا، نازە بۆتۆکســاوی شــڵەژاند و گووپە پڕ ســـلیکۆنەکانی نازە جوڵەی تێدەکەوت و پاژنە بەرزییەکانی دەکێشـــا بە زەویدا. لەناو ئەم کەڕنەڤالە بچوکەدا دەنگی قاقای پێکەنینی ئەو دووانە و تەقەتەقی پاژنە بەرزییەکان دەگەیشتە سـووچەکەی ئەولا، کە فەرهاد عەزیز ناســراوە (فیفی عەبدە) و (مەلا ســـەعیدی نەمســـاوی) و (زەبور ئەڵمانی) بە سێ قۆڵی لە سـووچەکەی ئەوسـەرەوە ملیان پێ درێژ دەبوو و مـەلا ســــەعید هـاواری کرد`` مـاڵ خـەرا، دەبا ئێمـەش

پێبکەنین، ئەو گارە گارە چییە``... نازە بۆتۆکساوی پیر سەیرێکی ئەو فەقێ و شێخ ڤیاگرای کرد و بەردەوام بوو و گووتی ``عەمری نەمێنێت هوما قوز جیڕ، خۆ غیرەی ئەکرد لە من و خاڵە، چونکە خاڵە شەڕەکانی من و سەید ماجیدی لە کۆشک ئاشتدەکردەوە. ئەو پیرێژنە ئەوەی بە شتی تر لێکدەدایەوە، گوایە من بۆ خاڵەم مژیووە...`` کە ئەمەی گووت فەقێ بلیخانۆف و شێخ ڤیاگرا سەیرێکی دەموچاوە پڕ سلیکۆن و لێوە فیلەرە شۆڕبووەکەی نازەیان کرد و لە پێکەنیدا دەستیان بەسکیانەوە دەگرت. ئیدی نازە بۆتۆکساوی دەهریی و شێت بوو و ئەوانی جێهێشت و گووتی `` گەر ئازان بچن بە ڕەعنا، عەفوو گەلاڕێزان و هوما چرچ پێبکەنن، عەمرتان نەمێنێت، خەتای منە قسەتان بۆ دەکەم فەقێ مۆدێڕنی کوونی و شێخ ڤیاگرای شەڕواڵ پیسی گەوادانە خۆر`` کە ئەمەی گووت دووبارە دەنگی قاقا ئەم دووانە تێکەڵی تەقەتەقی پاژنە بەرزییەکانی نازە سلیکۆن بوو، کە بە توڕەیی چووە دەرەوە و فەقێ لەدواوە گووتی `` لیلۆ خان، عەفوو شەونم خانم گیان، نەرم بڕۆ نە بەشکم بە دەما بکەویت و مۆدێرنێتەکانت بتەقێت``

ئەوەی نازە باسی کرد، چیرۆکی شەڕی بەردەوامی سەید ماجیدی تسلیدەر و نازە بۆتۆکساوی بوو لەسەر وەسڵی سلیکۆن و فیلەرەکان، کە هەموو جارێک زیاتر پەنجا هەزار دۆلار حسابی وەسڵی هۆتێلە گرانبەهاکانی وەک (ساڤۆی هۆتێل) و ( زە ڕیتس) و ( زە دۆرچێستەر) لەندەنی بوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو وەسڵی جل و جانتا گرانبەهاکانی کە هەر جانتای چوار هەزار تا دەهەزار

دۆلار دەکەوت لەسەر بودجەی گشتی، چونکە هەموو شۆپینەکانی لە (بۆند ستریست) و (هارۆد) و (ڕۆیاڵ ئێکسچێنج) و (سێلفریجس) و (سۆن ستریت) بوو و بە درێژایی ساڵ سەدەها هەزار دۆلار لەسەر حیزب و حکومەت دەکەوت. نازە لەبەر پڕکردنەوەی لێوە پڕ فیلەرەکەی بەناوی وەفد و بەشداری لە کۆنفراسی ژنان و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕەوەندەکان لە لەندەن و سویسرا و بەرلین و لۆکسمبۆرگ، کە ئەمەی دوایی تەنها لە لۆکسمبۆرگ تەنها پێنج ئەندامیان هەیە کە لە حەفتاکانەوە لەوێن و سیانیان بەپێی زانیاری ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزی سۆسیال لیبرالمان، دەمێکە مردوون، بەڵام لەدەنگدان و کۆنفراسەکانی حیزب دەنگدەدەن و بەزیندوویی بەڕێدا دەڕۆن... بەمجۆرە، هەموو چەند مانگێک دەچووە بریتانیا و لەوێ لەسەر حسابی قاسەکەی سەید ماجدی تسلێدەری ڕەزیل و چرووک بە ئیمزای خاڵە پارەی تازەکردنەوەی مەمکە چرچ و لێوە ژاکاو و گووپە سیسەکانی بۆ سەرفدەکرا. بەڵام چۆن سەرفکردنێک، چونکە هەموو جارێکیش لەگەڵ سەید ماجید دەبووە شەڕی و یەکتریان تێر جنێو دەکرد، لەدوایدا خاڵە گەورەی میهرەبان بە دڵە گەورەکەی لە کۆشک ئاشتی دەکردنەوە... من هەمیشە ئامادەگەیی ئەم ئاشتبوونەوانە بووم و بەردەوام سەید ماجید کە سوێندی دەخوارد بە خاڵەی دەگووت`` بەسەری مۆپسی بەگ، ببورە مۆپسی پاشا`` و گلەییەکانی دەستیپێدەکرد، بەڵام دەرئەنجام خاڵە ئاشتی دەکردنەوە و وەسڵەکان وەک جاران سەرفدەکران. ئێستاش، لەوەتەی خاڵە ئیفلیج بووە، نازە بۆتۆکساوی یان با بڵێین شەونم خانم. مەجبوورە هەموو شتێکی گەلاڕێزان خان قبوڵ بکات

و دەپاڕێتەوە بچێتە کوتلەی ئەوەوە نەبادا حەیاچوونەکانی ئاشکرابن، وەک خۆی دەیگووت `` شایستە داراییەکانی خەباتی بێ وچانی ببڕن.``

بەهەر حاڵ، دوایی بیرمبهێننەوە باسی ئەوەتان بۆ دەکەم کە ئەم نازە سلیکۆنە چۆن بووە ئەندام مەکتەب سیاسی و چۆن ئێستا خەریکی هەتیوبازییە و گەنجی عەرەب لە بەغداوە دێنێت و بە پارەی ئەم کوردە داماوە سوار خۆیانی دەکات.

## ٢

ئەوە بزانن کە ئەندام مەکتەب سیاسی و کادێرانی ئەم حیزبە، لە بێکاری خۆ لێسانەوەدا هیچ کارێکی تریان نەماوە جگە لە هاواری مەرایکردن ``خاڵە خاڵە`` و``بژی سەرۆک`` و ``قوربان قوربان`` و ``نۆکەرتم`` و لەخزمەتدام و بچوکتم و بچوکیت دەکەم و ئەمر دەفەرمووی و قسەت گەوهەرە یان کارێکی مەزنتان کردووە و دونیا بێ جەنابت خەرا دەبێت... لەمجۆرە دەستەواژە پڕ ڕیاکارییە کە بەرژەوەندی خۆیانی پێ ڕایی دەکەن، شتی دیکە نازانن.

هەندێکیان، بەتایبەت ڕۆشنبیرە زلحۆرت و مامۆستای زانکۆ و ڕاوێژکارەکان کە خاوەن دکتۆران لە ئەوروپا، بۆ زیاتر خەستکردنەوەی ماستاویی مەراییکردنەکانیان پشت بە چەند دەستەواژە فەلسەفییەکانی هێگڵ و مارکس و ژیژاک و کانت و

ژان ژاک ڕۆسۆ دەبەستن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە سەرۆکی کوتلە یـان کۆمیتـە یـان هۆبـە یـان لقـەکـەی حیزب، حـەکیمی زەمـانی خۆیەتی... جا وەرە خۆت نەکوژی مۆپســی پاشــا، کابرا دکتۆرای فەلســـەفەی لە وڵاتی کانت و هێگڵ هێناوە، لە شــازدە ســاڵییەوە لەوێ دەژی و خوێندویەتی، کەچی گوێم لێیەتی بە ئەڵمانی بە مەلا ســەعیدی نەمسـاوی تڕ لێدەر دەڵێت`` ئەزانیت ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ کەناڵی (ئاڕ ئاڕ توو) کردت قســـەیەکی یورگن هابەرماســـی بیرهێنامەوە کە دەڵێت...`` یان یەکێکیان کە ســـــەرۆکی بەشـــــی سۆسیۆلۆژییە لەم کۆشکەدا بە هوما جیڕی دەگووت ``هەر تەواو کـارەکـانی تۆ، تیۆرەکـانی جودیـت بـاتڵـەری گـەورە فێمنســـــتم بیردێنیتەوە``

ئاخ ســـەد ئاخ، خەریکە دڵم دەتەقێ لەناو ئەم بونەوەرە ســـەیرانە، وەرن بمکوژن، وەک چۆن گەلاڕێزان جارجارە کە توڕە دەبوو و دەبووەوە بـە ڕەعنـاکـەی جـاران و لـەســـــنگی خۆی دەدا و دەیگووت``وەرە بمکوژن`` ئـاوا خـەریـک بووم لـەم پێســـتـە مۆپسـانەی خۆم بێمە دەرەوە، کە شـاعیری نیشـتمان لەگەڵ دکتۆر شـــادمانی شـــازەمان کە لەناو خەڵکدا بە دکتۆر خولە چەقەنەی عـەزە خوێڕی نـاســـــراوە، دەهـاتن و مـەجلیســـــی لیتراتور و سـاتیریکیان بۆ خانم گەرم دەکرد، لەوەش ناخۆشـتر ئەوە بوو کە گەلاڕێزان ئەوســـــا بۆ مەراییکردن دەچووە لای خاڵە و داوای ڕوخســـەتی دەکرد و دەیگووت`` خاڵە گیان بە ســـاقەی گوونی مۆپسـی گیان بم، حەزدەکەم بێت و گوێ لە شـیعر و نوکتە بگرێت و دوایش بەمیزی پیرۆزیان بکات``

ئاوا خاڵە گەورەی میهرەبان قاقا پێدەکەنی و منی دەخستە باوەشی گەلاڕێزان و منیش خۆم خپ دەکرد و مڕەمڕم دەستپێدەکرد. دیارە ڕۆڵی خۆم لە دوا پەردەی ئەم شانۆگەرییە هەرزانەدا دەزانی. ئیدی دەمبینی شاعیر و تەنزنوسەکە وەک دوو مەیمونی ناشی سێرکێکی هەرزان، لەبەردەم ڕەعنا شەش قوزدا هەڵقوونەیان بوو. ئیدی دکتۆر شادمانی شازەمان دەستیدەکرد بەگێڕانەوەی، بە ئەقڵی خۆی تەنزەکانی، و شاعیری نیشتمانیش بە شیعرە لاکێشەییەکانی کە بە دەستەواژەی``بەردێک گووتی`` یان `` چۆلەکەیەک لەو پەڕی خەمەوە گووتی، تۆ شاعیری ئەم ئەشقە گەرم و ناجۆرەی`` دکتۆر شادومانی شازەمان پێیدەبڕی و دەیگووت`` دیارە، دیارە، ئەم بەزمە هینەکەی گەرمە، حەمامی مەمە، تەم تەمە`` ئیدی لەجیاتی ئەوە شاعیری گەورەی نیشتمان توڕەبێت لە دکتۆر شازەمان کە شیعری ئەوی کردۆتە مەسخەرەی زەمانە، کردوویەتی بە تەم تەمە، هەرسێکیان وەک سێ جانەوەری نامۆ قاقایان دەگەیشتە ئاسمان... منیش لە خاڵەوە فێری ئەوە بووم بۆیان شل بکەم، لەگەڵیاندا دەملووراند و ئەوانیش لە خۆشیاندا، کە سەگەکەی خاڵە بەختەوەرە زیاتریان دەگووت. ئیدی کە دەگەیشتینە دواپەردە کە من ڕۆڵی سەرەکیم تێدا دەبینی، گەلاڕێزان دەیگووت`` دەی ئازیزان بچنە تەنیشت یەکەوە با مۆپسی گیان تۆزێک میزتان پیا بکات و پیرۆزتان بکات بە میهرەبانی خاڵە`` ئیدی دەموچاویان سەد و هەشتا پلە لە گەشییەوە دەگۆڕا، ڕەنگیان دەپەڕی، چونکە هەستمپێدەکرد هەموو جارێک چاوەڕوانی ئەوەبوون کە گەلاڕێزان دوا بەش بپەڕێنێت، هەربۆیە دەموچاویان دووبارە دەقووپایەوە، بەلام بەتۆپزی بزەی

مەرایکردنیان دەخستە سەر لێویان. گەڵاڕێزان منی بەرزدەکردەوە و منیش بە ئارەزووی خۆم میزم پێدا دەکردن، بەجۆرێک نەیاندەوێرا بە دەست بیسڕنەوە. دەمزانی دوای ئەوە وەسڵەکانیان دەردهێنن کە مەسرەفی ڤیستیڤاڵ و گۆڤار و دیدارە وەهمیەکانیان بوو. گەڵاڕێزان لێی وەردەگرتن و دەیخستە ناو سوخمەی مەمکە چرچەکانیەوە، کە لەم ساڵانەی دوایدا بەمسەری پیرییەوە پڕیکردبوو لە سلیکۆن. ئیدی ئەم شاعیرەی نیشتمان و ئەم دکتۆر تەنزبێژە لەخۆشی سەرفکردنی پارەکانیان بۆگەنی میزەکەی منیان بیردەچۆوە.

لەوانەیە ئێستا بڵێن؛ لەبەرئەوەی مۆپسی پاشا، دەسەڵاتی جارانی نەماوە لەم بیرەوەرینامەیەدا زۆری پێوەدەنێت، دەنا کێ ڕازی دەبێت میزی پێدابکرێت؟! کێ ڕازی دەبێت ئاوا ڕەزیل بکرێت؟! ناهەقتان نییە، چونکە ئێوە تەنها لەسەر سکرینی تیڤی و لە کۆنفراس و دیدار و ڕووبەڕی ڕۆژنامەکاندا دیوویی دیاری ئەم بیچمانەتان بینووە، بەڵام ئەوەی ئێوە نایزانن کە وەرگرتنی یەک فلس لە حیزب دەبێت وەک خاڵە دەیگووت``دەبێت لە قوونیانەوە دەستپێبکات و بە گووەوە لەدەمیانەوە بێتە دەرێ`` ئەمانە وەک خاڵە دەیگووت`` حازرخۆرەکانی زەمەنی دوای پێکدادان و خوێنن، ئەمانە سفرەخۆر و بەرماوەخۆری دەستکەوتەکانی کوڕە ئازاکانن، چونکە ئازاکان قوونیان لەدەستدا و ترسنۆکەکانیش ئێستا پارەی ئەوان بە قوون هەڵدەگرنەوە. جا گەر بە قوون هەڵی نەگرتەوە ئەوا لێتدەبن بە فەیلەقوس و سیاسی``

ئەم یاسایە لەسەر ئەم ڕێچکەیەی خاڵە دەڕۆیشت  بەڕێوە، بەوەی ``ڕەزیلی بکە ئەوسا بیدەرێ، سووکی بکە ئەوسا با بوەڕێ`` ئەمەش یاسای ئەم جەنگڵەستانە گەندەڵەیە و ئەوەی پلەی بوێت دەبێت بە قوونی فلسی حیزب هەڵبگرێتەوە و بە گووش بڕشێتەوە بە میللەتی هەژاردا؛ جا لەناو ڕۆژنامەکاندا دەڕشێتەوە، یان لە کتێبی شیعریدا، یان لە ڤیستقاڵدا یان لە بەرنامەی تی ڤی شەڕە سەگی حیزب و ئۆپۆزیسیۆندا، یان دەچێتە سەر جادە لەبەردەم مایکەکاندا دەڕشێیتەوە یاخود لەمزگەوتەکاندا لە میحرابەکانی ڕۆژی جومعەدا  یان لە زانکۆ مقەباییە سووک و چرووکەکاندا، یان لە کەرگەوزی پەڕلەماندا...ئیدی  گرنگ نییە لە هەرکوێدا  بێت، گرنگ ئەوەیە فلسەکەی قوونی بکات بە گوو و بە خەڵکدا بڕشێنێتەوە، ئەوسا  پلەی باڵاتر و پۆستی گەورەتر وەردەگرێت. هەر لە چوارچێوەی ئەم یاسا نەنوسراوە پیرۆزەدا، هەرچی ویستی ببێت بەوەزیر دەبێت بە چەندەها فیلتەری مەسینەخۆری و قووندانی سیاسی و گەوادییکردنی ڕاستەقینە و پاشان ڕەمزیدا تێپەڕبێت، تاوەکو دەگاتە پۆست و پلەکەی. هەر کە گەیشتیشە پلەکەی، دەبێت بەهەمان ڕیتم و گەرمتریش بیر لە زامنکردنی شایستەکانی دوای خانەنشینی یان تازەکردنەوەی پۆستەکەی بکاتەوە. ئاوەها لە بچوکترین پۆست لەم مەملەکەتەدا تا گەورەترین پۆست لە حکومەت و دژە حکومەتدا، هەر یەکەو فیلتەری قوون و گوویی لەسەر بنەمای تیۆرەکەی خاڵە، کە لەفرۆیدەوە وەریگرتبوو و بە (قۆناغی قوونی – ئەناڵ فازە) ناویدەبرد، تێپەڕدەبوو. هەموو دەزگای حکومی و ناحکومی و ئێن جی ئۆ، و تەنانەت قونسوڵیەتی وڵاتە ئەوروپی و ئەمریکییەکان و

ڕێکخراوەکانیان و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ســــەردەمییەکانیش، بەپێی قەبارە و پارەیان، ئەم بارۆمەترەی ``قوون و گوو`` یان دانابوو بۆ وەرگرتنی کارمەند و بەرزکردنەوەی پلەکانیان، کۆی مەملەکەت لە ژێر نەزمی قوون و گوودا، ژیانی بەسەردەبرد.

دەبێت لێرەدا بوەستم و ئەوەتان بیربهێنمەوە، کە من وەک سەگێک بەسروشتی خۆم ئاژەڵێکی میهرەبان و ژیاندۆستم. وەک سەگێک قســەدەکەم و پێتاندەڵێم؛ کە گێڕانەوەی ئەم قێزەونییە بە فەرهەنگە پڕ جنێو و ناوناتۆرەیەوە چەندە ئازارم دەدات، بەڵام چیبکەم ئەمە فەرهەنگی ئێســتای ســیاســیەکانی ئەم دەڤەرەیە و من تەنها ئەوە دەگێڕمەوە و ئەوە دەڵێم کە گوێم لێی بووە و بیســـتوومە. ئەوەی لەســــەر ســــکرینی تیڤیەکان و کەناڵەکان و گوتاریان دەربارەی عەلمانیەت و مۆدێرنە شــتێکە و زمانی ناو کۆشــک و ڤێلا و باخ و پشـــت دەرگاکانیان شـــتێکی ترە. بۆ نموونە؛ فەقێ بلیخانۆف کە گوایە لەهەموویان ڕۆشـــنبیتر و بێ وەیترە، قاســــەی حیزبی هەڵتەکاند تەنها بۆئەوەی لەپشــتەوەی ڤیسـتڤاڵەکان دانیشـێت و لە دواجاردا دوا قســـە قســـەی خۆی بێت دەربارەی ڕۆشـــنگەری و عەلەمانیەت و چەپگەرایی و مۆدێرینیتە و عیلمی کەلام و بەلاغە و گەردوون ومیتافیزیکیا و ســـۆســـیالیزم و جیهانگەرایی و تەنانەت فوتبۆڵێنیش... ســــەیر لـەوەدابوو کـە ئـەم حەمەی بلیخـانۆفە چەپڕەوە عەلمانییە، ئەو و مەلا سـەعید تڕکەن و فەرەی عەزە حیز لە کۆبوونەوەکاندا دەچوونە سووچێک و سـەریان بەیەکەوە دەناو چپەچپیان بوو و نیمچە کوتلەیەک بوون. زمانیان بۆنی هـەزارەها زێرابی بۆگـەنی ئـەم دونیـایـەی لێدەهـات، زمـانی فـەقێ عـەلمـانی

بەتایبەت لە دوورەوە بۆنی دەهات. بەجۆرێک، کە منی مۆپسی بەناوبانگ بە تەنگە نەفەسی بۆماوەییەکەمەوە، نەمدەزانی لە چ سووچێکدا هەناسەیەکی پاک وەربگرم، هەناسەیەک دوور لەو فەرهەنگە بۆگەنەی کە هەموو بونەرێکی سەر ئەم زەمینە قێزی لێ دەکاتەوە.

ئاوەها، زمان پیسی و مەسینەخۆری، دەموچاوی قۆناغی دوای دابەزینی شۆڕشگێڕێکانی شاخ بوو بۆ شارەکان، مەسینەخۆریش لەو چەمکە گرنگانە بوو کە لەم حزب و تەنانەت لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بەردەوام بەکاردەهات. لەوەش خراپتر لە تەنیشت ئەم پرۆسەیی مەسینەخۆرییە سیاسیەکانی ئەم حیزبە کارێکی تریان هەیە، ئەویش ڕەدووکەوتنی هەواڵی حەیاچوونەکانی یەکتریی. ئیدی لەگەڵ پەیدابوونی سمارت فۆن، تۆڕی کۆمەڵایەتی و کایەی ڤیرتوالی و بەتایبەت دوای تێکچوونی تەندروستی خاڵە کەوتنە لەقە و جیفڕکهاویشتن لە یەکتری. تەنانەت فێربوون ڤیدیۆی ڕووتیان لەیەکتری دەگرت و هەواڵی دزی و فزی کۆمپانیاکانی یەکتر و هۆتێلەکانیان لە دوبەی و پورتوگال و ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا، لە ڕێگەی پەیچی فەیسبوکی ساختە بڵاودەکردەوە. جارێ ئەو شتەی ناوی میدیای ئازادە بەگشتی بە کولتور سکەندال ڕەنگی گرتووە، لەو بڕوایەدام تا سەدەیەکی تریش هەر بەچکە حەیابەرەی بچوک و ناشرین بەرهەمدێنێت. ئەم ئەرکی حەیابردنە کەوتۆتە سەر شانی میدیای بە ناو ئازاد چونکە میدیای حیزب لەترسی لێپسراوێتی سیاسی ناوێرن بەڕاستەوخۆ ببنە سەکۆی سکەندال و حەیابردنی یەکتری، هەربۆیە میدیا لە فەرهەنگی سیاسی ئەم دەڤەرەدا، ناوێکی تری بۆ

دروستبووه كه سیاسییه نوێیەکانی مەسینەخۆریزمی ڕێبازی خاڵە بە ``زەڕخانە`` ناویدەبەن.

بۆئەوی بیرم نەچێت، دەمەوێت لەم فەرهەنگەدا پێناسەیەکی چەمکی (مەسینەخۆر)تان بۆ بکەم وەک فیگورێکی مۆڕاڵی و سیاسی و کۆمەلایەتی، بەوەی مەسینەخۆریی بالاترین پلەی مەسینە هەڵگرە، لەمەشدا مەسینەخۆران تیۆرەیەکی نەنوسراویان هەیە، یان با بڵێین پاکێچێکی تەواویان هەیە کە لەسەری دەڕۆن، هەر لە کلێشەی مەراییکردن و پیاهەڵدانەوە بیگرە، تاوەکو گەوادیکردن و قووندانی سیاسی و چەمینەوە و بزە خستنە سەرلێو و خۆشیرین کردن... هەموو ئەمانە، لە تیۆرەیەکدا کورتدەکەنەوە کە لە دەربڕینی دەموچاو و شێوازی دانیشتن و چەمینەوە و قوتبوونەوە و گوێ قولاغی و قوون دەرپەڕاندن و تەنانەت سنگ دەرپەڕاندیش لە کاتی پێویستدا گوزارش لەخۆی دەکات. بەتایبەت، کاتێک یەکێک ڕەخنە لە لێپرساوەکەی بگرێت لە کۆبوونەوە وشوێنی گشتی و بەرنامەی چەلەحانێی و قۆنەرە لە یەکترگرتنەکانی پێش هەڵبژاردندا. هەموو ئەمانە، وەک خۆیان ناوی دەنێن ``زمانی جەستە`` و لە زمانی جەستەدا کۆدەبێتەوە، کە لەڕاستیدا مەبەستیان زمانی مەسینەهەڵگرییە.

ئەم مەسینە هەڵگرییە تەواو لە ناو میللەتی ڕەشۆکدا بلاوبۆتەوە، ئیتر ئەم مەسینە جوانەی کە خزمەتی ئەم هەموو مرۆڤە دەکات و هۆکاری ئەوەیە کە قوونیان بۆگەن نەکات، کەچی سیاسی دایکخۆگێی ئەم دەڤەرە، ئەم ئامڕازە ژینگە دۆست و جەستە ئادەمییە دۆستەیان بەدناو کردووە. خۆ ئەگەر خوا مەسینەی بۆ ئێمەی سەگ بناردایە بۆ قوون پاکردنەوەمان وەک چۆن بۆ مرۆڤی

ناردووه، ئەوا حەتمەن ئێمە بەوەفا دەبووین بۆ ئەم ئامڕازەی خوا بۆ خزمەتی ئێمە ناردویەتی و منداڵەکانمان لەسەر ڕێزی مەسینە پەروەردە دەکرد. نەک وەک مرۆڤ، کە هەر شتێکی دەدیتێ لەدوایدا بەجۆرێک ناشرینی دەکات کە چیتر خۆی نەناسیتەوە.

خۆ باسی ئەقڵتان بۆ ناکەم کە خوا بەخشیویەتی بە مرۆڤ و بچن سەیری دونیای خۆتان بکەن بزانن خەریکی چین و سەیری دونیای ئێمەی ئاژەڵ و بونەر و مێرووەکان بزانە تەنها بەو ڕەمەکەیت و کەمە مێشکە پێمانبەخشراوە ،چەندە جوان دەژین و چەندەش بە هێمنی دەچینەوە ناو زەوی و هاوسەنگی سروشت و گەردوون دەپارێزین... وەک سەگێک پێتاندەڵێم؛ ئێوەی مرۆڤ پیسترین بونەوەری ئەم سەر ئەم زەویەن، خۆ گەر ئێوە لەسەر ئەم زەویە نەمێنن ئەوا دونیا لە ژەهر و کوشتن و بڕین و ناشرینی پاک دەبێتەوە. هەربۆیە سەیرم لێ نایەت تەنانەت مەسینەش گەر زمانی هەبوایە یان قاچی هەبوایە لەتاو ئەو هەموو سووکایەتی و سیفەتە ناشرینانەی دەیدەنە مەسینەهەڵگران دەیدەنە پاڵی، دەمێک بوو ئەم مەملەکەتەی بەجێهێشتبوو.

ئەم مەسینەخۆرییە تیۆرەیەک بوو خاڵە گەورەی میهرەبان چەندەها جار بە پراکتیکی بۆمی ڕوونکردۆتەوە، بۆ نموونە؛ کاتێک یەکێک لە پیاوەکانی حکومەت و حیزب چاوپێکەتنەکەی تەواو دەبوو لەگەڵ خاڵە، دوایی خاڵە سەیری منی دەکرد و پۆلێنی دەکردن بۆ ``مەسینەهەڵگر`` یان ``مەسینەخۆر`` کە بێگومان مەسینەخۆرەکان شانسی وەرگرتنی پۆستە هەستیارە چەورەکانیان زیاتر بوو. خاڵە لەسەر ڕیتمی مارکسیزم – لینینیزم، یان سۆسیالیزم... و زۆریتر لە زمەکانی دیکە ``مەسینەخۆریزم``ی

وەک تیۆرەیەک داهێنابوو. مەســــینەخۆریزمێک کادێرەکان دوای دەرچوونیان لە مەڵبەندی کادێرانی حیزب ئۆتۆماتیکی وەک بەچکە مەسـینەهەڵگر سـەریان لە هێلکەی حیزبدا دەجووقا و لەحیزبدا بە (قوونسڕەکان) دەناسران. پاشان خێرا دەکەوتنە قات لەبەرکردن و شـــان خوارکردنـەوە و قوربـان قوربـان و بـەمـەش ورد، ورد، قەڵەمبازیان دەدا بەســـەر پلەکانی مەســـینەخۆریزمدا، تاوەکو لە قوونســـڕەوە نـاوەکـانیـان لـەفـەرهـەنگی کوتلـەکـانـدا دەبووە (مەسینۆچکە) و لە پلەی کادێری وەسەتیدا دەبوونە مەسینەهەڵگر. خۆ ئەگەر تەماعی پۆستەکانیشیان فراوان بوایە و شەو و ڕۆژیان لە (ژووری عەمەلیات)ەکاندا بەسەربردایە، و سەدەها ڕاپۆرتیان لە برادەرەکانیان بدایە، لە هەڵبژاردنەکانی حیزبدا ملی چەندەهایان بشـــکاندایە و لەهەمووشـــی گرنگتر خۆیان بکردایە بە تەپڵەکی بەڵغەم و قات و زوهری و میزی ســـەرۆک کوتلە و هۆبەکانیان، ئەوا بەقەڵەمبازێک دەبوونە مەســـینەخۆر. ئیدی بەڕای خاڵە و دکتۆر شـــابازی مچە گەڕی جێگری، ئەمجۆرە لە بونـەوەرە، ئامادەبوون بۆ هەڵگرتنی لێپســـراوێتیە جۆراوجۆرەکان و ناویان دەخرایە لیستی بەربەرەکانێی سیاسییەوە. بەمجۆرە مەسینەخۆری بووە ســـەب - کەڵچەڕێک، یان بڵێن؛ کولتورۆچکەیەکی ناشـــرین، تەواوی دەزگاکانی حیزب و حکومەتی پێ بەڕێوە دەبرا. بێگومان میدیای زەڕخانەی حیزبی و دژە حیزبی دەرچووی ئەم قوتابخانە مەسینەخۆرییە بوون.

بۆ زانینتـان لـەم فـەرهـەنگـەدا، میدیـا گرنگیـەکی بێ وێنـەی هـەیـە، هەربۆیە گەر کۆی ژمارەی کەوباز و کۆترباز و چەنەباز و مێباز و ســـەگباز و کەوباز و هەموو بازەکانی تر لێکبدەیتەوە، ناگاتە

چارەکی ژمارەی ڕۆژنامەبازەکان، کە لەم زۆنگاوەدا وەک مێشولە بەخێرایی دەترووکێن و بە وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە. تەنها ئامارە ڕەسمییەکان پێماندەڵێن کە ٩٥٩ نۆسەد و پەنجاو نۆ کەناڵی زەڕخانە هەیە، دابەشدەبێت بەسەر ٧١٢ حەوت سەد و دوانزە ڕۆژنامە و گۆڤار، لەمەدا ٢٠٤ دووسەد و چوار ڕۆژنامەیە و ٥٠٨ پێنج سەد و هەشت گۆڤاری جۆراوجۆرە. ئیدی هەر لە گۆڤاریی (مێگاژن) وە بیگرە تا گۆڤاری (لفکین) کە ئەمەیان لە وشەی لفکەوە وەرگرتووە و بەئەقڵی خۆیان گەندەڵی بە لفکە دەشۆن و حەیایان دەبەن، و دوایش ئەم لفکەیەیان لە زەمەنێکی تردا بەقازانجی کوتلەیەک بە حەوت سەد هەزار دۆلار فرۆشتەوە. یان گۆڤاری (وەیش) و (سۆزی کچان) و (دڵبازەکان) کە ئەمانەش بۆ سەرقاڵکردنی گەنجانە بە چیرۆکی سێکسی بچوکەوە، بۆ ئەمەش خاڵە دەیگووت ``مۆپسی پاشا گیان، میللەتی دەستپەڕچی لە میللەتی گانکەر باشترە``

دیارە من بەم سەگییەی خۆمەوە ئەوەم دەزانی دەستپەڕچییەکان توانایەکی باشیان هەیە بۆ کۆیلەبوون، چونکە فێری خۆخەفەکردن و سەرحیزکردنن وەک لە کردن. لە سووچێکی تاریکدا یان لە ئاودەستەکاندا لە گووی خۆیاندا، بەقەولی خاڵە، لە جیاتی ئەوەی سێکس بکەن، ترسنۆکانە خەریکی دەستپەڕن. تەنانەت دوای ژنهێنان و شووکردنیش واز لەدەستپەڕ ناهێنن. تەنانەت ئەدەبیاتی ئەم دەڤەرە پڕێتی لە گوڵ و باڵی پەپولە و ئاهاتی پاکیزەیی کوڕان و کچان، کە هیچیتر نییە جگە ئاهاتی دەستپەڕ نەبێت. حیزبەکانیش سیاسەتی دەستپەڕچیان هەیە، ئەندامەکانیان لەڕووی لێپسراوەکانیان شەرمن و بێ زمانن و دوایش لە ئاست خەڵکدا

جنێوفرۆش و دوو دەموچاون. خاڵە گەورەی میهرەبان دەیگووت ``میللەتی دەســتەپەڕچی هەر وایە، ڕەدووی مەلا و کوێخا و ئاغا و شـێخەکان و حیزبەکان دەکەوێت. فێرە دوای مەوکیبی ژەنراڵ و دیکتاتۆرەکان بکەوێت و هەڵقوونەبکات بەدەوریاندا. فێرە خۆی خەفەبکات تا ڕادەی گوون و قوزی دەتەقێت و دوایش بە دزییەوە بە پەنجە لەخۆی بەربێت``

بیرمدێت کە من لەو کاتەدا دەستمدەکرد بەوەڕین وەک نیشانەی ناڕەزاییبوونم لەم گشــتگیرکردنە فاشــیانەی خاڵە، هەموو لەشــی کەوتە ســەر لەرزەی قاقاکانی و گووتی ``مۆپســی پاشــا گیان، دەزانم سەگێکیت هەستی بۆنکردنت لە دژی فاشیزم لە لوتکەدایە، تۆ سەگی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەریت. دەزانم تۆ بۆنی فاشیەتت لە قســـەکانمدا کردووە، بەڵام تۆ بەرلینیت و لێرە گەورە نەبوویت، تەبیاتی ئەم میللەتە ئیسلامییە دەستپەڕچیانە نازانیت`` کە مڕەمڕم دەســتپێدەکرد، خاڵە قاقا پێدەکەنی و دەیگووت`` مۆپســی پاشــا گیان، با لەڕووی ســـیاســـیەوە بۆتی ڕوونبکەمەوە، ئەوە بزانە میللەتانی گانگەر بە ئاشــکرا دەیدەن و دەیکەن و ناترســێن. جگە لەوە، ئەو ئازادییەیان بەزەبری خۆیان بەدەستهێناوە، چونکە گەر بەدەســت ئێمەی ســیاســیەکان بێت، دەبێت گووکردنیش بە پرســی ئێمە بێت، چجای ئازادی ســێکســی. ئەوان شــۆڕشــێکی خوێناویان کرد لەشـــەســـتەکاندا بۆئەوەی بە ئازادی ســێکس بگەن. جا ئەم میللـەتـە گانکەرانـە ئازان و ســـیاســـیەکانیان خســـتۆتـە ژێر چاودێرییەوە، چونکە دەزانن سیاسـی وەک مار وایە نەیخەیتە ناو قـەفـەزەوە پێوەت دەدات. هـەربۆیـە ئـەوەی دزی و خیـانـەت لـەم میللەتانە بکات، زۆر زوو دەیخەنە قنگی مێژووەوە.``

خاڵە قوومێکی دا لەویســـــکیەکەی و بەردەوام بوو``جا مۆپســـــی گیان، هاوڕێی تەمەن، ئەم میللەتە دەســـــتپەڕچیانە بەپێچەوانەی میللەتانی گانکەرن، فێرن هەســـــتەکانیان بشـــــارنەوە، فێرن هەموو شـــــتێک بچەپێنن و هەموو بێدەنگیەک لەمەڕ ئازادی لای ئەوان حیکمەتە. تەنانەت دەتوانن گووەکانیان بگرن تا سکیان دەتەقێت و دەیکەن بەخۆیاندا. ئەم میللەتانە وەک ئەو مشـــــکانە وەهان کە قەفەزی مارەکانیان لەســـــەر خۆیان کردۆتەوە و هەر ڕۆژەی یەکێکیان دەبێتە نێچیر. جا ئەزیزم مۆپســـــی پاشـــــا گیان، بۆئەوەی ئەم دەســـــتپەڕچیانە ببین بەدەســـــتەپەڕچی عەنابی، ئەم گۆڤار و شـــــاعیرە ڕۆنماســـــییە هەرزانەیان پێویســـــتە کە لەم حوجرانەی حیزبدا وەک نێرەکەر و ماکەری بەکەڵ حەشریانە``

خاڵە هەمیشـــــە بە دەســـــتی ئەنقەســـــت بە ڕۆمانســـــی دەگووت ``ڕۆنماسی`` تەنانەت سەید ماجیدی تسلێدەری قاسەگری حیزب و حکومەت کە پارەی بۆ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕانەش خەرجدەکرد دەیگووت `` پارەی ڕۆنماســـــییەکان`` هەروەها کە پارەی بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزیســـــیۆن ســـــەرفدەکرد دەیگووت `` پارەی جنێوفرۆشە حەیاتەکان``

ئەو ڕۆژنامە و دەزگا بەناو ئازاد و ســـــەربەخۆیانە، لە ڕاســـــتیدا هیچیتر نەبوون جگە لە تەختە شـــــانۆیی دووهەمی دەســـــەڵاتی بنەماڵەکانی خاڵە و مەلا گەورەی دەمگەوهەر و شـــــابازی مچەگەڕ و ئەمیرە ئیسلامیەکان نەبێت، کاریان کۆکردنەوی دەنگی ناڕازی و ئاڕاســـــتەکردنیان بوو بۆ کۆڵانە تاریکە پێچاوپێچەکانی گەمەی سیاسی حیزبەکان. ئەو ``ئۆپۆزسیۆنە حەیاتانە`` بە قەولی سەید

ماجیدی تسلیدەر، تەنها کاریان  فیلتەرکردن و پۆلین و لە بێژنگدان و شـــێواندنی ئەوانە بوو  بە هەقەت لە دژی گەندەڵی و خیانەت، چالاکی و جموجۆڵی سیاسیان، دەستپێکردبوو. ئەرکی ئەم بەرەی ئۆپۆزیســـیۆنە وەک خاڵە دەیگووت ``جورنەی حەمامە``  کە لە دواجاردا  ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە و بەرەو ناو زێرابە تاریکەکان ونده‌بێت.  ئەرکی ئەم ئۆپۆزیسـیۆنانە لە خزمەتکردنی دەســەڵاتدا، لە کادێرانی دەســـەڵات ئاڵۆزتر بوو، چونکە لە وردەکاریدا ئاڵۆز و پێچاوپێچ بوو. ئەوەی من لەم کۆشــکەدا تێبینیم کردبوو، ئەوەبوو، سـەرکردەکانی ئۆپۆزیسـێۆن و سـەرنوسـەری ڕۆژنامە و گۆڤارە سـەربەخۆکان، لە نیوەشـەواندا بە ئۆتۆمبێلی جامڕەشـی حیزب لە شـوێنی جیاجیادا لەژێر پەردەی ڕەشـــی شـــەودا کۆدەکرانەوە و دەهاتن و کۆبوونەوەیان بە بێ ئامادەبوونی من،  لەگەڵ خاڵەدا دەکرد. ئەمـانە تـاوەکو بـەرەبـەیـان کۆدەبوونـەوە و پێش بـانگی بەیانیان وندەبوون. ئەوەی من تێگەیشتم ئەوەبوو؛ ئەرکی سەرۆک و ســەرکردەی ئۆپۆزیسـیۆن و میدیا بەناو ئازادەکان ئاڵۆزتر بوو لـە کـادێری حیزبـەکـانی دەســـــەڵات و حکومـەت. ئیشـــــی ئـەوان ئاڕاسـتەکردنی ئەو سـوبێکتە ناڕازییە سـیاسـیە بوو کە لە موبەقە ســــیاســــیە گەورەکەی کوتلەکانی حیزبدا نەخشــــەی کولاندن و پەرتکردنیان بۆ دادەنرا.  هەندێک لەو ئەرکە گرنگانەی دەیانکرد بۆ حیزب، وەک چۆن من لـە خـاڵـە و هومـاخـان و ســــەید مـاجیدی تسلیدەری حیزب دەمبیست، ئەوەبوو؛ لیستی جۆراوجۆر دابنێن بە ناوی ئەو ئەدیب و شـــاعیر و نوســـەرانەی ناڕازین. بیریشـــیان نەدەچوو وەک هەڵســـەنگاندنی خۆیان بەپێی چاودێریان بۆ هەر یەکێک لەو ناوانە، نرخی  هەر یەکێک لەوانە دیاری بکەن.  ئیدی

حیزب بەپێی ئەو دەرخستەی نرخدانانە، مامەڵەی لەگەڵ ناڕازییەکان دەکرد، ئەوانەشی کە بەهیچ کلۆجێک نەدەکڕدران، دەزگاکان بەدووی زانیاریی کەسییانەوە بوون، چاوەڕێیی قاچ هەڵخلیسکانێک بوون بۆئەوەی بیکەن بە کارتی فشار لەسەریان. ئەمەش ئەرکێکی قورس بوو، زۆر جار حیزب و یەکێک لەو شەش ژنە لێپسراوەی دەزگا تازەکەی گەلاڕێزان، یان با زمانی کۆشکی خاڵە قسەبکەین و بڵێین؛ یەکێک لەو قوزانەیان دەنارد بۆیان، ئەویش چەند کچێکی شۆخ و پڕ بۆتۆکس و فیللەر و پاژنەبەرزیی بوون، تەواو کۆپی شنە قۆنەرە بوون و ئەندام بوون لە سوپا بێشومارەکەی گەلاڕێزان خانم. ئەوانەیان دەناردە ئەو گۆڤار و دەزگا ئازادانە بۆئەوەی دایانمەزرێنن، پاشان وەک ڕۆژنامەنوسی ئازاد و بوێر بەناوی چاوپێکەوتنەوە کەسانی ناو لیستەکانیان دەخستنە ناو تۆڕی نێوان مەمک و سنگەکانیان، کە زۆربەیان بەسەردا تێیدەکەوتن. ئیدی زانیاریان لەو کەسانە وەردەگرت کە حیزب و حکومەتیان بێزار کردووە و نرخیان بۆ خۆیان دانەناوە. ئەم کیژانە بەو لێهاتووییە جاویدانەی خۆیان، پەیوەندییەکانیان خەستدەکردەوە و لەپەیوەندەی ڕۆژنامەنوس و نوسەر، ڕۆژنامەنوس و چالاکەوان و سیاسی، دەبووە پەیوەندیەکی ڕووتی نێر و مێیایەتی. ئیدی چەندەها ڕستەی دڵداری وەک؛ گیانەکەم، هەناسەکەم...هتد ئەو دەنگە ناڕازیانە، لە ڕیکۆردەری مۆبایلەکاندا ڕیکۆرد دەکرا، تا دەگەیشتە چاتی دڵداری کە کیژەکان داوایان لێدەکردن کێریان نیشان بدەن یاخود دەستپەڕ بکەن بەدیار قسە سێکسیەکانیانەوە. ئەوانە بەشێکی زۆربەیان ئەو پیاوانە بوون خاوەن خێزان بوون، یان چووبونەوە تەمەنەوە و کچەکانیان

لەتەمەنی لەشـفرۆشـە حیزبیەکانی دەزگاکەی گەلاریزانی شـەش قوزدا بوون. لەدوای ئەوە بەتەلفۆنی بێ ئاسترین ئاسایشی حیزب دەبوونە کۆیلە و جێبەجێکەر، بەمەرجێک پێشـتر وەلامی سـەرۆکی دەزگا حیزبیەکانیشـــیان نەدایەوە. ئیدی بە فەرمانی لایەنگرێکی ریولـەی حیزب دەچوونـە بـەردەم مـایک و لـەسـەر ڕووبـەڕی ڕۆژنامەکان پۆزشـــیان بۆ هەموو خواروخێچیەکی دەســـەلات دەهێنایەوە و لەبەرمابەریشـدا فلسـە سـووریێکیان وەرنەدەگرت. بۆ نموونـە ئـەوانـەی کـە جـاران بـە کوڕەکـانی خـالـەیـان دەگووت ``منداڵەورکەکانی نەمســـا و لەندەن`` دوایی دەچوونە ســـەر تی ڤیەکان و دەیانگووت ``هێشـــتا ئەم گەنجانە لە تاریکیدان و با شـانسـیان بدەینێ`` یان دەیانگووت`` با ئێمە وەها سـەیری حیزب و حکومەت بکەین کە تیپێکی دووگۆلییە، با بلیتی بردنەوەی ئەوان بکڕین کـە کوڕی خۆمـانن و لـەخۆمـانن، نـەک بچین یـاریچیـە بێگانەکان بهێنین`` هەندێکیان زیاتر دەڕۆیشت و دەیگووت ``چۆن زەید کوڕی معاویە غەدری لە حەســەن و حســێن کرد، ئاوا نابێت ئێمە ئەم غەدرە لە کوڕی ســەرۆکەکانمان بکەین.`` بەمجۆرە وەک گەلاڕێزان دەیگووت `` باشـــترین پیاوی کورد بە بۆگەنترین قوز ڕاو دەکرێت``

## ٣

من، مۆپســـی پاشـــا، وەک ســـەگێکی نێر ئەوە دەزانم، کە ئێمەی ئاژەڵان تەنها وەرزێکمان هەیە بۆ پەڕین و جوتبوون، بەڵام مرۆڤ بـەردەوام جووت دەبێـت و هـەمیشـــــە تراژیـدییـەکـانی لـەوێوە دەســـتپێدەکات، تەنانەت لەســـەر موســـیبەتەکانی جووتبوون لە بەهەشـت دەردەکرێت. خۆ ئەگەر خوا بەهۆی جووتێکی نێر و مێی ئاژەڵێکەوە هەموو بونەوەرانی لە بەهەشـت دەرکردبا، ئەوا دەمێک بوو مرۆڤ تۆزی هەموو ئاژەڵیان لەسەر زەوی دەبرد بە ئاسماندا. بەڵام خواوەندی میهرەبان ئێمەی بۆ ناو سروشت و مرۆڤیشی بۆ کێشـەکانی گەڵ و گوون و قوز بەجێهێشـت... بەهەر حاڵ، کێشـەی گەڵ و گوون و قوز و قوون لەم دەڤەرەدا نەک تەنها لە ســــەدا نەوەدی بودجەی گشـتی و پارەی نەوتی بردووە، بەڵکو میکانیزمی هەڵســــوڕێنەری حیزب و حکومەت و زۆرانبـازیەکـانی پۆســــتە باڵاکانی ئەم حکومەتە پیترۆ دۆلارەیە. ئاوەها، لەشــفرۆشــــەکانی دەزگـا نهێنیـەکـانی حیزب بـە هـەموو ئـەو ئـەدیـب و نوســــەر و ســیاســیانەدا تێپەڕیوون کە ناویان لە لیســتی حیزبدا  هاتبوو، لە دواجاردا  بەنرخی ســەلکە توررێکیش ڕازی دەبوون. ئەوانەشــی بە قەولی ســەید ماجیدی تسلیدەر نە دەکەوتنە تەڵەی ``قوزەکانی حیزب``وە، ئەوا دەبوونە مەترســـی، و ســـەرنوســـەری گۆڤارە ئـازادەکـان بـە قەڵـەمی ســـوور ڕاپۆرتیـان لـەســـەر؛  جوڵـەیـان، نـانخواردنیـان، بـاری خێزانیـان، بـەرزدەکردنـەوە. زۆری نـە دەبرد

ئەمانە وەک هەڵم لە ئاســـماندا وندەبوون، هەواڵیان نەدەما یاخود لە ســوێنێکی چەپەکدا لاشــەکەیان دەدۆزیەوە. هەندێکیان لەدوای ونبوونیان چەندەها چیرۆکی ڕۆژنامەنوســـی و ڕیپۆرتاژی تیڤی لەســـەر ســـەرهەڵگرتنیان و کێشـــەی کۆمەڵایەتی و چوونیان بۆ هەندەرانی بۆ هەڵدەبەســـترا. بەڵام لەڕاســـتیدا لاشـــەکانیان دوای کوشـــتنیان لەژێر ئەشـــکەنجەدا، بە ئەنجن ئەنجکراوی دەهێنرا بۆ هەوشــارەکانمان، ئەوانیش دوایی دەیناکردە ڕشــانەوە. دەرئەنجام بەهەمان کەشــیگەریدا دەدران بە ماســییە ســوورەکانی چەمەکەی بەردەم شـــەش ڤێلاکەی خاڵە گەورە. بەمجۆرە، ئەم میدیا ئازادە وەک ســـەید ماجیدی تســـلیدرەی حیزب دەیگووت``ئەم زەڕخانە ئازادە مەدرەسەیەکی تری کادیرە ئازاکانی حزبە، هەرچەندەیان بۆ سەرفبکەیت بەزایە ناڕوات``

ئەم ڕۆژنامە و تەلفیزۆنە تووڕە و پڕ هاوارانە هێلانەیەک بوون بۆ پەروەردەکردنی ئەو بێژەرە ســـووکانەی لەدوایدا بە قەڵمبازێک دەبوونە ئەندامی پەڕلەمان، ئەو پەڕلەمانەی خاڵە گەورەی میهرەبان بە جیفرکخانە ناوی دەبرد. ســـەید ماجید هەموو جارێک بۆ ســـەلماندنی ئەو ڕایەی کە ئۆپۆزیســـیۆن و میدیا ئازادەکان باشـــترین خزمەتی دەســـەڵاتی حیزب دەکەن دەیگووت ``ئەمانە چەندیان بخەیتە بەردەست کەمە، چونکە لە زەڕخانەکەدا مەشقیان لەســـەر ئەو جیفڕکانە کردووە، کە بە ڕووکەشـــی لەدژی حیزبە، بەڵام لە قەپۆزی میللەتی ناشوکر دەدەن``

بەمشـــێوەیە ئەم دەزگا میدیایی و وەرقیانە ماڵی دووهەمی حیزب بوون، گەر ماڵی ڕاستەقینەیان نەبێت. ئەو ماڵی دووهەمەی کە لە ژێر ناوی دەنگی ناڕازی و ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی و ڕێکخراوی

ژنانی ئازاد، و زۆر ناوی هەمەجۆردا، خۆیان بەپێی ڕیتمی دەزگا نهێنیەکانی حیزب ڕێکخستبوو، شەو و ڕۆژیش لەدژی حکومەت و دەسەڵات هاوار و جنێویان بوو. هەندێکجاریش زیاتریان پێوەدەنا و مۆڵەتی بیست و چوار کاژێریان بۆ ڕووخاندنی حکومەتی حیزب دادەنا.

بۆ ئەم ماڵی دووهەمی حیزبیش بە قەولی سەید ماجیدی تسلێدەر، کە ناوی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنە، لەژێرەوە ملیۆنەها دۆلاریان بۆ سەرفدەکرا. ئەمانەش ئەو ملیۆنەها دۆلارەی نەوتی ئەم وڵاتە بوو، کە خاڵە دەیدا بە ئەوان و بە بەلاشیش دەیدا بە ڕێکخراوە بیانییەکان وەک فەند و پشتگیری، و لەژێر ناوی (دۆنەیشن) پێناسە دەکرا. ئەمەش بۆئەوە بوو کە ئەوانیش بەشێکی بدەنە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆژنامە بەناو ئازادەکانی ناو مەملەکەت. هەربۆیە کاتێک ڕۆژنامەی ئازاد یان دەزگایەکی میدیای دژە دەسەڵات پرسی سەرچاوەی داهاتیان لێ دەکرا، بەو پەڕی کەڵەشێرییەوە سێ پیتی یەکەمی ڕێکخراوێکی ناحکومی جیهانییان وەک (ئێچ ئەی دەبلیو، زێد ئەی ئێس، بێرد پرێس فاوندەشن و... هتد) ناودەبرد، گوایە ئەمانە پشتگیری ڕۆژنامە و دەزگاکەیان دەکەن. هەر بۆ سەلماندنی ئەوەش زۆری نەدەبرد هۆڵەندیەکی هەڵبزڕکاو، یان بەریتانیەکی ڕەنگ پەڕیوو ئامادە بوو سوێند بخوات بە قنگی باوکە گەیەکەی، کە ئەم پارەیە بۆ برەودانە بە ئازادییەکانی ڕۆژنامەنوسی لە دژی دەسەڵاتی ڕژێمە دیسپۆتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەمشێوەیە، ئەم سیناریۆ هەرزانەی گەمژەکردنی جەماوەر، بە وزەی ملیۆنەها دۆلاری نەوت درێژدەکریەوە...

ڕاســـــته پارەکە هی ئەم ڕێکخراوی ئێن جی ئۆیی ئەوروپی یان ئەمریکیانە بوو لەڕووکەشـــــدا، بەڵام هەر من دەزانم ئەم پارەیە چۆن دەگەیشتە بەرەی ئۆپۆزیسۆن و بەچەندە کەناڵی پێچاوپێچدا دەڕۆیشت. ئێستاش کە ئەم وشانە دەنوسم ئەم ڕەدەڵ و بەدەڵ و خۆڵکردنە چاوی میللەتی هەژار و گەمژەیە بەردەوامە. هەر من، مۆپسی پاشا، شاهیدی ڕەوانەکردنی ملیۆنەها دۆلار بووم بۆ ئەو کەناڵ و تیڤییانەی شەو ڕۆژ خەڵکیان دەهێنایە سەر شاشەکان بۆ ئەوەی بگرین و جینێو بدەن و یەخەی خۆیان بدڕن لە دژی دەســــەڵات. هەر من دەزانم چۆن کۆمپانیاکانی حیزب لە ڕێگەی کۆمپانیای میدیایی و ڕێکخراوەکانی ئازادی ڕا دەربڕین و ســــێنتەرەکانی ئازادی ڕۆژنامەنوســــی وکۆمەڵەی ژنانی ئازاد، پارەکانی خۆیان دەشتەوە. هەر من دەزانم چۆن پارەی حکومەت دەچووە ســــەر ژمارە بانقیەکانیان لە دەرەوەی وڵات، کە هەم پارەی حیزب و هەم پارەی لێپســــراوەکانی وەک مەلا ســــەعیدی نەمســــاوی ترلێدەر و فەقێ بلیخانۆف و کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر و هوما خان و تەنانەت پارەی شـــنە قۆنەرە و لەشفرۆشە باڵاکانی وەک هانا لۆڤ و شنەی میردادی و کۆسیای چەموشی و لولوی مامەیی و زۆریتر دەشۆرایەوە ...

ئەمانە پارەیان لەژێرەوە بەناوی دۆنەیشن یان بڵێین خۆبەخشی دەدا بەو ڕێکخراو و دەزگا میدیا و ڕۆژنامە ئازادانەی کە ژمارەی بانقیەکانیان لەو بانقانە دەکردەوە کە لەتورکیا و لوبنان و دوبەی دەســـتبەکارن. بێگومان لەژێر حونجەتی ئەوەی ژمارە بانقیەکانیان لە دەرەوەی وڵاتە، چونکە ئەم ڕێکخراوانە دژی دەســــەڵات و حکومەتن و نایەوێت حکومەت و حیزب دەست بەسەر ئەو پارانەدا

بگرێت کە ڕێکخراوە ئازادەکانی جیهان وەک پشـــتگیری پێیان دەبەخشـــن. ئەمە پێچە بەدەورەیەکی ســـەیری یونڤێرســـالی پارە شـــتنەوە و گەندەڵی بوو کە ئەم ڕێکخراو و ڕۆژنامە ئازادانە پێی هەڵدەســتان. تۆڕێکی ئاڵۆزی گواســتنەوەی پارە بوو لەم ئاکاونت بۆ ئەویتر، بە جۆرێک کە هیچ ژمێریارێکی زیرەک و پشـــکنەرێکی باج سەری لێ دەرنەچێت. ترسناکی ئەم پارەیە لەوەدا بوو کە لە بنەڕەتدا پارەی کورد و عەرەب و میللەتانی جینۆسـایدکراوی ئەم مەملەکەتە بوو، دەخرایە ســـەر ژمارە بانقیەکانی ڕێکخراوە بیانیەکان، بۆنمونە؛ لەیەک ملیۆن دۆلاردا زیاتر لە ســێ ســـەد هەزاریان بۆ خۆیان و ســـتاڤەکەیان هەڵدەگرت، ئەویتریان وەک پشـتگیری یان بڵێین دۆنەیشـن، دەخسـتە سـەر ژمارە بانقیەکانی (جنێوفرۆشـــە حەیاتەکان) بە قەولی ســـەید ماجیدی تسـلێدەر و قاســـەگری حیزب. بەڵام هەندێک جار گرفتی تێدەکەوت، بە تایبەت کاتێک یەکێک لە بەڕێوبەرەکانی (نەتەوە گووتێکراوەکان) بە قەولی خاڵە گەورە، یان ڕێکخراوەکان دەکەوتنە بۆڵە بۆڵ دەیانگووت؛ ئەمە پارە شـــتنەوەیە... ئیتر کە هەموو دەرگاکان بەســـەر ســـەید ماجید و قاسگرەکانی بەردەستیدا دادەخرا، خاڵە خۆی دەهاتە سەر خەت و تەلفۆنی بۆ ســـەرە گەورەکانی ڕێکخراوەکان دەکرد و بە ئینگلیزییە ڕەوانەکەی یان ئەڵمانییە ڕەوانەکەی ســـەرکۆنەی دەکردن. بیرمدێت چی بە (کریســـتیان هانز مایەر)ی قووندەر گووت کە نوێنەری ڕێکخراوێکی ئەڵمانی بوو لە مەملەکەتدا، گوێم لێ بوو نەڕاندی بەســـەریدا `` ئاڕشـــلۆخی قووندەر، پارەیان بۆ ســـەرفبکە، ئائا، بیاندەرێ دوایی خۆم قســـە لەگەڵ قونســـوڵە

منداڵبازەکەت دەکەم. چەندەت دانێ دەیخەمە سـەر حسـابی ڕێکخراوە خوێڕییەکەتان، باشە ئاڕش گزیخت، بیاندەرێ``

بۆ زانینتان خاڵە کاتێک وشـەی ئاڕش گزیخت (چڕوچاو قوون)ی بەکاردێنا، ئەو کاتە بوو کە کریسـتیان خۆی بیردەچووە کە چ گەنەخۆرێکە لەم کوردسـتاندا، وەک خاڵە دەیگووت ``ئەم لەڕە، دەمی سیفۆنی ئاوەدەستیش لووش دەدات`` چونکە کریستیان کە جاران بەرپرسی بەشی کولتوری قونسوڵخانە بوو، دوایی لقێکی لە (پەیمانگای ڤۆلڤانگ گۆتفرید بۆ زمان و کولتور) لەم مەملەکەتە پڕ فەوزایەدا کردەوە. لەوێوە، لەڕێگەی پڕۆژەی هونەرمەندە فەندخۆرە لۆکالیەکانەوە، فەندی بۆ پڕۆژە هونەریی و پێرفۆرمانسەکانی ئەوان سەرفدەکرد، بەڵام چۆن سەرفکردنێک؛ پڕۆژەکان هەندێکیان لە ڕاستیدا هەزار دۆلاری تێ نەدەچوو، بەڵام چونکە پرۆژەکە لەژێر ناوی (لێبوردەیی ئاینی و ئیتنی) یان (پێکەوە ژیان) بوو، بۆنموونە سەد هەزار دۆلاری بۆ سەرفدەکردن و دوایی لیستی ناوی وەهمی و وەسڵی هۆتێلی پێنج ئەستێرە و کۆنگرەی بیست کەسی کە دوایی بە فۆتۆ شۆپ دەکران بە کۆنگرەی چوار سەد کەسی. هەروەها کرێیی هاتوچۆ و زۆریتری لەڕێگەی قاسەگرە لۆکایەکانیەوە بۆ ڕێکدەخرا. بێگومان کریستیان نیوەی ئەو پارەیەی دەخستە گیرفانییەوە و ئەویتریش بۆ فەندخۆرەکان بوو، کە هەمیشە وەک دەڵەکی برسی زمانیان بۆ فەندی نوێ دەرکێشابوو، هەمیشە پێشنیازی نوێیان بۆ کریستیانی ئەڵمانی لە باخەڵدا بوو. هەموو ئەوروپی و ئەمریکی و ئیسپانییەکان لەم مەملەکەتەدا خەریکی فەندخواردن و ڕەدەڵ و بەدەڵی فیزە فرۆشتن بوون، بە کریستیانی ئەڵمانی و قونسوڵخانە

تەریکەکەیەوە، کە لە سـووچێکی پایتەختە خۆلاوییەکەماندا ڕۆژانە (فیزەی شـێنگرن) یان بە بیسـت هەزار دۆلار دەفرۆشـت. هەربۆیە خالّە بەیارمەتی لەشـــفرۆشـــەکانی حیزب، ئەوانەی لە ئاســـتی ئەکادیمیدا بوون و ســـالانێکی دوورودرێژ لە ئەوروپا ژیابوون و بڕوانامەی بالایان بەدەســـتهێنابوو، ئەمانە لە ئاهەنگی ماســـی برژاندن و قوسـونڵخانەکاندا ئامادە بوون، دوایش کە قونسـوڵ و فـەرمـانبـەرە مووزەردەکـان دەکـەوتنـە داویـانـەوە، گرتـە ڤیـدیۆیی بیسـت چرکەیان دەنارد بۆ مۆبایلە زیرەکەکانیان، کە بیسـت چرکە بوو لـە کۆی دوو کاژێری پڕ ئاهـات و نالّە. بەجۆرێک کـە خالّـە گەورە خۆی هـەندێک جار ســـەیری دەکردن و قاقا پێدەکەنی، بـەتـایبـەت ئـەوەی کریســـتیـان کـە یـەکێـک لـە کوڕە قۆزەکـانی ڕێکخراوەکەی سوار خۆی دەکات و بە قامچی لێدەدا و تۆپی خڕی لاستیک دەخاتە قوونیەوە...

ئەم گرتانە کاتی خۆی هەمان کارمەند و گانکەری خۆی، بە بیست هەزار دۆلار فرۆشـــتی بە دەزگاکەی گەلاڕێزانی شـــەش قوز و دوایی ولاتی بـەجێهێشـــت. ئـاوەهـا کۆی ئـەم قونســـوڵ و بـەڕێوبـەرەکانی ڕێکخراوەکان تا تـەوقی ســـەریان لـەناو گۆلی گـەنـدەڵیدا نقوومبوو بوون. دۆکۆمێنت و تۆمـاری دەنگی هـەموو یەکێکی لەم ئەوروپیانە کە ســـەرەتا وەها دەهاتن کە دەتوانن ئەم ڕۆژهەلاتیە گێلانە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، تاوەکو ئاوڕیان دەدایـەوە بـەنـەرمی لـە تۆڕی گـەنـدەڵی ئـەوان ئـالاون و ئیدی بـە قەولی خالّە ``ســـەرەی ئێمەیە ســـواری ئەم دایک قەحبە ســـپیانە بین`` هەربۆیە بە ئارەزووی خۆی جنێوی پێدەدان و هەڕەشـــەی لێدەکردن و ئەوانیش فزەیان لێوە نەدەهات. .

بیرمدێت، جارێکیان لە کاتی شـــەڕی ناوخۆی نێوان ئێمە و حزبەکەی کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر، نەتەوە ســپییەکان قافڵەیەکی گەورەی ئازووقەیان بۆ ناوچەی کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر بەڕێ کردبوو، کە بەهەزارەها تەن برنج وئارد و بەتانیی و ئازووقەی هەمەجۆر بوو. نوێنەری نەتەوە سپیەکان کە ئەوســـا کوڕەکەی (کۆهین ئەنام) ی ســـکرتێری نەتەوە سەرلێشواوەکان بوو. دزێک بوو ئاوی لێڵ نەدەکرد، ناوی (کوجین ئەنام) بوو، بیرمدێت کە خاڵە ئەو هەواڵەی بیســـت، چاوەکانی سووربۆوە و فشاری خوێنی بە جۆرێک بەرز بوو کە هوما خانم و ڕەعنای گەلاڕێزانی خەســـوویی، هاواریان لە ســـەگەوانە دڵسۆزەکەمان، خەلیل بەگی ئامۆکیان، کرد کە مۆبایلە جیوەییەکەی نەداتە خاڵە، چونکە خاڵە بکەوێتە هەر گفتوگۆیەکەوە فشـــاری خوێنەکەی دەیبووروژێنێتەوە. هەرچەندە من دەستمکرد بە وەڕین بۆ هێمنکردنەوەی خاڵە، بەڵام ئەو لە بالکۆنەکەوە دەهاتە ژوورە تایبەتەکەی و لەوێوە بۆ هۆڵەکە و لەوێوە بۆ ژووی کۆبوونەوەکان و لەوێوە دووبارە بۆ بالکۆنەکە. هەمووومان، من و هوما خانم و گەلاڕێزان و خەلیل بەگ بەدوویەوە باوە خولێمان بوو. خاڵە ئۆقرەی لێ بڕا بوو، و لەبەرخۆیەوە جنێوی بە کوجین ئەنام دەدا و بە ``کوجینە حیز`` ناویدەبرد، گڕی لێ دەبۆوە هەر ئەوەندەی ژمارەکەیان بۆ لێدا و دایانە دەستی، بە عادەتی خۆی بە ئینگلیزییە ڕەوانەکەی بەڵام ئەمجارە بە زمانی جادە و بە ``وەتس یۆر پرۆبلێم فەکین کۆجین`` دەســـتپێکرد و لەوســـەری تەلفۆنەکەوە کۆجین هەوڵیدەدا هێمنی بکاتەوە و گوێم لێ بوو دەیگووت ``پلیس مســـتەر پرســـیدێنت، خالە جیان`` ئەم ``خالە جیان``ە لە

نوێنەرەکانی حیزبەوە فێربوو بوو، کە جانتای پارەیان بۆ دەبردە پێنت هاوســـەکەی کە لە مانهاتنی نیوۆرک. بەڵام تازە خاڵە وەک شـــێرێکی لێ هاتبوو لەقەفەزێکی بچوکدا دەینەڕاند ``کوجینی دز کوڕی دز، قووندەر، فەکین کوجین، لە بەرنامەی خواردن بەرامبەر نەوت، ســـەدام تکریتی بێ قیمەتت تێرکردووە قەینا و قســـەمان نەکرد، کەچی لەژێرەوە کاروانی ئاردو شـــەکرد دەنێریت بۆ کوڕەکانی فەکین مەلا گەورەی دەم گوواویی... لســـن، لســـن، گوێبگرە، دەمە حیزەکەت داخە، شـــەت یۆ فەکین ماوتس فەکین کوجین ئەنام، وەڵا ئەو یارمەتیە ڕانەگریت، قوونە ڕەشە حیزەکەی خۆت و باوکە خوێڕییەکەت دەبینی لەســـەر لاپەڕەی واشـــنتۆن پۆست و بی بی سی``

بیرمدێت، دوای ئەو ڕستەیە، خاڵە تەلەفۆنەکەی قەپاتکرد و نیمچە بێهۆش زرم کەوتە ســـەر قەنەفە چەرمە گرانباهەکەی. خێرا دکتۆری کۆشـــکەکەمان بە پەلە بەخۆی و جانتاکەیەوە خۆی کرد بەژووردا، کە پێشتر لە دەرەوە لەتەنیشت حسە گووشۆری خاڵە چاوەڕوانی دەکرد. ئەمەش کەســـیتر نەبوو جگە لە `` دکتۆر ســـەرداری حەمە چەقەڵ`` نەبێت، کە بەڕێوبەری خەســـتەخانەی گشتی و پشکی لە زۆربەی خەستەخانە تایبەتە فشەکاندا هەبوو کە زۆربەیان وەک بەشـــێک ســـەرانە لە حیزب پشـــکیان دەدا بە دکتۆر ســـەردار. ئەم دکتۆر ســـەردارەش چیرۆکی لای منە و لە بەشـــەکانی دیکەدا بۆتان دەگێڕمەوە چ بێقیمەتێکە و چۆن بووە گسلێدەری بەلەفیرەی گەڵاڕێزانی شەش قوز، کاتێک دەیویست لە ڕەعنا دەمشـــڕەوە بێتە گەڵاڕێزان خانم لە حیزبدا. چۆن هەژدە کچی لاقەکراوی خســـتە بەردەســـت ئەم دکتۆر ســـەردارە، ئەمە

چیرۆکێکی قێزەوەنە زەمەن یار بێت لە کتێبی دووهەمدا  بۆتانی دەگێڕمەوە.

بەمجۆرە پارەی ئەم مەملەکەتە بەچەندەها کەناڵی پێچاوپێچ دەدرا بەو لێبوکانەی لەبەردەمی دەسەڵاتی خاڵە هەڵقوونەیان بوو، دەدرا بە قۆشمەکانی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان و سیناریۆچیەکان، دەدرا بە شاعیری ڤیستڤاڵەکان، دەدرا بەو لەشفرۆشانەی بە ناوی پڕۆژەی شـــاجوان و فاشـــیۆن و ســـالۆنی جوانکاری و ڕۆنی ڕووەکی دەموچاو و ناوگەڵ، کە ڕۆژانە کوردایەتیان لەســـەر شـــێوازی خۆیان دابەشـــدەکرد. هەروەها  دەدرا بە ئەوانەی  کە ئیش و کاریان جنێودان بوو بە خاڵە و حیزب و  جارجارەش بۆ خۆشـــی وەک سیناریۆیەکی هەرزان بۆ  مێگەلە کۆیلە و دەستپەڕچییەکانی ئۆپۆزیسیۆن، خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەرەکانیان زیندانی دەکرد و دوایی کە دەهاتنە دەرەوە، زەڕخانەکانی ئۆپۆزیســـیۆن و ئیســـلامیەکان دەیانکردنە پاڵەوان... ئاوەها، مەکینەی گێلکردنی جەماوەری داهاتی چەندەها بیرە نەوتی دەدا بە ئەکتەرە هەرزانەکانی ئەم نمایشە شانۆییە هەرزانە.

بەڵام  با ئەوەش بڵێم؛ کە ئەو ڕۆژنامەنوســـە گەنجانەی بوێرانە ســـەرقاپی ئەم زێرابە بۆگەنەیان هەڵدەدایەوە و لەو وەهمەدا دەژیان کە ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکن، زۆر زوو، ژێراو ژێر، لەلایەن سەرنوسەرە سیناریۆچیەکانەوە دەخرانە بەردەم کەڵبەی هەوشارەکانی دەزگا ترسناکەکەی حیزب کە پێش ئەوەی خاڵە لەخەستەخانەی پێرسی پارسی بکەوێت، شابازی مچە گەڕی جێگری و هاوڕێی خەباتی،  ســـەرپەرشـــتی دەکرد. ئەو شابازەی حەزیدەکرد پێبڵێن دکتۆر شاباز موستەفا خۆ گەر یەکێک

لەدەمی دەرچووبا پێیبگووتبا  بە کاکە شـــێرە وەک چۆن خاڵە بەناوی خۆشەویستیەوە بەم ناوە دەیخستەوە ناو قاڵبە بچوکەکەی خۆی، ئەوا خۆی لەبەردەم هەوشـارەکانی شـابازدا دەدزۆیەوە کە دووانیان بە ناوی دوو جەلادی بەعسیەکان ناونابوو؛ فەزاڵ بەڕاک و نازم گوزار... یاخود گەر ئەو کەســـە پلەی هەســـتیار بوایە لە حیزبدا ئەوا لەو کۆبوونەوە و کۆمەڵەیەدا حونجەتێکی دەدۆزیەوە بۆئەوەی  بۆئەبەد ڕیســـوای بکات و ناوناتۆرەیەکی پێوە بنێت. شـابازی مچە گەڕ دەسـتێکی باڵای هەبوو لەسـووکردنی ئەویتر و چێژی لێ دەبینی، تەنانەت شـــانازی پێوەدەکرد و دەیگووت`` من دەتوانم سـووکردنیش سـووک بکەم``  بێگومان ئەم سـووکردنی سووکردنە، لەدوایدا شۆڕبۆوە بۆ ناو کوتلە حیزبیەکان و شێوازی هەڵسـوکەت و نەریتێک کە لەدوایدا لە زەڕخانەکەی خۆیەوە کە بە (تۆپخـانـە) نـاویـدەبرد تـەواوی ئـەو کولتوریی``ســـووکردنی ســـووکردن``ی تێدا ڕەنگیدایەوە... بەڵام ئاخ ســـەد ئاخ، لەم ســـیناریۆی ئۆپۆزیســـێۆن و دەســـەڵاتەدا کە لە ڕاســـتیدا لەم گەندەڵخانەدا هەردووکیان یەک شـــت بوون، تەنها دابەشـــکردنی ڕۆڵەکان بوو لەســـەر ئەم شـــانۆ هەرزانە، چەندەها گەنجی جوان بەر کەڵبەی هەوشـــارەکانی حیزب کەوتن و لەتوپەتکران. ئەو هەوشـــارە بەســـتەزمانانە  لە ناو ئەم چڵێت و پڵیت و پاتاڵانەی حیزبدا کرابوون بە دڕندە و جاش و مرۆڤکوژ بۆ حیزب و هۆبە و لق و کۆمیتەکان. ئەو هەوشـــارە جوانانە کە شـــانازی کوردن لە جیهاندا، لەبەردەســـت ئەم دایکخۆگێیانەی حیزبدا کرابوون بە ئامێرێکی کوشـــتن، بەجۆرێک، لەم کۆتایی تەمەنی من و خاڵە و سێ هەوشارەکەی هاوڕێم و سەگەوانەکانەوە کە ئێستا گەلاڕێزانی

شـــەش قوز لە قەفەزەکاندا بەندی کردوون. چیرۆکی لەتوپەتکردن و ئاهەنگی ماســـی برژاندن بەدوومانەوە بوو. بەتایبەت ســـێبەرە قورســـــەکانی ئەم ئاهەنگی لەتوپەتکردنە خاڵە دەیســـــپارد بە قوونشۆرە سیاسییەکەی، کە شابازی مچە گەڕ بوو، تەنها ئەو بوو کارە پیسەکانی بۆ ڕایی دەکرد، و پەردەپۆشی دەکردن.

ئەم هەموو کوشـــتن و ئەشـــکەنجە و ونجڕکردنی گەنجانی ئەم مەملەکەتە لە کۆتایی ســـالانی ســـەگیماندا بێزاری دەکردین، چیتر گەنج نەمابووین چێژ لە ونجرکردن و شـــکاندنی ئێســـکەکان وەرگرین، چیدی سەگێک نەمابووین وەک سەگ ژیابێتین. من وەک مۆپسێک لە ناو کۆشی خێزانێکی میهرەبان نەژیام، هەوشارەکانی هاوڕێی ژیانیشـــم لە قەد پاڵی چیا و کەژ و کێوەکاندا لەگەڵ ڕانە مەڕ و شوانە ئەزیزە دڵپاکەکاندا نەژیان و تەمەنی سەگێیتیان لەناو ئەم بۆگەناوەی حیزبی کوردیدا بەسەربرد.

قەیدی نییە، من بەم نوســـینە ویژدانم ئاســـوودە دەکەم و خەفە دەبم، یاخود دەمم شـــکێت گەر خاڵە بەمزوانە بچێتە بەفرگری مردووانی خەســـتەخانە پاریســـییەکە، ئیدی تەمەنی ســـەگی منیش کورت دەبێت. بەڵام وەک هەوشـــارەکان دەیانگووت`` ئەی ئێمە خەمی خۆمان بۆ کێ باســـبکەین`` هەربۆیە من بڕیارمداوە لەم چیرۆکەی ژیانەمدا غەدریان لێ نەکەم و ئەوەندەتان پێبڵێم کە ئەمانە لە ڕۆحیاندا دڵســـۆزترین و جوانترین بونەوەرن، بەڵام گەندەڵی ئەمانەی کردۆتە کۆیلە و تەنانەت بیرمدێت ``حەمە عەینە بۆرە`` لەم ماوەیەدا لە خەفەتدا نانی نەخوارد و زۆری نەبرد خەفەبوو. ئێســـتا من و (عوســـە کوێرەی کرماشـــانی) و (حەســـەنە

گۆجی ســــێ قنگ) وەک ســــێ ســــەگی خرفی فەرامۆشـــــکراو ماوینەتەوە، بەڵام هێشــتا قەفەزەکەی بەتاڵە و لەم یادەوەریەشــمدا من ســـەگانە و بەوەفایەنە دڵم نایەت وەک مردابۆوە باســـی بکەم، بەڵکو هەمیشـــە لەگەڵ دوو هەوشـــارە ئەزیزەکەی تر هەر ناوی دەهێنم. ئەوان ئێستا لە سووچی قەفەزەکانیاندا تەنها نانەڕەقیان دەدنێ و تەنانەت هەفتەی جارێکیش دەرگای قەفەزیان بۆ ناکەوە بۆئەوەی بای باڵی خۆیان بدەن. لەوەتەی خاڵە دواجەڵدەی لێدا و بەورگەوە بەربۆوە ناو خەســــتەخانە پاریســــییەکە، ئێمە لەناو فەرامۆشکردندا بۆگەنمان کردووە و لەو بڕوایەشداین لەکۆتایشدا هەر سێکمان دەکوژن. خۆ گەر کوشتنی من کارێکی زەحمەت بێت و لێدان بێت لە ڕەمزی خاڵە و بڕگەیەکی دەســتور. ئەوا کوشــتنی ئەو دوو بەســــتەزمانەی چەندەها خەڵکیان پێ کوشـــتوون، وەک کوشتنی قالۆنچەیەک وا دەبێت لە ئاودەستخانەیەکی تەریکدا.

٤

بەڵام با بگەڕێمەوە ســەر کوشــتنی ئەو ڕۆژنامەنوســە گەنجانەی نەیاندەزانی ســـــەرنوســـــەرەکانیان لەژێرەوە دەمولمۆزیان لە بۆگەناوەکەدایە. ئەوانە لەوەهمی ئەوەدا ژیان کە ســـەرنوســـەر و گۆڤارەکانیان شـــەڕی هەقیقەت دەکەن. نەیاندەزانی لەڕێگەی ئەم ســـەرنوســـەرانەوە وردەکاری ژیانیان چۆتە ناو فایلە نهێنیەکانی

حیزبەوە. تەنها تاوانیان ئەوە بوو ئەم ڕۆژنامەنوســــە گەنجانە زیرەکانە چووبوونە ناو ڕاڕەوە تاریکەکانی حکومەتەوە، چوونە نێوان ئـەو دەســــتانـەی خوێنیـان لێ دەتکـا، چوونـە نـاو ئـەو لەشـــفرۆشـــخانە هەرزانەی ناو ژووری عەمەلیاتی حیزبەکانە، و نهێنیەکانیان لەســەر لاپتۆپ و ڕیکۆردەرە بچوکەکەکانی گیرفان و هـارد دیســـــەکانیدا شـــــاردبۆوە. هـەر ئـەو ڕۆژەی ئـەو نهێنیە ترسـناکەیان بە سـەرنوسـەرکانیان دەگووت، سـەرنوسـەرەکانیان خێرا کۆپی دووهەمیان بۆ دەزگا نهێنیەکانی حیزب دەنارد. لەوێ، لە ئەڵقە داخراوەکانی ئاسـایشـی حیزب و حکومەت قسـە لەسـەر چارەنوســـیان دەکرا، ئەو ئاســـایشـــانەی نێرەموکن، هایبریدن، تێکەڵەیەکن لە حزب و حکومەت. مرۆڤ نازانێت لە کوێدا ئاسایشی حیزبن و لەکوێدا ئاســـایشـــی حکومەت و دەوڵەتن. ئیدی لەوێ بڕیاڕ دەدرا چۆن بڵاوبکرێتەوە، یان چۆن ســـەرنوســـەر فایلەکان بسڕێتەوە لەگەڵ خاوەنەکەیدا...

بێگومان من ئەم پرۆسەیەم لەم کۆشکەدا بیستووە، بیستوومە کە ئەم زانیارانە بە چەندەها کەناڵی جۆراو جۆردا تێپەڕ دەبوو، بە چەندەها سیناریۆی ترسناک و پێچاو پێچ و کە لە تەنێکی ئاڵۆزکاو دەچوو ســــەرەتـا و کۆتـاییـەکـەی نـەدۆزرێتـەوە. هـەر کـاتێکیش کوشـتنی ئەو گەنجە ڕۆژنامەنوسـانە لە دەزگا ترسـناکەی حیزب دەبووە  بڕیاڕ، کە ئێســتا دوای خاڵە گەورە، دەســتی شــکاوم، گەلاریزانی شـەش قوز سـەرپەرشـتی دەکات. سـەرنوسـەرەکانی ئۆپۆزیسـۆنە جۆرا و جۆرەکان  لەژێر زەمینە تاریکەکانی کوتلە و حزبەکاندا بەهاوکاری دەزگا ئەمنییەکەی حیزب دەهاتن و پلانی جۆراوجۆریان دادەنا. لەم ســالانەی دوایشــدا لە ژوورەکانی ئەم

ڕیزە کۆشکە کە ئێستا هوما خانم و گەلاریزانی شەش قوز کەسی یەکەمی بڕیارڕدەرە تێدا. بەجۆرێک نانە ڕەقی هەوشارەکانیش بەبێ فەرمانی ئەو نەدەدرا بەسەگە کۆن و پیرەکانمان. بەمجۆرە ئاوەها ئەو گەنجە بەستەزمانانە وەک هێلکەی پاکراو دەدرانە دەست ئەو هەموو شەقاوە و چەقۆکێشانەی حیزب، لە شوێن و کاتی خۆیدا دەفرێندران و لەدوایدا بەپێی سیناریۆی سەرنوسەرەکانی گۆڤارە ئازادەکان لە شوێنێکدا لاشەکانیان فرێدەدرا کە خۆیان یەکەم کەس بن بگەنە سەریان، و لە دوایشدا دەیانکردن بە مانشێت و کاوجۆی زەڕخانەکەیان و کوورەی ئۆپۆزیسیۆنیان پێ دەگەشاندەوە. تەنانەت سالانە و مەراسیمیان بۆ سازدەکردن و خەلاتیان دەدا بەهەمان ئەو جەلادە ڕاپۆرتلێدەرانەی کە ئەشکەنجەیان داون.

ئەم کوشتنەی ڕۆژنامەنوسە گەنجەکان، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، بەتایبەت شابازی مچە گەڕ لە شۆڕشی شاخەوە پیشەی کوشتنی خەوبنیەرە ڕۆمانسیەکان بوو، کاتێک کە جەمالی تەور و فەرەیدون عەزیز، بابڵێین، فیفی عەبدەکەی لەمەڕ خۆمانی کردبووە دەستە ڕاست و چەپی. لەو زەمەنەوە بۆ تێرۆرکردنی ڕەشییە قووڵەکەی ناو ناخی، ئالوودەی ئەمجۆرە کارانە بوو...

بیرمدێت چەندەها جار هەوشارەکانی خاڵە بەتایبەت (کوێرە) کە خاڵە بە (عوسە کوێرەی کرماشانی) ناوی دەبرد، ڕەوانە دەکرا بۆ گردە تاریکەکەی دەرەوەی شار کە دکتۆر شابازی مچە گەڕ، بارەگای سەرەکی تێدا دانابوو. گردێکی پڕ سنەوبەر بوو کە باخچەی گشتی ئەو گەنجانەی گەڕەکە هەژارەکانی چوار دەوری

بوو. ئەوانەی شوێنێکیان نەبوو لەم شارە پڕ زبڵ و هاوار و خوێن و دز و جەردەیەدا پیاسەیەکی تێدا بکەن، و هەر دارسنەوبەرێک شوێنی ژووان یان یادەوەری قوتابیەکی زیرەک بوو لەژێریدا دەیخوێند. ئەم پیاوە پەلاماری دوو شوێنی دا، یەکەم ئەم گردەی پڕ کرد لە تەلی دڕکاوی و پیاوکوژ و ژنکوژ و سیاسی دایکخۆگێ وەک خاڵە وای پێدەگووتن. هەروەها بینای زەڕخانەیەک کە ناوی نابوو (کەناڵی کەی ئەی توو) بەڵام خۆی لەگەڵ پیاوەکانیدا بە (سووکخانە) ناویدەبرد، چونکە بەدەستی ئەنسقەت پڕی کردبوو لەو ڕۆژنامەباز و زەڕباز و چەقۆباز و هەتیوبازی سیاسی، بێگومان لە فەرهەنگی حیزبدا ڕۆژنامەباز و زەڕباز ئاماژەن بۆ ڕۆژنامەنوس و میدیاکار، زەڕبازیش لەفەرهەنگی خاڵە و شابازی مچەگەڕی جێگریدا مانای ئەوەیە کە دەتوانێت بزەڕێت و ئەویتریش بخاتە سەر زەڕین کەبەمەش دەڵێن؛ زەڕباز.

ئەم فەرهەنگە زارەکییە سەرەتا تەنها لەناو سەرکردەکانی حزبەکەی خاڵە حزبی سۆسیال لیبرالی کوردستان دا بەکاردەبرا، ئەو زەمەنە کە ئەم داهێنانەی ئەفراندبوو، هێشتا خۆجیاکردنەوەی دکتۆر شابازی مچە گەڕ لە خاڵە و حیزب دەستی پێ نەکردبوو، بەڵام ملانێیی (پۆتینەکەی شاباز) دەمێک بوو هەڵگیرسابوو. گەر سەبرتان هەبێت هەر لەم کتێبەشدا ئەمەشتان بەزمانە سەگییەکەی خۆم، بۆ باسدەکەم...

سەرەتای زۆرانبازیەکانی نێوان خاڵە و جێگرە ئەبەدییەکەی و کەسی دووهەمەکەی حیزب لەوەوە هەستپێکرا کە سەرەتا ماوەیەک کوتلەکەی بێدەنگ کردبوو، بەردەوامیش لە زەڕخانەکانی

حیزب و بەردەم کامێراکاندا وەک جاران حەزی نەدەکرد لە دوای خاڵەوە دەرکەوێت، کە ئەمە بۆ ڕەدووکەتوانی هەڵســـوکەوتێکی نوێ بوو. لەوەتەی ئەو لە نەمســـــا و خاڵە لە قاهیرەوە بە فیتی بریتانیا و سیای ئەمریکی هاتنەوە بۆ شاخ، بۆ ئەوە، شۆڕش وەک کاڵەکێکی پێگەیوو وەها بوو لە کێڵگەی چەپە گەنجەکانی شـاخ. لەو ڕۆژەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان، ئەم جووتە هەمیشـــــە پێکەوە لە فۆتۆکانی ڕۆژنامە بیانی و عەرەبی و بڵاوکراوەکانی حیزبدا دەردەکەوتن. هەمیشە شاباز لەدوای خاڵەوە دەبینرا، تەنانەت لە فۆتۆی کۆنگرەکاندا ئەو هەمیشـــــە خاڵەی پێش خۆی دەخســـــت و خۆی لەپشـــتیەوە دەردەکەوت، بەڵام لەوەتەی هەردووکیان پیربوون ودەستوەشـاندنی سـیاسـەتی چەوت خرفی کردوون، هـەردووکیـان لـە زۆرانبـازییـەکی بێدەنگ و پڕ جوڵـەدا بوون بەوەی کێهایان لە فۆتۆکە ســـــانتیمێک لەپێش ئەویترەوە دەربکەوێت، شـــــانی کامیان، قاچی کامیان، تەنانەت ملی کامیان زیاتر درێژتر لە ئەویتر دەربکەوێت. هەموو ڕۆژنامەباز و زەڕخانە نوێیەکانی حیزب و ئۆپۆزیسـیۆن، تێبینی ئەوەیان کردبوو کە خاڵە و دکتۆر شـــــابازی مچە گەڕ هەوڵدەدەن چرکەســـــاتی چرکاندنی کامێرەکان، ئەمیان شـــــانێکی لەپێش ئەویترەوە بێت، هەنگاوێک، لەترێک، میلیمەترێک، پێش ئەویتر لە فۆتۆکاندا دەربکەوێت... دوای تەواوبوونی مەراســـــیمی هەموو چرکاندێکی فۆتۆی پێکەوەیی، کە ئەوسا حیزب لە نێوان دووکوتلە وەک شووتی قاشکرابوو، هەر کە مەراســــیمەکە تەواو دەبوو، خێرا تەلفۆناتی قەیتولەکانی خاڵە و شابازی مچە گەڕ بۆ فۆتۆگراف و ڕۆژنامەبازەکان، دەستپێدەکرد. هەرایەک دەســـــتپێکرد لەم کۆشـــــکەی خاڵە، پڕی بوو لە تف و

جنێونـاردنی کێر بۆ قوزی دایکی فۆتۆگرافـەکـان. پڕی بوو لـە هەڕەشـەی خوشـک و دایک گاین، پڕی بوو لە شکاندنی چوار پەل خســـتنی بۆ ناو قوونیان. تەنانەت گوێم لـە ســـەگەوانەکەمان، نەوشـیروانی کەتەر بوو بە ڕۆژنامەنوسـێکی دەگووت ``سـەرت بـەم کـەتـەرە دەبڕم و دەیخـەمـە قنگتـەوە و دەینێرمـەوە بۆ دایکـە قەحبەکەت ئەو فۆتۆیانە بڵاوبکەیتەوە کە خاڵە لە دوای شـــابازی مچە گەڕەوەیە`` یاخود لە بۆنەیەکی دیکەدا ســـەگەوانە هێمن و لەسـەرخۆکەمان، خەلیل بەگی ئامۆکیان، بەهێمنی لە مۆبایلەکەیەوە دەیگووت`` ئاءئا، ئەوە جوانتر دەربخە لە لاپەڕەی یەکەم و گەر ئەوان پیاو بوون و داوای ســـڕینەوەیان کرد، من دەرهەقیان دێم. خەمت نەبێت شوقەکەت مسۆگەرە لای خاڵە`` بەڵام گوێم لێ بوو شـێخ حســە چەقۆ کوول، بە دکتۆر ســوارەی بەڕێوبەڕی کەناڵی (ئازادی) دەگووت`` فلتە فلت دکتۆر قووندەر، وەڵا ئەو بەشـــــە نەســـڕیتەوە کە شـــابازی مچە گەڕ قەڵمباز دەدات و پێش خاڵە دەکەوێت، ڤیدۆی قووندانەکەت بڵاو دەکەمەوە... چی، چی، گووتت چی... بەچ زمانێک قســەت لەگەڵدا بکەم دکتۆری فشــە، مەگەر من نـەزانم بـە چـەنـد دکتۆراکـەت لـە لەنـدەن کڕیووە و کێ بوی نوسـیوتەوە، پێت بڵێم کێ لە جادەی ئێجوارد ڕۆد بۆی نوسـووی؛ بنیـامین جۆنســـن... تڕحێو وا دەزانی ئێمەی نەخوێنـدەوار لەم کۆشکەدا هەر خەریکی هەوشـارەکانین. ها خۆ ئێستا تێگەیشیت، کەرە لە گاڵتە پێم ناڵێن حســـەی چەقۆ کوول، ئاخر چەقۆی کوول تا دەتکوژێت دیقت پێدەکات. دەی فلتەفلت، ئەوە بکە کە پێمگووتی`` بەمجۆرە، بەهەڕەشە بێت یان بە پارە، یان بە حەیابردن و تەنانەت بە فڕناندن هەردووکیان ئەو فۆتۆیانەیان دەســـڕییەوە کە یەکێک

لەم دوو ســــەکردەیە، خاڵە و جێگرە ئەبەدییەکەی، هـەنگاوێک، ســـــانتیمێک لەپێش ئەوەی ترە. بۆ ئەمەش هەردووکیان دەزگای ئاســایشــی نهێنی حیزبیان وەک ســێوێک قاش کردبوو، بەجۆرێک فۆتۆگرافەری بەســتەزمان هەبوو لە شــەوێکدا دووجار یان ســێ جار دەفڕێندرا، هەریەکە و داوای فۆتۆی ســــەرۆکی کوتلەکەی خۆی دەکرد. لەم چیرۆکەشــدا ســەری چەندەها کەس پەڕێنرا و چەندەهاش دەرخواردی هەوشــارەکانی خاڵە دران. یاخود لەلایەن هەوشــــارەکانی شــــابازی مچە گەڕ لەتوپەت و زامدار کران کە لەســــەر ناوی جەلادە بەناوبانگەکانی بەعس وەک (نازم گزار)ی بەڕێوبەری ئاســایشــی شــەســتەکان و (فازڵ بەراک) ســەرۆکی موخابەرات ناوبرابوون، ئەویتریان بەناوی پیاوکوژێکی بێقیمەتی زەمەنی مەلاگەورەی دەمگەوهەر بوو کە ناوی (عەلی ڕەزا باوە) بوو. ئاوەها بە قەولی خاڵە؛ دەڵەک خانەیەک بوو ئەوســـەری نەبێتەوە... بێگومان ئەمە کاتێک بوو کە شەڕە کوتلەی خاڵە و خاڵە گووتەنی ``هەتیوەکەی مچە گەڕ`` لەناو حیزبدا لە لوتکەدا بوو. ڕاســتی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ پیربوون، چونکە شــابازی مچەگەڕ گرەوی لەســـەر مردنی خاڵە دەکرد بەڵام پێدەچوو وەک مچەگەڕ دەیگووت ``ڕۆحی بەرامبەر ئیزرائیل جیڕبوو بێتەوە``

شــابازی مچەگەڕیش ماوەیەک بوو نیشــانەکانی شــێرپەنجەی لێ دیاردابوو کە هێشــتا گرێیەکانی لەشــی وەک دکتۆرە لەندەنییەکان پێیانگوتبوو`` گرێیەکان هێشتا بێ زیانن`` خاڵەش زلبوونی ورگە حەزیـاکەی و خـەوبردنـەوەی ســـــەرکورســـــی کۆبوونـەوەی سـەرۆکایەتی و بیرچوونەوەی ناوی شـوێن و کەسـەکانی لەسـەر دەرکـەوتبوو. ئیـدی لـەوەتـەی هـەردووکیـان پیربوون وەک

هوماجیڕی ژنی خاڵە دەیگووت``وەک هەموو پیاوێک لە پیریدا دەبێتە ئاخر شـــەڕ`` ئاوا تا خاڵە پێی بکرایە لەکاتی چرکاندنی فۆتۆدا قەڵمبازێکی سـووکی دەدا، بەجۆرێک کە شـابازی مچە گەڕ کـە خۆی بـە دکتۆر شـــاباز بانگدەکرد، چونکـە گوایـە نامـەی دکتۆراکەی تەواو بوو بوو تەنها پێشکەشکردنی مابوو کە لەنەمسا لە پێناو کوردایەتی بەجێیهشـــتووە و گەڕاوەتەوە بۆ شـــاخەکانی کوردســـتان. هـەموو جارێکیش لەســـەر ئەم ڕووداوە خـاڵـە دەیگووت`` ئـەو نـازانێت بـە ئـەڵمـانی بڵێت؛ گووم دێت. چۆن بـە ئەڵمانی دکتۆرای نوسیووە ``

لەشـــتە عەجیبەکانی دیکە، ئەو کاتە بوو کە چەند ژنێک هاتن بۆ ئەم کۆشــکە، کە بێگومان دوایی چەند ســاڵێک بە قودەرەتی قادر، زۆربەیان بوون بە خاوەن ماســتەر و دکتۆرا و ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان و ئێن جی ئۆی نێو دەوڵەتی. هەمووشـیان لە ئاهەنگەکانی ماســی برژاندنەکانی ئەم کۆشــکەدا دەهاتن و خۆیان بە نوێنەری کۆمپـانیـاکـان و قـەیتولـەکـانی وەزارەتـەکـان و قونســـوڵ و فەرمانبەرەکانی سـەفارەتەکان دەناسـاند، هەر لەم کۆشـکەشـدا لە پێچەکانی شەودا وندەبوون...

بیرمدێت، ئەمانە کاتی خۆی گرووپێک لە کچی قەیرە و بێوەژنی ناشرین بوون، جاران، پێش تەقینەوەی کارێزی پیترۆدۆلار، هاتن بۆ لای خاڵە. ئەوانە ڕەنگیان زەرد و قوونیان ســیس و جلەکانیان نارێک بوو، بەجۆرێک بۆنی ئەوەم دەکرد کە جلەکانیان لە کۆنەی دەســتی دوو و بالەکان کڕی بێت. بیرمدێت کە هاتن یەکســەر لە

خوار قاچی خاڵەوە دانیشتن، ئەوسا خاڵە هێشتا گوڕوتینی دوانزە کاژێری بینی خەڵک و کۆبوونەوەی تێدا بوو. ئەو زەمەنە هێشـــتا ڕەعنا دەمشـڕی خەسـووی خاڵە نەبوو بوو بە گەلاڕێزان خانم، و لە یەک قوزەوە نەبوو بە شـــەش قوز. ڕەعنای خەســووی خاڵە لە کۆشکدا لە نێوان موبەق و سەرپەرشتی کارەکەر و خزمەتچیەکاندا کاندا کاری تری نەبوو. چاکم لەبیرە ڕەعنا ئەو ڕۆژە کە دەستەی گۆڤاری (ماگارژن) هاتن، ئەو بەهێمنی بەفەرمانی خاڵە هاتە ژوورەوە و بەبێدەنگی لەســـووچێکدا دانیشـــت. ژن و کچەکان هەندێکیان پاشـــماوەی ئەو چەپە خوێڕیانە بوون کە لینین ناویان نابوون (پاتاڵی پڕۆلیتاریا) وەک خاڵە دەیگووت``لە ناوگەڵی (نەخۆشـــی چەپڕەوی منداڵانە) هاتبوون`` ئەوانە هاتبوون بە نیـازی گۆڕانکـاری گـەورە بۆ ژنی دامـاوی کورد، بەدیبهێنن. بێگومان وەک چۆن خۆیان باسی ئەمەیان بۆ خاڵە گەورە دەکرد و قســـەیان بە یەکیتری دەبڕی و هەناســـەیان ســـوار بوو بوو و لچیان لەیەکتر هەڵدەقورچاند. بیرمدێت خاڵەش منی لە باوەش نابوو بە بۆنی لەشـیدا هەسـتمدەکرد کە کەیفی بەم بەزمە دەهات، کـەیفی بـەم ژاوە ژاوە دەهـات، هـەربۆیـە من تـاوەکو ڕۆیشـــتن نەوەڕیم پێیان، چونکە گەر خاڵە بێزار بوایە ئەوا من بۆنیم دەکرد و کۆبوونەوەکەم بەیەک وەڕین کۆتایی پێ دەهێنا. بەڵام پێدەچوو خاڵە شتێکی دیکەی لە مێشکدا بێت، هەر بۆیە کەیفی بەم حەمامی ژنـانە دەهـات. وەک خۆی بـەڕێکخراوی ژنـانـەکـەی حیزبـەکـەی خۆمانی دەگووت``حەمامی ژنە بڵحەکان``.

لەو قسانەی لەیادمە لە کۆبوونەوەکاندا باسکرا، ئەوە بوو؛ ژنەکان باسـیان لەوە کرد کە نابێت چیتر ژنانی کورد بە پەرەمێز تەقینەوە

ببنە خەڵوز، هەربۆیە داوایان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو ســـاجی کارەبایی بهێنن، کە بێگومان دوایش هەموویان لە بازاڕی ڕەشــدا فرۆشــتەوە. هەروها گووتیان؛ ئاودەســت نییە بۆ ژنان لە بازاڕەکاندا و تەنانەت یەکێکیان هات و گوتارێکی نیشـــانی خاڵەدا لەژێر ناونیشـــانی (ژنیش میز دەکات) و خاڵە کۆپیەکی لای خۆی دانا و هەموو قســەکانی ئەوانی بە `` ئم ئم ئم`` پاڵپشــت دەکرد. بەڵام کە خاڵە لێ پپرســـین ئەم (ماگارژن) لەچییەوە هاتووە گووتیان ``ماگار ناوی شـــاخێکە`` و خاڵەش ســـەری بۆ لەقاندن ``ئم، ئم، ئم، کەواتە شـــاخێکە بەرز وەک شـــاخی ماگار`` دوای ئەوە بڕیارێدا پشـــتگیریان بکات ومالئاوایی لێکردن... دوای ڕۆیشـــتنی ژنەکان خاڵە ســـەیرێکی ڕەعنای خەســـوویی کرد و گووتی `` پێمباشـــە تۆش بچیتە ناو ئەم مەگێ ژنانەوە، جا چۆن سەرپەرشتی موبەق و کارەکانمان دەکەیت، ئاوا سەرپەرشتیان بکە و شتێکیان لێ دروستبکە بۆ حیزب و نیشتمان``

کە خاڵە ئەوەی گووت من یەکسەر بۆنی ئەو هۆڕمۆنە تەسکونەم کرد لەژێر پێستی ڕەعناوە ڕژا، کە بۆنی هەڵچوونێکی ناوەکی بوو، بەڵام ئەم پیرێژنە قاڕییە وەک هوما جیڕی کچە زڕەکەی وابوو، هەستەکانی بەجوانی دەشاردەوە. لەو ڕۆژەوە کە گرووپی (ماگار ژن)ی ژنان و کچانی قەیرەی ناشـــرین کە بۆ شـــوو یان لە ڕقی مێردەکانیان دەســـتیاندابووە ئەم گۆڤارە، لە ڕێگەی ڕەعناوە بنەتۆوویی ئەو ڕێکخراوە نهێنییەیان دامەزراند کە خاڵەی لە دوژمنانی دەپاراســت. دوای ســـاڵێک کە هەمان گروپ هاتنەوە بۆ ئەم کۆشـکە هەموویان ڕەنگیان گەش و ڕوومەتیان پڕ و سـمتە چرچ و سیسەکانیان پڕو خڕ بوو. لێوە قڵیشاوە شۆڕبووەکانیان

ئەســـتور بوو بوو، تەنانەت مەمکەکانیشـــیان بەرز و پڕ و قووت بووبۆوە. ئەم ژنانە لە ماوەیەکی کورتدا هەندێکیان بوونە وەزیر و ئەندام پەرلەمان و خاوەن ڕێکخراوی ژنان، ئیدی وەک خاڵە دەیگووت ``ئەمە ماگار ژن نییە، بەڵکو مەگێ ژنە``

مەبەستی خاڵە ئەوە بوو کە ماگار ژن بە بەلاش دابەشدەکرا، بەڵام (مەگێ ژن) گیرفانی زۆربەی لێپسراوانی حیزب و ڕێکخراویی نێو دەوڵەتی هەڵتەکاند. گۆڤارەکەش ســــەرەتا بە حەیاچوون دەســـتیپێکرد، حەیابردنی ئەم لێپســـراوی حیزبەکەی ئەوبەر، حیزبەکەی کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر هەرایەکی گەورەی نایەوە. تەنانەت یەکێک لە کچەکان گفتوگۆیەکی چاتیی خۆی و لێپســـراوێکی حزبێکی ئیســـلامی کۆپی کردبوو و لەســـەر بەرگی ماگارژن کە بە بەلاش بڵاودەکرایەوە. گوایە ئەم خانمە داوای چاوپێکەوتنی ســـیاســـی لێ کردووە و ئەم لێپســـراوە ئیســـلامیە هەراسانی کردووە و دەمحیزی کردووە و کێری خۆی نیشانداوە. بێگومان ئەم خانمە ڕۆژنامەنوســـە، پەتی ڕۆمانســـیەتی بۆ شـلکردووە و دوایی وێنەی سـەلکە سـوورەکەی بە داپۆشـینەوە لەســـەر بەرگی ماگار ژن بڵاوکرایەوە... لەدوای ئەم بڵاوکراوانەی ماگار ژن، هەموو حیزبەکان دەهاتن بۆ لای خاڵە گەورە کە ئەم ژمارەیە یان ئەوە کۆبکرێتەوە. ئاوەها، کەربازاڕێک بوو کە نەریتێکی ناشـــرینی خســـتە ناو مێگەلی جەماوەرییەوە، ئەویش حەیابردنی یەکتر و یەکترشکاندن بوو بە هەرزانترین شێوە.

ســـەیر لەوەدابوو، خـاڵـە هـەموو هـەواڵێکی لـەمجۆرەی بـە خۆشـــحاڵیەوە گوێ لێدەگرت و حەیاچوونەکانی بەســـەرکەوتن لە قەڵەمدەدا. لەبەرامبەر ناڕەزایی من کە گوێم لەهەواڵەکە دەبوو،

دەمکردە مڕە مر و لەباوەشـــی ڕامدەکرد و لەســـووچێکدا خیشـــم دەکرد، خاڵە گەورەی میهرەبان دەیگووت``مۆپسـی پاشـا، ئەزیزم ئێرە بەرلین و پاریس و لەندەن نییە، ئێرە کەرخانەیە، جا دەبێت سەرەتا میدیا بزەڕێت، بۆئەوەی ماکەرەکانی دیکەش بخاتە زەڕین، دەنا میدیا نییە. میدیا زەڕخانە نەبێت بە کەڵکی مونقیرێک نایەت``

ئەم ژنانە بەخۆیان و گۆڤارە ئازادە بەلاشـــەکەیانەوە، ســـەرەتا بە ڕژانی لیکی دەمی پیاوە برسـیەکانی ئەم مەملەکەتە دەسـتیانپێکرد. ئەویش لەڕێگەی ئەو فۆتۆیانە بوو کە لە بەرگی پێشـــــەوەی گۆڤارەکە دادەنرا بۆ نموونە؛ ژنێکی قاچ درێژی تەنوورە کورتە پەرەمێزێکی نانی درێژی لە باوەش دابوو، یان لەبەرگێکی تردا کچێکی گەنج مۆتەی دەلێســـایەوە و کۆی فۆتۆکە ڕەش و ســـپیی بوو تەنیا زمانەکە نەبێت کە دەیلێسایەوە سوور بوو. لە دانەیەکی تردا زمانێک گێلاسێکی لەسەر ڕاگیراو بوو، یەکێکی تر تەنها بنباڵ و لایەکی مەمکێک بوو لە ستیانێکی ڕەشدا... بەمجۆرە ئەم گۆڤارە بووە ســـــەرەتا و بنەتۆوی کۆکردنەوەی ئەو کچە گەنجانەی کە باڵاخانەی لێپســـــراوەکان و ئۆفیســـــەکانیان پڕ دەکرد لە ناوگەڵی سـکرتێر و جێگر و ڕاوێژکاری ژن. بێگومان بەپێی یاسـای کۆتای ژنان، ئەم پۆســـــتە گرنگانەیان لە حکومەت و حیزبدا وەردەگرت. ئەم کۆتای ژنانە، جورنەی لەشـــــفرۆشـــــی بوو، گەڵ و گوونی لێپسـراوانی پیاوی ئەم دەڤەرەی تێدا دەشـۆرایەوە. هەموو یەکێک لەم ژنانە کە ناوگەڵی خۆی سەقەت دەکرد بۆ ئەوەی کۆتا بهێنێت، گەر جوان نەبوایە، ئەوا گەوادی دەکرد بۆ کوتلە و لێپســـــراوانی ســـــەرووی خۆی و جوانترین کیژی بۆ هەڵـدەخەڵەتـانـدن. ئەم

گەوادیکردنە بەناوی کۆتای ژنانەوە وایکردبوو هەموو سیاسیەکانی ئەم دەڤەرە ببن بە فێمێنســـتی توندڕەو، بەجۆرێک نەک داوای حەڤدە لە ســـەد، بەڵکو داوای پەنجا و هەندێکیان داوای لەســـەدا هەشـتایان بۆ ژنان دەکرد... بێگومان سـالانی دوایی، لە پلانەکەی خاڵە گەورە تێگەیشـــتم کە ســـوودێکی گەورەی بە حیزب و حکومەتەکەی گەیاند و زامنی ئەوەی بۆکرد ببێتە ســـەرۆکی مەملەکەت، کە ئەویش ســـەرەتای هێرشـــی ناوگەڵ و ســـمتی بۆتۆکساوی و مەمکی سلیکۆن بوو بۆ قەدەری ئەم میللەتە داماوە. ئێســـتاش هەموو یەکێک لەو ژنە ڕەنگ زەرد و بۆن بالە کۆنانە ببینیت، بڕواناکەیت چۆن بە ئۆتۆمبێلی ســـەد هەزار دۆلاری و ڤێلای زەبەلاح و فەندی میلۆن دۆلارییەوە خەریکی زەمکردن و پاشـــقوول لێگرتنی یەکترن. تاکە گلەیی هەندێکیان لە قســـەی یەکێکاندا تەواو گوزارشـــی لەخۆی دەخۆی دەکرد ، وەک من لەم کۆشـکەدا گوێم لەیەکێکیان بوو گووتی `` نازانم بۆچی شـانسـی قوزی من هەر حەود سەد هەزار دۆلار و ڤێلایەکە، و هی خەڵکیش ســـێ ملێۆن دۆلار`` بەمجۆرە لە هەناوی زەڕخانەی ئازادەوە ســـەرەتای توێژێکی (پۆســـت – پۆمپادۆر) یان بڵێن (پۆســـت – قەحبە) لەدایکدەبن، وەک خاڵە دەیگووت ``ناوگەڵیان لە پێناو پارە دا، باوکە گەوادەکانی خۆشیان هەڵدەلووشێت``

# قیمەجنەکەی عودەی

# ١

جا بۆئەوەی لە بەشەکانی دیکەدا باشتر بچمە ناو وردەکاریەکانی ئەم بۆگەناوی گەندەڵییەوە، دەمەوێت ئاشـــناتان بکەم بە بیرکردنەوەی ئەم توێژە سـیاسـییە دایکخۆگێیانە کە نیو سـەدە زیاترە وەک زەرووی پیس لەسەر خوێنی ئەم میللەتە قەڵەو دەبن. وەک خاڵە لە دوا جەڵدەیدا بە دەمێکی خوار و زمانی شکاوەوە بە منی گووت ``پەشیمانم مۆپسی پاشا، بەڵام پەشیمانی دادی یەکێک نادات کە ورگە بەتەماعەکەی وەک حەزیا قووتی بدات. پەشـیمانم مۆپسـی گیان، تۆ زۆرت مڕاند و من خۆمم لێ گێل کرد، تۆ زۆر پێیان وەڕیت و من قاقام لێدەدا. وەک هەموو سەرکردەیەکی کورد گەمژەییەکی مێژوویی بە خوێنماندا دێت و دەچێت، بەڵام کاتێک هەست بە پەشـیمانی دەکەین ئەوسا درەنگە بۆ پەشـیمانی. ئێمە پاشا گیان، ئەم میللەتە داماو و دڵسافەمان گەوجاند و کارەساتمان بەسـەردا هێنان. ئامان مۆپسـی گیان مووی لێ نەپەڕێنی، چونکە دوای منیش تۆش لەناودەبەن، بەڵام چ نەبێت با کۆتایی تۆ ئاوا سـووک و ڕیسـوایی نەبیت، وەک چۆن من ئێسـتا سـووکترین سەرکردەی ئەم دونیایەم``

بەوجۆرە منیش دەزانم هەر کە خاڵە دڵی لە لێدان بکەوێت، منیش بە سیناریۆیەکی سیاسی و بۆ ڕەواخوازکردنکی دیکەی سیاسی

یان دەمکوژن یان وەک خاڵە دەمکەن بە بووکە شـــووشــــەیەکی سیاسـی و شـەڕی کوتلە و نەیارانی سیاسـی خۆیانی پێ دەکەن. بیرمدێت، دوای جەڵدەی دووهەم کە لە خەســتاخەنە پاریســیەکە هێنایانەوە، جەستەیەکی بێ گیان بوو، بێ جوڵە و بێئاگا لە دونیای دەوروبەری، یەکســەر لەســەر کورســییەک دایان نا. بێگومان لە داهـاتوودا منیش بـەدەرزییـەک ئیفلیج دەکـەن و دامـدەنێن. ئیـدی کـەرگـەوزی ئـاهـەنگی وێنـەگرتن بۆ زەڕخـانـەکانی حیزب لـەگـەڵ منیشـدا دەستپێدەکات. تەواو ئاوا، وەک چۆن خاڵە گەورەیان کردە قەشــــمەری بەر کامێرەکان، ئاوەها منیش دەکەنە تەیری گوولی ســــەر درەختی ژەقنەبووت. بەڵام تازە من بەم بیرەوەریانەم پێش ئەوان کەوتم، ئەوەتا دەبینین، دەسـتی خۆ دەوەشـێنم و وەک خاڵە پێی گووتم ``بەزمانی گەندەڵی مووی لێ ناپەڕێنم`` کە پیسترین و گووایترین زمانی دونیایە.

بیرمدێت، کە خاڵەیان بۆ جاری دووهەم لە خەستەخانەکەی پاریس هێنایەوە، جەســـــتەیەکی بێ ڕۆح بوو، تەنها چاوەکانی دەجوڵا و دەسـتی چەپی تەواو ئیفلیج بوو بوو، زمانی شـکابوو، پێدەچوو نە چیتر خۆی بناســێتەوە و نە چیتر کەس بناســێتەوە. وەک ئەوەی فڕێیان دابێتە دونیایەکی نوێی سـەیر و عەجایب، ئاوا لە هەمووانی دەڕوانی. تـەنهـا چـاوەکـانی منی دەنـاســـیـەوە، بـەڵام هـەرگیز نەیاندەهێشـــت لێی نێزیک ببمەوە. وەک بووکەشـــووشـــەیەکی خڕیلانەی گەورە هێنایان و ڕۆژانە لەســـەر کورســـیەکی پان دایـانـدەنیشـــانـد. ئـەویش بێئـاگـا لـەدونیـا، لـەنـاو زەلکـاوەکـانی خەڵەفاوییەوە ڕاوی ئەو پەپولە زەردانەی دەکرد کە بە بۆشـــایی

یادەوەرییە بۆگەنبووەکەیدا تێدەپەڕین، وەک خنکاوێکی ئەبەدی بەناو ڕۆژە بە شـــکۆکانی خۆیدا تێدەپەڕی. ڕۆژانە دوای دایبی گۆڕین لەســـەر کورســـییە تایبەتە زەبەلاح و قەراغ ڕووپۆشـــە ئاڵتونیەکە دایان دەنیشـاند. ئیدی ئاهەنگی فۆتۆگرتنی سـەردانکەرە دەمپانکەرەوە سـیاسـیەکان دەسـتپێدەکرد، لەگەڵیشـیدا زوومی کامێرای زەرخانە ئاســـمانییەکەی حیزب ئێوارە هەواڵی پڕ دەکرد لـەو گرتـە ڤیـدۆیـانـەی، دەمپـانکـەرەوەکـانی حیزب لـەگـەڵ خـاڵـە دانیشـتوون. خاڵەش وەک گۆزەیەکی چینی بێدەنگ بەچاوە غەمبار و بزە گێلانەکەیەوە سـەیری نادیار دەکرد، لە بۆشـاییە گەورەکەی ژوورەکەدا بـاڵـەفرکـەی پـەپولـەیی زۆنگـاوەکـانی یـادەوەرییـە دوورەکانی خۆی دەبینی...

ئـاوەهـا، هـەموو ڕۆژێـک لـە بـەیـانی زووەوە دوو کـامێرا و دوو پرۆجێکتـەری زەبـەلاحیـان لـە بـەردەم خـاڵـە گـەورەی میهرەبـان دامەزراندبوو، بە جۆرێک، گەر خاڵە زمانی نەشـــکابایە و هێز و گوڕوتینی جارانی هەبوایە، بەرامبەر ئەو هەموو ســـووکایەتیەی کامێرامانە بەدفەڕەکان لە نێوان خۆیاندا بە خاڵەیان دەکرد، بە گۆچانە ئەفسانەییەکەی هەموو لەشی دەشکاندن و دوایی دەبوونە خواردەی هەوشـارەکانمان کە ئێستا لە پیری و خەڵەفاویدا دڕتر و تەمەڵتر بوون. لەبەر هیچ نا، دەبوونە خواردنی هەوشـــارەکانمان، لـەبـەرئـەوەی کردبوویـان بـە ڕیتواڵ و خوویـەک، بـەوەی هـەموو بـەیـانییـەک کـە شـــنـە قۆنـەرە بـە خۆی پـاژنـە بـەرزیی و قـاچـە ڕووتەکانیەوە خاڵەی دەهێنا و دایدەنیشاند لەسەر کورسییە پان و زلەکە، بە زمانێکی پڕ هەڕەشـــە لەبەردەم ئەوان پێیدەگووت؛ کە دەبێت ئاقڵ بێت و بە قســـەی کامێرامانەکان بکات، میز نەکات

بەخۆیدا، و لەکاتی سەردانی خەڵکدا تسی پیس لێ نەدات و بڵەبڵ نەکات بە زمانە شکاوەیەکەیەوە، تین نەداتە خۆیی و گووبکات بەخۆیدا...

ئاخ سەد ئاخ، دەستم شکێت، شنە قۆنەرە وای لێ هات خاڵە وەک منداڵێکی گەورە ئاقڵ بکات، بەجۆرێک، خاڵە بە چاوەکانیەوە داوای بەزەیی لێ دەکرد. بەزمەکەی بەیانیان بەجۆرێک ئازاری دابووم کە من لەسووچێکەوە بەدزییەوە چاودێریی ئەو دوو خوێڕووە حیزبیەم دەکرد، کە وەک خاڵە جاران بەم فیرنەگولانەی دەگووت ``سلەگووی حیزب``

ئەوەی ئەم دوو کامێرامانە، ئەم دوو سلەگووەی حیزب دەیانکرد سووکایەتیەک بوو بە خاڵە گەورەی میهرەبان، کە لە دوایدا من خۆم نەگرت و هەڵوێستی توندی خۆم هەبوو. سووکایەتیەکە تەنها ئەو کاتە نەبوو کە شنە قۆنەرە هەڕەشەی ئەوەی لە خاڵە دەکرد تسی پیس لێ نەدات و گوو نەکات بەخۆیدا، کە بێگومان لەبەر جەڵدەکەی چیتر ماسولکەی کۆمی خۆی بۆ کۆنترۆل نەدەکرا. نەخێر، سووکایەتیەکە هەر ئەوە نەبوو، بەڵکو دوای ئەوەی شنە قۆنەرە خاڵەی بۆ کامێرامانە هەرزەکارەکانی حیزب بەجێدەهێشت، نوکتە و قەشمەریاتی ئەو دوو سلەگووە دەستیپێدەکرد، بۆ نموونە؛ یەکێکیان دەچووە بەردەم خاڵە و تۆزێک بە لای ڕاستدا یان چەپدا لەسەر کورسیەکە ڕێکی دەکردەوە، ئەویتر لە پشت کامێراکەوە خاڵەی بە`` کیسە گوو`` بانگدەکرد، بۆ نموونە دەیگووت `` کیسە گوو تۆزێک بەلای ڕاستدا، نا تۆزێک بۆ پێشەوە، ئاوا زۆرباشە، باش بۆنی دێت`` پاشان هەردووکیان قاقا پێدەکەنین. یاخود کە هەردوو کامێراکەیان تەواو لەسەر خاڵە

جێگیر دەکرد، بـە دەســـتی ئـەنقـەســـت پرۆجێکتـەرەکـانیـان دادەگیرســاند. خاڵەش، دەســتم شــکێت، بەو تیشــکە بەهێزە بێزار دەبوو و دەکەوتە جوڵاندنی خاوی ســـەرە ئیفیلجەکەی و بڵەبڵێکی لە زمانە ئیفلیجەکەیەوە دەهاتە دەرێ. ئەوانیش بەدەستی ئەنقەست دەیانهێشـــتەوە و هـاواریان لێدەکرد`` هێی کیســـــە گوو، ترن، خەڵەفاو، زۆر مەجوڵێ`` دەسـتم شـکێت، فرمێسـکی خاڵەم دەبینی بـە چاویدا دەهـاتنـە خوارێ، بـەجۆرێک چیتر خۆم پێ ڕانـەگیرا و ســووچی چاودێریی خۆم ئاشـکرا کرد، بەیەک باز پەلاماری قاچی جنێودەرە دەمپیسـەکەیانم دا و کەڵبەکانم لە گۆشـتی قاچی گیرکرد و زریکاندی. بەجۆرێک، هـەرچی شـــنـە قۆنـەرە و خزمـەتچیەکان هـەبوون نـەیـاندەتوانی من لـە قـاچی بکـەنـەوە، کـەڵبـەکـەنم وەهـا گیرکردبوون کە بەنیازی هاتنەدەرەوە نەبوون تاوەکو دەمارەکانی دەپســێنم. هەرایەک دروســتبوو بەجۆرێک هوما خانم و گەلاریزان خانم پەیدا بوون و بەپەلە هانایان هێنا بۆ ســـەگەوانە میهرەبان و هـاوڕێی پەکخراوم لـە دەســـــەلاتەکانی، خـەلیل بـەگی ئامۆکیان. ئـەویش بـە خزمـەتکارەکانی گووت؛ چیتر من ڕانـەکێشـــن. دیارە پێشـــتر چوو بۆلای خاڵە و دەســـتی ماچکرد، وەک چۆن هەموو ڕۆژێک فرســـەتی دەهێنا و دەســـتی ماچدەکرد. ئاوا ســـەیری چاوەکانی پڕ فرمێســـکەکانی خاڵە گەورەی میهرەبانی کرد، زانی خاڵە سووکایەتی پێکراوە، بە چاوی پڕ فرمێسکەوە هاتە بەردەمم. هێشـــتا هەتیوەچەکە لە ژێر کەڵبە پڕ ڕقەکانی مندا  هاوارو ناڵەی بوو، بڕیارمدابوو سەریشم لێ بکەنەوە کەڵبەکانم بەرنەدەم. خەلیل بەگ شـــارەزا لە تەبیاتی من بە هێمنی بە قوڕگێکی پڕ گریانەوە کامێرامانەکەی گووت``چیتان لە خاڵە کردووە تا مۆپسی پاشا ئاوا

تووڕە بێت؟ بڵێ مۆپسی پاشا گووم خوارد، دووبارەی ناکەمەوە`` پاسەوانەکان هاواریان کرد``سەگەوانی خرف ئەم سەگە لە قاچی بکەرەوە و چەنەبازی مەکە`` بەڵام تەنها هوما خان بەخۆی جگەرەکەی لالێویی و گەلارێزان خانم هێمنی خۆیان تێک نەدا و بێدەنگ ســــەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد. خەلیل بەگ وەک ئەوەی لەگەڵ ئەویشـــیان نەبێت، بە هێمنی ســـڵاوی لێکردم و دەســـتی بەســـــەرمدا هێنا، چاوەکانی پڕ فرمێســـک بوون و گووتی`` ئای مۆپســـی گیان، زەمەنی فیرنەگولە گووایییەکانە`` منیش ســـەیرێکم کرد و زیاتر کەڵبەم گیرکردە قاچە بۆگەنەکەی هەتیوەچەکەی حیزب. لەگەڵیشیدا لەشە پڕ ماسولکەکەم ڕاست و چەپ دەجوڵاند، بەجۆرێک کە گۆشـــتی قاچیم هێنابووە ســـەر ئێســـقان. ناچار هـاواریکرد`` گووم خوارد، گووم خوارد`` بـەڵام من هـەر قـاچیم بەرنەدا تاوەکو خەلیل بەگ هاواری لێکرد``بڵێ مۆپسی پاشا گووم خوارد، ئەگینا قاچت بەر نادات تا نەیقرتێنێت`` ئیدی هەمووان ئەبڵەق و دۆش داماو بەرامبەر ئەم دیمەنە وەســـتابوون، تاوەکو بەپڕ بەقوڕگی هاواری کرد``مۆپســـی پاشـــا گووم خوارد``منیش هەر بەرمنەدا تاوەکو خەلیل بەگ هاواری لێکرد`` چیت کردووە بەدەنگی بەرز بڵێ نایکەمەوە`` کە بینیم نایەوێت دانی پێدابنێ کەڵبەم زیاتر گیرکرد و بە ڕەمەکەیەتی خۆم وەک سەگێک زانیم، قووڵ ئەو دەمارانەم پچڕاندووە کە چیتر دروســـت نابنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بەرم نەدا تاوەکو هاواریکرد ``گووم خوار جارێکیتر بە خاڵە بڵێم؛ کیسە گووی خەڵەفاو``

ئیدی هەر ئەوەی گووت لەوێدا من کەڵبەم بەردا، چونکە دڵنیابووم کە دەمارەکانی قاچی پســـاوە و چیتر خۆی پێ ڕا نەدەگیرا، هەر

بۆیە کە بەرمدا یەکســەر بەپشــتدا کەوتە ســەر کاشــیەکان. دیارە ئەوەش دادی نەدا، هەر ئەوەندەی زانی لەبەردەم قاچی گەڵاڕێزانی شـــــەش قوز و هوما خانمدا بەر پێڵەقە و کلکە دەمانچە درا، بەجۆرێک کە شنە قۆنەرە هات ژوورەوە هاواری کرد`` شنە خان فریام بکەوە، تۆش...`` ئیدی لەگەڵ ئەوەدا شـــــنە بەخۆی و پاژنە بەرزی قاچە ڕووتەکانیەوە چووە لای سەرییەوە و بەنووکی پاژنە بەرزییەکەی لە دەموفلَقی دا، ئیدی ڕاکێش ڕاکێش بردیانە دەرەوە. کامێرامانی دووهەمیش کە لە سووچێکەوە مۆبایلەکەی بەدەستەوە بوو، سەیری دیمەنەکەی دەکرد، چەند شەق و زللەیەکی خوارد و لەوێ کردیانە دەرەوە...

ئەو هەفتەیەی دوای ئەو دیمەنە زۆر شت ڕوویدا، بەڵام ئەوەندەم لەبیرە دوای هەفتەیەک پاڕانەوە لە ســـــکرتێرەکەی گەڵاڕێزان، ڕێگەیان دا بە کامێرامانی دووهەم بۆ پێنج خولەک بێتە بەردەمی گەڵاڕێزان خانمی شـــــەش قوز، بەڵام نەیتوانی یەک وشـــــە بڵێت، چونکە گەڵاڕێزان پێگووت`` تاوانی تۆ لەوەدایە کە دەبوایە یەکســـەر بە ئێمەت بگووتایە، دەرکردنت پاداشــتە و دەمت داخە و کلکت بەرزنەکەیتەوە، دەنا بۆت دەبڕین``

ئەمانە، بەتایبەت ئەو فیگورەی ناوی میدیاکارە لەم دەڤەرەدا، وەک خاڵە دەیگووت ``ســـــلـەگووی ئەم ڕیخۆڵە پڕ گووەی حیزبە خوێڕییەکانی ئەم دەڤەرەن`` ئەمانە بەڕاســـــت و چەپەیانەوە، بە ئیســـــلامی و عەلمانیەوە، بە حزبی و ئازادیانەوە، هەموویان وەک خاڵە دەیگووت``پەروەردەی گووخانەکانی حیزبن``هەربۆیە کە بەرژوەندیان دەکەوێتە مەترســـــیەوە وەک کرمی قنگ بۆگەنی

خۆیان بڵاودەکەنەوە. وەک خاڵە دەیگووت ``لە قوونێکەوە دەچن بۆ قوونێکی تر`` تاوەکو ڕیخۆڵەیەکی تر نەدۆزنەوە ناحەوێنەوە. ڕشــانەوە پیســەکانیان کۆی ئەم کۆمەڵگە دەردارەی فێری جنێو و حەیابردنی یەکتر کردووە...

ئەم کامێرامانە، ئەم سـلەگووەی حیزب بە گوزارشـی خاڵە، کاتێک بێ ئومێـد بوو لـەوەی لـە زەڕخـانـە ئـاســـمـانیـەکـەی حیزب وەربگیرێتەوە. کاتێک ئۆتۆمبێل و مووچەی لێ ســـەندرایەوە و تەنانەت ژنەکەشیان لە کەناڵەکە کردە دەرەوە. دوای ئەوەی تەواو لەوە دڵنیا بوو هیچ دەزگایەکی حیزبە ســـۆســـیال لیبرالەکەمان وەری ناگرێتەوە، کەوتە مۆنتاژکردنی ئەو گرتە ڤیدیۆییەی لە کاتی بەزمی گازگرتنەکەی من و تێهەڵدانی کامێرامانەکەی هاوەڵی، بە دزییەوە بە مۆبایلەکەی گرتبووی. بێگومان ئەم گرتە ڤیدیۆیە ئاڵتونی دەکرد، بەتایبەت کە هەواڵی ونبوونی کامێرەمانی یەکەم بڵاوبۆوە. بـەوەی دەبوایـە ئـەو ڕۆژە وەک ڕۆژانی تر بچێت بۆ کۆشـک بۆ کاری کامێرامانی، بەڵام چیتر نەگەڕابۆوە ماڵەوە. وەک ڕۆژنامەکەی حیزبمان نوســـیبوویان؛ پێدەچێت لەتاو کێشـــەی خێزانی ســـەری هەڵگرتبێت... بەڵام لەڕاســـتیدا کامێرامانی یەکەم ئەوەندە دوور نەکەوتبۆوە لە کۆشـــک، چونکە هەر ئەو ڕۆژە بە خۆی و قـاچـە خوێنیـاویـەکـەیـەوە فڕێدرایـە ژێرزەمینـەکـەی ژێر کولانەی هەوشـــارە دێرینەکانمانەوە. بە پەل بەســـتراویی و دەم بەستراوی فڕێدرابووە ناو ژووری مەکینەی قیمەجنە گەورەکە، کە بۆنی گۆشـتی ئادەمی و بۆنسـاردی لە چەند هەواکێشـێکەوە لەناو کولانەکانی هەوشـــارەکانمانەوە بەرزدەبوونەوە. بە جۆرێک وا دەردەکەوت کە بۆنی کولانەی ســـەگە دڕەکانە، بۆندڕنی و بۆن

گۆشتی لێ دێت. هەروەها لەباری لێدان و ئەشکەنجەدا ئەم بۆرییە هەوایانە هەوشارەکانی هار دەکرد و لەگەڵ هاواری ئەشکەنجەدراودا، هەوشارەکان دونیان پڕ دەکرد لە وەڕین و لوورە و گەڤە گەڤێک بە جۆرێک هەموو دەنگێکی لە ناو ئەو هەرایەدا وەک ئاسنێکی قورس لە ناو گۆمێکی قووڵدا نقووم دەبوو. دوای چەند ڕۆژێک ئەشکەنجەدان دەرزیەکیان لەکامێرامانەکە دا و بە بەنجکراوی خستیانە بەردەم هەوشارە کەونەکانمان، ئەوانیش زۆر بە بێزارییەوە لەتوپەتیان کرد. دوایش لاشەکەیان لەو ژێر زەمینە گەورەیە بە مەکینەی قیمەجنە زەبەلاحە ئەڵمانیەکە کرد بەقیمە و خستیانە ناو گۆمە قووڵە شینەکەی چەکەمەی بەردەم کۆشک. هەفتەیەک زیاتر شڵپ و هوڕی ماسیە سوورەکانمان گوێ لێ دەبوو کە لە خۆشیاندا کلەکانیان شڵپە شڵپی ئاویان دەگەیاندە بەر گوێیی هەمووان. ئاهەنگی ماسیەکان ئەوەندە خۆش بوو، وەک پیشەی جارانم دەچوومە قەراغ چەمەکە و سەیرم دەکردن چۆن خۆیان دەکێشن بەڕووبەڕەکەدا و شۆڕدەبنەوە بۆ ناو توورکە زڵ و قیمە جنراوەکەی ئەو بێقیمەتەی بە خاڵەی دەگووت`` کیسە گوو`` جا تاوەکو خۆی نەبوو بە گوو، دڵم ئاوی نەخواردەوە... ئاخ سەد ئاخ، وەک دەبینین ئەوەی لە ناو ئەم گەندەڵ و گەواد و لەشفرۆش و بونەوەرانەدا بژی، لە دواجاردا یان دەبێت بە سیخوڕ یان بە گەواد و لەشفرۆش، یان وەک من دەبێتە مرۆکوژ و ئاوەها بەشانازیەوە باسی دەکەم...

بەڵام با باسی ئەم ئەو مەکینەی قیمە جنینەتان بۆ بکەم کە لەو ژێرزەمینە نهێنیەی کۆشکی یەکەم، ڕێک خوار کولانەی سەگە هەوشارەکانمان بوونی هەبوو. ئەو مەکینەیەی جارجارە بزن و

ئـاژەڵی جواروجۆر، بێگومـان نـەیـارە فڕێنـدراوەکـانی حیزبیـان تێـدەکرد. مەکینەک بوو بـەجۆرێـک دەیجنی کـە مرۆڤ دەیتوانی کـەبـاب و شـــفتـەیـان لێ دروســـتبکـات یـاخود بیـداتـەوە بـە هەوشـارەکانمان کە چەند ڕۆژێک پێشـتر برسـیدەکران. جا هەر کە قیمەکە دەچووە بەردەمیان ئەو بەســتەزمانانە لە برســاندا بەپەلە دەیـانخوارد، دوای مـاوەیـەک کـە دەچووە گەدەیـانەوە دەیـانکردە ڕشــانەوە. ڕشــانەوەیەک کە هیچ دەزگای پۆلیسـێک نەتوانێت ئەم ڕشــانەوەیە کە تێکەڵی دی ئەی ئێن ئەی ســەگ بووە، جیابکاتەوە لەیەکتری. پێچەوانەی مرۆڤەوە کە گەدەی هەموو شـــتێک هەرس دەکات، گەدەی ئاژەڵ هەموو شـــتێک هەرس ناکات. بەســـادەیی، چونکە گەدەی مرۆڤ هیچ ئەخلاقێکی نییە جگە لەهەرســـکردن و لووشـــدان نەبێت. ســـەگ چەندە دڕ بێت بەشـــی ئەوەندە ڕێز بۆ مرۆڤ دەهێڵێتەوە، گەر لەبرساندا بە ناچاری گۆشتەکەشی بخوات، ئەوا گەدەی هەرسـی نەکات بە باشـی، هەربۆیە زۆر زوو گۆشـتە ئادەمییەکانیان دەرشـــاندەوە ناو ئەو لەگانەنەی بۆ ئەو مەبەســـتە بۆیان دانابوون. دوایی ڕشـانەوەکان تێکەڵی گۆشـتی دیکە دەکران و فڕێدەدرانە گۆمە قووڵەکەی بەردەم کۆشـــکەکەمان. ئەویترم بۆ باســـکردوون، بەڵێ خۆیەتی، ئاهەنگی ماســـی برژاندن و مژین و غـەیبـەتکردن و یـەکترگـاینی حیزب و حکومـەت و ئێن جی ئۆ و ئەوروپی ســـپی ســـــەفارەتەکان و کۆمپانیا موڵتی ناشـــناڵ و ئـەمریکییـەکـان و ڕاپۆڕتنوســـــەکـانی کلکیـان، کەوەک نۆکەر بەدوویانەوە بوون...

بێگومان ئەم لەتوپەتکردنە بە تەور و داس و بە بەرد و گووللەی بڕنەو و مەخزەنی حەفتاوپێنجی، یان تەقاندنەوەی نەیار و ئازادەکان بە ڕومانە و ئاربیجی لە تەنیشت چەمە خوڕەکان و بن دۆڵ و کەندەکانەوە، لە زەمەنی مەلا گەورەی دەمگەوهەرەوە تاوەکو شۆڕشی هەشتاکان و شەڕی ناوخۆی نەوەدەکان، یەکێک بوو لە نەریت و داهێنانە قەدیمەکانی ئەم شۆڕشە.

شابازی مچە گەڕ کاتێک لەشاخ بوو، لە زەمەنی بەتەور لەتوپەتکردنی گەنجێکی خەوبینەری شۆڕشگێڕەوە بە تەوەرەکەی جەمالی تەور، بەرنامەی تیرۆرکردنی گەنجەکانی شۆڕشی حەفتا و هەشتاکانی ئەم شۆڕشەی، بەچاو نووقاندنی خاڵە گەورە، پەیڕەو کرد بوو. بەڵام با جارێ باسی بیۆگرافیای ئەو مەکینە زەبەلاحەتان بۆبکەم و لە بەشەکانی تردا دێمە سەر ئەم بابەتە... مێژوویی ئەم مەکینەی قیمەجنە دەگەڕێتەوە بۆ عودەی، کوڕە پیاوکوژەکەی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر، کە کاتی خۆی لە ژێرزەمینی کۆشکەی بەغدایدا هەیبوو. ئەم هەتیوە نەخۆشە وەک منداڵی ئەم مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیانە نەخۆش و بارانۆیک بوو. عودەی لە ساتی بێزاری و تووڕەیی و فێ لێ هاتنیدا، زیندانی سیاسی و تەنانەت پاسەوان و لەشفرۆشەکانی کۆشکی هەڵدەدایە ناو قەفەزی شێرەکانییەوە. چێژی لەو چرکەساتانە دەبینی کە شێرە برسیەکان پەلاماریان دەدان و لەتوپەتیان دەکردن.

دەڵێن؛ گوایە شوێنێکی تایبەتی هەبوو کە دیوارێکی شوشەبەندی بوو، چوار بڵندگۆیی ستریۆی پێوە گیرکردبوو، لەناو قەفەزەکاندا مایکرفۆنی هەستیار دانرابوون بۆئەوەی لەو ژوورەدا کە دیواری هاوبەشی شوشەیی نێوان ژووەکە و لانەکە بوو، گوێی لە نەڕە و

مشــــە و زیقە و هاواری ئەو نێچیرانە بگرێت کە فڕێدەدرانە ناو قەفەزەکانیانەوە. ئەوەی ناونابوو ``سەمفۆنیای پاڵەوانان`` و خۆی وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەیی دەهاتە بەرچاو.

دەڵێن؛ عودەی کردبووی بـە خوویـەکی شـــاهـانـە لـەو ژوورە تایبەتەوە، لەودیوو شـــووشـــەبەندییەوە کورســـی و مێزێکی شـاهانەی بۆ دابنێن کە قاچەکانی ئاڵتوونی سـاف بوو. بە خۆیی و گەواد و پاسەوان و سەماکەر و قوونبادەر و دەمپانکەرەوەکانییەوە، بەدەم خواردنەوەی ویســـکی گرانبەهاوە ســـەیری دیمەنی دوا ئێســـقان لێســـانەوەی ئادەمی دەکرد لـەژێر زمـان و کـەڵبـەی شێرەکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر کات لەشفرۆشـەکانی دەهێنایە ئەو ژوورە و بە بەرچاوی شـێرەکانەوە سـێکسـی لەگەڵ دەکردن، دوایش کـە لێیـان بێزار دەبوو، لـەشـــفرۆشـــەکانی دەخســـتـە قەفەزەکەوە، و قاقا پێدەکەنی بە لەشـــێک کە تۆزێک لەوەوبەر چێژی پێ بەخشـــیووە. ئاوەها، گوێم لێ بووە لەم کۆشـــکەدا بە ســـەرســـامیەوە باســـیان لەم پاڵەوانبازیەی عودەی کردووە، دەیانگووت، عودەی گووتویەتی`` بەختەوەرە ئەو ژنەیە شـــێرێک گاویەوتی و شێرێکیش خواردوویەتی``

لای ئەم هەتیوچەکانی ئەم دایکخۆگێ ترســـنۆکانە، ئازایەتی لە کوشتنی خەڵکانی بێدەسەڵات و بێ چەکدایە. کوڕە نەمساویەکانی خاڵە (پاڤان و قابان) لە ئەوروپا گەورەبوون، کەچی وەک بەچکە دڕندەیەک لە ناوگەڵی دڕندەوە بەربووبێتنەوە، بەســـەرســـامیەوە باسی عودەی و قوسەیی سەدام حوسێنیان دەکرد، وەک مۆدێلێکی باڵای خۆیان، ســـەیریان دەکرد. بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەم بە عودەیی بوونە و قوســـەییبوونەی منداڵانی لێپســـراوانی حیزبی

لەم وڵاتەدا نەک هەر نەخۆشـــیی کوڕانی ســـەرۆکی وڵاتە، بەڵکو نەخۆشـــیی منداڵی بچوکترین گووشـــۆری ئەم کۆشـــکەیە کە بە حســـەگووشـــۆر بەنـاوبـانگە و هەموو تەمەنی بۆ ئـاوکردن بە گووەکەی خاڵە گەورە بەســـەربردووە و ئێســـتا لەزەمەنی نوێی حیزبدا بەخۆی دەڵێت؛ مامۆسـتا حوسـێن قارەمان. ئاخ سـەد ئاخ، ئێســـتا مەملەکەت بە دەســـت منداڵی ئەم دایکخۆگێی و گەواد و لەشفرۆشانەوە لەدۆخێکی ناکاودایە.

ئاخ سـەد ئاخ، بەدەسـت مرۆڤی دڕندەوە کە واز لە ئاژەڵە کێویی و دڕندەکـانیش نـاهێنێت دڕنـدەیی خۆیـان لەنـاو جەنگەڵســـتـان و بێشـەڵاکاندا بکەنە بەشـێک لە هاوسـەنگبوونەوەی سـروشـت و گەردوون. نەخێر، دڕندە مرۆییەکان دەیانهێنن و وەک هەوشـــارە پشـــدەرییە ئەزیزەکـانمـان، چەپەڵترین و وەحشـــیترین کـاریـان پێـدەکەن... بیرمـدێـت، دوای ڕووخـانی ســـــەدامی دیکتـاتۆر و هەڵاهاتنی خانەوادە دڕندەکەی بۆ ســـوریا و ئەردەن و کوژرانی قوســـەیی و عودەی و ئەحمەدی کوڕە مێردمنداڵەکەی قوســـەیی. کـاتێـک کۆشـــکـەکـانیـان چۆڵکرد و شـــەڕ لەهەموو کۆڵان و کووچەیەکی بەغدادا لە نێوان ئەمریکی و ئێراقیەکاندا دەسـتیپێکرد، هەندێک لەم شـــێر و پڵنگانە بەر پارچەی تۆپ و هاوەن کەوتن، هەندێکیشـیان لە برسـاندا مرداربوونەوە. ئەوانەشـی هێشـتا نوزەی ژیانیان تێدا مابوو سەربازە ئەمریکیەکان و بەکرێگیراوەکانی بلاک پانتەر و ڕێد ۆتەر، بەر فیشـەکیان دان و کوشـتیانن. سـەیر لەوەدا بوو، هەر کە کەلاکی شێرەکانیان لابردبوو، لە لانەی شێر و لانەی پڵنەگەکانیشدا چەند لولەیەکی هەواکێشیان بینی بوو، دوایی زانیان لـەژێرەوە ژێرزەمینێکی گـەورەی نهێنی ئەشـــکەنجەدان و

قیمەجنکردنی مرۆڤە. لەو ژێرزەمینەی ئەشـــکەنجەدا کەدوایی کامێرای کەناڵە ئاســـمانیەکانی جیهان بڵاویانکردەوە، ئەو مەکینە قیمە ئەڵمانییە دۆزرایەوە کە عودەی و قوســـەی و ســـەدامی حوســـێن، ســـەدەها نەیاری ســـیاســـی خۆیان پێ لە قیمە داوە. لەوەش سەیرتر لەم مەملەکەتی میزۆپۆتامیایە ئەوەیە، کە دەسەڵاتە نوێیەکەی دوای ســـەدام حوســـێن، بەتایبەت میلیشـــیا عەرەبە شیعییەکان ئەم مەکینە گەورەیان گواستەوە بۆ یەکێک لە کۆشکە نوێیـەکـانی ئـایـەتوڵا نوێیە هـاوردەکـان لە ئێرانەوە. بەڵام پارادۆکســـەکە لێرەدا بوو، کە زۆری نەبرد ئەم مەکینەیە لە لایەن قاعیدە و تەنانەت میلشیا سوونەکانیشەوە بۆ قیمەجنی شیعەکان لە زۆربەی ژێرزەمینەکان لە کاردابوو. پاشان کۆپیەکی دیکەی ئەم مەکینەیە شۆڕبۆوە بۆ ناو کوردستان، و ئێستا نەک کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەور، تەنانەت مەلا سەعیدی نەمساوی تڕکەن و فەقێ بلیخانۆفی عەلمانیش مەکینەیەکی لەو جۆرەیان بە قەبارەی بچوکتر لە ژێر زەمین و زیندانی ڤێلاکەیاندا هەیە. تەنانەت حیزبە بچوکەکانی ئۆپۆزیســیۆن و ئیســلامیەکانی دەســەڵاتیش ئەمجۆرە مەکینەی قیمەجنە ئادەمییەیان بە قەبارەی جیاواز لەسەر خواست و ئـارەزوویـان، بەکردن داوە. تەنـانەت چەپە نوێیەکـانیش کە لە ژێرەوە مووچەی حیزبەکـانی ئەم دەڤەرە وەردەگرن و ڕۆژانە لەســـەر جادەکان هاوار هاواریانە، خەون بەو مەکینە قیمەجنەوە دەبینین، بەجۆرێک گووتویانە؛ گەر شـــۆڕشـــە ســـوورەکەمان سەریگرت، بۆ ئەنجامگەیاندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا مەکینەیەکی قیمەجنی ئـادەمی ئـاوەهـا لە ڕووســـیـاوە، نەک لە ئەڵمـانیـای کاپیتالیست، بە کردن دەدەین و ناوی دەنێین؛ تەڤاریشی ستالین.

تاوەکو ئەم چرکەساتەی ئەم چیرۆکانەتان دەگێڕمەوە، فڕەفڕی ئەم مەکینەی قیمەجنانە لەسەر زەوی ڕیاڵ لاشەی هەزارەها چالاکەوان و ڕۆژنامەنوسی عەرەب و کورد و تورکمان و مەسیحی و جوولەکە و شاعیرانی ئازادیخوازیان قیمەجن کردووە، و دەرخواردی ماسی دیجلە و فورات و چەمەکانی ئەم میزۆپۆتامیایە دراون. بەجۆرێک، کە مەلایەکی نەگبەتی شاری بەغدا لە خوتبەی هەینیدا هاوڵاتیانی ئاگادار کردەوە، کە کەس ماسی دیجلە و فورات نەخوات، چونکە تێرن بە لاشەی قیمەجنکراو، بەڵام زۆری نەبرد ئەو مەلا بەستەزمانەش چووە گەدەی ماسییەکانی دیجلەوە.

## ٢

وەک لەم کۆشکە پڕ گەواد و لەشفرۆشە سیاسیانەوە بیستوومە، کاتی خۆی کە ئەم کۆشکانە لە ژێر هەوای پاکی ئەم سەر چەم و سێبەری بنارە بەرزکرانەوە، یەکەمین پێشنیازی شابازی مچە گەڕی شارەزا لە کوشتن و فڕاندن و ناوزڕاندن و لەتوپەتکردنی نەیارانی سیاسی، دروستکردنی ژێرزەمینێکی لەو جۆرە بوو. دەڵێن؛ کە کاتی خۆی پرسیاری نامەی دکتۆراکەیان لێ کردبوو، کە بە قسەی ناو کتێبی بیرەوەریەکانی گوایە لەپێناو کوردایەتی ڤێنای ڕۆشنی بۆ شۆڕشی شاخ جێهێشتبوو. هیچ وەڵامێکی ڕێکی

نەدابۆەو بە پێکەنینە شـــــەیتانیەکەیەوە گوتبووی`` دکتۆرام لە کوشـتن و لەتوپوتکردنی موسـەقەفی خوێڕیی و چەپی ڕۆمانسـیدا هەیە`` جا هەر ئەوەش پێشـنیازی شـابازی مچە گەڕ بوو کە ئەم ژێرزەمینە نهێنیە لەم کۆشـکەدا بوونی هەبێت. ئەوسـا بەو خەیاڵە ئەمەی کرد کە زۆرنابات خاڵە گەورە دەست لەکار دەکێشێتەوە و ئەم دەچێتە جێگەکەی، و ئەم کۆشـکەش دەبێتە شـوێنی ئەو. خاڵە گەورەی میهرەبانیش وەک پیشــــەی خۆی، بۆی شــــلکردبوو چی لەخەیاڵیدایە بیکات، چونکە وەک خۆی بۆی باسکردم، گووتی``بەو هەواو هەوسەوە سەرپەرشتی بیناکردنی ئەم ژێرزەمینە و مەکینە قیمەجنەکەی کرد، بەو هیوایەی دوایی لاشەکەمی پێ لە قیمەدا``

دەڵێن ئەو ئەڵمانە ڕەزیل و ڕەگەزپەرسـتانە، بێئەوەی بپرسـن چی پێ لەتوپەت دەکەن و بۆچی دەتانەوێت، خێرا باشـــترین مەکینەی قیمەیان بۆ شـابازی دروسـتکرد، کە نەک ئێسـک و لاشـەی ورد و خـاش دەکرد، بـەڵکو بـەجۆرێک بوو کـە دوایی کـەس نـەیـدەزانی گۆشـتی چییە و چی تێکەڵ کراوە. ئێسـکەکانی ئەوەندە ورد دەکرد کە تێکەڵی گۆشـــتەکە دەبوو. زۆرجاریش ســـەگێکی تۆپیوو، یان مریشــکی مرادەوەبوویان لەگەڵ لاشــەکە تێکەڵ دەکرد. جگە لەوە هیچ هێزێکت پێویســـت نەبوو بۆ بەرزکردنەوەی لاشـــەکە بۆ ناو مەکینەکە، تـەنها ئـەوەنـدە نـەبێت لاشــــەکە فڕێدەدرایە نـاو دەمـە گـەورەکـەی بـەردەم مـەکینـەکـە، دەمـەکـەش وەک دەمـە کـەوچکی شـــۆفڵ وابوو بـە قۆڵێکی زیرەک و بـە دوگمـە کـاری پێ دەکرا. بەمجۆرە، لەولاوەوە قیمەکە لەســـەر ســـینیەکی تایبەت دەهاتە دەرەوە، ســـینیـەک بـەس ئـەقڵی ڕاتســـیۆنـالی ئـەڵمـانی دەیتوانی دروسـتی بکات. سـینیەکە ئاوا بە ڕێکوپێکی بەقۆڵێکی هایدرۆلیکی

دەهــاتە دەرەوە، دوایش بۆری نــاوەوەی مــەکینــەکــە بــەیــەک دوگمــەخۆی پــاکــدەکردەوە، هــەموو زیــادەیــەک دەچووە نــاو ســــووزگییەکی مســــی جوان کە هیچ گومانێکی بەجێنەدەهێشــــت بەوەی ئەم ســــووزگییە هی مەکینەی قیمەی مرۆڤ و لاشــــەی گەورە و کەلاکی زەبەلاحە...

بەم ئـەقڵـە ئیمـانۆیـل کـانتییـەوە، بەم ئـەقڵانیـەتـە کوشــــندەیەوە، ئەڵمانەکان نەک هەر بۆ ســــەدام، بەڵکو بۆ دەســــەڵاتی نوێی دوای ســـەدامی دیکتاتۆریش، خزمەتە پیســـەکانیان پێشـکەش دەکرد. ئەو ئەقڵانیەتە هیچیتر نەبوو جگە لە ســــەگێکی مۆدێرن نەبێت، لـە دوورەوە بۆ پیســـخۆری خۆی، بۆنی پارەی پیســـی دەکرد... نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەموو شــــەش مانگ جارێکیش وەســــتایەکی ئەڵمانی لە هامبۆرگەوە دەهات بۆ پشــــکنینی توندوتۆڵی مەکینەی قیمەجنەکە، کە یەکێک بوو لەو پڕدۆدێکتانەی شانازیان پێوە دەکرد و ئەم مەملەکەتەیـان پێ ئـاوەدانکردبۆوە. بیرمـدێـت وەســــتـا ئـەڵمـانیـەکەی کۆمپانیای (بی ئێم جی هـایدە) هـاتبوو، ئەوەندەیان پارەی نەوت کردبوو بە قوڕگیدا، ئەوەندەشـیان کەباب و گۆشـت و ویســــکی نایابی تێ قلْپاندبوو، کە لە خۆشــــیاندا فێری چەند وشــــەیەکی کوردی بوو، بەردەوام ``بزی، بزی، کوردســــتان``ی بوو. هەر کە هەوڵیدەدا لێم نێزیکببێتەوە، دەستمدەکرد بەوەڕین. جا لەبەرئەوەی یاسـای سـەرۆکایەتی تایبەت بە مۆپسـی پاشـایان تێ گەیاندبوو، هەربۆیە کە بەلامدا تێدەپەڕی نەیدەوێرا ســــەیریشــــم بکات. ئاوەها، کۆپی مەکینە قیمەجنە زەبەلاحەکەی عودەی ســـەدام حوســـێن لە ژێرزەمینە نهێنینەکەی شـــۆڕشـــە نوێیەکەماندا تا ئەم

ســـــاته ڤرەڤرێتی. جا نازانم دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەم، منی تێ فرێدەدەن یان نا؟  ئەوە بۆ خۆم و قەدەری خۆم بەجێدەهێڵم.

بەمجۆرەی بۆم باســــکردن، مەکینە بۆری ئەڵمانی کامێرامانە نەگبەتەکەی حیزبەکەمان، حیزبی ســۆســیال لیبرال، کردە قیمە و چەند ڕۆژێک دەرخواردی ئەو ماسییە سوورە زەبەلاحانە دران کە دوایی خۆیان لەســــەر تەلی براژندنی ئاهەنگی ماســــی برژاندان دۆزیەوە. ئەو ئاهەنگانەی لە داهێنانی جوانەکانی  خاڵە گەورە  و شابازی مچە گەڕی جێگریی بوو. ئەو شابازەی، پێش ئەوەی خاڵە گەورە جەڵدە بیخات و خۆشــــی خانەکانی لەشــــی شــــێرپەنجە لەســــەرخۆ بیخوات، داهێنەری چەندەها شــێوازی ژنکوشـــتن و فڕاندن و و بەلاڕێدا بردن و شـێواندنی بیروڕا شـۆڕشـگێڕیەکان بوو لەم دەڤەرەدا. بێگومان مردن نەیەتە نێوانمانەوە لە بەشـەکانی تردا هەموویتان بۆ دەگێڕمەوە...

ئەم ئاهەنگی مرۆکردن بەقیمە و کەباب و شفتە، یاخود نیشتنەوەی لە گەدەی گورگ و ســــەگی خوێڕیڵەی بەڕەڵا و چەقەڵ و ڕێویی دەوروبەری باخ و ڤێلاکانیان، ژیانی دووهەمی حیزبەکەمان بوو. دەبینین ئەندامانی حیزبەکەی ئێمە و حیزبەکانی ئۆپۆزیســــیۆنیش، هەموو شــــوێنە ســــەرکەش و جوانەکانیان تەلبەندکردون و کردوویانە بە موڵکی خۆیان. بەجۆرێک، ئاژەڵان و باڵندەکانیش لەترسی سەگ و گورگە ئادەمییە مەسینەخۆرەکان ناوێرن نە  بە ئەوێدا تێپەڕن و نە بەسەر ئاسمانی ئەوێدا بفڕن. ئەمانە لەترسی گیانی خۆیان، ئاســــمانی باخەکانیان پڕ کردووە لە درۆنی بچوک کە بە کامێرای چاودێرییەوە و بەردەوام فڕکوهوڕیانە. لەوەش

ســـەیرتر ئەوەیە هەموو کۆشــکێک ژێرزەمینی ئەشــکەنجەی لە جۆری ژێرزەمینەکەی عودەی ســەدام حوسـێنیان بە دروسـتکردن داوە. بەجۆرێک ئاهەنگی کوشـــتن و فڕاندن و ئەشــــکەنجەدان و تەمبێکردنی جەستەیی و سایکۆلۆژیی کوڕان و کچانی ئازادی ئەم میللـەتـە هەژارە، لای هـەموو حزبـەکـان بووە نـەریتێکی دێرینە. نەریتێکە تەواو بۆتە ژیـانی نهێنی حزبەکـانی ئەم مەملەکەتە. بەمجۆرە بەپێی ژمـارەی زینـدانی نـاو کۆشــــکەکـان و ژمـارەی پیاوکوژ و سەگی دڕ و سەگەوانانی بێ وێژدان، ژمارەی کورسـی پەڕلەمـانی، پۆســـتە حکومییەکـان لە درەختی پترۆ دۆلار بەردەبێتەوە. وەهمە بڵێین حیزبەکـان بە قەد ژمـارەی دەنگـدەر پشـکی خۆیان لە دەسـەڵاتی سـیاسـیدا وەردەگرن، گەر یەکێک لە ئێوە لەو وەهمەدا بژی ئەوا جگە لە ئەقڵ پەتاتەیەک نەبێت هیچیتر نییە. نەخێر، دەنگەکـان دوایی دەخرێنە تەنەکەی خۆڵەوە و بەپێی قەبـارەی هێز و قیمەجنی گۆشـــتی ئـادەمی و ژێرزەمینی ئەشــکەنجەدان و ژمارەی میلیشــیا و شــەلاتی و لەشــفرۆش و بەڵتەجی، پۆســـتی حکومی و بودجە وەردەگرن. ئیـدی هـەر لـە ســـەگی دڕەوە بیگرە، هەژمار دەکرێت تاوەکو دەکاتە ژمارە و هێزی بەڵتەجی و چەورە و چەقۆکێشــی عەلمانی و ئیســلامی و ئۆپۆزیســیۆن و تەنانەت حزبە نوێیەکانیش بەپێی قەبارەی خۆیان، زیندانی تایبەت و چەقۆکێش و ســەگەوانی دڕیان هەیە. ئەو حیزبە بچوکانەش هەر قاچێکیان دەکەوێتە دەســــەڵاتەوە، بەرماوەیەکی بودجـەیـان بۆ فڕێـدەدرێتە لـەگـەنی ســــەگـەکـانی دووحیزبـە سەرەکیەکەوە؛ حزبی سۆسیال لیبرال و حزبی کۆنزەرڤاتیڤی نوێ. ئیدی ئەوانیش ئاهەنگی لەوجۆرەی گۆشـــتی برژاندنی گۆشـــتی

ئادەمی، بەپێی قەبارە و قورسـاییی خۆیان سـازدەدەن. بەمجۆرە، کامێرامانی یەکەم بووە فۆتۆیەکی بچوک و لەسـەر لاپەڕەی ئاگادارینامەی دادگا و لە گۆشەی پرسە ونبووەکان، بڵاوکرایەوە. بەدێڕێک نوسرابوو؛ لە ماڵ هاتۆتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە، پاشان ژمارەیەکی تەلفۆن دانرابوو، لەبارێکدا هەر کەس لە شـوێنێکدا سۆراغی بزانێت.

کامێرامانی دووهەم، بێئاگا لەو مەکینەی قیمەیە کە ژیانی نهێنی حیزب بوو، جگە لە چەورە و پیاوکوژەکانی حیزب نەبێت کەسـیتر بەمجۆرە کارانەی نەدەزانی. بێئاگا لەو ژیانە نهێنیە ترسـناکەی حیزب، کەوتە گەمەیەکی ترسناکەوە. هەر ئەو کاتەی من پەلاماری قاچی کامێرامانی یەکەمم دا، مۆبایلەکەی خستبووە سـەر ڤیدیۆ و ئەم هەموو بەزمەی بە دزییەوە گرتبوو. دوایی کە بێ هیوا بوو لەوەی لە زەڕخانە ئاسـمانییەکەی حزبەکەمان وەردەگیرێتەوە، تەنها سـێ خولەکی مۆنتاج کرد و ناردی بۆ گردە غەمبارەکەی شـابازی مچەگەڕ. لەوێ سـەگەلەکە، وەک چۆن شـابازی مچەگەڕ بە ئاشـکرا وای بەخوار خۆیەوە دەگووت؛ سـەیەلەکە... لە ژووری عەمەلیاتی کوتلە کەوتنە شـەنوکەوی و ئەو سـێ خولەکە ڤیدیۆیە، کە تەنها بەرکوڵێکی بچوکی هاوار و قیژە و جنێویی گەلاریزانی شەش قوز و هوما جیری ژنی خاڵە و دەنگی هاواری کامێرامانەکە بوو، کە لە ژێر پێلەقەی پاژنە بەرزییەکانی شنە قۆنەرە دەینالاند. هەر لەوێدا بەڕوونی دیار بوو دوای ڕستەکەی ``شنە خان فریام بکەوە، تۆش...`` شـنە بەیەکەم نووکی پاژنە بەرزییەکەی چاوی دەردەهێنی و خوێن بەچاویدا دێتە خوارێ و بەسـەر کاشـییە

مەرمەڕییەکاندا چۆڕاوگە دەبەســــتێت. بێگومان گرتە ڤیدیۆیەکی ئاوەها، بۆ فەریکە ئۆپۆزیسیۆنێک کە هێشتا نەچووبوونە گەمەی هــەڵبژاردنــەوە گرنگیــەکی خۆی هــەبوو، چــەنــدەهــا دەنگی بۆ کۆدەکرنەوە. هەر ئەم گرتە ڤیدیۆیەش بوو کە لە کاتی خۆیدا سەد بارە لە زەرخانە ئاســــمانیەکەی خۆیاندا کە بە (قۆچەقانی خانە) ناویاندەبرد، لێیاندایەوە. بێگومان ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بیست و هەشــــت کورســــی لە پەڕلەمان، ببورن لە جیفڕکخانە بەقەولی خاڵە، پێ زامن بکەن. بێگومان (جیفڕکخانە) ئەو ناوە نوێیە بوو کە بە پێی فەرهەنگی خاڵە و شــــابازی مچەگەڕی هاوڕێیی لە پەڕلەمانیان نابوو. گرتە ڤیدیۆکە بە شــــەســــت هەزار دۆلار فرۆشرایەوە، ئامۆژگاریان کرد بەم پارەیە ملی ڕێگە بگرێت بەرەو پەناهەندەیی لە ئەوروپا. بەڵام نازانم چ نەگبەتیەک بوو ئەم گەنجە خاوەن ســــێ منداڵە، وایکرد لە کوردســــتان بمێنێتەوە و ببێت بە پەیامنێر لە زەرخانەیەکی ئیسلامی. لەسەرووبەندی هەڵبژاردنەکاندا گرتە ڤیدیۆەکەی کە من گاز لەقاچی کامێرامانەکە دەگرم تەواو وێنەی منی ناشرین کرد لە وڵاتدا. تەنوورە کورت و پاژنە بەرزە خوێناویەکانی شنە قۆنەرەش بووە پلاکێت و کاریکاتێری زۆربەی ڕۆژنامەکان. تەنانەت خەریک بوو ئەم گرتەیە بچێتە ڕاپۆرتی ســــاڵانەی ڕێکخراوی جیهانی مافی مرۆڤەوە گەر هاتوو (کوجین ئەنام) خۆی فریا نەکەوتایە و ئەو چەند لاپەڕەیەی بەکارمەندەکانی ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی موڵتی ناشــــناڵ، لا نەبردنایە. بێگومان لەبەرامبەر ئەوەشــدا دوو ملیۆن دۆلار چووە ســـەر ژمارە بانقییە ســــویســــرییەکەی کە ســــوێندی خوارد بە ســــەری ســــەرۆکی (ڕێکخراوی نەتەوە ســــەرلێشــــواوەکان) کە ملیۆن و نیوێکی

بەخشیووە بە فەرمانبەرانی ڕێکخراوەکە تاوەکو کارەکەیان بۆ چێ بکات. بەڵام لە ڕۆژنامە لۆکالیەکاندا وێنەی من دەبنیرا گاز لە قاچی کامێرامانی ونبووی ئەبەدی دەگرم و خوێن بەهەموو شوێنیدا دێتە خوارێ. تەنانەت بە سلۆمۆشن بە پشتدا کەوتنی بۆ سەر کاشییە مەڕمەڕییەکان لەسەر کەناڵەکانی یوتوب بڵاوکرابوونەوە و گەلارێزانی شەش قوز و هوما خانم، بەسەد هەزار دۆلار ئەو گرتانەیان، لەسەر تۆڕەکانی نێتی ئەم دونیایە سڕیەوە.

هەر بۆ بەرچاو ڕوونی ئێوە؛ حیزب دوو کەناڵی ئاسمانی بێ زەوق و بێماناى هەبوو، پڕ بوو لە و قۆشمە دەمپانکەرەوەکانی کوتلەکەی گەلارێزان و هوماجیرِی ژنی خاڵە و کوڕە ئۆستراليخيەکانی کە بە زەحمەت پیتی (ح) بۆ گۆدەکرا و لەجیاتی ئەوەی بڵێن پێڵاو لەپێ دەکەین، دەیانگووت؛ پێڵاو لەسەر دەکەین، و قورسترین وشەش لای پاڤان وشەی (لێبوردن) بوو، کە زۆر بەزەحمەت بۆی گۆ دەکرا... (پاڤان)ی کوڕە گەورەی خاڵە کە ئەویش وەک شنە قۆنەرە سکوڵ لیڤەرێک بوو تا نیوەی قوتابخانەی گشتی بڕی بوو کە لە وڵاتە زمان ئەڵمانیەکانی وەک ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا بە قوتابخانەی تەمەڵەکان ناسرابوو. کوڕە نەمساویی و برازا و دەستە چەپەخۆرەکانی هوما جیرِ و گەلارێزانی شەش قوز، ڕۆژانە کوتلەکانیان بانگدەکرد بۆئەوەی وێنە لەگەڵ خاڵە گەورەی زمان شکاو دەست ئیفلیج بگرن. لە ژووی ئەولاشەوە سەردانیکەرانیان دەستەبژێر دەکرد و دەیانبردنە سووچەکانەوە و سەفتە پارە و دەمانچەیان دەدانێ و

دەنگی داهاتوویان بۆ پۆستە نوێیەکانی ناو حیزب و دەرەوەی حیزبیان پێ زامن دەکرد. تەنانەت کە وەفدی حیزبە نەیارە سیاسیەکانیان دەهاتن بەهەمان شێوە دوای ئاهەنگی فۆتۆگرتن و لە بەردەم چاوی زوومی کامێرای کەناڵەکان، یەک یەک دەبرانە ژوورەکەی تر و وەک تەمامە کڕین ئاوا ڕزیویان لە ساغ جیادەکردەوە و نرخی خۆیان لەسەر دادەنان...

ئای، چەندە زەلیل بوو خاڵە، وەک بووکە شوشەیەکی قەڵەوی چینی وابوو، وەک گۆزەیەک وابوو لەو سووچەدا، بێ گیان، بە دەستێکی گۆج و دەموچاوێکی زەلیل و بزەیەکی زەلیلانە لەسەر لێوە ئیفلیجەکەی دەخوێنرایەوە. چەندە زەلیل بوو خاڵە، کە ئەوم دەبینی بە چاوێکی پڕ زەلیلیەوە هاوارم بۆ دەکات ``مۆپسی پاشا تاکە هاوڕێم وەرە بۆ لام`` خێرا دەمقروسکاند و کە لێی نێزک دەکەوتمەوە چاوەکانی گەش دەبوونەوە، پڕ دەبوون لە فرمێسک. ئیدی منیش دەمقروسکاند، دەممڕاند، دەملوراند، دەمویست بازهەڵدەمە ناو باوەشی و دەموچاوە خرپەنەکەی بلێسمەوە و دڵی خۆش بکەم. بەڵام ئاخ سەد ئاخ ، بۆئەوەی ئەم ئازارەی خاڵە سەرنجی کەس ڕانەکێشێت و نەبادا بینینی من خانەکانی مێشکی خاڵە گەورە چالاک بکاتەوە، شنە قۆنەرە بەتەنورە کورت و پاژنە بەرزیی و گۆرەوویيە درێژ و تۆڕ ماسییەکەیەوە، زۆر بێ ئەدەبانە خۆی دەکرد بە حەشاماتی سەردانیکارانی خاڵەدا و بە ئەنقەست دەدانەویەوە و منی بانگدەکرد. زۆر قەحبانە دادەنەویەوە، تەنها بۆئەوەی سەرنجیان لەسەر فرمێسکەکانی خاڵە گەورەی میهرەبان لابچێت و بەرەو دەرپێ کورتە سوورە تانگەکەی وەرچەرخێت. بۆئەوەی نیگاکان لەکاتی دانەوینی بۆ بانگکردنی من،

وەک ڕیشـۆڵەی  شـەوارە بوو، بەسـەر مەمکە پڕ سـلیکۆنەکانیدا بنیشـــنەوە. ئاوەها، لەبەردەمی خاڵەدا بۆ زەلیلکردنی خاڵە بە گوێچکە منی فڕێدەدایە دەرەوە و منیش وەک خاڵە لە سـووچێکی گەڕی  ئەم کۆشـکەدا خۆم خپدەکرد و لەمیز و فرمێسـکی خۆمدا خەو دەبیبردمەوە. من لەچاوی خاڵە گەورەی میهرەباندا ئەو وشانەم دەخوێندەوە `` ئامان، سەد ئامان، مۆپسی پاشا چیرۆکی من بنوسەوە، چیرۆکی ئەم گەورە سیاسیە، و مووی لێ نەپەڕێنی. بەزمانی خۆی بینوسە، چونکە زمانی گەندەڵی زمانێکی پیسە و لە زمانی گوو و قنگ و قوز و بێئەدەبی زیاتر زمانی دیکەی نییە`` لەبەر ئەم هۆیە من لەم بەشـەدا، ورد ورد، بەم فەرهەنگی مێشـک بۆگەنانەدا دێمە خوارێ و ناوی شـتەکان وەک خۆی دەڵێم و مووی لێ ناپەڕێنم. بۆئەوە داوای لێبوردن دەکەم، چیبکەم، زمانی گەندەڵی هەر ئەوەیە.

## ٣

وەک گووتم؛ زمانی ئەم گەندەڵخانەیە پێکهاتووە لەچەندەها ناولێنان و پێچەوانەکردنەوەی مانا و شـێواندنی ناو و چەمکەکان، بەپێی کلێشەی گەندەڵییەکان و کوتلە ناشرینەکانیان. هەموو شتێک لەناو ئەم توێژە سیاسیە دز و جەردە و پاتاڵانەدا دوو ناوی هەیە، ئەوەی لە پەیرە و پرۆگرام و تەلفیزۆنە زەردەکانیاندا بە خەڵکی

دەفرۆشـــنەوە و ئەوەشـــی خۆیان لەناو خۆیاندا ناوی دەبەن و جرتی بۆ لێدەدەن و گاڵتەی پێدەکەن. بۆ نموونە قسـەی زلی وەک؛ سـەربەخۆیی، ڕەشـەبای دیموکراسـی، دادپەروەری، دیموکراسـی، مافی ژنان و جیهانگیری و جەماوەر ...هتد. کە بەردەوام لەســەر زاریان بوو، دوایی کە دەهاتنە ئەم کۆشکە گوێم لێ بوو دەبوو بە شتێکی قێزەوەن، بۆ نموونە بە جەماوەریان دەگووت ؛ سەگەلەکە، بە مافی ژنیان دەگووت؛ مافی ناوگەڵ، بە دیموکراسـیان دەگووت؛ کەربازاڕیی، بەڕەشـەبای دیموکراسیان دەگووت؛ جووتە بازی، بە جیهانگیریان دەگووت؛ نێروبەرانی، بەســـەربەخۆییان دەگووت؛ بەڕەڵاییی.... بەمجۆرە کۆدەکانی ئەم دەســـەڵات و ئۆپۆزیســـۆنە زەردانە لەنێوخۆیاندا شتێک بوو، ئەوەشی وەک خۆیان دەیانگووت بۆ سەگەلەی فرێدەدەن، شتێکی تر بوو.

وەک پێشتر گووتم؛ میدیا ترسناکترین چەک بوو کە وەک زەرووی هەراش چووبووە قوڕگی هەر کوردێکی ئەم دەڤەرەوە و خوێن و کەرامەتی دەمژی. بۆ ئەمەش چەندەها یاســـا و ڕێســـای نهێنی هەبوو، کە سـیاسـیەکانی ئەم دەڤەرە میدیای بینراو و بیسـتراو و گۆڤـار و ڕۆژنـامـەیـان پێ دەپێوا. بۆ نموونـە؛ بـەرزترین پلـەی میدیایی ئەم دەڤەرە لەفەرهەنگی حیزبدا کە خزمەت بە حیزب و خوا و نییشـــتمان بکات باڵابوونی بوو بۆ پلەی (زەڕخـانـە) کـە کورتکراوەی؛ خـانـەی زەڕینـە... لێرەوە هـەر میدیـایـەک، تـەنـانـەت ئەوانەی لە سـۆسـیال میدیاشـدا بوونی هەبوو، دەبوایە بگاتە پلەی زەڕین، جا لە دژیان بێت یان بۆ ئەوان بێت، ئەوا نرخی گەورەی لەسـەر دادەنرا. من  بە وردی شـارەزای ئەم بابەتەم، چونکە وەک سـەید ماجیدی تسـلێدەری حیزب دەیگووت `` قاسـەی حیزب و

حکومەت بۆ زەڕخانەکان بە هەدەر ناڕوات`` ئەمە جگە لەو ژمارە خەیاڵیانەی پارە خەرجکردنەدا لەم یادەوەرییە سەگانەمدا تۆمار بووە، و دەتوانم بیدرکێنم، بەجۆرێک هەندێکتان سەرتان دەئاوسێت و جەڵتەلێتان دەدات. دەنا پێمبڵێن؛ سەرنوسەرێک کە تاوەکو دوێنێ پاکەتفرۆشی سەرجادەکان بووە، یان کرێکاری لەبغ بووە، ئێستا چۆن بۆتە خاوەن دوو خانوو و سێ خانەی سێ ژووری لە دوو شاری ئەڵمانی و ئیتاڵی ئەم دەڤەرەدا. چۆن و بەچی دەچن بۆ نیوۆرک و ئەڵمانیا و سویسرا و بەمانگ لەوێ دەمێننەوە. بەچ پارەیەک منداڵەکانیان دەنێرن بۆ قوتابخانەی ئەمریکی و بریتانی کە ساڵی دە هەزار دۆلار خەرجێتی. بەچی کچەکەی ئۆتۆمبێلی سەد و بیست هەزار دۆلاری لەژێردایە، بەچی کوڕ و کچ و تەنانەت لەشفرۆشەکانیان خوێندکاری زانکۆ و خاوەنی خانەی سێ ژوورین لە گرانترین شارەکانی دونیادا کە لەندەن و پاریسە. بەمەرجێک، کۆی نمرەکانیان لەسەدا چل و پێنج بووە و بە پێنج نمرەی پاڵ دەرچوون. بەچی ئەم منداڵەورکانە لەپڕێکدا دەبن بەخاوەنی ئەم هەموو فیزا کارت و پاسپۆرت و بڕوانامە زل و جڕت و فڕت کردنە بە سنوورەکاندا، بەمەرجێک گەنجێکی ئەم وڵاتە کە دەچێت بۆ زانکۆ پارەی لەفەیەک قاورمەی لە باخەڵدا نییە. باشە پێم بڵێن بەچی ئەم میدیاکارانە ئەم پارانە بەدەستدێنن، گەر نەگەیشتبنە ئاستی (زەڕین) و زەڕینیش لای ئەم سیاسیە گەندەڵانە مانای دەستخۆشی و پارە بەسەردا ڕشتنە وەک سەماکەرێکی هەرزان، چونکە وەک سەید ماجیدی قاسەگری حیزب و حکومەت دەیگووت`` ئەم گەوجاندنە تەنها بەم زەڕینەی

ئەمانە دەکرێت، وەک نەوت وەهان چەند ناشرینن و بڵحە لە تام و بۆدا، ئەوەندە شیرینن لە دەرئەنجامدا``

بێگومان بەڕێزانم، ئەمە حاڵی زەڕخانەی میدیا ئەم دەڤەرەیە. بڕوابکەن، من، مۆپسی پاشا، ئەم چەمک و دەستەواژە قێزەونانەم دانەتاشیوە. نەخێر، بەڵکو ئەمە لە فەرهەنگی خاڵە و شابازی مچەگەڕوە دابەزیوەتە ناو سیاسیەکان و میللەتە داماوەکەوە. میللەتێک کە شابازی مچە گەڕ بە شێوە زاری سلێمانی بە سەیەلەکە ناویدەبات کە دیوێکی تری مانای گایەلەکەیە و کۆمەڵگەش بە کۆمەڵەگا ناودەبات و دەنوسێت کە کورتکراوی کۆمەڵێک (کۆمەڵە + گا) گای گێل و حۆلە. تەنانەت جەماوەری بە (کەری ناو قەرسیل) ناودەبرد. ئیدی دەتەوێت ئەم میللەتە لەناو ئەم ژینگە نەخۆشانەدا چی لەدەرچێت؟! میللەتێک وەک خاڵە لەهەندێک شەوانی سەرخۆشی و دەردڵیدا دەیگووت ``نیوسەدەیە ئێمە وەک زەرووی بۆگەن خوێنیان دەمژین و دەیانگەوجێنن`` ئاوەها لەناو ئەم گێژاوەدا من و خاڵە ژیانمان بەسەربرد و ئێستا ئەو ڕۆیشتووە و منی بەتەنێ لە ناو ئەم گایەلە مەسینەخۆرەدا بەجێهێشتووە.

جاران کەس جورئەتی ئەوەی نەبوو بە چرپەش نهێنی حیزب و سەرکردەکان بۆ یەکتری باس بکات. خۆ ئەگەر لەشوێنێکەوە بەسرپەش باسبکرانایە یان بەناڕاستەوخۆ ئاماژە بەحەیاچوونە داخراوەکانی حیزب بکرایە، بۆ نموونە چۆن فەرەی عەزە خوێڕی پاسەوانەکەی خۆی سواری خۆی دەکرد، یان چۆن فەقێ عەلمانی دەچووە لای ژنی سکرتێرەکەی و دوایی هەردووکیانی کوشت.

یان زەبور ئەڵمانی ملیۆنێک دۆلاری لە چارەکە سەعاتێکدا لە ڕۆڵێتدا دڕۆاند. یاخود چۆن خاڵە گەورە لە کاتی ڕووخانی سەدامدا نامەی بۆ خانەوادەی سەدام نارد کە بێن لە ژێر سایەی ئەودا بە ئارامی لەکوردستان بژین. یاخود ئاودیوکردنی فڕۆکەوانێکی عەرەبی بەعسی بە ڕۆژی نیوەڕۆ لەسەر کەناڵی یوتوب دەیگووت؛ من کاتی خۆی هەڵەبجەم کیماویی بارانکردووە. یاخود نوسینی نامەیەکی گەردپاکی بۆ سەرۆکی ئیستخباراتی حکومەتی سەدام، بەوەی ئەو دەستی لە جینۆساید و کوشتن و بڕینی کوردا نەبووە... ئیدی بەهەر شێوەیەک لە زەمەنی گەشانەوەی خاڵەدا ئەم نهێنیانە بکەوتایە سەر زاری خەڵکی، ئەوا خاڵە خۆی دەهاتە سەر خەت و دەزگای نهێنیەکانی سەرکۆنە دەکرد. خەو نەدەچووە چاویان، تاوەکو زمانڕەشەکەیان دەدۆزییەوە، کە بێگومان هەر دەبێت کەسێکی نێزیک بێت لە مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی حیزب، دوایی لەم کۆشکەدا لە حەوشەی پشتەوە تێلای دەبرییە قوونیان... جا لێتان تێکنەچێت، مەبەستم تێلای ڕەمزی نییە، بەڵکو تێلای ڕاستییە، دەهاتن چەوریان دەکرد و بە بەرچاوی خاڵەوە دەیانبڕییە قوونی. بەڵام کەس نەبوو وەک خاڵە دڵی باش بێت، چونکە دوای ئەوەی هێور دەبۆوە و بانگیدەکردەوە و پلەی تێلابڕاوەکەی بەرزدەکردەوە بۆ؛ بەڕێوبەڕی گشتی، ڕاوێژکاری وەزارەت، لیوای خانەنشین، لێپیسراوی هۆبە و زۆریتر کە ناوی پۆستەکان کۆتایی نایەت... هەر لەبەر ئەم هۆیەیە ئەم وڵاتە هەمووی بۆتە خاوەن پۆست، تەنانەت منداڵبازەکانیش کە لەسەر قووندان یان قوون گاین بەند دەکرێن دەڵێن؛ ڕاژەکەمان گوازاریەوە بۆ پۆستێکی کاتی. ژنەکان

لەماڵەکاندا خۆیان بەخاوەن پۆست دەزانن؛ پۆستی ژنی یەکەم و دووهەم و سێهەم و چوارەم یان پۆستی دۆستی یەکەم و دووهەم یان پۆستی سەرۆکی قەحبەکان، پۆستی لگاوچییەکان، پۆستی پاسەوانی مەنهۆڵی شارەوانی و زۆریتر لە پۆستەکان... کە لەم دەڤەرەدا لەبەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدا بوون. بەجۆرێک، دەکرێت لە جیاتی کوردستان، بە (پۆستستان) ناوی ببرێت...

جا ئەوانەی تێلاکەی خاڵەیان دەکرا بەقووندا، دوایی پۆستیان پێ دەبەخشرا و تێلاکەی خاڵە پۆستەکانیانی بەرز دەکردنەوە، بەجۆرێک هەموو کەسێک لە حیزبدا خەونی بەوە دەبینی خاڵە تێلا بخاتە قوون و قوزییەوە بۆئەوەی پۆستی بالاَ وەربگرێت. بەلاَم ئەمە جاران بوو، کە خاڵە هێشتا دەسەلاَتی بەتەواوەتی لە نێوان خۆی جێگرەکەی شابازی مچە گەڕ بەتەواوەتی یەکلانەکردبۆوە و حیزب تەنها لە دوو کوتلەدا خۆی دەبینیەوە، نەک ئێستا کە سەدەها کوتلە لە ورگی خاڵەوە داکەوتوونەتە خوارێ و لەگەڵ ئیفلیجی خاڵە و زمانشکانی وەک بەچکە دووپشک سکی خاڵەیان هەڵدڕیوە و تا ئێستاش ڕۆژ بەڕۆژ لەتروکاندنی بەردەوامدان.

بیرمدێت، ئەوەی ئەم ئاوی غەیبەت و دەملێدانەی خەستکردەوە کولتەی ئەوبەری خاڵە بوو، دوای ئەوەی خاڵە نیشانە سەرەتایەکانی دێمێنز و ئالزهایمەری لەسەر دەرکەوت. خەڵەفانی جەستەیی و ئەقڵی لێرە و لەوێ سەریهەڵدا لەوانە؛ لەبیرچوونەوەی کەس و شوێنەکان، لەبیرچوونەوەی بابەتی گوتاردان و کۆبوونەوەکان. تەنانەت ترلێدانی لەناکاو، قرقێنەی لەپڕ، خۆتەڕکردن و میزکردن بەخۆدا. یاخود لەپڕ ڕامان و گەڕانەوە

بۆ ڕابوردوو، ســـەرخەو شـــکاندنی لەپڕ لە کاتی کۆبوونەوەکاندا. ئەمە و زۆریتر لە چەندەها بۆنەدا دووبارە بۆوە، بەجۆرێک کە ئیتر لەبەردەم کامێراکانی کەناڵە جیهانیەکانیشدا خاڵە دەبینرا لیکی بەدەمدا هاتبووە خوار و جارجارە وەفدی پشـــتەوەی، بەتایبەت جێگرە عەرەبەکانی نەقیزەیەکی ســـووکیان تێوەدەژن و بە بێزاریەوە وەئاگا دەهاتەوە...

دەســـتم شـــکێت، حەیاچوونە گەورەکە کە دڵی خاڵە گەورەی میهرەبانی شکاند، ئەو گرتەی یوتوبیە بوو کە کوتلەکەی شابازی مچە گەڕ، بەڕاســـت و چەپدا بڵاویانکردەوە. تێدا، خاڵە گەورەی میهرەبان لە کۆبوونەوەی وڵاتانی جیهانی چوارەمدا، لە مایکی خۆیەوە پڕتە و بۆڵەی بوو، کە هەمووان ئاوڕیان دایەوە بۆ خاڵە، زانیان کە خاڵە گەورەی ســـەرۆک لە خەوێکی قووڵدایە و خەون دەبینێت و لەگەڵ ســـێبەرە دوورەکاندا شـــەڕێتی. جنێو دەدات، بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و ئـەڵمـانی جنێودەدات و لیـک بەدەمیدا دێتە خوارەوە. ئاوا لەگەڵ نەقیزە لێدانی لەلایەن جێگرە عەرەبەکانیەوە ڕاچڵەکی و یەکســەر هەستایە سەرپێ و دەمانچە کۆڵتەکەی دەرهێنا، بەجۆرێک هەموو ئەوانەی لە دەوروبەری بوون، خۆیان خستە ژێر مێزەکەیانەوە. سەیری چواردەوری کرد، جگە لە هۆڵێکی کپ و خامۆش و سەدان چاو کە سەیری دەکرد، هیچی نەبینی. بۆ دواجار ســـەیری ئەملاو ئەولای خۆی کرد و پاشـان بە دڵشـکاویی لە نێو هەرا و قاقای ســەرۆک دەوڵەتەکاندا، لەسەر کورسییەکەی ڕۆنیشت... لەو ساتەدا من بە لایڤ سەیری کۆبوونەوەکەم دەکرد، کە زوومی کامێرا چووە سەر دەموچاوە پڕ زەلیلەکەی خاڵە، لە تاوا دەستمکرد بە لوراندن، بەڵام چ لوراندنێک،

من غەمبارترین و گێلترین سەرۆکی ئەم دونیایەم بینی بەزەلیلیەوە لەســـەر کورســـیەکەی ڕۆدەنیشـــێت... دەترســـام لەوەی لەو چرکەســـاتەدا دڵی بوەســـتێت و بەتەنها جێمبهێڵێ، بەجۆرێک، لەبەردەم تەلفیزۆنە گەورەکە دەملوراند، تاوەکو ســـەگەوانە ئازیزەکەمان، خەلیل بەگی ئامۆکیان، تەلفۆنی بۆ خاڵە کرد و بە کامێرا دەموچاوی خاڵەم بینی دڵشـــکاو و پیر، زۆر پیرتر لە پیریی خۆی. چاوەکانی پڕبوون لەگومان و فرمێسک و پەشیمانی، بەڵام کە منی بینی گەشایەوە و گووتی``مۆپسی پاشا، تازە من و تۆ تەنیا کەوتینەوە، تۆ لە جوانی خۆتدا وەک ســـەگێک و منیش لە ناشرینی خۆمدا وەک سیاسیەکی بەدفەڕی کورد``

بێگومان ئەوە تاکە ڕووداو نەبوو کە دەڵەکەکانی کوتلەکەی شابازی مچە گەڕی هاروژاند، نەخێر، بەڵکو زنجیرەیەک ڕووداوی لەو جۆرە، خاڵەی کردبووە نوکتەی ئەو دەمانەی، کە ئەو دەستەیان دەگەست نانی دابوونێ. کارەسات ئەوە بوو جارێکیان لە کۆبوونەوەی مەڵبەندەکاندا، خاڵە هەستایە سەرپێی و گوتارێکی دڵگەرمیی پێشـــکەش کرد و گووتی``ئەو شـــاخە، قاتۆڵ، ڕابکات ئێوەی قارەمان ڕاناکەن`` پاشان کات و شوێنی هێرشی پێشمەرگە قارەمانەکانی دیاریکرد بۆ ســـەر مۆڵگەکانی دوژمن و ناوی چەند ســـەرتیپ و ئامر کەرتی برد بۆ هێرشـــەکە و کەوتە پیاهەڵدان بە ئازایەتیاندا. ئەوانە هەمان فەرماندەبوون کە بیســـت و پێنج ســـاڵ لەمەوبەر بە فەرمانی خۆی و جێبەجێکردنی جێگرەکەی شابازی مچە گەڕ، خۆی کوشتبوونی...

جارێکیتر، لە کۆبوونەوەی مەکتەب سـیاسـیدا ڕقە قووڵەکەی لە شـابازی مچە گەڕ بۆ خەفە نەکرا، ئەو شـابازەی لەم ماوەی چل ساڵ هاوڕێیەتیدا بەردەوام پێیدەگووت`` کاکە شـێرە`` ئەو ڕقەی ئەو کاتە دەرکەوت لە کۆبوونەوەیەکەیدا شـاباز لەنیوەی قسـەکردندا بوو، خاڵە وەک ئەوەی لە پڕێکدا کەوتبێتەوە ناو بیرێکی قووڵەوە، وەک ئەوەی لە شـەوێکی پڕ تەمومژدا ڕێ بکات، وەک ئەوەی لەناو ڕەشـەبایەکی هەڵکردوودا هاتبێت، ئاوا گوێی هەڵخست و لەپڕ بێدەنگ بوو، پاشان ڕوویکردە شابازی مچە گەڕ و گووتی`` ئاخ، شابازی مچەگەڕ، گەر هەموو گەنجە کوژراوەکانی دەسـتی تۆ لەیەک قەبرسـتاندا بنێژرابان، ئێسـتا دەبوویتە خاوەن قەبرستانی خۆت``

بیرمدێت، کاتێک لە کۆبوونەوەی لیژنەی حکومەتدا بوو، ڕووی کردە ئەندام مەکتەب سـیاسـیەکەی عەبە خێلی دەرمانفرۆش کە ناسراوە بە عەبدوڵای حاجی کورانی زێرابچی، چونکە باوکی دوای بڕینی دوکانێکی قەیسـەرییەکی کوران لە شـەستەکاندا، لە ترسـی حەسـحەسـەکانی نیوەشـەو لە زێرابێکدا خۆی شـاردبۆوە، لەو ڕۆژەوە بە حاجی کورانی زێرابچی ناوبانگی دەرکرد بوو. نازانم چۆن خاڵە لەیەکێک لە خەیاڵبردنەوەکانی خەڵەفاویدا کە هێشـتا لە قۆناغی سـەرەتایی خەڵەفاندا بوو، کە وەک شـەپۆل لێی دەدا و دەکشـایە دواوە، چۆن لە نیوەی کۆبوونەوەکەدا سـەرنجی چووە سەر سـەرۆک وەزیرانەکەی و لێی ڕاما و گووتی`` عەبە تۆ بۆنی زێرابت لێ دێت هەتیو، هەسـتە لاچۆ لەبەرچاوم. جارێکیتر هاتیتە کۆبوونەوەی منەوە خۆت بشۆ، بۆگەنی تەرەسی لە تەرەس بوو``

که عەبە خێل ویســـتی دەمبکاتەوە، من خێرا وەڕیم و بەمەش کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات. تەنانەت جارێکیتر لە کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسیدا که فەرەی ئامە بەڕەڵلا ویستی قسەبکات، خاڵە لە پڕێکدا بە خەیاڵدا چوو، ســـەیرێکی فەریدون عەزیزی کرد و چرچەکانی ناوچەوانی لێکنا، وەک ئەوەی قســـە لەگەڵ خێوێکدا بکات، بە فەرەی گووت``بەڕاســـت تۆ لەکەیەوە وازت لە قووندان هێناوە؟`` ئیدی فەرە وەک ئەوەی هەورە بروســـکە لێی دابێت نەیزانی چی بڵێت، ســـەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی و بەرامبەری کرد، جگە لە بزە و پرمەی خەفەکراوی ناو قورگ، هیچیتری لەســـەر دەموچاوی مەکتەب ســـیاســـییە دایکخۆگێیەکانی هاوڕێی نەبینی.

٤

هەرگیز ئەو جارە لەیاد ناکەم کە (نوێنەری نەتەوە سپییەکان) هات بۆلای خاڵە و بە درێژایی دیدارەکە خاڵە بە ئەڵمانی قسەی کرد و بە (هانز) بانگیدەکرد. دیارە جگە لە من هیچ ئەڵمانی زانێک لەو نـاوەدا نـەبوو، جگـە لـە وەرگێڕی ئینگلیزی نـەبێـت. ئیـدی کۆبوونەوەکە بە ``کۆبوونەوەی کەڕوڵاڵەکان`` پێناســـەکرا، کە تەنها خاڵە قسەکەری سەرەتا و کۆتایی بوو. لە کۆتاییدا بە ڕیزێک فۆتۆگرافی پڕۆتۆکۆلی کۆتـایی هـات، تێدا خـاڵـە بەجیـاوازی لە عورفی دبلۆماســـی، دەســـتیکردۆتە ملی نوێنەرەکە. بێگومان دوایی

ئەم نوێنەرە ئەم فۆتۆی پێشوازییە گەرمەی بۆ تێپەڕاندنی چەندەها دۆسـیەی گەندەڵی بەکارهێنا، کە گوایە خاڵە لەو دانیشـتنە گەرم و هاوڕێیانەدا، ڕازیبوونی خۆی لەمەڕ ســــەرفکردنی  پارەی نەوتی مەملەکەت داوە بۆ ڕێکخراوێکی نەتەوە ســــپیەکان. بێگومان ئەمە فەندێکی گەورەی  دووسـەد  ملیۆن دۆلاریی بوو. دیارە  تەنها من دەمزانی کە ئەمە قۆڵبڕینی خاڵە بوو، بەڵام ئاخ ســــەد ئاخ، خۆ من زمـانم نییـە و جگـە لـەوەڕین مڕەمڕ نـەبێـت نـەمـدەتوانی ئـەم ئەوروپییە خوێڕییە کۆلۆنیالســــتە، ڕەگەزپەرســــتە، گەندەڵ و منداڵبازە بەدرۆبخـەمـەوە. هـەر دوای کۆبوونـەوە کـەڕولاڵیـەکـەی خـاڵـە و نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە ســــپییەکـان، لـە بـەردەم کامێرەکاندا باسی ڕازیبوونی زاریی خاڵەی کرد لەسەر بەخشینی دووســــەد  ملیۆن دۆلار بۆ (ئێن جی ئۆ) کانی نەتەوە سـپییەکان. بەڵام زۆری نەخایەند کە هەمان جوجکە زەردە دوای هەفتەیەک لە نیوەشــــەودا  دەرکەوتەوە، بێگومـان نەک بۆئەوەی خاڵە ببینێت، بەڵکو گەلاڕێزان خانی شــەش قوز  و شــنە قۆنەرە و هوماجیڕی ژنی خـاڵـە لـە ڤێلاکـەی تـەنیشــــتمـانـەوە بـانگهێشــــتیـان کردبوو. بەجۆرێک هاتبوو، کە تاکسیەکی تایبەتی سـەر بە هێزە ئەمنیەکانی دەزگا نهێنیەکەی  گەلاڕێزانی شــەش قوز، لە نیوەشــەودا هەڵیان گرتبوو. ئـەوان تێیانگـەیـانـد کـە لـە هـەمـان ژوور کـە خـاڵـەی تێدا بینیوە، تەنها ئەو و خاڵە و مۆپســـی پاشـــا نەبووە، بەڵکو کۆی ژوورەکـە بـە کـامێرای نهێنی  تۆمـارکراوە. هومـا بـە ئینگلیزییـە شڕەکەیەوە کە ئینگلیزی کۆرسی سەرەتایی بوو، گووتی`` کەمتان لە پارەی ســەدام خوارد بەناوی نەوت بەرامبەر خواردن، ئێســتا دەتانەوێت بەناوی ئین جی ئۆوە پارەمان بخۆن``

ئیدی جوجکە زەردەکە هەزار ڕەنگی هێناوبرد، ئەوانیش هێوریان کردەوە ولیســـتێکیان پێدا بە ژمارە بانقی  چەند ڕێکخراوێکی ئێن جی ئۆ و ژنان و ڕێکخراوێکی بەناو  پەرەپێدانی ئازادی، کە دەبێت هەر یەکەی دە ملیۆن دۆلار بخاتە ســـەر ئەو ژمارە بانقیانە. هەر لەگەڵ ئەم دێرانە، جوجکە ئەوروپییەکە گووتی``ئاخر خانم ئەمە گەندەڵییە``  گەلاڕێزان هیچیتی نەگووت جگە لەوەی کۆپیەکەی کۆبوونەکەی نێوان خاڵە و نوێنەرەکەی خســـتە بەردەمی، ئەو کۆپیەی تێدا خاڵە منی لە باوەشـدایە و ئەم، مسـتەر جۆناسـان، بە (هانز شـــنایدەر)  بانگدەکات و تا کۆتایی ئەو لەگەڵ خێوی هانز شـــنایدەری فۆتۆگرافی هاوڕێیدا قســـان دەکات. پێش چوونە دەرەوەی جوجکە زەردەکە، گەلاڕێزان ئاماژەی بۆ من کرد کە شـــنە قۆنەرە منی کردبووە باوەش، بە کوردی لێی پرســـیم ``مۆپســـی پاشـــا، خاڵە ئەمی بە هانز بانگدەکرد؟``منیش وەڕینی بەڵێم بۆ کرد و نەک هەر ئەوە پێش ئەوەی بچینە دەرەوە و نوێنەرەکە بەتەنها بەجێبهێڵن، گەلاڕێزانی شـــەش قوز گووتی``واتزانی ئەمە جارانە، ئێســـتا بە هۆی فەیســـبوک و یوتوبەکەی خۆتانەوە سیحرتان نەماوە. ئا، وەک گووتم ئەم پارانە بخەرە سەر حساب بانقی ئەم سێ ڕێکخراوە، ئەویتریش بیخەرە قنگی خۆتەوە، دەنا ئەم ســـیدییە دەچێتە قنگتەوە، ئەوروپی دز و خوێڕی``

ئاخ ســـەد ئاخ، دەســـتم شـــکێت، من دەمزانی خەیاڵی خاڵە گەورە لەگەڵ بینینی ئەم پیاوە ســـپییە بۆ کوێ چوو بوو، هەر کە ئەو جوجکەی بینی خەیاڵی بۆ لای هاوڕێکانی دەچوو، ئەوانەی

ســــالانێکە گەلارێزانی شـــــەش قوز و هوماجیری ژنی و کوڕە نەمساوییەکانی و برازا لەندەییەکانی نەیاندەهێشت لە فڕۆکەخانەی مەملەکەت دابەزن. تەنانەت دکتۆر ڤێرنەری هاوڕێی خاڵە کە لە فڕۆکەخانە دابەزی بوو، بەهەمان بلیت گەڕاندبوویانەوە بۆ ئەڵمانیا. هانز شـــــنایدەری فۆتۆگرافی هاوڕێی خاڵە، کە لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای دەیەی شەستەکاندا لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی بەرلینی ڕۆژهەلاتەوە هاوڕێ بوون، ئەویش وەک خوێ لە ناو یادەوەرییە دوورەکانیدا توابۆوە. هانزی فۆتۆگرافی بەناوبانگ کە هەموو مانگێک زەنگی بۆ خاڵە لێدەدا و نیو کاژێر زیاتر خاڵەی ڕۆشـندەکردەوە، یان جارجارە دەهات بۆ لای و سـەردانی دەکرد. بەلام ئەویش چیتر بە فیتی گەلارێزان و شنە قۆنەرە دەنگی لە ناو زەمەندا ونبوو. چیتر خاڵە کە ژمارەی بادەدا یان نامەی دەنوســـی هەواڵی نەدەزانی و نەیدەزانی بۆچی هانز چیتر نایەوێت پەیوەندی هەبێت لەگەڵیدا...

من دەزانم، هەر کە ئەو نوێنەرەی سپییە موزەردەی بینینی، وەک ئەوەی شتێک لە ناخیدا، لەم گۆشەگیری و دەستبەسەرییە ڕزگاری بکات، ئاوا باوەشـــــی کرد بە نوێنەرەکەدا، بە ``ئەزیزم هانز شنایدەر`` بانگیکرد. ئیدی لە سەرەتای دانیشتنەکە تا دوایی خاڵە لەگەڵ خێوی هانزدا قسـەی دەکرد و نوکتەی دەگێڕایەوە. خەیاڵی خاڵە گەورە بۆ ئەو ڕۆژە باراناویەی بەرلین بوو، ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمجار پەیمانی هاوڕێیەتی منی مۆپســـی پاشـــا و خاڵە بۆ ئەبەد لە سـتۆدیۆ بەرلینیە بەناوبانگەکەی هانز شـنایدەر، بە فۆتۆ مێژووییەکە پیرۆز کرا. ئاوەها، خاڵە لە گۆلاوەکانی خەڵەفاویدا بەناو وێنە و دەموچاو و یادەورەییە دێرینەکاندا تێپەڕدەبوو،

بەجۆرێک، هەرجارەی لەبەردەم یەکێکیاندا هەڵوێستەیەکی بچوکی دەکرد و لە قووڵایی نەستیدا دەیهێنانە سەر ئاستی هۆشمەندی و قسەی لەگەڵدا دەکردن.

بەمجۆرە دوای زنجیرەیەک لە خەوبردنەوە و تسە پیسەکانی ورگە حەزیاکەی خاڵە، دوای ئەوەی لە بۆنە گشتیی و حکومییەکاندا شوێن و کاتی تێکەڵ دەکرد، یان قسەکردن لەگەڵ سێبەرەکانی ڕابوردوو لای ئەو زۆر دووبارە دەبۆوە. ئیدی کەسی دووهەمی حیزب، دکتۆر شاباز موستەفا، کە لە ناو ڕاڕەوەکانی حیزبدا و لە فەرهەنگی خۆیاندا بە شابازی مچەگەڕ ناویاندەبرد، ئەو هەستەی لەلا جولا کە خەونە دێرینەکەی زیندووبکاتەوە. ئەوخەونە ئەبەدییەی بەوەی خاڵە گەورەی میهرەبان لابدات و خۆی بچێتە جێگەکەی. لەم جوڵەیەوە، نیوەی مەکتەب سیاسی و سەرکردەکانی ناوخۆی حیزبی کۆبوونەوە، لەوانە؛ عەبەی زێرابچی، فەرەی ئامە بەڕەلا، عەلیە شەلی سەرکردایەتی، نازە دەمشڕی کۆمیتە و شەوبۆ لەبلەبان و زۆریتر بە ڕێبەرایەتی شابازی مچە گەڕ کۆبوونەوە و نامە بەناوبانگەکەیان نوسی. لەنامەکەدا نوسیبوویان؛ خاڵە گەورە خۆی خانەشین بکات و کۆشکێک و سەد پاسەوان و خانوویەکەی نوێی لە لەندەن پێ دەبەخشن... وەک خاڵە دەیگووت ``دەستێک بە قوونمدا بێنن و بچمەوە ماڵەوە، دوایی ئەوەشم لێ بستێننەوە``

ئیدی لەو ڕۆژەوە، ئەم شەڕە کوتلانە ڕێڕەوێکی ترسناکی گرتە بەر، ترسناکتر لە تیرۆرکردنی یەکتری لە پەناو پەسیوەکانی سەرەتاکانی دابەزینان بۆ ناو شارەکان. ئەمە سەرەتای لە

دایکبوونی ژوورەکانی ملشـــکاندن و حەیابردنی یەکتر بوو، کە لەژێر ناوی (ژووری عەمەلیات) ناوی دەبرا. ئەم ژووری عەمەلیاتی کوتلەیە هیچیتر نەبوو، جگە لە ڕەدووکەتنی هەواڵی ناوگەڵی ژنی یـەکتری، هـەواڵی ژمـاردنی تڕی یـەکتری، هـەواڵی گـانی لابـەلای یەکتری و هەواڵی نهێنیەکانی ســـەرجێگەی خەســـو و خەزور و دراوســـێ و و داروبەردی یەکتری. لەم ژوورانەوە، هەڵدانەوەی کۆنە قینی یەکتر، هی مەکتەب ســـیاســـیەکان لە دژی یەکتر، هی دراوســـێکان لە دژی یەکتر، هی ئەوانەی پەنجا ســـاڵ لەمەوبەر بـاپیرەگـەورەیـان تفی کردۆتـە نـاوچـەوانی گوێـدرێژی بـاپیرەی ئەویتر. ئەوانەی نەنکیان لە ســوو‌چ و پەناکاندا منداڵی یەکتریان بە زۆڵ و حەرامزادە بانگکردووە. ئەوانەی کۆن جلخواری ئینگلیز و مێجەرسۆن بوون و دوایش پیاوی قەومییەکان. ئەوانەی لە شـەڕە گەڕەکدا ســـەگی یەکتریان کەلەپارچە کردووە. ئەوانەی لەســـەر کۆتری تەرەبوو یەکتریان لە هەرزەکاریدا بەرچەقۆ داوە، ئەوانەی کۆنە قووندەر بوون لە منداڵیدا، بۆ پارە و مەساسە و پەشمەک لە خانووە چۆڵەکاندا گانیان داوە... ئەمانە و ســـەدان لەمانە، خۆیان دەکردە ژوورەکانی عەمەلیاتی کوتلەکانەوە و لەم ژینگە پۆخڵەدا وەک بۆقی ژەهراوی قیرە قیڕیـان بوو. جۆرێکی تر لـە ڕق لـەم دەڤەرەدا لەدایکبوو، ڕقێک بۆ ناو خودی خۆت، ڕقێک لەخۆت وەک کورد، ڕقێک لەو ڕۆاژنەی هەناسەتداوە لەسەر ئەم خاکە. ڕقێک لە کوردبوون و کوردایەتی لـەم ژوورانـەدا لـەناو کوورەی گـەندەڵیدا دەگاشەوەیەوە و نێڵەنێلی بوو...

بێگومان بەدرێژایی ئەم ســاڵانە ئەم حەیابردنانە وەها کەڵەکە بوو، بەجۆرێک ئێســـتا حەیابردنی یەکتر وەک کولتێک، وەک ســـەب

کولتورێک، وەک نەریتێک لە ئەوانەوە دابەزیوەتە ناو ئەم میللەتە دەردار و بێچارەیە. دەبێت ئەوەش بڵێم؛ وە نەبێت خاڵە بێئاگا بووبێت لەم کولتورە ناشــرینە یاخود دژی وەســتابێتەوە. نەخێر، بەڵکو هەم لەناو کوتلەکاندا و هەم دامەزراندنی گەلارێزانی شــەش قوز بۆ ڕابەڕایەتی دەزگا ترســـناکە و بەســـەربازکردنی ژنانی لەشـفرۆش بۆ سـیخوڕیی و ڤیدیۆگرتن و حەیابردن، بە بەرچاوی خاڵە و ڕازیبوونی ئەوەوە بوو. ئەمە بەجۆرێک  بوو وەک خاڵە دەیگووت `` مۆپسـی پاشـا گیان، جاران دەبوایە کادێر بوویتایە لە کاری جەماوەری و ئیدۆلۆژی، ئێسـتا دەبێت میزخۆرەوەی قات و زوهری سەرۆکی کوتلە و گەوادێکی عەنابی بیت``

# باستاردەکان

## ١

جاران شـــابازی مچە گەڕی هاوڕێی تەمەنی خاڵە دەیگووت ``گەر فیشـەکێک بۆ خاڵە ئاڕاسـتەبکرێت من خۆمی دەخەمە بەر`` دوایی نەک خۆی نەخســـتە بەر، بەڵکو لەکاتی یەکەمین جەڵدەی خاڵە و کەوتنی لە خەســتەخانەی شـــار، منداڵەورکە و چەورەی شـــاری هاندەدا ســـواری پیکابێک بن کە بەفرگرێکی گەورەی هەڵگرتبوو. ســـەلاجەیەک، پـێـدەچـێـت بە تـایـبەت بـۆ ئەو مەبەســـتە دروستکرابووبێت، بڵح و سەرنجڕاکێشەر بوو، لە ناشرینیدا مرۆڤ لە دوورەوە ڕادەوەســتا بۆ ئەوەی بزانێت ئەو شــتە ســەیرە چییە بەســـەر ئەو پیکابەوە. ڕاســـتی ئەوە بەفرگرێکی مردووان بوو، قۆقزیی دیاربوو بە پێی فیگوری لەشـــی خاڵە دروســـتکرابوو. بەفرگرێکی ناشــرین و ســامناک زەمەنێکی ڕاوەســتاوی ڕەشـــی بانگەشـــە دەکرد، زەمەنێک دەمێک بوو هەموو جوڵەیەکی زیندەگی لەناو خۆیدا وەســـتاندبوو، زەمەنێک، میللەتێکی بەرەو بۆگەنبوون ڕاپێچدەکرد. ئەو بەفرگرە بەسەر پیکابەکەوە و بە بەردەم مەکتەب سـیاسـیدا ببورن، بە بەردەم ``کەرگەوزەکەدا`` دەهات و دەچوو. ئەوانەی سەر پیکابەکە هوتافیان بۆ (پەیامبەری هەژاران) دەکێشا. ئەمەش ناوبانگێکی نوێ بوو، بۆ داپۆشـــینی ناوی مچە گەڕی باوکی و داپۆشـــینی ژمارە بانقیەکانی ســـویســـرا و کۆمپانیەکانی چیمەنتۆ و ئاســـن بە هاوکاری کۆمپانیای لاڤاژیای فەڕەنســـی، لە

زەمەنی پەیکەری پۆتینەکەی دوشـــامبەوە بۆ خۆی داتاشـــیبوو. ســـەبرتان هەبێت ئەم چیرۆکەشـــتان لە بەشـــەکانی دوایدا بۆ دەگێڕمەوە.
ئەم ناوە (پێغمبەری هەژاران) ڕەگێکی تری دەگەڕایەوە بۆ ژیانی هەژاری خۆی، و زیاتریش بۆ شاردنەوەی نەخۆشییەکەی باوکی بوو، کە بووە شـــۆرەتی ``باوکە گریمانە بۆکراوەکەی`` بەقەولی خاڵە. باوکی شاباز لە سەرەتای پەنجاکان بە نەخۆشی گەڕوگوولی مرد بوو، وەک خـاڵە گەورە دەیگووت ``لە هەژاریدا گەڕوگوول بوو. ئیدی باوکی، ئەو و دوو براکەی بۆ دایکە دەمشـڕ و دەمپیس و بوغزاییـەکـەیـان بـەجێهێشـــت. دایکێک کە بە حەبێ تەقـانی ناسرابوو، ئەوانی بە تاکە نەعل و جنێو پەروەردە کردبوو، جگە لە شـــابـاز نەبێت، هەموویـانی فڕێدایە نـاو بـازاڕەوە و کـاری پێ دەکردن.`` دایکە دەمشڕ و هەراشەکەی لە منداڵییەوە شابازی بە شـــێرە بوغزاوی و گەڕوگوول بانگ دەکرد، بەڵام لەبەر زیرەکییە خۆڕسـکیەکەی بە شـێرە شـەیتان یان شـەیتانە گوولە، ستایشـی دەکرد. وەک خاڵە دەیگووت ``ئەوەندەی ناوتۆرەی لە شـاباز نابوو کە خۆشـــی نەیـدەزانی بۆ تەنهـا ئەو هەموو نـاوە نـاشـــرینە بەدوویەوەن. ئا مۆپسـی پاشـای خۆشـەویسـت، من لە هەموو ئەم ناوناتۆرانەم لە دەفتەرێکدا نوسیووە، لە شەڕی زەڕخانەکانی ئێمە و ئەواندا، دەیدەدەمە زەڕچییەکانی میدیاکانی حیزبمان. دەزانم ئەوە کپ و خامۆشی دەکاتەوە`` وەک دەڵێن ڕۆژێکیان پرسیاری ئەو هەمـوو نـاونـاتـۆرەیەی لە دایـکـی کـرد بـوو، لەوەڵامـدا گووتبووی ``ئاخر کتومت لە باوکە گوولەکەت دەچیت، ناشـــرین و لووت زل و بوغزن و پیسوپۆخڵ``

شـــاباز کاتێک لە قوتابخانەی (مەلیک فەیســـەڵی دووهەم) وەرگیرا، بەوە دڵخۆش بوو کە ئەم نازناوە ناشـــرینانەی لێ دەبێتەوە، وەک قوتابیەکی زیرەک دەبێتە جێگەی سـەرنجی خەڵکی، بەڵام لەمەشـدا تووشـــی دڵشـــکانێکی گەورە بوو. قوتابخانەی مەلیک فەیســـەڵی دووهەم یەکەمین قوتـابخـانە بوو کە جگە لە منداڵی دەوڵەمەند و ئەوانەی بەخۆیان دەگووت ئەشـــرافی شـــار، دەیتوانی منداڵانی هەژاریش لە چوارچێوەی یاسـای تایبەتی (دیاریی مەلیک فەیسـەڵ بۆ هەژاران) وەربگرێت، بەڵام  بە مەرجێک لە تاقیکردنەوەی زاری و زیرەکیدا دەرچێت. شـــــاباز لە منداڵییەوە زیرەکییەکی تایبەتی هەبوو، کە دایکی بە شەیتانە گوولە ناویدەبرد. بەڵام لەوێش زۆری نەبرد نـاونـاتۆرەکـانی دایکی وەک چۆن بنمیچ دڵۆپە دەکات و بە کۆی درزی بنمیچ و دیواردا بڵاودەبێتەوە، ئـاوا نـاونـاتۆرەکـانی دایکی لە قوتابخانە بەدوویەوە بوون، وەک گیای هەراش لە قاچ و قوول و لەشـــــی ئـاڵابوون، بەجۆرێک نەک تەنهـا منـداڵان، بەڵکو مامۆستا سیدارە بەسەرەکانی زەمەنی مەلیک فەیسەڵیش بە  شێرە شـــەیتان، یان شـــێرە گوولە، ناویاندەبرد. لەو ڕۆژەوەی کە دایکی ئەو هەموو نـاونـاتۆرەیەی لێ نـابوو، ڕقی لەهەموو مێینەیەک بوو بەســـــەر ئەم زەویەدا بڕوات، ڕقی لەهەموو ژنێک بوو دایک بێت. ڕقی لە هەموو ژنێک بوو زیرەک و ئازاد بێت، ڕقی لەهەموو ژنێک بوو باسـی سـیاسـەت بکات. ڕقی لە هەموو مامۆسـتا و خوێندەوار و ئەفەنـدیەک و ڕۆشـــــنبیرێک بوو، چونکە بەڕای ئەو ئەفەنـدی ڕۆشـــنبیرەکان تەبیاتی ژنیان هەیە. هەربۆیە لە شـــاخ و لە شـــار زۆربەی ئەوانەی بەدەســـــتی ئەو کوژران، ژن و ڕۆشـــــنبیر و ئەفەندییە دێرینەکانی شـــــار بوون. هەندێک لەوانە مـامۆســــتـا

دێرینەکانی بوون لە قوتابخانەی فەیســـەڵەیە، کە وەک نەریت و بـنەمــاڵە ســــەر بە حـزبەکەی نەریـخـوازیەکەی مەلا گەورەی دەمگەوهەر بوون. ئەوانەی لە تۆڵەی ناو و ناتۆرەکانی دایکی کە بە شـــێرە گوولە بانگیان کردبوو، بەتایبەت، کاتێک ســــەروچاوی منداڵانی هاوپۆلی خۆی دەشـــکاند و خۆی کردبووە ســـــەرۆکی کۆمەڵێک منداڵی ســـەگباز و چەقاوەســـوو، لە دەرەوەی قوتابخانە پەلاماری منداڵانیان دەدا و خەرجی گیرفانیان لێ دەســــەتاندن. چەندەها جار دایکیان بانگکردبوو بۆ قوتابخانە، بەڵام دەڵێن گوایە لەبەر هەژاریی و نەداری دەریان نەکردبوو... بەڵام چیرۆکەکە لای خاڵە بە جۆرێکی تربوو  وەک خاڵە گەورە دەیگووت``دەڵێن گوایە حەبێ تەقانی دایکی، گانی بە هەموو مەکتەبەکە دابوو... ها ها ها، ئەی چۆن مۆپسی پاشا گیان هەر زۆڵەکانن دەتوانن گەندوگوویی مێژوو پاک بکەنەوە. ئەو چەنـدە دژایتیم بکـات بـاســـتـاردێکی گووشـــۆری منە و هەر بەو خەفەتەوە دەمرێت بێتە شـــوێنەکەم`` دەڵێن، هۆکـارێکی تری ئەوە بوو کە هەموو نمرەکـانی لە قوتابخانەدا بەرز بوون، ئەمەش دەرکردنی لە قوتابخانە  ئەســتەم کرد بوو. تەنـانەت ئەو  مـامۆســـتـایەی  جـارێـک لە پۆلـدا پێیگووت``شـــێرە گەڕ، چەندە زیرەکیت، ئەوە بزانە زیرەکیت بە هاناتەوە نایەت،  چونکە باش دەزانم کە بوغز ســـەرت دەخوات`` ئەو مامۆستایە یەکەمین کەس بوو لە دوای گەڕانەوەی لە (ڤێنا) لە ڕێگەی شـانە نهێنەکانی حزبەوە دۆزرایەوە. پیروپەکەوتە بوو بوو، زۆر ئێواران لە چـایخـانەی تەقـاوتەکـانەوە بە گۆچـانێـک و ســـیدارەیەکی زەمەنی مەلیکەوە شـــۆڕدەبۆوە بۆ ماڵەوە. لەپیریدا بوو بوو بە خێو، ژیانی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشـا، تەنانەت دەمێک

بوو وەک هەموو پیرێکی قەدیمە خۆشی خۆی بیرچووبۆوە. کەچی شــــاباز یەکێکی لە چەورەکانی خۆی بۆ نارد و  لەپشـــتەوە بەر چەقۆی دا.  شابازی مچە گەڕ کە ناوی دکتۆر شابازی لەخۆنابوو گوتبووی ``چەقۆ لەهەر شــوێنێکی لەشـــی بدەن دەمرێت، چونکە ئەو حیزبابە بەعسییە، ئەوەندە لە جاسووسیدا پیربووە، تەنانەت ئیزرائیلی گەوادیش بەلایدا نایەت``

ئەم مامۆســـتایە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندامی هیچ حیزب و ســـەر بەهیچ دەزگایەکی موخابەراتی و حکومی نەبوو، بەڵام ئەو دێڕەی کە جارێکیان وەک ئامۆژگاری لەبەردەم قوتابییەکان بە شــــابازی مچە گەڕی چەقاوەسووی گووت، تا مردنی شاباز پێوەی دەناڵاند. تەنانەت دوای تیرۆرکردنیشـــی ئەو ڕســـتەیەی  لەیاد نەدەچوو ``دەزانم کە بوغز ســەرت دەخوات`` ئەو بەســتەزمانە دوای ســێ مانگ لە مانەوە لەخەستەخانە، گیانی دەرچوو. دەڵێن دوای مردنی، شابازی مچە گەڕ  گوتبووی``با بزانین کامەمان بوغز دەیکوژێت`` بەمجۆرە هەرچی ژن و پیاوێکی ئەفەندی و منەوەری ئەو کاتە هەبوو، یان ڕۆشنبیرێک لێرە و لەوێ قسەی لەسەر کردبێت، ئەم پاکسازی دەکردن، وەک خاڵە بۆمی گێڕایەوە`` هاوارم لێ هەستا و گووتم؛ من دەڕۆمەوە بۆ قاهیرە و شـــۆڕشـــتان بۆ جێدێڵم. بە هۆی شـــابازی مچەگەڕەوە یەکێتی ڕەنجبەرانی کوردســـتان بۆتە یەکێتی پیاوکوژانی کوردســـتان`` هەرئەوەندەش نا، نەخێر، بەڵکو کۆمەڵێک ژنی قەدیمەش بەر ئەم هەڵمەتە کەوتن و کوژران،  کە ئەو ژنانە بوون خۆیی و دایکیان بە باشـی دەناسـی و بیۆگرافیای ئەویان دەماو دەم  لەســــەرتەنوور و بەرقاپییەکان دەگێڕایەوە. بێگومان شـاباز هەواڵی ئەم تیرۆرکردنانەی لە ئیزگەی شـۆڕشـدا

وەک کاری بەعسـیەکان بڵاودەکردەوە، لەو ڕێگەیەوە، ئەفسـانەی خۆی لەناو پێشـمەرگە و ڕێکخسـتنە نهێنیەکاندا زەبەلاحتر دەکرد وەک لەوەی هەیە، بەوەی وەک خۆی گووتبوی ``هەر کەسـێک بە خویێ چێشت لە منەوە نێزیک بێت بەعسیەکان دەیکوژن``

خاڵە کاتێک ئەمانەی بۆ دەگێڕامەوە ڕایەکی دیکەی هەبوو، خاڵە دەیگووت`` ئاخ سەد ئاخ، مۆپسی پاشا، نەیدەزانی من لەوسەریەوە هاتوومەتەوە، هەر خۆی سـەگەوڵەکانی دەنارد بۆ کوشـتنیان، دەیویسـت بڵێت؛ ئاها خانەوادەی خاڵە لە کۆیە و کەرکوک و هەولێر نیشـتەجێن و تەنانەت سـەفەری لەندەنیش دەکەن بۆ سـەردانی خاڵە، کەچی بەعسـیەکان کون بە کون هەموو یەکێک دەکوژێت بەخویێ چێشـتیش دراوسـێی شـاباز موسـتەفای شۆڕشگێڕ بووبێت``

خاڵە جارێکی تر بۆی گێڕامەوە گووتی``هەموو کەسێکی دەکوشت لە نێزیکەوە ئاگای لە قوزە بەکارەکەی دایکی بوو بێت، کە باوکی لە تاو ئەو بە گەڕوگوولی سەری نایەوە. دایکی ئەم شێرە گوولەیە وەک دایکی سـەدامی حەرامزادە وابوو کە کەس نازانێت باوکی کێیە، باسـتاردێک بوو، زۆڵێکی حەرامزادە بوو لەو گۆڕەی، چ نەبێت دایکی ئەم سەدامی حەرامزادەیە شووی بە شەش پیاوکرد. بەڵام ئەمیان نە شـوو و نە تەڕەماش، هەر شـەوەی بە چەند فلسـێک، یان بۆ خۆشـی خۆی، پیاوێکی سـەرسـەریی یان دەسـتڕۆیشـتووی سـوار خۆی دەکرد. باوکیشـی بەو دەردەوە سـەری نایەوە، چونکە هەر قسـەی بکردایە چەند چەورەیەکی گەڕەکی ڕووتەکـان خۆیـان دەکرد بەمـاڵـدا و بیرازیـان دەکرد. شـابازیش وەک باسـتاردێک، فێری ژیانی زۆڵایەتی بوو، چونکە

هەر لەگەڵ فامکردنیەوە هەموو گەڕەک دەیزانی کە هەموو براکان زۆڵن. وەک هەر زۆڵێک لە منداڵیەوە فێرە ژماردنی گانی دایکی و پیاوەکانی بوو؛ یەک، دوو سـێ، سـەد.. دەبێت چەند سـەد گانیی ژماردبێت، هههههه.... ئا، مۆپسـی پاشـا گیان، سـەرت نەسـوڕمێت مێژوو هەر باستاردەکان دەینوسنەوە، نەک ژن و پیاوە مەردەکان. جا وابزانم هەر ئەو گانکەرانەی دایکە دەمشڕەکەی بوونە واستەی وەرگرتنی ئەم گەڕ و گوولە لە قوتابخانەی مەلیک فەیسـەڵ. دەنا زیرەکی چی و تەڕەماشـی چی. بەڵام مۆپسـی پاشـا گیان، ئێرە وڵاتی کەربازاڕییە و کەرگەوزێکی ئەبەدییە، هەموو شـتێک لەناو ئەم تەپوتۆزەی جیفڕک هاویشـتنە مێژووییەدا، لە بیردەچێتەوە. تازە هەموو ئەوانەی مێژووی ئەمیان دەزانی لە ماوەی ئەم بیست و قسوور ساڵەدا لە سووچ و پەناکاندا کوژران. تەنانەت بیرمدێت مۆپسـی پاشـای ئەزیزم لە جەولەی مفاوەزاتدا بەرزان تکریتی زڕبڕای سـەدامی بردە ئەولاوە و کەتنە چرپە چرپ، نازانم چۆن وا وەک دوو باسـتارد بۆنیان کرد بەیەکەوە کردبێت، وەک ئەوەی برای خوێنی یەکتر بن، پارچە کاغەزێکی پێدا، گوێم لێ بوو ئەویش گووتی؛ بەسـەرچاو شـابازی وەرد... زانیم ئەمە لیسـتێکی تری ژن و پیاو کوشـتنە کە موخابەراتی ئێراقی بۆی ئەنجامدەدا. بەرزان کون بەکون هەموو ئەوانەی گرت و لە زینـدانـدا کوشـتنی و دەرخواردی سـەگی دان، لەبەرامبەر ئەوەدا پێدەچوو کوشـتنی دیلەکانی شـیوعیەکان کە خەڵکە ڕۆشـنبیرەکانی ئەم ئێراقە بوون، ورەوری لەسـەر کرابێت. ئەی چۆن مۆپسـی گیان، ئەم کوشـتارانە وای لێکردم کە جانتا بپێچمەوە و شۆڕش بۆ ماوەیەک جێبهێڵم``

ئەم زنجیرە تیرۆرکردنە هەر وا بە ســانایی تێنەپەڕیی، بووە هۆی نـاڕەزایی لە ڕیزەکـانی پێشـــمەرگە و ڕێکخســـتنەکـانـدا. بەڵام دەرئەنجامی ئەمەش زنجیرەیەک کوشتنی گەنجی لە شاخ بەدەستی پیاوە خوێڕەکانی ئەو لێ کەوتەوە. پیاوەکانی وەک خاڵە دەیگووت ``ئەو باســـتاردانە بوون لە قوونەوە لە دایکبوو بوون`` ئەوانە بە خۆیان دەگووت پێشـمەرگە، ناوی ســەیر ســەیریان هەبوو؛ وەک فەرە دوودەگی، جەمال کرماشـــانی کە ناســـرابوو بە جەمالی ئەبوتەبر یان جەمالی تەور. ســـەرداری حەمەی چاو بۆق کە بە ســـەرداری شــفتە ناســرابوو، بەو ســیفەتەی پێش هاتنی بۆ ناو شـۆڕش شـاگردی شـفتەفرۆشـەکەی گوزەری هەتیوبازەکان بوو. ئەمە لەو چەورە و جنێوفرۆش و جڕتلێدەر و کۆنە دەیوســـانەی وەک؛ حەمە کەچەڵ و عەزەی مـامە تەتە، حەمە قنگـدڕاو، مچەی خوشـــک حیز، و عەبە کوێری گەرمیانی و زۆر ناوی ســـەیرو ســـەمەرەی تر کە تەنها لە فەرهەنگی شـــابازدا جێگەی دەبۆوە و کەیفی پێدەهات. ئەمانە لەشـــاخ بەدوویەوە بوون و لە مقەڕێکی تەنیشت خۆیەوە شـەو و ڕۆژ وەک خاڵە دەیگووت ``شـەو و رۆژ شەڕە جڕتیان بوو.``

لە زەمەنێکی تردا کە دونیا وەرچەرخا و شـۆڕش هاتە ناوشـار و مەســـەلەکان بوونە مەســـەلەی حوکمەتداری، هەریەکە لە حەمە کەچەڵ و عەزەی مامە تەتە و حەمە قنگدڕاو بە ڕووداوی سەیر و ســەمەرە گیانیان لەدەسـتدا. حەمە قنگدڕاو بەســەر هەتیوبازیەوە چەقۆیەکیان لەتەپڵی سەری چەقاندبوو، چەقۆکە تاوەکو مەلاشووی هـاتبوو، تـاوەکو ســـێ ڕۆژیش لە ژیـانـدا مـابوو. دکتۆرەکـان نەیاندەتوانی چەقۆکە دەرکێشـــن و نەدەشـــیانتواتی کەللەی بۆ

هەڵبگرن، هەربۆیە تا سێ ڕۆژ بەپێی فەرمانی نهێنی شابازی مچە گەڕی جێگری خاڵە گەورە، لە ژووێکی تەریکی خەستەخانە وازیان لێ هێنا تا خۆی مرداربۆوە. عەزەی مامە تەتە، چوو بوو بۆئەوەی تەندەری یانەیەکی ئێوارانی مەی خواردنەوە بباتەوە، لەوێ دوو پۆلیســـــی دڕ نـایەڵن بچنە ژوورەوە و پـاڵی پێوەدەنێن، هەر کە دەمانچە هەڵدەکێشـــێت ئەوان لێی دێنە دەســـــت و دەیکوژن. ئەو پۆلیســـــــانەی جگە لەو ڕۆژە نەبێـت، هەرگیز لەو شـــــوێنەدا نەبینرابوون، کەســــیش جـارێکیتر نەیبینینەوە. حەمە کەچەڵ لەبەرەبـایـنـدا چوو بوو بۆ حەمـامی شــــــار لە کۆڵانی توونی حەمــامەکە بەر چەقـۆ درابـوو، دوایـش فـڕێـدرابـووە تـوونـی حەمامەکەوە و هەموو لاشەکەی بووە خەڵوز...

ســـەرداری شـفتە، ئێســتا بە ســـەرداری پیاوچاک ناســـراوە و لە دەزگای ئاســـایشـــی گشـــتی، بۆ گەلاڕێزان خانم کاردەکات. فەرە دوودەگیش، کە ئێســــتـا لە فەرهەنگی دووهەمی حیزبدا بە فیفی عەبدەی مەکتەب سیاسی ناسراوە، بۆتە ئەندام مەکتەب سیاسی و دەمێکە لە شــــــابـازی مچەگەڕی ئـاغـای هەڵگەڕاوەتەوە. فەرەی دوودەگی، کە ئێســــتــا بە فەریـدون عەزیز نـاودەبرێـت،بەهۆی بیزنســەکانی کە خاڵە پێی بەخشی بۆتە فیفی عەبدە، ئێستا وەک مەکتەب سیاسیەک سەرپەرشتی هۆبەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات و لە کوتلەی گەلاڕێزانی شـــــەش قوز و هوما جیڕی ژنی خـاڵەدایە. تەنـانەت ئێســــتـا، ئەم دوو کۆنە پیـاوەی جڕتلێدەرەی شـاباز، نەک لە شـاباز هەڵگەڕاونەتەوە، بەڵکو فێربوون قوزکەشـی بۆ منداڵە نەمســاویەکانی خاڵە (پاڤان و قابان) دەکەن، بەڵام کە من دەبینن لە ترسی وەڕینم خۆی دەشارنەوە...

بیرمدێت، جاران، ئەم ســەرســەریانە پێشــئەوەی بکوژرێن، لەگەڵ دکتۆر شابازدا وەک سەگ خۆیان دەکرد بە کۆشکدا، بەڵام بە پێی فەرمانی خاڵە ئەوان  لە ژووری حســە گووشـۆری خاڵە دەمانەوە و نەیاندەوێرا خۆیان نیشــــانی خاڵە بدەن، چونکە خاڵە بێزی لێ دەکردنەوە. چیرۆکی جەمال کرماشــانی، کە ناســراوە بە جەمالی تەور، کۆنە تەوری کۆنە تەوروەشــێنی جارانی شــــابازی مچە گەڕیش لای منە. خۆ من بۆم باســــکردن کە گەنجێکی خەوبینەر، پێشــمەرگەیەکی ئازای بە غەدر لە شــاخ چەک کرد و بە فەرمانی شاباز لە تەویلەکەیدا بە تەور کوشتی. پارادۆکسەکەش لەوەدا بوو کە  لەدوای دابەزینیان بۆ شارەکان، جەمالی تەور گوونی خۆی لە شاباز و خاڵە لێ گەورە بوو بوو، تەنانەت هەوڵیدا بەدەستکێشێکی ژەهراوی تەوقە لەگەڵ خاڵەدا بکات، بەڕێکەوت من لە ژوورەکەدا بووم، وەک نەریتی مۆپســانەی خۆمان، چۆن لەســەدەی شــانزە باپیرە گەورەم میری نارنجی هۆڵەندیی لە تیرۆرکردن پاراســــت، ئاوا بۆنی ژەهرەکەم کرد و خێرا دەستمکردن بەوەڕین. بەجۆرێک جەمالی تەور ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و پاشــا و پاش گەڕایە دواوە. خۆ بۆم باسکردن خاڵە گەورە بەو زیرەکیەی خۆی بەسەر خۆیدا نەهێنا و دانیشــتنەکەیان زۆر ئاســایی کۆتایی پێهات، بەڵام دوای شــــەش مانگ قەترەیەک ژەهری ئەتۆمی ڕووســــییان لە کاتی کۆبوونەوەی مەکتەب ســیاســی بۆکردە چایەکەیەوە. دوای ســێ مانگ وردە وردە لەشــی پووکایەوە، دەرئەنجامیش تەنها ســەری مابوو و وەک بەچکە ســـیســـارکە کەچەڵەیەک چاوەکانی زل و سەری بچوک بوو بۆوە. لەشی پووکایەوە و دوای چارەسەرێکی درێژخـایەن خـانەوادەکەی لە ژوورێکی تـاریکی ژێرزەمینی

کۆشـکەکەیدا فڕێیاندابوو و تا وەک سـیسـارکە کەچەڵەیەک گیانی دەرچوو. تەنانەت دەڵێن؛ کارەکە نیپاڵیەکەی کە سـاڵ و قسـورێک خزمەتی کرد، ڕۆژێک جانتا دەپێچێتەوە و لە تاو ژن و کچەکەی جەمـالی تەور دەیەوێت ئەم مەلەمکەتە بەجێبهێڵێت، پێشـــتر کە دەچێتە ئۆفیســـی خزمەتی کرێکارە بینایەکان بۆ وەرگرتنەوەی پـاســـپۆرتەکەی، کچ و ژنەکەی جەمـالی تەور دەچن بەدوویـدا بۆئەوەی ڕازی بکەن بمێننەوە، بەڵام کە قســـە دێتە ســـەر ئەوەی چەندە دڵســـۆز بوون بۆی و بۆچی دەیەوێت ئێســـتا بڕوات، بە شـــەقەی جڕتێکی دوور و درێژ وەڵامی دابوونەوە... وەک دوایی بە ڕاپۆرت هـاتبوو بەردەســـتی خاڵە گەورە، گوایە لە دەمەقاڵێی نێوان ئەم سێ ژنە، خزمەتکارە نیپاڵیەکە و کچ و ژنەکەی جەمالی تەور، خزمەتکـارە نیپـاڵیەکە چەنـدەهـا نهێنی درکـانـدبوو. جـا بۆ زانینتـان ئێســـتـا کچەکەی پۆســـتێکی بـاڵای هەیە لە حیزب و حکومەتدا، لەناو حیزبدا کادێرە مەسـینەخۆرەکان نوکتەی لەســـەر دەکەن و نـاوی بە (لێســـەرەوە) لە فەرهەنگی ئەم حیـزبەدا تۆمارکراوە، گوایە بە لێســانەوەی گوونە پیرەکەی فەتاحە وســوە کوێر ئەم پۆســـتەی وەرگرتبوو. جا وەک لەو ڕاپۆڕتەدا هاتبوو، خاڵەش لەگێڕانەوەیەدا مووی لێ نەپەڕاند، چونکە من لەو ڕۆژەوە بە جەمالی تەور وەڕیم، ناوم چووە دەستوری ئەم وڵاتەوە.

ڕاپۆڕتەکە بـاســـی لەوە دەکرد کە ئەوســـا لەم دەمەقـاڵێیەدا خزمەتکارە نیپاڵیەکە بە کوردییە شکاوەکەیەوە باسی لەوە کردبوو کە چۆن ژن و کچەکەی، جەمالە تەوریی دەســـت و پێ و زمان شکاو لەژووری مەیمونە نارنجیەکەیان فڕێدەدەن، کە چەند مانگێک لەوبەر لە ئـاهەنگێکی گـانگـانێن و ئۆرجیـدا چنگێـک هیرۆینی

خواردبوو کە میوانە گانکەرەکانی هاوڕێی خەباتی شــاخی جەمالی تەور بەخۆیان و ســەماکارە ئۆکراینی و مەکسیکی و فارســەکانەوە لەگەڵ خۆیـانـدا هێنـابوویـان. هەر لەو ژوورەی مەیمونە نـارنجییە جرتلێدەرەکەدا و لەو ژێر زەمینەدا، فرێیـدەدەن. تەنـانەت نـاویـان نابوو ``ژووری سیسارکە کەچەڵەکە`` خزمەتکارە نیپاڵیەکە باسی ئەوەی کردبوو، کە هەموو جارێک لە گیرفانی خۆی چۆتە بازاڕ و چەرچەفی نوێ و بەتانیی و تەنانەت دایەبیشـی بۆ کڕیووە، چونکە ئەوان چیـتـر ئــامــادە نەبـوون مەســـــرەفی ژووری مەیـمـونە نارنجیەکەشی بکەن...

بەمجۆرە شابازی مچە گەڕ لەمنداڵیەوە بە ئەڵقەیەک لە چەقاوەسوو و ســەرســەریی و هەتیوباز و قووندەر و لوســکە و لەشـفرۆش و لگاوچی دەور درابوو، هەندێکی دەکردن بە ســیاســی و هەندێکی سووکدەکردن و هەندێکی تری بەکوشتدا. وەک دەیگووت`` ئەمانە وەک گوو وان لە ڕیخۆڵەت بێنە دەرەوە لەشـت ڕەحەتە، لە خەڵکی بگریت براوەیت و لەتەنیشـــتەوە بن ژیانت تاڵ دەکەن``  هەربۆیە هەمیشــە وەک خۆی دەگووت ``وەک گووی ڕیخۆڵە دەبێت دوورا و دوور ڕۆیانکەیتە ناو سەیەلەکەوە``

دەبێت لێرەدا هەڵوێســـــتەیەک بکەم و تێبینیەکی خۆم دەربـارەی چیرۆکی ئەم باسـتاردانە بڵێم؛ بەوەی هەموو ئەو کوشـتارە سـەیر و ســەمەرانە لە پشت ســەری خاڵەوە نەبووە، نەخێر، مۆپسی پاشا ئەوەندە گێل نییە بڕوا بەو قســانە بکات، گوایە خاڵە ویســتوویەتی شـــۆڕش بەجێبهێڵێت و بڕواتەوە بۆ مەنفا لەندەنییەکەی. نەخێر وانییە، من پێتـاندەڵێم، من ســـــەگی بەوەفـای خـاڵە گەورە دان بە

ســـروشـــته ســـەگانەکەی خۆمدا دەنێم و  پێتاندەڵێم کە وانییە و ئەوانەشـی تاوەکو ئەمڕۆ لەو وەهمەدا ژیا بێت یان مەسـینەخۆرن یان گەمژەن. ڕاســـته خاڵە گەورە لای من هۆکاری بێدەنگبوونی خۆی لەسەر ئەم کوشتارانەی شاخ و شاری بەوە پەردەپۆشدەکرد کە لەگەڵ ئەو ڕایەی شــابازی مچەگەڕدا یەکیدەگرتەوە کە هەموو جارێک دەیگووت``هەر گێلەکانن وا تێدەگەن شـــۆڕش بە خەڵکی زیرەک و قـارەمـان دەگـاتە ئەنجـام. شـــۆڕش هەر بە پیـاوی ســـەرســـەریی و دایکخۆگێ بەڕێدەچێت. قارەمانەکانیش بۆ ئەوە باشـــن وەک کوژراو لە مێژوودا تۆماربکرێن``  تەنانەت کە دوای ئەم قســەیە وەک نارەزایی دەربڕین دەســتمدەکرد بە وەڕین، ئەوا خاڵە و ورگەکەی دەکەوتنە سەر لەرزە و پێکەنین و دەیگووت``ئاخ هـاوڕێی ئەزیزم مۆپســـی پـاشــــا گیـان، ئـاخر تۆ پەروەردەی مامۆسـتای کوردایەتی پڕۆفیسـۆر عەبدولڕەحمان زەردەکیت و لە یاسای ئەم زۆنگاوە ناگەیت``

بابیرشـم نەچێت و ئەوەش بڵێم؛ کە کوشـتنی ژنەکان لەسـەرەتای شـۆڕشـدا و بەتایبەت لە ناوەڕاسـتی حەفتاکاندا بەنارەزایی خاڵە گەورەی میـهرەبـان کۆتـایی هــات، بەڵام لە زەمەنێکی تردا سـەریهەڵدایەوە. جارێکیان کە کۆمەڵێک کادێرە چەپەکانی سـەر بە گروپی سـوارە، ڕەخنە لە شـابازی مچە گەڕ دەگرن کە بۆچی ژن بەشـدار نییە لەم شـۆڕشـەدا لەوەڵامدا دەڵێت`` ژن هەر بۆ گاین باشن، ژن چییە کێرم بەژن``

تەنانەت کە ژن دێنێت و ژنەکەی بۆ دەهێننە شـاخ دوای مارەکردن لەبەردەم هەمووواندا بە بووکەکەی دەڵێت``وا مارەم کردیت، وەرە بابڕۆین بتگێم`` نەک هەر ئەوە، بەڵکو چیرۆکی کوشـــتنی ژنەکان

لەدوای دابەزینی حزبمان، حزبی سۆسیال لیبرال، لە شاخەوە بۆ شار، گەواهی ڕاست و دروستی ئەم قسانەی ئێستامە. زەمەن یار بێت و مەرگ خاڵە لە خەستەخانە پاریسیەکە نەپێچێتەوە و هەناسەی سەگانە بدەم، چیرۆکی ئەم ژنکوشتنانەتان بۆ دەگێڕمەوە.

شابازی مچە گەڕ کە ئێستا حەزدەکات بە دکتۆر شاباز بانگی بکەن، ئەفسانەیەکی گەورەی بەدەوری خۆیدا چینووە، ئەفسانەی هاتنەوەی لە نەمساوە بۆ شاخەکانی کوردستان و شۆڕش هەڵگیرساندن. بەمەرجێک، شۆڕش شەش حەوت ساڵ پێش ئەو هاتنەوەیە، بە ڕابەرایەتی (سوارە) هەڵگیرسابوو. شۆڕشێک چەپ بوو، دوور لە ئاغا و منەوەر و قومارچیەکانی شۆڕشەکانی پێشووی وەک مەلاگەورەی دەمگەوهەر شاباز و خاڵە و مامۆستا ئەحمەد و زۆریتر، لە دایک بوو بوو. بەڵام شاباز وەهای نیشاندەدا کە ئەو هەڵگیرسێنەری بوو و تەنانەت پێش خاڵە گەورە، ئەو، ئەوروپای بەرەو شاخەکانی کوردستان، جێهشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ناو شۆڕشی نوێ بە قەولی خۆی... خاڵە کە ئەم بیرەوەریانەی شابازی دەخوێندەوە، قاقا، پێدەکەنی، دەیگووت `` شابازە زۆڵم لە پێش خۆمەوە نارد بۆ شاخ، بۆئەوەی بە سەلیقەی خۆی ئیشە پیسەکانم بۆ بکات. ئاخر باستاردێکی وەها، هەر بە گووشۆریی لە قوزی حەبێ تەقی لە دایکبووە و بە گووشۆریش دەمرێت. بیرمدێت دوایی بە هەلیکۆپتەری تورکەکان کردیاینین بەسنووردا. بەڵام ئەو دەمێک بوو لە ناو شاخ و دۆڵەکاندا وەک پیشەی جارانی گەندوگوویی گەنجە چەپەکانی بۆ من پاکردبۆوە. زۆڵێکی

گووشـۆره تەنها کاری ئەو پاکردنەوەی گووی ڕۆشـنبیرەکانی ناو شــۆڕش و قارەمانەکانی ئاشــبەتاڵەکەی مەلاگەورەی دەمگەوهەر بوو. دەمێـک بوو ئەوی لە ئەم کردبوو بە دوژمن، ئەمی لەویتر هەڵگەڕانبۆوە، و ئەویتری سووک کردبوو. زۆر کاری پیسی تری کردبوو مۆپســـی گیان، کە بەمێشـــکی هیچ کەســـدا نایەت. بەڵام شۆڕش وایە گیانە، شۆڕش وایە...``

جگە لەوە، ئەوەندەی من لە خاڵە گەورەی میهرەبانەوە بیســـتوومە چیرۆکی نــامەی دکتۆراکەی جگە لە نوکتەیەک نەبێــت، هیچیتر نەبوو. نوکتەیەک وەک خـاڵە دەیگووت`` لای دەروون کۆیلەکـان بۆتە ئەفسانەی پێغمبەری هەژاران`` بەجۆرێک کە چەندەها کلک و گوێیان بۆ دروستکردبوو، بەو سیفەتەی ئەو ئەفسانەیەی گوایە لە زانکۆی ڤێنا دکتۆراکەی تەواو نوســـیبوو و لەبەر شـــۆڕش و کوردایەتی نەیتوانی بوو چەند مانگێک سەبر بگرێت و پێشکەشی بکات و پلەی دکتۆرا وەربگرێت. لە ڕاســـتیدا وەک خـاڵە بەمنی گووت ``بەینی خۆمان بێت مۆپســـی پاشــا گیان، مەگەر شــابازی مچە گەڕ دکتۆرای لە جنێو و بوغز و جڕتدا هێنابێت. ئەو نازانێت بڵێت؛ گووم دێت بە ئەڵمانی، چجای بە ئەڵمانی دکتۆرا بنوسێت``

## ٣

با بگەڕێمەوە سـەر کولتوری ئەم باسـتاردانە. با باسـی ئەم هونەری جنێوفرۆشـی و حەزکردنە لە سـووکردنی ئەویترتان بۆ باسـبکەم، کە ڕەگەکانی قووڵ و خوێناوین لەناو مێژوویی ئەم شۆڕشە کوردییەدا. ئەم جنێوفرۆشیە، شابازی مچە گەڕ بە سەری پیرێتی، گەیاندییە ترۆپک. بەجۆرێک میدیاکارانی قۆچەقانی خانەکەی لەسـەر دروشـمێکی ناشـرین پەروەردە کردبوو کە پێدەگووت ``سووککردنی سووککردن خۆی`` ئەو بەسەر زارەکی بەمیدیایەکەی دەگووت؛ قۆچەقانیخانە و لەناو برادەرەکانیدا بە ``گووخانە`` ناویدەبرد. نەک هەر ئەوە، بەڵکو شـاباز تیۆرەیەکی سـەیری داهێنابوو، ئەوەشـی ناوی نابوو ``سـووککردنی سـووککردن`` ئیدی کە هیچیتر نەدەما لە دونیادا سـووکی نەکات، دەهاتن خۆیان سووک دەکرد. هەربۆیە سەیر نەبوو بەم فەلسەفە گاڵتەجاڕەییە کادێرەکانی نوێیەکانی پەروەردە دەکرد، لە وانەکانیدا بۆ میدیاکاران و کادێرە گەنجەکان باسـی لەو تیۆرەیە کردبوو کە بۆئەوەی گەندەڵی بنەبڕ بکرێت، گەر هاتوو نەیارە سـیاسـەکە هەڵگری هەقیقەتیش بێت دەبێت تا ئێسـقان سـووکی بکەین. ئەمەشـی بەوە ئارگومێنتسـازی دەکرد بەوەی هەموو هەقیقەتێک لەناو دەسـتی نەیاری سـیاسـیدا درۆیە، هەموو درۆیەکیش لەناو دەسـتی ئێمەدا هەقیقەتە... ئەوانەی هەر سـەرەتا، دوای ئەم کۆبوونەوانە گردە غەمبارەکەیان بەجێهێشـت، زۆر زوو لە تۆڕە

کۆمەڵایەتیەکاندا  بەجۆرێک سووککران کە هەندێک لەوانە سەریان هەڵگرت و هەنــدێکیــان لە تــاوا چوونە حزبەکەی مەلاگەورەی دەمگەوهەر و هەندێکیشـــیان تووشـــی نەخۆشـــی خەمۆکی و خەفەبوونی دەروونی هــاتن. ســـەیر لەوەدابوو ئەو کــادێرانەی ســەرپەرشــتی ئەم هێرشــی جنێوفرۆشــییەیان دەکرد، لەفەرهەنگی شـــابازی پیردا بە ``کادێرە ســـووکەکان`` ناویدەبردن. ئاوەها هەموو دەزگاکانی ئەم حیزبانە تا ئەمڕۆ لە قوونی ئەم فەلســەفەی دکتۆر شابازی پیرەوە کەوتنە ناو ئاودەستی سووکردنی یەکتری، کە تاوەکو ئەمڕۆ نەک هەر زیانی مەعنەوی هەبووە، بەڵکو سەدان ملیۆن دۆلار بۆ ئەم ســـووکردنەی یەکتر لە بودجەی گشـــتی بۆ تەرخانکراوە.

بەڵام پێش ئەوەی دووبــارە بچینەوە نــاو گۆلاوی گەنــدەڵی و لگاوچییە ســیاســی و لەشــفرۆشــە بڕیاڕبەدەســت و جنێوفرۆش و مەسینەخۆر و قەیتول و گووشۆرە سیاسیەکان، با کەمێک زانیاری دیکەتان لەسەر خۆم بدەمێ. بۆ هیچ نا، تەنها بۆئەوەی ئەوەتان لێ تێکەڵ نەبێت کە ئەم زمانە پیس و پڕ بوغز و جنێوە، خەیاڵی پیسی منە، نەخێر، بەڵکو ئەوە زمــانی گەنــدەڵییە کە وەک کرمی پیس لەســـەر جەســتەی کوردبوون دەژی. لەوانەشــە ئێســتا بڵێن؛ تۆی ســـەگێکی ڕەچەڵەک ئۆرۆســـتوکراتی ئەوروپی، باپیرە گەورت لە ســـەدەی شـــانزە لە کۆشـــکی  ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی چینەوە هــاتۆتە ئەوروپــا و مێژووییەکی گەورەیــان هەیە لەگەڵ میری نارنجی هۆڵەندی، نەک هەر دەســـەڵاتی کەنیســـەی کاســـیولیکی تێکــدەشـــکێنێــت و پڕۆتســـتــانتیەت جێگیردەکــات، هۆڵەنــدا لە

ئیسپانیەکان و فەرەنسیەکان ڕزگار دەکات، بەڵکو کوڕەکەی دوایی بانگدەکرێت بۆئەوەی ببێتە پاشـــــای ئینگلتەرا، دەبێتە پارێزەری کڵێســـای پرۆتســـتانتیەت لەو دوورگەیەدا. ئەو نەک بە داگیرکەری تەختی پاشا و بێگانە وەسف ناکرێت، بەڵکو لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هاتنی ولیەمی نارنجی کوڕ بە شۆڕشی شکۆداریی لەقەڵەمدەدرێت. ئاوا، تۆیەک کە باپیرە گەورەت لەتەنیشـــــت ولیەمی نارنجەوە لە دانهاخ و لە کڵێسـای دێلف پەیکەری سـەر قەبری بۆ کراوە، باشـە ســـــەگێکی گزگلی وەک تۆ چووزانی کوردبوون چییە؟! تۆ جگە لە سەگێکی جوان و ماڵی نەبێت هیچیتر نیت. سەگێکی ماڵی بچوک و خرپنی، خـاڵە گەورە تۆی لەبەرلینەوە هێنـاوە بۆ کوردســــــتـان و هەموو ژیانت لەناو کۆشک و تەلاردا بەسەربردووە، ئیدی تۆ چی دەزانیت دەربارەی کوردبوون؟!

ئەم پرسیارە بەجێیە و ئێستا منیش مۆپسانە، وەڵامتان دەدەمەوە؛ دیارە من ســەگێکی ئۆرســتۆکراتم کە ســێ زمان  دەزانم؛ ئەڵمانی، کوردی، ئینگلیزی و شـتێک فەڕەنسـی و لێی تێدەگەم. من  لە ماڵی دکتۆر (بنیامین ئێبەرهارد)ی جوولەکەدا گەورە بووم، دوایش یادی بەخێر لای پرۆفیســــۆری مێژووی کورد و کوردلۆژیســــــــت (عەبدولڕەحمان زەردەکی) ژیام کە ناســــراو بوو بە (پاشــــا) و نیوەکەی ترم  کوردێنرا. کە دەڵێم؛ کوردرێنرا، کوردانن بوو نەک فێربوونی زمان. بەڵێ  بووم بە کوردێک، بووم بەســــەگێکی کورد بەهەموو ئـازارەکـانی کوردبوونیەوە، بووم بە کورد لەو تـایپە ڕۆشــنبیرە کلاســیکیەکە، کە کوردبوونی لەلا گەورە و مەزن بوو، کوردبوون لای ڕاکردن بوو لە کوردبوون، بەڵام ڕاکردنێک بوو بۆ پێشەوە، بۆ ناو کوردبوون خۆی...

وابزانم (ئاپۆ) ئەو پیاوە شـــۆڕشـــگێڕە کوردە ڕەســـەنە، کوردی باکووریی کردەوە بە کورد، هەموویانی لە دۆزەخی تورکبوون کردەوە ناو شـکۆ سـەختەکەی کوردبوون، ئەو پیاوە کە زیاتر لە حەڤدە ســـاڵە لە زیندانی تورکەکاندایە، قســـەیەکی بەناوبانگی لە زیندانەوە کردبوو و تا ئەمڕۆش زرینگانەوەی هەیە لە ڕۆحمدا. ئاپۆ گوتبووی ``کوردبوون سەختە و ڕاکردن لێی شەرمەزارییە`` بەهەقەت وایە خۆ ئەگەر کوردبوون نەبێت من بۆ گەمە بەژیانی خۆم دەکەم، چونکە باش دەزانم کە ئەم کتێبی یەکەمی گەندەڵییە، چەندە گرفتم بۆ چێ دەکات، لەوانەشـە پێش مەرگی خاڵە بمکوژن. خاڵەیەکی میهرەبان کە ئێسـتا لە خەسـتەخانەی پێرسـی لە پاریس لە دوا مەنزڵگەی بێ هۆشـــیەتی و کۆی ئەم حیزبە خوێڕیی و حکومەت و مەملەکەتە، بەنـاوی ئەو پیـاوە بێهۆش و زەلیلە بە دەســت ورگە حەزیاکەیەوە، هەڵدەســوڕێت. من دەزانم ئێســتا لە خەسـتەخانەی پێرسـی لە پاریس، ورگە حەزیاکەی پارچە پارچە ئەو قووت دەدات، خوا دەزانێت کەی ڕۆحی لەو ئازارە ڕزگاری دەبێت. جا پێدەچێت گەر ئەم کتێبەم زووتر بڵاوبێتەوە منیش وەک هەموو کوردێکی سەرکێش، کوردبوون سەرم بخوات و لەپڕ بڵێن؛ هەوشـارەکان لەپڕ شـێت بوون و مۆپسـی پاشـایان خنکاند. دوایش، ئەو بەســـتەزمانانە بکوژن کە ســـاڵانێکە خزمەتی خاڵە و حیزبەکەمان، حیزبی سـۆسـیال – لیبرالی کوردسـتانیان کردووە. بەڵام من تازە بووم بەکورد و هیچ کوردێک ناتوانێت لە قەدەری کوردبوونی خۆی ڕابکات، ئاوەها منیش بە ئەو بەرەنگارییە جوانە پڕ لە ئازار و بەختەوەرییەوە، کوردبوونم لەکۆڵم ناوە.

ئاها، دەبینین چۆن وەک ئێوە، فێری قسەی زل بووم، چۆن دەتوانم خۆم بکەم بە پاڵەوان وەک چۆن ئێســـتا شـــنە قۆنەرە، بە دەرپێ کورتە تانگەکەی و لاقە درێژ و قوزە قەحبەکەیەوە پێشـــوازی لە پێشـمەرگە دێرینەکان دەکات. ئەو پێشـمەرگە دێرینانەی بەردەوام لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکـان فۆتۆکـانی زەمەنی گەنجێتی خۆیـان بڵاودەکەنەوە و یـادەوەری دەنوســـن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بە کوردییەکی ڕێنوس خراپ و پڕ هەڵە و خاڵبەندی خراپەوە باسـی ئەوە دەکەن کە چۆن (ئار بی جی) یان بە کاڵی قووتداوە، چۆن وەک حەمەی بلیخانۆفی ئەندام مەکتەب عەســکەری و ســیاســی نوسـیبوویی؛ شــەڕی لەگەڵ دە کۆپتەری ڕووسـی و دوو میراجی فەڕەنسی و سێ پیلادۆز کردووە. کەچی بەم تەمەنە هەڵکشاوەیەوە هێشـتا گووپی لە هەناری شـارەبان ئاڵترە... یان چۆن فەرەی ئامە بەڕەڵا لە کتێبی یادەوەرەیەکانیدا باسـی قارەمانێتی خۆی کردووە. ئاخ لەدەســت ئەم فیفی عەبدەیە ``ئاخ، ســەد ئاخ`` بەدەردی خاڵە هەموو جارێک وایدەگووت، کەس نا فەرەی قووندەر نەبێت، فیفی عەبدەی خوێڕی، باســـی قارەمانێتی بکات. فەریدونێک خاڵە گەورە بە`` یەکەمین گەوادی ڕەســـمی`` ناوی دەبرد، چونکە هەر لەگەڵ دابەزینیان بۆ ناو شـــار و فڕکان فڕکانی ســـامانی ژێر زەوی و سەر زەوی و تالانبردنی ئامێری خەستەخانەکان و کارگەی قیر و شـۆفلی شـارەوانی و گرێدەری فەرمانگەکانی ڕێگەوبان و زۆریتر، کە لەلایەن حزبەوە دەستیپێکرد. ئەم فەرەیە، دەستیدایە کردنەوەی قەحبەخـانە و قومـارخـانە و هۆتێل و مۆتێلی جۆراوجۆر. فەرەی ئامە بەڕەڵای ئەندام مەکتەب سیاسی، یەکەم کاری نۆژەنکردنەوەی بـالاخـانەیەکی زەمەنی بەعس بوو بەنـاوی (هۆتێلی کۆشـــــک)

تەنانەت ئەو ئەسانسۆرە نوێیەی کە لەو بینایەدا دایانمەزراند، ئەسانسۆر و نەفەر بەرزکەرەوەی خەستەخانەی شار بوو کە لەزەمەنی سەدامی دیکتاتۆردا ئامادە کرابوو بۆ خەستەخانەکە. دکتۆر سەرداری حەمەی چەقەڵ کە پێشتر بۆتانم باسکردبوو، ئەو سێ عەمبارەی پڕ بوو لە ئامێری نوێ کە لە زەمەنی بەعسیەکانەوە بۆ نۆژەنکردنەوەی خەستەخانەی شار تەرخانکرابوو، هەمووی ئاودیوویی ئێران و تورکیا کرد، وەک کورد دەڵێت؛ بە نرخی سەلکە توور، فرۆشتیەوە... ئەسانسۆرە گەورەکە کە جێگەی چوار قەرەوێڵەی یەک نەفەری و چواردە نەفەر دەبوو، لە ئەڵمانیا وە هێنرابوو بۆ خەستەخانەی شار، کەچی دوایی لە هۆتێلی کۆشک دایانمەزراند و لەجیاتی ئەسانسۆرە شکاوەکەی هۆتێلەکە ئاڵوگۆڕیان پێ کرد و شکاوەکەیان لە خەستەخانەی شار دانا، تا ئەم ساتەش خەستەخانەکە بێ ئەسانسۆرە. ئاوەها، لەبەرامبەر ئەم ڕەدەڵ و بەدەڵەدا، تا پێنج ساڵی ڕەبەق دکتۆر سەرداری حەمەی چەقەڵ خواردن و خواردنەوە و ساونا و تەنانەت شەوە سوورەکانیشی لە نهۆمەکانی سەرەوە بە پێی فەرمانی فەریدونی ئامە بەڕەڵای مەکتەب سیاسی، بە بەلاش بوو. فەریدون عەزیز کۆنە پیاوەکەی شابازی مچە گەڕ، گەوادێکی لە بەغداوە هێنابوو کردبووی بە بەڕێوبەری ئەم پالاسە تازەیە، ئیدی لە قاتی شەشەمەوە تاوەکو قاتی دەهەم کە دوا قات بوو، بەردەوام بۆ کاروباری گەڵ و گوون و قوونی لێپرساوانی حیزبەکان تەرخان کرابوو. تەنانەت کچ و ژنەکانی یەکتریشیان دەهێنا بۆئەوێ. ئەمەش وایکرد کە فەریدون نهێنی زۆربەیان بزانێت و وەک ئاژەڵێکی حەوت سەرە لە حیزبدا دەسەلات پەیدا

بکات. تەنانەت لە بیزنسـدا کە خۆی بە سـەرکەوتوو تێدەگەیشت، دەچووە هەر تەندرێکی حکومەتەوە بە نرخی پیاز بۆی دەردەچوو و بە نرخی ئەڵماسیش هەر لەوێ دەیفرۆشتەوە. سەیر لەوەشدایە، تەنانەت ئەندامە باڵاکانی حیزبە ئیسـلامیەکانیش لە دەرگایەکی نهێنیەوە لەگەڵ خوشکێکی ئیمانداری بورقا پۆش، خۆیان دەکرد بە هۆتێلەکەدا، بەڵام لەڕێگەی دەرگـایەکی نهێنی کە دەرگـاکە لەنـاو دوکانێکدا بوو دەچووە سـەر بەشـی باخچەی چەپی هۆتێلەکە لە کۆڵانی پشـتەوە. ئەوە دوکانێکی بەقاڵی بوو ڕێک دەچووە سـەر عەمبـارێکی بچوکی هۆتێلەکە و لەوێوە لە ژێرزەمینێکەوە بۆ نـاو هۆتێلەکە، کە ئەمە ڕێگەی سـووری لێپسـراوە باڵاکان بووکاتێک کچی منداڵکار و تەنانەت ژنی یەکتر، یاخود ژنی پاسـەوانەکانیان یان بە پێچەوانەوە ژنانی حیزب دۆستەکانیان بۆ ئەوێ دەبرد...

دیارە بۆ ئەم ئەرکە گرنگە، فەریدون پێوستی بە گەوادێکی عەنابی بوو لەگەڵ چەندەها گەوادی بچوکی تر کە کورد نەبن و لە بەغدا و کەرکوک و موسـڵ و کۆڵانە هەژارەکانەوە کچی بێکەس و بێلانەیـان بۆ بهێنن. بۆ نەگبەتی فەرەی ئـامە بەڕەڵا، بەڕێوبەری هۆتێلەکەی، ناوی (فوئاد عەبدوڵا) بوو، کە لەدوایدا بە (فیفی عەبدە) ناسرا. ئیدی ناوی (فەریدون عەزیز) و (فوئاد عەبدوڵا) لەگەڵ ناوی سـۆزانییەکی هەراشـدا تێکەڵ بوو، کە لە هۆتێلی کۆشـکدا ناوی خۆی نابوو؛ فیفی عەبدەی بەغدایی... تەنانەت شـەوێک لەسـەری بووە شـەڕە دەمانچە و ڕومانە هاویشـتن لە یەکتری، دوایی وەها لەقەڵەمدرا گوایە ئیسلامیە جیهادیەکانی نوسرەتل ئیسلامی سەر بە ڕابەڕی گەورەیان مەلا ڕەنجبەری خوراسـانی، ئەم هێرشـەیان ئەنجامداوە. لەو شـەڕەوە ناوی فیفی عەبدە و فەریدون عەزیز و

زۆرجار لەگەڵ فوئاد عەبدوڵا و فیدی عەبدەی بەغدایی، تێکەڵ دەبوو. جا بۆ سادەکردنەوەی ئەم تێکئاڵانەی ناوەکان، ناوی فیفی عەبدە بەسەر هەردووکیاندا دابڕا....

ئاخ سەد ئاخ، وەرن بمکوژن، کەس نا، تەنانەت فەرەی ئامە بەڕەڵا باسی لە قارەمانێتی خۆی دەکرد و تەنانەت کتێبێکی پێنج سەد لاپەڕەیی لەبارەی خەباتی خۆیەوە نوسی بوو. نوسیبووی؛ لە پێناو بەختەوەری خەڵکدا ڕاکێتی نەتەقیووی فڕۆکە جەنگیەکانی بەعسیەکانی بڕیوەتەوە کە دەکرا بیکات بە سەد پارچەوە، بارووتەکەی دەرهێناوە و کردویەتی بە هەویری قومبەلە و ڕاوەماسی بۆ هەموو گوندەکە و بارەگاکان، پێ کردووە... یان باسی ئەوەی کردووە، کە چۆن مار و بۆقی لە برساندا خواردووە، و زۆر لەم چیرۆکانەی کە دەرئەنجامی سەیرکردنی فیلمی ڕامبۆی یەکەم و دووهەم سەرچاوەی هەڵگرتبوو.

بەمجۆرە ڕمبازێنی بەناوی ڕێکخستنی دێرین و کادێری دێرین و پێشمەرگەی دێرن، بوو بووە ڕۆژانە ژیانی خەڵک و بەچاودادەنەوەی میللەت. بەردەوام لە کەناڵی حیزبەوە لە ژێر تایتڵی (ئەو ڕۆژانەی ئەم ڕۆژە بەختەوەرەیان دروستکرد) بەرنامە و چاوپێکەوتن و دیداری جۆراوجۆر ئەنجامدەدرا. بەڵام وێنە ڕاستەقینەکە لە شوێنێکی تر بوو، هەر ئەوانەی لە وێنەکانی ئەو بەرنامەیەدا بە تەنێک ئاربی جی و بی کەسی و کلاشینکۆفی ڕووسی و ئاڕبی کەی و ژێرسێی ئێرانی دەردەکەوتن، لەدواجاردا هەموویان وەک قاژووی زەلیل و داماو لەبەردەم قوزە بۆگەنەکەی شنە قۆنەرەیەک دەگیرسانەوە، کە لە ئەڵمانیا لەسەر حەشیش و

گانی هەرزان لە قوتابخانە دەریانکردبوو.  شـــنەیەک لەگەڵ باوکە کۆنە موخابەرات و مەکتەب سـیاسـییەکەی (زەبور ئەڵمانی) هاتە ئەم کۆشکە و ئێستاش هەموو سمێڵ بابڕەکان، هەموو پاڵەوانەکان، هەموو قارەمانە ئەفسانەییەکان، زەلیل و دۆش داماو، برسیکراو و لەژێر فشاری بێپارەیی و زەلیلکردندا، بە ناچاریی بۆ نێزیکبوونەوە لە گەلاڕێزانی شـــەش قوز و هوما جیڕی خێزانی خاڵە بە کاژێر، نەخێر، چەندەها ڕۆژ دەهاتن و دەچوون و لەبەردەم ئۆفیســەکەی شـــنە قۆنەرە و ناوگەڵە بۆگەنەکەی چاوەڕێی چاوپێکەوتنێکی پێنج خولەکیان دەکرد... سـەیر لەوەشـــدایە کە دەچوونە ژوورەوە نەیدەهێشــت دانیشــتن و هەر لای دەرگاکەوە ڕایدەوەسـتاندن و نەیدەهێشـت بێنە پێشـەوە، وەک ئەوەی سـالانی شـەڕکردنیان لە دژی فاشیزمی عەرەبی، سالانی بۆگەنبوون و گەڕوگوول بوونیان بوو بێت. ئاوا، لەبەردەمیدا نیوە کۆماوە و نیوە زەلیل، فایلێکی سەوزیان لەبن هەنگڵدا بوو، بە چاوێکی پڕ ترسەوە چاوەڕێی ئەوە بوون  تاوەکو شـنە قۆنەرە لە تەلفۆنەکەی دەبۆوە. خۆ ئەگەر لە سووچێکدا فۆتۆی ئەو ڕاوەستانەیان لەبەردەم ئەم بونەرە گەندەڵە بچرکێنیت و بەراوردی بکەیت بە ئەو فۆتۆیانەی ئەم قارەمانانە دێرینانە لەســەر والی فەیســبوکی خۆیان و بەرنامەکانی تی ڤی حیزبدا بڵاوکراونەتەوە، هەرگیز بڕوات نەدەکرد کە ئەم دووانە، نە لە ڕۆحی ئازاد و نە لە جەسـتە و ڕاوەسـتان و تەماشـادا، هەمان کەس بن. ئەمیان مرۆڤێکی پڕ شکۆ و ئەویتریان مرۆڤێکی تێر بوو لە زەلیلی.

بەڵام  دەبێت ئەوەش بڵێم، ئەوانەی کە هێشـتا شـکۆمەندی خۆیان نەدۆڕاندووە، هێشــتا وەک من، مۆپســی پاشـــا،  شـــانازی

بەکوردبوونەوە دەکەن، ئەوانیش بەجۆرێکی تر زەلیلن، ئەوانە بە قەولی خاڵە؛ زەلیلی ئەم میللەتە بێقیمەتەن، کە گەندەڵیان لە نێو خۆیاندا نێوەکی کردووە. وەک چۆن ژنێک بە لێدانی مێردە تەعداکەرەکەی ڕادێت و کە مێردەکەی دەمرێت شوو دەکاتەوە بە پیاوێکی هێمن، بەڵام دوای ماوەیەک لە هێمنی بێزار دەبێت و چیتر ئەو هێمنیە بە سیفەتی پیاوەتی تێ ناگات، تا وای لێ نەکات تێیهەڵدا دڵی ئاو ناخواتەوە. خۆ گەر ئەو پیاوە وا نەکات، ئەوا گەر سوێشی بێتەوە گانی ناداتێ، تەنانەت گان دەدات بەهەرچی چەورە و سەرسەری هەیە بەڵام گان نادات بە مێردە هێمن و لەسەرخۆکەی. بەسادەیی، ئەو لێدان و توندوتیژییەی نێوەکی کردووە، بۆتە بەشێک لە کولتوریی، بۆتە بەشێک لە ژیانی ناوەوەی... ئاوەها ئەم میللەتە بێ قیمەتە، بە گوزارشی خاڵە و ئەم مەکتەب سیاسیە دایکخۆگییانە، فێربوون پیاوی گەندەڵ و سەرسەری وەک شابازی مچە گەڕ و فیفی عەبدە بپەرستن، ئەوەی لێیان دەدات و ئەوەی لێیان دەخوات لایان خوایە و دەیپەرستن. بەمجۆرە لەناو ئەم ژینگە نەخۆشەدا، شۆڕشگێڕە دێرینەکان، کادێرە چەپەکانی سەدەی بیست، برسی و ماندوو و هیلاک بەدەست بژێوی ژیان و کولتوری گەندەڵیەوە. هیلاک بوون بەدەست کولتورێکی گەندەڵی کە کە چواردەوریان لەنێو خۆیاندا نێوەکیان کردووە. بەمجۆرە؛ منداڵەکانیان، ژنەکانیان، دراوسێکانیان، فەڕاشەکانی بەردەرگەی فەرمانبەرە گەورەکان، تەنانەت شۆفێری پاسەکان، تەنانەت دوکاندارەکانی گەڕەکیش، ڕۆژانە زەلیلیان دەکردن. بۆ نموونە ژنەکانیان پێیاندەڵێن؛ شۆڕش سەلکە تورێکی نەکرد بۆ ئەم ماڵە. دوکانداری گەڕەک کە داوای

قەرزەکانیان دەکەنەوە دەڵێن؛ خەڵک لەڕێگەی حزبەوە بوو لۆرد و ئێوەش بوون بەڵا بۆ ئێمە. شـــۆفێرەکان هەر کە پارەی نەفەرێک کەمی دەهێنـا و ئـاوڕیـان بۆدواوە دەدایەوە کە دەیـانبینی پێشمەرگەیەکی کۆنی خانەنشینی لە پاسەکەدایە، دەستیاندەکردەوە بە ئـاژۆتن و لەبەر خۆیـانەوە دەیـانگووت؛ تڕحێو لە بـارگریری دێرین، کە پارەی پاسـت پێ نییە بۆ شـۆڕشـت کرد... ئاوەها هەر کارێکیان دەکرد، پێیاندەگووتن؛ کەوەرتان بفرۆشتایە باشتر نەبوو. یاخود گەر بازاڕ بەهۆی بێ مووچەیی و قەیرانەوە کزی دەهێنا، لە بازاڕدا ســـەوزە فرۆشـــەکان پێیاندەگووتن؛ بەخێر نەیەنەوە بۆ خۆتان شـۆڕشـتان، ســەدامتان بۆ ئەم حیزب و دز و حیزانە لەم شـــارە دەرپەڕانـد... هەموو ئەمـانە، ئەوانی دەکردە نموونەی شـاگردی ئەو وەسـتا نارەسـەنانەی کە هەر کەس بهاتایە شـەقی تێهەڵدەدان. بەڵام وەسـتاکان لە کۆشـک و ئۆفیسـە گەورەکانیان و لە پشت ئۆتۆمبێلە جامڕەش و پاسەوانە دڕەکانەوە بوون، و نەک نەدەهاتنە ناو بازاڕ، بەڵکو لەوەتەی لە شـاخ دابەزیون بازاڕکردنی خۆیان لە دوبەیی و قەتەر و ئەستنبول و پاریس و لەندەنە، شـەق و فشارەکانیش بەر دێرینەکان دەکەوێت.

من بیرمدێت، کە خاڵە نەخۆشـــی هیلاکی کردبوو، کاتێک ورگە حەزیاکەی وای کردبوو سـاڵانێک قاچی خۆی نەبینێت، کاتێک شـنە قۆنەرە بە دەســـتێک و گەڵاڕێزانی شـــەش قوزی خەســـویی بەدەســـتێک و خزمەتکاران بەدەســـتێک خواردنی بەلەزەت و پاقلاوەی دانسـقە و ویسـکی ئایرلەندی بە دوکەڵ قەترێنراویان، بۆ دەهێنا. ئیدی خاڵە لە تاوا وەک بەندکراوێکی بەختەوەر، ژیانی لەم

کۆشــکەدا بەســەردەبرد. تەنانەت کوڕە نەمســاوییە خوێڕییەکانی گەڕابوونەوە و لەســەرخۆ ســواری پشــتی دەزگای میدیایی حیزب بوو بوون. کۆی دەزگای ئەمنی حیزب و حکومەتیش دەمێک بوو، چووبوونە ژێر دەستی شـەش لەشـفرۆشـەکەی گەلاڕێزان خانم، گەواد و مەســینەخۆرەکان بوونە پلەدار لەدەزگا ئەمنییە تازەکاندا. ئاوەها، لەم تۆڕە جاڵجاڵۆکەیە ئاڵۆزەدا، پەیتا پەیتا پێشـــمەرگە دێرینەکان، ڕێکخســـتنە دێرینەکان، کادێرە دێرینەکان دەهاتن و گلەیی حاڵی خۆیان لای خاڵە دەکرد، خاڵەش لیســـتێکی لای خۆی دروســـتکردبوو، ناوی هەموویانی دەخســـتنە ناو فایلەکەیەوە. لەو چاوپێکەوتنە کورتانەدا هەر وەڵامی خاڵە ئەوە بوو``ئم، ئم، وایە، ناهەقییە، بە ســـەید ماجید دەڵێم`` ئیدی دەســـتیان دەکرد بە گێڕانەوەی زەلیلی ڕۆژانەیان...

ڕاتیتـان دەوێـت، من گەواهی ئەوە دەدەم، کە خـاڵە گەورەی میهرەبـان ئەوەنـدە کـاریگەر دەبوو بە چیرۆکی پێشـــمەرگە دێرینەکانی، هاوڕێکانی شاخی، بەجۆرێک لەگەڵ گۆڕانی هۆڕمۆنی لەشـــی، من یەکســـەر بۆنی گۆڕانی ئارەقەی لەشـــیم دەکرد و دەستمدەکرد بەوەڕین. ئیدی بە پێی دەستور و یاسای ئەم حیزبە دەبوایە قسەکەر کۆبوونەوەکە دەستبەجێ کۆتایی پێ بێت... ئاوەها پێشـمەرگە دێرینەکان کە زۆربەیان لە ژێر نەخۆشـی شـەکرە و فشاری خوێن و نەخۆشی دڵدا دەیانناڵاند، یان قاچێکیان پەڕی بوو یان چاویان کوێر بوو، تەنانەت یەکێکیان بیسـت سـاڵ بوو داوای لووتێکی پرۆتێزەی دەکرد کە پێیان دەگووت `` لووتی ســەناعی`` و نرخەکەی پێنج سەد دۆلار بوو، بەڵام سەید ماجیدی تسلیدەری حیزب لەبەردەمیانـدا دەپـاڕایەوە و دەیگووت ``حیزب بەردەوام

ســـکی خۆی هەڵدەگوشـــێت`` و هەموویان بەزەلیلی دەچوونە دەرەوە، چونکە دەیـانزانی ســـەید مـاجیدی هـاوڕێی خـاڵەش دەســەڵاتی نەماوە و دەمێکە گەلاڕێزان و لەشـفرۆشـەکانی وەک شنە قۆنەرە، پەڕوباڵیان کردووە، و پارە سەرفکردن بێ ڕەزامەندی ئەوان ڕوونـادات. کە دوایـی لە خـاڵە بـێ ئـومـێـد بـوون و بۆیاندەردەکەوت خاڵە کراوەتە بووکە شــوشــەیەکی قۆقزی، هەر دوای بینینی خاڵە گەورە و فڕێدانی فایلەکانیان بۆ ناو تەنەکەی خۆڵ، لە کۆشکدا دەچوونە لای حسە گووشـۆری خاڵە، کە ئێستا قاتی ئیتاڵی نەبێت لەبەری ناکات و بۆتە (مامۆســـتا حوســـێن قارەمان) و ڕۆڵی سکرتێری شنە قۆنەرە دەبینێت. ئێستا بەلای خاڵەدا نایەت و بۆتە گووشۆری شنە قۆنەرە. هەربۆیە، پێشمەرگە و ڕێکخســتن و کادێرە دێرینەکان دەچوون لای ئەو دەپاڕانەوە بۆ چـاوپێکەوتنێکی نێزیکی شـــنە قۆنەرە... ئـاوەهـا، ئەمـانەی لە کۆنفراسـی یەکەمی دامەزراندنی حیزبماندا لێیان پاڕانەوە بچنە ناو حزبە نوێیەکەمان سـۆسـیال لیبرال، ئێســتا وەک زبڵی هەڵڕژاو، خۆیان لەبەردەم حســـە گووشـــۆر و ناوگەڵە بۆگەنەکەی شـــنە قۆنەرەدا دەبینیەوە.

چارەنوسی منیش وەک پێشمەرگە و کادێرە دێرینەکان زیاتر نییە، وەک پێشـــمەرگەیەکی دێرینی ڕاســـتەقینە و دوای کەوتنی خاڵە گەورە لە خەســـتەخـانەی پێرســـی لە پـاریس، ئـاوا منیش فەرامۆشکراوم و تەنانەت ژوورە پاشایی و قەرەوێڵە ئاڵتونیەکەشم داگیرکراوە و ئەم شـــنە قۆنەرەیە لەســـەری دەخەوێت. نەک هەر ئەوە، بەڵکو جارجارە پاسەوانێکی گەنجی جوانی لیوای پارێزگاری دەهێنێتە ژوورەکەمەوە و لەســەر قەرەوێڵەکەم لەگەڵیدا دەخەوێت.

ئاخ ســـەد ئاخ، جاران تەنها خاڵە بۆی هەبوو بێتە ژوورەکەم و دانیشــێت لەتەنیشــتم و گفتوگۆبکەین. کەچی ئێســتا، ئەو هەرچی هەتیوە لوســکە و چەورە و مەســینەخۆر هەیە لەســەر قەرەوێڵە ئاڵتونیەکەم ســـواری خۆی دەکات، دوایش وەک گۆرەوی بۆگەن فڕیـانـدەداتە تەنەکە خۆڵی حیزب و حکومەتەوە. بەڵام ڕاســـتی فڕێـدانێکی بەختەوەرانەیە بۆ چەورەکـان، چونکە پلەکەیـان بەرزدەکـاتەوە بۆ ئەفســـەر بێئەوەی چووبێتن بۆ ئەکـادیمـای عەسـکەری. پلەکەیان دەکرێتە بەڕێوبەری گشـتی بێئەوەی ڕۆژێک لەو فەرمانگەیەدا کاریان کردبێت. تەنانەت دەکرێن بە بەڕێوبەڕی قوتـابخـانە بێئەوەی لە کۆلێژی پەروەردە یـان هەر کولێژێکیـان خوێندبێت. تەنانەت ئێســتا زۆربەی ئەو نەقیب و ڕائید و لیوا و بەڕێوبەڕ و ســەرۆک دەزگا نوێیانەی دامەزراوی شــنە قۆنەرە و گەڵاڕێزانی شــەش قوزن، جۆرێک دەســەڵاتیان هەیە، کە ئەفســەرە ڕاسـتەقینەکان، تەنانەت ژەنراڵ و لیوا و عەقیدە مەسـلەکییەکان و هەموو کادێرە دێرینەکان، بێ ئیمزا و شۆرەتی ئەوان دەست ناکەن بە ئاودا. بێگومان لە ناو ڕارەوەکانی ئەم کۆشــک و حیزبشـــدا و لەفەرهەنگی حیزبماندا بە نەقیب و ڕائید و (لیوا قوزەکانی ئاسـایش و دەزگـا) نـاســـراون. نەک هەر ئەوانە، بەڵکو هەر یەکێک بە ڕێنمـایی شـــنە قۆنەرە و گەڵاڕێزان خـانم و دەزگـاکەی پلەیـان بەرزکرابێتەوە، ئەوا وشـــەی قوزی پێوەدەلکێنن، ئیـدی ئەمە مارکەیەکە بۆ بوون بە وەزیر و جێگری ســـەرۆک وەزیر، کە بە وەزیرە قوزە و جێگرە قوزە ناوی دەبەن.

## ٣

بەمجۆرە ئاوا منیش وەک هەموو یەکێک لەو شۆڕشگێڕە دێرینانە فەرامۆشـــکراوم و دەردی کوردبوون و شـــکۆی کوردبوون منی کردۆتە ئاوارەی ماڵی خۆم. چونکە ئێســـتاش،بەم زەلیلیەم، گەر شنە قۆنەرە یان شابازی مچە گەڕ، یان کۆنە جاش و بەعسیەک لێم نێزیک بێتەوە، بۆنی پیســیان دەکەم و پێیاندەوەڕم. ئاوا منیش وەک ڕێکخســـتن و پێشـــمەرگە دێرینەکان فەرامۆشـــکراوم، هەر سووچێک هەبێت لێی دەخەوم و هەر خۆڵێکی ئەم کۆشکە ببینم بە مەجبوری دەبێت بەدووی خواردندا بگەڕێم. بەڵام شـــادومانم بەوەی هەڵنەهاتووم لە کوردبوون، ئەوەتا ئێســـتا ســـەرکێشـــی بەژیانمەوە دەکەم و ئەم یادەوەریانەم دەنوســـمەوە و قوتابییە بەوەفاکەی پاشای کوردایەتی، پرۆفیسۆر عەبدولڕەحمان زەردەکی و خاڵە گەورەم...

وەک دوایی باســمکرد بۆتان، من لەگەڵ (پاشـــا) دا دەژیام و ئەو خاوەن و مامۆســـتای کوردایەتیم بووە، بەجۆرێک  کە ئێســـتا من نازناوی ئەوم هەڵگرتووە. جاران کە لای پرۆفیســۆر بووم هەر بە (مۆپسی) بانگدەکرام، بەڵام دوایی کە خاڵە هاتە ژیانمەوە، بەتایبەت لە ئەو ڕۆژەوەی بووە هـاوڕێی و خـاوەنم  و پێکەوە فۆتۆ بەناوبانگەکەمان گرت لە ســـتۆدیۆ بەناوبانگەکەی  فۆتۆگراف و هاوڕێی تەمەنی خاڵە (هانز شـــنایدەر). ئیدی  دوایی ئەم فۆتۆیە و دوای ئەوەی دەستکێشە ژەهراویەکی جەمالی تەورم ئاشکرا کرد،

به مەرسومێکی دەستوریی ناوی من لە دەستوردا هات و پاشان لە هەموو دەزگایەکی ڕەسمی و حیزبی ئەم مەملەکەتەدا فۆتۆکەی من و خاڵە هەڵواسرا. فۆتۆیەک تێدا دیارە کە چۆن خاڵە منی لە باوەشدایە و بۆ دونیا پێدەکەنێ و هیوا دەبەخشێت بە کوردان، ئیدی لەو ڕۆژەوە من بە (مۆپسی پاشا) ناوبرام. پڕۆفیسۆر عەبدولڕەحمان زەردەکی، ناسراو بە پاشا، ئەڵمانیزانی پلە یەک بوو ، لاتینیزان، فەڕەنسیزان، ئینگلیزیزان و هەورامیزان و زازاییزان و شارەزای هەموو شێوازی دیالەکتیکی کوردی کورمانجی و سۆرانی بوو. تەنانەت لە فەرهەنگە گەورەکەیدا شێوەزاری یەکگرتووی داهێنا بوو کە ناوی نابوو (سورمانجی) کە تێکەڵەیەک بوو لە کورمانجی و سۆرانی. ئەو پاشای کوردانەی هەموو شتێک بوو، دار و بەرد و گەڵا و سروشت و خواکان، وەک خاڵە دەیگووت ``شانست هەبوو مۆپسی پاشا گیان، کە قوتابی ئەو زاتە گەورەیە بوویت، ئەو لەسەر دەریایەکی گەورەی زمان و مێژووی کورد ڕۆنیشت بوو``

من لای پاشا گەورەبووم و تا ئەو ڕۆژەی پڕۆفیسۆر دڵی لە لێدان کەوت و خاڵە گەورە بووە خاوەنی میهرەبانم. من لە خانە دوو ژوورییە تەنهاکەیدا تاکە هاوەڵی بووم. زۆربەی کات کە خەریکی نوسین بوو، بازم دەدایە کورسیەکەی تەنیشتی کە تایبەت بۆ منی دانابوو، خێرا دەیکردە باوەشم و باسی ئەم سیاسیە تاوانبارانەی بۆ دەکردم کە ئێستا ئەم میللەتە بێچارەیە بە دەست خۆیان و باستاردەکانیانەوە، زەلالەتیانە. بێگومان دوای ئەویش خاڵە گەورەی میهرەبان بووە خاوەنم، کە تاوەکو ئەمڕۆ لە خەستاخەنە پاریسیەکە کەوتووە و هەناسە دەدات و داوا لە خوای میهرەبان

دەکەم ڕۆحی من دەرکێشـێت و بیخاتە سـەر تەمەنی ئەو. ئەوانە مـامۆسـتـام بوون، هەربۆیە لێرە و لەوێ، لە ئێوارانی مـاسـی برژاندنەوە بیگرە تاوەکو کۆبوونەوەی کوتلەکانی خاڵە گەورە لە ژوورەکانی ئەم کۆشـکە و غەیبەتکردنەکانی نێوان هوما خان و گەلاڕێزانی شـەش قوزی زڕدایکی هوما خانم و گێڕانەوە و پرتە و بۆڵەکانی شـیروانی کەتەری سـەگەوان و هەوشـارە خوێڕییە چەورەکەمان (عوسـە کوێری کرماشـانی) کە جارجارە شـابازی مچە گەڕ دەیبرد بۆ گردە غەمبارەکەی و لەگەڵ هەوشـارەکانی خۆی خەڵکی پێ لەتوپەتدەکردن... لە هەموو ئەم سـەرچاوانەوە چەندەها زانیاریم لەسـەر ڕەگە دوورەکانی ئەم دەمپیسـی و نەخۆشـی جنێوفرۆشـیەی شـابازی مچە گەڕ و ئەم سـیاسـیە دایکخۆگێیانە بۆ ئاشـکرا بووە. ئەو جنێوفرۆشـییەی کە ئەم میللەتە بۆ سـەد سـاڵی دیکەش لەژێریدا دەناڵێت و ئێسـتـا، وەک سولەیمانیەکان دەڵێن؛ کەوەریی بۆتانی دەجنم و بۆتانی باسدەکەم.

وەک پێشتر ئەو پرسیارەم کرد کە ئەم حەزەی شابازی مچە گەڕ بۆ بوغز و جنێو و ڕق لەکوێوە هاتووە؟ بێگومـان لای ئاژەڵانیش هەموو شـتێک دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی. ئەوەی لەمنداڵیدا پێی گۆش بوویت لە گەورەیتدا زەحمەتە تەرکی بکەیت. هەرچەندە ئەم قسەیە سـادە و سـاکار دێتە بەرگوێ و ئێسـتا سـەدەها کەس دەمم لێ دەکەنەوە و دەڵێن زانسـتەکانی دەروون و پەروەردە پێچەوانەی ئەوەیان سـەلماندووە. دەوروبەر کاریگەری گەورەی هەیە لەسـەر مرۆڤ، کەی دەوربەر گۆڕا ئەوسـا مرۆڤ هەڵسـوکەوتی

لەدۆخێکەوە دەچێت بۆ ئەویتر. بەڵام ئەمە لەگەڵ هەندێک مرۆڤدا ناخوات، ئەوانە بەچییەوە لەدایکبوون، بەوەشـــەوە ســـەردەنێنەوە. ئەوەی لەنــاو گۆلاودا گەورە بێــت لە بــاخـچەی گـولانــدا بە تەنگەنەفەســی دەمرێت، ئەوەشـــی لە ناو گولّزاردا گۆش بووبێت، بەرگەی تسی پیرێژنێک ناگرێت. ئاوا خاڵە گەورە، لە تیۆرەی (دەم و قوون)ەوە دەیگووت`` لە کوێدا قوونت دانا یەکمجار لەوێدا قوونت بۆ ئەبەد خەفە دەبێت`` جا بەو پێیەی تیۆرەکەی خاڵە بێت شــابازی مچە گەڕ، لە ناو شــەڕە جنێوی دایکی و لێدانی براکانی کە دوایی یەک بە دوای یەکیان دەکوژێت، قوونی خەفە دەبێت و بەو خەفەتەوە دەمرێت... دیارە کوشـــــتنی براکانی هیچتر نەبوو، تەنها بۆ ئەوە بوو کە دایکی بە خەفەتەوە ســــەربنێتەوە، بۆئەوەی پیرێتی بە هێمنی تێپەڕ نەبێـت، وەک چۆن گەنجێتی بە ئەشـــکەنجەدانی دەروونی شـــاباز و براکانی بەســـەربرد. بەڵام کوشـتنی براکانی بووە ئەفســانەیەک و پیاوە خوار و خێچەکان و چەقۆکێشـەکانی دەیانگووت؛ بەعسیەکان لە تۆڵەی شـاباز جەرگی دایکی دکتۆر شـابازی شـۆڕشـگێڕیان، سـووتاند... بەمەش هەموو پێشمەرگە و کادێرەکانی کە دەیانبینی خەم بەڕووخسـاریەوە نییە، ئەوەیان لە دڵدا دەگەشــــایەوە کە ورەی بەرزە و نایەوێت دڵی بەعســــیەکـان خۆش بکـات و بێبـاکە بەرامبەر دوژمن. بەڵام لە ڕاستیدا هەردوو براکەی کە لە شـەوێکی میوانی ناو خۆیاندا چەند چەکدارێک هەڵیانکوتابووە ســـەریان، تەنانەت ڕومانەی دەســـتیان خستبووە دەمی منداڵە بچوکەکانیشـەوە و دەسـتڕێژیان لەو کولانە کۆترەش کردبوو کە لە هەورەبانەکەدا هەیانبوو. کە دایکی شـــاباز ئەوەی بیستبوو لە گەڕەکی ڕووتاندا هاواری کردبوو ``شێرە گەڕ

ئەوەشــی کرد`` تاوەکو شــەوێکیان هەڵیانکوتایە ســەر ئەویش و پەردەی گوێچکەیـان تەقـانـد و  زمـانیـان بڕی و بە کەڕ و لاڵی سەری نایەوە.

تراژیدیای کوشـــتنی براکانی و خێزانەکانیان و زمانبڕینی دایکی وەک ئەفسانەی خۆڕاگری لە نامیلکەکانی شـۆڕشـدا باسـدەکرا. کە خـاڵەی ئەمەی بۆ دەگێڕامەوە من دەملوورانـد، خـاڵەش قـاقـا پێدەکەنی`` ئێمە لەوســەریەوە هاتبووینەوە مۆپســی پاشــا،  بەڵام من وا خۆم نیشـــاندا کە ئاگادرای هیچ نەبووم. دەمزانی ئەو خۆی لە ژێرەوە بەعســـییەکانی ئاگادار کردبۆوە، هەر ئەوانەی لەگەڵیدا بوون  بۆیان گێڕامەوە کە بەبێ تەل قسـەی لەگەڵ  وەتبان تکریتی هاوڕێی کردبوو. هەربۆیە شەوی ڕووداوەکە،  کەمینی دەوروبەری شــارەکان  فەرمانیان پێ درابوو  ڕێگری لەو مەفرەزە تایبەتەکەی شاباز نەکەن``

بە پێی گێڕانەوەکانی خاڵە بێت، چەند ڕۆژێک پێشتر  شابازی مچە گەڕ بەیەکێکدا هەواڵی بۆ  براکەی ناردبوو کە ســبەی شــەو بچنە ماڵی برا گەورەکەی، ئەو لە شـــارە و لەفرســـەتێکدا ســـەردانیان دەکات. هەر ئەو شەوە مەفرەزە تایبەتەکەی ناردبوو کە پێکهاتبوون لە ســـەرداری شـــفتە و  حەمە قنگدڕاو و مچەی خوشـــک حیز. مەفرەزەکە بەســـەرپەرشــتی جەمالی تەور، لە مقەڕی فەرەی ئامە بەڕەڵاوە  دابەزینە ناو شـار، و ئەو کارەیان ئەنجامدابوو.  پاشـان گەڕابوونەوە بۆ مقەڕەکەی فەرەیدون عەزیزی ئامە قوزدەر کە لە دوای دابەزینان بۆ شـار بە فیفی عەبدە و گەوادی ڕەسـمی حیزب لەم کۆشکەدا دەناسرێت.  خاڵە کە ئەمەی  بۆ باسکردم سەیرێکی ناوچەوانی منی کرد، بینی  کە وردە وردە گرژ دەبووم، و مڕەمڕم

بوو. ئەویش قـاقـا پێکەنی و قوومێکی پێکی لەویسـکیەکەی دا گووتی`` مۆپســی گیان لە گاڵتە نەبوومە خاڵە گەورە، دەبێت چاو لەمە بنووقێنم بۆ ئەوەی لە قوونی ئەویترەوە هێلکەی ئـاڵتوونی بێتە دەرێ``

دەڵێن، دایکی شـاباز تا زمانبڕینی و مردنی، بە شـابازە گەڕ بانگیدەکرد، هەربۆیە شاباز هەرگیز باسی ناکات و ئێستاش کەس نـازانێـت لە کوێ نێژراوە و هەر کەسـێکیش بـاسـی دایـک خانەوادەکەی بکات، دەرخواردی هەوشـارەکانی گردە غەمبارەکەی دەدات...

وەک خاڵە بۆی گێڕامەوە شـابازی مچە گەڕ هەندێک جار دڵی بۆ کردۆتەوە و گوتوویەتی ``چاوم لەو بوغزخانەیەی دونیادا کرایەوە و ڕۆژێک دێت ئاسـەواری نەهێڵم`` لە ڕاسـتیشـدا وایکرد، بە درێژایی ئەو بیسـت سـاڵەی شـۆڕش گەورەترین ژمـارەی ڕەشـبگیری ئەمن و ئیسـتخباراتی بەعس لەو گەڕەکەدا ڕوویدا. تەنانەت ئەوانەی دەمێک بوو گەڕەکیان بە جێهێشتبوو دەدۆزرانەوە و لە بەرەبەیاندا بەعسیەکان هەڵیاندەکوتایە سـەریان و لە زینداندا بێکەس کوژیـان دەکردن. تەنـانەت ئەوانەی کە چووبوونە ڕیزی حیزبەکانی ترەوە لە شـاخ، بە نامەی شـابازی مچە گەڕ ژێر بەژێر لە شـەڕی پارتیزنیدا لە پشـتەوە دەیانکوشـتن. شـاباز نەیدەویسـت کەس مێژوویی (حەبێی تەقی) دایکی و چیرۆکی مردنی بـاوکی بزانێت. هەموو بازنەکان بەدەوری ئەواندا لە خزمەوە بیگرە تاوەکو دراوسـێ بە درێژایی بیسـت سـاڵ، بە ڕووداوی جۆراو جۆراو لەناو دەچوون.

وەک خاڵە بۆی گێڕامەوە؛ زۆرجار کە سـەدام لە هەشـتاکاندا لە سـەردانەکـانیـدا بۆ نـاو خەڵـک لەسـەر ڕووبەڕی تیڤیەکـان دەردەکەوت، کۆمێنتی شـاباز لەسـەر سـەدام ئەوە بوو`` کەس نازانێت باسـتارد چ ئازارێک دەکێشـێت، ئەوەی یەکجار بە زۆڵی لەدایک بێت بۆئەبەد بە خەمی زۆڵبوونی خۆیەوە دەمرێت``

خاڵە گەورە گووتی `` دەزانی مۆپسـی پاشـا گیان، دەمزانی باس لەو تەمە غەمبارە دەکات کە بەسـەر ڕووخسـاری سـەدامی باستاردەوە دیاربوو، غەمبارییەک لە دانوستانی هەشتاکاندا جوان دیقەتم دا، کە ڕووبەڕوو بەرامبەریـان دانیشـتبووم، ئەوانەی لەتەنیشت یەکترەوە دانیشتبوون وەتبان تکریتی برای سەدام و و عەلی حەسـەن مەجیدی کیماویی و شـابازی مچە گەڕ بوون، لە سـەرەوەش سـەدامی زۆڵ دانیشـتبوو، هەرسـێکیان لە هێمنی و غەمی سەر ڕوویان وەک زۆڵی ئەبەدی لەیەکتر دەچوون، دیاربوو هەر چواریان نەیاندەزانی چ کێرێک ئەو شـەوە تفی کردۆتە قوزی دایکە قەحبەکانیانەوە``

ببورن، سەد جار ببورن، ئەمە قسەی من نییە، ئەمە قسەی خاڵە گەورەیە کە هاوڕێی چل ساڵ تەمەنی شاباز بووە. ئەو باسی زۆڵ کەوتنەوەی شـاباز و چیرۆکی خانەوادەکەی بۆ دەکردم کە چیتر ئێستا ئاسەواریان نەماوە، وەک داینـاسۆری چاخی سەهۆڵبەندیی لەناوچوون. سەیر لەوەدا بوو سەرقاڵی شاباز لە دوای ڕاپەڕینەوە بە دروسـتکردنی کوتلەیەک و دەسـتبەسـەراگرتنی بەشـێک لە دەزگاکانی حیزب وای لێ نەکردبوو چاو لە گەڕەکی منداڵی خۆی بپۆشـێت، ئەو گەڕەکەی هەموویان دەیانزانی شـابازی مچە گەڕ و براکانی، منداڵی زۆڵی ئەو سەرسەریانەی ساڵانی پەنجاکان بوون،

کە بەسـەر حەبێ تەقی دایکیدا تێپەڕی بوون. هەربۆیە شـاباز ئەو گەڕەکەی ناو نابوو؛ بوغزخانە... ئەو بوغزخانەیە لە ڕاسـتیدا ناوی (گەڕەکی ڕووتەکان) بوو. گەڕەکێک، پڕی بوو لە هەژاری و ونبون، جڕت و جنێو و شـەڕە تێڵا و شـەڕە چەقۆ و دزیکردن لەیەکتری. زۆربەی چەتەکانی شـار، لەشـفرۆشـەکان، فاڵگرەوەکان، کۆلکە مەلاکان، پیاوکوژەکان، جڕتلێدەرە بەناوبانگەکان، لگاوچییەکان، قووندەرە شـارەزاکان، دوودەگیی و قۆڵبڕە ناوازەکان، کۆترەباز و هەتیوباز و چەورەکان و گەوادەکان و دەروێشـە زەرگ لەخۆدەرە شارەزاکان و فاڵگرەوە، و تانەت ئەو جادووبازانەی هێلکەیان بەو کەسـانە دەکرد، کە بۆ ناسـینی دزی ناو ماڵەکانیان هاتبوون سـەیری ئاوێنەکان بکەن. یاخود باشـترین گوولی شـار و گڕووێی ئەم کورسـتانە لەسـەر سـووچی کۆڵانە پێچاوپێچەکانی گەڕەکی ڕووتەکان دەبینران. هەندێک لەمانە، تاوەکو ناوەڕاستی هەشتاکان مابوونەوە، بەعسیەکان بۆ دنەکردنی شۆڕش و شابازی مچە گەڕ، خانوویان بۆ دەگرتن و کرێی خانووەکانیان لەلایەن (مەنزومەی شـیمالی حزبی بەعس) وە بۆ دەدرا، بۆ هیچ نا، تەنها بۆئەوەی ئەوە بهێننەوە بیری شـاباز کە چ باسـتاردێکە و نابێت خۆی لێ بگۆڕێت... بێگومان ئەم زانیارانە قسەی خاڵەیە کە دەیگووت؛ ئەمە دەقی نامەی وەتبان بووە بۆ شـابازی مچە گەڕ و شـابازیش بە مەزندەی ئەقڵی خۆی لە خاڵەی شـاردۆتەوە و لە پشـتەوە لەگەڵ بەعسـیەکاندا گەمەی خۆی کردووە. ئەم نامەیە وەک خاڵە بۆی گێڕامەوە، ئەو کاتە هاتبوو کە شـاباز بۆ نەشـتەرگەری پشـتی ڕێک لە شـاخەوە بۆ ئێران و لەوێوە وەک ماسـی، بۆ کەناری ڕووباڕی دانووب گەڕایەوە بۆ ڤێنا... ئەو زەمەنە مەلا سـەعیدە

پیرەی ترکەن لە ژێرەوە لە ڤێنا، بە مووچەی هەزار و سەد دیناری ئێراقی کە دەیکردە سێ هەزار و سێ سەد و پەنجا دۆلاری ئەمریکی، کاری بۆ موخەباراتی ئێراقی دەکرد. ئەو، ئەو نامەیەی وەتبانی برای سەدام سەرۆکی موخابەراتی ئێراقی پێ بوو، کە لەڕێگەی سەفارەتی ئێراقی پێی درابوو. لە نیوەشەوێکدا مەلا سەعیدە ترکەنی نەمساوی و زەبور ئەڵمانی باوکە زۆڵەکەی شنە قۆنەرە و گەوادی سەفارەتی ئێراقی لە شاری بۆنی ئەڵمانیا، پێکەوە لە دەرگای ئەو خانە چوار ژوورییەیان دابوو کە شاباز لە گرانترین و جوانترین شەقامی ڤێنادا لای خاڵە گەورە گوتبووی بەکرێی گرتووە، بەڵام لەڕاستیدا موڵکی خۆی بوو. ئەو ئاپارتمانەی ئەوسا لە ناوەڕاستی هەشتاکان نرخەکەی دەگەیشتە چوار سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی. خانە چوار ژووریەکە لە شەقامی (پارادیس شتراسە، ژمارە چل و پێنج) بوو کە مانای شەقامی بەهەشت دەگەیەنێت. هەر ئەو نیوە شەوە نامەکەی وەتبان دوو دێڕ بوو `` کاتی شیوعی کوشتن هاتووە و کلکەکانی ئێران (کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر) لەو سنوورانە بارەگایان هەیە، پێویستیان بە پاکسازی هەیە، پاشان دانوستان دەکەین``

من ئەم چیرۆکەم لە مەلا سەعیدی ترکەنیشنەوە بیست کە لەگەڵ حەمەی بلیخانۆف کە ناسراوە بە فەقێ عەلمانی و فیفی عەبدە، ببورن فەریدون عەزیز و نازە بۆتۆکساوی و مەلا عەبدوڵا کوێری دەرمانفرۆش لە سووچێکی ڕاڕەوی مەکتەب سیاسی سەریان نابوو بەسەری یەکەوە و زەمی شابازی مچە گوولی جێگری خاڵە گەورەیان دەکرد، کە تازە چوو بووە گردە غەمبارەکەی و

ئۆپۆزیسیۆنە نوێیەکەی دامەزراندبوو. مەلا سەعید گووتی`` مار خەرا، ئەوێ کات، هەشتاکان ئەو شوقەیەی چوارد سەد هەزار دۆلاری پێ دابوو، های هوو، ئێستا دوو ملیۆن یۆرۆ دەکا مار خەرا... ئەدی کوو.. ئەو بێ شەڕەفە یەک بریندارێ پێشمەرگەی نەدەنارده ئێران بۆ چارەسەر، کەچی خۆی بۆ پەسیوێک دەهاتەوە بۆ پارادیس شتراسە...ئەدیی... جادەی بەهەشت ماڵ خەرا، ئەم پێغمبەرەی هەژارانە لە جادەی بەهەشت شوقەی هەیە``

بەمجۆرە (گەڕەکی ڕووتەکان) و چیرۆکی حەبێ تەقی دایکی، ئەو بیۆگرافیا ڕەشە بوو کە شاباز لێی ڕادەکرد. ئەو مەلەفەش تەواو لە بەردەستی بەعسیەکاندا بوو. لە ڕاستیشدا ناهەقی نەبوو، چونکە هەڵکەوتەی گەڕەکە کە وابوو، گەڕەکێکی پڕ ئاشووب و خانەوادەیەکی پڕ شەرم و دونیایەک درواسێی زمانڕەش و پڕ کینە.

گەڕەکی ڕووتەکان دەکەوتە باشووری شاری ئەوسا، کە ئێستا ناوەڕاستی شارە و هەموو چیرۆکە سەیرەکانی ئەم شارە لە جاشێتی و جلخواریی و پیاوکوشتن و هەتیوبازی و کەرگێی دەلکێنران بەم گەڕەکەوە، کە هچیتر نەبوون جگە لە گەڕەکی هەژار و نەخۆشیەکانی هەژاران نەبێت. بەڵام لەوانەیە بپرسن ڕووتە کێیە؟! ڕووتە وەک خاڵە بۆی باسکردم؛ بە ئەو کەسە دەگوترێت کە سەر بە هیچ هۆز و تیرەیەک نییە، زۆڵە، باستاردە، بێ ڕەگ و ئەسڵ و فەسڵە و لەم هۆز بۆ ئەویتر دەگەڕێت و ژیان بەسەردەبات. ڕووتەکان لە ڕاستیدا ئەو هەژارانە بوون کە گوندا و گوند، شارە و شار وەک قەرەج دەژیان بێئەوەی وەک قەرەج هونەرێکی تایبەت و دەستڕەنگینیەک بزانن. ئەمانە خەڵکانی

دەرکراو بوون لە هۆز و تیرەکـانی خۆیـانن، هەنـدێکیـان ئەو گەڕوگوولانە بوون کە لەترســـــی تەنینەوەی نەخۆشـــــیەکـانیـان دەریانکردبوون و  دەگەڕان بۆ بژێوی ژیانیان. ڕووتەکان هەموو کارێکیان بۆ بژێوی ژیانیان دەکرد، بەڵام خاوەن پیشـــــە نەبوون. ڕووتەکان ناوبانگێکی خراپیان هەبوو، دز بوون، پیاوکوژ بوون، دوودەگی بوون، لەشفرۆش بوون، فاڵچی بوون، جادووگەر بوون، هەڵگەڕاوە بوون... ئیدی کە ئەم شارە نەعلەتیە دروستبوو هەموو ڕووتەکانی ئەم کوردســـــتانە بە خۆیان و منداڵە چڵکن و  ناوگەڵ پیس و دەمپیس و هەرزەکـارە چەقۆکێش و چەورەکـانیـانەوە گەڕەکی ڕووتەکانیان دروســـــتکرد. لەوێدا ڕەگە دوورەکانی باوکە فەرمیەکەی  شـــــابـاز و چیرۆکی زۆڵێتی دەگەڕێتەوە بۆ نـاو ڕووتەکان، چیرۆکی زۆڵێک لە ژێر زوڵبوونی خۆیدا دەیناڵاند.

دیارە لێرەدا بەپێی قســـــەی خاڵە بێت، ئەوەی نەخۆشـــــی گوولی هەبێت، منداڵی بۆ ناخرێتەوە، چونکە توانای سێکسی لاواز دەبێت، نەخۆشـی گەڕوگوولی لە یۆنانیدا، لە ئانتیکاوە بە (لێپرا – Lepra) ناســـــراوە، زیاتر ئەم نەخۆشـــــییە پێنج ســـــاڵی دەوێت تاوەکو بەتەواوەتی بەســـــەر پێســـــتەوە دیار بێت. لووت و قەراغی گوێچە هەڵوەرین لە دیاردەکانی  نەخۆشـــی گوولین. خاڵە گەورە  باســـی لەو  تاقە فۆتۆ ڕەشـــوســـپیە دەکرد کە لەلایەن بەعســـییەکانەوە کۆپیەکی پێ گەیشتبوو، ئەمەش  لە دۆسیەی موخابەراتی ئێراقیدا بوو، تێدا، فۆتۆیەکی کـامێرایەکی دەگمەنە کە دکتۆرێکی بەریتـانی لە خەســـــتەخانە ئینگلیزیەکەی باکووری شـــــار، چرکێندرابوو. هەر لەو خەســـــتەخـانەیەدا چرکێنـدرابوو کە لە زەمەنی مەلیکـدا بە

(خەســـــتەخانەی ئینگلیزەکان) بەناوبانگ بوو. ئەو فۆتۆیە، فۆتۆی پیاوێکی لاواز و لووت هەڵوەریوە، بەچاوێکی زەلیلانەوە لەســــەر قەرەوێڵەکە ســـەیری کامێراکە دەکات و شـــەنگە ژنێکی باڵابەرز و دەموچاو مۆن و مەمک زلی لە پشتیەوە ڕاوەستاوە. بەپێی مەلەفی خەســــــتەخـــانەکە و نـــاوی ژنەکەی کە هەمـوو هەفتەیەک بە عەرەبـــانەیەکی کەرە دێزی دراوســــێکەیـانەوە هێـنراوە بۆ خەستەخانەی باکووری شـار. ئەو شـەنگە ژنە، حەبێ تەقی، دایکی شــــابـاز بووە. فۆتۆگرافەکە وێنەی ئەویشـــــی خســــتۆتە ئەو دۆســـیەیەوە کە ژمارەی گەڕوگوولەکانی شـــار و خانەوادەکانیان تێدا تۆمارکراوە کە خزمەتیان دەکەن. بەپێی هەموو لێکۆڵینەوەکانی خاڵە بێت، ئەم ژنە گەنجە بەهێز و شەنگە ژنە و ئەم پیاوە کەنەفتە هەرگیز لەگەڵ یەکتردا نەخەوتوون. لە تۆمـارەکەدا نوســــراوە؛ دووســـاڵە هاوســەرگیریان کردووە... ئاوەها خاڵە دەیگووت`` تەنها زۆڵ لە خەمی زۆڵ تێدەگات، هەر بۆیە سەدام و شابازی مچە گەڕ دوو کەس بوون غەمبار و بوغزن و بۆ گووشـۆری دەستیاندەدا. سەدام گووشۆری ئەمریکیەکان و شابازیش گووشۆری من``

نەک هەر ئەوە، بەڵکو حەبێی تەقی، دایکی دکتۆر شـــابازی جێگری خاڵە، کاتی خۆی باســــی ئەوەی بۆ ژنانی گەڕەک کردبوو، کە کەســــوکاری شــــاباز لە ئێران داخوازی ژنیان بۆ کوڕەکەیان کردووە، چونکە هیچ ماڵێک لە شــــار دا ڕازی نەبووە کچی خۆی بداتێ، چونکە ســــەرەتاکانی گەڕوگوولی بەســــەریەوە دیاربووە. حەبێ وەک خاڵە دەیگووت؛ باسی لەوە کردووە کە هەرگیز دەستی بەر دەســــتی مچە گەڕ نەکەوتووە، دەنا ئەویش تووشـــــی گەڕی

دەبوو. پێدەچوو ئەمە ڕێکەوتنی حەبێ و خانەوادەی مچە گوول بوو بێت، کە هاوسەرگیریەکی تەواو بەرژوەندیخوازی بووە؛ حەبێ دێتە شاری سلێمانی و دەبێتە خاوەن خانوو و خانووەکەی لەسەر تاپۆ دەکرێت و مچەش وەک گەڕوگوولێک خزمەت دەکرێت. دوای ســـاڵێک کە ژنان لە حەبێ دەپرســـن؛ بۆچی منداڵتان نەبوو؟ بەســـادەیی دەڵێت `` کەی گەڕوگوول دەتوانێت کێر بتەقێنێت، تا منداڵی ببێت`` لەو ڕۆژەوە بە (حەبێی تەقی) ناسـرابوو. سـاڵانی دوایی، مچەی مێردی لە ژوورێکی تـاریـک و کلۆمـداروداا ژیـان بەسەردەبات و بە نەخۆشی گوولی دەمرێت.

چیرۆکی مچە گوولی باوکی شـــاباز، چیرۆکێکە، وەک چیرۆکی باوکی ســـەدامی بێ قیمەت وابوو؛ حوســـێنی پاســـەوان پێش لەدایکبوونی ســـەدام بە ســـێ مانگ دەمرێت، لە ڕاســـتیدا وەک دەگێڕنەوە دەکوژرێت. وەک لێرە و لەوێ لە ناو خێڵی (بێجات)ی شـارۆچکەی (عۆجە) ی شـوێنی لەدایکبوونی سـەدام بە چرپە و سـرپە باسـکرا بوو، ئەوە بووە؛ حوسـێنی باوکی سـەر وەرەقەی ســـەدام، لە بـازاڕی عۆجەدا جنێوی بە خەیروڵا تولفـاحی برای ژنەکەی دابوو، چونکە کاتێک (سـەبحە)ی دایکی سـەدامی هێناوە، نەیزانیووە سـکی پڕبووە لە یەکێکی تر. وەک دەڵێن؛ پێشـتر دایکی ســـەدام وەک کارەکەرێک لە مـاڵی بـازرگـانێکی جوولەکە کـاری کردووە، ئەو جولەکەیە سکی پڕ دەکات. لێرەوە بەپێی گێڕانەوەکان بێت، ســـەدام کوڕە زۆڵی ئەو جوولەکەیەیە... هەربۆیە حســـێنی باوکی سـەدام کە ئەوسـا پاسـەوان بوو، کاتێک ئەمە ڕاسـتیەی بەرگوێ دەکەوێت و ســـەیری ســـکە بەرزەکەی ســـەبحەی ژنی

دەکات، تووشـــــی جۆرێک لە هیســـــتریا دەبێت، ئیدی ڕۆژانە لە چـایخـانەکـانـدا دەبینرێـت جنێو دەدات  بە خـانەوادەی تولّفـاح. دەرئەنجام دەڵێن گوایە ئەوەندەیان لێداوە تاوەکو بڕبڕەی پشـــــتی شـــــکاوە، دوای مـاوەیەکی کورت لەژێر کـاریگەری ئەم لێدانەدا مردووە. بەڵام لە کتێبی مێژووییەکانی تـایبەت بە ژیانی ســــەدام حوســـێن،  وەها نوســـراوە گوایە؛ لەگەڵ چەند چەتەیەکدا بەشـــەڕ هاتووە، ئەو کاتە بووە کە چەتەکان  ویســـــتوویانە پەلاماری ژنی درواســـــێکەیـان بدەن. دەرئەنجـامی پشـــــت شـــــکانی  لە کاتی بەرگیرکردنی قارەمانەنە لە شـەرەفی درواسێییەکەیدا بووە و دوای چەند هەفتەیەک  شـەهید بووە... سـەدام بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم چیرۆکە مێژووییە و داپۆشینی چیرۆکی زۆڵێتی خۆی، گەورەترین چەتری مێژوویی لەســەر قەبرەکەی بۆ هەڵبەســتبوو. ئاوەها، وەک خاڵە بۆی گێڕامەوە `` چارەنوسی  ئەم دوو زۆڵە؛ سەدامی تکریتی و شـابازی مچە گەڕ، لە هەڵەی دایکەکانیاندا کۆدەبێتەوە. سـەبحەی دایکی ســەدام دوای مردنی حســێنی مێردی، وەک فاڵگرەوەیەک و دەســـــتگرەوە و قاوەگرەوە و هەندێکجار بە ســـــووکە گەوادیی و ســووکە گاندان ژیاوە. چەندەها جار شــووی کردۆتەوە، وەتبان و بەرزان ئیبراهیم تکریتی و عەلی حســـێن مەجید زڕبڕای ســــەدام حوســــێن تکریتی بوون و ئەوانیش وەک چەند باســـــتاردێک تا کوژرانیان  بەدەست باستاردبوونەوە دەیان نالاند``  ئاوەها وەک خـاڵە دەیگووت ``زۆڵەکـان ئێراقیـان بەڕێوەبرد و شـــــابـازی باســـتاردیش ئەم شــۆڕشـــەی کوردســـتانی بە قووزدەریی دایکی ژەهراوی کرد، هاهاها، بەڵام قوزیی دایکی  خێروبەرەکەت بوو بۆ من، چونکە ئەم زۆڵە، ئەم باســـــتاردەم تەنها منی هەبوو. زۆڵێکی

باش بوو بۆ من، گووشـۆرێکی سـیاسـی ماڵی سـیاسـی من بوو. ئەیی مۆپسی پاشا گیان، کەچی لەم سەری پیریدا دەیەویست بێتە جێگەکەم... ئاخر نازانێت زۆڵەکان هەرگیز شـــوێنی پیاوی گەورە ناگرنەوە، ئەوەی بە زۆڵی لەدایک بێت، هەر بە زۆڵی دەمرێت``

لای خاڵە چیرۆکی توندوتیژی ســەدام حوســێن لەگەڵ چیرۆکی شـــابازی مچە گەڕدا هاوتایە. وەک خاڵە دەیگووت``ئەوانەی کە نەوەی پەنجاکـانن ئەم چیرۆکە دەزانن، دەزانن کە حەبێی دایکی شـــاباز بیســـت ســـاڵ لە مچە گوولی باوکی مندالّتر بوو، لە موکریانەوە هاتبوو، لە کوێی موکریان کەس نازانێت؟! دەیانگووت؛ قەرەجی ئەو ناوە بوون و باوکی حەبێ بە جوانە گایەک داویتی بە مچە گەڕی باوکی شاباز. بەبێ ئەم چیرۆکەش وەک خاڵە دەیگووت کە ``ســـەیری ئەم ســـێ برایەت دەکرد، دەتزانی لەڕووی لەڕووی دەرکەوتەی سەرو فەساڵ و باڵا و تەنانەت هەڵسوکەوتەوە، شاباز و براکانی هیچیان لەیەکتری ناچن. سـپێرمی دەرپەڕیویی زۆڵ و حەرامزادە و ســــەرســــەریەکانی کووچە و کۆڵانەکانی گەڕەکی ڕووتەکانن``

وەک دەڵێن، خـانووە گڵەکەیـان هەیوانێـک و دوو ژوور و حەوشــــەیەک بووە، کە لە بـاپیرە گەورە ڕووتەکەیـانەوە بۆیـان مابۆوە کە بە (عوســــە ڕووتەی بزن دز) ناســــرا بوو. لە کاتی دروسـتکردنی شـاردا، ئەم بزندزە بەردی یەکەمی ئەم خانووەی دانا بوو. ســــەرەتا یەک ژوور و گەورێک بووە، بە تێپەڕبوونی زەمەن نەوەی دووهەم کردوویانە خانوویەکی گڵ. ئەم خانووە لە دوای دابەزینی حیزبمان، کە ئێسـتا بەحیزبی سـۆسـیال – لیبرالی

کوردســـــتان دەناســــریێت، لەلایەن شـــــاباز خۆیەوە ڕووخێنرا و ئاســــەواری نەهێشـــت. هەرچەندە هەندێک مەســـــینەخۆری تازە لەدایکبوویی زەمەنی (پۆست – شۆڕش)ەوە پێشنیاریانکرد بکرێتە مۆزەخانەیەکی نیشــتیمانی شــۆڕشــگێڕی گەورە و ڕزگارکەری ڕەنجدەران دکتۆر شـــــاباز موســــتەفا. بەڵام ئەو زۆر بە ڕەق و وشــــکی پێی ڕاگەیاندن کە خەباتی خانەوادەی ئەو هیچ جێگەی بایەخ نییە لەچاو خانەوادەی ئەو شەهید و پێشمەرگە و ڕێکخستنە دێرینـانەی کە بەعس لە زینـدان و لە ســـــووچ و پەنـاکـانی ئەم نیشـــــتمـانەدا کوشـــــتنی، هەربۆیە بەزمـانێکی هەڕەشـــــەوە گووتی``ئەوەی منی خۆش بوێت نابێت ســـــتایشــــی خانەوادەکەم بکات، ئەگینا لێی زیز دەبم`` بەمجۆرە لەگەڵ ڕووخانی خانووە قوڕینەکە، شـاباز بەرەی مارکســی لینینی کوردســتان ڕووخاند و وازی لە سـکرێتری ئەو بەرەیە هێنا و تێکەڵی حزبە نوێکەی کرد، ئەو حیزبەی ئێستا بە پارتی سۆسیال لیبرالی کوردستان ناسراوە و خاڵە گەورە سکرتێری ئەبەدیەتی.

## ٤

ئەم بەزمەی چوونە ناوەوەی شـۆڕشـگێڕە چەپەکان بۆ ناو حیزبە نوێیەکەمان، حیزبی ســـۆســـیال لیبرالی کوردســـتان، بەزمێکە لە داهاتوودا بۆتانی دەگێڕمەوە. ئاخ ســـەد ئاخ، ئەوەی ئێســتا دەیبینیم

ئەوەیە ئێستا ئەندامە پیرەکانیان، پاشماوەکانی ئەو بەرە مارکسییە لینینیە کە ئەفسـانەی بەرگری بوون لە دژی فاشـیزم، ئێسـتا لەبەردەم نـاوگەڵی شـنە قۆنەرەدا کەوتوونەتە لەرزە، نەبـادا فایلەکانیان ڕەوانە نەکات بۆ خانەنشـینی و نەیدات بە وەزیری پێشمەرگە و دارایی.
هەندێک لەوانە کە بێ ئومێد بوون لەوەی خانەنشـین ناکرێن، بە ناچاری چوونە خزمەتی شـنە قۆنەرە و دەزگا ترسـناکەکەی گەڵاڕێزانی شـەش قوزەوە، لێرە و لەوێ بە شـارەزاییان لە شـەڕی پارتیزانی و هونەرەکانی تیرۆرکردن، ئەم و ئەویان دەفڕاندن و سـەرەو نگوومیان دەکردن. هەموو ئەم کەوڵە کۆنانەی کاتی خۆی شۆڕشگێڕی خەونبینەری ڕۆمانسی بوون و پاشماوەی یەکەمین کۆنفراسـی حیزب بوون، کە تێدا بەرەی شـۆڕشـگێڕەکان کە شـابازی مچە گەڕ سـکرتێری گشـتی بوو، و خلیسـکایە ناو حزبە نوێیەکەمان کە ناوی سـۆسـیال – لیبرالی کوردسـتانە... کۆی ئەم سەنگەر گۆڕینە، تڕ بە کێرییەک بوو، ئەوسەری نەبێت.
ئێسـتا دەزانم ئێوە ئەو پرسـیارەتان لەلا دەهارووژێت؛ کە چۆن حیزبی سۆسیال لیبرالی کوردستان کە ئێستا خاوەنی ئەم هەموو سـامانی نەوت و کۆمپانیایە کاتی خۆی ناوی (بەرەی ڕەنجدەرانی کوردسـتان) بووە... ڕێگەم بدەن جارێ تۆزێک باسـی ئەم ``تڕ بەکێری`` تان بۆ بکەم، مەبەسـتم مێژووی ئەم حزبەیە کە پێی دەڵێن ``تڕ بە کێریی`` لەوانەیە بپرسـن سـەگێکی بچوک و خڕیلانەی وەک من، چۆن جورئەت دەکەم بە مێژووی خوێناوی شـۆڕش بڵێم ``تڕ بە کێریی`` و ئەو ``تڕ بە کێریی`` یەم لەکوێوە هێناوە؟! ڕاسـتی ئەوە قسـەی خاڵە گەورەی سـکرتێری حیزب و

هاوڕێی تەمەنمە، کە من لەم یادەوەریەمدا بۆ ئێوەی باســـدەکەم. بێگومان من وەک ســەگی بەوەفایی ئەو هەموو شـتێک دەگێڕمەوە و بەقەولی خاڵە کە بیرمدێت هێشـــتا لەڕاڕەوی خەســـتەخانە پاریسییەکە بووین کە یاسر عەرەفاتی هاوڕێی دێرینی خاڵە لە دوا وێستگەی بێ هۆشی خۆیدا بوو، بیرمدێت کە هاتینە دەرەوە خاڵە گەورە چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێســـک، منی لەباوەش نابوو، فەرمانی بە پاسەوانەکانی دا تۆزێک دوورکەونەوە، چونکە دەیزانی ژنـەکـەی و گـەلاڕێزانی شـــەش قوز و شـــنە قۆنەرە، هـەموو پاسەوانەکانیان کردۆتە سیخوڕ بەسەریەوە. سەیرێکی کردم و بە چرپەوە گووتی ``دەخیلتم مۆپســی پاشــا، گەر منیان هێنا بۆ ئێرە و زانیت چیرۆکـەکـەی عـەرەفـاتیش لـە مندا دووبـارە دەبێتـەوە، دەخیلتم پاشـــا گیان، هەر کە زانیت شــــەڕە ســــەگی مەکتەب سـیاسـیەکان و خەسـوو و ژنەکەم هەڵگیرسـاوە، ئەوە بزانە دوای ماوەیەک ســـەرەی تۆش دێت. پێش ئەوە تۆ دەســـت بوەشـــێنە و هەموو شتێک بگێڕەوە کە من بۆتم گێڕاوەتەوە. دەخیلتم مووی لێ مەپەڕێنە و وەک خۆی بە هەموو پیس و پۆخڵیەوە بیگێڕەوە. ئاخر گەندەڵی بۆگەنە، شتی بۆگەنیش بە زمانی ڕازاوە باسناکرێت``

هەر لەبەر خاتری خاڵە، من ئەم قســـەیەی خاڵە چەندەها جار لەم کتێبەدا دووبـارە دەکەمەوە، بۆ هیچ نـا، تەنهـا بۆئەوەی بزانن کە ئەم دەمپیســـیە هی ســـەگێکی نەجیبی وەک من نییە، بەڵکو لەژێر نەزمی وەســــیەتی خاڵە؛ مووی لێ ناپەڕێم و وەک خۆی هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە...

جا بگەڕێمەوە ســـەر بابەتەکەم، خاڵە بە مێژوویی ســـیاســـی ئەم وڵاتەی دەگووت ``تڕ بەکێریی`` کە زۆرجار ئەمەی دەگووت من

نارەحەت دەبووم و دەوەڕیم، ئاخر لە دواجاردا من سەگێکی خاوەن ڕەچەڵکێکی ئۆرستۆکراتی بالاًم، بەلاًم خاڵە هەرگیز بە نارەزایەتی من قەڵس نەدەبوو و پێدەکەنی. بیرمدێت جارێکیان کە دووبارە گووتیەوە ``تڕ بەکێری`` ئیدی من توند وەڕیم پێی. خاڵە کەوتە قاقا لێدان و خۆی و ورگە حەزیاکەی کەوتنە لەرزە، بەجۆرێک پێدەکەنی کە خزمەتکارەکان ئاویان بۆ هێنا، کە هێوربووە سەیری کردم و گووتی `` ئاخر لەم گووخانەیە، لەم تڕ بەکێرییەدا، هەر ئەم عەترە بەرز دەبێتەوە``

بەمجۆرە لای خاڵە و فەرهەنگی خاڵە ئەم تڕبەکێرییە لە شابازی مچە گەڕی باشتر تێدا دروست نابێت کە ببێتە فەیلەسوفی ڕەنجبەران و هەژاران و سەرکردەی بەهێز و خاوەن کاریزما. ئەو لەو بڕوایەدا بوو چونکە مێژوویی ئەم میللەتە (تڕ بە کێری)یە هەربۆیە `` گووشۆری ناو حیزب`` فرسەتی باشتری لەم مێژووە تڕبەکێرەیەدا بۆ هەڵدەڕەخسێت، وەک لە کەسە بیرمەند و سیاسیە مێژووگەراکان. ئەو گووشۆرە، لای خاڵە شابازی مچە گەڕ بوو... خاڵە لەو بڕوایەدا بوو`` گەر ئەو گووشۆرە گەورانە نەبن، ئەوا ئەم تڕبەکێرییە گەورە و بەلەزەتەش بوونی نەدەبوو کە ملیارات دۆلاری بۆ ئێمە بەرهەمهێناوە``

هەر لەوەوە دەستپێدەکەم، کە شابازی گووشۆری خاڵە مێژووی ئەو گەنجە قارەمان و چەپ و شۆڕشگێڕانەی سڕیەوە کە لە دژی بەعسی فاشی و شۆفێنزمی عەرەبی، هیرۆیزمانە خەباتیان کرد و بە شکۆمەندییەوە گیانیان بەختکرد. خاڵە دەیگووت ``گووشۆرەکان، دوایی دێن و مێژوو دەکەنە تڕ بەکێریی``

هەربۆیە، لەیەکەم کۆنفراســــی هەڵوەشــــاندنەوەی بەرەی یا خود یەکێتی ڕەنجدەرانی کوردســتان و گۆڕینی بۆ حزبی سـۆسـیال – لیبرالی کوردســـتان، شـــاباز کەوتە گووشـــتنەوەی خاڵە گەورە. کەوتە چاوسـوورکردنەوە لەو کادێرە چەپانەی کە لە شـاخ فریای کوشـــتنیان نەکەوتبوو. بەجۆرێک، هەموو باڵەکانیان تواندەوە و کردیانە حیزبێک و بەناوی حزبی سۆسیال – لیبرالی کوردستان... ســـەیر لەوەدایە کەس تا ئێســـتا نازانێت ئەم ســـۆســـیالە مانا و پەیوەنـدی چییە بە لیبرالیزمەوە؟ یـان هەر لیبرالیزم چییە؟ هیچ کادێرێکی کوتلە و سێ حیزبەکەی شـاخ، جورئەتی ئەوەیان نەبوو پرســـــیاری ئەوەبکەن؛ چۆن لە مارکســـــیزم - لینینزمەوە بازیان هەڵداوەتە ســـەر لیبرالیزم؟ چۆن ســۆســیالیزم و لیبرالیزم پێکەوە گرێدراوە؟! چۆن خاڵەی ماویی و لایەنگری بەرەی سۆسیالیزم و خوێندکاری پێشـــوو لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتی ســـۆســـیالیســـتی، کە بڕوای پتەوی بە ماوتسی تۆنگ و تیۆرە سۆسیالیستەکان هەبوو، دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنزم بوو. ئاوا لە دوای ڕاپەڕین و بەیـارمەتی دوو هێزی دژ بەیەک مەلاکـانی ئێران و ســـیـای ئەمریکی و بریتـانیەکـان، بووە لایەنگری کـاپیتـالیزم و خۆرئـاوا؟ چۆن ئاوا سەد و هەشتا پلە بایدایەوە....

وەڵامی ئەم پرســـیارانە لای خاڵە زیرەکانە بوو، دەگەڕایەوە بۆ تیۆرە بەنـاوبـانگەکەی کە تیۆرەی ``قوون و دەم`` بوو، دەیگووت ``میللەتی کۆیلە دوای ســــەرکردە دەکەوێت نەک بیروباوەڕ، هەر بۆیە ئاسـانە پێچی پێ بدەیت بۆ کوێ دەتەوێت، لێیان بخوڕیت بۆ جەهەنەمیش بێـت هەر ڕازین. گرنـگ ئەوەیە تێخوڕ هەیە و بێ تێخوڕ نـاژین، ئەویتریـان لەلا زەڵاتەیە`` خـاڵە هەموو جـارێـک

دەیگووت ``لە دونیادا مرۆڤ شۆڕشدەکات بۆئەوەی لە کۆیلایەتی ڕزگـاری بێـت، ئەم میللەتەی ئێمە شـــۆڕش دەکـات بۆئەوەی کۆیلەیەتی خۆی تازە بکاتەوە``

لەو کۆنفراســـەدا خاڵە وەک بۆی گێڕامەوە، گفتی بە شـــابازی مچەگەڕ دابوو ئەو ببێتە سـکرتێری گشـتی، بەمەرجێک ئەو کوتلە بەناو مارکســـییەکەی بەرەی مارکســـی لینینی کوردســـتان لەناو حیزبە نوێیەکەدا بتوێنێتەوە. ئەویش وەک خۆی قەناعەتی بە خاڵە گەورە کردبوو کە دەبێتە مەرجەعی کورد و هەموو حزبەکان بۆ کێشـــەکانیان وەک ســـەرچاوە بگەڕێنەوە بۆ لای. دیارە لەســـەر نەزمی مەرجەعی شـیعی ئەو ناوە عەرەبیەی بۆ پیرۆزکردنی خاڵە پێشنیاز کرد بوو، کە بێگومان مەرجەع لە کوردیدا مانای سەرچاوە دەگەیەنێت بەڵام شـــاباز گوتبووی ``ئەم وشـــەیە مەرجەع هەم مانایەکی پیرۆزی ئاینی هەیە و هەم قورســـایەکی جەماوەریی`` خاڵە لەبارەیەوە گووتی``دەیویســـت بەم پێشـــنیازەی تامی تامیم بکات، و واز لە ســـکرتێری گشـــتی بێنم بۆ ئەو، بەکورتی وەک ســـولەیمانیە قووندەرەکان دەڵێن؛ فلّچەم لێ بدات. شـــابازی مچە گەڕی حەرامزادە کە کەس نازانێت باوکی چ ســـەرســـەریەیەکی گەڕەکی ڕووتە و چ دوودەگیەک بەســەر دایکیدا فسـیووە، زۆڵێکی وا کە لە پێســـتە بۆر و چڵکنەکەی لە هیچ یەکێـک لە بـاوکە ســـوورفلەکەی ناکات. باســـتاردی وا کە زانی زەمەنی خێر و بەرەکەت و گرینگۆ حەیاتە ســـوورفلەکان هاتووە. دەیویســـت من بەو جۆرە لە بینـایەکدا بەند بکـات بەنـاوی مەرجەعی کوردییەوە وەک خۆی دەیگووت؛ بمکات بە تەیری ماقووڵ. هـاهـا، کەس نا

زۆڵەکەی حەبێی تەقی دەیویســـــت وەک قەلەموونی گێژ بمخاتە قەفەرەزوە. ئاخر نازانێت منی کوڕی تەکییەکان، هەر لەمنداڵیەوە لە فێـڵ و فوتی حەرامزادەکـان تێـدەگەین، بەتـایبەت ئەوانەی لە نـاوچەوانیـان نوســـــراوە، ئەوانەی کەس نـازانێـت چ نێرەکەرێـک سواری دایکیان بووە``

بەڵام ئەوە ڕووی نەدا کە شـــابازی باســـتارد چاوەڕێی دەکرد، چونکە دوای دانیشـتنی یەکەم کە شـاباز بەفەرمی مایکەکەی گرت بەدەســــتەوە و گووتی ``ئیدی بەرەی مـارکســـی - لینینی لەم چرکەسـاتەوە هەڵوەشـایەوە`` لە دانیشـتنی دووهەمەوە کوتلەکەی خاڵە گەورە فریاکەوتن زۆربەی کادێرە عەسکەری و سیاسیەکانی بەرەی مـارکســـی لینینیـان بە پەیمـانی پۆســــت و پلە و پـارە ئامادەبکەن بۆ ڕۆژی ســـێهەمی کۆنفراس کە ڕۆژی دەنگدان بوو. وەک خـاڵە بۆی گێڕامەوە تـا ئەو کـاتە لە یەکێتی ڕەنجـدەرانی کوردستاندا، خاڵە پێویستی بە کوتلەی خۆی نەبوو، ئەو دوو حزبە بچوکەی تر دروسـتکراوی خۆی بوون، ئەوانەش زۆربەیان یان لە پیرە کەرتڕەکانی زەمەنی مەلاگەورەی دەمگەوهەر بوون، یان ئاغا و کاســـەلێســـی ئێراق و ئێران و تورک بوون،  یاخود لە ژێرەوە لەگەڵ بەعس و ئێران و میتی تورکیدا دەســـتیان تێکەڵ بوو. وەک خاڵە دەیگووت ``هەزەلیترین شـــۆڕش بوو لە مێژوویی جیهاندا، شـۆڕشـێک سـەرکردایەتیەکی جاسـوس و نۆکەر، جەماوەرکەشـی شۆڕشگێڕ و گیانفیدا``

بەمجۆرە شـەڕە گەورەکە، لەناو بەرەی مارکسـی لینیینەکان دابوو کە نەیاندەهێشت شابازی مچە گەڕ بە ئارەزووی خۆی بڕیاربدات. بۆ ئەمە خاڵە گەورە قورسـایی خۆی خسـتە سـەر سـەرکردەکانی

بەرەکە، هەر لە ڕۆژی دووهەمی کۆنفراســــەکەوە پەیمانی پلە و پۆستی گەورەی پێدان و کردنی بە پیاوی خۆی. دواجار کە شاباز لە ڕۆژی سـێهەمی کۆنفراسـدا ئاوڕی دایەوە وەک مریشـکی پەڕو باڵ کراو، بەتەنێ لە ناو لەگەنی حزبە نوێیەکەدا مایەوە. شــابازێک چەندە ڕەنجی دا، چەندە پلانی کوشتن و پەڕلەی جۆراوجۆری دانا و گەنجی شـۆڕشـگێڕی کوشـت. تەنانەت بە یارمەتی بەعسـیەکان (سـوارە)ی سـەرکردەی دێرینی بەرەی مارکسـی لینینی لە کۆتایی حەفتاکاندا کوشـت و ئەو هاتە جێگەی بووە سـکرتێری ئەو حیزبە. بیرمدێت، خاڵە جارێک بەسەرخۆشی وردەکاری پلانی کوشتنەکەی سوارەی  بۆ گێڕامەوە، زەمەن یار بێت ئەوەشتان بۆ باسدەکەم...

ئیدی دوای کوژرانی سـوارەی سـکرتێری بەرەی مارکسـی لینینی، شاباز ڕێگەی بۆ تەخت بوو. دوایش بۆ پاکسازی دیکە، بە شـەڕی کوتلەچێتی ئەوانیتری پاکسازی کرد و زۆریشی لێ کوشتن. کوتلە پیسـەکەی شـابازی  مچە گەڕ، فەرەی ئامە بەڕەڵا، فیفی عەبدەکەی ئێسـتا، سـەرپەرشـتی دەکردن. کاتی خۆی لەشــاخ لە پلینیۆمێکی کاریکاتۆریدا  شاباز بووە سکرتێری گشتی بەرەی مارکسی لینینی کوردســـتان. لەوەش ســـەیرتر ئەوەیە، دوای چەندەها ســـاڵ لە یادەوەرەیەکانیدا وەک گاڵتەکردنێک بە مارکســـیەکانی هاوڕێی نوسیبووی``من بڕوام بە مارکسیزم لینیزم نەبوو، دەمبینی کچانی دەوڵەتانی بەرەی سۆسیالیزم بە مەمکدان و شـەمپانیا ڕاودەکران، خوێندکارانی زانکۆکان پاشـــماوەی خوێندکارە بیانیەکانیان دەخوارد، ســـەرەڕای ئەوەی ئەوەم دەزانی کەچی هەر بووم بە

سکرتێری کۆمەڵەیەکی مارکسی لینینی و گوتاری گەرم و سفتم بۆ دەنوسین و ئەوانیش خۆیان بە کوشتدەدا``

لەوێوە بەرەی مارکسییەکان کادێری عەسکەری و سیاسی بەهێزیان هەبوو، کەسانێکی وەک (سوارە) لە سەرەتای حەفتاکان و دوور لە خاڵە و شابازی مچەگەڕ کاتێک ئەوان لە ئەوروپا بوون، ئەمان لەناو وڵاتدا ئەم بەرەیەیان دامەزارند. وەک خاڵە دەیگووت ``بەخوێنی خۆیان دایان مەزراندبوو، هەربۆیە کە من و شاباز هاتینەوە چەندەها ساڵمان ویست کە وردە وردە ماڵییان بکەین. هەندێکیان بەلاڕێدا بەرین و ئەوانەشی ئازا بوون بەکوشتیان بدەین و بیانکەینە پۆستەری سەر دیوارەکان``

خاڵە گەورە و شاباز، کاتی خۆی لە قاهیرە و نەمساوە بۆ پاکسازی دامەزرێنەرەکانیانی ئەم شۆڕشە نوێیە هاتبوونەوە. هەرچەندە خاڵە گەورە باسی ناکات، بەڵام من بەزیرەکی خۆم ئەم پیلانەم بۆ ئاشکرا بوو و بۆتانی باسدەکەم. بەڵێ بۆتانی باسدەکەم و بەمەش وەفایی سەگێتی خۆم لەکەدار ناکەم، چونکە من خیانەت لە وەسیەتی خاڵە ناکەم کە وەسیەتی بۆ کردم و گووتی؛ کە من کەوتمە بێهۆشی مردنەوە هەموو شتێک بڵێ و هیچ مەپەڕێنە... هەربۆیە ئێستا بۆتانی باسدەکەم و مووی لێ ناپەڕێنم... جا هەر لە چواچێوەی هەڵوەشاندنەوەی بەرەی مارکسی و چەپەکان و حیزبەکانی نێو یەکێتی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ ناو حیزبە تازەکەمان حزبی سۆشیال - لیبرالی کوردستان، چەند سەرەداوێکم لەبیرە، و نامەوێت وەسیەتەکەی خاڵە بشکێنم و بەقەولی خاڵە ``مووی لێ بپەڕێنم`` بۆ ئەمەش دوو بریتانی کەڵتەکۆن تەواوی ئەم چیرۆکەیان بۆ ئاشکرا کردم...

بیرمدێت دوای بوونی خاڵە بەسەرۆکی وڵات و گەورەبوونی ورگە حەزیا ئاســـــاکەی و خرفبوونی. لەپڕ دوو کەڵتە پیری بریتانی لەم کۆشکە پەیدابوون، ئەو کاتە هاتن کە دەزگاکەی گەلاڕێزانی شەش قوز و شەش ژنە سەرکردەکەی تۆڕی لەشفرۆشانی حیزب، تەواو دەستیان بەسەر دەزگاکانی حیزبی سۆسیال لیبرالی کوردستاندا گرتبوو، شـــابازی مچە گەڕیشـــیان فڕێدا بووە گردە غەمبار و ئۆپۆزیسیۆنە پڕ هاتوهاوارەکەی. سەیر لەوەدایە ئەم پیلانە لەژێر ســەری هوما جیڕی ژنی خاڵە و دایکە زڕکەی گەلاڕێزانی شــەش قوزدا بوو. وەک ئەوەی خـاڵە لیمۆیەک بێـت و تـا دوا قەترە بیـانەوێت بیگوشـــن، ئاوا هەرچەندە پەڕوبـاڵیـان کردبوو، بەڵام پێویســـتیـان بە دەمەزەردکردنەوەی پەیوەندیەکانی خـاڵە بوو. بەکورتی و بەکوردی؛ خەریکی ئەوە بوون هەموو پەیوەنـدییە نێودەوڵەتیەکانی خاڵە و هێڵە موخابەراتیەکانی بخەنە ســـەبەتەی خۆیانەوە...

ئاخ ســـەد ئاخ، خاڵە گەورە وەک جلێک وابوو کە دواجار لەبەری بکەیت و بزانیت کاتی فڕێدانی هاتووە، ئاوا جلە موخابەراتیەکانی خاڵە یەک لەدوای یەک لەبەردەکران و دوایی دەســووتێنران. وەک دەشـــبینین، ئێســـتا خاڵە فڕێدراوەتە ناو بێهۆشـــی گیانەلاوە و لە خەستەخانەی پێرسی وەک یاسر عەرەفاتی گەمژە دواساتەکانی بێهۆشی دەژمێرێت و منیش لەم کۆشکەدا تاکە باڵ و بێ پشت و پەنـا مـاومەتەوە. ئەوەی منی لەســـــەردانی ئەم دوو کەڵتە کۆنە بریتانیە سپییە توورە و دەهری کرد ئەوەبوو؛ کە هەردوو هاوڕێی دێرینمان (پرۆفیســـۆر دکتۆر فریدریک ڤێرنەر) و هاوڕێی دێرین خاڵە فۆتۆگرافی فۆتۆ بەناوبانگەکەی نیشـتمان (هانز شـنایدەر) کە

من و خاڵەی فۆتۆگرافی کرد، فۆتۆیەک تێدا وەک دوو شـــانازیی ئەم میللەتە تێدا فۆتۆگرافی کراوین، و تاوەکو ئێســـتاش لەهەموو دەزگـاکـانی حیزب و حکومەت و پەرلەمـان و تەنـانەت مەخفەری پۆلیسـە سـنووریەکانیشـدا هەڵواسـراون و کەس جورئەتی لابردنی نییە، چونکە حیزب لە ڕێگەی ئەو فۆتۆیەوە بەڕێوە دەبرێت. ئـاوا، گەلاڕێزانی شەش قوز و هوما دەمێک بوو هانز شنایدەر و دکتۆر ڤێرنەریان تەرە کردبوو، نەیاندەهێشـــت بێنەوە بە کوردســـتاندا. بەســـادەیی پێتان بڵێم؛ ئەوانە هەرچی ئەوروپیەکی خاوەن ویژدان و دژە ســـپیبوونی خۆی و دژە ئیمپریـالیزم و دژە ڕەفتـاری موخـابەراتی وڵاتەکەی خۆی بێت، لایەنگری ڕاســـتی و هەقیقەت بێت، لای ئەم پـاتـالانە بێزرا بوو. ئەمـانە مەنهۆڵی زێرابن جگە لە گوو نەبێت هیچی تر لە خۆیان کۆناکەنەوە.

هـانز شـــنـایدەری فۆتۆگراف و هـاوڕێی خـاڵە لەو گەنجانە بووە، وەک خاڵە بۆی باسکردم، کە لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتەوە و لەڕێگەی خاڵە گەورەی میهرەبانەوە کراوە بە دۆسـتی ئەم میللەتە هەژار و چەوسـاوەیە. پیاوێکە تا سـەر ئێسـقان کوردە، کورادیەتی لای ئەو لە خەباتی ئینتەرناسـیونالسـیتی جودا ناکرێتەوە، دەیگووت ``گەر کورد ناشـنـاڵ نەبیت، چۆن دەبێتە ئینتەرناشـــال ``ئەو لەوبڕوایەدا بوو، تاوەکو کولتور و ئازادیی نەتەوەکان نەگەشـــێنەوە و مافی خۆیان وەرنەگرن توانـای ئەوەیان نییە کـامڵ بن بۆئەوەی ببن بە ``بـان- نەتەوەیی`` تـاوەکو نەتەوەیەکی ئـازادت نەبێت، نـاتوانیت ``بان نەتەوە`` بیت... ئاوا هـانز شـــنـایدەر لەو شـــۆڕشـــگێڕە ڕۆمـــانســـیـانە بوو، پەراوێزەکـــانی خەونی ڕۆمـــانتیکیـــانەی هەڵبژاردبوو، وەک لەوەی بچێتە کولتوری هـاتوهـاواری بزواتە

مارکسـیەکانی سـەدەی بیسـتەوە... شـنایدەر خەوبینەرێکی ڕۆمانتیک بوو، هاوڕێی ڕودی دوتچکەی گەنج بووکە لە بزاوتی سـالانی ١٩٦٨ دا لە بەرلین تەقەی لێدەکەن و بریندار دەبێت و چەند سـالێک دوای ئەوە لە ژێر برینەکانیدا دەمرێت. تەنانەت هانزیش لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانی بریندار کرا کە لەکاتی سـەردانی شـای ئێراندا بۆ بەرلین لە ڕیزی پێشـەوەی خوێندکارانی دژە شـاهانشـا و ئیمپریالیزم بوو. دوایش شـەش مانگ لە زیندانی ئەڵمـانیـای ڕۆژئـاوای بەسـەربـرد، تەنـانەت هەڕەشـەی دیپۆرتکردنەوەیـان لێـدەکرد بۆ ئەڵمـانیـای ڕۆژهەلات، وەک پێانگوتبوو`` دەتنێرین بۆ ئەو بەهەشتە کۆمۆنیستیەی خەونی پێوە دەبینیت``

جا کە من کاتێک توتکەیەکی بچوک بووم، گوجیلەیەکی زیرەک بزێو بووم لەگەڵ دایک و باوکم و خوشـک و برا مۆپسـەکانم دەژیام، بیرمدێت هانز شـنایدەر و دکتۆر ڤێرنەر و پرۆفیسـۆر عەبدولڕەحمـان زەردەکی و خـاڵە گەورە لەمـاڵی دکتۆر بنـامین ئێبەرهارد کۆدەبوونەوە. ئەوە پێش ئەوە زەمەنە بوو من و دکتۆر بنیامین لە شـوقەیەکی سـارد وەک ڕۆحی دکتۆر بنامین، تاک بکەوینەوە و پێکەوە بژین. دیـارە من ئەو چیرۆکە هەڵدەگرم بۆ کاتێکی تر... ئاوەها، ئەم دوو کوردە و ئەم جولەکە و دوو ئەڵمانە لە بەرلین لە خانەکەی دکتۆر بنیامین کۆدەبوونەوە، دیارە ئەوسـا من وەک من مۆپسێک لەگەڵ دایک و باوکم و خوشک و براکانمدا بە خانەکەدا جرک و فرکمان بوو، دەچووینە کۆشـیانەوە و مرخە مرخمان دەکرد. ئەو زەمەنە بیرم نایەت من جارێک بەو گوجیلەیی خۆمەوە بەرەو لای خاڵەی گەنج چووبم. بەسـادەیی، چونکە لە

گوجیلەییمەوە بە بۆنی مرۆڤی سیاسی ڕشانەوەم هاتووە، بۆنێکی درن، بۆنێکی ترشاو، بۆنی گۆرەویی قاچی لاشەیەکی بۆگەنبوویان لێ دێت. بۆنێک، بەبێ جیاوازی بیروڕایان، بۆنی گووی دونیایان لێ دێت... بەڵام ئەمە غەدر نییە لە خاڵە، بەڵکو هەستەکانی سەگێکە لە دونیادا، کە بەرەو دونیا چووە، چۆتە ناو دونیاوە و کێشەبەندیی بوونگەرایی خۆی هەیە و لێرەبوونی خۆی بەدونیادا درێژدەکاتەوە. لێرەبوونی خۆی، دازاینی خۆی وەک (سەگێک لەجیهاندا) وەک (مۆپسێک لە جیهاندا) نمایشدەکات. ئەمە هەستی من بوو لە گوجیلەیەمەوە کە بۆنی سیاسی دەیڕشاندمەوە. جا وەک ئەمڕۆ لە بەرچاومە کە چۆن ئەوسا هەموویان لەوێ کۆدەبوونەوە، قاقا پێدەکەنین، من و گوجیلەکانی تر، خوشک و براکانم کە ئێستا یەکێکیان لە ئەمریکایە و ئەویتر لە شارەکەی هایدگەری فەیلەسوف (مێس کێرخ) دەژی، بەو ناوەدا فڕک و جڕکمان بوو و خۆمان هەڵدەدایە باوەشیانەوە و خۆمان خۆشەویست دەکرد و مرخە مرخمان، ژووی گفتوگۆکەی ئەوانی پڕ دەکرد لە هەرای مۆپسانە. لەو کاتەوە من دەمێکە هانز شنایدەر و دکتۆر ڤێرنەر دەناسم. ئەو دووانەی کە گەلاریزانی شەش قوز و هوما جیری ژنی خاڵە ڕقیان لێیانە و ناهێڵن بێنەوە بەم کوردستانەدا و لە فڕۆکەخانەکاندا ناو و وێنەکانیان لە لیستی ئاسایشدا هاتووە. بۆ هیچ نا، چونکە دەزانن بەیەکەم تێڕوانین لەوە تێدەگەن کە خاڵە دیلی ورگە حەزیاکەیەتی و ئەم ورگە بە ئەنقەست و پڕۆتینی ناجۆر کە خراوەتە خواردنەوە گەورە کراوە. بەیەکەم سەیرکردن دەزانن کە خاڵە گەورەی میهرەبان، کۆنە سۆسیالست و کۆنە ماویی، ئێستا زەلیل و بەند و ژێردەستی شنە قۆنەرە و

کوڕە نەمساویی و برازا لەندەنییە خوێڕیەکانێتی. ئاوەها، لە جیاتی ئەم دوو مرۆڤە جوانە داوەت بکەن، گەلاڕێزان و برازا لەندەنی و ژنەکەی داوەتی کۆنە سـیخوڕی کـاگـابی کۆن و سـیـا و سـکۆتەلەندریار و کۆنە شـتاسـییە بێئەدەبەکان و مۆسـادە هیچەکانیان دەکرد. داوەتی ئەو پاتالانەی جیهانیان دەکرد کە لە کاتی شۆڕشدا فەرمانی جۆراوجۆریان بۆ خاڵە ڕەوانە کردووە. بۆ هیچ نـا، داوەتیـان کردوون، تەنهـا بۆئەوەی لای موخـابەراتە سـپیەکان قسـەی خێر بۆ گەلاڕێزان و هوما و کوڕە نەمسـاوی و برازا لەندەنییە خوێڕەکانیان بکەن. ئاخر یەکێک مەنهۆڵ بێت، هەر شـوێنی کۆکردنەوەی گووە، ئەمانە نەک شـوێنی گووی خۆیان بەڵکو شـوێنای کۆکردنەوەی گووی هەموو جیهانن. بەکورتی و بەکوردی، ئەوان دەترسـان خاڵە زوو بمرێت و ئەم سـامانە نەتەوەییە لە تۆڕی سیخوڕییەیان لەدەست بچێت، دەترسان نەبنە مەنهۆڵی گوویی هەموو موخابەراتە خوێڕیەکانی ئەم دونیایە.

# دوو لۆردە پیدۆفایلەکە

# ١

با بگەڕێمەوە ســـەر دوو کەڵتە پیرە بەریتانیەکە، کە هەردووکیان دوو لۆردی بریتانی بوون و لەم ساڵانەی دوایی بۆ ئەم کۆشکە و بۆ ئاهەنگی ماســی برژاندن داوەتکرابوون؛ یەکێکیان لە لەندەنەوە و ئەویتریان لە شـاری لیدزەوە بانگهێشـت کرابوون. هەردووکیان داوەتی خاڵە بوون، دووکەسی جیاواز لە ڕووخسـار و هەڵکەوتەی لەشـــیاندا، بەڵام لەتەمەندا خۆیان لەتەمەنی خاڵە دەدا. پێدەچوو ئەوان تەندروســـتر ژیابن، وەک خاڵە خەریکی پەروەردەکردنی ورگ نەبووبن. یەکەمیان (لۆرد جێفرســـۆن) کە لە موخابەراتی بریتانیدا بە (بارۆنی کوردی ) ناســـرابوو، چونکە هەر لەگەڵ دەرچوونی لە زانکۆی کامبریج بەشـــی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان لە سـەرسامی خۆی بە (مێجەرسـۆن)ی کۆنە سـیخوری بریتانیەکان، ڕێگەی سیخوڕیی سەر کوردانی گرتە بەر. لەناو خەڵکی سلێمانیدا بە مێجەرســۆن بانگدەکراو و ناوی ســیانی (ئی، جی، ئەدمۆنز) بوو بە ئەدمۆنز ناســـرابوو. ئەم لۆرد چ ڕێچکەی ئەوی گرت و مەلەفی کوردی گرتە دەست. لە سەرەتای شەستەکانەوە دۆسیەی کاروباری شـۆڕشـەکانی کورد و سـەرکردەکانی پێ سـپێردرابوو. بارۆنی کوردی بە ســـۆرانیەکی ڕەوان و کرمانجیەکی بێ گرێ قســـەی دەکرد، خڕیلانە و ورگن بوو، بەڵام ورگەکەی، ورگی چلێســـی و حەزیا ئاســـا نەبوو وەک خاڵە. ورگی مرۆڤێک بوو کە

هەفتانە وەرزشی خۆی دەکات و پارێزی خۆی دەکات. دووهەمیان کە بەهەمان شـــێوە بەهۆی خزمەتکردنی تاجی بریتانی نازناوی لۆردی پێ بەخشـرابوو، لاوازێکی ڕیوەڵەی ڕەگن بوو، لە مرۆڤێک دەچوو لە کۆمەڵێک ڕەگ و دەمـار پێکهـاتبێـت، چـاوێکی تیژ و ڕوانینێکی قووڵی هەبوو کە دڵی بەرامبەری دەسـمی، بەجۆرێک وەهات هەسـتدەکرد هەموو نهێنیەکانی خوێندویتەوە. تەنانەت بۆ منی سـەگی خاڵەش هەروابوو، وەک ئەوەی بیەوێت بڵێت؛ من دەزانم تۆ کێیت ئەی مۆپسی پاشا... ئەم لۆردە ناوی (لۆرد هیزل) بوو، کە لەناو موخابەراتدا بە (هیزلی ڕێوی) ناسـرابوو، تەنها زمانی عەرەبی بە باشی دەزانی و لە کۆتایی پەنجاکاندا لێپسراوی مەلەفی حزبە کۆمۆنیست و چەپ و ماوییەکان بوو لە ئێراقدا. ئەم دووانە دوو هـاوڕێی دێرنی خـاڵە بوون، بەڵام ئەوە بۆ یەکەمجار بوو لەگەڵ خاڵەدا ئاوا بە ئاشکرا دەربکەون، وەک چۆن خاڵە بۆی نوسـی بوون ``کێ گوێ بە سـێ کەڵتە پیر دەدات، دووانیان دەمێکە خانەنشین بوون و ئەویتریش سەرۆکی وڵاتێکە لە کۆشکی بن ڕیزە شـاخێکەوە دەوڵەتێکی پڕ ئاشـووب هەڵدەسـوڕێنێت`` هاتنی ئەم دووانە کۆی ئەو وێنەی هاتنەوەی خاڵە و شابازی مچە گەڕی بۆ ڕوونکردمەدەوە. هاتنەوەی شـاباز بەناو موخابەراتی سـوورياوە بەرەو شـاخ، و ئەویتریان کە خاڵە گەورەیە بە هەلیکۆپتەری تورکەکان و میت هێنایانەوە بۆئەوەی شۆڕش بکەن و خاڵە گووتەنی`` هاتینەوە بۆ ئەوەی تر بەکێرییەکە قانگ بدەین`` تاکە پۆزشـی خاڵە بۆ داوەتکردنی ئەم دوو کەڵتە پیرە بریتانیە، وەک خاڵە دەیگووت``کاتی پاداشتدانەوەی دۆستەکانمانە`` دیارە ئەو داوتە بۆ کۆشـک بە فرۆکەی جێتی تایبەت بوو، بێگومان

پێشتر هوما جیر و گەلاڕێزانی شەش قوز، نامەکەی خاڵەیان بە بە شــنە قۆنەرەدا و بەدەســتی ڕادەســتیان کرابەە . بێگومان شــنە وەک پیشـــەی دێرینی، نەک تەنها دەم و دوویـانی تـاقیکردبۆوە، بەڵکو تـامی دەم و گەڵ و گوون و حەزەکـانی ئەو دوو لۆردە جەنتڵە بریتـانیە کەڵتە کۆنـانەی کردبوو. ســـەیر بوون ئەم دوو لۆردە جەنتڵەی دەرچووی زانکۆ بەناوبانگەکەی کامبریجی بریتانی کە ژمارەیەکی بێشوماری سیخوڕی پلە یەکیان بۆ تاجی شاهانە بەرهەمهێنابوو. ئەم دوو لۆردە پڕ زانست و خاوەن زمان پۆش و بەڕێز بوون لە دەرکەوتن و نمایشـــدا، بەلام بۆگەن زۆر بۆگەن بوون لە نـاواخنـدا. چەنـدە بە ڕۆژ هەموو وشـــەیەکیـان لەدەم بهاتبایە دەرەوە بە تەرازووی ئەقلانیەتی پەتی دەیانکێشـا و دانیان پێدا دەنا، کەچی لەئێوارەوە دووکەســـی تەواو لادەر و پەڕپوت و لومپن و بۆگەن بوون...

بیرمدێت، من خۆم لەبەینی قاچی هومـا و گەلاڕێزان و شـــنەدا خۆم مت کردبوو، گوێم لێ بوو شنە باسی سەفەرەکەی دەکرد بۆ لەندەن و لیدز و دەســتەواژەی `` لەو ســەفەرە ســەرکەوتووەدا`` منی لە ســـەرخەوە مۆپســـانەکەم وەئاگا هێنایەوە، گوێم لێ بوو دەیگووت `` گەلاڕێزان خان خۆت وەک ژنێک باش دەزانیت پیاوان لەدوای ئێوارەوە دەنـاســـرێن، نەک بەیـانیـان کە خۆر هەڵدێت`` ئەرکی شــنە قۆنەرە ئەوەبوو، دەمودوویان تاقیبکاتەوە، بزانێت تا ئێســـتا پەیوەندیان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و موخـابەراتەکاندا چۆنە. دەرئەنجام شــنە وەک خۆی دەیگووت `` لە دوای ئێوارەوە خۆمم لێدان و زانیم حەزیان لە چییە، دوا حەزی خۆیان چرپاند بە گوێچکەمـدا`` ئەوان بە ڕاشـــکـاوی ئەمەیـان بە شـــنە قۆنەرە

گوتبوو``ئێمە نەپارە سەرساممان دەکات، نە دەسەڵات، تەنها چەند شەوێک لەگەڵ سێ پاکیزەی شارەزا لە هونەرەکانی سەر جێگا``

بەمشێوەیە کە ئەم دوو لۆردە جەنتڵە گەیشتنە ئەم ڕیزە کۆشکە، هەموو شتێک ئامادەکرابوو. ئاخ سەد ئاخ، بەدەردی خاڵە هەمیشە وایدەگووت، خاڵە نەیدەزانی شنە قۆنەرە و ژنەکەی و گەلاڕێزانی خەسووی ئەویان لەم ئاخری عومرەیدا کردۆتە ``گەوادێکی عەنابی`` هەر وەک چۆن حسە گووشۆری خاڵە لە تۆڵەی ئەو هەموو ساڵەی خاڵە بەر گۆچانی دەدا و چەندەها جار قاپە فاسۆلیای بەسەردا ڕژاندووە و تفی لێ کردووە، ئەو وای لێ هات بێشەرمانە لەبەردەم مندا وا بڵێت و دانەویەوە و گووتی`` خاوەنەکەشت بووە گەوادی مەزنی عەنابی ئەم نیشتمانە``
کە دەستمکرد بەوەڕین خێرا زەردهەڵگەڕا و ڕایکرد. بەڵام ناهەقی نەبوو وا بڵێت، چونکە منیش گومان پەیدا کردبوو لەوەی؛ ئایا خاڵە ئاگادارە یان نا؟ یان تۆبڵێی هەر لەیەکەمجارەوە کە ژنە پیس و سیسەکان هاتن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ژنان، خاڵە گەلاریزانی خەسووی لە سەرۆکی خزمەتکارانەوە کردە سەرۆکی ئەو ژنانە، خاڵە نەیدەزانی چی دەکەن؟ ئەو ژنانەی ئێستا نیوەیان ئەندام پەڕلەمان و وەزیر و سەرۆکی دەزگای حزبی و ڕۆشنبیرین و هەموویان لە هێلانەی گۆڤارە قەدیمەکە، گۆڤاری (مەگارژن)، ببوورن وەک خاڵە دەیگووت گۆڤاری ``مەگێ ژن`` وە تروکانە نێو حیزب و قاسە جۆراوجۆرەکانی حیزب و حکومەتەوە. ئەمە و زۆریتر لەم مەگە و مەگێ جۆراوجۆرانەی نێو کۆمپانیا و وەزارەت و ئێن جی ئۆ و ڕێکخراوی ژنان و ڕێکخراوی پاراستنی مێشولە

له نەخۆشـــی مەلاریا و زۆریتر کە حیزب بۆیانی دروســـتکردبوو بۆئەوەی دەســەڵاتی بنەماڵەی خاڵە لە حیزبە نوێیەکەی سـۆسـیال لیبرالی کوردستان، بەهێز و هەراشتر بکەن؟!

هەر ئەو ڕۆژە کە خاڵە گەورەی میهرەبان ئەم هەنگاوەی نا، لەو بڕوایەدا نەبووم خـاڵە ئەوەنـدە گێـل بێـت نەزانێ چی دەکـات، پێدەچێت ئەم گەوادیبوونەشـــی لەبەرچاو بوو بێت، بەڵام جاران گەوادیکردنی گەلاڕێزان لە خزمەتی خاڵەدا بوو، بەڵام ئێســـتا بۆ کۆت و بەندکردن و زەلیلکردنی خاڵە گەورە و گووشـــینێتی وەک لیمۆیەک و تورهەڵدانێتی بۆ ئاودەستەکانی دەسەڵات...

بەمجۆرە لەژێر ســـەرپەرشـــتی هوما جیڕ و گەلاڕێزان و شـــنە قۆنەرەدا، ســـێ کچی پانزە ســـاڵانیان بۆ ئەم دوو لۆردە ئامادە کردبوو، دوو دکتۆری تایبەتیان هێنابوو کە پێشـتر ئامادەیان بکات بۆ ئەو شـــەوەی دەمێکە خەونیان پێوە دەبینی. دکتۆرە هیندییەکان لە (دوبەی)ەوە بە فڕۆکەی تایبەت هێنران بۆ ئەم کۆشکە و دوای پشـــکنینی خوێن و دەســـتدان لە گەڵوگوونی ئەم دووپیرە کەڕتڕە بریتـانیـانە، گەیشـــتنە دەرئەنجـامی ئەوەی کە حەبی ڤیـاگرا دەرئەنجامەکەی کـارەســـــات دەبێت و دەبێت میتۆدی دەرمـانی بەهێزکردنی کیســـەییان لەگەڵیاندا بەکاربهێنن و بەمجۆرە ئەم دوو لۆردە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ شەوە سوورەکانیان...

لۆردەکـان بەیـانیـان لەگەڵ خـاڵەدا پیـاســـەیـان دەکرد و بیرەوەرەکانیان شـــەن و کەو دەکرد، ئێوارانیش کە خاڵە لەســـەر قەنەفە چەرمە گرانبەهاکەی لەگەڵ ورگە حەزیاکەی ڕۆدەچووە ناو تەمتومـانی زەردی بیرەوەریی و زینـدەخەون و پڕخەی لەپڕەوە، کە دەرئەنجامی خواردنی چەوری تایبەت و ویســـکی ئێرلەندیی

بوو، خەودەیبردەوە. لەو کاتەدا، من، مۆپسـی پاشـا، لە باوەشـی خاڵەوە دەردەپەڕیمە دەرەوە و شـارەزا بەرەو کۆشـکی چوارەم ملم دەنا و دەمبینی دکتۆرە هیندیەکان جگە لەهەڵواسینی ئاوی پڕ وزە، دەرزی تایبەتیان لەم دوو کەڵتە پیرە دەدا. پاشان شنە و دوو لەشفرۆشی دیکە دەهاتن و مەساجی گەڵ و گوونیان بۆ دەکردن و لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە ئامادەیان دەکردن بۆ ئەو سەرکێشیەی کە ئاواتەخواز بوون بیگەنێ. لە بەرامبەر ئەوەدا هەر ئەو ئێوارانە پرۆسـێسـێکی تر لەکاردا بوو، بەوەی ئەم دوو کەڵتە پیرە بە تەلفۆنە جیوەییە ئینتەرناشاڵەکەی گەلاڕێزانی شەش قوز، تەلفۆنیان بۆ موخابەراتی ئیسـرائیلی، موخابەراتی بریتانی، عەرەبی، تەنانەت ئیتلاعاتە دەبڵ سـیخوڕەکان دەکرد و لەگەڵ هومادا دەیانخسـتنە سەر خەت. هەمووان دەزانن گەلاڕێزان جگە لەخوێندەواریەکی کز و عەرەبیەکی شـڕ نەبێت هیچی تری نەدەزانی، بەلام خاوەن ئەقڵێکی پەڕلەیی و پڕ پیلان و زیرەکیەکی شەیتانی بوو، هەر بۆیە هوما قسـەی لەگەڵ دەکردن. هوما خانم دوایی دەرئەنجامی قسەکانی بۆ گەلایزان خانم باسدەکرد، چونکە دەیزانی کە ناتوانێت درۆ بکات، ئەویک لە دوای مردنی دایکیەوە لە هەشت ساڵیەوە لە ژێردەستی ئەم باجیە هەراشەی گەورە بووە، نەک هەر دەموچاوی دەخوێنێتەوە تەنانەت وەک خۆی دەیگووت ``دەزانێ کەی قوزیشم هەڵدەستێت``

هوما کاتێک خاڵە گەورەی میهرەبان لەم شـاخانە خەباتی بۆ کورد و کوردسـتان دەکرد، ئەو و منداڵە خوێڕیەکانی سـەرەتا لە نەمسـا و دوایی لە لەندەن شـاهانە لە خانە چوار ژوورییەکەی گەڕەکی کەشخە و جوانی لەندەن، گەڕەکی مایدەڤێل، دەژیان. هەر

لێره، کاتی خۆی، بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی میترۆپۆلیتانی تەواو کردبوو. بەمجۆرە هەموو ئێوارەیەک پێش چارسەرە گرانبەهاکەی ئەم دوو کەڵتە بریتانیە، هەردووکیان ڕاوێژ و گفتو گۆ و تەلفۆنات و لیستی جۆراوجۆریان دەدا بەم دوو ژنە، و هەر کە شنە دەهاتە ژوورەوە، قڕوقەپیان دەکرد و لەلایەن هوما و گەلاڕێزانەوە دەریاندەکرد، بەجۆرێک، کە ئێوارەیەکیان هوما تووورە بوو گووتی`` چەند جارت پێ بڵێم لەم کاتانەدا مەیە ژوورەوە، تۆ تەنها ناوگەڵی حیزبیت و هیچیتر`` بەڵام شنە وەک شاعیری کینیستی کورد شێخ ڕەزا دەڵێت`` چەرمی ڕووی هێندە قایمە، شمشێری میسریش نایبڕێ – گەر بە کەوشی کەی تا دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ `` هەر بەسەر خۆشیدا نەدەهێنا و دەیگووت`` گووتم بزانم کەی ئەمشەو کاتی ناوگەڵی حیزبە تاوەکو لەخزمەتی حیزب و هوما خاندا بێت، هاهاها`` شنە قۆنەرە ناهەقی نەبوو ئەوەندە پێ ڕابکێشێت، چونکە لە دوای سەردانی شنەوە بۆلایان، ئەم دوو کەڵە ترە بریتانیە کۆلۆنیستانە وەک هەویر شل و نەرم بوو بوون. شنە قۆنەرە لەگەڵ دەزگای ئەمنی حیزب و سێ ژنی گەوادیی دەزگا، و دەزگای ئاسایش و پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی، کۆبووەوە. کۆی پلانەکە لەژێر ناوی (پڵنگی سوور) داڕێژرا، کە لە شنەیان پرسی ئەم ناوە لەکوێوە هاتووە، قاچە ڕووتەکانی خستە سەرقاچی و مژێکی لە جگەرەکەی دا و بە بێباکیەوە دوکەڵەکەی کرد بە دەموچاوی پیاوە ترسناکەکانی ئاسایش و هێزی تایبەت و سەرۆکی دەزگای ئەمنی حیزبی و گووتی `` ئاخ، ناوی قەحبەخانەیەکی هۆڵەندییە``

بەمجۆرە پیلانەکە کەوتە سەر هێڵی کار، سەرەتا لێپسراوی کۆمیتەیەکی پەروەردە، کە هەر خۆشی بەڕێوبەڕی قوتابخانەی کچانی ناوەندی و ئامادەیی پەرییەکانی نیشتمان بوو. ئەم ژنە هەر خۆی لەو بەڕێوبەرانە بوو کە حیزب و دەزگاکەی گەلاڕێزانی شەش قوز بە بڕوانامەی ساختە دایانمەزراند بوو، بە مۆبایلەکەی ڕۆژانە فۆتۆی کچانی قوتابخانەکەی و کچانی قوتابخانەکانی دیکەی لەلایەن ئەندام کۆمیتە و لق و هۆبەکانەوە بۆ دەهات و دەینارد بۆ ئیمێلی تایبەتی شنە قۆنەرە. ئەم قۆناغە وەک لە هوما و گەلاڕێزانەوە بیستم بە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری ناویاندەبرد...

بۆئەوەی بیرم نەچێت با باسی بیروڕای هەڵەی مۆپسانەی خۆمتان بۆ بکەم، کە لە دوای سەردانەکەی شنە قۆنەرەوە بۆ لەندەن و لیدز، لەلام دروست بوو. سەرەتا لەو بڕوایەدا بووم کەس لەم حیزبە سۆسیال لیبرالە پاشخانە شۆڕشگێڕییە، جگە لە شنە قۆنەرەی بەڕەڵای مەکتەبەکانی ئەڵمانیا نەبێت، بەم ئەرکە ڕازی نابێت. بەڵام بڕواناکەن وەک دوایی بۆم دەرکەوت، چ پێشبڕکێی و مل شکاندن و زماندان و چاڵ هەڵکەندێک بوو لە دژی یەکتر، تەنها بۆئەوەی ڕاکە ڕاکە بکەن بەوەی کێها فۆتۆی کچانی پاکیزە بخاتە بەردەستی شنە قۆنەرە و ئەم ناوگەڵ بۆگەنە لێی ڕازی بێت. بەمجۆرە، شەوانە ئیمێلێکی نهێنی کە وشە کلیلی درابووە ئەم دوو کەڵتە کۆنە پیرە، بۆئەوەی کەس گومان نەکات کە ئیمێلی ئەوانە، ئەم دووانە دەچوونە ئەم ئیمێلەوە و سەیری فۆتۆی کچە پاکیزەکانیان دەکرد. سەرەتا شنە هەر بۆڵە بۆڵی بوو``ئاخر گەلاڕێزان خان ئەم دوو کەڵتە پیرە کە کێریان بۆتە

سۆندەی بەر هەتاوی چلەی تەموز، بە هەموو شتێک ڕازی نین`` گەلاڕێزان و هوماش بە پێکەنینەوە گاڵتەیان پێدەکرد`` یەکمجارە تانگەکەت و لچی قوز دەرخستنت سەرف نەبێت، چییە حەسوودی ژنانەیە چونکە بە تۆ ڕازی نەبوون`` شنە توورەیی خۆی دەخواردەوە و دەیگووت ``نا، خانم وانییە، تەنها پەلەی زیاتر خزمەتکردنی حزب و خاڵە گەورەمە`` ئەوانیش بەسەرخۆشی قاقایان لێدەدا و پێکەکانیان هەڵدەبڕی و منیان بانگدەکرد، دەمزانی تۆزێکی تر بەرزمدەکەنەوە بۆئەوەی شنە بچێتە بەرقاچیان و من میزی پێدا بکەم. منیش وەک هەموو مۆپسێکی زیرەک هەرچی بۆگەناوی میزەڵدانم هەیە کۆمدەکردەوە و پێمدا دەکرد، کەچی ئەم قەحبەیەی کە ئێستا هەموو کورد و حکومەتەکەی لێی دەترسن ئەوەندە چەرمی ڕووی قایم بوو کە میزم پێدا دەکرد دەیگووت ``مۆپسی پاشا ڕەمزی خاڵەیە بەساقەی بم``

لەدوای چەند هەفتەیەک کە کەڵتە پیرەکان هەر یەکەی سێ پاکیزەیان دیاری کرد، دوای ئیمێلکردنی زیاتر لە سێ سەد و پەنجا کچی چواردە و پانزە ساڵی ئەم شارە کە لە فایلی قوتابخانەکانەوە، تاوەکو داگرتنی فۆتۆکانیان لە تۆڕە کۆمەلایەتیەکانی فەیسبوک و ئینستیگرام، تاوەکو دەگەیشتە فۆتۆی مۆبایلی ئەندامانی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیال لیبرالی کوردستان، لەوێوە دەگەیشتە فۆتۆی بەشداری کچان لە خۆپیشاندارە شکۆدارەکانی لەژێر هوتافکێشانی درورد بۆ خاڵە گەورە و مۆپسی پاشا، کە فۆتۆی گەورەی خاڵەگەورەیان بەدەست و سنگەوە بوو کە تێدا منی لەباوەشدایە... ئاوەها، هەموو

ئەم فۆتۆیانە نیشـــانەی ئەوە بوو کە دەمێک بوو ئەم حزبە تەنها ئەرکی بەرهەمێنانی گەوادی عەنابی و لەشفرۆشی پلە یەک و دوو و مەسینەهەڵگریی بوو… ئاوەها، لەدوای دەستنیشانکردنی شەش فۆتۆ، ئەرکی ڕازیکردنی کچەکان خرایە ئەستۆی چەند بەڕێوبەڕ و ئەنـدامی خوێنـدکـاران، بەڵام چەنـد ڕۆژێـک تێپەڕی و کۆی هەوڵدانەکان وەها دەردەکەوت کە کاتی پێویست بێت، تەنها باوکی دوو کچ نەبێت کە خۆیان لەم ئەندامە نوێیانەی حزب بوون، ئەو ئەندامـانەی بە بۆنی نەوت و دۆلار و پلەکـان وەک جرجی ڕەش خۆیان دەکرد بە موبەقەکانی حیزبدا. ئەم دووانە  هەم فەرمانبەر بوون و هەم ئەندامی کۆمیتە و هەم ڕاپۆرتنوسی پلە شەش بوون لە حزبەکەماندا، حزبی ســـۆســـیال لیبرالی کوردی. هەر لەگەڵ بانگکردنیان بۆ کۆشک و بۆ ژوورەکەی شنە قۆنەرە، لەگەڵ یەکەم دەمکردنەوەیان، شـــنە قۆنەرە پێی ڕاگەیاندن کچەکانی ئەوان بۆ ئەرکی تـایبەتی خزمەتکردنی کوردســـتـان و ڕێبـازی خـاڵە دەســتنیشــانکراون. بێئەوەی بپرســن چییە ئەرکەکە و کچەکانیان دەبێت چی بکەن؟ خێرا بە بزە مەسینەخۆرییەکەیان و کۆمبوونەوە کۆیلەگەرییەکەیانەوە، کە لە کۆمیتەکانیانەوە فێرکرابوون، گووتیان `` ماڵ و منداڵ فیدای خاڵە و ئەمری جەنابتانە شنە خان``

ئیتر بێئەوەی  شـــنە زیاتر ڕێگەیـان بـدات، وەک کورد دەڵێت؛ ماســتاوی زیاتر ســارد بکەنەوە… قســەکەی پێ بڕین و لەســەر پارچە وەرەقەیەک نیو دێڕی بە کوردییەکی شــکاو نوســـی و گووتی``ســـبەی کچەکانتان بەدەســـتی خۆتان بهێنن، با جانتا و شڕوشیتاڵ نەهێنن لەگەڵ خۆیاندا، ئەمەش پاداشتێکی بچوکە بچن بۆ لای سەید ماجیدی قاسەگری حیزب، خۆی دەزانێت``

بەڵام دەبوایە چوار کچی دیکە ڕازی بکەن، ئەمانە هەرزەکاری تۆقیوو بوون لەو دەستپێشخەرییەی کە نوێنەری حیزب لەگەڵیاندا وتووێژی کردبوو. کچەکان لەو بڕوایەدا بوون کە کەسوکاریان ڕازی نابن، هەربۆیە حزبیەکان، نوێنەرانی قوتابیان و خوێندکاران تەلفۆنیان بۆ دەزگای ئەمنی حیزب کرد، فەرمانی فڕاندنیان دان. پاشان تەلفۆنیان بۆ بەڕێوبەری ئاسایش کرد گووتیان`` گەر کەسوکاری کچەکان هاتن بۆلاتان چاویان لێ سووربکەنەوە`` ئاوەها لە چوار کچی چواردە و پانزە ساڵان شەشیان دەستە بژێر کران و بە دەستی پیاوە بۆرەکانی دەزگاکەی حیزبەوە وەک چۆلەکەی هەڵلەرزیوی تۆقیوو، خرانە ژوورەکانی کۆشکی چوارەمەوە. ئەو کۆشکەی بە سێ کۆشک دوور بوو لە کۆشکی یەکەم، کە کۆشکی خاڵە بوو... بەڵام خەمتان نەبێت مۆپسی پاشا، نیوەڕۆخەوی خاڵەی بە فرسەت دەزانی و خۆم دەکرد بەو کۆشکەکەدا.

ئەم چۆلەکانە، ئەم کیژە پاکیزە و منداڵکارانە کە هێشتا نەگەیەشتوونەتە شانزە ساڵی، سەرەتا دەترسان لێم، بەڵام دوایی کە شنە قۆنەرە ئاماژەی بۆ فۆتۆ گەورەکەی خاڵە و من کرد، لە خۆشیاندا باوەشیان پێداکردم. من بە جۆرێک سەرسام بووم بەو دڵە پاکانەیان، فرمێسک بە چاومدا هاتە خوارەوە. یەکێکیان گووتی`` چەندە دڵی پێمان خۆشە `` ئەویتریان کە لە هەناریکی خودایی بێ تاوان و پاک دەچوو گووتی ``کچینە ئێمەی خۆشدەوێت`` ئاوا من لە ناویاندا دەهاتم و دەچووم. لێتان ناشارمەوە دەگریام بۆئەو کچە منداڵانەی ماوەیەکی تر دەخرێنە

بەر لمۆزی دوو گەلۆری دیکە، بەڵام بەتـامی ئەوروپـای کۆنی ئیمپریالی...

ئەو دوو لۆردە ئینگلیزییە، هیچیتر نەبوون جگە لە دوو ســیفۆنی ئاودەست نەبێت، کە بە درێژایی ژیانیان گووی شاهانەیان تێکراوە. ئەم دوو کەڵتە پیرە، دوو لۆردە کۆلۆنیالیستە، ژیانیان تەواو وەک هەوشـارە خوێڕییەکەمان (حەسـەنە گۆجی سـێ قنگ) بەسـەر بردووە. ژیانی سەگی دڕ و بەڕەڵایان لەم ڕۆژهەڵاتەدا بۆ خزمەتی قوزە پیرەکەی شـاژنەکەیان، شـاژنی خوێن و داگیرکردن و تاڵانی (کووین ئیلێزابیت) بەسـەربردووە. ئەوانیش جۆرێکی تر بوون لە مەسینەخۆری و گەوادییەک بۆ تاجی شـاهانە و هەژموونی پیاوی سـپی خوێڕیی، لەم جیهانەدا. پیاوێکی سـپی کە لە بۆگەنی سـپێتی خۆی ڕادەکـات و لەگەڵیـدا دونیـا ژەهراوی دەکـات بە جەنـگ و داهێنانە ناشـرینەکانی. دیارە من بۆ ئەوە دەگریام کە چۆن دەبێت ئەم منداڵە بێتـاوانانە بخرێنە بەردەم ئەم دوو گەمـاڵە و بۆ ئەبەد چارەنوسـیان ڕەش بێت. من چەند جارێک بەوەڕینم دەمویسـت وەئاگایان بهێنەمەوە کە لە بەردەم چ مەترسـیەکدان، لە بەردەم چ فەوتـاندنێکی کەرامەت و چ کۆیلە بردنێکدان. بەڵام بێ ئاکام بوو، چونکە ئەوەنـدە خواردنی جۆراوجۆر و میوەی نـایـاب و جـل و ملوانەکەیان خستنە بەردەست، کە چیتر کەسوکاریان لەبیرنەمابوو. هەموویان خومار بوون بەو دونیایە، تەنانەت بۆ یەکەمجاریان بوو لە ژێرزەمینەکەدا کە کرابوو بە مەلەوانگە و سـاونا، بچنە ئەوێ و بە ئـارەزووی خۆیـان مەلە بکەن. دکتۆرە هینـدییەکـان جـارجـارە دەهـاتن دەرزی هۆڕۆمۆنیـان لێدەدان بۆئەوەی ئەندامی مێینەیـان زیـاتر ئـامـادەی کەڵتە پیرەکـان بێـت، تەنـانەت بۆ ئەوەی مەمکە

بچوکەکانیان زووتر گەشـــە بکەن. لەگەڵیشـــیدا فێری جگەرەی حەشـــیشـــی تایبەتیان کردبوون. ئیدی مانگێکی نەبرد لە ســـویتە تایبەتەکانی کۆشـکی چوارەم هەر شـەشـیان لەگەڵ شـنە قۆنەرەدا سەیری فیلمی دڵداری و نیمچە پۆڕنیان دەکرد...

هاوشـــانی ئەم پرۆســـەیە، دوای ئەوەی کەســـوکاری ئەم کچانە بانگکران بۆ ژووره نســـرمەکانی ئاســـایش، پیاوە زرتە بۆزەکانی کوردایەتی بە تـامی خـاڵە و میهرەبـانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر، پێیـان ڕاگەیـاندن؛ کە کچەکـانیـان بەخواســـتی خۆیـان لە خولێکی ڕاهێنانی حزبی سۆسیال لیبرالدان و باشترە دەمیان داخەن. بەڵام وەک خاڵە فێری کردبوون ``گوویان پێ بکە و لاقە مامریان بکەرە دەمەوە`` ئاوا پێیانگووتن کە لیســـتی داواکارییەکانیان پێشـــکەش بکەن؛ ئیـدی ئەم برایە دەیویســـــت بنێردرێتە ئەڵمـانیـا، ئەویتر خانووی دەویســت. ئەمیتر خانەنشـینی پێشـمەرگایەتی بەمەرجێک یەک ڕۆژ پێشـــمەرگایەتی نەکردبوو و لەدایکبووی ناوەڕاســـتی نەوەدەکان. ئەم داوای باخێکی دەرەوەی شاری دەکرد و ئەویتریش داوای ناردنی بۆ ئەوروپا بۆ چارەسەر... و زۆریتر لەم داواکاریانە. دوای ئەوە ئیـدی دەیـانتوانی ســـــەردانی کچەکـانیـان بکەن، ئەو کچانەی فێرکرابوون فەرمان دەربکەن بەســـەر ســـتاڤی کۆشـــکی چوارەمدا و خزمەتکارەکان بە خانمان بانگیان دەکردن. تەنانەت کە بـاوک و دایک و برا زەلیلەکـانیـان هـاتن، ئەمـان لە ئۆفیســـــی تایبەت پێشـــوازیان لێکردن، زوو زووش دەســـتیان بە جەرەســـی ســـــەرمێزەکە دەهێنا کە پیاوێکی کەتەی زل بە خۆی دەمانچەکەی لاقەدیەوە بە فەرموو خانم وەڵامی دەدایەوە. پاشـــــان خزمەتکارە فیلیپینی و بەنگالیەکان ژوورەکەیان پڕ دەکرد لە کێکی جۆراوجۆر،

چا و قاوە و نیســـــکافی. هەموو کچەکان یەک وەڵامیان هەبوو، ئەویش کــارکردن و ڕاهێنــانیــانە لە مەکتەبی پەیوەنــدیەکــانی گەڵاڕێزان خانم. تەنانەت ئەو دایک و باوکانەی ســــەرەتا ناڕازیی بوون، دوای ماوەیەک تر دەهاتنەوە و لیستی داواکاریەکەیان دەدا بە کچەکانیان. ئەو برایانەی بڕیاڕیان دابوو لەتۆڵەی شــــەرەفیان، خوشــکەکانیان بکوژن. دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلی شــەســت هەزار دۆلاریی و دامەزراندنیان لە ئاســــایش بۆ زامنکردن و دەهەزار دۆلاریشیان خستە گیرفانیانەوە، فێر بوو بوون دەیانگووت ``دادەم لە مەکتەبی عیلاقات وای گووت``

ئەوەی لای من بووە جێگەی ســەرســوڕمان ئەوەبوو، نیوەی ئەم کۆمەڵگەیە گەندەڵ بووە و ئەویتریش کە ناڕازییە چاوەڕێی ئەوەیە گەنــدوگووی گەنــدەڵی بەربکەوێــت. هەربۆیە ئێســــتــا کە خــاڵە لەســـــەرەمەرگــدایە و ئەم ڕووداوانە دەهێنمە بەرچــاوی خۆم، حیکمەتی (قوون و دەم)ی خــاڵەم بیردەکەوێتەوە، کە دەیگووت ``کە دەمیــان پڕ دەکەیت، ئیتر قوونی خۆیــان لە بیردەچێتەوە``

بەمجۆرە وەک تێبینیمکرد کۆی ئەم میللەتە لەنــاو زەلکــاوی گەنــدەڵیــدا دەعەجــانی بوون. هەموویــان لە کۆمەڵێــک بونەرەی گەنــدەڵیــان دەکرد، کە وەک کرمی پیس بەرەو خواردنی گووی گەندەڵی دەکشان.

وەک گووتم؛ ئەو کچانە لەگەڵ مندا میهرەبان بوون، منیش ڕۆژانە دەچووم بۆ لایــان، من بەزیم پێــدا دەهــاتنەوە و دەمزانی لەم تەمەنەدا چ تــاوانێکە کچی وەهــا منداڵ بخەیتە نــاو گێژاوی پــارە و حەشیش و فاشیۆن و چەپەخۆری مۆدێرن. بەجۆرێک ڕاهێنرابوون

که ئالوودە بوون لەسـەر حەشیش، ویسکی، سـەیرکرنی تی ڤی و قەنـاتی پۆڕن. بیرمـدێـت یەکێکیـان بە ئەویتری گووت `` لە بەندیخانەی ماڵی ئەم کوردە دواکەتووە لادێیانە، ڕزگارمان بوو`` لەگەڵ یەکەمین دانیشـــتنی شـــنە قۆنەرە لەگەڵیـانـدا هەموویـان بەسەرسامییەوە دوای کەوتن بۆ قاتی یەکەم، بۆ نیشاندانی جانتای گووجی کە نرخی شەش هەزار دۆلار بوو، پاپوچی ئیتاڵی هەشت هەزار دۆلاریی ڕازاوە بە بەردی نایاب. تەنانەت هەندێک متومورووی گرانبەها و ئەڵماسـی نیشـاندان، کە کەمترینیان نرخی پانزە هەزار دۆلار بوو. بێگومان لە قاسەکەی سـەید ماجیدی تسلێدەری حیزب پارەکەی درابوو، ئەو سـەید ماجیدەی کە پێشـمەرگە و ڕێکخسـتنە دێرینەکانی یەکێتی ڕەنجدەران، ئەوانەی بەردی بناغەی ئەم حیزبە بوون دەهاتنە لای خاڵە گەورە، بۆهیچ نا، تەنها بۆ ســـەرفکردنی خـانەنشـــینە مەمرە و مەژییەکـانیـان کە مـانـگ نـا مـانگێـک بۆ زەلیلکردینان لێیان دەبڕین، کەچی ســـەید ماجید خێرا دەیگووت ``حیزب لە سەگیش سواڵ دەکات هەڤالان، دان بەخۆدا بگرن``

لەو نێوەندەدا خاڵەش وەک نیمچە بێهۆشک وابوو، لە ژێر خوماری هەڵمی وردە تســی خۆیدا کە خواردنی ناو ورگە چەورەکەی بوو، وەک غـازی نێو بوتڵە لێچووەکـان بەریـدەدایەوە و تـاو نـاتـاوێـک ویســـکی بەســـەردا دەکرد و دەیگووت `` ئم، ئم، ســـەید ماجید ڕاستدەکات، هەڤالانی هێژا، حیزب لە سەگیش سواڵ دەکات، حیزب بە خۆگری و خەباتی ئێوەی قارەمانەوە ماوە``

خۆ ئەگەر یەکێک ســـەیری بچوکترین جانتای ژنانەی ئەم شـــنە قۆنەرەیەی حیزبی شـــەهیدانی بکردایە، وەک چۆن خۆمان وا ناو لە خۆمان دەنێن، ئەوا دەبینین کە لە پێستی تیمسـاح دروسـتکراوە

و له شـــانزلیزێی پاریس و به کارتی بانقی حیزب کڕیبووی. نرخی هەر یەکێک لەو جانتا فڕێدراوانەی ژووره بێشـــومارەکانی، مووچەی چەندەها ساڵی خانەنشینی ئەو تێکۆشەره دێرینانه بوو، که وەک خاڵه دەیگووت`` ئەو تێکۆشـــەرانەی وەک شـــێر له دژی بەعسی فاشـی دەیاننەڕاند`` بەڵام ئێستا لەبەردەم شنه قۆنەره و دەزگاکەی گەلاڕێزاندا وەک جورجێکی برسی دەیانزیکاند...

بەهەرحاڵ، با بێنەوه سـەر ئەم کچه بەستەزمانانه که شـنه قۆنەره پەیمانی ئەوەی دابوونێ، ئەگەر سەرکەتوو بوون لەم ئەرکەدا، ئەوا دەرگای پاریس و نیوۆرک و بەرلین و دونیای سەفەریان بەسەردا دەکرێتەوه. دونیایەکی بۆ نەخشـــاندبوون که خەونیان بەو کاتەوه دەبینی که ئەرکه مەزنەکه بەجێهبهێنن.

ئەم دوو لۆرده پیره هەر لەسـەرەتای دەرکەوتنینان لەم کۆشکەدا، دوای ســلاو و باوەشــکردن بەیەکداکردن، دوای ئەوەی پەرداخی ســـکۆتچ ویســـیکەکەیان بەدەســـتەوه بوو، یەکەم کەس که خاڵه ویســتی ئەم لۆردانه بیناســن، من بووم، بەڵێ من، مۆپســی پاشــا. بیرمدێت هەر که خاڵه بانگی منی کرد شـــنه قۆنەره بەپەله هاته ژوورەکەم و به تەنوره کورت و سنگه بەرز و ڕووتەکەیەوه هات و منی له باوەش نا، لمۆزمی خسته ناو جووته مەمکه پڕ سلیکۆنه نوێیەکانی و بردمی بۆ لای خاڵه گەوره. هەر که شـــنه دەرکەوت دەموچاویان گۆڕا یەکەم دێڕیان بۆ خاڵه ئەوەبوو``دەوردراوی به جوانی ڕۆژهەلاتی`` ئەمەش ئەو کۆده بوو که پێشـــتر ئەم دوو لۆرده لەلای ســـەرۆکی مەکتەبی دەرەوەی وڵات له لەنـدەن به گوێچکەی نوێنەرەکەی خاڵەیان دابوو. نۆســـتالژیایەکی پیدۆفیلیانه

بوو، بەڵام  لۆردانە و جێنتڵانەی فۆرمولکرابوو بە چەنـدەهـا دەستەواژەی دواندنی ناڕاستەوخۆیی ڕۆیاڵی، کە نوێنەرە کوردەکە وەک سـەگێکی ڕاهێنراو لە بۆنکردنی حەزی ئەوی بەرامبەر قۆستیەوە و زانی چیان دەوێت.

ئاوا یەکەم کەس من بووم کە خاڵە ناسـاندمی پێیان. خاڵە باسـی دکتۆر بنیـامین و دکتۆر عەبـدولڕەحمـان زەردەکی کرد، ئەمـان دکتۆر بنیـامیـان نەدەنـاسـی، بەڵام وەک دوو لۆردی دەزگـای سـیخوڕیی بریتانی، ڕاپۆرتیان لەمەڕ  عەبدولڕەحمان زەردەکی خستبووە بەردەستیان، هەربۆیە، یەکێکیان ئەوەی باڵایەکی کورت و غەبغەبەیەکی  بەرازیی هەبوو، گووتی`` ئاها، ئەوەی لە زانکۆی بەرلین بەشـی زانسـتە ڕۆژهەڵاتیەکان، وانەی دەگووتەوە. ئەوەی، هـاهـاهـا، خەونی بە دەوڵەتی سـەربەخۆیی کوردییەوە دەبینی`` خاڵەش تێیگەیاندن کە من، مۆپسـی پاشـا، هەم کوردییەکی باش و هەم ئەڵمانی و هەم ئینگلیزیەکی بریتانی باش تێدەگەم. ئیدی هەتا ئەوان لەوێ بوون، جارناجارێک خۆم دەکرد بە بەینیاندا، یاخود لە باوەشـیاندا خۆم خپدەکرد و گوێم لە قسـەکانیان دەگرت کە لە نێوان خۆیـاندا دەیانکرد. لێرەوە ئەو زانیـارانەی کە خـاڵە هەرگیز لای من نەیدەدرکاند ئەوان ئەو ماوەیەی لە سـویتەکەی خۆیان لە کۆشـکی خاڵەدا بوون، باسـیان دەکرد و قاقا پێدەکەنین و منیان دەدواند. ڕاستیتان دەوێت سەرەڕای ئەوەی دەمزانی لە پشت ئەم هەموو نەجابەت و ڕێز و ماریفەتەی دەیاندواند، پلانی خوێنڕشـتن و ماڵ وێرانی میللەتانی ڕۆژهەڵات و هیند و دونیا لەژێر سـەری ئەمانەدا بووە. هەرچەندە دەمزانی  هەوشـارە دڕەکەمان (حەسـەنە گۆجی  سـێ قنگ) کە چەندەها کەسـی لەژێر کەڵبەکانیدا ونجڕ

ونجرِ کردووە، زۆر لەو دووانە شـــەریفتر بوو. ســـەرەڕای ئەو ڕاســـتیە، من وەک ســـەگێکی خانەدان کەیفم بە نەرموناســـکیان دەهات، بە دبلۆماســـیەت و هەڵبژاردنی وشـــەکانیان و دواندنی جەنتڵانەی ئەوان بۆ من کە بریتانیانە بە (لۆرد مۆپسی) یان (سێر مۆپســـی) بـانگیـان دەکردم. هەموو ئەو زانیـاریـانەی کە خـاڵە بەدرێژایی تەمەنی لە منی شاردبۆوە، کە چۆن خۆی و جێگرەکەی شـــابازی مچە گەڕ، کاریان لەســـەر هەڵوەشـــاندنەوەی بەرەی مارکسیەکان کردووە، کێ ئەمانی لە نەمسا و قاهیرە ناردۆتەوە بۆ ناو شـــۆڕش؟ بۆ کێ کاریان کردووە و بۆچی شـــاباز خۆی بە شـــەریکە بەشـــی خاڵە تێدەگات؟... وەڵامی هەموو ئەمانەم لەم دوو لۆردە منداڵبازانەوە، بەدەســـتهێنا، کە ئێســـتا ئەوانە دەمێکە لە قەبرستانی ڕۆیاڵی لەندەنی ڕاکشاون و هەزار جار گۆڕ بەگۆڕ بن.

ئەم دوو لۆردە بریتانیە دونیایەک مەدالیای ئازایەتی پاشـــایەتی و پلە و پۆســـتیان هەبوو لە مەملەکەتی گەورەی بریتانیادا. یەکتریان بە (ســێر) بانگدەکرد، ئەو شـــەوانەی کێریان پێش ئەقڵیان دەکەوت، تاوەکو بەرەبەیان شنە قۆنەرە لە سووچێکێکدا لە کۆشکی چوارەم دانیشتبوو بە نیگەرانیەوە جگەرەی لەســەر جگەرە و پێکی لەدوای پێک دەخواردەوە. لەبیرمە، بەرەبەیان کچەکانی بانگکرد بۆئەوەی بزانن میوانە ڕۆیاڵەکانی خاڵە لێیان ڕازی بوون، کچەکان کە هێشتا فێری هونەرەکانی درۆ نەبوو بوون، لەوەڵامدا باسـی ئەوەیان کرد کە هەرچەندە بۆیان مژیوون بەڵام دەمێکە ئەمانە کێریان مردووە و تەنانەت میزیشـــیان بە زەحمەت پێ دەکرێت. لەو کاتەدا من لە بەینی قاچی شنە قۆنەرە و کچەکاندا وەستابووم، ئاگام لێ بوو کە

شنه قیژاندی بەسەریاندا و گووتی ``گووی وا مەخۆن جاریکی تر، باســـی کێری ئەو لۆردە جەنتڵانە بکەن زمانتان دەدەم بە ســـەگە هەوشارەکان`` کە کچەکان گووتیان جەنتڵ مانای چی؟ شنە پاژنە بەرزیەکەی داکەندو و گووتی ``لەبەرئەوە نەبێت دەبێت دوایی بچنەوە ژوورەوە، ئەگیان سەروچاوی هەرسێکتان و باوکە گەواد و دایکە قەحبەکانتانم بەم پاژنە بەرزییە دەشـــکاند... بچنەوە ژوورەوە و تا بەیانی لە خزمەتیاندا بن``

ئاوەها شەوانە ئەم دوو لۆردە تەنها دەهاتن لەگەڵیاندا دادەنیشتن و بە چەشـــە کۆمیدییە بریتانیەکەیان نوکتەیان بۆ کچەکان دەگێڕایەوە، ئەوانیش فێرکرابوون لە خوار قاچیانەوە دابنیشـــن و خومار لە ژێر کاریگەری خواردنەوەی پڕ حەبی ئێکستەسی تایبەت ئامادەکراو لەلایەن دوو دکتۆرە هیندیی و عەرەبێکی بەدەوینەوە کە هونەری تێکەڵکردنی گیای قاتی دەزانی لەگەڵ چای حەشیشی بۆندار. لەژێر کاریگەری ئەو جۆرە دەرمانانە، فێریان کردبوون دەســـت بەرن بۆ ناوگەڵە مردووەکانی لۆردەکان و ئەوانیش قاقا پێدەکەنین و دەیانگووت`` هاو نایس، هاو نایس، هاو کیوت``

شـــنەش لەلای خۆیەوە بەردەوام قســـەی بۆ کچەکان دەکرد و هەموویانی هێنابووە سەر ئەو بڕوایەی ``پەردەی کچێنیت بخەیتە ناو زێرابەوە باشترە وەک لەوەی هەتیوێکی برسی کوونی بکات و قەدری نەزانێت`` بەمجۆرە ئەم شـــەش کچە هەرزەکارە وەها گەندەڵکرابوون نەک هەر نە دەترســـان لە کونکردنی پەردەکانیان، بەڵکو خەونیان بە ئەوەوە دەدی پەردەی کچێنیان بە کێرە پیرەکانی ئەم لۆردە بریتانیانە کون بکرێت و بچنە ناو سوپا بێشومارەکەی دەزگا ئەمنییە بێ بنەکەی گەلاڕێزانی شـــەش قوزەوە. بەمجۆرە،

هەموو شـەوێک هەر یەکێک لەوان، بە ناشـرینترین کێر لەسـەر ئەم زەویە، کە کێری پیرێکی پیدۆفایلە کە بۆ دواجارە هەناســە دەدات، ئەو خەونانەیان بەدی دەهات. لەگەڵ لەدەســتدانی پەردەی کچێنی هەر یەکێکیان، خەونی کچەکان و خەونی خانەوادەکانیان و خەونی شــنە قۆنەرە و گەلارێزانی شــەش قوز و خەونی حیزب و خەونی ئەم دوو لۆردە پیرەش بەدیدەهات. لەگەڵیدا، وەک ئەم دوو لۆردە بریتانیە ڕۆیاڵە خوێڕیانە خۆیان گوزارشـــیان لە خۆیان دەکرد بەوەی، ئەم گەشـــتەیان بۆ لای خاڵە ``دوا گەشـــتی چێژە پێش ئەوەی بچینە دوا فارگۆنی پیرێتیەوە``

ئیدی من، مۆپسی پاشا، سەگە زیرەک و بەتواناکەی خاڵە گەورە، کە ئێســـتـا ڕۆحە جوانەکەی لە خەســـتەخـانە پـاریســـییەکە (خەســـتەخانەی پێرســـی) لە شـــەڕی نێوان مانەوە لەگەڵ ورگە حەزیاکەی و بە جێهێشـــتنیدایە بەرەو ئارامی، ئاگام لێ بوو، ئەم دوو لۆردە یادەوەریەکانی خۆیان لەم دوا گەشـتەیاندا شـەنوکەو دەکرد، بەوەی، هەموو شـــەوێک قاقا بەوە پێدەکەنین؛ چەندە گێل بوون، خۆ ئەگەر بیـانزانیـانە خـاڵە ئەوەنـدە پیمپە، ئەوا ئەوەنـدە خۆیـان هیلاک نەدەکرد لەگەڵیـدا. هەر بۆ زانیتـان، پیمــپ بە ئینگلیزیی مانای گەواد دەگەیەنێت.

## ٢

ئەم دوو لۆردە، لە شەستەکانەوە لەگەڵ خاڵەدا دەستیان تێکەڵە، ئەم دەست تێکەڵییە لە کەیەوە دەستیپێکردووە؟! هەرچەندە لە بابەتەکە دوور دەکەومەوە، بەڵام بۆئەوەی ئەمەشم بیرنەچێت و بۆتانی دەگێڕمەوە، بۆ هیچ نا، بۆئەوەی دوایی نەڵێن؛ مۆپسی پاشا ئەم مەسەلەیەشی کردەوە بە بەزمەکەی بەشەکانی تر و دەڵێت؛ زەمەن یار بێت لەبەشەکانی تردا بۆتانی دەگێڕمەوە، نا، لەمەدا من ئێستا دەیگێڕمەوە...

ئەم دوو لۆردە، خاڵەیان لە دوو وێستگەی زۆر جیاوزدا ناسیوە، بەڵام هەرگیز دەربەستی شابازی مچە گەڕ نەبوون، پێدەچێت ئەمەش کێشەی شابازی مچە گەڕ بووبێت لەگەڵ خاڵە، کە هەرگیز نەیتوانیوە بەسەر خاڵەدا بازهەڵبدات. ئەمانە کاتێک لە ڕێگەی ڕاپۆرتلێدرەکانیان لە بلۆکی سۆسیالیستیەوە ڕاپۆرتیان بۆ دێت، کە خاڵە یەکێک بووە لەنوێنەرانی گەنجانی کورد لە پەنجاکاندا لە وارشۆ. خاڵە ئەوسا بەشێک بووە لە بزوتنەوەی گەنجانی سۆسیال ئینتەرناسیونالی سەر بە جیهانی سێهەم. ئەمە قۆناغی یەکەمی خاڵەی گەنج بوو کە ئەوان بە وردی مەلەفی چاودێری بۆ دەکەنەوە... وێستگەیەکی تر، ئەو کاتەیە کە مەلا گەورەی دەمگەوهەر لە مەنفای مۆسکۆییدا ژیانی بەسەردەبرد و خاڵەی گەنجیش لە بەرلینی ڕۆژهەڵات زانستە سیاسیەکانی لە زانکۆی پۆلی تەکنیک دەخوێند. هەروەها ئەم دووانە، بە وردی ئاگاداری

زەمەنێکی ســـــەختی ژیـانی خـاڵە گەورە بوون، بەتـایبەت ئەو زەمەنەی خـاڵە لەلایەن مەلا گەورەی دەمگەوهەرە ڕەزیلکراو و ترۆکرا. ئەو زەمەنەی لە قاهیرە نانی زەلیلی دەســـتی موخابەراتی ئێراقی دەخوارد...

بیرمـدێـت لەم گفتوگۆیەدا دەربـارەی خـاڵە گەورە، لۆرد هیزل ســـــەیری کردم و بە ئینگلیزیە پۆشـــــەکەی گووتی``دەزانم تۆ ســـەگێکی نۆبڵ و خانەدانیت، مۆپســـی پاشــا. دەزانم تۆ لە نەوەی ولیەمی نارنجیت کە بووە پاشـــــای بریتانیای گەورەمان. هەربۆیە خوێنی خانەدانیت تێدا دەجولێت و توورە دەبیت بەم قسـانە. بەڵێ، دەشـــــزانم لە ئینگلیزی تێـدەگەیـت، وەک چۆن کـاتی خۆی لە ڕاپۆرتەکانی هەواڵگرییدا زانیاریمان لەمەڕ ئەو سەگە کۆدەکردەوە کە خاڵە ئەوەندە پێی ســـەرســـام بوو، بەجۆرێک، برگەی یاســـایی هەیە کە تۆ بوەڕیت دەبێت ئەم میللەتە قڕوقەپی لێ بکات. بەڵام بمبورە کە ئەوە بڵێم؛ دەمـانزانی خـاڵە گەورەی هـاوڕێی تەمەنـت ســـووک و ســـەلیم و نۆکەرە بە ســـروشـــتی خۆی..بەڵام، هاهاها، نەماندەزانی توانای گەوادیی ئەوەندە گەورە و مەزنە``

هەر کەئەوەی گووت خێرا من دەستمدەکرد بە وەڕین و مڕە مڕ و گەڤە گەڤ، بەجۆرێک لۆرد جێفرســـــۆن زۆر دبلۆماســـــیانە هاتە پێشـــــەوە و گووتی`` بێگومـان ئێمە مەبەســـــتمـان هیچ سووکایەتیکردنێک نییە، بەڵام ئەوەتا سەگێکی نۆبلی وەک تۆ لەم کۆشـــــکەدا فڕێدراویت، ئەوەتا خاڵەش فڕێدراوەتە ناو ســـــینیە پـاقلاوەی جۆراوجۆر و خواردنی بەتـامکراوی تـایبەت، بۆئەوەی زووتر ورگە زلەکەی قووتی بدات. تۆ دەزانیت ئێمە هەموو ژیانمان لە ناو دەزگای هەواڵگری و ڕاپۆڕتنوسی پۆخڵ و خەڵکی دووزمان

و جاشی دوودیوو و دووسەر و دووقنگ و دووقوز بەسەربردووە. تۆبلێی ئێمە ئەو ڕیسوابوونەوەی تۆ و خاڵە نەبینین. نا، یۆرهاینس، یۆر ئێکسـلێنسـی، خاوەنشـکۆی میهرەبان، تۆ هەڵەیت وا مەزندە بکەیت ئێمە وەک خاڵە خەڵەفاو بین. ئێمە خانەنشـین بووین بە مووچە، بەڵام چاومان لەسـەر نۆکەرە دێرینەکانمان کراوەیە. ئەوەتا دەبینیت هەر شـەوەی وەک بریتانیەکی سـوارچاکی کۆلۆنیالیسـت کچێکی ئەم کوردسـتانە بەختەوەر دەکەین و فڕێیدەدەینە ناو سوپا پۆخڵەکەی ڕاپۆڕتنوس و لەشـفرۆشـەکانی حیزبەکەتانەوە. بۆ منی بێگانەی سپی، چ دەربەستم، خوای دەکرد ئە میللەتە لاوفـاو دەیبرد...`` کە کەوتمە مرەمرِ لەئەویش، لۆرد هیزل قسـەکانی لەدەم وەرگرت و گووتی ``مەبەسـتی لۆرد جێفرسـۆن ئەوەیە، ئێمە دەمانزانی خاڵە گەورە بۆ دەسـەڵات قۆنەرەی هەموو کەسێک ماچدەکات. بەڵام ئێستا کە سەیری دەزگا ترسـناکەکەی گەلاڕێزان و دەسـەڵاتەکانی هومای ژنی و کوڕە قووندەر و گەیەکانی خاڵە و برازاکانی و دەسەڵاتەکانی شنە خانم دەکەین کە ئێوە لێرە بە شـنە قۆنەرە ناوی دەبەن. حەیفی ئەوە دەخۆین کە کـاتی خۆی نەمـانزانیوە جگە لەپێلاو لێسـانەوە ماچکردن، توانای گەوادیشی هەیە``

ئیـدی خـامۆشـیەکی تەنـک، قورس، تیژپەڕ و ژەهراوی، تۆزە نەبینراوە بۆگەنە نوسـتووەکـانی دەسـەڵاتی لە نێوانمـانـدا دەتەکـاندەوە، بەجۆرێک، هەرسـێکمـان خـامۆش و هێمن لەو گۆلاوەمان دەڕوانی کە تێی کەتووین. هەرسـێکمان هەسـتمانکرد قێزەوەنترین بونەوەری ئەم گەردوونەین، پۆخڵترین بونەوەرین کە

شایەنی ئەو هەوایەش نین لە سییەکانماندا دێت و دەچێت. بێدەنگ بووین و چێژمان لە پۆخڵی خۆمان وەردەگرت...

وەک گووتم؛ پیمپ لە ئینگلیزیدا مانای گەواد دەگەیەنێت، ئەم دوو سـیخوڕە شـاهانەیە حەیفیان دەخوارد گەر بیانزانیایە ئەم پیاوە ئەوەندە پیمپە، ئەوا وەک پیمپێک فەرمانیان بەسـەردا دەردەکرد وەک لەوەی دبلۆماسـیانە داوەتی پایتەختەکانی بکەن و بە گووژم دۆلاری بۆ بخەنە سـەر ژمارەی بانکیی لە سـویسـرا و بەریتانیا. خەفەتیان بۆ ئەوە دەخوارد کە دەبوایە لەزەمەنی جەنگی ساردەوە بیانزانیانە ئەم پیاوە جگە لە گەوادێکی سـیاسـی هیچیتر نەبووە... ئەمە و زۆر قسـەی تر کە بە ئامادەبوونی من دەیانکرد و وەک ژەهر دەچووە دەمارەکانی دڵە سەگیەکەمەوە و ئازاری دەدام.
بەمجۆرە، ئەم دوو لۆردە، شـەوەکـانیـان لەگەڵ پـاکیزەکـان بەسەردەبرد و هەر دوو شەو جارێک پەردەی یەکێکیان کوندەکرد و قاقا بەم حیزبە هەزەلییە پێدەکەنین کە گەلاڕێزانی شـەش قوز و کوڕە نەمسـاویە خوێڕیەکانی خاڵە بەڕێوەی دەبەن. بەڵام وەک هەموو لۆردێکی جەنتڵ و خـانەدان خووە ئۆرسـتۆکراتیەکـانی خۆیان تێکنەدەدا و لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری بەیانیدا ئەمانە بیریان دەچووە لە ئێوارەڕا بەدوا، چ پەڕپوت و دڕندەیەک بوون. ئاوەها پاک و تەمیز و پڕ بزە و قسەی شیرین و پڕ ڤۆکابیلەری ئینگلیزی پۆش، بەیـانیـان لەگەڵ خـاڵە گەوادی گەورە، وەک چۆن لەنێوان خۆیاندا وایان پێدەگووت، فراوێنیان دەکرد و باسـی سـیاسـەت و پاشەڕۆژی ئەم زەویەیان دەکرد... دوای سەرخەوشکاندی نیوەڕۆ، دوای پیاسـەی عەسـران، بەدرێژایی چەمە پڕ هاژە و هەڵبەزەی

ماســـیەکان کە بە درێژایی ئەم چەمە کەس ناوێرێت قولاپێکی تێ بهاوێت، پیاســـەیان دەکرد و منیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد و گفتوگۆیان دەکرد. پاشان دەگەڕانەوە بۆ کۆشکی سێهەم و لەوێ لەگەڵ گەلاڕێزان و هوما خان و جارجارەش بە ئامادەبوونی برازەکەی خاڵە کە ئەویش سـکوڵ لیڤەرێکی لەندەنی بوو، بە ئینگلیزیەکی کۆکنی ســـەرجادە قســـەی دەکرد. بەڵام ئەم دوو لۆردە کە قســـەیان دەکرد ڕوویان نەدەکردە ئەو، بەجۆرێک کە هوما هەستیپێکرد، و ئەوا بۆ ئەبەد نەگەڕایەوە بۆ ئەم دانیشتنانە. ئەمەش سەرەتای دوژمنایەتیەکی ماسکدار بوو لەنێوان ئەم برازە قوتابخانە جێهێڵەر و نیمچە خوێندوار و بێکارە لەندەنییەی خاڵە گەورە و هوما خان و گەلاڕێزانی شـــەش قوز. بێگومان ئەمە سەرەتای دووبەرەکیەک بوو کە ئەم لۆردانە بە زیرەکی ڕۆیالانەی خۆیان هەلایانســـاند. ســـالانی دواییش ئەم زۆرانبازییە حزبی بەرەو لێواری هەڵدێری ئێران برد و لە کاتی خۆیدا کۆمپانیاکانی نەوتی بریتانیا ســـوودیان لێ بینی. بەڵام ئەمەش هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی تر...

ئاوەها، ئەم دوو پیرە بریتانیە خەریکی دانانی پلان و ڕاوێژ و پەیوەندی دەمەزەردکردنەوەوی موخابەراتی بوون لەگەڵ هوما خانم. زۆرجاریش کوڕە خوێڕییەکانی خاڵە خۆیان پێدا دەکرد، کە ئەوان دەهاتن ئەمان بێدەنگ دەبوون و کوڕەکانیان تەنها بۆ ماوەیەکی کورت دادەنیشـــتن، وەک ئەوەی بیانەوێت لاســـایی باوکیان بکەنەوە لە نواندنی موخلیســـی بۆ پیاوانی موخابەرات و بێگانەکان، زوو زوو دەیانگووت`` بەڕێزان ئەوە بزانن کە ئێمە

سەربازی شاژنی بریتانیان`` ئەوانیش سەیری یەکتریان دەکرد و بزەیەک دەهاتە سەرلێویان. بزەیەک کە دەمزانی ئەو ڕستەیان لە دڵی خۆیاندا دووبارە دەکردەوە کە لەم گەشتەیاندا ڕۆژ نەبوو دووبارەی نەکەنەوە، ئەویش؛ دەسڕی تەوالیتە. بەوەی هەمیشە دەیانگووت`` قەدەری شانشینەکان سەیرە، چونکە تاجی شاژن تەنها بە پەڕۆی گواویی ئەم پۆخڵانە پاکدەبێتەوە`` بەمجۆرە، کە ئێوارە ڕاویژیان تەواو دەبوو و شەو داداهات، دیسانەوە وەک کرمی قەدیمەی پیسی ناو زێراب و گووی ئەم جیهانە بەرەو کۆشکی چوارەم و شەوە سوورەکانیان دەکشان.

ئەم لۆردانە تایبەت بوون بە دۆسیەی درێژخایەنی ستراتیژیەتی نەوت کە لە دێر زەمانەوە بەریتانیەکان کە کۆمپانیای نەوتی ئێراقیان دامەزراند، کاریان لەسەر دەکرد. ئەم ستراتیژیەتە تایبەت بوو بە ناوچەی کەرکوک و دەوروبەری؛ ڕێگەی بۆریە نەوتەکان، جوڵەی سیاسی کورد بە درێژایی ئەم بۆری نەوتانە کە لەو ناوچانەدا نیشتەجێن. پێکدادانە کولتورییەکان، نەریتەکانیان، خاڵی لاوازی و خاڵی بەهێزیان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان. هەروەها لەدایکبوونی ئایدلۆژییە نوێیەکان، بەتایبەت چەپ و کۆمۆنیزم و بەرژەوندیەکانی سۆڤێت و ڕووسەکان لە ناوچەکەدا. حیزب و هێزە سیاسی و هێزە ئاینیەکان، مەلا سیاسیەکان و نرخی خۆفرۆشتنیان، سەرۆک خێڵەکان و نرخی خۆفرۆشتینان، مەلاگەورەی دەمگەوهەر و گەمەکانی لەنێوان سۆڤیەت و ئیسرائیل و شای ئێران...هتد. ئەمە و زۆریتر بە دەوری ئەم بیرە نەوتانەدا دەسوڕایەوە کە سەدەها دۆسیەی تایبەت و هەزارەها ڕاپۆڕتی

ئەو ڕاپۆڕتنوسە لۆکالیانە بوون ڕۆژانە ئەو تڕانەیان دەژمارد هەر کوردێک لە دژی بریتانیای عوزما و ڕۆژئاوا، کەندوویەتی. بەهەمان شێوە چەندەها کەسی وەک ئەم دوو لۆردە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە و هەر لە ساتەوەختی دابەشکردنی کوردستان بە چوار پارچەی خوێناویەوە و دروستکردنی ئێراقێکی زۆرەملێ لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب، بەجۆرێک، ئەم مۆدێلە کۆلۆنیالیانەیان جێگیرکرد کە کۆمۆنیستەکانی ئێراق بە کورد و عەرەبەوە، لە کۆلۆنیستە بریتانیەکان زیاتر وابەستە بوون بە یەکگرتوویی ئەم پرۆژە ئیمپریالیستیەوە. بەمجۆرە وەک خالە گەورە دەیگووت ``بریتانیەکان لە ئێراق و ئێران و سوریا و تورکیا، کۆمۆنیستەکانیان خستە خەتی پێشەوەی بەرەکەوە. ئەوان گێلانە بەدەست و بەدان بەناوی ئینتەرناسیونالیستی کرێکارانەوە بەرگریان لە یەکێتی ئەو وڵاتانە دەکرد کە بە بەڵغەمی ئیمپریالیستەکان پێکەوە لکابوو. تەنانەت ئەو کڵاوەشیان لەسەر سۆڤیتیەکانیش نابوو، ئەوان لە هەموو کەس زیاتر داوای یەکگرتوویی ئەو پڕۆژە کۆلۆنیالیستیە دەکرد، ئەمەش لە هەزەلیاتەکانی قەدەرە``

وەک گووتم؛ ئەم دوو لۆردە پیدۆفایلە، تایبەت بوون بەهەموو جوڵە سیاسیەکانی کورد کە بەدەوری ئەم بیرە نەوتانەدا دەخولایەوە، کە تاوەکو حەفتاکان نەوتی کەرکوکیان بۆ بریتانیا هەڵدەلووشی. دەستیان هەبوو لە هەموو کۆدێتا و دیمەنەکانی گەڕانەوەی مەلاگەورەی دەمگەوهەر لە ڕووسیا و کوشتنی ژەنراڵ قاسم و تەنانەت تەقاندنەوەی فڕۆکە تایبەتەکەی عەبدولسەلام

عارفی پان عەرەبیســـــت و تینو بە خوێنی کورد. ئەوەی کە ئەم لۆردانەی وەها لێ کرد قسەبکەن لە بەینی خۆیاندا ئەوەبوو، کاتێک لە نەشئەی کچەکان دەبوونەوە و دەچوونەوە سویتەکانی خۆیان، پێش خەوتن وەک دوو بریتـانی جەنتـڵ، فێربوون چەنـد پێکێکی هێمنی ســـکۆتچ ویســـکی بخۆنەوە، ئا لەو بەینەدا من دەچووم بۆ لایان زۆر بەختەوەر دەبوون و دەیانگووت`` چیمان دەوێت لەوە زیاتر، وەکو زەمەنی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی بریتانی، پاکیزەی زۆر و ویسکی سکۆتچ و سەگێکی خانەدانی وەک مۆپسی پاشا``

لەو گفتۆگۆیانەوە تەواوی نهێنی ئەم شۆڕشـە و هاتنەوەی خاڵەم بەســـــنووری تورکەکان و شـــــابازی مچە گەڕ بە ســــنووری موخابەراتی سوریا، بۆ ئاشکرا بوو. ئەو درۆ گەورانەی لە بەشی مێژووی حیزبمـانـدا بە بەبڕینی ســــنوورێکی مەترســـیداری داگیرکەرانی کوردســــتانیان وەســــفکردبوو، کە هەر لەوەســـــفی هێرکولســــی پاڵەوانی یۆنان دەچوو کە ســـنووری نێوان ژیان و مردنی بەزاندبوو. بەڵام چیرۆکە کە لای ئەم دوو لێپســــراوە لە مەلەفی کورد و نەوت لە کوردســــــتـانـدا، هەمـوو ئەم درۆ ڕەنگاوڕەنگانەی بە درۆ دەخســــتەوە کە لە زەڕخانەی ئاســــمانی حزمـانـدا بەردەوام لە بەرنـامەی (ئەو ڕۆژانەی خـاڵە بیری لە نیشــــتمان کردەوە) ســــەد بارەیان دەکردەوە. بێگومان دوای تووڕدانی شـــابازی مچە گەڕ بۆ ســـــەر گردە غەمبارەکە، ناوی ئەویان لەم سـەرکێشـە ئەفسـانییەی بەزاندنی سنوورەکان پەڕاند بوو... ئەم دوو لۆردە چیرۆکێکی تریان دەگێڕایەوە، باســـیان لەوە دەکرد کە چۆن کاتی خۆی لەگەڵ ســــەرەتاکانی دامەزارندنی بەرەی چەپ لە کوردســــتانی لە حەفتاکاندا، لە قاهیرە پەیوەندیان

به خاڵه گەورەوە کردووە. ئەمە کاتێک بوو خاڵە گەورە لەلایەن مەلاگەورەی دەمگەوهەرەوە تڕۆکرابوو. چیتر نێوانیان، پەیوەندی نێوان سەرکردە و یاریدەرە گەنجەکەی نەمابوو، وەک چۆن کاتی خۆی مەلا گەورەی دەمگەوهەر لە خۆشەویستیدا خاڵەی بە ``قۆنەرە موسەقەفەکەم`` ناوبردووە. ئەو قۆنەرەیەی لەدوای هاتنەوەی لە سۆڤیەت دەیگرێتە سەرنوسەری ڕۆژنامەی (حیزبی کوردان) و بەر ئەو سەرنوسەرە ناکەوێت و بەر خاڵە دەکەوێت. مەلا گەورەی دەمگەوهەر لەو چرکەساتەدا ڕوودەکاتە سەرنوسەرەکە کە لە گوتاری سەرنوسەردا نوسیبووی؛ حکومەتی ژەنراڵ قاسم نیەتی لەگەڵ کوردا باش نییە... ئەوەش گلەیی ژەنراڵ قاسمی هێنایە سەر مەلا گەورەی دەمگەوهەر کە هەمیشە خۆی بە سەربازی قاسم تێدەگەیشت و وەک خاڵە دەیگووت `` گووتمان چ نەبێت مەلا گەورە گیان بڵێ عەریفی ژەنراڵم`` یان وەک خاڵە دەیگووت ``مەلا گەورە بڕوای پتەوی بە قۆنەرەی پێی دەسەڵاتدار هەبوو، هەربۆیە خۆی بە قەیتانی پۆستاڵەکانی ژەنراڵ تێدەگەیشت.`` هەربۆیە لەو دەمەقاڵێیەدا لە نێوان سەرنوسەری ڕۆژنامەکە و مەلاگەورەی دەمگەوهەردا، مەلا گەورە پێڵاوەکەی دادەکەنێت و دەیگرێتە سەرنوسەرکە، کە ئەویش ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حیزبی کوردان) بوو، بەڵام لەبەختی خاڵە قۆنەرەکەی مەلا، بەر خاڵەی میهرەبان دەکەوێت. لەو کاتەدا مەلاگەورەی دەمگەوهەر ڕستە بەناوبانگەکەی دەڵێت`` قۆنەرەکەم بەر قووندەرێکی وەک تۆ نەکەوت، بەر موسەقەفەکەم کەوت. ئەوا قۆندەرە موسەقەفەکەم هاتە شوێنەکەت``

ئیدی ئەوە چرکەســاتی درەوشــانەوەی خاڵە بوو کە لێپســراوی ڕێکخراوی قوتــابیــانی حزبەکەی مەلاگەورەی دەمگەوهەرەوە، یەکســەر بۆ ســەرنوســەری ڕۆژنامەی فەرمی حیزب بەرزکرایەوە. ســەرنوســەری ڕۆژنامەکەش دەبوایە ئەندامی مەکتەب ســیاســی حیزب بێت، هەر ئەو چرکەســاتە مەلا گەورەی دەمگەوهەر کردی بە ئەنــدام مەکتەب ســــیاســــی و بەمەش خۆی گووتەنی``بەم قۆنــدەرەیەم پرۆگرامی حیزبم گەڕانــدەوە بۆ نــاوگەڵی دایکیــان و موســـەقەفێکیشـــم پێ هەڵهێنان`` بەڵام وەک چۆن پێڵاوەکان هەر ماوەیەک بریقەیان دێت و دەبنە کێشە و ئازار بۆ خاوەنەکەی، ئاوا خاڵە گەورەش لە ســـاڵانی دوایدا چووە بەرەی دژەکانەوە. وەک مەلاگەورەی دەمگەوهەر گوتبووی``وەک هەموو موســـەقفێک بە کەڵکی تاکە قۆنەرەیەکیش نەهات و دەمەکەی هەڵگەڕایەوە``

ئەو زەمەنە خــاڵە وەک لۆرد هیزل دەیگووت`` وەک ترۆکراوی مەلا گەورەی دەمگەوهەر`` ســـــەیردەکرا و مـانگـانە موخـابەراتی ئێراقی مووچەکەیان بە فەڕاشێکی چڵمندا بۆ دەنارد، تەنانەت لۆرد جێفرسۆن باسی ئەوەی کرد کە ڕاپۆتەکان وەهایان باسدەکرد، کە موخــابەراتی ئێراقی بۆ زەلیلکردنی خــاڵە، مووچەکەیــان بۆ نەدەخســـتە زەرفەوە، بەڵکو بە بـاخەوانە شـــێت و چڵمنەکەی ســـەفارەتدا بەبێ وەســـڵ بۆیان دەنارد. ئەم باخەوانە شـــێتە فێرکرابوو کە پارەکە لە گیرفانی دەربهێنێت و وەک ئەوەی خاڵە شـــاگردی بێت، پارەکەی یەک بەیەک، بۆ دەژمارد، پێیدەگووت؛ دەســتی پێوە بگرە، و بڵێ خوا لە دەســتی ســەدامی بەزیاد کات... پاشـــان ئەم شـــێتە فێربوو بوو چارەکی ئەو مووچەیەی دەدزی،

تاوەکو چەند جارێک لەبەردەرگای شـــوقەکەی خاڵە، لەنێوان ئەم فەڕاشـــە شـــێتە و خاڵە بووە بووە شـــەڕە دەم و تەنانەت چەند جارێک بووە شـەڕە مسـت، تاوەکو دراوسـێکان دەهاتن و لێکیان دەکردنەوە...

ئەو زەمەنە، خاڵە و هوما خانم لە گەڕەکێکی میللی (ئیمبابە)ی قاهیرەدا دەژیان، و کوڕە شـێتەکانی لە ( کەمپی منداڵانی بێ دایک و باوک) نەمســـا دەژیان، بەڵام مەســـرەفی کەمپەکە لەســـەر ســـەفارەتی تورکی بوو. بێگومان ئەمەش ڕێکەوتنێکی تر بوو کە خاڵە لەگەڵ تورکەکاندا کردبووی، ئەو، خاڵە گەورە، وەک لۆرد هیزل دەیگووت `` پیســخۆری موخابەراتەکان بوو`` دەربەسـتی ئەوە نەدەهـات کە بەعســـیەکـان و تورکەکـان و ئێرانی و ســـورییەکانیش زەلیلی بکەن، بەڵام ئەو بۆ ســـەلماندنی ``خادمی موخلیس``ی لە هەموو شـــتێک لەلا گرنگتر بوو، هەربۆیە هەفتە نەبوو سـەردانی سـەفارەتەکانیان نەکات. خاڵە گەورە بە سـەبری ڕێوێیەکەوە دەژیـا، چونکە دەیزانی ڕۆژێـک دێت موخـابەراتەکـان دێن و لەم زەلیلیە ڕزگاری دەکەن. هەر کە شـکسـتی شـۆڕشـی مەلاگەورەی دەمگەوهەر ڕوویدا، ئیدی بەعسـیەکان ئەو مانگانە پڕ زەلیلیەشـــیان لێ بڕی، ئیدی پارەی نەبوو بیدات بە تەکســـی و مەجبوور بوو بە کاژێر لە ئیمبابەوە بچێت بۆ ســـەفارەتەکان کە بەناو قاهیرەدا دابەشبوو بوون. دیاربوو تاوەکو دەگەیشتە بەرقاپی سـەفارەتەکان، جلەکانی تەواو لە ئاوتوبوسـی قاهیرەدا چرچ و لۆچ دەبوو، هیلاکی پێوە دیاربوو، قژی بژ و بۆنی عەتری هەرزانی لێ دەهات. تەنانەت سەردانی سەفارەتی کۆمارە تازە ئەفریقاییەکانیشی کردبوو و وەک هەموو جارێک هەر لەدەرگاوە دەریاندەکرد، کەچی

ئەو وەک لۆرد هیزل دەیگووت ``بێئەوەی بەســـەر خۆیدا بێنێت نـامەیەکەی دەردەهێنا لە گیرفانی، کە بە ئینگلیزیەکی شـــکاو و بەدەســـتی خۆی نوســـیبووی، لە قوولەی پاســـەوانی بەردەم ســەفارەتەکاندا بەجێیدەهێشــت`` ئەو نامەیەی تێدا نوســرا بوو لە ``خاڵەی کوردیی بۆ ســـەعادەتی ســـەفیر، من هەمیشـــە خادمی موخلیسم`` بەڵام لۆر جیفرسۆن خوێندنەوەیەکی تری هەبوو، بۆ ئەم نامانە و دەیگووت ``وەک ئەوەی لە مەزادخانەیەکی هەرزاندا بێت، وەک ئەڵقە لەگوێیەکی هەرزان دەیوســـت بڵێت؛ کێ دەیەوێت شـــۆڕشـــێکی کوردیم بەتـامی خۆی لێ بکڕێت، من نۆکەریی دەکەم``

ئـاوەهـا، ئەم دوولۆردە قـاقـا بەو مێژووە پڕ خەبـاتەی خـاڵە پێدەکەنین. تەنـانەت وەک ئەم دوو کەڵتە پیرە دەیانگووت؛ خـاڵە ناچاریی هانای بۆ خەزرووی برد لە لەندەن، کە لە ســـەرەتاکانی حەفتاکانەوە بە ڕێکەوتنێک کوردستانی بەجێهێشتبوو... خەزوریی خاڵە کاتی خۆی ســـکرتێری گشـــتی حزبەکەی مەلا گەورەی دەمگەوهەر (حزبی کوردان) بوو، و تا مردنی لەســـەر مووچەی موخابەراتی ئێراقی ژیا. ئیدی خاڵە لە خەزوریەوە جارجارە پارەی مەمرە و مەژی بۆ دەهات. ســـەرەڕای ئەوە بێ وچان ســـەردانی ســەفارەت و قونســولێیەتەکانی دونیای دەکرد، ســەفارەت نەبوو هـانـای بۆ نەبات. هەرچەندە وەک هیزل دەیگووت `` دەیتوانی بە بڕوانـامەکەی کە پـارێزەر بوو کـار بکـات، بەڵام تـازە فێری بەرماوەخۆری موخابەراتەکان بوو. کێش فێری ئەو چەپە خۆرییە بێت، هەرگیز بۆی تەرک ناکرێت`` هەموو جارێکیش وەک جارانی پێشـوو دەردەکرا. تەنانەت ســەردانی ســەفارەت و قونســولێیەت و

نوێنەرایەتی دەوڵەتە تازە دروســت بو و هەژارەکانیشــی دەکرد و لەوێش دەیــانکردە دەرەوە. بەڵام وەک لۆرد هیزل دەیگووت ``هەموو جارێک بە بزە و دبلۆماسیەکی بێ وێنەوە بە فەرمانبەری پرســـگەی ســـەفارەتی تورکی یان ســـووری و ئێراقی، تەنانەت ئەفریقی دەگووت`` گرنگ ئەوەیە بە سەعادەتی سەفیر بڵێن خاڵە خادیمی موخلیسی جمهوریەت و جەنابیەتی``

ئــاخ ســـــەد ئــاخ، خــاڵە کــاتی خۆی ئەوەنــدە خۆی کۆمکردبۆوە لەبەردەم سەفیر و سەفارەتەکاندا، لەکاتی بوونیشیدا بە سەرۆک کۆمار لە پێشوازی سەفیری وڵاتاندا لە بیری دەچوو کە سەرۆک کۆمــارە، بەیــادی جــارانەوە و بەپێچەوانەی هەموو عورفێکی دبلۆمـاســـــی بۆیـان دەچەمییەوە. بەتـایبەت کـاتێک خـانمە ڕەش پێســـــتەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکـا هـات بۆ لای، ئەوەنـدە چەمییەوە تاوەکو ورگە حەزیاکەی هاوســـــەنگی تێدا و لەبەردەم قۆنەرە پاژنە بەرزیەکەی خانمە وەزیردا، بەورگدا کەوت بەســـــەر فەڕشــە سـوورەکەدا. ئاوا، قیژەی خانمی وەزیر `` ئۆ و میســتەر پرســیدێنت`` و شــڵپەی ورگە حەزیاکەی و تڕە بەهێزەکەی خاڵە، تێکەڵی یەکتر بوون.

## ٣

ئەم دوو لۆردە تەواوی ئەو گەشـــتەیان باسـکرد، کە چۆن خاڵە و جێگرەکەی گەڕانەوە بۆ کوردســـــتان. ئەوان ئـاگـاداری جوڵەی دامەزراندنی بەرەی چەپی نوێی حەفتاکان بوون لە کوردســــتاندا؛ ســەرەتا چەند گروپی چەپی بچوک بوون، لێرە و لەوێ ســەریان بەسـەری یەکترەوە نابوو، بەڵام پڕ بوون لە بێ متمانەیی بەرامبەر یەکتر و کورتبینی ســیاســی. تەنانەت لەســـەرەتای حەفتاکاندا لە هەنـاوی حزبەکەی مەلا گەورەی دەمگەوهەردا بوونیـان هەبوو، بەڵام هەرگیز چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد دوای شکستی شۆڕشی مەلا گەورەی دەمگەوهەر ئەم گەنجانە ببنە بنەتۆوی بزوتنەوەیەکی پتەو و ببنە دوژمنی دوارۆژی سـیاسـەتەکانی بەریتانیا و ڕۆژئاوا لە نـاوچەکەدا. وەک لۆرد هیزیـل دەیگووت ``لووتی ئێمە کـاتێـک بۆنی دوژمنەکانمان دەکات، کە هێشتا دۆست و موخلیسمانن. ئێمە وەک بەریتانی، دیوەخان و سیخوڕ و گەوڕ پاکەرەوەی سیاسیمان لەم ناوچەیەدا دەوێت، کێ بیەوێت لەم گەوڕە بێتە دەرەوە سیخوڕە زیرەکە لۆکالیەکانی بۆ دەدەنێرین`` لۆرد جێفرسـۆن برێک چووە ناو وردەکاریەکانەوە و گووتی`` جاران کۆمەنیســـت و چەپەکان هەر باســـی مافی کوردت بکردایە، خێرا بە ئێراقی و ئێرانی و ســووری دەمیان دەبەسـتیت، یان پێیاندەگووتن؛ ناسـیونالیسـت و شـۆڤێنی. هەربۆیە هەرچی ئەوانەی خەونی ســەربەخۆیی و مافی چارەنوسـیان هەبوو لە دەوری حزبە ناسـیونالسـتە خێڵەکییەکان،

باڵێین لە دەوری گەورەکانمان کۆدەبوونەوە، ئەوەش بۆ ئێمە باش بوو، چونکە شـــەڕی ئەمـانەمـان بە ئەواینتر دەکرد. بەڵام ئەم گەنجانە، بەتایبەت `ســـوارە` کە لە `مۆســـکۆ` وە گەڕابۆوە، بۆ یەکجـار بوو، زیرەکـانە، کوردایەتی و مـارکســـیزم و لینیزمی لەیەک تیۆرەدا فڕێبـداتە نـاو ئەقڵی گشـــتیەوە. بیرمـدێـت ئەو نوســـیبووی؛ تا ئێســـتا مارکســـیە لۆکالیەکان لە دژی شـــوناســـی کوردی کاریان کردووە، بەڵام ئێستا بزوتنەوەیەکی مارکسـی نوێ دەخەینە ســـەرپێ، کە هەم کێشـەی نەتەوەی کورد و هەم کێشـەی چینیاتی چارەسـەر دەکات، هەم دەبێتە ڕۆشنایی بۆ بووژاندنەوەی بزواتە چەپەکانی ناوچەکە. لەوێوە کە ئەم ڕاپۆڕتانەمان بۆ دەهات، بەتـایبەت ئەو ڕاپۆڕتـانەی لەنـاو خۆیـانەوە، لەنـاو دەســـتەی دامەزرێنەرەوە دەنێردرا بۆمـان. ئەو ڕاپۆڕتـانە بوو کە فەرەیدون عەزیز، بـا بڵێن  فیفی عەبدەی ئێســـتـا، بۆ موخـابەراتی ئێراقی دەنوســـی. بەعســـیەکانیش بۆ ئێمەیان دەنارد. ئێمە لووتمان بۆنی دوژمنێکی کرد کە ئەگەر ڕێگەی گەشـــەکردنی پێ نەگرین، ئەوا دەبێت چاوەڕێی لەدایکبوونی کوردســـتانێکی ســـەربەخۆی ســـوور بکەین. هەربۆیە خاڵە و جێگرەکە تینووەکەیمان بۆ خوێنڕشـــتێکی تر و ئاژاوەیەکی تر، پێویست بوو. لەو کاتەوە، سێر مۆپسی پاشا، ئێمە ئەوانمان بۆ کارە پیســـەکانی ئیمپراتۆریەت و کۆمپانیاکانی خۆمان و هاوپەیمانە ئەمریکیەکانمان، وەک مێشی پیس هەڵگرتەوە و بەرەو کوردستان ڕەوانەمان کردن``

ئەوان کە باســی شـــابازیان دەکرد، بە قێزەوە باســـیان دەکرد؛ بە `پیاوە گرگنەکە` یان بە `کلکەکەی خاڵە`، یاخود بە `ئاودەســـت پاکەرەوەی سیاسی`، یاوەکو؛ بە دژە ژن و دژە کولتور و تەنانەت

بە دژەگوو ناویان دەبرد. نوکتەشـیان هەر لەسـەر ورگەکەی خاڵە و ترلێدانی و خەوبردنەوەی و گەوادباشـیەکەی خاڵە نەبوو، بەڵکو نوکتەی زۆریشـیان لەسـەر شـابازی مچە گەڕ هەبوو. بۆ نموونە؛ چۆن لە نەمسـا سـێ سـاڵ لە کۆرسـی زماندا دەرنەدەچوو و ئەمەش سەفارەتی ئێراقی بێزارکردبوو، چونکە موخابەراتی ئێراقی پارەی زەمالەکەی بۆدەدا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو خوێندکاری زانکۆ بوو، کەچی دەیگووت؛ خوێندکاری دکتۆرام... دەڵێن دوای چەندەها سـاڵ لێیان پرسـی بوو دکتۆراکەت لەسـەر چی بووە گووتبوی `` لەسـەر گەوادیی مەلا ترنە بۆ شـای ئێران`` ئەم دوو لۆردە بۆ یەکمجار بوو نهێنی پەیوەندی شابازی مچە گەڕیان بە موخابەراتی ئێراقیەوە ئاشـکرا بکەن. هۆکارەکەشـی ڕسـتەیەکی خاڵە بوو، کە بەیانیەک لە خاڵەیان پرسی ئێستا لە چی بێزارە؟ خاڵە بێ دوودڵی گووتی``لە دەستدانی کاکە شێرە هاوڕێی تەمەنم``

بیرمدێت ئێوارەیەک خۆم کرد بە سـویتەکەیاندا و بازم هەڵدایە سەر قەنەفەکە و خۆم خپ کرد، لۆرد هیزل هاتە لامەوە و دەستی بەپشـتما هێنا، دەمێک بوو هیچ کەسـێک لەم کۆشـکە گەندەڵەدا دەسـتی بەپشـتی سـەگێکی وەک مندا نەهێنابوو، ئاخر سـەگەکان هەتیوی ئەبەدین و بەدووی هاوسۆزیدا دەگەڕێن، ئاوا خۆم خپکرد و بۆ سـاتێک چاوم نووقاند. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا وەهام هەسـتدەکرد جەلادێکی ترسـناک دەسـت بە پشـتمدا دەهێنێت، جەلادێکی جەنتڵ، ناسک، بە ڕۆمانسێکی درۆزنانەی ئەوروپیانەوە. جەلادێک دەمێکە لەناو ڕۆشـنگەریدا لەدایکبووە و لە کۆلۆنیەکاندا کەڵبە ترسـنانەکانی نیشـانی مرۆڤی پێسـت ڕەنگین داوە. لەگەڵ

ئەوەشـــدا ئەوەندە بێبەش بووم لە ســـۆز، ئەوەندە بیری زەمەنی خۆم و خـاڵە گەورەی میهرەبـانم دەکرد، ئەوەنـدە لەگەڵ کەوتنی خاڵە لە خەستانەخە فەڕەنسیەکەی پاریس، ڕۆحی سەگانەی منیش فڕێـدرابووە نـاو جیهـانەوە. جـا هەموو ســـۆزێـک بۆ من ئەو هێوربوونەوەیە بوو کە دەیویســـــت بگەڕێتەوە بۆ نـاو بوونی ســـــەگێتی خۆی. ئاوا لەگەڵ لۆرد هیزلدا ماوەیەک بێدەنگ گوێمان بۆ هاژەی چەمە شـــێتەکەی بەردەمی ئەم کۆشـــکە گرت، لۆرد قوومێکی لە ویسکیەکەی داو گووتی`` پۆر سێر مۆپسی، مۆپسی داماو، چۆن خانەدانێکی وەک تۆ ئەم هەموو ســـاڵە، بەرگەی ئەم هەموو باستاردانەت گرتووە``

لەگەڵ وشـــەی باســـتارد یان بیکەین بە کوردی بڵێن؛ زۆڵ، من گوێچکەکـانم قووتکردەوە و ســـەیری لۆردم کرد، ئەویش قـاقـا پێکەنی``مەبەستم خاڵە نییە، توورە مەبە ئەی سەگی خانەدان و پڕ لە نۆبڵێتی میری نـارنجی هۆڵەنـدی. بەڵێ ئەزیزم خـاڵە زۆڵی ئۆرجینالە، باستاردی سیاسییە، بەڵام باستاردی بایەلۆجی شابازی مچە گەڕە``

ئیـدی وردە وردە هەرچی چیرۆکی ژیـانی شـــابـاز و گرێ دەروونییەکانی و کوشـــتنی براکانی و زۆریتر لە فـایلەکـانیـاندا پـارێزرا بوو، بووە چیرۆکی گێڕانەوەی ئەم دوو لۆردە. تەنـانەت چیرۆکی ئەوەی باوکی سەر ناسنامەی ڕەسمی، گەڕوگوول بووە و توانای ســـێکســـی نەبووە. لای ئەم دوو کەڵتە پیرە پیدۆفایلە بریتانییە، کاتی خۆی لە مەلەفی خەســـتەخانە ئینگلیزیەکەی ئەم شـــــارەدا پـارێزرابوو، کۆپیەکیـان بۆ هـاتبوو. لای ئەوان کۆپی فۆتۆگرافی دایکە قەڵەوەکەی و بـاوکە هەڵوەریوە گوولەکەیـان

لەسەر عەرەبانەیەک لە ئەرشیفەکانیاندا پارێزرا بوو. هیچ شتێک نەمابوو لە بیۆگرافیای ئەو پیاوەدا ئەوان نەیزانن، ئەو پیاوەی ئێستا لەو گردە غەمبارە لەگەڵ خاڵەدا پیر بووە لە بوغزی خۆیدا ڕۆژە سەرەتانییەکانی خۆی دەژمێرێت. هیچ شتێک بە نهێنی نەمابۆوە، وەک دەیانگووت`` ئێمە شاهیدی دوارۆژە خرفەکانی دوو جاسوسی خوێڕی خۆمانین، کە تا مردن دژایەتی یەکتر دەکەن`` ئەم دوو لۆردە لە قسەکانیاندا زۆر شتیان گووت، زۆر کاری ترسناک، ئەوەی لە شاخ کردبوویان هەمووی ئاشکرا بوو، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایان کرد دوو نهێنی گەورە بوون؛ یەکەمیان هاتنی شاباز بوو بۆ نەمسا و دووهەمیان بە کوشتدانی حەوت سەد پێشمەرگە بوو لە سێگۆشەی سنووری نێوان ئێران و ئێراق و تورکیادا. هەردووکیان وەک ئەوان دەیانگووت `` خاڵە گووەکەی دەکرد و شاباز بۆی پاکدەکردەوە``

ئەمە یەکەمجار بوو باسی شابازی مچە گەڕ بکەن، بەڵام کەباسیان دەکرد وەک نەخۆشێکی ناو سیاسەت باسیان دەکرد، وەک زۆڵێکی سایکۆبات وەسفیان دەکرد، کە لە قەدەری باستاردی خۆی ڕایدەکرد. ئەوان بۆ یەکەمجار بوو باس لەوە بکەن کە سەرنجی ئەوان کاتێک بۆ شابازی مچە گەڕ ڕاکێشراوە کە یەکەمین گۆڤار دەردەکات بەناوی (ئازادی) وەک لۆرد هیزل دەیگووت ``یەکەمین بڵاوکراوەی کوردییە کە بۆ یەکەمین جار جنێوی سیاسی لەناو ئەم کوردە هەژارەدا بڵاوبکاتەوە. لەو ڕۆژەوە کورد تووشی ئافات و پەتای نەخۆشی جنێوی سیاسی و دەمپیسی سیاسیەکانی وەک شابازی مچە گەڕ بوو. لەگەڵ بە

مۆدێرنەبوونی کوردا لە حیزبی سیاسیدا، جنێو لە شابازەوە بووە زمانی ئاخافتن. هەربۆیە بەعسییەکان لە قازانجیاندا بوو سیاسەت لە ناو کوردا ببێتە کەربازاڕ و شـــەڕە جنێو، بۆئەمەش لە ژێرەوە یارمەتیەکی گەورەی شـــابازی گەنجیان دا، چ بە پارە و چ بە زانیاری. چیتر شـــاباز ئەو کوڕە هەژارە نەما هاوینان کرێکاری بکات بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، بەڵام ئەوەی کە هەبوونی پێوە دیار نەبوو ئەوەبوو، هەر خۆی بە ســروشــت جگەرەخۆر و کەم خۆر و شــڕودڕ بوو. بەهاندانی بەعســیەکان شــاباز تەواو چوو بووە ڕۆڵی خۆیەوە، بێگومان وەک قەشمەرێکی ناو مێژوو``

لۆرد جێفرســـۆن قســـەکەی لە دەم لۆد هیزل وەرگرتەوە و گووتی``بیرمدێت مۆپســـی پاشـــا، لۆرد هیزلی خۆشـــەویســـت، سیخوڕە گەورەکانمان، مامۆستا نەداری خولەی کۆپاندرو و خاڵە گەورەی گەنج بوون. ئەوان بە ئینگلیزییە شـــکـاوەکەیـان یـان بەعەرەبیە نیوداشـــەکەیان، هەریەکە بەدزی ئەویترەوە ڕاپۆڕتی جاســـوســـیان لەســـەر بەعس و شـــۆڕشـــەکەی مەلا گەورەی دەمگەوهەر و هاوڕێکانی خۆیان، دەدا بە ئێمە. کۆی ئەم هەواڵ و ڕاپۆرتانەیان دەناردە سەفارەتەکەمان لە تورکیا و سوریا و ئێران، لە ســـنوورەکانەوە بە تەتەرەکانماندا، یان لەڕێگەی ســـاقاکەوە دەگەیشتە سەفارەتەکانمان، لەوێوە وەک کۆتری تەرەبوو، لەسەر مێزکەی من و لۆردی هاوڕێم دەنیشتەوە.``

بەپێی قســـەکانی ئەم ســـیخوڕە بریتانیە، ئەو کاتە شـــاباز لە زانکۆی بەغدا دەیخوێند و هەم وەک ئەندامی گروپەکەی خاڵە گەورە و ســـکرتێری خەزوری خاڵە گەورە مامۆســـتا `نەداری

خولەی کۆپـانـدروو` کـاری دەکرد. لە ژێرەوەش ڕاپۆرتی دەمی دەدا بە بەعسـیەکان، کە ئەوسـا ئەو گروپە لەگەڵ بەعسـیەکاندا لە دژی مەلا گەورەی دەمگەوهەر شـەڕیان دەکرد ``ئەوسـا مامۆسـتا نەداری خولـەی کۆپاندروو سـەرۆکیان بوو، مەبەسـتم مێردە پیرەکەی گەلاڕێزان خانمە، کە ئێوە لێرە پێدەڵێن گەلاڕێزانی شەش قوزە.. هاهاها.`` هەر کەوای گووت، من لە خۆشـی ئەوەی دوای ئەم هەموو سـاڵە هاوڕێیەکم بۆ پەیدا بوو، کە هەمان ڕاوبۆچوونی منی هەبێت، سەگانە نەمهێشت بەردەوام بێت، لە خۆشیاندا کە ناوە ڕاسـتەقیەکەی گەلاریزانی بەدەمدا هـات، کەوتمە لوورە لووری خۆشـی... لۆرد جێفرسـۆن ئەوەندە پێکەنی بەجۆرێک کەوتە کۆکە و قرخە، و دوای مـاوەیەک هـاتەوە سـەرخۆیی و بەردەوام بوو``ئەی چۆن سـێر مۆپسـی پاشـا، مامۆسـتا نەداری کوڕی خولەی کۆپـانـدروو یەکێک بوو لە ئەفەنییە منەوەرەکانی حزبی دواڕۆژ، دەمێک بوو لەزەمەنی مەلیکەوە لەگەڵ ئێمەدا دەسـتی تێکەڵ بوو. ئەو دەسـتەیە کە لە حیزبی کوردان جیابوونەوە و دایانە پاڵ بەعسـیەکان، هەموویـان هەریەکە وایدەزانی تـاقـانە سـیخوڕی ئێمەیە، و خۆی بە بەهێز دەهاتە پێش چاو؛ خاڵە گەورە بەسـەرێک لەگەڵ بەعسـیەکان و بەسـەرێک لەگەڵ ئێران و ئێمەدا سـیخوڕی دەکرد. شـابازی مچە گەڕ تەنها لەگەڵ بەعسـیەکاندا دەستی تێکەڵ کردبوو کە تازە لەگەڵ عارفییە قەومیەکاندا هاتبوونە سـەرحوکم. شـاباز جاسووسی پلە دوو بوو لە دوای خاڵە و مەلا گەورەی دەمگەوهەروە. بەڵام ئەوەی تاوەکو ئەمرۆش ئەم میللەتە نایزانێت، ئەوەیە، کە کۆی سـەرکردایەتی شۆڕشـەکە دەسکەنەیەک

سـیخوڕی جۆراوجۆر بوون بەسـەریەکترەوە، دەسـکەنەیەک لە سیخوڕ بوون کە دایکی خۆشیان بۆ پارە و دەسەڵات دەگا``

لەو گفتۆگەیەی ئێوارانداا، ئەوان باسیان لەوەکرد کە چۆن شابازی مچە گەڕ دوو کەسـی هەڵخەڵەتاند بوو بۆ تێکدانی دانوسـتانی بەعسـیەکان لەگەڵ مەلاگەورەی دەمگەوهەر. ئەو دانوسـتانەی کە بەڕای دەسـتە جـیـابـۆوەکە لە حـزبـی کـوردان، ئەوان تێکوپێکدەشـکێنێت، چونکە مەلاگەورەی دەمگەوهەر پێدەگووتن `` قووندەرەکانی بەعس`` و لە ماوەی شـەش سـاڵدا لەپاڵ بەعسـیەکاندا، شـەڕی شـۆڕشـی هەڵایسـاویان دەکرد کە مەلای گەورە سـەرکردایەتی دەکرد. لەگەڵ دەسـتپێکردنی دانوسـتانەکانی سەرەتای حەفتاکانی شۆڕش و بەعسیەکان. دەستەکەی پاڵ بەعس هەسـتیاندەکرد کە ڕیسـی خۆبەجاشـکردنیان لەناو کوردا کە لە ساڵی ١٩٦٤ وە دەستیپێکردبوو، دەبۆوە بە خوری دەچووەوە ناو کۆشی مەلاگەورەی دەمگەوهەرەوە. شاباز ڕای وەها بوو؛ هەموو ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیان هێنابوو بۆ کورد، لە بە فەرمیکردنی زمانی کوردییەوە بیگرە تاوەکو کردنەوەی زانکۆ نوێیەکان بیگرە، تاوەکو کردنی زۆر شـارۆچکە بە پارێزگا، زۆر ناحیە بە قەزا، و زۆریتر لە گۆڕینی بونیادی فەرمانگەکان و بوونی گۆڤاری کوردی و ڕۆژنـامەی کـوردی زۆریـتـر... هەمـوو ئەمـانە، مەلاگەورەی دەمگەوهەر بە چەقەنەیەک لەگەڵ سـەرکەوتنی دانوسـتـانـدا دەیچنێتەوە و دەچێتە سـەبەتەی ئەوەوە. هەر ئەوەش ڕوویـدا، چونکە هەر لەگەڵ ئیمزاکردنی دانوسـتـانەکە، ئەوانیش وەک کۆمەڵێک خەڵکی بێزراو و جـاش، نـاچـار بەرلێبوردن و بەزەیی

مەلاگەورەی دەمگەوهەر کەوتن. بەڵام زۆری نەخایەند مەلا هەموویانی چەک کرد و ڕاپێچی تەنیشت خۆی کردن...
ئەم دوو لۆردە باسیان لەو زەلکاوەی ئەقڵی گاڵتەجاڕییە دەکرد کە مەلا گەورەی دەمگەوهەر و نەیارەکانی تێدا مەلەیان دەکرد، ئەو بۆگەناوەی کە لە هەناوی مەلا و نەیارەکانیدا بەسەر ڕووبەڕەکانی ئەقڵانیەتی سیاسیدا هەڵی دەکرد و کۆی ئەم میللەتەی لە برسێتی و هەژاری و خوێندا بەجێهێشت. پارادۆکسە لەوە دابوو، سەرەڕای ئیمزاکردنی دانوستان و بوونی چەندەها ئەندامی حزبەکەی مەلای گەورە بە وەزیر لە حکومەتی ئێراقیدا، بەڵام مەلا هەر چاوی لە بەزەیی شاهەنشای ئێران و ئەمریکیەکان بوو. لەڕاستیدا بێ متمانەیی بوو بە سەدام و بەعسیەکان، چونکە بەعسیەکان بۆ یەکمجار کە لە ١٩٦٣ دا کە لەگەڵ ژنەراڵ عارفدا هاتنە سەر حوکم، لەڕێگەی چەکدارەکانیان کە پێیاندەگووتن (حەرەس قەومی) بە جۆرێک دژە کورد بوون کە خوێنڕێژی و جینۆساید لە زۆر ناوچەدا دەستپێکردبوو. ئەقڵی شۆڤێنزمی عەرەبی هەموو سنوورێکی تێپەڕاند بوو، بەمەش قەومیەکان و بەعسیەکان چەندە دژی یەک بوون، کەچی لە کوشتنی کورد و وێرانکردنی کوردستاندا یەکیاندەگرتەوە و تەبا و گونجاو بوون. بەعس خۆی وەک حیزب کارگەی بەرهەمهێنەری جەلادی دانسقە بوو لە جیهاندا، بەجۆرێک هەموو بەعسییەک لە چرکەساتی خۆیدا دەبووە قێزەوەنترین جەلاد. لەمەدا مەلا گەورەی دەمگەوهەر متمانەی بە بەعسیەکان نەبوو و متمانەشی بەو دەستەیە نەبوو لە مەکتەب سیاسیەکەی `حزبی کوردان` کە لە ساڵی ١٩٦٤ دا پاڵیان دابووە پاڵی بەعسیەکان. لە قسە گەوهەرییەکانی مەلا

ئەوەبوو ``ئەوەی قنگی خۆی بۆ بەعس قەلان کردبێت، جاسوسی بەسەر گووی خۆشیەوە دەکات``

گاڵتەجاڕییەکەش لەمەدا بوو، شۆڕش و مەلا گەورەی دەمگەوهەر بارەگای سەرکردایەتیان لە دۆڵی `حاجیە شێتەکان` بوو و دانەبەزینە ناو شارەکان. بارەگای مەلای گەورە لەسەر شاخێکی بەرز و شکۆمەند بوو کە سنوورەکانی ئێرانی لێ دیاربوو، دەڵێن مەلا گووتویەتی`` وەک نۆکەرێکی موخلیس شاهەنشای گەورە، دەمەوێت مەمەلکەتەکەیم لێ دیار بێت`` لەوەش گاڵتەجاڕتر ئەوە بوو مەلا گەورەی دەمگەوهەر هەموو دەستەکەی مامۆستا نەداری خولەی کۆپاندرووی چەککراوی لەسەر گردێکی بچوک جێگیر کردبوو. گردێکی بچوک و ڕووتەن و ڕێک بەرامبەر شاخە بەرز و شکۆدارەکەی مەلای گەورە بوو، تاقە بارەگا بوو لەسەر ئەو ڕووتەنییە و هەموو دەستەکە لەو بارەگا بچوکەدا تێکخزابوون. دەڵێن لەسەرەتادا لە مەلاگەورەی دەمگەوهەریان پرسی بوو؛ بۆچی خاڵە گەورە و دەستەکەیت هێناوتنە بەرامبەر خۆت؟ وەڵامی نەدابوونەوە، بەڵام ڕۆژانی دوایی وەڵامەکەی بەجۆرێکی تر دانەوە، بەوەی ،داوایکرد بە ئاڕاستەی بارەگاکەی خوارەوەی سەر گردە ڕووتەن و بچوکەکە، ئاودەستێک بە تەنەکە و چینکۆ بۆ پێشمەرگەکانی دروستبکرێت. ئاودەستێکی بە چینکۆ و تەنەکە بەجۆرێک بێت کە لەوبەرەوە تیشکیدانەوەی چینکۆی ئاودەستە دۆلابییەکە دیار بێت و بیدات لە دەرگای بارەگاکەی دەستەکەی مامۆستا نەدار و خاڵە گەورە، کە ئەو بە ``کوونە گوو`` ناویدەبردن. بەمجۆرە چەند ئەندازیارێک هاتن و ئاڕاستەکەیان دیاری کرد، بەڵام مەلای گەورەی دەمگەوهەر ئاگاداری کردبوونەوە

که دەبێت ناشـــرینترین و بڵحترین ئاوەدەســـت بێت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆیەوە بینبێتی.  ئاوەدەستەکە تەواو بوو لە کارێکی هونەری دادییەکانی سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتی دەکرد، شـتێک بوو لە بلۆک و چینکۆی کۆن و گونییەی پیس و تەنەکەی ژەنگاوی، سـەرەکەشـی چەند ئاوێنەیەکی ئاڕاسـتەکراوی لەسـەر دانرابوو کە  تیشـــکی خۆری پێچەوانە دەکردەوە  و ڕێـک لە بارەگاکەی خوارەوەی دەدا...

بارەگای مەلا  لە ئەوپەری ترۆپکی شاخەکە بوو، بەڵام ئاودەستەکە ڕێـک لەوپەڕ بووە کە هەریەکێـک بەشـــــاخەکەدا بۆ لای مەلا ســـەربکەوتایە، بە لای ئاودەســـتە بڵحەکەدا تێپەڕدەبوو. بەمجۆرە زۆری نەخایاند کە لە ناو پێشـمەرگە و کادێرەکانی حزبەکەی مەلا گەورەی دەمگەوهەر، بووە شـوێنێکی پیرۆز، یان بڵێین شـوێنێکی پیرۆز کە کـادێرەکـان بتوانن پەیمـانی خۆیـان بۆ مەلاگەورەی دەمگەوهەر و شۆڕشەکەی تازە بکەنەوە...

 ڕیتواڵەکە وەهابوو،  پێشتر زۆریان دەخوارد و بۆ خۆخاڵیکردنەوە بەســـەر شـــاخەکەدا ســـەردەکەوتن و لەو ئاودەســـتە ســـەیرەدا، گوویەکی گەورەیان دەکرد. هەر بەو سـۆندە تایبەتەی کە فیچقەی دەکرد، پیســــاییەکەیان پاڵ دەنا بۆ ناو جۆگەلە تایبەتەکەی خوار قوونیانەوە، جۆگەیەک خلیســک بوو هیچی تێدا نەوەســـتا، چونکە پاسەوانەکان زوو زوو پڕیان دەکرد لە ڕۆنی ئۆتۆمبێل و بەمجۆرە هیچ پیساییەک بەو تەنەکە خوارەوە نەدەوەستا. بە جۆرێک، بەپێی نەخشـــەی و ئەندازەکاری  ئەندازیارەکانی شـــۆڕش، گوواوەکە تاوەکو ئاســـتی بەرامبەر ترۆپکی گردە نزمەکەی بەرامبەر گردە شـاخە بەرزەکە، نەدەوەسـتایەوە و لەوێوە بڵاودەبۆوە. بەمجۆرە،

شـــۆڕشـــی مەلا گەورەی دەمگەوهەر پڕ بوو لە ژمـارەیەکی بێشـــوماری گووکەران و گووشـــۆرەکان. بەجۆرێک هەفتەیەکی نەخایەند لای چەپی شــاخەکە بەجۆرێک گواووی بوو، لەگەڵ هەر نەســـیمی بایەکدا بۆنەکی ترش و تەســـکوون خۆی دەکرد بە بارەگای خاڵە گەورەی گەنج و شـــابازی مچە گەڕ و دەســـتەکە کۆنەکە هەڵگەڕاوەکە. ئیدی لەو ڕۆژەوە وشـــەی (گووشـــۆری حیزب) هاتە فەرهەنگەکە پۆخڵە سیاسیەکەی ئەم میللەتەوە...

مەلا گەورەی دەمگەوهەر دەیگووت``هەر کەس لەم ئاودەســـتە بڵحەوە نەبێتە گووشـــۆری حیزب، فڕێیدەنە زیندانی ڕابیان`` جگە لە مەلا گەورەی دەمگەوهەر و کوڕەکانی نەبێت، تەنانەت ئامۆزا و شـێخەکانی تەریقەتیش دەبوایە سـەردانی ئەم ئاودەسـتە دادائییە بکەن، کە مەلا ناوی ناوبوو``شـەخسـە پەڕۆی گووشـۆرانی حیزب و شـــۆڕش`` نەک هەرئەوە، بەڵکو تێبینی کرا دوای هەفتەیەک لە دروسـتکردنی ئەم ئاودەسـتە، هەر میوانێک لە بارەگای سـەرۆک نانی بخواردایە، قەیتول و پاسـەوانەکان بۆ خۆخاڵیکردنەوە بەرەو ئەوســـەری شـــــاخەکە بە ئەنقەســــت ``فەرموو فەرموو`` ئاودەسـتەکەیان لێ دەکرد. بێگومان گەر نەیویسـتایە و نەچووایە، ئەوا دوای ماوەیەک لە ڕووداوێکدا سـەری تێدا دەنا، یاخود چەند مانگێک دوای سـەردانەکەی، ڕاپێچی زیندانە ترسـناکەکەی (ڕاییان) یان دەکرد کە دەکەوتە کوێسـتانی سـەرسـنووری کوردسـتانی تورکیا و لەوێ سەرەونگوومیان دەکرد.

بەمجۆرە، ئەم گووتێکردنەی ناو ئاودەسـتە بڵحەکە، بووە شـوێنی ڕەجمکردنەی شـــەیتـان کە لەجیـاتی بەرد گوویـان دەگرتە دەستەکەی خاڵە گەورە و شابازی مچە گەڕ.

دەڵێن؛ هەر کە مەلا گەورەی دەمگەوهەر گـازنـدە وگلەییەکـانی شـابازی بەر گوێ دەکەوێت، مەلای گەورە نازناوی (گووشـۆری خاڵە گەورە) ی بەســـەردا دەســـەپێنێت و دەڵێت `` لێی گەڕێن با جنێو بدات، دەســـتی لێ مەدەن، چونکە دەزانم ئەم گووشـــۆری خـاڵەیە تـامردن بە خەمی گووشـــۆری و زۆڵبوونی خۆیەوە دەمرێت`` شـاباز بەم قسـەیە دەهری بوو، چونکە دەیزانی ئەمە چیرۆکی دەمپیسیەکی تر و جنێوێکی ترە، وەک نازناوە پیسەکانی دایکی بەدوویەوە دەبێـت، دەیزانی ئەم نـازنـاوە تـازەیەی مەلا گەورەی دەمگەوهەر دووبـارە دەچێتە مێژووی نوســـراوە و بەدوویەوە دەبێت...

ڕاســـتی وەک ئەم دوو لۆردە بۆیـان ڕوونکردمەوە، ئەم نـاوی `گووشـۆرە` دەرئەنجامی کارێکی سـەربەخۆی شـاباز بوو، بەسـەر خۆیدا هێنا و ئەم کارەی بووە هۆی ئەوەی دووبارە مەلا گەورەی دەمگەوهەر لەبەردەم جەماوەرێکدا ناوی شاباز نەهێنێت، بەڵکو لە گوتارەکەیدا بۆ دڵدانەوەی قوربانیەکان گووتبوی `` ئەو زۆڵەی لە گووشۆریەوە ژیانی سیاسی دەستپێبکات، بۆئەبەد وەک گووشۆر دەمێنێتەوە``

قەدەرێکی سـەیر بوو ئەم قسـەیە، بەوەی بەدرێژایی ژیانی، شـاباز هەوڵیدا لە شوێنا و پێستی کەسی دووهەم بێتە دەرێ و ئەم تێزی گووشـــۆریەی کە مەلا گەورەی دەمگەوهەر پێوەی لکـانـد، بە درۆبخاتەوە... بەڵام کە بەســـەری پیری لە خاڵە گەورە جیابۆوە، دەرکی بەوە کرد، نەک هەر خۆی، بەڵکو کۆی بزوتنەوەکەشـــی بوون بە حزبی دووهەم و کارگەی بەرهەمهێنەرانی مرۆڤە دووفاق و دەبڵ مۆڕاڵەکـان کە لە بـاڵاترین پلەدا دەبوونە ``گووشـــۆری

حزبەکـانی تر`` وەک چۆن میـدیـاکـانی خـاڵە گەورە ئـاوەهـا ناویاندەبردن. ڕاسـتیەکەشـی هەر وابوو، چونکە  هەر یەکێکیان کە دەگەیشتە پلەی گووشۆری خێرا وازی لە حیزبەکەی شابازی مچە گەڕ دەهێنا و بەخۆی پلەی وەزیری و بەڕێوبەڕی گشـتی و ئەندام پەرلەمانی یان ڕاوێژکارییەوە دەچووە ناو پارتی سۆسیال لیبرالی خـاڵە گەورە، یـاخود دەچووە حزبی کۆنزەرڤـاتیڤی  کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر... خـاڵە قســـــە بەنـاوبـانگەکەی کردبوو، قســــەیەک لە نـاوەڕۆکدا بیرهێنـانەوەی قســــەکانی مەلاگەورەی دەمگەهەور بوو لە شەستەکاندا. خاڵە گەورە  گووتبووی `` جاران هەر خۆی گووشۆری من بوو، ئێستا حەوزێکی دروستکردووە لە جیاتی ماسی، گووشۆر بۆ من و کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر بەخێو دەکات.``

بەپێی گێڕانەوەی مێژووی زەمەنی شــــەســـــتەکان  بێت؛ لە تۆڵەی چەندەها سووکایەتی ئاوەها کە مەلا بەرامبەری دەکردن، هەروەها بۆ تێکـدانی دانوســــتـانەکـانی نێوان حکومەت و مەلا گەورەی دەمگەوهەر ، شابازی مچە گەڕ سەفەری خاڵە گەورەی بەفرسەت زانی بوو. خاڵە تازە هوما خانمی کچی مامۆســــتا نەداری خولەی کۆپاندروی خواسـتبوو، ســـەفەرێکی ماڵە خەزورانی لەبەغداوە بۆ ڕێکخرابوو. ســەفەرەکە چەند خێزانی بوو، دە ئەوەندەش سـیاسـی بوو، بەڵام خاڵە گەورە هیچ پرسـێکی بە شـابازی گەنج نەکردبوو، کە ئەوسـا شـاباز وەک سـکرتێری هەردووکیان، خاڵە و خەزوری، دەردەکەوت. بەڵام لەو ســەفەرەدا هیچ پرسـێکی پێ نەکرا، ئەمەش هۆکارێکی تر بوو بۆ تووڕەیی و ئەنجامدانی کاری ســــەربەخۆ بۆ

خودی خۆی. هەقیقەتی سـەفەرکە دەرئەنجامی دانوسـتانەکان بوو کە بەعسـیەکان دەیانویسـت کۆتایی بە زۆرانبازی خەزوری خاڵە گەورە و مەلا گەورەی دەمگەوهەر بهێنن. بەڵام مەلا گەوەرەی دەمگەوهەر لە هەموویـان خۆش بوو و گوتبووی `` لە قۆنەرە موسـەقەفەکەم خۆش بووم، بەس لە هەتیوەچەکە جاشـەکەی کۆپاندرو خۆش نابم`` هەربۆیە بڕیارڕدرا خەزوری نوێی خاڵە و ژنە گەنجەکەی، کە دەبووە ژنی دووهەمی دوای مردنی ژنی یەکەمی بە چەندەها سـاڵ، کە ناوی (ڕەعنا ئیبراهیم حەسـەن) بوو کە لەسەردەمی سەرۆکایەتی خاڵە گەورەدا ناوی خۆی گۆڕی بە گەلاڕێزان خانم، هەردووکیان، مامۆستا نەدار و ڕەعنا خانم، بەپێی ڕێکەوتنامەکە لە بەغداوە ڕەوانەی لەندەن کران. بێگومان خاڵە و هوماش هاوسەفەریان بوون بۆ لەندەن.

خـاڵە گەورە کۆی کـارەکـانی نیشـتەجێبوونیـانی لە لەنـدەن بۆ تەواوکردن، بەمەش خاڵە بووە کەسـی یەکەمی دەسـتەکە. خاڵە وەها ڕێکەوتبوو لەگەڵ بەعسـیەکان و مەلا گەورەی دەمگەوهەر، کە مامۆسـتا نەداری خولەی کۆپاندروو مووچەی مانگانەی وەک خانەنشـینی لە موخابەراتی ئێراقییەوەم بۆ ببرێتەوە و سـەفارەتی ئێراقی بەعسـیەکانیش ڕاسـپێردار بوو کە مووچەکەی مانگانە بۆ خەرج بکات. سـەیر لەوەدایە تاوەکو مردنی مامۆسـتا نەداری خولەی کۆپـانـدروو، ئەم مووچەیە بەردەوام بوو. بێگومـان ئەم زانیاریەی دوایی هی خۆمە، هی من، مۆپسـی پاشـا، چونکە چاکم لەبیرە کە مـامۆسـتـا نەدار تەلفۆنی بۆ دکتۆر عەبـدولڕەحمـان زەردەکی کرد، دوای چەنـد ڕسـتەیەک، بۆ یەکەمجـار بوو من عەبـدولڕەحمـان زەردەکی ببینم تووڕە بێت و پێیگووت`` نەداری

ئەحەی کۆپـانـدروو، نـازانم کێ ئەم ژمـارەیەی منی بە تۆ داوە. بـاســـی کۆنگرەی کوردان مەکە لە تـاراوگە، چونکە تۆ هێشـــتا مووچەی موخابەرات وەردەگریت...`` ئیدی تەلفۆنەکەی بەســـەردا داخســـتەوە... بەڵێ وایە، چونکە تاوەکو نوســـینی ئەم بیرەوەرییە سەگانەیەم، گەلاڕێزانی شەش قوز کە ناوی ئەسڵی (ڕەعنا ئیبراهیم حەســـەن)ە هێشـــتا مووچەی خانەنشـــینی موخابەراتی ئێراقییە، وەردەگرێت. یەکەمین داوای گەلاڕێزان خـانم لە خـاڵە گەورە، لە دوای ڕووخانی ســـەدام، درێژەپێدانی ئەو خانەنشـــینیە بەعســـیانە بوو...

بەڵام با بگەڕێینەوە ســـــەر چیرۆکەکەمان، بەوەی شـــــاباز ئەو زەمەنە هەواڵی ســـەفەر و ڕێکەوتنەکەی خاڵە گەورەی پێگەیشـــت بوو، بەڵام هیچی نەگووتبوو. وەک پیشـــەی هەموو جارێکی لەناو کەڕولاڵی دونیادا خۆی نقوومکرد بوو، لە بوغزدا خۆی خواردبۆوە، لەمســـــەر تا ئەوســـــەری بارەگای ســـــەر گردە بچوکەکە، کە بە ئاودەســـــتەکەی مەلای دەمگەوهەر ناودەبرا، هاتبوو و چووبوو. ئەوێک لە کەڕبوونی دونیادا نقووم بوو، گیرۆدەی بوغزو تووڕەیی و دەهریبوونی لەدایکبوونی بوو وەک زۆڵێک لە دونیا دا، لەدەمی دەرچوو بوو گوتبووی `` خـاڵە گەورە خەزورە خرفەکەی بە تەقـاوتی چەورەوە دەنێرێت بۆ لەندەن، و ئێمەش ڕۆژ نییە مەلا گوومان تێ نەکات``

ئێوارەی دووهەمی ســـەفەری خاڵە بۆ لەندەن، شـــاباز بە بیانوی نەخۆشـیەوە بەرەو شـار چوو بوو، لەوێ دوو کۆنە پێشـمەرگەی ڕازیکردبوو کە نارنجۆکی دەســـتی بخەنە قوتابخانەیەکی کچانەوە، دوایش لەگەڵ خۆیدا ســـــەفەریان پێ دەکات بۆ بەغدا و لەوێوە

پاســـپۆرتیـان بۆ ئـامـاده دەکـات بەرەو ئەورووپـا، بێگومـان بە مووچەیەکی بەردەوامی موخـابەراتی ئێراقی لە وڵاتێکی ئەورووپی دەژین. بۆ ئەم مەبەسته شاباز دوو پێشمەرگەی هەڵبژاردبوو کە هەژارترین و بێکەســترین پێشــمەرگەی چەککراوی دەســتەکەیان بوون، لەو کەسانە بوون لە هەژاریی بێ لانەییدا ڕەشەبای برسێتی کربوونی بە چەکدار. ئەم دوو بونەرە برسییە، هەژاریی شتێکی لێ ســـەندبوونەوە کە ناوی بیرکردنەوەی لۆجیکی بوو، ئەوەی ئەوان هەیـانبوو ژیـانێکی ڕووت بوو، دڵێکیـان هەبوو کە بڕوا بەهەموو شـتێک بکات، لە برسـێتی و بێ لانەیی قوتاریان بکات؛ ئەم دووانە بە ڕۆژ کرێکـاریـان دەکرد و بە شـــــەویش لە (هۆتێـل فەرەج) دەخەوتن کە هۆتێلی کرێکار و هەژار و لگاوچی و ئەو لانەوازانە بوو دەمێک بوو هەژاریی فڕێدابوونەتە پەراوێزەوە. دەمێک بوو ئەوەیان بیرچوو بۆوە کە پێدەڵێن؛ ماڵ و خزم و کەسوکار...

بەپێی ڕاپۆڕتەکـانی لۆرد هیزل و جێفرســـۆن کە لەئەرشـــیفی موخـابەراتی ئێراقیەوە وەریـانگرتبوو، شـــابـاز پێشـــتر لەگەڵ موخابەراتی ئێراقیدا ئەم پلانەی دانابوو، سەفەری خاڵە گەورە ئەم پلانەی خسته بواری جێبەجێکردنەوە. کارەکە ئاسـان بوو ئەویش هێرشـێک بوو بۆ سـەر قوتابخانەیەکی ناوەندی کچان، کە زۆربەی کچانی لێپســـراوانی شـــۆڕشـــی مەلا گەورەی دەمگەوهەر لەوێ دەیانخوێند. لۆرد هیزل گووتی``لەهەمـانکاتدا لەگەڵ موخـابەراتدا ڕێکەوتبوو کە لەدوای ئەنجـامـدانی تـاوانەکە هەردووکیـان دەستگیربکرێن``

هێرشـــەکە بەمجۆر بوو؛ هەردوو کەســـەکە یەکێکیان لە دەرگای ســـەرەکییەوە و ئەویتریش لە دەرگای پشـــتەوە خۆیان کردبوو بە

حەوشـــەی قوتابخانەکەدا. لەو کاتەدا مەراســـیمی ئاڵاهەڵکردنی بەیانیانی قوتابخانەکە بوو و چوار نارنجۆکیان هەڵدابووە ناو حەوشی قوتابخانەکە. وەک لۆرد هیزل دەیگووت`` قەسابخانەیەکی ناشـرین بوو لە کچانێکی بێتاوان، یەکەمین ئەکتی ژنکوشـتن بوو لەحەفتەکاندا شـاباز بە هاریکاری بەعسـیەکان ئەنجامی بدات`` دەرئەنجامی ئەم هێرشـە زیاتر لە دە کچی گەنجی هەرزەکار و دوو فەڕاش و سێ مامۆستای ژن کوژران، زیاتر لە چواردەی تر بریندار بوون. هەردوو ئەنجامدەرەکەش هێشتا نەگەیشتە شوێنی چاوەڕێکراو کە دەبوایە شـاباز لەوێ ببینن، پۆلیس دەسـتگیریان کردن. ڕۆژانی دوایی بەعسـیەکان بۆ دووبەرکی خسـتنە ناو ڕیزەکانی کورد و بۆ سـەلماندنی نیەت پاکی و دڵسـۆزیان بۆ مەلاگەورەی دەمگەوهەر ئاگاداریان کردن کە تاوانبارانیان دەستگیرکردووە. ڕۆژانی دوایی بەعسیەکان نەیانهێشت پیاوانی مەلا بگەنە ئەو دوو کەسـە، و لەبەردەرکی سـەرای شـاردا بەبەرچاوی جەماوەرێکی تووڕەوە ئەو دووانەیان کرد بە پەتا و لەسێدارەیان دان، تاوەکو سێ ڕۆژ لاشەکانیان بە پەتی قەنارەکەوە لەو گۆڕەپانە گشـتیەدا ڕەشـەبا دەیهێنان و دەیبردن. ئەمە لە ڕاستیدا چاوترسێنکردنەکی بەعسیانە بوو، زەنگی هاتنی ئێرایەکی نوێ بوو، کە ئێرای بەعسییەکان بوو.

لۆرد هیزل گووتی `` بەعسیەکان میتۆدی هێشتنەوەی لاشەکانیان بە پەتی قەنارەوە لە ئێمەی بریتانیەوە فێربوو بوون. وانەیەک بوو ئێمە لە کۆلۆنییەکانماندا بەو کەسـانەمان دەگووتەوە کە دژی داگیرکردنی بریتانی دەوەسـتانەوە`` ئەم میتۆدە بەمجۆرە بوو؛ لەسـێدارەدراوەکان بۆگەنیان دەکرد، بە هێوری بۆنی لاشـە و

فۆرمی لەشیان تێکدەچوو، دەموچاویان دەئاوسا، قاچیان دەئاوسا و جلەکانیان لەژێر ئاوسـانـدا تەنگ دەبوو لەبەریان. وردە وردە بۆنیان دەهات، بۆنێکی ساردی ترسناک، بۆنی لاشـەیەک لە جیاتی ئەوەی لەژێر گڵـدا شـیبێتەوە، لە هەوادا بۆگەنی بڵاودەبۆوە. بەجۆرێک، خۆری مەزنی هەمیشـە درەشـاوەی بریتانیای گەورەی لە دونیادا نمایشـدەکرد. وەک لۆرد جیفرسـۆن دەیگووت``بەڵام لێکۆڵینەوەکانمان ئەوەی سـەلماند ئەم میتۆدە بۆ کورد دەسـت نـادات، چونکە مرۆڤی کورد ڕق ئەسـتوور دەکـات. هەموو لێکۆڵینەوە جینالۆجیەکانی هەواڵگریمان لەسـەر ئەوە کۆکن، کە کورد بونەوەرێکی سـەیرە ناتۆقێنرێت، بەڵکو بە قسـەی خۆش هەڵدەخەڵەتێنرێت. ئەوەی لەشـەڕدا دەیباتەوە لە سـیاسـەتدا دەیدۆڕێنێت. ئەمەش گرفتی پاڵەوانە گەمژەکانە``

بەمجۆرە، ئەم دوو هەژارە، دوو پاڵەوانی گەمژە بوون، کە بە قسە پڕ مژدەبەرەکانی شـابازی مچە گەڕ هەڵخەڵەتان و لەدوای ئەم مێژووە وە شـاباز سـەدەها لاشـەی لەو جۆرە بە ئاوسـاوی لە مێژووی کوردا جێدەهێڵت. هەربۆیە وەک خاڵە گەورە دەیگووت`` لە کوێ شاباز هەبێت، مێژوو دەبێتە گووخانەیەکی خوێناوی``

بەعسـیەکان لە نیوەشـەوێکدا لاشـەکانیان لە شـوێنێکی نادیار گۆڕەوشـارکرد، تەنانەت ناوی ئەو دوو کەسـەیان گۆڕی و دوو دەفتەرنفوسـی کۆنیان سـاختە کرد و کردیانە دۆسـیەیەکەیانەوە. بەعسـیەکان لەسـەرێک وایانکرد بۆ ئەوەی شـاباز لەشـەڕی مەلاگەورەی دەمگەوهەر بپارێزن بۆ هیچ نا، وەک خاڵە جارێکیان گووتی `` کێ هەیە لە سیاسـەتی ئەم دەڤەرەدا گووشـۆرێکی وەک

شـــاباز بە ئاوی ئاڵتون نەکرێت`` دەیانویســـت شـــاباز بۆ کاری گرنگتر، وەک خـاڵە دەیگووت ``بۆ گووشـــۆری من و خۆیـان`` بهێڵنەوە و بەردەســـتی مەلاگەورە نەکەوێـت، لە فڕۆکەخـانەی بەغداوە بەرەو شاری ڤێنا بەڕێیانکرد. جگە لە پارەی خوێندنەکەی، مووچەی مانگانەشـــی لە موخابەرات وەردەگرت. ئاوەها شـــاباز ڕاســـت و چەپ بەناو دونیای کوردا دەلەوەڕیی و بووە یەکەمین داهێنەری ژنکوشـتن  کە حیزبی سیاسـی ئەنجامی بدات و پاشـان ببێتە کولتورێکی ســـیاســـی. پارادۆکســـەکە ئەوەیە، دوای ئەم مێژوووەش لە ناوەڕاســـتی هەشـــتاکاندا و دووبارە لە ســـەرەتای نەوەدەکاندا، لەســـەر دەسـتی شـاباز دووبارە ژنکوشـتن دووبارە دەبێتەوە و ئەم چیرۆکەش تاوەکو ئەمڕۆ درێژ بوونەوەی هەیە...

## ٤

با هەڵوێســـتیەکی تر بکەین، ئەوســـا دووبارە دێمەوە ســـەر بەزمەکانی شـــابازی مچە گەڕ و خاڵە گەورە. بەڵام پێش هەموو شـــتێک دەمەوێت بڵێم کە من، مۆپســـی پاشـــا، بەردەوامم لە هەڵدانەوەی ســـەری ئەم زێرابە، نەک لەبەرئەوەی حەزم لێیەتی، یان وەک هەموو ســـەگێکی  کوردیی ڕەســـەن، ســـەرم لە شـەڕ و ئاژاوە بخورێت. مەبەستم لە هەوشارە دێرینەکانی هاوڕێمە، گەماڵە پیرەکانی وەک (حەســـەنە گۆجی ســـێ قنگ) و (عوســـە کوێری

کرماشـــــانی) و (حەمە عەینە بۆرە) کە ئێســـــتا کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە. نەخێر، وەک لە بەشــــەکانی پێشــــوودا بە دوورودرێژی باســــی ڕەچەڵەکی خۆم و شــــەجەرەی بنەماڵەکەم کرد بۆتان. زانیتان، من ســــەگێکی خانەدان و زیرەکم، ڕەچەڵەکم خانەدانە و سەگێکی سەردەمی ڕێنیسانسم. ڕاستە بچوکم و هەمیشە مشە مشـــمە، چونکە لووتم پان و بچوکە و ملم درێژ نییە و قاچەکانم کورتە، بەڵام یەکێکیم لەسەگە هەستیارەکانی ئەم دونیایە، لە چاوە گەورەکانمدا خانەدانی و دڵپاکی دەبینیرێت، هەربۆیە من ســــەگی خۆشەویستی ماڵان و منداڵانم. وەک دەشزانن هێشتا زیاتر لە دوو ملیۆن وێنەی من و خاڵە گەورە بە دیواری هەموو شـــوێنێکی ئەم وڵاتەوە هەڵواسراون، چونکە من تا ئەم چرکەساتە سەگی یەکەمی ئەم وڵاتەم و لەگەڵ میهرەبـانی خـاڵە گەورەدا پەروردە بووم. بێگومـان ئەمەش تـاکە هۆیە کە من لە هەموو کەس زیـاتر لەم وڵاتەدا دڵم بەم کوردە دامـاوە بســــووتێت، خەریکە لە خەفەتی کوردبووندا وەک سـەگێکی ڕەسـەن، دڵم بوەستێت. هەر ئەوەشـە کە من، مۆپسـی پاشـا، سـەگی بە وەفای خاڵە گەورەی میهرەبان، کـار بەوەســــیەتەکەی دەکەم و هەر ســــرپە و ترپێک چییە لەم کۆشکانە و لەژیانی خاڵەدا ڕوویداوە و من ئاگاداری بم، لەم کتێبی یەکەمەدا نەیپەڕێنم و خواش کەریمە بۆ کتێبی دووهەم و سێهەم. وەســـیەتەکەی خاڵە بۆتە تەوق و لە گەردنمەوە ئاڵاوە، وایکردووە کە لەم دوا ســـاڵانەی ســـەگێتیمدا، وەک ســـەگێکی کۆن خۆم خـانەنشـــین نەکەم و تـاوەکو خوای گەورە ڕۆحە گـازگرەکەم دەباتەوە لای ڕەحمەتی خۆی، کار لەســـەر وەســـتیەکەی خاڵە گەورەی مـیـهـرەبـان بـکەم. هەربـۆیە لەو ڕۆحە گـازگـریـیە

ســـــەگانەمەوە بڕیارمداوە، تا دوا هەناســـــەم دڵســـــۆز بم بۆ وەسیەتەکەی خاڵە و ئاوڕ لەو زێرابە بەردەوامە بدەمەوە کە شەو و ڕۆژ سیاسیە دایکخۆگیەکانی ئەم نیشتمانە بە ژێر هەموو ماڵێکی ئەم وڵاتەدا هێناویانە و بۆگەنیان هەموو شـــوێنێکی داپۆشـــیووە؛ بۆگەنی تـاوانەکـانیـان، دەمە پیســـــەکـانیـان، پەڕلەکـانیـان، درۆ زلەکانیان، زمانە گواوویەکانیان، دەستە خوێناویەکانیان، لووتە بێ بۆن و چاوە کوێر و گوێچکە کەڕەکانیان، قنگە بۆگەنەکانیان، ورگە چڵێس و زلەکانیان، ئەندامە سێکسـیە پیس و تێرنەبوووەکانیان و بۆنی لەشــــە گەنـدەڵ و گوێچە ئەڵقە لەگوێکـانیــان و دەمە ســـیخوڕییەکانیان... بۆنی بۆگەنبوونی بۆگەنی ئەم دونیایەیان، کە ڕۆژانە لە هەموو ئەندامێکی لەشـــیانەیەوە دێتەدەرێ و ئەم زێرابە پڕ دەکات لە گوویی ڕۆژەکانیان. لە دواجاردا من سەگم و هەستی بۆنکردم لە زۆربەی بونەوەرەکـانی دیکەی ســــەر ئەم زەویە بەهێزترە؛ بۆنی نـاوگەڵی شـــــنە قۆنەرە، بۆن جگەرەی  بوغزی شـــــابـازی مچە گەڕ، وەک دوو دووانەیی جمکی زۆڵی نـاو ئەم زەلکـاوە، دوو بـۆنـن، یەکێکیـان بـۆنـی نەوە نـوێیەکەی ئەم کەربازاڕەیە، و ئەویتر درێژبوونەوەی نەوە کۆنەکەیە لە شـــێخی گەورەوە درێژبۆتەوە تاوەکو مەلا گەورەی دەمگەوهەر و تا دەگاتە شـابازی مچە گەڕ... دەزانم ئێستا دەڵێن``بۆچی ناوی خاڵە گەورە نابەیت؟`` ئاخر من دڵم نایەت ناوی خاڵە گەورە بهێنم، هەرچەندە لە دڵمدا دەزانم ئەویش بونەوەری ناو ئەم زێرابەیە، بەڵام  ئەوەی خاڵە گەورە بناسـێت، دەزانێت خاڵە سـەرکردەیەکی گەورە بوو لە مێژوویەکی هەڵەدا. من وەک ســــەگێکی بە وەفـا دەمێنمەوە بۆ سروشتی خۆم، و هەرگیز  ئازاری نادەم. بیرتاندەهێنمەوە کە خاڵە

گەورە هەمیشــە بە ئاشـکرا لە میدیاکاندا گووتبوی`` گەر ویسـتان ڕەخنە بگرن بە خـاڵەی خۆتـان دەســـتپێبکەن`` منیش لەســـەر وەســـیەتی خۆی وامکردووە و بە خاڵە دەســـتمپێکردووە. دەزانم حیکمەتی مێژوویی ئەو قسـانەی لە کوێوە سـەرچاوە هەڵدەگرێت، بەڵێ من، مۆپسی پاشا، هاوڕێی ڕاستەقینەی تەمەنی خاڵە گەورەی میهرەبانم، نەک وەک شـــابازی مچە گەڕ کە دەیگووت`` گەر فیشـــەکێک بەرەو خاڵە ئاڕاســـتە بکرێت من خۆمی دەخەمە بەر`` نەک هەر کە خـاڵە گەورە لە خەســـتەخـانە بێـهۆش کەوت ســـەلاجەیەکی ناشــرینی گەورە و قۆقزی هێنا، بەس خوا دەیزانی ئەم ســـەلاجە بڵحەی لە کوێوە هێنا بوو؟! ســـەلاجەیەکی مردووان دیار بوو بۆ یەک مردوو دەسـتی دەدا، لە هەڵکەوتەی لەشـی خاڵە دروسـتکرابوو، لەســـەر پیکابێک کە بە ئاڵای حیزبە ئۆپۆزیسـیۆنە نوێیەکەی ڕازابۆوە و لە بەیانیەوە تا نیوەشـەوان بەسەر جادەکاندا هۆڕن و فیکەیان بوو. شـــەوانیش، ســـەلاجە بڵحەکە بەســـەر گردە غەمبـارەکە هەڵدەزنـا و لەوێ وەک جـانەوەرێکی دونیـای مردن، خەفە دەبوو. هەموو خەڵکی دەوربەری ئەو گردە، کە کە کـاتی خۆی پارکی ســـنەوبەری شـــار بوو لە دیمەنی ئەو ســـەلاجەیە تۆقیبوون، چونکە هەر پیاوەکانی شاباز لەناو خەڵکیدا بە سەلاجەی مردوویی خـاڵە گەورە نـاویـان دەبرد. ئەوە لە یەکەمین جەڵـدەدا ڕوویدا، بەڵێ جەڵـدەی یەکەم کە خـاڵەی خســـتە خەســـتـاخە تایبەتەکەی حیزب، کە شـــەوی بێجگە لە مەســـرەفی دەرمان و خواردن، بۆ هاوڵاتیەکی ئاســـایی دەیکردە چوار ســـەد و پەنجا دۆلار... ئـاوا، خەڵـک زەق زەق دەیـانبینی ســـەلاجەی مردووان

بەســـەر ئەم گردە غەمباردا شـــەوان درەنگ بەســـەر پیکابێکەوە سەردەکەوت و بەیانیان دەهێنرایە خوار.

ڕێگەم بدەن  تۆزێک باســـی ئەم گردە غەمبارەتان بۆ بکەم، کە پێوانەکەی ســـەد و بیســـت و هەشـــت هەزار دۆنم بوو. لە دێرزەمانەوە  پارکی گشتی بوو لە چەقی شاردا، پارکێکی سنەوبەر بۆ کەمکردنەوەی تەپوتۆز  بوو لەم شـــاردا. تەپوتۆزێک، وەک نەفرەتیەکی ئەبەدی بە قەدەری ئەم شـارەوە نوسـابوو، ڕەشـەبای بەردەوامی ئەمشارە دەیهێناو دەیبرد و دەیکردە ناو هەموو سووچ و کەلێنی دیوار و حەوشـــە و ژوور و قوژبنێکی ئەمشـــارەوە. زۆربەی گردەکانی چواردەوری ئەمشارە بە سنەوبەر چێنرابوون، ئەوســا ســنەوبەرەکان شــوێنی باڵندە و ســێبەر بوون بۆ خەڵکی ئەمشــارە، شــوێنی حەوانەیەک کورتخایەن بوون لە ڕۆژانە ژیانی هەژاریی و خوێن و شـــەڕە بەردەوامەکـانی کورد و حکومەتە ئێراقییە جۆراوجۆرکان. دار سنەوبەرەکان  سەرپۆشی گرتنەوەی تەپوتۆزی نەگبەتی  بوون لەم شـــاردا،  بەڵام ``ئاخ ســـەد ئاخ`` ئێستا هەر گردەی سەرکردەیەکی سیاسی یان مردوویەک داگیری کردووە و وەک بایەقووش بەســـەر ئەم شـــارەدا نیشـــتوونەتەوە، ئێستا لە جیاتی گرتنەوەی تەپوتۆز بۆتە جێگەی گرتنەوەی گەندەڵ و مەســـینەخۆر و جرتلێدەرەکانی حیزب... ئەم گردە غەمبارەش هەمان چیرۆکی ئەوانیتری هەبوو، وەک هەر پارکێکی ســـنەوبەر، شـــابازی مچە گەڕ کەوتە تاپۆکردنی لەســـەر خۆیی و منداڵە لەندەنییەکـانی. بیرمـدێت، کـاتی خۆی خـاڵە گەورە چـاوی لەو تاپۆکردنە نهێنیە نووقاند، چونکە تاوەکو ئاوڕیدایەوە هەر شـــنە

قۆنەرە نیوەی بەرزاییەکانی شـــاری لەســـەر خۆی تاپۆ کردبوو، گەلارێزانی شەش قوز و قوزە ئەمنییە نوێیەکانی دیکە، هەریەکەیان قوزیـان زل بوو بوو لە حیزب و حکومەتدا، بوو بوون بە ئەندام پەرلەمان و بەڕێوبەڕ و لێپســراوی ڕێکخراوی ژنان و ســەرۆکی ســـەنتەری ڕۆشـــنبیری و ئەفســـەری نهێنی هەواڵگری حیزب و حکومەت و وەزیر و جێگری وەزیر و نەقیب و عەمید و تەنانەت لیواش. هەموو ئەمانەی بازنەی یەکەم و دووهەم و تا دەگەیشـــتە بازنەی ســەد و پەنجای دەوری خاڵە گەورە، پارچەیەکی لە موڵکی گشـــتی ئەم میللەتە داماوەی لەســـەر خۆی تاپۆ کردبوو. هەموو یەکێک لەم گورگە برســـیانە پارچەیەکی لە گۆشـــتی ئەم میللەتە داماوە پچڕی بوو. ئیدی تاوەکو خاڵە گەورە ئاوڕیدایەوە هەر`` ئاخ، ســەد ئاخ`` ی بۆ مایەوە. خۆ ئەوە باســی (پاڤان و قابان)ی کوڕە نەمســـــاویەکانی خاڵە ناکەم، جگە لە داهاتی بیرە نەوتەکان، ئێستا ئەو دووگە پیسەش دەدەزن کە قەسابخانەی شارەوانی بە خۆڕایی دەیانبەخشــی بە چێشــتخانەکان، ئەوان ئێســتا بە شــەقی مەسینەخۆر و قۆشمە و پیاوەکانیان دووگی ئەم مەملەکەتەیان بە تۆبزیی و گوندەیی کۆدەکەنەوە. ئەو دووگەی ئێستا لە ئەفغانستان و ئێران و پاکســـتان و تورانەوە کۆدەکرایەوە. بێ باج و گومرگ لەگەڵ دووگی قەسابخانەکانی شار دەبرایە باشوور. لەوێ تێکەڵی جۆرێک هەویری تلیاک دەکرێت و هەر خۆشیان دوایی لەمسەر تا ئەوســـەری مەملەکەت بە ئۆتۆمبێلی جامڕەش و بە پێی وەرەقەی مۆرکراوی ســـەرۆکایەتی باوکیان، بەهەموو خاڵەکانی پشـــکنیندا تێپەڕ دەبوون، بێئەوەی کەس بتوانێت بۆ چرکەیش بێت ڕایـان بگرێت. ئەو مۆرانەی ســەید ماجید لەســەر وەرەقەی ســپی بۆیانی

لێ دابوو، زامنی ئەوەی بۆ دەکردن کە ئۆتۆمبێلەکان لە هیچ بازگە و گومرگێک ڕانەوەســـتن و تێپەڕبن. بەمجۆرە، تلیاکە تازەکەیان لەم دەڤەرە و دونیادا دابەشدەکرا... خۆ باسی داهاتی سنوورەکان ناکەم کە هوما خانم و گەلاڕێزان خانی زڕدایکی خســتبوویانە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و سـەید ماجیدی چرووکیش، هەر بۆڵە بۆڵ و حەســرەت و تسـلێدانی پیســی بۆ دەمایەوە، بەتایبەت، ئەو کاتەی دەگەیشـــتە لای خاڵە و دەردەدڵی دەکرد. خۆ ئەوە باســـی تۆڕی دزیی و ڕاوڕووتی (هەوراز) و (پۆلا) و (لەیلانە تسـکەن) ناکەم کە بە (لولو) ناســـراوە. لولوی خوشـــکە زڕەکەی هومای ژنی خاڵە گەورە لە گەلارێزانی شەش قوز، کە گوایە `لەیلانە تسکەن` شووی کردووە بە ڕەشپێستێکی ئەمریکی، و ئەم ``قووڵە گانکەرە`` وەک سـەید ماجیدی قاسـەگری حیزب دەیگووت؛ بۆتە خاوەنی موڵک لە کوردسـتاندا... بەڵێ، سـەیرتان لێ نەیەت، وەک ئەمڕۆ لەبەرچاومە کە سەید ماجیدی قاسەگری حیزب جارێکیان وەک پیشەی جارانی بەتووڕەیی و بۆڵە بۆڵەوە هـات بۆ لای خـاڵە. بەخۆی دەفتەرە ڕەشە زلەکەی  حیزب، هاتە ژوورەوە و هەر کە دانیشت بەزمەکەی من و ئەو دەسـتپێکرد؛ چونکە ئەو هەر قنگی لەســەر کورسـیەکە تویێکەی نەخوارد بوو، کەوتە جنێودان بەو ڕۆژەی تێیدا هـاتە ئەم حیزبەوە، و لەگەڵ یەکەم جنێوییـدا، خێرا من ژوورەکەم بە جێهێشـــت و چوومە بالکۆنەکە. ئیدی دەمزانی خاڵە چاوەڕێی ئەم بەزمە بوو و دڵە میهرەبانەکەی کە وەک دڵی منداڵ وەها بوو بەم جوڵانەی من بەختەوەر دەبوو، ئەوەنـدە پێکەنی تـاوەکو ورگە حەزیاکەی کەوتە ســەر لەرزە و هاواری کرد``تۆ ســەیری بەزمی ئەم دووانە، تکایە ســەید ماجید پەیمان بدە بە مۆپســی پاشــا، کە

جنێو نەدەی، دەنا دانیشـــتی دەردڵمان بێ مۆپســـی گیان تامی نابێت... وەرەوە مۆپســـی گیان، وەرەوە پاشـــاکەی خاڵە گەورە، لا لووت مەبە... هههههه``

ئیدی کە گەڕامەوە لەگەڵ یەکەمین ڕســـتەی ســـەید ماجید، وەک هەموو جارێک ســـەید ماجید هیچی نەگووت وو قوومێکی لە قاوە تـاڵەکەی دەدا، ئیســـتێکی دەکرد و قوومێـک ئـاوی ســـۆدای دەخواردەوە، پاشان لەسەرخۆ دێڕ بە دوای دێڕ دانی بە وشەکاندا دەنا، کە بەشـێکی ئاماژە بوون بۆ حەیاچوونی قووڵتری مەدارێکی تر لە بۆگەنبوون، بەڵام بە زمانە هێمن و ڕۆمانسیەکەی فۆرمولەی دەکردنەوە. دەرئەنجامی ئەم هەموو دبلۆماسـیەتە سـەید ماجیدییە یەک شـت بوو، ئەویش سـەرەتا تەقیەنەوەی خاڵە بوو و پاشـان تەقینەوەی ســـەیـد مـاجیـد وەک کەمـانچەژەنێکی دووهەم لە ئۆرکێســـترای گەنـدەڵی و خیـانەت و حەیـاچوونەکـانـدا، پێکەوە دەکەوتنە ژەنینی پیســـترین جنێوی ســـەر ئەم زەویە. منیش لەم نێوانەدا توانای زیاتری ئەوەم نەدەما، گوێ لەم کۆڕاڵی و تینۆری ئەم دووانە بگـرم و دەردەپەڕیمە دەرەوە و لە بـالـکۆنەکەوە دەچوومەوە ســـەر ڕاڕەوی دووهەم و دەچوومەوە ســـەر پێخەفە شـاهانەکەم، تاوەکو خاڵە بە خۆی و پێکە ویسـکیەکەی دەهات بۆ لام و دەسـتیدەکرد بە دەردەدڵ کردن... بەڵام لەم سـاڵانەی دوایدا تەنها دەردەدڵی نەدەکرد، بەڵکو دەستی دەکرد بەگریان، بۆ هیچ نا، بۆ ئەو زەلیلیەی تێی کەوتووە، ئەو زەلیلیەی تەنهـا بە مردن و جەڵدە یەک لەدوای یەکەکانی کۆتایی هات. بە خەڵەفانێکی بەردەوام و خوماریەکی بەردەوام لە ناو ترۆتسی ورگە حەزیاکەیدا، کۆتایی هات. بە خەڵەفاویی جەڵدە یەک لەدوایەکەکانی کۆتایی هات، کە

وای لێ کردبوو شوێن و کات و کەسەکان وەک وەرەقەی کۆنکەن تێکەڵ بکات، و دوایی نەیدەناسـیـنەوە... بەڵام پێش گەیشـتن بەم قۆناغە، چەندەها دانیشتنی دەردڵ لە نێوان ئەم دوو پیاوە قەدیمەی کوردایەتی ڕوویدا؛ سـەید ماجید دەسـەڵات لێ سـەنراوە و قەرەقۆزی شـنە قۆنەرە و هوما خان و گەلاڕێزانی شـەش قوز. هەروەهـا خـاڵەی هیلاک بەدەسـت ئەو لاولاوە ژەهراویـانەی گەنـدەڵی کە بەهەموو جەسـتە و ڕۆحیدا هەڵگەڕابوون و تەنهـا بیچمێکی بەتاڵی ئەویان هێشتبۆوە. ئەویان وەک بوکەڵەیەکی بەتاڵ دەسـەڵات لێ کردبوو، بەتاڵ و قۆقزی بە ورگێکی زلەوە، وەک گۆزەی ترشـیات لە ئەملا هەڵیاندەگرت و لەولا دایان دەنا،و حیزب و حکومەتیش بەنـاوی ئەوەوە وەک مەکینەی قیمەجنە ئەڵمـانییە زەبەلاحەکەی کۆشـکەکـانی حیزب، مرۆڤی ئەم دەڤەرەی لە قیمەدەدا.

بیرمدێت کە سـەید ماجید لەو دانیشـتنەدا پەیمانی دا جنێو نەدا، باس هاتە سـەر باسـی گردە غەمبارەکە. بیرمدێت، سـەید ماجید گووتی ``کە بە شـابازم گووت خاڵە ڕازی نییە گردەکەت بداتێ، چونکە موڵکی گەلە، خێرا تەقییەوە و گووتی؛ خاڵە گردێکی حیزی سـەدو بیسـت و هەشـت هەزار مەتری بە منی هاوڕێی تەمەن و خەباتی ڕەوا نابینێت، بەڵام دارستانەکانی باشووری شاری لەسەر قوولێکی کێر زلی ئەفرۆئەمریکی تـاپۆ کردووە و بۆی ئەکـات بە مۆڵێک بەناوی (لولو مۆڵ) وانییە؟!``
کە سـەید ماجید ئەمەی گێڕایەوە خاڵە بڕێک بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی تەشـتێک سـەهۆڵاوی پێدا بکەن، گووتی ``قوولی ئەمریکی،

تۆ باسی چی دەکەیت سەید ماجید؟!`` سەید سەیرێکی منی کرد و گووتی ``لە ترسی مۆپسی پاشا نەبێت، و خەمی شەکرە و فشاری خوێنت نەبێت خاڵە گەورە، ئێستا هەزار جنێوم دەدا. ئاخر ئەم قوولە ڕەشە، کێرەکەی لولوی ژنخوشکتە...`` خاڵە بەسەرسوڕمانێکەوە سەیری کرد`` لولو کێیە؟ نەڵێی مەبەستت لولویی...`` سەید ماجید قسەکەی پێ بڕی و گووتی ``بەڵێ خاڵە گەورە گیان، لەیلان، بەڵێ لەیلانە چکۆلی کۆنە سکرتێری دەستەکەمان لە شەستەکاندا، کچە بچوکەکەی مامۆستا نەدار. کچەکە ڕەشتاڵەکەی ئەم ساڵانەی دوایی تەمەنی مامۆستا... ئحم، ئحم... کە گەڵاریزان خانم بە لولو بانگیدەکرد.`` خاڵە هەوڵیدەدا بیری بێتەوە و لەبەر هەڵاوی خواردن و ویسکی ناو ورگە حەزیاکەی کە هەموو ڕۆژێک لە گەورە بووندا بوو، بەجۆرێک دکتۆرەکان دەترسان ڕۆژێک خاڵە خۆی قووتبدات و بەهۆی فشاری چەوری و شەکرەی ناو خوێنی و هەڵاوە زەردەکانی ئەو ورگە حەزیایەی هیچی بۆ هەرسنەدەکرا و هەمیشەش برسی بوو، ڕۆژانە ناو و شوێن و مێژووی ڕووداوەکانی لەبیردەچۆەوە. هەربۆیە، سەید ماجید لە گۆماوەی لەبیرچوونەوە زەرد و پڕ هەڵاوە ترشاوەی یادەوەرییە تێکچووەکەیدا دەریهێنا و گووتی`` لولوی جیقن، کوڕە لولوی تسکەن`` ئەوجا خاڵە گووتی`` دەبڵێ لولوە سیس و بۆگەن، بۆ وای لێ هاتووە ئەویش شت بۆ خۆی بپچڕێت`` سەید ماجید گەشایەوە و گووتی`` حەیف سەد حەیف، خاڵە گەورە، بیرتدێت خاڵە کە دەچووین بۆ لەندەن، ئەم لەیلانە منداڵ بوو، ڕەحمەتی مامۆستا نەدار لە بەر تسلێدانی، لە ژوورەکە دەریدەکرد. هەرگیز چاوی پێ هەڵنەدەهات. ئێ خۆشت دەزانی لەم

سالانەی دوایی لولو لە دایک بوو کە سکرتێری پێشوومان تەواو پەکی کەوتبوو... ئحم، ئحم، ئحم...`` لەو کاتەدا سەید ماجید تۆزێک ڕاما ویستی دەموچاوی خاڵە بخوێنتەوە. بێگومان لەگەڵ ئەم ڕستەیەی دوایی سەید ماجید، تسێکی پەنهانی لێدا کە تەنها لووتی سەگانەی من بۆنی دەکرد... سەید ماجید هەر کاتێک نهێنیەکی پڕ ئازاری بە ئاماژەوە بدرکاندایە، لە ژێرەوە تسێکی لێدەدا، تسێکی پەنهانی کە بەناو مێژوودا تێدەپەڕی و لووتی سەگانەی من دەیگرتەوە. هەر کە بینی خاڵە گوێی نەدا بەو ڕستە پڕ ئاماژە پێچراوە لە گەڵای حەیاچوونە بەردەوامەکانی خانەوادەکەی. ئەو بەردەوام بوو لە قسەکردن و گووتی`` بەڵێ، لولوی تسکەن، خۆ بیرتدێت ئەوەندە بەڕەڵا بوو مەکتەبی بۆ تەواو نەکرا، تەنانەت بردیانە قوتابخانەی تایبەت هەر سوودی نەبوو. دوایش کە مەمکی کرد، گەلاڕێزان خانم لەجیاتی ئەوەی لەسەر بێئەدەبی لە ماڵەکە دەری بکات، لە جیاتی گوێچکەی لەسەر شەوی سوور و قوونبادانی دیسکۆکانی سۆهۆی لەندەن و تلیاکخواردن و قوول هێنانەوە، بابدا، کە بەئاشکرا دەیگووت؛ من ئەسڵم ئەفریقیە. کە چی حەیف سەد حەیف مامۆستا نەداری سکرتێری حزبمانی فرێدایە شوقەیەکی پیسی ناوچەی (وێرنتن)ی لەندەن. شوقەیەکی و پیسوپۆخڵ. خۆ بیرتدێت من و تۆ کەچووین بۆ سەردانی، ڕەحمەتی نەیتوانی قاوەیەکمان بۆ بکات، من چووم بۆ موبەقەکە قاوەم بۆ لێنان و ماڵەکە بۆنی پشیلە چڵکنەکەی گرتبوو`` سەید ئەمانەی دەگووت و خاڵەش تەنها سەری ڕادەوەشاند و دەیگووت `` ئاخ، سەد ئاخ``

سەید ماجید بەردەوام بوو ``بیرتدێت، مامۆستا نەداری خەزوورت بەتەنیا مرد و بۆگەنی کرد. تەنها پشیلەکەی هاوڕێی بوو و ئەویش لە برسـاندا قامکی لای ڕاسـتی خواردبوو``  خاڵە هەناسـەیەکی قووڵی هەڵکێشـا  و گووتی`` ئاخ سـەد ئاخ سـەید ماجید، بۆ مامۆستا نەداری سکرتێرمان``  سەید ماجیدیش بەردەوام بوو و گووتی ``خۆ بیرتدێت  لاشەکەیمان بە ئەمری تۆ هێنایەوە بۆ ئێرە. حەیف سـەید حەیف، ئەوسـا سـەدامی بێ قیمەت مابۆوە، هەربۆیە دەبوایە بەسـەر شـانی پاسـدارەکانەوە لەسـنوورەوە بە قاچاخ ئاودیووی بکەین بۆ ئێرە. بەڵێ، کاتێک هەموو شار بێ کارەبا بوو، ئێمە بیست و چوار کاژێر پرۆجێکتەرمان لەسەر گرد و گۆڕەکەی بۆ درەوشـانەوە. هەمووی خەتای ئەو لولو جیقنە کێرخۆرە بوو. ئاخر گەلاڕێزان خان لەبەر بەزمی لولو مامۆسـتا نەداری دەرکرد و بەو دەردە چوو.`` هەر کەوای گووت من خێرا وەک هاوسۆزیەک بۆ خەمی خاڵە و سەید ماجید، کەوتمە لوورەی غەمباری و خاڵەش گوێی بۆ سەید ماجیدی هاوڕێی گرتبوو و لەبەرخۆیەوە  بەردەوام بۆی دەسەندەوە`` ئاخ، سەد ئاخ``

سـەید ماجید سـەیرێکی خاڵەی کرد و گووتی ``شـاباز قسـەیەکی تری کرد و ڕووی مەجلیسـی نییە...`` خاڵە ناوچەوانی دا  بەیەکدا و گووتی ``چ شـەکرێکی تری شـکاندووە ئەو گووشـۆرە پیرە`` سـەید ماجید سـەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد، پاشـان سـەیرێکی منی کرد و گووتی`` شـاباز گووتی؛ گەر کێری قوولێکی ئەمریکی لای خاڵە ئەوەندە بەنرخ بێت، هەموو دارسـتانی موڵکی گشـتی لەسـەر تاپۆ بکرێت، دەبێت  هاوڕێی چل سـاڵەی خەباتی خاڵە،  نرخی چەند بێت؟!``

ئیدی خاڵە گەورە و ســـەید ماجید کەوتنە جنێودان بەو ڕۆژەی تێدا هاتنە ئەم شۆڕشەوە، ئەوەندە جنێویان دا کە من وەک پیشەی جارانم لێمدا بۆ ژووره شـــاهانەکەم و دەمزانی لە دواجاردا کێری قووله ئەمریکیەکەی لیلۆی کچی گەلاریزانی شـــەش قوز، خـاڵە ناچار دەکات چاو لەو گردەی ناوەڕاســـتی شـــار بنووقێنێت کە شاباز خەریکی تاپۆکردنی بوو لەسەر خۆی و کوڕە لەندەنیەکانی. بەڵام ئاخ ســـەد ئاخ، وەک خاڵە دەیگووت، ئەو گردە شـــوێنای ئەو قوتابیە هەژارانە بوو کە لەماڵەوە شوێنیان نەبوو، دەچوون لە ژێر دار ســـنەوبەرەکانیاندا گوێنیەکیان ڕادەخســـت و خۆیان بۆ تاقیکردنەوەکانیان ئامادە دەکرد. یاخود ئەو دڵدارانەی دوور لە چاوی برســـی مەلا و درواســـێ و ســـمێڵ بابرەکانەوە لە ژێر دارسـنەوبەرەکاندا یەکتریان ماچدەکرد. خۆ باســـی ئەوە ناکەم کە لانەی ئەو ســـەگە بێلانە هەژارانە بوو، کە لە کووچە و کۆلانەکانی شار دەیانکوشتن و ئازاریان دەدان و لەوێ بە ئارامی دەترووکان. لانەی لانەی هەزاراها چۆلەکە و ڕیشـــۆڵەی زســـتانە و باڵندەی جۆراوجۆر بوو... بەڵام شـــاباز هەمووی تاپۆکردە ســـەر خۆی و کوڕە لەندەنییەکانی. ئەم گردە بووە شوێنێک بۆ جنێو، شوێنێک بۆ زەڕخانەی میدیایی. شـوێنێکە، وەک هەموو گردەکانی چواردەوری ئەمشـــارە، شـوێنی ئەو ســـەرکردە کارتۆنیە مردووانەن کە زەوی زیندووان داگیردەکەن و نایەنەوێت بچنە قەبرســـتان، ئەوانەی بەمردوویش بەردەوامن لە گەندەڵی و دووبەرەکی نانەوە و ژەهر ڕشتن. تەنانەت شاعیرەکانی ئێستاش فێربوون وەسیەت دەکەن لەناو زیندوواندا بنێژرێن و بەمردوویی موڵکی گشـــتی داگیربکەن. ئەو گردە غەمبارەش وەک هەموو گردێکی ئەم وڵاتە یان شـوێنی

مردووی زیندووخۆره، یان شــوێنی دیکتاتۆری زیندووخۆره، یان شـوێنی گەندەڵی لووشـدەری نیشـتمانە. ئاوەها، ئەم گردەش وەک هەموو گردەکانی دیکە بوو بۆ شـــوێنێک بوغزی ســـیاســـی و تازەترین داهێنانیش لەوێوە دەستپێکرد کە کەناڵێکی تری زەڕخانە بوو بەقەولی شاباز خۆی. زەڕخانەیەک کە نیشتمانی پڕ دەکرد لە تف و جرت و ترِ و جنێو. لەهەمووشـی گرنگتر داهێنانە گەورەکە کەبوو ئەویش؛ سووڕدانی بەفرگری مردووان بوو بە شـەقامەکانی شاردا.

من ئێســـتا بیر لە ناوی پەیامبەری هەژاران دەکەمەوە وەک چۆن دکتۆر شـــابازی مچە گەڕ لەســـەری پیریدا ئەو ناوەی لە خۆی نابوو. گەر ڕاستی کردبا، ئەو سێ سەد و بیست هەزار مەتر چوار گۆشـەیە بکردایە بە خانوو بۆ هەژاران و تاپۆی نەکردایە لەسـەر خۆی و کوڕە لەندەنییەکانی. بۆ کەس نا، تەنها بۆ هەژارانی سـەر بە حیزبە نوێیەکەی خۆی، ئەوا گەر لەسـەر ڕووبەڕی سێ سـەد مەتر چوارگۆشــە خانووی بەکردبدایە، ئەوا هەزار و شــەشـت و شــەش خانووی تێدا دەبوو. خۆ ئەگەر لەســـەر دووســـەد مەتر دووجا خانوو بکرێت، ئەوا هەزار و شـەش سـەد خانووی دەکرد. خۆ ئەگەر خانووبێت لەسـەر ڕووبەڕی سـەد مەتر چوارگۆشـە، کە بۆ هەژار و فەرمانبەران سـەروزیادێتی، ئەوا دەیکردە سێ هەزار و دووسـەد خانوو... بەڵام لەجیاتی ئەوە، ئێسـتا بەتەلی دڕکاوی و چەکدارەکانی شـــابـازی مچە گەڕ دەور دراوە و ســـەلاجەی مردووانیان پێدا ســـەردەخســـت و ڕەوانەی ناو شـــاریان دەکرد. ئاوەها ئەو گردەیان پڕ کردووە، لە دەعەجانی سـەیر و سـەمەرە

کە لەسەر گوێچکە و زمانی گوواویان دەژین، لەسەر جنێوفرۆشی دەژین، لەسەر نوکتە کردن و ناوزڕاندن دەژین، گەر لەسەر قوزی دایکی خۆشـــیان بێت، ئەوا قاقا پێی پێدەکەنن. بڕوا بکەن وایە، نوکتە و بوختانیش بۆ دایکیشـــیان دەکەن، بێئەوەی یەک چرکەش دڵیان بلەرزێت... بەڵێ بەمجۆرە، خەڵکی دەیانبینی چۆن سـەلاجەی مردووەکە، وەک چۆن وا ناویان دەنا، بە گردەکەدا دەهاتە خوارێ و هەر کە دەکەوتە ســەر ڕاســتە شــەقامەکە، هۆڕن و ســەمای ئۆپۆزیســـیۆنەوانەکان تاوەکو ئێوارە دەســـتیپێدەکرد، ئێوارەش وەک چۆن دێوێکی هیلاک دەگەڕێتەوە بۆ نـاو ئەشـــکەوتەکەی، ئـاوەهـا پیکـابی بەفرگری مردووەوان، بەســـەر گردە غەمبـارە و خەمۆکەکە هەڵدەگەڕا و لە ئەشـــکەوتە پڕ ئێســـکە ئادەمییەکەی شابازدا شەوی دەکردەوە...

بۆچی ئەمە باســدەکەم، بۆ هیچ نا تەنها بۆ ئەوەی پێتان بڵێم؛ من لە جۆری شـــاباز نیم، چل ســـاڵ هاوڕێی خاڵە بم و دوایش کە نەخۆش کەوت ســـەلاجەی مردووانی بۆ بە کردن بدەم و لەســـەر جادەکان لە چاوەڕێی مەرگیدا دەهۆڵ و زوڕنا لێدەم. نەخێر، من مۆپسی پاشـام و دەبێت شـایەنی ئەو فۆتۆ نیشـتمانیە بم، کە من و خـاڵە کـاتی خۆی لە ســـتۆدیۆ بەرلینیەکەی هـاوڕێ چەپە موخەزرەمەکەمان (هانز شـــنایدر) چرکێندرا و ئێســـتاش زیاتر لە ملیۆن نیوێک فۆتۆن بە دارو بەردی ئەم نیشـتمانەوە هەڵواسـروان. بەڵێ ئەوەی دەیگێڕمەوە، بەبێئەوەی مووی لێ بپەرێنم وەســـیەتی خـاڵە گەورەی میهرەبـان خۆیەتی. وەک ئەمڕۆ لەبەرچـاومە کە هێشــتا لە ڕاڕەوی خەســتەخانە پاریســـییەکە بووین، لەســـەردانی یـاســـر عەرەفـاتی هـاوڕێی خـاڵە گەورە هـاتبووینە دەرەوە و

دەمانزانی عەرەفات لە خوماری سـەرەمەرگدایە. بیرمدێت خاڵە گەورە منی لەباوەش نابوو، فەرمانی بە پاسـەوانەکانی دا تۆزێک دوورکەونەوە، چونکە دەیزانی ژنەکەی و گەڵاڕێزانی شەش قوزی خەسوویی، هەموو پاسەوانەکانی کردبووە سیخوڕ بەسەریەوە. سەیرێکی کردم و بە چرپەوە گووتی``دەخیلتم مۆپسی پاشا، گەر منیان هێنا بۆ ئێرە و زانیت چیرۆکەکەی عەرەفاتیش لە مندا دووبارە دەبێتەوە، دەخیلتم پاشا گیان، هەر کەزانیت شەڕە سەگی مەکتەب سیاسیەکان و خەسوو و ژنەکەم هەڵگیرساوە، ئەوە بزانە دوای ماوەیەک سـەرەی تۆش دێت. جا پێش ئەوە تۆ دەسـت بوەشـێنە و هەموو شـتێک بگێڕەوە کە من بۆتم گێڕاوەتەوە. دەخیلتم مووی لێ مەپەڕێنە و وەک خۆی بە هەموو پیس و پۆخڵیەوە بیگێڕەوە. ئاخر گەندەڵی بۆگەنە، شـتی بۆگەنیش بە زمانی ڕازاوە باسـناکرێت. وەک خۆی بیگێڕەوە و گۆشـتی لاشـەکەی منیان لێ بکە بەقوزەڵقوڕت. ئا، مۆپسـی گیان بیرت نەچێت لە ئاهەنگی ماسـیی برژاندنەکانمانەوە دەسـتپێبکە.``

هەربۆیە منیش لە خاڵەوە دەسـتپێدەکەم و مووی لێ ناپەڕێنم و گەر بی پەڕێنم ئەوا نمەک حەرام و مەسـینەخۆرم. تەنانەت بیرمدێت، جارێکیان بە گۆچان کەوتە سـەروگوێلاکی شـاعیری نیشتمان و پێیگووت`` قووندەر، ئەوەی من وەک سیاسی ناتوانم بیڵێم، دەبێت شـاعیرێکی وەک تۆ بیڵێت. بەڵام لەجیاتی ئەوە، مانگانە دەهەزار دۆلاری بودجەی گشـتی هەڵدەلووشـی و دوای کچی پانزە و شانزەساڵان دەکەویت.``

# ٥

پێشـــئەوەی بەردەوام بم لە گێڕانەوە، دەمەوێت ئەوە بڵێم؛ کە من لێرەدا باسی خاڵە گەورە دەکەم، بێوەفایی و بێئەمەکی نییە، نەخێر، بەڵکو لەسـەر وەسیەتی خۆیەتی کە مووی لێ نەپەڕێنم و شتەکان وەک خۆی بگێڕمەوە کە بیستوومە و بینیوومە. من، مۆپسی پاشا، هەستیارترین سەگی ئەم دونیایەم، چونکە لە دوای دکتۆر بنیامینی میهرەبـان و دکتۆر ئەوڕەحمـانی زەردەکییەوە، خـاڵە گەورەی میهرەبان منی هێنا بۆ ناو ئەم کەربازاڕە، خۆشـی ئەم شـۆڕش و دەسـەڵاتەی خۆی بە `کەربازاڕ` پێناسـە دەکرد... ئێسـتاش کە خاڵەی میهرەبان بۆ دواجار فڕێدراوەتە خەستەخانە پاریسـیەکە و منیش لێرە فڕێدراوم و نازانم کەی دەمکوژن، نازانم کەی دەمدەنە بەر کەڵبەی ئەو هەوشـارە گەنجە پشـدەریانەی، ئێستا لە کۆشکی چوارەمدا کولانەیان بۆ دروســـتکردون، نازانم کەی بە فەرمانی گەلاڕێزانی شــەش قوز یان شــنە قۆنەرە، کوڕە تۆ بڵێ حســە گووشـۆری خاڵە، کە ئێستا خۆی وەک مامۆستا حسێن قارەمان دەناســێنێت، لەتوپەتم دەکەن و لەناوم دەبەن. ئاخر، ئەوان باش دەزانن هەوشــارەکانی هاوڕێم، کە ئێســتا بوونەتە گەماڵی پیر و لەدوا سـاڵەکانی سـەگێتی خۆیاندان، پەلاماری هەر کەسێک بدەن پەلاماری من نادەن. ئێمەی ســەگ وەک مرۆڤ نین، نمەکی هەر یەکێکمان کرد، ئەســتەمە بتوانین دڵی بڕەنجێنین، چجای وەک ئەم ئەندام مەکتەب سـیاسـیە کەڵتە کۆنانە، خیانەت لەیەکتری بکەین و

سـواری ژن و کچ و کچەزای یەکتری بین. ئێسـتاش، بەدزی شـنە قۆنەرەوە خۆم لەسووچ و پەناکاندا مەڵاسداوە و کە برسیم دەبێت بەدزییەوە خۆم دەکەم بە موبەقە زۆرەکانی ئەم ڕیزە کۆشـــکە و چی هەبێت دەیخۆم و کامە سـووچیش گەرم و پەسـێو بێت خۆمی تێدا قوشـــمەڵە دەکەم و لەبەر خۆمەوە ئەم چیرۆکانە دەگێڕمەوە کە ئێستا ئێوە دەیخوێننەوە.

بە هەر حاڵ، با بگەڕێمەوە ســـەر باســـوخواســـی ئەم دوو لۆردە جێنتڵە بەریتانییە پیدۆفایلانەی پێشـوو. ئەم دوو لۆردە، کە باسـی ئەرکە گەورەکەیــان کرد لە ژیــانیــانــدا و بەهۆیەوە پێگەیــان بەرزکرایەوە بۆ لۆرد، ئەویش وەک چۆن خۆیان ناویان لێنا بوو ``لە ڕیشـە دەرکێشـکردنی چەپەکان بوو لە هەناوی کوردایەتی، و خەســـاندنی چەپێکی کوردیی بوو، کە لەســـەرخۆ گوونی خۆی بەســـەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا گەورە دەکرد`` ئەویش لەڕێگەی ئەو ئۆپەراسیۆنە نەخشـەبۆکێشـراوە بوو کە لەنێوان موخابەراتی بەریتانی و هەر سـێ موخابەراتەکەی حکومەتەکانی ئێران و ئێراق و تورکیا ئەنجامدرا. دەرئەنجام لاوازکردنی جەســـتەی بەهێزی شۆڕشێک بوو لە هەناوی کوردەوە بەڕای ئەوان ``گەر ئەوەمان نەکردایە، ئەوا وەک نەخۆشـــی هەموو بۆ پــارچەکــانی تری کوردســـتـان و ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاســـتی دەتەنیەوە`` هەربۆیە دەبوایە لاوازی بکەن و نەخۆشـی بکەن، وەک هێلکەیەکی پاکراو پێشـکەشـی بکەن بۆ سـەر سـینی موخلیسـە ئەبەدییەکەیان، خاڵە گەورە و کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر...

ئەمە ڕای ئەوان بوو، و ئاوەها باســـیان لێوە دەکرد. دەیانگووت؛ وەک هەموو جارێک ئیشـە پیسـەکان  بە پیاو و ژنە پیسـەکانی ئەم دەڤەرە جێبەجێکرا، وەک لۆرد جێفرســـۆن دەیگووت ``مۆپســـی پاشـــا، مێژوو ســـەیرە  تەنها گووشـــۆرەکان ڕاگری دەســـەڵاتە مەزنەکانن نەک قارەمان و بیرمەندەکان`` دەرئەنجام  بەکوشتدانی زیاتر لە  ســێ ســـەد  و پەنجا پێشـــمەرگە و پێنج ســـەرکردەی جەربەزە و خاوەن بڕیاڕ و ســـەدان کادێری گەنج کە لەداهاتوودا دەبوونە ســـەرکردەی گەورەی ئەم میللەتە. دەبوایە لەســـەرەتاوە ڕیشـــەکێش بکرێن تاوەکو میللەت نەیاناســـیون، دەنا کە بوونە ســـەرکردە ئەوســـا  کوشـتنیان زیانی زیاتر دەبوو وەک لە قازانج. چونکە وەک لۆرد هیزیل دەیگووت ``بە کوشتنیان دەچوونە ڕیزی پاڵەوانەکانەوە و ئایدۆلۆژیەکەیان زیاتر پەرەی دەســـەند. هەربۆیە دەبوایە ئەو کاتە بیانکوژین کە هێشـتا نەبوونەتە پاڵەوان. ئەمەمان لە موخابەراتی بریتانیدا ناو نابوو؛ پێش پاڵەوانکوژیی ``

بەمجۆرە، ئەم دوو لۆردە قاقایان لێدەدا و بەختەوەر لە شـــەوە سـوورەکانیاندا، یادەوەرییە ڕۆیاڵ و شـاهانەکەیان لەگەڵ ویسـکی سـکۆتدا پەرشـدەکردەوە. زۆر شـەو داوای شـنەقۆنەرەیان دەکرد بۆئەوەی قــاچ و گەلوگوونیــان بۆ بشـــێلێـت، ئەویش بە خۆی کچەکانەوە دەهاتن و دەکەوتنە شـــێلانیان. ئەوەی تێبینمکرد چیتر ئەم کچانە، ئەو کچە بێتاوان و دڵپاکانە نەمابوون کە چەند مانگێک لەمەوبەر، کە دادەنیشـتن بەترس و شـەرمە سـەیری ئەملاوئەولای خۆیـان دەکرد، ڕانەکـانیـان جووت دەکرد و لە هەموو ســـرپە و جوڵەیەکی ئەم کۆشـکە دەترسـان. نەخێر، لەم ماوە کەمەدا هەموو ئەو ڕووناکییە فریشتە ئاسا منداڵانەییەی بەسەر ڕوومەتەکانیانەوە

بوو، بووە ماكیاژێكی تۆخ و ســـووراوێكی قەحبانە، كە تەنها بۆ ڕاوكردنی كێری پیـاوان دادەنرا. نەک ئەوە، بەڵكو فێری زریكە و تریقانەوەی ســـێكســـی بوون، تەواو وەک شـــنە، بە جۆرێک، كە كێری هەموو پاســـەوانەكانی ئەم كۆشـــكە گەندەڵانەی حیزبی پێ هەڵدەســـتا. ســـەیرە گەندەڵی، چەندە زوو مرۆڤ دەكاتە گەواد و قەحبەی بێشـــەرم و بـازاڕیی جرتلێدەر و لگـاوچی نـاو لیتـاوی ڕەزیلەت. ســـەیر بوو، چەنـد مـانگێـک لەمەوبەر لە كـاتی خۆئامادەكردنیان بۆ پێشـــوازیكردنی ئەم كەڵتە پیرە بریتانیانە، بە خۆشـــحاڵیەوە دەچووم بۆ لایان. پڕ بوون لە ترس و نیگەرانی كچانە و بە هـاتنم دڵخۆش دەبوون، بـاوەشـــیـان پێدا دەكردم و هەستم بە سـۆزی كچانەیان دەكرد كە زۆر دڵپاكانە لە باوەشـیان دەنام و تەنانەت هەندێک جار لە بانیۆكەدا دەیانشـــتم و یاریان لەگەڵدا دەكردم. كۆمەڵێک فریشـتە بوون و شـنە قۆنەرەی گەندەڵ كردنی بە كۆمەڵێک لەشفرۆشی هەرزان. تەنانەت ئێستا هەموویان تەنورەی كورت و پاژنە بەرزەیـان لەپێیە و كە بەردەممدا تێپەڕ دەبوون، وەک شـــنە قۆنەرە قێزیان لێ دەكردمەوە. ســـەیرە لام، هەموویان كۆمەڵێک كۆپی شـنە قۆنەرە بوون و بەم كۆشـكانەدا وەر بوو بوون. ســـەرنجمدەدان؛ لە پاژنە بەرزیی و تەقەتەق و دانەوینەوەكانیان بۆ ئەوەی پاســـەوان و حەشـــاماتی مەكتەب ســـیاســـی دەرپێ كورتە تانگە یەک خەتیەكانیان ببینن، ئاوەها لەبەردەم هەموو نێرینەیەک بەپێی ڕێنمایەكانی شـــنە قونەرە كە پێدەگووتن`` تەنها لچێكی قوزتـانیـان نیشـــانبدەن`` ئـاوەهـا دادەنەوینەوە و هەڵدەتروشـــكان. ئەم مندالانە لەچەند مـانگێكدا هەڵكێشـرانە ئاوی گەندەڵی و بوونە هێزێكی دیكە لە ناو سـوپای

ئەو شـەش ژنەی، کە سـەرەتای دامەزرێنەری دەزگا ترسـناکەکەی گەلاریزان خانم بوو و بە هۆیەوە ناوی شـــــەش قوز بۆ ئەبەد بە گەلارِێزانەوە نووسا.

من شـــــەوێک خۆم کرد بە ژوورەکەی هوما خـانم و گەلاریزان خـانمی زرِدایکی، پێکەوە جگەرەیان دەکێشـــــا و هەر کە چوومە ژوورەوە و هوما گووتی``مۆپســـی پاشـــا، ئەوە لە کوێیت، بۆچی نایەت بۆ لام`` کە خۆم هەڵدایە باوەشـی هاواری لێ هەسـتا`` ئەو بۆنە پیســـە چییە لێت دێت، شـــنە، شـــنە قەحبە`` زۆری نەخایاند یەکێک لە خزمەتکارەکان هاتە ژوورە و پێیڕاگەیاند کە ``شـــــنە و پەرییەکانی چوون بۆ کۆشـــکی چوارەم بۆ لای لۆردەکان.`` هوما فەرمـانی دا خێرا من بخەنە بـانیۆییەکی گەرمەوە و لە تەشـــتە ئاڵتونیەکەمدا بمشـۆن، تەنانەت بیری خسـتنەوە کە شـامپۆ تایبەتە فەڕەنســـیەکانم بۆ بەکاربهێنن. هەر کە وایگووت، خزمەتکارەکە بە دوودڵیەوە گووتی ``نازانم تەشت و شامپۆکانی لە کوێیە`` پاشـان کەوتە گێڕانەوەی ئەوەی کە لەوەتەی دواجار خاڵە لە خەستەخانەکە هاتەوە و ڕۆژانە خەڵک ســـەردانیان دەکرد، شـــنە خانم لەژوورە شـاهانەکەی مۆپسـی پاشـا دەخەوێت و مۆپسـی پاشـا دەمێکە لە سـووچ و پەناکاندا وەک ئاوارە و بێلانە لەم موبەق بۆ ئەویتر دێت و دەچێت. تەشـــتە ئاڵتونیەکەی دیار نییە و خۆشـــی نایشـــوات و دەیداتە دەسـت مامۆسـتا حوسـێن قارەمان، ئەویش بە دەمە گسـک و دەرمانی قاپ شـــوشـــتن دەیشـــوات. تەنانەت باســـی ئەوەی بۆ کردن؛ کە من خۆم دەچمە کەنار چەمەکەوە و خۆم پاک دەکەمەوە، دەنا کەس نییە تانەت لەتە نانێکشـــــم بۆ فرِێبدات. ئەو بۆنەشـــــی لێمدێت بۆنی ســــــەرکردنمە بە زبڵەکاندا... لەو کاتەدا هوما خان

گووتی`` باشە کە ئەم بۆنەی لێدێت، چۆن هەموو شەوێک لای ئەم دوو لۆردەیە و لێی بێزار نابن؟`` هەر کە وای گووت، گەلاڕێزان خان سەیرێکی هوما خانمی زڕ کچی کرد و گووتی`` ئەوانە بەریتانین هوما گیان، بریتانیش پیسخۆر و پۆخڵن`` پاشان ڕووی کردە خزمەتکارەکە و گووتی`` یەعنی ئێستا حسە گووشۆر بۆتە مامۆستا حسێن قارەمان و ئێمە نەمانزانیوە...هههههە.``

لەو چرکەساتەدا گەشامەوە، چونکە زانیم دەگەڕێمەوە بۆ ژوورە گەرم و گوڕەکەم و بۆ تەشتە ئاڵتونی ژیانە ئاڵتونیەکەم. هەروەها گوێم لێ بوو هوما خانم بە گەلاڕێزان خانمی گووت`` گاندانی شنە بە وەزیرەکان و قوز سوورکردنەوەی لێیان دەزانین. دەشزانین چەندە پڕۆژەی وەهمی لەگەڵ بەڵێندەرەکانی کۆمپانیای حیزبمان لە وەزارەت تێپەڕاندوو. بەڵام ئەمەی ئێستای دەیکات دروستکردنی تۆڕێکە لە ناو دەزگاکەتدا، ئاگادار بە``

گەلاریزان خانم مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی داو و پاشان قوومێک لە ویسکیە سکۆتیەکەی کە لە حەفتاکانەوە، لە دۆستە یەک بەدوا یەکە بەریتانی و ئەفریقیەکانیەوە فێری بوو بوو، ئەوانەی لە دیسکۆوە هەڵیدەگرتن و بە بەرچاوی مامۆستا نەداری پیروپەکەوتەوە دەچوونە ژوورەکانی سەرەوە، تاوەکو بەیانی ئاخ و ئۆف و هاوار و حەشیشەکێشان و ویسکی خوارنەوەیان بوو. یاخود ئەوانەی جارجارە داوەتیان دەکرد بۆ گانی هۆتێلە هەرزانەکانی `ئیجوارد ڕۆد` یان `گۆڵدەس گرین`ی لەندەن. ئاوا، وەک لەشفرۆشێکی قەدیمە، هەرزان و ڕەگاژۆ لەناو پۆخڵێتی ژیاندا، گەلاڕێزان گووتی ``خەمت نەبێت، با تۆڕەکەی فروانتر بکات، با کچەکانی بکاتە پەریی، تیاح، با لە ئۆفیسەکەشی

کـادێرەکـانیش ببینێـت و گـان بـدات بە ســــەرۆک کۆمپـانیـا و وەزیرەکان و با حسە گووشۆریش ببێتە مامۆستا حسێن قارەمان. لە دوایدا هەمووی دەچنمەوە. شــــەش ژنم لەگەڵدایە ڕاســــتە پیر بوون، ناوگەڵی خۆیان و کارمەندەکانیان کەڕووی کردووە، بەڵام بەرزبوونەتەوە بۆ پلەی گەوادیی، ئەوەش لە کـاری حیزبی ئەم زەمانەیەدا زۆر گرنگە.``

بەمجۆرە من گەڕامەوە ژوورە شاهانەکەم و ئەوەی باش بوو شنە قۆنەرە نەیوێرا بوو تەشتە ئاڵتونیەکەم لووش بدات. ژوورەکەشیان لە ماوەی دوو کاژێردا هێنایەوە ســەر باری خۆی. ئیدی من دوای چەندەهـا مـانگی ئاوارەیی لەم کۆشــــکەدا گەڕامەوە نـاو پێخەفە شـــــاهـانەکەم، تەنـانەت وێنە گەورەکەی من خـاڵە و ڤیترینە شوشەییەکان بە بڕوانامەی ڕەچەڵەکە چینی و ڕێنیسانسیەکەمەوە، هەمووی دووبـارە بە دیوارەکـانەوە هەڵواســــرایەوە. بەڵام من مۆپســـی پاشـــای ســـەگی خاڵە گەورە نەبم، خاڵەیەک لە زیرەکیدا پێیدەڵێن؛ چەقەڵی ڕۆژهەڵات، گەر ســـــوور نەزانم هوما خـانم و گەلاریزان خـانم درۆ دەکەن بەوەی؛ گوایە ئاگایان لەم ئاواریی و ڕەزیلکردنەم نەبووە. نەخێر، من مۆپســــی پاشــــا، لەوســــەری هاتوومەتەوە، من سـەگی ڕۆشـنگەریم وسـەگی پەروەردەی دکتۆر بنامین و پرۆفیسۆر عەبدولڕەحمان زەردەکیم. ئەوەندە ڕۆشنم، کە لە پیلانی ئەم ئەقڵ تاریکانە تێدەگەم و دەزانم جەولەیەکی دیکەی کۆبوونەوەی مەکتەب ســیاســی دەســتپێدەکاتەوە. بەتایبەت پاش ئەوەی لە دوای سێهەمین جەڵدەی مێشکی خاڵەوە لەسـەر میراتی کورســـیەکەی خـاڵە بۆتە شــــەڕی نێوان مەکتەب ســــیاســــیە دایکخۆگیەکان و هوما خانم، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم شـەڕە، شـەڕی

نێوان گەلاڕێزان خانم و مەکتەب سیاسـیەکانە. گەلاڕێزان خانم لە ڕووی پلە و پۆسـتی فەرمییەوە هیچ پلەیەکی حیزبی نەبوو، جگە لە سـەرپەرشـتی ڕێکخراوێکی ژنان و سـێنتەرێکی ڕۆشـنبیری نەبێت. بەڵام هوما لە جیاتی خاڵە دادەنیشـت و جێگری خاڵە بوو. ئەندام مەکتەب سیاسـیەکان ئەو شـەڕەی بە هومایان دەفرۆشـت، شـەڕ بوو لەگەڵ ئەو تۆڕە ترسـناکەی کە گەلاڕێزانی شـەش قوز سەرپەرشتی دەکرد. تەنانەت چەند عەیامێک بوو کە شاباز کۆشک و حیزبی جێهێشـتبوو، لەگەڵیـدا مەکینەی قیمەجنە زەبەلاحە ئەڵمانیەکەی ژێرزمینی ژێر کولانەی سـەگە هەوشـارەکانی بێناز کردبوو لە گۆشـت جینینی نەیارەکانی و کاری پێ نەکرابوو. هەر دوای یەکەمین جەڵدەی خاڵە، جگە لەناردنی لەشفرۆشەکان بۆ ناو باخەڵی مەکتەب سـیاسـیەکان و گرتە ڤیدیۆ گرتنیان، یاخود ڕووتبوونەیـان لەبەردەم وێـب کـامێراکـانی کیژە عەیـارەکـانی ژێردەسـتی شـەش قوزەکەی گەلاڕێزان خانم. دوایی  بە سـی دی یان بە چاپکردن، فۆتۆکانیان  بۆ دەخسـتنە زەرفەوە و  لە کاتی کۆبوونەوەدا دەیاندایە دەسـتیان. ئەو زەرفانەی  بە شـەمعی سـوور، زۆر نێهنی دەیـانـدایە دەسـت پاسـەوانی بەردەم ئۆفیسـەکانیان  و کە دەیانکردەوە  خۆیان دەبینی  بە ورگی زل و گوونی شـۆڕ و تووکە بەری سـپیانەوە سـەیری کامێراکە دەکەن، یـاخود کە سـیدیەکـانیـان لێدەدا خۆیـان دەبینی لەبەردەم وێب کـامێرای کچە بەنـازەکـانـدا دەسـتپەڕ لێـدەدەن و ئەوانیش دەتریقێنەوە...

گەلاڕێزان خانم، هەر بەوە نەوەسـتا بەڵکو خەتێکی دیکەی پێکهێنا و هـاتە نـاو زۆنە کۆنەکەی حیزبەوە کە زۆنی کوتلەچێتی و

چواســـوورکردنەوە و فڕانـدن و کوشـــتن و ئەشـــکەنجەدانی ژێرزەمینەکانی حیزبە. خەتێکی نوێ کە حیزب بە خۆیەوە نەیبینی بوو، پێکهاتبوو لە کۆنە جاش و  کۆنە بەعســـی و چەقۆکێش و لگـاوچی و هەتیوبـاز و کەرگێی قەدیمە و قـاچـاخچی نەفەر و تلیکافرۆش و گەواد و سـۆزانی نوێی لە شـێوەی مۆدێلی فاشـیۆنە هەرزانەکـانی کۆمپـانیـا وەهمیەکـانی ئەم دەڤەرەدا. ئەم ســـوپـا گەورەیەی  لەهەموو کون و کەلەبەرێکی حیزب و حکومەتەدا بوون، لە کۆمیتە و هۆبە و لق و کۆمەڵەی جەنگاوەرە دێرینەکان و تەنانەت لە ڕێکخراوی پاراسـتنی مافی مێرووە ژینگەدۆسـتەکان و کۆمەڵەی جگەرەکێشـــانی کوردســـتـان و کۆمەڵەی پیـاوە تێهەڵـدراوەکـانی کوردســـتـان و ڕێکخراوی قەیرە دۆســـتـانی کوردستان و  پاشان کۆمیتە و هۆبە و لقەکانی پۆلیس و ئاسایش و ژووری بازرگانی و کۆمپانیاکانی حیزب... هەموو ئەمانە،  وەک مـۆرانە چـوونە هەمـوو کـوون و کەلەبەرەکـانەوە و حـیزب و حکومەتیـان پڕکرد لە ژاوە ژاوە نوێیەکانیـان. هەر لەگەڵ یەکەمین هەڵبژاردنە زۆرەکـانی نـاو ئەم هەموو دەزگـا حەوت ســـەرانەی حیزب و حکومەتدا بۆ پۆســـتەکانی کۆمپانیا و کابینەکان،  ئەمانە بێئەوەی بکۆکن، بێئەوەی خۆیـان هیلاک بکەن، دەنگی زۆرینەیـان دەهێنـا و  جێگەیـان بە پێشـــمەرگە دێرینەکـان و ڕێکخســـتنە دێرینەکان و کادێرە زیرەکەکان و هەموو دێرینە خرفەکانی تر لێژ دەکرد. تەنـانەت ئەم پـاڵاوتنە قەدیمەکـانشـــی گرتەوە، بەتـایبەت ئەوانەی ڕەمز  بوون بۆ  ئێرای  جووت سـەرکردە؛ خاڵە گەورە و شـابازی مچە گەڕ، هەموو ئەمانە بە پاڵاوگەی لەشـفرۆش و گەواد و قەیتول و گووشـــۆرەکـانـدا بران، بەجۆرێـک هەنـدێـک لەو

ئاربیجییەخۆرە دێرینانە کە ماریان لە زەمەنی شـــاخدا بە کاڵی خوارد بوو، یان ئەوانەی بەتەنێ لەگەڵ حەفتا هەلیکۆپتەری سەمتی ڕووسـیدا شـەڕیان کرد بوو، یاخود ئەوانەی بەشـداری داسـتانە گەورەکانی شـــەڕ و نەبەردییەکانیان کرد بوو و شـــوختێک چییە لەسـەر لەشـیان دەرنەکەوتووە... هەموو ئەمانە، لەدوای ئەوەی بە فیلتەری ســـوپا نوێیەکەی گەڵاڕێزانی شـــەش قوزدا بران، بوونە مەســـینەخۆری عەنابی بەردەم ئۆفیســـەکەی گەڵاڕێزان خانم و شـەش ژنە ترسـناکە لێپسـراوەکەی ژێر دەستی. هەندێکیشـیان کە هەر لەبنەماوە لە دژی ئەم سوپا ناشرینە بوون، بە خانەنشینیەکی هەژارانە ڕازی بوون، بەڵام ئەمەشیان بۆ نەچووە سەر، چونکە لە چاوەڕوانی هاتنەوەی بڕیارِی خانەنشـــینی مانگانە ســـەردانی بێهودەی فەرمانگەکانیان دەکرد و سـاڵانی پێ چوو کە لیسـتەکەی ئەوان لەلایەن ســـەرۆک وەزیرانەوە ئیمزا نەکرابوو. ئەوانە زۆری نەبرد لەلایەن  ژن و کچ و کوڕەکانیانەوە بە شەق کرانە دەرەوەی ماڵەکانیان، یان ڕەوانەی پیرخانە تاریک و پیســـەکەی شـــار و مەملەکەتیان کردن... بەمجۆرە، تاوەکو ئەندام مەکتەب سیاسیەکان ئاوڕیاندایەوە بە پارە بێت یان بەپەیمانی پۆسـت بێت، یان بە گرتە ڤیدیۆ و تۆماری تەلفۆنی بێت، زۆربەی کادێرە باشەکانی دەورەیان چۆڵ بوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو کەوتنە فڕانـدنی ئەم و ئەو لە ڕیزەکانی حیزب و لەدەرەوەی حیزب.

گەڵاڕێزان مەکینەی قیمەجنە کۆنەکەی خستەوە کار  کە هاوشێوەی مەکینە زەبەلاحەکەی عودەی سـەدام حوسـێن بوو، کە کاتی خۆی شـــاباز هێنای بۆ ئەم کۆشــکە، دووبارە کاری پێکردەوە و هەر بە ئارەزووش چەند گرتەیەکی بە قیمەکردنی پیاوە دڵســـۆزەکانی

هەندێک لە مەکتەب سیاسیەکانیانی بە ڤیدیۆ گرت و بۆی ناردن. ئاوا، گەلاڕێزان و شەش قوزەکەی بوونە سەری گەورەی حیزب، گەر حیزب خۆی نەبوونایە.

لەو نێوانەشدا خاڵەش بەدەردی یاسر عەرەفات چوو بوو، هەربۆیە بۆ جاری دووهەم کە هێنایانەوە، دەستی چەپی ئیفلیج بوو، بزەیەکی منداڵانەی لەسەر لێو بوو. دەستی شکاوم وەک ماترێۆشکایەکی ڕووسی لە بەیانییەوە لە ناو دایەبیەکەی خۆیدا لەسەر کورسییە گەورە قەراغ ئاڵتونیەکەدا دایاندەنا و گووی دەکرد بە خۆیدا و تەنها کە بۆنی بهاتایە بۆیان دەگۆڕی. دەنا تاوەکو ئێوارە لەسەر ئەو کورسیە ترسناکە تایبەتە دادەنیشت، کە پانترین کورسی بوو لەم کۆشکەدا بتوانێت بەرگەی ورگە حەزیاکەی خاڵەی زمان شکاو و نقووم بوو لە خەونەکانی خەڵەفاویدا بگرێت. ئاوا، خاڵە لەناو دایەبییە گواوییە زەردەکانیدا، لە ناو غازاتی ورگە ئەبەدیەکەیدا کە تس و تڕی بەردەوامی پێ لێدەدا و بۆ شاردنەوەی ئەم دەنگە ناوەختە قەدەرییانە، لە ژێر کورسییەکەوە ئامێرێکی عەترپرژانی ئۆتۆماتیکیان دانابوو کە نرخەکەی هەزار دۆلار بوو، بەڵام بە وەسڵی شنە قۆنەرە کە سەید ماجید بۆی سەرفکردبوو، نرخەکەی پانزە هەزار دۆلار بوو. ئامێرەکە لە ژێر کورسیە پانەکەی خاڵە بەسترابوو، ئامێرێک بوو وەک سەنسۆرە هەرزانەکان بۆ پرژاندنی عەتر بەژوورەکەدا بە تیشک نەدەکەوتنە کار، نەخێر، بەڵکو تازەترین ئامێری ئەڵمانییان هێنا کە لەگەڵ بۆنی گازی دەرپەڕیوو لە ورگە حەزیاکەی خاڵەوە، هەستیاری لووتی سەگی هەبوو و خێرا عەتری بە دەوری کورسیەکەدا دەپەڕژاند. ئەمەش لەهەموو کاتێکدا کاریگەری نەبوو،

بەتایبەت  کە خاڵە گەورە چەندەها کاژێر لەناو گۆمیلەکە پڕەکەی ناو دایەبییەکەیدا و لەژێر کاریگەری گازاتی تێپەڕیوو بە ناو گووە ترشاوەکەیدا، بۆنی عەترە فەڕەنسیە گرانەکەی دەکردە بۆگەنێکی دیکە کە ئەم زەویە  هەرگیز بە خۆیەوە نەبینیوە. ئەوسا، کە ژوورەکە بۆنی ترشاوی لاشەیەکی گەنیووی لێدەهات، خێرا خاڵەیان سواری کورسیە پێچکەدارە پۆلاییەکەیان دەکرد، کورسیەک بوو کە تەنها بەرگەی کێشە ترسناکەکەی خاڵە بگرێت و بە دوو نێرسی ئەڵمانی کە لەبیچمی پاڵەوانی ئاسندا بوون، خاڵەیان دەبرد بۆ پاکردنەوە و پاشان دەرزیەکی هێورییان لێدەدا و دەیانهێنایەوە بۆ سەر کورسییەکەی و دایاندەنیشاندەوە، دەستە چەپە ئیفیلجەکەیان لەسەر دەسکی کورسیەکە پێ شۆڕ دەکردەوە.

ئەو کورسیەی گەلاڕێزان و هوما خانم بۆ کڕینی کادێر و لێپسراونی حیزبمان، حیزبی سۆسیال – لیبرال، خاڵە گەورەی ئیفلیج و کەڕولاڵیان لەسەر دانابوو. خاڵەیەکی نقوومبوو لەناو شەڕە چۆلەکە و وێنە دوورەکانی ناو سەریدا، سەرقاڵ بوو بە ژماردن و تێڕوانین لە سەمای ئەو پۆلە چۆلەکانەی کە تەنها ئەو لە ژوورەکەدا دەیبینین، وایدەزانی بەسەر شانی میوانەکانەوە نیشتوونەتەوە و لە فەزای ژوورەکەدا شەڕە چۆلەکەیە و مژدەی میوانە نوێیەکانیان دەبەخشی بەخاڵە، کە هیچیتر نەبوون جگە لە سوپای قوونشۆرانی حیزب و حکومەت و گەواد و لەشفرۆشە نوێیەکانی دەرچووی قوتابخانەی حیزب نەبێت. ئەوانەی، پەیتا پەیتا  خەریکی تازەکردنەوەی پەیمان بوون بۆ هوما خانم و گەلاڕێزان خانم  و کوڕە نەمساویەکانی خاڵە و قەتارە لە دوای

قەتارە،  خۆیان دەکرد بە کۆشـــکدا و وێنەکانیان لەگەڵ خاڵەی خەیـاڵاویـی و بـزە لەســـەر ڕوو، لەســـەر ڕووبەڕی تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاودەکردەوە.

 بەڵێ بەڕێزان،  ئەمە هۆشهاتنەوەی دوای جەڵدەی دووهەمی خاڵە بوو پێش ئەم جەڵدەی سێهەمەی، کە وەک پەڕێکی پەڕیوو لە باڵی قورنگێکی ئاوارە بەسـەر خەستاخەنە پاریسییەکە بنیشێتەوە. ئاوا، تا ئێســتا خەفە بووە لەناو خەوێکی ئەبەدیی و کەس نازانێت کەی دەمرێت، یان کەی وەئاگادێتەوە. خاڵە گەورە وەک پەڕی باڵندەیەکی گەندەڵی بەدەســتی ئەم گەواد و لەشــفرۆشــانەوە پەڕاوازە بوو، ڕەشـەبای ئەم دونیایە بردی و بۆ ئەبەد لە خەستەخانەی پێرسێی پاریسی نیشتەوە. ئەو خەستەخانەیەی کاتی خۆی هاوڕێی دێرینی خاڵە یاسر عەرەفاتی جوان، هاوڕێی زەمەنی بلۆکی سۆسیالزم  لە مۆســـکۆ و پـاشـــــان هـاوڕێی خـاڵە لە لوبنـان و موخەیـامەتی فەلەستینی. لێ خەوێنرا. یاسر عەرەفاتێک خاڵە لە ئەودا چارەنوسە پەنهـانیەکـانی خۆی تێدا دەبینیەوە، بەهەمـان جەڵدە وەک لەتێکی دیکەی  خاڵە، لەوێ لە خەستەخانەی پێرسی پاریسی، لە بێهۆشیدا کەوت. بیرمدێت من و خاڵەی میهرەبان ســەردانمان کرد، بیرمدێت خاڵە چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک و منیش لەگەڵیدا بۆ عەرەفاتی جوان دەملووراند و تا ڕۆیشـتین عەرەفات دەسـتی لەناو دەسـتی خاڵە و چنگە بچوکەکەی مندا بوو...

ئاخ ســەد ئاخ، چ ســەردانێک بوو، ســەردانی گریانی خاڵە و یاسـر عەرەفات بۆ ڕەزیلبوونی خۆیان بەدەست ژن و خەسوو و مەکتەب ســـیاســـیەکانیانەوە. چ ســـەردانێک بوو، جیاواز لە وێنەی ئەو ئەبوعەمارەی حەڤدە ساڵ لە لوبنان شـەڕی ناوخۆیی کرد، تاوەکو

فیشـــەکێکی وێڵی دەنا بە ئیســـرائیلیەکانەوە، هەزاری دەنا بە لوبنایەکانەوە، تاوەکو ســـەربازێکی ئیســـرائیلی دەکوژرا ســـەدەها منداڵ و پیرو پەکەوتە و پێشـــمەرگەی فەلەســـەتینی و عەرەبی لوبنانی و ســـووریی لە کەمپەکاندا بە هاوەن و کاتیۆشـــای ئەو دەکوژران... چ سـەردانێک بوو، سـەردانی بازرگانێکی شـۆڕش کە ئێستا وەک خاڵە لە ناو داییە پیسـەکەی خۆیدا لە ژووره ڕووتەن و قەرەوێڵە ئاسنە سەربازیەکەی خەستاخەنەکە فڕێدرابوو، دەمی خوار بوو بوو، لەدەرەوەش فەلەســـتین و حکومەتەکەی بەناوی ئەوەوە هەڵدەسوڕا و هوتافیان لێدەدا. سەردانی وێنە پێچەوانەکەی خاڵە بوو لە ئاوێنەی مێژوودا کە ژمارەی بانقی ئەوەندە پڕ بوو بوو لە دۆلاری ئەمریکی و ئیسرائیلی و دیناری سعودیی و ئێراقی و لیبیبی و لیرەی سـووریی، بەجۆرێک لەگەڵ جەڵدەکەیدا ژنەکەی و مەکتەب ســیاســیە دایکخۆگیەکانی ڕێکخراوەکەی لەســـەر ئەو پارەیە کەوتنە گیـانی یەکتری و وەک خـاڵە دەیگووت ``قوولە قوولی ئەم دەڵەک و دەڵە کەمتیارەی ژنی لەناو ئەم چەم و دۆڵەدا دەنگدەداتەوە``

ئاوا، یاسر عەرەفاتیش لەوێ، لە خەستەخانەی پێرسی سەربازی لە پەراوێزەکانی پاریس، لەبێهۆشـی و گوویی خۆیدا ڕۆچوو بوو. ئەمانیش، وەک ئەم بەزمەی لای خۆمان، هەموو کۆبوونەوەکانی مەکتەب سیاسیان هەڵپەسارد بوو، خەریکی کۆکردنەوەی وەلائاتە گەندەخۆرییەکانی ناو حیزب بوون بۆ لێدان لە ژنە لوبنانیەکەی یاســـر عەرەفات، کە دوای چەند مانگێک لە ململانێی ســـەخت، ڕێکەوتن لەســـەر ئەوەی ژنە لوبنایەکەی عەرەفات چەندەها ملیۆن بەرێت. بەڵام تاوەکو ئەو شـەڕە و سوڕی دانوستانەی ئەودیوو

ژووره داخراوەکان  تەواو بوو،  یاســر عەرەفات، هاوڕێی دێرینی خاڵە، دەمێک بوو لە نێو بەفرگری خەســـتەخانەکەدا ڕاکشـــا بوو. خاڵەش هەموو شـــەوێک لەم کۆشـکەی بەردەمی ئەم چەمە هار و شێتە لەگەڵ خوماریی ئەبەدیی ویسیکە سکۆت و ئێرلەندەییەکەیدا لەگەڵ مندا دەیگووت ``ڕۆژێکی تریش ڕۆیشــت مۆپســی پاشــا و هێشتا ئەبو عەماری هاوڕێم لە بەفرگری مردوواندایە``

بەڵێ، تاوەکو  شـەڕی پارە دابەشـکردنی نێوان مەکتەب سـیاسـیە دایکخۆگێیەکـان و ژنەکەی کۆتـایی پێ نەهـات، ئەوســـــا ژنەکەی ئیمزای دەرکردنی لە بەفرگری مردووانی خەســـتەخـانەکە بۆ مەکتەب سـیاسـیەکان ئیمزاکرد و لاشـەکەی عەرەفات لە بەفرگری مردووانی خەسـتەخانە پاریسـییەکە هێنرایە دەرێ و لە فەلەسـتین ناشـــتیان. بەڵام چەند مـانگێکی نەبرد خـانمی عەرەفـات خۆی و کچەکەی لەســـەر شـــەقامی شـــانزلیزێی پاریســـی فۆتۆکانی خۆیان بڵاوکردەوە؛ فۆتۆی خۆیی و دۆســـتەکەی و کچەکەی بە چەندەها زەرفی پلاسـتیکی مارکەی گووجی و شـانێلەوە سـڵاویان لە گەلی فەلەسـتینی ناو موخەیامەتە پڕ گۆل و کرم و نەخۆشـیە درمەکان، دەکرد. بیرمدێت کە خاڵە ئەو هەواڵانەی دەبیســـت قورگی وشـــک دەبوو، بەجۆرێک بە نیو بوتڵ ویســـکی نەبێت خەفە نەدەبۆوە، پـاشـــــان  لەســـــەر قەنەفە چەرمەکەی ڕۆدەنیشــــت و منیش لەتەنیشتیەوە خەوم لێدەکەوت.

 ئێســــتـاش، بۆنی ئەوە دەکەم کە خـاڵە ئەجەلی نێزکبوو بێتەوە، یاخود  پێدەچێت گەلارێزان لە ڕێگەی قوزە قەدیمەکانیەوە چەندەها گرتە ڤیدیۆیی لەسـەر مەکتەب سـیاسـیەکان گرتبێت، کە هەندێکیان

بەتەڵخی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکـان بڵاوبوونەوە، ئیـدی دەمیـان لەبەرامبەر خانەوادەی خاڵە و باسکردنی (میراتگری سیاسـی) یان بۆ ئەبەد بە قوڕی ئەو ڤیدیۆیە، پێ سـوواغدرابێت. یاخود پێدەچوو قوزە دێرینەکانی دەزگاکەی گەڵاڕێزان خانم، لەشکرە لەشـفرۆشـە ئاڤانگاردە نوێیەکانی فاشـیۆن و مۆدێلەکانیانیان هاندا بێت کە لە ژێر ناوی سەیر سەیردا بوونیان هەیە وەک ``سابای مام عەلیان`` یان``ئافرۆدیتای سـوور`` یان ``هەلاو لۆڤیای کورد`` و ``شـنەی مورادیی`` ``کۆسـمیای ڕۆژهەڵاتی`` زۆریتر لەو مۆدێلانەی بە پێی ڕێنماییەکانی شنە قۆنەرە تەنها لچەکانیان نیشانی ئەو مەکتەب سـیاسـیە کەڵتە کۆنانە دابێت و چەندەها کۆنتراکتی ژێرەوژێریان ئاشـکرا کردبێت؛ کۆنتراکتی نەوتی قاچاخ، دیلدۆ و ڤاجاینای چینی، کۆنتراکتی دەرمانی بەسـەرچوو، تلیاکی سـاختەی دروسـتبوو لە حەبی ڤالیۆم و پشـقلی بزن، کۆنتراکتی ماسـت و پەنیری دروسـتکراو لە شـیری بۆگەنی کارگەکانی ئێران و تورکیا. کۆنتراکتی دیکەی دزیکردن لە دزە گەورەکانی ئەوبەر، لە کوڕانی مەلاگەورەی دەمـگەوهەر، کە کـۆدی هەمـوو ژمـارە بـانـقـیە گەورەکانیان لەبندەستدایە...

بەمجۆرە، ئاشـکراکردنی دزیکردن لە دزە گەورەکان کە گوناهی دز گەورەتر دەکەن و دەیخەنە نـاو مەکینەی قیمەجنی هەموو ئەندام مەکتەب سیاسیەک یان سەرۆکێک لە سەرۆکە بێشومار و کچ و کوڕە هاوشـێوەکانی حەلا و ڕەغدی سـەدام حوسـێن، یان کۆپیەکانی قوسـەی و عودەیی و منداڵە پیاوکوژەکانیان... بەڵام ئێسـتا عودەیی و قوسـییەکان و ڕەغدەکان لەم دەڤەرەدا ئەوەندە زۆربوون کە لە هەموو ماڵی بچوکترین کاربەدەست دا، عودەی و

ڕەغـدێـک لە ئینجـانەدا بۆ نـاو حکومەت و حیزب و دەزگـاکەی گەلاریزانی شــەش قوز، ئامادەیە. هەموویان ئامادەن بۆ پچڕین و دزین و گـانـدان لە پێنـاو پـارچەیەک زەوی، مووچەیەکی لاکۆلان، خانەنشـــینیەکی بێ خزمەت و پۆســـتێکی وەهمی ســـەر پارچە پەڕەیەکی فەرمی بەمۆری قـاچ مـاچکردن و کێر مـاچکردن، وەک خــاڵە گەورە دەیگووت ``بە قوونـدەری قوون و دەمیــان`` بەدەســـتیان دەهێنا. پێدەچێت ئەم بەچکانەی کە لە دامێنی دەزگا ترســـنـاکەکەی گەلاڕێزان خـانم تroوکـاون چەنـدەهـا مەلەفی ترســـناکیان دەســـتکەوتبێت، بەجۆرێک، گەر ئەم جارە گەلاڕێزان خانم و هومای زڕکچی بنێرێت بۆ دەســتپێکردنەوەی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسـی، نەک تەنها وەک ئەندام مەکتەب سیاسـی بەڵکو وەک نــوێــنەری خــاڵەش ســـەریــان دەخەنە بەردەم پــاژنە بەرزییەکەیەوە و بۆ دەیلێسنەوە...

بەڵێ، خۆ من گێل نیم، ئاگاداری هەموو شـــتێکم، کە هوما خانم و گەلاڕێزانی شـەش قوز، شابازە پیریان لە جاری دووهەمدا هێنا بۆ لای خاڵە گەورە، بەلام دەستی شکاوم، خاڵە هێشتا بەدڵە ساف و جوانییەکەی خۆیەوە مـابوو، چونکە بەنـاوبـانگ بوو لە کێ تووڕە بوایە ئەوا ئەو کەسە خێروبەرەکەتی بەسەردا دەباری. کێ گۆچانی ئەوی بخواردایە و تڕی لێدایە لە تاو دەســـتە قورســـەکەی، دوایی ئەوەندە کووپە زێڕ و پۆسـتی بالای لە بەرامبەر ئەو ڕەزیلکردنەدا وەردەگرت، کە تا ئەبەد کوڕی کوڕەکەی خەنی دەبوو. ئەوە خـاڵە بوو، هەربۆیە من لەم کتێبی یــادەوەریەمــدا بە خــاڵە گەورەی میهرەبـان نـاوی دەبەم. تەنـانەت ئەوســـــاش کە وەک بوکەڵەیەکی زیندوو لەســەر کورسـیە ناشـرینە دایاندەنا، نقوومبوو لەناو داییبیە

گەورەکەیەدا، کە بۆنی میز و تەنانەت بۆنی پیســـایی خۆکردنی بۆ نـــاو دایبەیەکە، تێکەڵی بۆنی عەتری ئـــامێرە گرانبەهـــاکەی ژێرکورســــــیەکەی دەبوو. ئیـدی بۆنی دایبی و بۆنی ئەو چوار عەترپرێژنەی لە ژوورەکەدا دانرابوو بۆنێکی تریان لە لووتی مندا دەپژان کەتەنها بۆنی ترِ و تسی میهرەبانیەکی لە دەستچوو بوو. ئاوەها خاڵەم دەبینی لە ناو کەرِنەڤاڵی بۆنی عەتر و بۆنی گووی ناودایبی و بۆنی میز و بۆنی ترِ و بۆنی لەشــــــە بۆزەکانی میوانە قـات لەبەرەکـان و فرِکوهورِی کـامێرامـانەکـانی چوار دەوری و چرکە چرکی فۆتۆگراف و چرکاندنی وێنەی مۆبایلەکان، لە چوار دەوری خۆی رِامابوو. خاڵەی دەست ئیفلیج و دەم بەبزە، سەرسام بوو بە زاقوزریقی ئەو هەموو چۆلەکە خەیاڵیانەی بەردەوام پۆل پۆل بەبەردەمیدا و لە نێوان پایە زەبەلاحەکانی ژوورەکەدا باڵە فرِکێ و ســــــەمایان بوو. لەنێوان رِامان و ســــــەرســـــامی خاڵە بە چۆلەکە خەیاڵیەکانی ناو ســــــەری و چرکاندنی فۆتۆکان، خاڵە بەختەوەرترین بووکە شـوشـەی زیندوو بوو کە وێنەکانی لەسـەر تۆرِە کۆمەڵایەتی و لاپەرِەی یەکەمی رِۆژنـامە مەراییکـارەکـانی حیزبدا دەبینرا. ئیدی. کەس نەیدەزانی کە خاڵە چیتری بۆ نەمابۆوە جگە لەچێژ بینین نەبێت لەو پۆلە چۆلەکە و رِیشۆڵە و زۆرجاریش هەنگەخۆرە رِەنگاڵانەی کە تەنها ئەو دەیبینین و گوێچەی ئەویان پرِ کردبوو لە زاقوزریق. خاڵەی میهرەبان، خومار لە خەڵەفاوی خۆیدا بەختەوەر بوو بەوەی لەم کۆتاییانەدا خۆی دابووە دەســـت گۆمە شـــــلەکەی نێو ورگە حەزیاکەی کە لەســــــەرەوە غـازاتی بەرزدەکردەوە بۆ نێو قرِقێنە ســــــووکەکـانی و لەژێرەوەش

دەچۆڕایەوە بۆ ناو داییبیەکەی، هەر وەک ئەوەی قەدەری ئەو لەو تیۆرەی خۆیدا کۆتایی پێ بێت کە ناوی تیۆەرەی؛ قوون و دەمە... بەڵێ بەڕێزان، دەســـــتی شـــــکاوم، خاڵە لەناو ئەم تەمتومانی پۆلە چۆلەکەی نەبینراو و هەراو زەنای ڕۆژانەی سوپای مەرایکەران و دەمپانەکرەوەکانی حیزب و حکومەتدا، شـــــابازی لێ پەیدا بوو، بەڵێ شاباز بە بزەیەکی پیسەوە هاتەوە بەردەمی خاڵە گەورەی بە دەســـەڵات، بزەی ســـەرکەوتویەک لە شـــەڕی مقەبا و تەپوتۆزی وەهمەکانی. بەڵام وەک دەهریەک لە دونیا وخۆی هاتەوە بەوەی نەیتوانی بگاتە ئاواتەکەی و خاڵەی گەورە ئەوی نەک بە جێگیر نەهێشـــــتەوە بەڵکو فڕێیـدایە گردێکی غەمبـار لەگەڵ کۆمەڵێـک ئیســلامی مەســینەخۆری وەهابیەکان و ئیخوانەکان، بەحەســرەتی ئەوەوە بەجێیهێشــــت کە چیتر جارێکی تر ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵە گەورەکەی حزبی ســـۆســـیال – لیبرال، کە ئێســـتا بۆتە دڕندەیەکی هەشت سەر و لەسەرخۆ شاباز و حزبە بوغزاویەکەی دەخوات... ئاوا، ئەمجارە شـــــاباز هاتەوە بەڵام بە پیریی و بە بزەیەکی پڕ حەســــرەتەوە هــاتەوە، حەســــرەتی ئەوەی چۆن هەردووکیان وەک دوو ســیخور؛ خاڵە وەک ســیخوڕی پلە یەکی نێونەتەوەیی و ئەمیش وەک ســـیخوڕێکی پلە شـــەشـــی لۆکالی ئێرانی و بەعســـــیەکان، لە پاشــــماوەکانی خاڵەدا گینگڵی دەدا. حەســرەتی نەگەیشــتن بە خۆشــیەکانی دەســەڵات، چونکە کاتێک دەســەڵات بووە کۆشـک و پارە، ئەوان هەردووکیان، لەناو پیرێتی و خەڵەفانی خۆیاندا گنیگڵیان دەدا. خاڵە لەناو نەخۆشیە زۆرەکانی بەدەســت ورگە حەزیاکەیەوە و شــابازی مچە گەڕیش بەدەســت شــێرپەنجەوە کە هەمووی لەشــی خواردبوو. شــاباز لەو ڕۆژەدا

هات و باوەشـێكی ئاوەهای كرد بە خاڵەكە كە من لەسـووچێكەوە چـاوم لێ بوو و وەهـام زانی كە پەشـــیمـانییە، بەڵام دوایی بۆم دەركەت كە ئەم گەمـاڵە بوغزنە هەرگیز شـــتێک نـازانێت نـاوی پەشـیمانی بێت، هەر دەبێت بوغزەكەی لەناو شـێرپەنجەی خۆیدا كۆتـایی پێ بێت. بەڵام خـاڵە بێئاگا لەو كەســـەی وێنەی لەگەڵدا دەگرێت هیچ دەربڕینێكی جیاوازی نەنواند...

ئەم باوەشـــەی شـــاباز بە پێچەوانەی فۆتۆگرتنەكەی بوو لەگەڵ ســـەید ماجیدی قاســـەگری حیزب، كە بە كۆمەكۆم و گریانەوە لەخوار قاچیەوە دانیشـت و خاڵەش بۆ یەكمجار بوو دەسـتە چەپە ئیفلیجەكەی بە زەحمەت بجوڵێنێت، وەک ئەوەی بۆ چركەســـاتێک بێت زاقوزیقی چۆلەكەكانی ژوورەكە لەســـەریدا هێوربووبێتنەوە، دەسـتە چەپە قورسـەكەی خسـتە سـەر سـەری سـەید ماجیدی هـاوڕێی تەمەنی. هەمووان لەپڕ بێدەنـگ و كڕوكـپ بوون، خـاڵە ســـەیرێكی ســـەید ماجیدی كرد و بە دەمە خوارە ئیفلیجەكەیەوە بڵمەبڵمێكی كرد و گووتی``سەید، ئەم هەموو چۆلەكەیە بۆ لای من هاتوون، كوا مۆپســـی پاشـــا`` منێک وەک پیشـــەی خۆم هەموو ڕۆژێک لەســـووچەێكی نادیاردا خۆم خپ كردبوو و ســـەیری ئەو دیمەنەم دەكرد، لەو چركەسـاتە دەگمەنەی خاڵەدا بە كلک بادانەوە وەڕیم و بەرەو خاڵە و سـەید ماجید بازم هەڵدا. سـەید ماجید كە لەبەر قاچیدا دانیشـــتبوو لە خۆشـــیاندا گریا و زوومی كامێرا و چركەچركی فۆتۆگرافەكانی كۆشـــک تاكە دەنگ بوون لەبەرامبەر ئاخ و ئۆفی جگەرەكێشـــانی هوما خانم و بێدەنگی پاســـەوان و میوانەكانی ژوورەكە، هەموویان واقیان وڕمابوو... سەید خێرا منی

لەباوەش نا و بەرزی کردمەوە بۆ لای خاڵە و گووتی`` ئەوەش مۆپسی پاشا خاڵە گەورە، دیسانەوە هەرسێکمانین`` خاڵە سەیری منی کرد و گووتی`` مۆپسی با ئەم چۆلەکانە بچنەوە هێلانەکانیان، دوایی دەچین فۆتۆیەک لای هانز شـــنایدەری هاوڕێم دەگرین`` ئیدی دووبارە گەڕایەوە ناو گۆمە لیخن و زۆنگاوە زەردەکانی لەبیرچوونەوە و ســـەیری بنمیچی ژوورەکەی کرد، هەر وەک ئەوەی پۆلێک قورینگی دیگە هاتبنە ناو ژوورەکەوە، ئاوا، ئەمە دوا ڕۆچوونی بوو بۆ ناو مەدارە غەمبارە خەڵەفاوەکانی نێو ئەم حیزب و شۆڕشە فرۆشراوەدا...

دەبا بتانگەڕێنمەوە بۆ ئەو ڕۆژەی شابازی پیر هات بۆ فۆتۆگرتن لەگەڵ خاڵە، لە ڕاستیدا بۆ ڕێکەوتنێک هاتبوو لەگەڵ هوما خانم و گەلاڕێزانی شـــەش قوز. بەڵام لە مەزنـــدەی ئەقڵی خۆیـــدا بۆ چرکەساتێک هاتبوو کە وایدەزانی لەگەڵ ئەویشدا ئەو چرکەساتە مێژووییە ڕوودەدات. بەتایبەت دوای ڕووداوی چرکەســـاتەکانی ســـافبوونەوەی مێشـــکی خاڵە هات کە خاڵە من و ســـەید ماجیدی هاوڕێی تەمەنی بینی. ئەویش، بە مەزندەی ئەقڵی خۆی وایدەزانی خاڵە چۆن ســـەید ماجیدی هاوڕێی بینی زمانی کرایەوە و کە منیشـــی بینیی گەڕایەوە بۆ ئەو ڕۆژە بـارانـاویەی پێکەوە لە ستۆدیۆکەی هانز شنایدەر لە بەرلین، فۆتۆ بەناوبانگەکەمان گرت. ئەو بەو هیوایە هات. ئەو بەنیازێکی تر داوەتنامەکەی هوما خانم و گەلاڕێزانی قبوڵ کرد کە ئەگەر بێـت، ئەوا ئەو پێشـــبینیە خۆڵەمێشـــیـانە بەدی دێن کە هەفتەیەک پێش ئەوە لە گردە غەمبـارەکەوە و زەڕخـانە و تۆڕەکـانی نێتەوە ڕەدووکەوتووانی

گردەکەی بڵاویانکردبۆوە بەوەی؛ گەر خاڵە بە ســـەید ماجیدی قاســەگر و ســەگە جیقنەکەی بکەویتە قســە، ئەوا بە بینی هاوڕێی خەباتی چل ساڵەی مێشکی چالاک دەبێتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دوای ئەو ڕووداوەی من ســـەید ماجید لەگەڵ خاڵەدا، پۆل پۆل، دکتۆرەکــانی زانکۆی ســـەر بە حیزبەکەی هــاتبوونە گردەکە غەمبارەکەی شاباز، ئەوانەی لە دوا هەڵبژاردندا پۆستی حکومەتیان لەســـەر پشــکی حیزبەکەی ئەو وەرگرتبوو. هەموویان جەختیان لەســـەر ئەوە کردبۆوە، کە ئەمجــارە خــاڵە دەســـتە ئیفلیجە قورســـەکەشـــی بەیەک تەزووی بینینی تۆی هــاوڕێی تەمەن و خەباتی، چاک دەبێتەوە. بەڵێ وایان گووت، وەک چۆن دکتۆرێکی دەمار و نەخۆشە عوسابیەکان پێیگووت`` هەموو شتێک لە خاڵەدا دەگۆڕێت، چونکە مادەی دۆمپامینی نێوان نیرۆنەکان، خانەکانی مێشـــک چالاک دەکەنەوە. خاڵە بە بینی جەنابتان، خانەکانی دەهەژێن``

دەبێت لێرەدا ئیســتێک بکەم و بڵێم؛ هەرچەندە جاران شــاباز ڕقی لەو ماســـتاوچی و مەســـینەخۆرانە بوو، بەڵام دوای ئەوەی خاڵە هەموو جەولەیەکی هەڵبژاردنەکانی حیزب و حکومەتی بەهۆی ئەو مەســینەخۆر و جڕتلێدەر و لەشــفرۆشــانەوە لێ بردەوە. زانی کە هەموو ئەو ســـمێڵ بابڕ و کادێرەکانی شـــاخ کە لە دێر زەمانەوە پیــاوی بۆ دەکوژن، وەک گەمــاڵەکــانی خــاڵە وەهــان کە دەمێکە کەســیان پێ هەنجن هەنجن ناکرێت و ســوودیان نەماوە. هەربۆیە ئەویش فێری کاســـپیەکەی خاڵە بوو و گوێی لەو دەمپانەکەرەوانە دەگرت، بەجۆرێک کە ڕۆژانە؛ شـــەپۆلی ماســـتاوچی و قەیتولی

بەرقاپی و مەسینەهەڵگر و قاپشۆری ئۆپۆزیسۆن و پۆپ ئیسلامی سەرجوقاو لە پاکەتی هاوردەی ئیخوانی تورکی و وەهابییەوە بەسەر گردەکەیدا قەتارەیان دەبەست بۆ ژوورەکەی. تەنانەت وایلێهات ``عەزە جڕت`` وێنەی لەگەڵ شابازدا گرت، کە ئەمە بەناوبانگترین جڕتلێدەری شار بوو لە پێشبڕکێی جڕتلێدانی ساڵانەی ئەم مەملەکەتەدا هەمیشە یەکەمی دەهێنا و جڕتەکانی لەسەر یوتوب بە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاودەکرایەوە. بەڵێ، عەزە جڕت هات و لەگەڵ شابازدا بۆ ماوەی دوو کاژێر دانیشت و فۆتۆکەی خۆی و دکتۆر شابازی لە تۆڕە کۆمەڵاتیەکان بڵاوکردەوە، تەنانەت لە ڕۆژنامەی (زەردەواڵەی ئۆپۆزیسیۆن)ی زمانحاڵی ئۆپۆزیسیۆن بوو، لەسەر لاپەڕەی یەکەمیش بە مانشێتی گەورە ئەم هەواڵە بڵاوکرایەوە. شاباز وەهای مەزندە دەکرد ئەو بەسەر نهێنی سەرکەوتنەکانی خاڵەدا کەوتووە، بەم میتۆدەی سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستدەهێنێت... بەڵام بەپێچەوانەی گفتی دکتۆرەکانی دەروونی و دەمارییەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لەو ڕۆژە چاوەڕوانکراوەدا، خاڵە نەک هەر زمانی نەکرایەوە، بەڵکو تەنانەت چاویشی لە ئاستیدا نەتروکاند. شاباز بەو لێدانە جەرگبڕە ئەوەندە شڵەژا، بەجۆرێک باوەشی کردبووە خاڵەدا کە لە فۆتۆکەدا وەها دەرکەتبوو وەک ئەوە وابوو بیەوێت زۆرانی لەگەڵ بگرێت. ئەمەش دوا فۆتۆی شاباز بوو لەگەڵ خاڵە گەورەی میهرەباندا...

بیرمدێت، دوایی شابازیان لەڕێگەی حسەگووشۆرەوە کە خۆی بە حسێن قارەمان ناساند، وەک ئەوەی شاباز نەناسێت، ئاوا

لووتبەرزانە فەرمووی لێ کرد بۆ ژووری شـــنە قۆنەرە، لەوێش شنە وەک ئەوەی یەکێکی ئاسایی بێت چاوەڕوانی گەلاڕێزان خانم بکات بە ســـکالایەکەوە لەرزیوەوە، خۆی ئەزیەت نەدا تەنانەت تۆزێک کورسیە سوڕاوەکەشی بجولێنێت و ڕووی تێ بکات، تەنها چەند وشـــەیەکی گووت`` ئێســـتا گەلاڕێزان خانم دێت`` هەر کە گەلاڕێزان و هوماخان بەجگەرە ئەبەدییەکەی لالێویەوە هاتن و زۆر بەکورتی و فەرامۆشـییەوە گفتیان بە شـاباز دا کە نەک هەر گردە غەمبارە سـەدو بیسـت و هەشـت دۆنمەکە، بەڵکو دەتوانێت کۆیی کارگەی چیمەنتۆ فەڕەنســـیەکەی (لاڤاژا) و ڕیزە کارگەکانی ناوچەکانی دەورەبەری شـــار لەســـەر کوڕەکانی تاپۆ بکات ، بەمەرجێک بەو مەرجانەی ئەوان ڕازی بێت. کە شـــاباز ویســـتی خۆی بخاتە شوێنای دانوستانەوە، گەلاڕێزان خانم بە فەرامۆشیەوە و بە ڕۆیشـــتنەوە تێیانگەیاند کە مەرجەکانی دوایی بە مامۆســـتا حوسـێن قارەماندا بۆ دەنێرن. وەک دەڵێن، هەر لەوێدا شـاباز بێ چەنـد وچوون زانی کە لەگەڵ ڕۆچوونی خـاڵەدا ئەویش لەنـاو مەدارە ســـەرەتانیەکانی خۆیدا ڕۆچووە و هەرلەوێدا نەک تەنها هەستیکرد پیربووە، بەڵکو لەسەر لێوارەکانی کۆتاییدایە. ئەوە بۆ یەکەمجار بوو شـــاباز ببینم کوورِ وکۆم بێتەوە لە ڕۆشـــتنیدا، بریقەی چاوە گورگانەکەی خەفەبێتەوە...

دوای ئەم فۆتۆیەی لەگەڵ خاڵەدا ئیدی زوو زوو دکتۆر شابازی پیرم دەبینی، وەک مەسینە هەڵگرێک کە هێشتا نەگەیشتبووە پلەی مەســـینەخۆری بە پێی فەرهەنگەکەی خۆی، کەوتبووە هاتوچۆ و ســـەردانی کۆشـــکی چوارەم. هەموو جارێکیش چەند کاژێرێک لە ژووری حســـە گووشـــۆری خاڵە چاوەڕێی دەکرد کە ئێســـتا بە

مامۆستا حوسێن قارەمانی خەباتگێڕی دێرین ناسراوە. بە زەلیلی پیاوێکی پیرەوە چاوەڕێیی گەلاڕێزانی شەش قوز و هوما خانمی دەکرد و زۆربەی جار لەجیاتی ئەوان شنە قۆنەرەیان دەنارد بۆی، کە ئەویش بەخۆی و دوو لەشەفرۆشەوە دەهاتن و بۆ چەند خولەکێک چەند ڕێنمایەکیان دەدایێ یان چەند وەرەقەیەکی مۆرکراویان بۆ بەجێدەهێشت.

بیرمدێت لەوەتەی شاباز لەگەڵ خاڵەدا بووە دوژمن، ئیدی سەری نەدەکرد بەم کۆشکەدا، بەڵام دوای ئەم هەموو ساڵە و وەک جرجێکی ترسنۆک لەگەڵ کەوتنی خاڵە لە کوونی زێرابەکانی گەندەڵی گەلاڕێزان خان و هوما خانمەوە گەڕایەوە بۆ ناو ئەم کۆشکانەی خاڵە گەورە. ئەو کاتەی ئاوارەی دونیای ئەم کۆشکانە بووم و لە هاوسەرۆکەوە بووم بە بێلانەی کۆشکەکانی سەرۆکی بێهۆشم لە خەستەخانە پاریسییەکە، ئەوا لە موبەقێکەوە دەچووم بۆ موبەقێکی تر. ئاخ سەد ئاخ، جاران لەگەڵ سەفیر و وەزیر و گزیر و دکتۆر و خاوەن پلە باڵاکانی کۆمەڵگە و دونیادا ڕادەوەستام، بەڵام لەم ئاوارەییەمدا لە موبەقی کارمەندان و سەرەنوێڵکی پشتەوەی کۆشکەکان و حەوشەکانی پشتەوەدا ژیانم بەسەردەبرد و گوێم لە پاسەوان و خزمەتکار و چێشتلێنەر و لەشفرۆشی هەرزان و پێڵاودانەر و مەسینەخۆرەکانی ئەم کۆشکانەی زەمەنی دوای خاڵە دەگرت، چی دەڵێن و چی ناڵێن. جاران هەواڵەکان خۆیان دەهاتنە بەردەم من و خاڵەی خاوەنم، ئێستا خاڵە خۆی بۆتە هەواڵ و منیشم بەدوویدا دەگەڕێم...

لەو ئاوارەیەمدا، کاتێک مووشـەی هەواڵ و ڕوداوەکانم دەکرد، بۆ هیچ نـا، تەنهـا  بۆئەوەی لەم یـادەوەرەیەی ئێســـتـادا بیگێڕمەوە، بیسـتم، شـاباز  کەوتۆتەوە هاتوچۆی کۆشـکەکان. هەر لە موبەقە هەرزانەکـانی ئەم کۆشـــکـانەدا ئەم چیرۆکە نوێیەی زەلیلبوونی شـابازی مچە گەڕم بیسـت، کە چۆن زەلیل دەکرێت. ئیدی هەر کە دەمبیســـت شـــابازی پیر هاتووە، خێرا دوورا و دوور چاودێریم دەکرد. بەڕێکەوت جارێکیان بینیم لە ژوورەکەی گەلاڕێزان و هوما خانم دەهاتە دەرەوە، بۆ ســـاتێک چاومان لە چاوی یەکتر بڕی و وەک پیشـەی نەگۆڕم دەستمکرد بە مڕە مڕ لێیی. ئەو نەیوێرا زۆر لێم نێزیکبێتەوە، بەڵام لەشـــوێنی خۆی بەرامبەرم هەڵتروشـــکا و گووتی`` مۆپســـی گوونم، تڕحێو پاشـــا، ئاخر خاڵە لەگەڵ تۆدا ســـەروســـەودای هەبوو بۆیە ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشـت. تڕحێو لە جیاتی فۆتۆی من و خۆی بڵاوکاتەوە، فۆتۆی گەڕێکی وەک تۆی لەبەرلینەوە هێنا، ئاخر حاڵی جوانە...``

ئیدی من خێرا دەســـتمکرد بەوەڕین و ئەویش لەترسـانـدا بێدەنگی لێ کرد و دەموچـاویی ڕەش هەڵگەڕا و تەنـانەت هەڵمەتم کرد بۆئەوەی پەلاماری بدەم. شـــابازی ترســـنۆک کە ئێســـتاش وەک جاران لە ســـێبەری خۆشـــی دەترســـێت و یەکێکە لەســـیفەتە ســـەرەکیەکانی، بۆیە لەژیانیدا هەمیشـــە ئاشـــقی ســـەرســـەری و جڕتلێـدەر و پیـاوکوژی هەرزان و پیـاوی کوتلەچیی بوو، خێرا قڕوقەپی لێ کرد، چونکە دەیزانی بەپێی بڕگەی دەســـتوور کە هێشــتا خاڵە بە فەرمی ماوە،  هەر کە مۆپســـی پاشـا دەسـتیکرد بەوەڕین دەبێت ئەویتر بێدەنـگ بێت. لەم وەڕینەی منەوە هومـا خـان هـاتەدەرەوە و بە بزەیەکەوە ســـەیری کردم و بە قێزەوە

سـەیری ئەبڵەقبوونی شـابازە پیری کرد و گووتی``مۆپسـی پاشـا گیان، قەیناکە چ نەبێت میوانی کۆشکی خاڵەیە``
کە ئەوەی گووت خێرا بێـدەنگیم لێ کرد و تێبینمکرد ئـارەقە بە ناوچاوانی شـــاباز هاتە خوارەوە. ســـەیر بوو ئەمە یەکمجار بوو شاباز هەست بەتەریقبوونەوە بکات. ئیدی زانیم ئەمە دەردە پیرییە کە شێر دەکاتە کەمتیاری قوز شۆڕ، ئاوا شـاباز ملی خۆی شکاند و ڕۆیشــت. بەڵام من وام مەزندە دەکرد کە هوما خان بانگم بکات بۆ لای خۆی، ئاوڕ لەو ئاوارییە بداتەوە تێدا دەژیام. ئاوڕبداتەوە لەوەی ژوورەکەم لەلایەن قەحبەترین ســۆزانی ئەم ســـەر زەویە داگیرکراوە، و شـــەوانە لەم ســـووچ و پەنایانە بە یادی خاڵە و بە حەســـرەتی خاڵە ســـەردەنێمەوە، کە ئێســـتا بە بێ نازی من، لە خەســـتەخانەیەکی ســـاردی پاریســـدا لە بێهۆشـــی پێش مەرگدا ڕاکشـاوە. تاکە شـت  هوما خانم کردی ئەوە بوو ئاوڕی دایەوە و گووتی`` ئافەرین مۆپســـی پاشـــا، چاکت ڕەزیل کرد. ئەم کەرە گووشۆرەمان پێویستە دەنا پەڕمان دەبرد بە حەوادا``  کەویستم بچم بۆلای، خێرا دەرگاکەی بەڕوومدا پێوەدا و دووبارە ئاوارەی سووچ و پەسێو و تەنەکە خۆڵەکانی ئەم کۆشکانە بووم.

ئێستاش، دوای ئەم هەموو ئاوارەییەم، گەڕاومەتەوە بۆ ژوورەکەم، ئەوا ئیدی زەمەنێکی نوێ دەســـتپێدەکات، زەمەنێک ئەم حیزبەمان، حیزبی ســـۆســـیال – لیبرالی کوردســـتان هەرگیز بەخۆیەوە نەیبینووە. ئیدی زەمەنی پیاو و ژنە ئازا و ژیرەکان گوزەشـــت، زەمەنی پاڵەوانەکان گوزەشـــت و زەمەنی ترســـنۆکەکان، زەمەنی قۆشـمەی کۆشـک و مەسـینەخۆر و جڕتلێدەری کۆمیتە و هۆبە و

لقە و حەوزە حیزبیەکان، دەســـتپێدەکات. ئێرایەکی ترە لە هەناوی ئەم ئەمریکــانیزمە خشـــۆکەوە دەســـتپێـدەکـات وەک خـاڵە دەیگووت``ئەمریکانیزمێک وەک کرمی نـاو گوو هەموو شـــتێک دەخوا کە ناوی پرۆتینە، جا با لە ناو گووشدا بێت``

بەڵام من خۆشـحاڵم کە ئێسـتا گەڕاومەتەوە ژوورەکەم و جوان شـــۆراوم، چونکە هەم کاتم زیاتر دەبێت بۆ ئەم یادەوەریانەم و هەم خۆشـــم ئامادە دەکەم بۆ جەولەیەکی تری ســـووککردنی مەکتەب ســیاســیە دایکخۆگێیەکان. بەڵام پێش هەموو شـتێک با چیرۆکی بە کوشتندانی زیاتر لە سێ سەد و پەنجا پێشمەرگەتان لەزاری لۆردە منداڵبـازە بریتـانیەکـان بۆ بگێڕمەوە، کە مـاوەیەک لەم کۆشـــکەدا شـــنە قۆنەرە گەوادیی بۆ دەکردن و پەرییەکانی قوزیان پێدەدان و ئیدی کۆتایی بەم بەشـــە دوورو درێژەی ئەم دوو باســـتارە ئەبەدییە دێنم کەیەکێکیان شـــابازی مچە گەڕە و ئەویتریش شنە قۆنەرە.

## ٦

شـابازە پیر هێشـتا چیرۆکی ماوە، چیرۆکی ئەو لە چیرۆکی خاڵە گەورە جیـانـابێتەوە، چیرۆکی خـاڵە گەورەش بە هەموو توولە ڕێگەکانی ناچێتەوە سەر بانە، بەڵکو دەچێتەوە سەر شـابازی مچە گەڕ، لەوانیشـــەوە ڕێگەکان دابەشـــدەبن بەســـەر یەکەمین کەس

فەرەیدون عەزیز یان (فەرەی ئامە بەڕەڵا)، یان بابڵێن (فیفی عەبدە)ی گەوادە میلۆنەرە مەکتەب سـیاسـیەکەمان، کە لەبەر هەردوو پیتی (ف) و (ع) بەناوی فیفی عەبدە بانگدەکرێت. هەر بۆ بیرهێنانەوە؛ فیفی عەبدە یەکێکە لە سـەماکەرە بەناوبانگە ڕۆژهەڵاتیەکان ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ خواوەندی شـادی و شەراب، خواوەندی سێکسی جوان و خۆشەویستی و موزیک، کە یۆنانیەکان بە (دیۆنیسۆس) بانگیان دەکرد. دیارە تەنها لەبەر ئەوە نییە کە هەردووکیان لە پیتی (ع – ف) دا بەشدارن، نەخێر، خەڵکی ئەم دەڤەرە ئەوەندە سـادە و بێ ئەدەب نین وەک سـیاسـیە دایکخۆگێکانیان، کە خاڵەی میهرەبان هەمیشـە بە سـیاسـی ئەم دەڤەرەی دەگووت (دایکخۆگێ)، نەخێر، بەهەڵەدا مەچن، خەڵکی ئەم دەڤەرە هەمیشە هۆکارێکی بەهێزیان هەیە بۆئەوەی پاشگر و پێشگرێک بنێن بەدووی یەکێکەوە. بەتایبەت خەڵکی ئەم شارە کە لە ڕووتە و قۆشـمە و جڕتلێدەر و چەقۆکێش و جەردەکانی سـەدەی نۆزەدەوە سـەرچاوەهەڵدەگرن، لەخۆڕا ناوێک لە یەکێک نانێن و پاشگر و پێشگرێکی پێوەنانێن. هۆکارێکی بەهێزی ئەوەی ناوی فیفی عەبدەی سـەماکەر بە فەریدون عەزیزەوە ئەوەیە لە پیشـەدا لە یەکتری نێزکدەبنەوە، ئەم سـەماکەر و ئەویتر خاوەن قومارخانە و لەشفرۆشخانەیە لە ژێر ناوی هۆتێل و ڕیستۆرانتی مۆدێرن. یان بابڵێم؛ فیفی عەبدەی ڕاستەقینە لەم شـەریفترە چونکە سەمای مێنیەکی جوانە و بەشێکە لە کولتوری شادی، بەڵام هۆتێلە پڕ لەشفرۆش و سەماکار و هۆڵەکانی قوماری فیفی عەبدە هۆمۆکەی ئێمە، کولتوری بازرگانی خوێن و خاک و پارەی ئەم میللەتەیە.

من، مۆپسی پاشا، سەگە بەوەفاکەی خاڵە، ناتوانم لەم یادەوەریانەمدا خۆم بگرم سروشتی بم لەم گێڕانەوەیەمدا و بێلایەنانە بدوێم. لەبەر هیچ نا، چونکە ڕۆژانە بەر ئەو تراژیدیایە دەکەوم کە فەریدون و شاباز و لەشفرۆشەکانی حیزب خولْقاندوویانە و پێتاندەڵێم؛ کە ئەم پارەی لەشفرۆشخانە و گازینۆی قومارانەی فیفی عەبدەکەی خۆمان، پارەی خوێنە، پارەی ئەنفالکراوە، پارەی کیماوییبارانکراوانە و پارەی جینۆسایدکراوەکانی ئەم میللەتە داماوە و مرۆڤە دڵسافەکانی ئەم میللەتەیە. پارەی ئەمانە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاخ؛ پارەی کوشتن، فڕاندن، فیتنەی شاخ و خوێنی ئەو گەنجە چەپانەیە کە شابازی مچە گەڕ، ئەم فیفی عەبدە کۆنە موخابەراتەی لێ کردن بە تیۆرەدانەری مارکسیزم– لینینزمی کوردستان، پاشان یەک لەدوای یەک بەتەوری چەندەهای وەک جەمالی تەور و سەرەی شفتە و حەمە کەچەڵ کوشتنی. یاخود بە ئاربی جی، بە گوللەی وێڵ، بە خنکاندنی غەدر لە چەمەکان و هەڵدێرانیان لە لێڕەواڕ و دامێنی شاخە سەختەکان، دەیکوشتن. یان چ نەبێت بە ڕادەستکردنی بۆ ناو کەمینی بەعسیەکان، لەناویدەبردن. ئەم بازرگانی ئێسک و خوێنە، ئەم فیفی عەبدە خۆماڵییەی دەستکردی شابازی مچە گەڕ و کلەکەکانی، ئەم گەوادە گەورەیەی میللەتەکەمان، ترسناکترین گەوادی مێژووە، ئەم کوردە داماوە بە خۆیەوە بینبێتی...

مەخابن دەبێت ئەوەش بڵێم؛ کە چیرۆکی شاباز هەمان چیرۆکی خاڵەیە لەناو خۆرە ئاوابووەکانیدا، چیرۆکی ئاژەڵێکە لەسەرخۆ جەستەی بۆگەندەبێت و بەناو مێژوویی ئەم میللەتەدا خۆی ڕادەکێشێت. چیرۆکی ئەو ئاژەڵە بۆگەنە مێژووییەیە، تاوێک خاڵە

لەســـــەر هێلکەکەی کڕ دەبوو، تاوێکیش شـــــاباز دەیترووکاندن و تاوێکی تر ســـیخوڕە نێودەوڵەتیەکان دەیانگرتنەوە. ئاوەها، هەموو بونەوەرە بڵحەکان بە تووڵە ڕێگەکاندا دەچنەوە ســەر یەک ئامانج، ئەویش کۆنترۆڵکردنی ژیانی کوردییە...

ئەوســــــاش لە حەفتاکاندا هەر وابوو، ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی شۆڕشی خۆڕسکی کوردیی بوو. لەڕاستیدا شۆڕشی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری خەوبینەر بوو، شۆڕشی شۆڕشگێڕە ڕۆمانسیەکانی حەفتاکان بوو، کاریگەر بوون بە شـــۆڕشـــی گەنجانی ســـاڵانی ١٩٦٨ی پاریس. دەیانویســـــت ئەوانیش وەک گەنجانی ئەورووپا بەرەو جیهان بچن، بەرەو ئازادی. بەڵام ئاخ ســـــەد ئاخ، ئەوان گەنجی کورد بوون لەجیاتی بەرەو جیهان چوون، بەرەو زیندان و خوێن و برســـێتی و مەرگ، چوون. ئاوەها، هەموو تووڵە ڕێگەکان بۆ ئەم خەونە ڕۆمانســـییە، جانەوەری نوێی ســـیاســـی پێدا شـــــۆڕدەبۆوە. جانەوەری ســــەیری لە قوتوونراو لە ئەورووپا و بەرەڵاکرا کراو لەم کورســـــتانەدا. جانەوەری بڵح و ناشـــــرین کە هاتبوون بۆ قووتدانی هەموو جوانییەک، هەموو خەونێک، هەموو جوڵەیەکی ڕەنگین، کوردێک خەونی پێوە ببینێت.

تووڵە ڕێگەیەکی تر؛ تەنها هی خاڵە بوو کە دەچووە ســـــەر ئەم جووت ئەندام مەکتەب سیاسیە خەڵەفاوانەی ئێستا، کە کاتی خۆی موخابەرات و گەوادیی قەدیمەی ســـــەفارەتەکانی بەعس بوون لە ڤێنای پایتەختی نەمسا و شاری بۆنی پایتەختی ئەڵمانیا...

دەبێت ئەوەش بڵێم؛ کە پایتەختی ئەڵمانیا ئەو زەمەنە، شـــاری بۆن بوو. ئاخر زەمەنی دوای جەنگی جیهانی دووهەم بۆ ســـــڕینەوەی

ئاســـەواری ناســـیونال – ســـۆســـیالیزم، پایتەختیان لە بەرلینەوە گواســـتەوە بۆ شـــاری بۆن. ئەو شـــارە کرایە پایتەختی ئەڵمانیای دوای هیتلەر، هەموو ســـــەفارەت و قونســـــوڵیەتەکانی دونیا لە گەڕەکی (گوتەســـــبێرگ)ی شـــــاری بۆندا بوونیان هەبوو، تەنها سەفارەتی ئێراقی بەعسیەکان نەبێت کە شوێنێکی چەپەکی شاری هەڵبژارد بوو بۆ ســـــەفارەتەکەی. ئەو ســـــەفاراتەی پڕی بوو لە جەلادەکانی موخابەرات و ژێرزەمینی ئەشکەنجە، تەنانەت ژووری تایبەتی لە هۆشـــبردن و نوژداری بچکۆلە ئامادە کرابوو بۆ کاری تایبەتی کوشـــتن و لەتوپەتکردنی جەســـتە و شـــێواندنی دەموچاو. خەیاڵتان دوور نەڕوات و وەک خاڵە دەیگووت ``بڕوا بەو جڕتە مەکەن کە ناوی مافی مرۆڤە و ئەوروپیەکان خۆیان بە پێشـــەنگ و داهێنەری دەزانن. نەخێر، مرۆڤی ســـپی دووفاقترین بونەوەرە لەسەر ئەم زەویە، بەجۆرێک لە دووفاقیدا هەرگیز خۆی بۆ پێناسە ناکرێت``

جا بەرێزان، چیرۆکی پیاوی سپی لە من، لە سەگی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری بپرسن؛ خۆ وەنەبێت حکومەتی ئەڵمانی و هەواڵگرییە بەهێزەکەی، ســـیـــای ئەمریکی و هەواڵگری بریتـــانیەکـــان و فەڕەنســـیەکان، ئاگاداریی چالاکی بەعســـیەکان نەبووبێتن لە تیرۆر کردن و فڕاندن و تێزابکردن بەدەموچاو و لەتوپەتکردنی جەستەی نەیارەکانیان یاخود هەڵدانیان لە بالکۆنەوە بۆ ســـەر ئەســـفەلەتە دێرینەکان و خنکاندیان لە گۆمیلکەکانی باخچە و ڕووبارەکان و دارستانەکانی ئەوروپادا. بەڵام ئاخ ســەد ئاخ وەک خاڵە دەیگووت، لە کاتێکدا دینارێکی ئێراقی بەرامبەر ســـێ دۆلار و نیو بوو کە دەیکردە شـــــەش مارکی ئەڵمانی، لەو زەمەنەدا حکومەتی ئێراقی

بەعســـیەکان دونیایەک کۆنتراکتی بازرگانیان لەگەڵ کۆمپانیا ئەڵمـانی و ئەوروپی و بریتـانیەکـانـدا ئیمزاکرا بوو. هەربۆیە نە ئەڵمانیا و نەسـویسـرا و نە نەمسـا و نە فەڕەنسـا و هیچ وڵاتێکی ئەوروپی لەبەر چوار ئۆپۆزیســیۆنی ئێراقی و کوردی ڕۆمانســی خەوبینەر و چەپ، قوماریان بەم پەیوەندییە بازرگانیەوە نەدەکرد. چەندەهای وەک زەبور ئەڵمانی و مەلا سـەعیدە تڕکەنی نەمسـاوی بە ئارەزووی خۆیان سیخوڕیان دەکرد بەسەر نەیارانی بەعسەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە چەندەها نەیاری بەعس نێزیکدەبوونەوە، تەنانەت بانگهێشـتیان دەکردن بۆ ئاهەنگی (گانگ بانگ)ی سێکسی و نێروبەرانیەکانی سڤینگە کلوبەکانی نەمسا و ئەڵمانیا. ئاخر وەک گەلاڕێزانی شـــەش قوز، لەزەمەنی ڕەعنایی ژیانیدا لە لەندەن کە لەگەڵ مامۆستا نەدارە پیری سکرتێری پێشووی حزبی کوردان لە شـەسـتەکاندا، ژیانی بەسـەردەبرد. شـارەزا لە ڕەگەزی پیاو، بە جۆرێک فەلســـەفەی دەزگاکەی لەســـەر ئەم دێڕە بیناکردبوو کە دەیگووت``پیاو بە گوونی دەگیرێت`` بەمجۆرە ئەم زەبور ئەڵمانی باوکی شـنە قۆنەرە و مەلا سـەعیدی نەمسـاوی ئەوسـا کاریان بۆ موخابەراتی ئێراقی دەکرد. ئەم دووانە کە خوێندکاری زانکۆ بوون، هاوڕێی کچەکانی خۆیانیان پێشکەشی نەیارەکانی سەدام و بەعس دەکرد لە نەمســـا و ئەڵمـانیـا. ئـاخر کێ گومـان لە دوو گەنجی خوێندکاری کورد دەکات لە دوای شکستی شـۆڕشـی مەلاگەورەی دەمگەوهەرەوە لە ئێرانی شاهەنشـاوە هاتبێتن بۆ نەمسا و ئەڵمانیا و مـافی پەنـابەریتیـان وەرگرتبێت. ئـاوەهـا خۆیـان وەک نەیـاری حکومەتی بەعســـیەکان نیشـــاندەدا و دەبوونە هاوڕێیان، تەنانەت دەچوونە پەیوەندیەکانیان و هاریکاریان دەکردن لە چالاکیەکانیاندا

و هەنگاو بەهەنگاو ڕاپۆرتی وردودرشـــتیان دەدا بە موخابەراتی ئێراقی. کاتێکیش موخابەرات فەرمانیان پێدەکردن، بەپێی پلانێکی تۆکمە سەرخۆشیان دەکردن، پاشان بە سەرخۆشی دەیانکردن بە ســـەفـارەتی ئێراقیـدا. یـاخود هەنـدێکیـان ژەهرخواردوو کرد بەژەهرێک کە دوای ســـاڵێک لەســـەرخۆ ئۆرگانەکانی لەشـــیان پەکبخات. یان لەپڕ نەیارەکانی بەعس  وندەبوون و نەدەگەڕانەوە ماڵەکانیان. هەندێکیان لەژووری هۆتێلەکاندا لاشـــەکانیان وەک خۆکوژێک دەدۆزرایەوە.  بێگومان پۆلیسی ئەم ئەوروپا سپییە کە دەگەیشـتنە ئەو دەرئەنجامەی دەسـتی موخابەراتی ئێراقی تێدایە، زۆر زوو  بەدواداچوونی پۆلیس بە ئاســـانی دادەخرا. ئەم دووانە وەک ئەم دوو لۆردە، لۆرد هیزل و جێفرســـۆن باســـیان دەکرد؛ چەندەها نەیاری بەعسیان بەسەرخۆشی و لە بەرەبەیاندا کردبوو بە ســـەفارەتی ئێراقیدا. لەوێوە بەعســـیەکان، دەرزی تایبەتیان لێ دابوون، پاشـــان کەســـی فڕێندراویان بە پاســـپۆرتی ئێراقی بە فڕۆکەخانەی (کۆلن- بۆن) یان میونشـن یاخود بەرلین، دەناردەوە بۆ ئەشـکەنجەخانەکانی بەغداد. بەڵێ ئەو زەمەنە دۆلارێک شـەش مارکی ئەڵمانی دەکرد، ئیدی پیاوی ســـپی کە پارەی بینی هەموو شـــتێکی بیر دەچێتەوە، وەک خاڵە دەیگووت ``گوویان بۆ بکەرە ســـەر قاپ، لەبەر کۆنتراکتی کۆمپانیاکەیان نەک هەر دەیخۆن، بەڵکو دەڵێن؛ واو ســـەچە دلێشـیس فوود... چەندە بەلەزەتە. ئیدی دەبێت خوێنی ڕۆشنبیرێکی ڕۆمانسی لە ئەوروپادا بژی، لەلای ئەم بانق و کۆمپانیا سپیانە، چ بەهایەکی هەبێت``

تووله ڕێگەیەکی تر هەیە مەترســــیدار، دەچووە ســــەر (موراد نەقشــەزەدیی)، ئەویش دەچووە ســەر کوشــتنی ســوارەی گەنج و پاکتاوی کارەســــاتی چاڵدێرانی کۆتایی حەفتاکان. بەڵام بۆ ئەمە دەبێت هەناســەیەکی قووڵ هەڵکێشــم، چونکە لەگەڵ باسکردنی ئەم کارەســــاتە و کوشــــتنی گەنجە خەونیبنەرەکەمان `ســــوارە`ی خۆشەویست، فشاری خوێنە سەگانەکەم بەرز دەبێتەوە، تاریک دەبم، غەمبار دەبم و بۆ بەدبەختی ئەم کوردە دەگریم و دەلورێنم. دەلورێنم بۆ خاڵە گەورەی میهرەبان کە ئێستا لە خەستەخانەکەی پاریس لەژێر ســەرپۆشــی بێهۆشــیەکی ئەبەدیدا ڕاکشــاوە. دەبێت هەناســەیەکی قووڵ هەڵبکێشــم، دەبێت زوو زوو لەکاتی گێڕانەوەدا هەندێک جار بڕشــێمەوە و هەندێک جار بگریم. بڕشــێمەوە چونکە ســـــەگێکی بەوەفــای من قێزەوەنی و خیــانەتی ئــاوەهــا گەدەی تێکدەدات. دەبێت بگریم بۆ ئەم کوردە داماوە کە کەوتۆتە بەردەم ئەم جانەوەرە ئادەمییە بڵحانەوە. بەڵام ئێســـــتاش چارم نییە و دەبێت هەر بگێڕمەوە تاوەکو ڕۆحی خاڵە بە ئاســــوودەگی بەرەو ئاســمان هەڵفرێت، یاخود دەشــێت گەورەیی خوای ئێمەی ســەگە بەوەفاکان لێی ببورێت و هۆشــی بهێنێتەوە بە جەستەدا، بگەڕێتەوە بۆ گیانی ئەو جانەوەرانەی بەدەســــتی خۆی بەخێوی کردوون و ئێستاش هەناویان خواردووە و چارەنوسیان بۆ ورگە حەزیاکەی بەجێهێشتووە.

بابگەڕێنەوە ســــەرەتای دامەزراندنی شــــۆڕش کە ســــوارە و هاوڕێکانی بەرەی مارکســـــی - لینینی دادەمەزرێنن و فەریدون عەزیز کاتی خۆی بە پیلانی موخابەرات دزە دەکاتە ناویان. دوایی

چەند سـالێک شـابازی مچە گەڕ و خاڵە لە ئەوروپاوە بە نەخشەیەکی ترەوە، سواری شانی شۆڕشە نوێیەکە دەبن...
وەک لۆردەکـان بۆ منیـان گێڕایەوە، بەتـایبەت لۆرد هیزل کە لێپسراوی مەلەفی خاڵە بوو، گووتی``خاڵە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ (موراد نەقشـەزەدیی) هەبووە. هەر ئەویش بوو هاتە قاهیرە و سەردانی کرد و خاڵەی لەگەڵ بەعسیەکان ئاشتکردەوە. پاشان، لە گەڕەگی (ئیمبـابە) خێرا ئەو و هومـا خـانی بردە ڤێلایەکی گەورەی شەش ژووریی لە گەڕەکی (زەمالک)``
ڤێلایەک بوو وەک خاڵە بۆمی باسـدەکرد بوو، بە تەواوی مۆبیل و خزمەتکار و باخچەی پێشـەوە و حەوشـەی پشـتەوە بوو، بە چوار دەوریدا دار خورماکان سـێبەریان دەخسـتە سـەر باخچەکە و شنەبای ڕووباری نیلی گەورە ماڵەکەی فێنک دەکردەوە. هەر ئەو موراد نەقشـەزەدییە بوو کە دوو کوڕەکەی خاڵەی (پاڤان و قابان) سـواری فڕۆکە کرد و ڕەوانەی قوتابخانەی ناوخۆی کاتدرالییەی (سـانت ئاوگوسـتین) کرد، کە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی کاسـیولیکی بوو، دەکەوتە گوندێکی چەپەکەی سەر بە شاری (سالسبورگ)ی نەمسـا. هەر ئەم موراد نەقشـەزەدیی بوو پێش هاتنەوەی ئەم دووانە (شاباز و خاڵە گەورە) بۆ کوردستان، لە کاتی دامەزراندنی بەرە فراوانەکەی (یەکێتی ڕەنجبەرانی کوردستان) لە شاری ڤێنادا، موراد دەبێتە بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم بەرە نوێیە، کە دەبێت بەرەی مارکسـی - لینینی کوردسـتان و دوو حزبی بچوکی سـەر بەخاڵە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و بەناوی بەرەی یەکێتی ڕەنجبەرانی کوردســتان لە ڤێنـا و دیمەشـق دامەزرا. بەڵام ئەم ئەندامە

دامەزرێنەری ئەم بەرەیە کێیە؟! لە کوێوە هــاتووە و چۆن خۆی کردە ناو دەستەیەکی دەمەزرێنەرانەوە؟!

لۆردەکان، لۆرد هیزل و جێفرســۆن، کە دوو ســیخوڕی منداڵبازی بریتانی بوون و لێپســــراوی دۆســــیەی کورد و نەوت بوون لەو زەمەنەدا، کە بەزەمەنی شــەڕی ساردی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا ناســــرابوو. ئەوان لەگفتوگۆکانیاندا دوای تێربوونی خۆیان لە کچە پاکیزەکانی شنە قۆنەرە و لەکاتی ویسیکی خواردنەوەی شەوانیاندا باســــی مواردی نەقشــــەزەدیان کرد. بەپێی کۆمێنت و ڕاپۆڕتی ســیخوڕە لۆکالیەکانی کوردســتان و ئێراق، وەها هاتبوو کە موراد لە کۆنـدا بەگەنجی وەک لاوێـک لە ڕیزی حزبەکەی مەلاگەورەی دەمگەوهەردا بووە. باوکی لە زەمەنی شــەســتەکانەوە یەکێک بووە لە پیاوکوژە دێرینەکانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر. هەربۆیە لەکاتی ڕێکەوتنی ئاداری ١٩٧٠ مواردی کوڕی لەســــەر لیســــتی حزبی کوردان لە کۆلێژی ئەفســــەری بەغداد وەرگیرا بوو. بەڵام  دوای پێنج ســاڵ کە مەلای گەورەی دەمگەوهەر لەبەردەم شــاهەنشــادا گووتی `` شــــۆڕشــــمان کردە قوربـانی پێڵاوەکـانی شــــای موعەزەم``موراد نەقشــەزەدیی دەمێک بوو ئەفســەر بوو بە پلەی مولازم لە موخابەراتی ئێراقیدا و لە ســــەفارەتی ئێراقی لە زیوریخ دامەزرابوو...

ئا لێرەدا هەڵوێســــتەیەک دەکەم و دەڵێم؛ چارەنوســــی من وەک مۆپســــی پاشــا بە بیۆگرافیای ئەم ســیخوڕەدا تێدەپەڕێت، چونکە یەکەمین کـاری ئەوەبوو کە نەهێڵێت خـاوەنە جوانەکەم، خواوەنـد

ئـاگـای لە ڕۆحی پڕ میهری بێت، پرۆفیســـۆر (عەبـدولڕەحمـان زەردەکی) لە سـویسـرا نامەی دکتۆراکەی تەواو بکات. بەمەرجێک زەردەکی لەســـەر گیرفانی خۆی دەخوێند، بەڵام بۆ بەختی من، بەڵێ بۆ بەختی من، موراد بەپەیوەنـدییە چڕوپڕەکـانی توانی فەرمانگەی پاســـپۆرت و مانەوەی زیوریخ بخاتە ئەو بڕوایەی؛ عەبدولڕەحمان زەردەکی ناســـیونالســـتێکی توندڕەوی کوردە، تاوەکو ئاسـتی ڕەگەزپەرسـتی. سـویسـریەکانیش ئەو زەمەنە جگە لە کۆنتراکتی بـازرگـانیـان لەگەڵ حکومەتی ئێراقی، خـانەوادەی سەدام پارەیەکی زۆریان لە بانقەکانی سویسرا دانا بوو. بێگومان هەر تێکچوونێکی پەیوەندی دەبووە هۆی زیانی ملیۆنەها دۆلار لە بانقەکانیان. ئاوەها موراد نەقشـەزەدیی دۆکۆمێنتی سـاختانەی دا بە بەشی مانەوە و پاسپۆرت لە زیورخ و عەبدولڕەحمان زەردەکی ئاوارەی ئەڵمانیا کرد. بەڵام ئەم دەرکردنە بەختی من بوو، دەنا لە ژیـانمـدا نەدەبوومە کورد و کوردبوونم پێ ڕەوا نەدەبینرا. لەنـاو ململانیەکاندا نەدەبوومە ســـەگێک لەگەڵ خاڵە گەورەی میهرەباندا پێکەوە لە فۆتۆیەکدا لەسەر دیواری هەموو فەرمانگە و دەزگایەکی ئەم وڵاتەدا هەڵبـواســـرێین. خۆ ئەگەر موراد نەقشـــەزەدی گووشـــۆری بەعســـیەکان، پرۆفیســـۆر عەبدولڕەحمان زەردەکی دەرنەکردایە لەسویسرا، ئەوا من نەدەبوومە ئەو مۆپسی پاشایەی وەڕینم لەدەستوردا باسکراوە، بەوەی، کە من وەڕیم دەبێت هەموو دایکخۆگێ و دەمپانکەرەوەکان قڕوقەپی لێ بکەن.

ڕاستە موراد نەقشەزەدیی جاش و خیانەتکاری میللەتەکەی خۆی بوو، قێزەوەن بوو تا ئاسـتی ڕشـانەوە. بەڵام پێدەچێت باشـترین

کاری ئەوە بووبێت کە عەبدولڕەحمان زەردەکی بە دەرکردن دا لە سویسرا، چونکە دوایی خۆکوشتنی خاوەنی یەکەمم دکتۆر بینامین ئیبەرهاردی جوولەکە، بوومە کوردێکی تەواو لەسەر دەستی پڕۆفیسۆر عەبدولڕەحمان زەردەکی، کە لە خۆشەویشتیدا بە (پاشا) ناویان دەبرد. منیش ئەو نازناوەی ئەوم (پاشا) تا ئێستا پێوەیە و بە (مۆپسی پاشا) بانگدەکرێم.

بەڵێ، گەر یەکەمین چڵکاوخۆری بەعسیەکان موراد‌ی نەقشەزەدیی نەبوایە، ئەوا من ئێستا لەناو دونیای کوردیدا وێنەکەم لەگەڵ وێنەی خاڵەگەورەدا بە دیوارەکانی ئەم نیشتمانەوە هەڵنەدەواسرا، لە هاوکێشە سیاسیەکاندا مرەو گەڤەی من لەدەستوردا باس نەدەکرا و مێژووی گەندەڵی و خیانەتە دەفەوتا. گومانم نییە لەوەی دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبی یەکەمی یادەوەریانەم، هەموو ئەقڵێکی هۆشمەند هەزار جار بیردەکاتەوە، پێش ئەوەی فەریدون عەزیز یان شابازی مچە گەڕ، تەنانەت خاڵە گەورە و مەلاگەورەی دەمگەوهەری لێ ببێتە پاڵەوانی مێژووی شۆڕش و دروستکەری مێژوو...

بەمجۆرە، سالان دێت و دەڕوات، موراد‌ی نەقشەزەدیی بەپێی پلانی موخابەراتی ئێراقی، ئامادەی یەکەمین بەیاننامەی (یەکێتی ڕەنجبەرانی کوردستان) دەبێت، بەرەیەک کە بە ڕەزامەندی بەعسییەکانی سوریا و ئێراق و بەریتانیەکان و تورکەکان ئامادەکرا بوو. تەنها هەڵەیەکی تەکنیکی ڕوودەدات، ئەویش بە هەڵە ناوی دەچێتە سەر بەیاننامەی دامەزراندنەکە، لە دووهەم بەیاننامەدا هەڵەکە ڕاستدەکرێتەوە، ناوی ئەوی لەسەر نامێنێت.

ئـاوەهـا بەپێی فەرمـانی دەزگـا ســـیخوڕییەکـان نـاوی موراد دەســـــڕدرێتەوە، لەو ڕۆژەوە کەســـیتر مورادی نەقشـــەزەدیی نابینێتەوە...

هەر موراد نەقشـــەزەدی بوو کە پەلی ئەم دوو بونەوەرە پۆخڵە؛ زەبور ئەڵمانی و مەلا ســەعیدی نەمســاوی گرت و هێنانی بۆ لای خاڵە گەورە. لێرەوە دووبارە شـابازی مچە گەڕ کە ئەوسـا قوتابی کۆرسی زمانی ئەڵمانی بوو، دەکرێتەوە بە کەسی دووهەم، چونکە هەموو فەرمانەکان لە مورادەوە بۆ خاڵەیە و لە خاڵەشـــەوە بۆ مورادە و لە ڕێگەی ئەم دووانەیە و کەسیتر. پارادۆکسـەکە لێرەدا بوو، بەوەی موراد نەقشـەزەدیی شـابازی دەبێزرا. لۆردەکان، لۆرد جێفرسۆن و لۆرد هیزل، وایان دەیانگێڕایەوە، باسی ئەوەیان کرد کە موراد لە ڕاپۆڕتێکدا نوسـیبوویی`` پیاوێک ئەوەندە بۆگەن بێت نـارنجۆک هەڵـداتە مەکتەبی کچـانەوە و لەســـەر ئەو بنەمـایە سـەفەربکات، ئەوەندە پۆخڵە کە دەبێت تەنها کاری پیسی پێ بکەی نەک متمـانەی کاری گەورەی هەواڵگیری پێ پێ بســـپێریت. ئەو بونەوەرە دەبێت بۆ خاڵە گەورە جێبهێڵین`` تەنانەت لە ڕاپۆڕتێکی تردا نوسـیبووی``هەر کەئەمەشـم بە خاڵە گووت لەجیاتی ئەوەی تووڕە بێت لەم بیروڕایەم لەمەڕ هاوڕێی خەباتی، قاقا پێکەنی، ئیتر چیتر لەمبارەیەوە نەدواین``

پارادۆکەســـەکە لێرەدا بوو کە موراد هەرگیز شـــابازی نەدەدواند، تەنانەت لە کۆبوونەوەکاندا کە هەندێکیان خاڵە وەک ڕیایی شابازی دەهێنا لەگەڵ خۆی، موراد هەرگیز لە قســـەکردندا هیچ شـــتێکی بەرەو ڕووی ئەو نەدەکردوە، وەهـا قســـەی دەکرد وەک ئەوەی شـاباز لەوێ نەبێت. هەر ئەویش بوو بۆ یەکمجاری بوو بە خاڵەی

گووت``سـاڵانی کارکردنم لە موخابەرات ئەوەندەی فێرکردووم کە پێتبڵێم؛ ئەم شابازە گوونی قۆڕە دەبێت پەلەی بڕینەوەت نەبێت`` بەمجۆرە ئەم تولە ڕێگەیە هەم لەکـاتی شـــۆڕش و هەم لەدوای شـــۆڕش گرێی دەروونی شـــاباز بوو، چونکە کە جارجارە لە شـــاخەوە دەهاتەوە بۆ ڤێینا، موراد نەقشـــەزەدی ئەم دووبونەرە پیســـە، زەبور ئەڵمانی و مەلا ســـەعیدی نەمســـاوی تڕکەنی، بۆ دەنارد. ئەمانیش تەنها پەیامی نەقشـــەزەدییان پێ ڕادەگەیاند، کە کۆدی ڕستەکان لای خاڵە بوو، بەڵام شـاباز وەها خۆی نیشـاندەدا کە گوایە لە پەیامەکە تێگەیشتووە. ئەم دووانەش وەها فێرکرابوون تەنهـا تەنهـا نـامەکەیـان دەگەیـانـد و هیچیتر، بواریـان نەدەدا بە شاباز بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیاندا و خێرا هەڵدەستان و دەڕۆیشتن. کۆمیـدیترین شـــت ئەوەیە، تێبینیمکرد بوو کە ئەم دووانە بەم ســـەری پیریانەوە تا ئێســـتاش ئەم نەریتەیان لەگەڵ شـــابازدا نەگۆڕیوە، هەمیشـــە فەرامۆشـــی دەکەن. تەنـانەت لە لوتکەی دەســـەڵاتی شـابازدا ئەو دووانەم بەتەنێ لەگەڵ شـابازدا نەبینووە، هەربۆیە تاوەکو ئەمڕۆ، ئەم دووانە بوونەتە گرێی دەروونی شاباز، چونکە خۆیان چەندە قێزەوەنن دە ئەوەندە قێز لە شاباز دەکەنەوە، پێدەچێت ئەم خووە سەیرەیان لە مورادی نەقشـەزەدیی ئاغایانەوە بۆ مابێتەوە.

با ئێســـتا بێمەوە ســـەر ئەو زەمەنەی خاڵە و شـــاباز بۆ ناوچە ســـنووریەکان دەگەڕێنەوە، لەو ماوەیەدا دوو ڕووداو ڕوودەدەن؛ یەکێکیان تا ئێستا لە هیچ تۆمارێکی مێژوویدا نەنوسراوەنەتەوە و زۆر پێش ئەوەیە کە خاڵە و شـــاباز بەتەواوەتی بەناو قووڵایی

ناوچە شـــاخەواییەکاندا جوڵە بکەن. ئەویتریش کارەســـاتی ســـێ گۆشـــــە ســـــنووریەکە بوو، کە زیاتر لە ســـــێ ســـــەد و پەنجا پێشـــــمەرگەی چەکـدار و بێ چەک لەو ســـــێگۆشـــــەیەدا بە بەرنـــامەڕێژکراوی گوولەبـــارانکران. پێموایە ئەم دوو ڕووداوە بەجۆرێک لە جۆرەکـان پێکەوە گرێدراون. بەڵام بـا من دووبـارە ئەقڵە ســـەگانەکەم ڕێکبخەمەوە، چونکە وەک دەبینین لە بابەتێکەوە بـاز هەڵـدەدەم بۆ ئەویتر و وەک ئەو یـارییە وەهـایە کە ڕۆژانە لەگەڵ تۆپێکی مەتاتی یان بووکەشـوشـەیەکی پەڕۆینە دەیکەم، یان ئەو هەموو مووشـــــەکردنەمە بە ژوور و هەیوان و حەوشـــــە و باخچەکانی ئەم کۆشـــــکەدا، کە لەبەیانی زووەوە دەســـــتپێدەکات تاوەکو نیوەشـــــەوان. بەجۆرێک بێئۆقرەیی و خەمی دووری خاڵە دەمهێنێت و دەمبات و بێدارم دەکات...

دەبێت ئەوەش بڵێم؛ پیاســـــە و ڕاکەڕاکە و ســـــەرکردنم بە هەموو کوونێکدا هیچ نییە لە چاو ســـەگی تردا، بەســـادەیی، چونکە قاچم کورتە و خرپنم و لووتم پانە و کێشـەی هەناسـەدانم هەیە. من بە ســــروشـــــتی خۆم هێمنترم لە ســـــەگەکـانی تر، بۆ نموونە لە هەوشـارەکانی هاوڕێم کە ئێسـتا ئەوان کۆن بوون، سـەگی کۆنیش هەر دەخەوێت و تەمەڵە. بەڵام لە هەڕەتی لاویاندا ئەم هەوشارانەی ئێســـــتا کە هـاوڕێی من و خـاڵە بوون وەک حـەمـە عـەینـە بۆر کە دەمێکە خەفە بووە، حەســـەنە گۆجی ســـێ قنگ و عوســـە کوێری کرماشـانی کە ئێسـتا نەک کۆن بوون بەڵکو چاویشـیان کز بووەو تەنها بە بۆن دەمناسـنەوە. ئەوانە جاران خووی سـەیر سـەیریان هەبوو، بە ڕۆژ دەخەوتن و بە شـەویش تاوەکو خۆر هەڵدەهات بە دەوری کۆشـــکی خاڵەدا ماخۆلانیان بوو. بەیانیان کە خاڵە دەهاتە

ســـەر تارمەکە و قاوە عەرەبیەکەی دەخواردەوە، هەرســـێکیان لە چیمەنەکەی بەردەمی خاڵەدا بەڕیز وەک ئەفســەر دەوەســتان و لە پشـــتیانەوە ســـەگەوانە زیرەکەمان خەلیل بەگی ئامۆکیان وەک پاسەوان و سەگەوانی یەکەمی خاڵە و پاشان سەگەوانی دووهەم نەوشـــیروانی کەتەر و شـــێخ حســـە چەقۆ کوولی ســـەگەوان و پیاوکوژی تایبەتی خاڵە، بەیانی باشـیان لە خاڵە گەورە و لەم من، مۆپسی پاشا، دەکرد. خۆ ئەگەر یەکێکیان ناوی منی لەبیربچووایە و تەنها بەیانی باشی لە خاڵە بکردایە، ئەوا بەر گۆچانە پیرۆزەکەی خاڵە دەکەوت. بیرمدێت، بەیانیەک نەوشـــیروانی کەتەر بۆ جاری چوارەم بیری چوو بەیـانی بـاش لە من بکـات، ئیـدی ئەو ڕۆژە فەلاقەیەکی باش کرا. ئەو بەهیوا بوو کە خاڵە لێی تووڕە بێت و دارکاری بکات، چونکە تووڕەبوونی خاڵە هەمیشـــە پاداشـــتی لە دوابوو، بەڵام لەجیاتی ئەوە خاڵە بە خەلیل بەگی ئامۆکیانی گووت؛ لە بەردەم کولانەی سەگەکاندا فەلاقەی بکە. ئیدی ئەمەی لێی بوو بە گرێ، بەتـایبەت لە ڕقی خـەلیـل بـەگی ئـامۆکیـان کە هەرگیز نەیدەهێشـــت ببێتە ســـەگەوانی یەکەمی خـاڵە گەورە. لە کـاتی جیابوونەوەی دکتۆر شـــاباز لە حیزبمان، نەوشـــیروانی کەتەریش چوو بۆ گردە غەمبـارەکە و بووە پیـاوی شـــابـازی مچە گەڕ. بێگومان بە هیوایەی ئەویش هەمان شـوێنای سـەگەوانە زیرەک و دڵســـۆزەکەمـان خەلیـل بەگی ئـامۆکیـان لە گردە غەمبـارەکە، وەربگرێت. بەڵام ئەوەی لە بیرچوو بوو کە بیســـت و پێنج ســـاڵ تێپەڕی بوو بەسەر ئەم گەمە کۆنانەی سەنگەر گواستنەوەدا. جگە لەوە، زەمەنی خاڵە نەک لای شـــابازی مچە گەڕ، بەڵکو لای هیچ سیاسیەکی ئەم مەملەکەتەدا دووبارە نابێتەوە. ئەوسا بیستم شاباز

گوتبووی ``ئەم چەکلە پیرەم بۆ ئەوە هێنــاوە، تەنهــا بۆئەوەی نیشــانی خاڵەی بدەم کە دەتوانم حیزب وەک ســێوێک لەت بکەم و بیبەم لەگەڵ خۆمدا`` خاڵەش کە ئەمیان بۆ گێڕابۆوە بەپێکەنینەوە گوتبووی``بــا لەتە بۆگەنەکە ببــات بۆ لای خۆی، چونکە دوایی پاکژەکانی ئەویش بۆ لای من گلۆردەبنەوە``

هەموو مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیەکان، لە پشتی خاڵەوە بڵەبڵیان بوو، چونکە وایاندەزانی خاڵە خەڵەفاویی لێداوە، دەنا چۆن لەتە ســێوی بۆگەن، ســێوی ســاغ بەردەداتەوە. بەڵام کاتێک لەم مەتەڵە تێگەیشتن کە نەوشیروانی کەتەر هاتەوە بۆ ئەم کۆشکە و بەسەر قاچی خاڵەدا کەوت. خاڵە نەک هەر وەریگرتەوە، بەڵکو تازەترین ئۆتۆمبێلی پێ بەخشـــی. نەک هەر ئەوە، بەڵکو کوڕەکەی خســـتە بەرنامەی تواناسازیی خوێندن و بەرەو ئەمریکا ناردی. خانوویەکی دوو قاتی لە گەڕەکی ســەرفرازان و باخێکی لە دەرەوەی شــار پێ بەخشی. تەنانەت کە دەچووە دەرەوەی کۆشک، چەند پاسەوانێکی تایبەتی تەرخانکردبوو، وەک ســـێبەر بەدوویەوە بوون. ئاوەها نەوشـــیروانی کەتەر گوونی خاڵەی نیشـــانی هاوەڵە دێرینەکانی ئۆپۆزیســیۆن دەدا، بەدەســتی ئەنقەســت ڕۆژی چەندەها جار بە ئۆتۆمبێلە نوێ و پاسەوانەکانیەوە بەسەر شەقامی بەردەمی گردە غەمبارەکەدا فڕک و هوڕی بوو. هەر کە یەکێکی لە هــاوەڵەکانی گردەکەی دەبینی بۆی دەوەســـتا و ســـەری دەخســـت و دەیبردە گرانبەهاترین ڕیســتۆرانتی شــار، کە بورجێکە لە شــێوەی کێرێکی زل لەســەر گردێک دروستکراوە. لە ناو ســەرەکەیدا، ڕیستۆرانەکە بەســـەر هەموو شــاردا زاڵە و ناوی (ڕیســتۆڕانتی پۆپە) کە گوایە ئاماژەیە بۆ موزیکی پۆپ، بەڵام لای خەڵکی شار هیچیتر نییە جگە

له پۆپێکی گەندەڵی نەبێت، خاوەنەکەی کاتی خۆی لە بەگرتدانی کۆمۆنیستەکانەوە ئەم فالوسە مەزنەی لەخەیاڵدا بوو... خاوەنەکەی جاران لای بەعسیەکان نەیدەتوانی جگە لە پەلەوەرخانەیەکی مریشک، زیاتری هەبێت، بەڵام لە سایەی حزبمان ئێستا فالوسەکە بە پۆپەکەوە، لەڕێگەی بریسکەی پرۆجێکتەرەکە ڕەنگاو ڕەنگانیەوە تف دەکاتە گەڕەکە هەژارەکانی چواردەوربەری. ئاوەها، لەم سەری پۆپە دا، نەوشیروانی کەتەر یەک بە یەکی لە کادێرەکانی گردەکەی ڕاودەکرد و دوای چەند ڕاوێکی ئاوەها، شەوانە ماڵەکەی پڕبوون لەو چایی فڕکەرانەی ئۆپۆزیسیۆن کە لە شاباز بێ هیوا بوو بوون، و لە ئێوارەوە لە دیوەخاندا چاوەڕێی مامۆستا نەوشیروانی کەتەر بوون. ئاوەها، باشترین کادێری میدیای فیتنەچی، باشترین چەکلی ئۆپۆزیسیۆن، نایابترین لەشفرۆشی نارەزا، ناوازەترین گەوادیی هەڵبژاردنەکان، شارەزاترین فەیسبوکچی جنێوفرۆش، ڕێویترین ڕۆژنامەبازی مەیدانەکە، سووکترین گەعدەچی پلە شەش و ڕیسواترین لگاوچی حیزبەکان، لەسەر دەستی نەوشیروانی کەتەر، هەریەکەی بە پێی قورسایی خۆیی، نرخیان لەسەر خۆیان دانا و گەڕانەوە ناو حیزبمان... گاڵتەتان بە ئەمانە نەیەت، چونکە ئەمانە لە هەڵبژاردندا هەزارەها دەنگی ئۆپۆزیسیۆنیان بۆ حزبمان، حزبی سۆسیال – لیبرال، مسۆگەر کرد. دوایی کە خاڵەش بۆ جاری چوارەم هەڵبژێردرایەوە بە سەرۆکی ئەم مەملەکەتە، ئەوسا لە مەتەڵی ``لایە ڕزیوەکەی لایە ساغەکەم بۆ دێنێت`` تێگەیشتین. باشتریش تێگەیشتین کە خاڵە گووتی`` شاباز لەتێکی گەنیوی منی برد، بۆ ئەوەی لەتە سێوە ساغەکانی بتەکێنم``

من، مۆپسی پاشا، باشتر لەم فەلسەفەیەی خاڵە تێگەیشتم  بەوەی، گاڵتەجاڕی دونیایە کە لەتە ڕزیوەکان لەتە ســـاغەکان بۆ خۆی دێنێت. لەتە بۆگەنەکان، ســـاغەکان چالاک دەکەنەوە، پیســـەکان پاکەکان لە پاکژبوونی خۆیان هۆشـــیاردەکەنەوە. خیانەتکاران و ســـیخوڕ و دەمپانکەرەوەکـان خەونی ئیمپراتۆریەتە گەورەکـان زیندودەکەنەوە، نەتەوەکان لەسەر شانیان ڕادەگرن... ئاوەها موراد نەقشـــەزەدیی بۆگەن، من و عەبدولڕەحمان زەردەکی لەم دونیا و مێژووەدا وەئاگا هێنایەوە، بەجۆرێک، کە ئێســـتا من چوومەتە ئەودیوو مێژووی نوســـراوە و ڕەســـمیەوە، نهێنی و کۆدەکانی دەکەمەوە. بەڵام لەدواجـاردا ئەمەش ئەقڵی گـاڵتەجـاڕی مێژووە، بەوەی تەنهـا بیرمەنـدەکـان میژوو نـاپـارێزن، بەڵکو زۆرجـار چڵکـاوخۆر و مەســـینەخۆر و لەشـــفرۆش و دەمپـانکەرەوە و قۆشـمەکان، بە میتۆدی  خۆیان مێژوو دەخەنە سـەر هێڵێکی دیکە، کە هەرگیز پێیدا تێنەپەڕیوە.

بێگومان ئەم هەموو ڕەدەڵوبەدەڵە سیاسی و حیکمەتی لەتی ساغ و بۆگەنە لەو چرکەساتەوە دەستیپێکرد کە نەوشیروانی کەتەر بۆ چوارەم جار لەبیری چوو بەیانی باشم لێ بکات. بەڵێ، ئەو زەمەنە خاڵە ئەوەندە منی خۆشـــدەویســـت، بەجۆرێک  کەس نەیدەوێرا لە بەیانی باشیشدا فەرامۆشـم بکات. ئێستاش، دوای ئەم ماوە دوور درێژە لە ئاوارەیی وخەوتنی پەناوپەسێو و ســـەرکردن بە تەنەکە خۆڵەکاندا، چەند ڕۆژێکە گەڕاومەتەوە ژوورەکەم. بەڵام چیتر نە من و نە هەوشـــارە دڵســـۆزەکانمان و ســـەگەوانەکانمان، هێز و

گووڕی جارانمان نەماوە. هەموومان لەگەڵ خاڵەدا پیربووین و هەمووشمان چاوەڕێی هەستانەوەی خاڵەین لە بێهۆشیە درێژخانەکەی لە خەستاخەنەی پێرسێی پاریسی. هەمووشمان لەگەڵ هاتنی ئێرای شنەقۆنەرە و جەڵدە یەک بە دوایەکەکانی خاڵەدا، پەراوێز خراین و خراینە تەنەکە خۆڵەکانی زەمەنی نوێی شنە قۆنەرە و لەشفرۆشەکانی حیزبەوە. ئیتر زەمەنی ئاڵتونی هەوشارەکان و بەیانیانی قاوەخواردنەوە و وەستان لەبەردمی خاڵە و بەیانی باشکردن لە من گوزەشت. بەڵام، گرنگ ئەوەیە من گەڕاومەتەوە ژوورەکەم و دەتوانم لەسەر وەسیەتی خاڵە چیرۆکی ئەم گەندەڵییە بە زمانە پیسەکەی خۆی بنوسمەوە.

٧

بابگەڕێمەوە سەر پلانە گەورەکەی پاکتاوکردنی شۆڕشگێڕە ڕۆمانسیەکانی حەفتاکان، کە پێدەچێت هەر ئەو کاتە ئەو پلانە داڕێژرابێت کە مورداى نەقشەزەدیی هەم لە ڤێلاکەی قاهیرە و هەم لە نەمسا، پێشئەوەی خاڵە بە هەلیکۆپتەری تورکەکان لە سنووری کوردستان دابەزێت، ئەم پیلانەیان تاوتوێ کردبێت. بەڵام لێرەدا دەلاقەیەکی ژەهراوی هەیە کە لە نێوان کارەساتە گەورەکە و پلانەکەی چەند ساڵێک پێش کارەساتی ``چاڵدێرانی دووهەم`` خۆی ڕادەکێشێت. ئەویش ئەو کاتە ئاشکرا بوو لام کە

لۆردەکان، لۆرد جێفرسۆن و هیزل، لە شەوانی پێش گەڕانەوەیان بۆ لەندەن لەگەڵ ویسکی خواردنەوەیان لەم کۆشکەدا، یادەوەرییە سیخوڕییەکانی خۆیان فێنک دەکردەوە و ڕووداوەکانیان دەگێڕایەوە. منیش گوێ قوڵاغیان بووم و ئێستاش لەسەر وەسیەتی خاڵە خۆی`` هەمووی دەگێڕمەوە و مووی لێ ناپەڕێنم`` هەربۆیە دەچمەوە سەر نامیلەکەیەک بەناوی (چاڵدێڕانێکی تر) کە لەڕاستیدا ڕاپۆرتێک بوو، کاتی خۆی خاڵە داوای لە شابازی مچەگەڕ کردبوو وەک ڕاپۆرتی ساڵانەی هەڵسەنگاندن، پێشکەشی سەرکردایەتی بکات. لە ڕاستیدا ڕاپۆڕتەکە لە شێوەی نامیلەکەیەکدا چاپ بوو، لە ناوەڕۆک و لە ئارگومێنتسازیدا هەژار بوو، بەڵام چەند سەرەداوێکی مەترسیداری دەخستە بەردەستی ئەقڵێکی مێژوویی دروست کە بتوانێت ڕووداوەکان پێکەوە گرێبدات و وێنە گەورەکەی لێوە پێکبهێنێت. بەڵام ئەو ئەقڵە پڕ کڵپە شۆڕشگێڕی کوێری ئەو زەمەنە کە خاڵە و شابازی لەلا پیرۆز بوو، خاڵەیان بە سەرۆکی گشتی و شابازیان لەدوای کوشتنی (سوارە) بە ڕابەڕی مارکسیزم – لینیزمی کوردیی تێدەگەیشت. ئەم ئەقڵیەتە گەمژەیە لە خەونبینەریدا بەرپێی خۆی نەدەبینی، چجای بتوانێت دێڕەکانی نێوان ئەم نامیلکەیە بخوێنێتەوە. بەمەرجێک، وەک لۆرد هیزل دەیگووت``بۆ یەکەمجارە ئەم شابازە باستاردە، هەست بەتاوان بکات و بیەوێت جێگەپێیەکی خوێناوی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێبهێڵێت. بۆ هیچ نا، تەنها بۆئەوەی نهێنی کۆمەڵکوژیە ئاشکرابکرێت کە ئێمە نەخشەمان بۆ کێشا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان لە چەپ و مارکسییەکان پاکردەوە. بەتایبەت (سوارە) گەورەترین گرفتی ئێمە بوو لەناوچەکەدا، حکومەتی شاهەنشا

ڕاپۆرتیان نوســـــیبوو، گوزارشـــــیان لە نیگەرانی خۆیان کردبوو بەوەی ئەمجارە کورد لەناو خێڵ و بنەماڵەکاندا دەســـــت نادەتە چەک، بەڵکو لە نـاو تەوژم و ئـایـدۆلۆژیســـــتە چەپە نوێیەکـانی ڕاپەڕینی خوێندکارانی ١٩٦٨ پاریس و بەرلین، پەلاماری ســنوورە ستراتیژەکانمان دەدەن. هەربۆیە لەدوای کوشتنی سوارە دەبوایە شـــــۆڕش هەم لە ناســـــیونالیســـــتە پەڕگیرەکان و هەم لە کۆنە سـیخوڕەکانمان کە لەگەڵ خاڵە و شـابازدا هاتبوون و زیادەبوون، و هەم لەو کادێرە چەپانەی کە دەکرا لەداهاتوودا ببنە سـەرکردەی چەپ لە نـاوچەکەدا، لە هەموو ئەمـانە پـاکبکرایەتەوە. دەبوایە لەنـاوچەی چـاڵدێران پاکتـاوبکرانـایە کە بـاشـــترین جوگرافیـای پلانڕێژیمان بوو، هەر واشمان کرد``

هەر لەســـــەرەتای نامیلەکەی (چاڵدێرانەکی تر) شـــــاباز باس لەوە دەکات، کە خاڵە و  چەند ســـــەکردەیەکی ســـــەربازی کە لەدێر زەمانەوە لەگەڵ خاڵە بوون، بە نامە زۆربەی لایەنە نەیارەکانیان لە پیلانی جوڵەی هێزەکـانیـان ئـاگـادارکردبۆوە. هەر لە یەکەمین دۆڵی سەر سنوور، کە بە (دۆڵی تڕان) ناوبانگی دەرکرد، ئەم پلانە چوو بووە جێبەجێکردنەوە، بەڵام بە شـێوازی دانوسـتانێکی نهێنی لەگەڵ بە عسـیەکان. شـاباز زۆر پێش خاڵە لەگەڵ ئەم سـەرکردە ســـــەربـازیـانە لە (دۆڵی گورگـان) بەهێزێکی بچوکەوە چـاوەڕێی هاتنەوەی خاڵە بوو. شـــــابازیش چەند ڕۆشـــــنبیرێکی پارچەکانی دیکەی کوردستانی لەگەڵ خۆیدا دا هێنابوو، زۆربەیان خوێندکاری زانکۆ بوون لە دیمەشـــــق  و لوبنـان و ڤێناوە هـاتبوون. زۆربەی هێزەکەی دۆڵی گورگان بێ چەک بوون، جگە لە فەرەیدون عەزیز و فەتاحە وسـوە کوێر و عەبدولای حاجی کوران نەبێت، کە ئێسـتا

بە عەبەی دەرمانفرۆش ئەندام مەکتەب سیاسی ناسراوە. جگە لەم دەستەیە و سەرکردە سەربازیەکان و چەند پێشمەرگەیەک نەبێت، دەنـا زۆربەی پێشـــمەرگەکـانی دیکە بێ چەک بوون و ڕۆژە درێژەکـانی چـاوەڕوانی خـاڵەیـان بە چەنـدەهـا کۆبوونەوە لەمەڕ چارەنوسی شۆڕش و نەخشەی داهاتوو بەسەردەبرد. زۆرجاریش لەســـەر دەوڵەتی کوردیی و ســـەربەخۆیی کوردســـتان دەبووە شەڕیان. ئەوەندەشیان کۆبوونەوە کردبوو تا گەیشتبوونە خەیاڵی دوای ســـەرکەوتنی شـــۆڕش و چۆنێتی دابەشـــکردنی بودجە و پۆست و پلەکانیان لە سوپای داهاتووی دەوڵەتی کوردیدا. تەنانەت لەگەڵ ئەگەری دانوستاندا لەگەڵ بەعسیەکاندا، بیروڕاکانیان جیاوز و دژ بەیەک بوو. بەجۆرێک، چەند جارێک خەریک بوو یەکتر بە بەرد و لیس و قەمە بکوژن و یەکتریان زامدار کردبوو. زۆرجاریش لەنیوەی کۆبوونەوەکاندا جڕتیان بۆ یەکتر لێدەدا و شـــەڕە بۆکس دەستیپێدەکرد. بێگومان ئەمانە زیاتر ئەو پێشمەرگە و ڕۆشنبیرە ڕۆمانســـیە گەنجانە بوون کە وایاندەزانی دەتوانن بە شـــەو و ڕۆژێـک دونیـا بگۆڕن و پلانی حکومەتی داهـاتووی کوردیی دابڕێژن، بەوەی ئایا ئەو حکومەتە سۆسیالیزمە، سەر بە مۆدێلی چینی بێت یان ســـۆڤیەتی. هەموو ئەمانە خەیاڵ و پلاوی دوای سـەرکەوتنی شـۆڕشـێک بوو کە هێشـتا وەک دەیانگووت ``نەک فیشـەکێک، بەڵکو تڕێکی نەنابوو بە بەعسـیەکانەوە`` لەوەوە دۆڵی گورگان ناوی (دۆڵی تڕان)ی بەســـەردا بڕا... ســـەیر لەوەدابوو ئێوارانیش کە هیلاک دەبوون لە خەیاڵەکانی دوای شـــۆڕش، کاتی خۆیـان بە گـاڵتە و ســـوعبەت و جڕتلێدان و تڕلێدان و بەیەکتر ڕابواردن بەسەردەبرد. یەکێک لەو گەنجانەی کە خەڵکی ڕۆژئاوای

کوردستان بوو، بەنیازی شۆڕش لە ڤێنای ڕۆشنەوە هاتبووە ئەم دۆڵە ڕووتەن و ترســـناکە و وازی لە خوێندنی زانکۆیی خۆی هێنابوو، لەگەڵ شـابازدا هاتبۆوە. دوای ئەم ماوەیەی چەند جارێک لەگەڵ فەرەیدون عەزیز، با بڵێن فیفی عەبدەکەی خۆمان و فەتاحە وسوە کوێر و عەبدوڵای حاجی کوران دەبێتە دەمەقاڵەی، بڕیاڕیدا ئەم بنەشـــۆڕشـــە جێبهێڵێت. دوا قســـەشـــی بۆ شـــاباز ئەوە بوو``شـــۆڕشـــێک بەم دەمپانکەرەوە و قۆشـــمانە هەڵگیرســـێت، دەرئەنجامەکەی ئەم دۆڵی تڕانە دەبێت`` لەو ڕۆژەوە ئەو دۆڵەی ســەرەتای هاتنەوەی خاڵە و یەکگرتنەوەی شـاباز و خاڵە بوو، بە `دۆڵی تڕان` ناســـرا، هەر لەو دۆڵەشـــدا ئەم قۆشـــمانە یەکەمین ڕایەڵی خۆیان بەناوی دانوســـتانی نهێنی لەگەڵ بەعســـیەکاندا، ڕاکێشا. گەر سەبرتان هەبێت، تۆزێکی تر ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە.

لەنامیلەکەی شـــابازدا `چالدێرانێکی تر` هاتووە کە بۆ ئەنجومەنی بەرەی یەکێتی ڕەنجبەران بەرزی کردبۆوە، کە ســـەرەتـا پێش ئەوەی هێزەکانیان بەرەو ناوچەی ســـێ ســـنووری چاڵدێران بجوڵێنن، نامەیان بۆ کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر نوســی بوو، ئاگاداریان کردبوونەوە کە بە نیەتێکی باش دێنە ئەو ناوچە ســـێ ســـنووریە کوردییەی نێوان ســـنووری ئێراق و ئێران و تورکیا. دیارە ئەو زەمەنە مەلای گەورە دەمێک بوو بە نەخۆشـــی دڵ لە خەستاخەنەیەکی هەژاری `واشتن دی سی` دڵی وەستابوو. وەک نەیارەکانی دەیانگووت؛ دوا پرســـیار و حەســـرەتی ئەوەبوو``هیچ کوڕی قەحبەیەکی ئەمریکی یـان ئێرانی، نەهـات بۆ ســـەردانم``

بەمجۆرە تەرمەکەیان لە واشتنەوە هێنایەوە بۆ ئێران و هەر لەوێ ناشتیان...

دەمەوێت لەم خاڵەدا بوەســـتم و شـــتێکی تر بڵێم، بەوەی من لەم کۆشـــکەدا کە پڕە لە گەوادی ســـیاســـی و قووندەری دەولی و گووشـــۆری لۆکالی، چیرۆکی ســـەیر و ســـەمەرەم دەربارەی تەرمەکەی مەلا گەورەی دەمگەوهەر بیســـتووە، هەندێک دەڵێن؛ بە فەرمانی خاڵە تەرمەکەیان لە گۆڕەکەی دەرهێناوە، ونیانکردووە و فڕێداوتە چەمی گەورەوە. بەڵام ئەســـتەمە بڕوا بەم گێڕانەوەیە بکەم، چونکە هەمیشـــە خاڵە گەورەی میهرەبان خۆی بە شـــاگردی مەلاگەورەی دەمگەوهەر تێدەگەیشـــت. تەنانەت هەموو جارێک بە شـــانازیەوە دەیگووت``ئەو قۆنەرەیەی گرتیە ســـەرنوســـەری ڕۆژنـامەی حیزبی کوردان بەر من کەوت`` ڕۆژنـامەکە ژەنراڵ عەبدولکەریم قاســـم و جێگرە ناســـیونالســـتەکەی عەبدولڕەحمان عارفی تووڕە کردبوو، لەبەر هیچ نا، چونکە باســـی ســـەربەخۆیی کوردســـتـانی کردبوو. ئەو قۆنەرەیەی مەلای گەورە بەر خـاڵە کەوتبوو. خاڵەیەکی گەنج کە تازە لە بەرلینی ڕۆژهەڵات گەڕابۆوە و چوو بووە ســـەردانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر. خـاڵە بۆی گەڕامەوە گـووتـی`` بەڕێکەوت بـردمـی بۆ ئەوەی ڕۆژنـامەکە دابخات، هەر لەوێ تووڕە بوو و قۆنەرەکەی گرتە ئەو ناجســـنە، بەڵام بە هەڵە بەر من کەوت. مەلای گەورە زۆر پێی ناخۆش بوو، هەر لەوێ مەرحەمەتی جولا، ئیدی لەجیاتی ســەرنوســەرەکە هەر لەوێدا منی کردە ســـەرنوســـەری ڕۆژنامەکە، هەر لەوێش لەســـەر لیستی جەنابی بووم ئەندامی مەکتەبی سیاسی. هەموو جارێکیش

دوای ئەم ڕووداوە، کە لە مەکتەب سـیاسـیەکـانی توورە دەبوودەیگووت؛ قۆنەرەکەم لەهەمووتان موسەقەفترە``

لەبەر ئەم هۆکارە ئەستەمە بڕوا بەوە بکەم کە خاڵە تەرمەکەی مەلاگەورەی دەمگەوهەری فڕانـدبێـت. بەڵام چیرۆکێکی تری گۆڕهەڵدانەوە و فڕاندنی تەرمەکەی مەلا گەورەی دەمگەوهەر هەیە کە دەڵێن؛ سـێ جـار گۆڕەکەی مەلا گەورەی دەمگەوهەریـان هەڵدابۆوە و هەموو جارێک سـاڤاکی شـاهەنشـا، تەرمەکەیان دۆزیبۆوە، بەڵام لە چوارەم جـاردا تەرمەکەیـان گۆڕ غەریـب کردبوو. هەندێکتر دەڵێن؛ شـۆڕشـگێڕە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لە پای تیرۆرکردن و ڕادەسـتکردنی شـۆرشـگێڕەکانی وەک ``خەلیل ڕۆژبـاش، سـولەیمـانی عەیـانی، مەلا پەڕاگەنـدە، حەسـەنی وەرتێ و مارگرێتی موعینی و گوڵاڵە بانەیی و چەندانی تر...`` بە سـاڤاکی ئێرانی. تەرمی مەلای گەورەی دەمگەوهەریان بۆئەبەد فڕاندو و ئێسـقانەکانیان وورد و خاش کردبوو، تەنانەت دەڵێن بە ناو زبڵی شـارەکانی کوردسـتاندا دابەشـیان کردبوو. هەروەهـا دەڵێن؛ کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر دوای ئەوەی هیچ ئێسـقانێکی مرۆییان دەسـت نەکەتبوو، تورەکەیەکی خامی سـپیان پڕکردووە لە ئێسـکی ئاژەڵ و لە تاران لە قەبرسـانێکی چەپەک ناشتوویانە...

ساڵ هات و ڕۆیشت، هەر لەدوای دەرکردنی سوپای بەعسیەکان، لەگەڵ گەشـەکـردنـی حـزبە نـوێـیەکەی کـوڕانـی مەلاگەورەی دەمگەوهەر لە کۆنفراسـێکدا ناوی حزبەکەیان لە (حزبی کوردان) وە گۆڕی بۆ ``حزبی کۆنزەڤاتیڤی نوێی کوردسـتان`` هەر لەو کۆنفراسـەدا بڕیاردا جێماوە تەرمەکەی مەلای گەورە دەمگەوهەر

بێتەوە کوردســـتان. ئاوەها بە شــــارەکاندا هاتەوە دوا مەنزڵگەی خۆی. ئەنـدامـانی حیزبمـان وەک دەڵێن کردبوویـان بە نوکتە و گوتبوویان ``ئەم نۆکاوەمان تەنها لولاقی گوێرەکەیەی کەمە``

تەنانەت لەو زەمەنەشـــدا کە خاڵە گەورە بەوە تۆمەتبار دەکرا خەڵکی ڕاســـپاردبێت و تەرمەکەی مەلای گەورەیان فڕاندبێت. لەو زەمەنەدا، خاڵە نامەیەکی نوســـی بۆ هاوســـەری یەکەمی مەلای گەورە و بە شـــانازیەوە خۆی وەک ``شـــاگردی موخلیســـی مەلا گەورەی دەمگەوهەر`` پێناسـە کرد. ئەوسـا مندالانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر لە قوولایی ئازربـاینجـان و بە تـایبەت ئێرانـدا وەک هێزێکی تایبەت لە ژێر ســـێبەری (ســـاڤاک) دا کاریان دەکرد. لەو نامەیەدا خاڵە بەڕوونی ئاگاداری کردبوون کە هێزەکانیان دەبنە ناوچە سێگۆشـە کوردییەکەی نێوان سێ سنووری ئێران و ئێراق و ئێران کە بە ناوچەی چاڵدێڕان ناسـراوە. تەنانەت شـابازی مچە گەڕ لەنـامیلەکەکەیـدا (چاڵدێرانێکی تر؛ ئەزموون و کـارەســـــات) ئاماژەی بە چوار نامە دابوو، یەکێکیان نامەی خاڵە بۆ هاوســـەری دووهەمی مەلاگەورەی دەمگەوهەر، هەروەهـا نـامەی خۆی بۆ حزبێکی ئۆپۆزیســـیۆنی ئێراقی لە دیمەشـــق. هەروەهـا ســـێ ســـەرکردەی دیکەی ســـەربازی بۆ هاوڕێ دێرینەکانیان کە لەناو هێزەکانی کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەردا پلەی ســـیاســـی گرنگیـان هەبوو. ئەوانیش نـامەیـان بۆ ئەو حیزبـانەی قوولایی باکووری کوردستان نوسی بوو، بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ میتی تورکیدا هەبوو، باسی ئەوەیان کردبوو؛ کە بە هێزێکی گەورەوە دێن بۆ نـاوچەی ســـێ ســـنووری (چاڵدێران) ولەوێ مـاوەیەک دەمێنینەوە... بێگومـان ئەم ســـێ ســـەرکردەیە دوایی

بەردەستدەکەون و بە داربەڕوویەکی زەبەلاحەوە هەڵدەواسرێن و لەلایەن دکتۆرێکی فەرەنسی زان، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆنزەڤاتیڤ بوو، بەر ئار بی جی ڕووسی دەدرێن. جەستەیان وەها دەپڕژێت، کە بوونە قیمە گۆشتی ئادەمی، بوونە خۆراکی داڵەکەرخۆرە و گورگ و ڕێوی و سەگی بەڕەڵای برسی ئەو شاخ و کێوە سەختانە...

بەمجۆرە هەر خۆیان، شاباز و خاڵە گەوەرە و سێ سەرکردە سەربازیەکە، چەند مانگێک پێش جوڵەی هێزەکانیان داوادەکەن هێزەکانی کوڕانی مەلاگەورە ڕێگر نەبن بەرامبەر ئەو هێزەی کە سێ چارەکیان چەکیان پێ نییە و تەنها بۆ چەک وەرگرتن دێنە ئەو ناوچانە و پاشان دەکشێنەوە ناو قووڵایی باشووری کوردستان. ئەو چەکانەی گوایە لەلایەن حزبێکی کوردی باکووری کوردستانەوە پەیمانیان پێداون.

لەکاتی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانەدا، لۆرد جێفرسۆن ڕووی کردە من و گووتی`` ئاها مۆپسی پاشا، سەیر نییە، بە چ ئەقڵێک نامە دەنوسن بۆ هێزێکی نەیاری خۆیان، کە سوور دەزانن ئەم نامانە دەچنە بەردەستی ساڤاک و میت و موخابەرات`` یان وەک لۆرد هیزل گووتی ``نامیلەکەکە خۆی باسی ئەوە دەکات کە ڕێکەوتنامەی ١٩٧٥ و پاشان ڕێکەوتنامەی ١٩٧٧ نێوان ئەم سێ دەوڵەتە بۆ پاراستنی سنوورەکانیان ئیمزا کرابوو. هەر هێزێک لەو ناوچانەدا بوونیان هەبێت لەناودەبرێن. بە چ ئەقڵێک نامەیان بۆ دەنوسن``

لۆرد هیزل سەیرێکی منی کرد و گوێی لەو مرە ناسکەی من بوو پاشان گووتی ``ئافەرین مۆپسی پاشا، تەواوە مرمرەکەت، هەقتە

تووڕە بیت، ئاخر ئەمەش بە ئاگاداری ئێمە بوو، هاهاها، ئەم نامانە پلانی ئێمە بوو خاڵە و شـاباز جێبەجێیاندەکرد. خاڵە گەورە لە پای ئەوە ملیۆنێک دیناری ئێراقی ئەوســای وەرگرت کە دەیکردە چوار ملیۆن دۆلاری ئەو کـاتە و خرایە ســـەر ژمـارەی بـانقیەکەی لە لەندەن، بەڵام شـــاباز هیچی بەرنەکەوت. بێگومان وەک ســـزایەک لەپای باســـکردنی ئەو نامانە، چونکە بڕیارڕ نەبوو لەم ڕاپۆرتەدا باسبکرێت، بەڵام شاباز بەپەلە و بێ پرسی خاڵە نامیلەکەکەی چاپ کردبوو``

ئەم دوو لۆردە باســـیـان لەوە کرد؛ نـامیلکەی (چـاڵدێرانێکی تر، ئەزموون و کارەسـات) لە دوای کارەسـاتەکە لە ئێران چاپکرا بوو. ســـاڤاک چەندەها کۆپیان بۆ خۆیان هەڵگرتبوو، چەندەها کۆپیان بۆ موخـابەراتی ئێراقی و میتی تورکیش نـاردبوو. تەنـانەت دوو کۆپیــان بە وەرگێڕانێکی جوانەوە بۆ ســـەر زمــانی ئینگلیزی گەیاندبووە ئۆفیسی ئەم دوو ئەفسەرە بریتانیەی کە دوایی لە پای خزمەتەکانیان بۆ شـاژن و تاجی گەورە، لەسـایەی کوردکوژییەوە پلەی لۆردیان پێ بەخشــین. لۆرد جێفرســۆن و هیزل کە ئەوســا هێشـــتـا نـازنـاوی لۆردیـان پێ نەبەخشـــرابوو، خێرا لە ڕێگەی تەتەرەکانیانەوە داوایان لە خاڵە کرد بوو بەرەو لەندەن ســـەفەر بکـات. خـاڵەش هەر ئەو ئێوارەیە کوردســـتـانی بەرەو تـاران بەجێهێشتبوو، لەوێوە بەرەو لەندەن. لە خانەکەی مامۆستا نەداری خەزووری خاڵە کە لەســـەر مووچەی موخابەراتی ئێراقی لەگەڵ خەسووە گەنجەکەی، کە دایکی زڕی هوما خانم بوو، ئەوسا ناوی ڕەعنا خانم بوو و ئێســـتاش گەلاڕێزان خانمە. لەوێ، لە خانەکەی مـامۆســـتـا نەدار، هیزل و جێفرســـۆن نیگەرانی خۆیان لەمەڕ

نامیلەکەیە دەردەبڕن. خاڵە گەورەش ئەوەیان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئەویش وەک ئەوان تووشـــی شـــۆک بووە کاتێک ئەم ``بوغزنە گووشـۆرە`` بە گوزارشـی خۆی، ئەو چەند پەرەگرافەی چاپکردوە و بـاســی نـامەکـانی کردبوو. بەڵام هەردوو ئەفســەرەکەی هێورکردبۆوە و گووتبوی``ئێســتا دوای کوشــتنی ســوارە و پاکســازی چاڵدێڕانی دووهەم، من و شــاباز پیرۆزکراوین لەلایەن شــۆڕشــگێڕە ســەرگەرمەکانەوە. مەترســن دیووی دووهەمی نـامیلەکەکە نـاخوێننەوە، لێرەوە تـا نیو ســەدەی تر گەرنتیتـان دەدەمێ. مەگەر ڕۆماننوسـێک یان ڕۆشـنبیرێکی ڕۆمانســی ئەمە بکات، ئەوانیش دەنگیان لەناو مێگەلە دەروێشــەکەی ئێمەدا کز و نەبیستراوە``

بێگومـان ئەوەی شــابـاز هیج پـارەیەک نەخرایە ســەر ژمـارە بانقیەکەی لە سـویسـرا، بووە بنەتۆویی زۆرانبازی پەنهانی نێوان خاڵە و شـاباز، زۆرانبازیەک تاوەکو ئێسـتاش کە خاڵە لە بێهۆشـی سـەرەمەرگدایە و شـابازیش بۆتە کەڵتە کۆنی بەرقاپی شـنەقۆنەرە و هومـا خـانم و گەلاڕێزانی شــەش قوز، درێژبوونەوەی هەیە و سەدەها کەمتیار و دەڵەکی سیاسی لەسەری دەلەوەڕن.

ئاخ ســەد ئاخ، بەدەردی خاڵە هەموو جارێک وایدەگووت. ئێوە ســەیری ئەم هەموو پەتە خوێنـاوییە بکەن بە دەوری ئەم شـۆڕشـگێڕە ڕۆمانسـیانەدا ئاڵۆزکابوو، بێئاگا لەم هەموو گەمەیە، زیاتر لە چوار سـەد شـۆڕشـگێڕی ڕۆمانسـی بەرەو مەرگی خۆیان ڕۆیشــتن. ئاوەها، لەبەهاری کۆتایی حەفتاکاندا، کە هێشــتا بەفری شاخە بەرز و سەختەکان سنوورەکان نەتوابوونەوە، خاڵە و شاباز

دوای چەند مانگێک لە کوژرانی سـوارە دەسـتیان کراوەتر بوو بۆ جوڵاندنی هێزەکانیان و کردیانن بە سـێ بەشـەوە؛ بەشـی یەکەم دووسـەد و هەشـتا کەس بوون، ڕێک بەرەو چاڵدێران چوون و لەوێ مانەوە. هێزی دووهەم ویسـتیان بە درێژایی سـنووری کوردسـتانی ئێراندا سـنوور ببڕن و لە قۆڵێکی تری سـنوورەوە خۆیان بکەن بە ناوچەی چاڵدێراندا. هێزی سـێهەمیان لە دوای هێزی دووهەمەوە بوون و خاڵە و شاباز سەرپەرشتیان دەکردن. ئەم هێزەی دوایی دەچوونە هەر شـوێنێک تۆپباران دەوەسـتا و ناوچەکە هێور دەبۆوە. هەر لەسەر سنووری ئێران هەواڵی لێدانی هێزی دووهەم هات کە بەدرێژایی کوێسـتانی ئەو سـنوورە لێیان کوژرابوو. ئەوەی لەو هێزەدا گەڕابوونەوە سـێ سـەکردە بەهێزەکەی هاوەڵی خاڵە بوون، ئەمان بەخۆیان و سـەدو پەنجا پێشـمەرگەوە کە تەنها هەشـتایان چەکیان پێ بوو، خۆیان دەربازکرد بوو. ئەوانیتر لەبن کەورگ و ئەشکەوت و دەشتەکاندا بە تۆپ و هاوەن و دۆشکە و تەنانەت لەسەرمای ئەو کوێستانەدا ڕەقبوونەوە. هەندێکیان لەبرسـاندا مردن و هەندێکی تر بەرەو قووڵایی ئێران خۆیان بەدەستەوە دابوو. لەمەشدا شاباز و خاڵە ئەم سێ سەرکردەیەیان لەگەڵ نیوەی هێزەکەی خۆیان بە پلانێکی ئەڵتەرناتیف بەرەو ناوچەی چاڵدێران نارد، بەو نیازەی لەگەڵ گەیشـتین ئەوان هێزەکەی خاڵە و شـاباز بەرەو چاڵدێران جوڵە بکەن... لەمبارەیەوە لۆرد جێفرسـۆن گووتی ``ئەو پارەوەمان بەدەستی ئەنقەست هێورکردبۆوە بۆ تێپەڕبوونی هێزی دووهەم، نە ئێراقیەکان و نە ئێرانیەکان و نە تورکیا، بۆمبابارانیان نەدەکردن``

هێزی ســـێهەم کە خاڵە و شـــاباز بوون نەگەیشـــتنە ناوچەی چاڵدێران و ورگە حەزیاکەی خاڵە یان بڵێن وەک خاڵە هەمیشـــە دەیگووت ``فەلســـەفەی قوون و دەم`` ڕۆڵی خۆی هەبوو لەم مەســـەلەیەدا. بێگومان خاڵە چەندەها جار ئەمەی بۆ میوانەکانی گێڕابۆوە بەوەی، دەســـتێکی خودایی هەبوو کە ئەوی تووشـــی ســـکچوون کردبوو، دەنا ئەویش لەو پاکتاوەی چاڵدێراندا دەکوژرا و شـــۆڕش کۆتایی پێ دەهات. هەربۆیە دەبوایە هێزی ســـێهەم چاوەڕێ بکەن تا خاڵە چاک دەبێتەوە، وەک شاباز لە نامیلەکەکەیدا نوســـیبووی`` دوای پێنج ڕۆژ دەبوایە ئێمەش بجوڵێن، بەڵام خاڵە تووشـــی زەحیرییەکی ســـەیر بوو، بەجۆرێک دەبوایە ئاوی بۆ هەڵواسین و لە ئەشکەوتەکەدا پشوو بدات`` خاڵە هەموو جارێک ڕووی دەکردە من و دەیگووت `` ئاخ مۆپســـی پاشـــا، تۆ نازانیت ئەم قوون و دەمە و ورگە حەزیایەم چەندە زاڵمن`` وەک لە نامیلکەی (چاڵدێرانێکی تر، ئەزموون و کارەســـات) هاتبوو، بەبێ بوونی خاڵە ئەو چەکانەی کە دەهات بۆ بەرەکە ڕادەســـتی کەس نەدەکرا. هەربۆیە هێزە گەورەکە کە زیاتر چوار ســـەد کەس دەبوون لە ناوچەی چاڵدێران لەچاوەڕوانیدا بوون. بوونی هێزێکی گەورەی وەها، هێزەکەی کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەری جوڵاند، کە بەهۆی نامەکانەوە دەمێک بوو خۆیان بۆ ئامادەکردبوو. ئیدی لەســـنوورەکانەوە تۆپباران دەســـتپێدەکات و لە شـــاخەکانی چواردەوریش شەڕ دادەمەزرێت. دوای پێنج ڕۆژ نە فیشەکیان پێ دەمێنێت نە خواردن، بەمجۆرە لەناو ماشـــەکەدا وەک ماســـییە ســـوورەی بەهاران، بەدەســـت دەگیرێن. ئەوەی ڕادەکات و خۆی دەشـــارێتەوە، دوایی لەســـەر ســـنوورەکان لەلایەن هۆزەکانی

ناوچەکەوە دەکوژرێت، یاخود لەلایەن جەندرەمەی تورکیەوە گوللەباران دەکرێن. تاق و تەرا دەربازیان دەبێت. تەنانەت هەندێکیان کە دەکەونە سنووری ئێراق خۆیان ڕادەستی سوپای ئێراقی دەکەن هەر لەسەربازگەکاندا بەپێی فەرمانی لەپێشینەی موخابەراتی ئێراقی گوللەباران دەکرێن. لەکۆی هەزار پێشمەرگەی شۆڕش، چوار سەدو پەنجا لەسنوورەکاندا دەکوژرێن و لاشەکانیان بۆ ئاژەڵ و دڵەکەرخۆرە بەجێدەهڵێرێت. ئەو سەرکردانەشی کە لەوێ بەردەست دەکەون بەداربەڕووەکانەوە هەڵدەواسرێن و بەر ئاربیجی دەدرێن... بەمجۆرە ئەو هێزەی لەبن دەستی خاڵە و شابازدا، بەهۆی سکچوونەکەی خاڵە دەمێننەوە. دەبنە هێزی یەکەمی شۆڕش. بەمەش شۆڕش لەهەموو توخمە چەپ و شۆڕشگێڕە کۆنزەڤاتیڤەکانی کوردایەتی پاک دەبێتەوە، هیچ کاریزمایەک نامێنێتەوە تەنها خاڵە و شاباز نەبێت.

پرسیارەکە ئەوەیە؛ ئەم پلانە کەی داڕێژرا بوو؟ بۆچی هەر دوای کوژرانی سوارە بەچەند مانگێک ئەم هێزانە بەرەو سێ سنوورەکە جوڵێنران؟ لەمەشدا چەندەها گێڕانەوە هەیە کە من لە سالانی ژیانم و سەرکردنمدا بە هەموو کوون و کەلەبەرێکی ئەم کۆشکانە و مەکتەب سیاسی و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا، لەپشتی خاڵەوە گوێم لە چیرۆکێکی تربووە، کە خاڵە لەگەڵ منیشدا هەرگیز بە دەمیدا نەهاتبوو. ڕاستە خاڵە زۆبڵێ بوو، بەڵام زۆربڵێییەک کە هەموو شتێکی دەگووت، بۆ شاردنەوەی ئەوەی نایەوێت بیڵێت. بیرمدێت جارێکیان حەمەی بلیخانۆفی ئەندام مەکتەب سیاسی، نهێنی کوشتنی سوارەی گێڕایەوە. ئەمەش دوای ئەو ڕووداوە بوو

که خاڵە بەگۆچان کەوتە سەروگوێلاکی؛ بەوەی بۆچی دەستدرێژی کردۆتە ســەر کچێکی هەرزەکاری پازدە ســاڵان و فۆتۆی گرتووە بە ڕووتی، پاشـــــان ناردوویەتی بۆئەوەی لە بارەگای ئەندامێکی مەکتەب ســیاســی حزبی کۆنزەڤاتیڤدا خۆی بتەقێننەوە. هەرچەندە حەمەی بلیخانۆف دەیویست باسی ``زەرووورەتی شەڕی ناوخۆ و میتۆدی بلیخانۆفی چەپگەرا`` بکات، خاڵە زیاتر گۆچانی لێدەدا و تا هاواری نەکرد و نەیگووت`` بە سەری مۆپسی پاشا دووبارەی ناکەمەوە`` خاڵە وازی لێ نەهێنا.

دوای ئەو ڕووداوە من بۆنی ئـارەقەی ژێر پێســـــتی حەمەی بلیخـانۆفم کرد، کە بۆن ئـارەقەی پیـاوێـک بوو، بریـاڕی دابوو دژایەتی خاڵە بکات. منیش وەک سەگی دڵسۆزی خاڵە، کەی ئەوم بدیایە دێتە کۆبوونەوەکان یان ئەم ڕیزە کۆشکە، لەسەرخۆ دوای دەکەوتم و خستبوومە ژێر چاودێری مۆپسانەی خۆمەوە. حەمەی بلیخانۆف لێرە و لەوێ قسەی دەکرد، هەرجارەێک قسەی بکردایە من ڕســـــتەکـانیم لای خۆم وەک کۆمپیوتەر ســــەیڤ دەکرد و لێکمدەدایەوە. بەجۆرێک کە جارێکی تر بەڕێکەوت قســــەی تری بکردایە لەگەڵ ئەو ڕستە ناڕاستەوخۆیانەی تردا لە مێشکمدا وەک دیمەنێکی پووزلی ڕێکمدەخســـــتنەوە. تەنانەت قســــەکانم بەراورد دەکرد بەیەکتری، بەوەی کەی ئەمەم گوێ بووە و کـامەیــان دووبارەیە. دەرئەنجام، هەموو ڕســـتە پڕ ئاماژەکانیم کۆدەکردەوە و لەم مێشکە سەگانەی خۆمدا پێکەوەم نان. جا من ئەم چیرۆکەم لە زاری حەمەی بلیخانۆفەوە گوێ لێ بووە، کە درکاندنی نهێنیەکی کوژرانی (ســـوارە) بوو. ئەو ســـوارەیەی کاتێک خاڵە لەقاهیرە بۆ مووچەی مانگانەی لە سەفارەتی ئێراقی دەپاڕایەوە و شابازیش لە

پای چالاکی نارنجۆک هەڵدانەکەی قوتابخانەی کچان، لە ڤێننا دەژیا و مانگانە مووچەی موخابەراتی وەردەگرت. هەر ئەو زەمەنە، سوارە و گروپەکەی سەرەتای شۆڕشیان لە شار و شاخەکاندا هەڵگیرساند بوو. شۆڕشێک وەک لۆرد هیزل دەیگووت`` گەر فریای کوشتنی سوارە نەکەوتینایە دەبووە بەرەیەکی چەپی بەهێز، بەجۆرێک هەڕەشەی لە بیرە نەوتەکانی ئێراق و ئێران دەکرد، ئەمەش هاوسەنگی ئێمەی لە ناوچەکە تێکدەدا``

کۆی دیمەنی کوژرانی سوارە لە زاری حەمە بلیخانۆفی مەکتەب سیاسی دایکخۆگێیەوە بیگڕێمەوە ئەوەیە؛ کە گوایە خاڵە لە سەفەرێکی لەپڕیدا بۆ لوبنان بۆ پەیداکردنی چەک بۆ شۆڕش، لە ئێوارە خوانێکیدا لەگەڵ سەرانی ڕێکخراوێکی بچوکی بەرەی فەلەستینی ئازاد، باسوخواسێکی زۆریان دەستپێدەکەن لەمەڕ ستراتیژەیەتی چەپ و مارکسیزم - لینینزم لە ناوچەکەدا. خاڵە گەورە وەک چۆن حەمەی بلیخانۆف دەیگووت``بە ڕێکەوت لەو ئێوارە خوانەدا لەگەڵ خواردنەوەی ویسکی و غەڵبەغەڵبی ئامادەبوواندا، لەدەمی دەرچوو بوو، باسی ئەوەی کردبوو کە (تەڤاریش سوارە) بەمانای (هاوڕێ سوارە) بەڕووسی، چۆتە خەڵوەتێکی تیۆرییەوە. هەر خۆی لەو ناوچە شاخاویانەدا بەتەنهایە لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا و بیر لە تیۆرەیەکی تازەی مارکسی لینینی دەکاتەوە بۆ شۆڕشەکەمان، کە لەگەڵ ئەم قۆناغەی میللەتی کوردا بگونجێت``

لەو دەم دەرچوونەیدا خاڵە ناوی ناوچەکە و ئەو گوندانەی پێ گوتبوون کە سوارە بەخۆی و گوێدرێژێکی سپی کە بارەکەی کتێب و یەک کلاشینکۆف بووە بەیەک مەخزەنەوە، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا جەولەی تێدا کردووە. وەک دەڵێن؛ هێشتا خاڵە نەگەڕابۆوە بۆ شاخ، کە هەلیکۆپەتەرێک لەو ناوچەیە دابەزی بوو، پێشمەرگەکەی گەڵ سوارە وەک ئەوەی بەهاتنی هێزە تایبەتەکەی زانیبێت، سوارەی بە بەهانەی سەردانی کەسوکاری، لای ماڵە جوتیارێک بەجێهشتبوو. ئیدی هەر لەوێ سوارە دەکوژرێت... ڕاستیەکەی قسەکەی حەمەی بلیخانۆف ئەوە بوو کە هەر دوای کوژرانی سوارە، شاباز دەچێتە شوێنەکەی سوارە و دەبێتە سەرۆکی بەرەی مارکسی لینینی. جارێکیان گوێم لێ بوو حەمەی بلیخانۆف گووتی ``سوارە پێش کوژرانی پەیمانی دامێ کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بمکاتە سکرتێری گشتی بەرەکە، بەڵام حەیف دوای کوژرانی سوارە، شاباز لە لایەن خاڵەوە کرا بە سکرتێری گشتی``

هێشتا پرسیارەکە کراوەیە؛ ئەم پلانە کەی داڕێژراوە؟ لەمەدا مێژوویەک هەیە کە جارێکیان خاڵە لەکاتی گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیدا بۆمی باسکرد و دوای چەندەها ساڵیش ئەم دوو لۆردە جەختیان لێ کردەوە، ئەویش یەکێکە لە تراژیدۆکۆمیدیترین ڕووداوی ئەم شۆڕشەیە. ئەویش ئەو ماوەیەی کە هێشتا خاڵە بەرەو قووڵایی ناوچەکانی کوردستان نەجوڵا بوو، هەموویان لە دۆڵی تڕاندا جێگیر بوون. ئەوسا شاباز و فەرەیدون عەزیز ناسراو بە فیفی عەبدە، فەتاحە وسوە کوێر و عەبدوڵای حاجی کوران کە

ئێستا بە فەقێ عەبدوڵای دەرمانفرۆش ئەندام مەکتەب سیاسی ناسراوە، لە نیوەشەوێکدا بە نیازی دانوستان لەگەڵ بەعسیەکان، خۆیان دەکەن بە سەربازگەیەکی نێزیک ئەو شارۆچکە سنوورییە. لەوێ هەر ئەو شەوە بە هەلیکۆپتەر لە شاری موسڵ میوانی موخابەرات دەبن، بەیانیەکەی بە فڕۆکە دەفڕن بەرەو بەغدا و یەکسەر بۆ کۆشکی نیهایە و لەودیوو ژوورە داخراوەکانەوە لەگەڵ سەدام حوسێنی تکریتی کە ئەوسا جێگری سەرۆکی ئێراق ژەنراڵ ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، کۆدەبنەوە. وەتبانی زڕبرای سەدام کە سەرۆکی موخابەرات بوو، بەرزان تکریتی زڕبرای سەدام  کە سەرۆکی سکرتاریەتی مەکتەبی سەدام دەبێت، لەگەڵ فازڵ بەڕاک سەرۆکی ئەمنی گشتی ئێراق، ئامادەی گفتوگۆکە دەبن.  بەڵام من دوایی بۆم دەرکەوت، کە لە ڕاستیدا کۆبوونەوە نەبووە، بەقەد ئەوەی هەندێک قسەکردن بووە لەسەر شۆڕش و پاکتاوکردنی چەپەکانی ناو شۆڕش. تەنانەت زەرفێکی تایبەتیان دابوو بە شاباز کە بە شەمعی تایبەت داخرابوو، دەبوایە بدرایە بە خاڵە گەورە. دوای ئەم کۆبوونەوە بچوکە هەر ئەو ڕۆژە دەگەڕێنەوە بۆ موسڵ.  هەر شەوەکەی دووبارە بەهەلیکۆپتەر بۆ سەربازگەکە، لەوێ جلە کوردیەکانیان لەبەردەکەن و چەکەکانیان دەدەنەوە. تەنانەت هەریەکەی دەمانچەیەکیان بەدیاری دەدەنێ، هەروەها بڕی دووسەد و پەنجا هەزار دیناری ئێراقی دەدەنە شاباز کە بە نرخی فەرمی دەیکردە ملیۆنێک دۆلار و تا نێزیکی ناوچە شاخاویەکانی دۆڵی تڕان، هێزە بچوکەکەیان بە جێب و زیلی سەربازی ڕەوانە دەکەنەوە. لە دوو زیلە سەربازیەکەدا دوو باگیریان لەگەڵدا دەگوێزنەوە؛ یەکێکیان بۆ باری فەردە پارەکە و

چەند پارچە چەکێک و دووهەمیان بۆ باری ئازووقە و چەند بوتڵە ویسـیکەکی تایبەت و جگەرەی کوبایی، کە لە سـەدامەوە بۆ خاڵە گەورەی میهرەبان نێردرابوو. ئاوەها ئەم چوار کەسـە بەخۆیان و باگیرەکانیانەوە لەژێر تاریکی شـەودا خۆیان دەکەنەوە بە ناوچە سەختەکەی دۆڵی تڕاندا...

سـەیر لەوەدابوو لۆرد هیزل کە باسـی ئەم دانوسـتانە نهێنیەی دەکرد، قـاقـای لێـدا و گووتی``ئەمە یەکمجـارە لەمێژوودا دوژمنەکەت چەک و پارەت بداتێ و بڵێ بچۆرەوە شاخ و شۆڕشم لە دژ بەرپابکە`` لۆرد جێفرسۆن گووتی ``ئێمە پلانی چاڵدێرانمان دا بە سـەدام تکریتی بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ئەم مێژووە بەرەو زۆنگاوەکانی خۆمان ڕێگە بگرێتەبەر. تەنانەت ئەو ڕۆژە ئێمە لە ژوورەکەی ئەو دیوو بووین و ئـاگـاداری کۆبوونەوەکە بووین. دەبوایە بەم پلانە کۆی شـۆڕش بخەینە ژێر کۆنترۆڵی خاڵەوە، بەمەش هەر کەسـێک ویسـتی شـۆڕش بکات، دوو هەڵبژاردەی هەبوو؛ یان دەچووە بەرە شۆڕشگێڕەکەی خاڵە یان دەچووە لای حزبەکە کۆنزەڤـاتیڤە نوێیەکەی کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر ``بەمجۆرە هەر لەم پارادۆکسـەوە، گەورەترین پلانی پاکتاوکردنی چاڵدێرانەی کۆتایی حەفتاکانی سـەدەی بیسـت ڕوویدا، بەمەش مێژووی ئەم میللەتە ڕێڕەوێکی تری گرتە بەر کە دوا وێسـتگەی حسـە گووشـۆر و گەلاڕێزانی شەش قوز و شنە قۆنەرەیە بەخۆی و دەرپێ کورتە تـانگەکەی و فەلسـەفەی لچی قوزەوە، دێن و لەبەربوومی ئەم مێژووە خوێناویە دەخۆن.

بیرمدێت یەکســـەر دوای ئەم قســـانە لورەی ئازار بەدڵمدا هات، ئازارێک هەرگیز بیرم ناچێتەوە. ئەو شـەوەم هێشـتا لەیادە، چونکە ئەو زەمەنە لە ئاوارەیی ئەم کۆشکانەدا دەژیام. ڕاستە خاڵە لەوێ بوو، بەڵام ئاگای لە خۆی نەمابوو، نەیدەزانی من لە کوێ دەژیم و لە کوێ دەخەوم. تەنـانەت خـاڵە زۆرجـار بە نیو کـاژێر بەدووی ئاودەسـتدا دەگەڕا و بیری دەچوو لە ژوورەکەی خۆیدا تەوالێت و حەمامی هەیە. بیرمـدێت لوراندم و بڕیـاڕمـدا بۆ دواجـار ژووری لۆردەکان بە دڵێکی غەمبارەوە بەجێبهێڵم. تەنانەت لۆرد جێفرسـون بەم لورەیەم ڕاپەڕی، چونکە دوای ئەم قســـەیەی، خێرا لەســـەر قەنەفەکە بازمهەڵدا و بەرەو دەرگاکە ڕامکرد. لۆرد هیزل دەرگاکەی بۆ کردمەوە، دانەویەوە و ویســـتی بەنەرمونیـانیە بریتـانیە هەڵخەڵەتێنەرە ســـپییەکەی، قســـەم بۆ بکـات. مڕەم لێ کرد و سەیرێکی لۆرد جێفرسۆن و هیزلم کر و بە چاوێکی پڕ تووڕەیەوە لە خامۆشـــی ئەو نیوەشـــەوەدا، کەوتمە وەڕین پێیان. وەڕینێک کە ئەوان لە زمانی سـەگ تێدەگەیشتن و دەیانزانی کاتێک سـەگ وەها بوەڕێت، ئەوا بۆنی پیســـی و چەوتی و بۆگەنبوونی ڕۆحی مرۆڤی کردووە. وەڕینێـک بەرامبەر هەموو ئەو تـاوانـانەی کردوویـانە، بەرامبەر بەو هەموو کیژە مەکتەبلیـانەی ئەمـانە کردیـانن بە لەشـفرۆشـی بەردەسـتی ناوگەڵ بۆگەنێکی وەک شـنە قۆنەرە و گەلاڕێزانی شـەش قوز و هوما خانی ژنی خاڵە. وەڕین بە مرۆڤێک تاوان دەکات لە ژێر ناوی ئەرکی وەزیفەکەیدا و هەســـت بەتاوان ناکات و بە خزمەتی نیشتمانەکەی تێدەگات. وەڕینێک بە دونیایەکی ناشـرین کە ئەم کوردە داماوە بەدەســت ئەم پیاوی سـپییەوە تێی کەوتووە. بەجۆرێک جەسـتە و خوێن و تەنانەت ئێسـکەکەشـی لە

بۆرسەکانی دونیا و کۆنتراکتی چەکفرۆشتن و نەوتفرۆشتن و کۆمپانیا نێونەتەوەییەکانی ئەوروپا و بریتانیا و ئەمریکای ڕۆشنگەر و مۆدێرندا دەفرۆشرێن و دەکرێن بە پارە و دەیخەنە ناو مەکینە ناشرینەکەی ئەم دونیا قەحبەیەوە...

وەڕیم و تا بەیانی لە سووچێکدا لووراندم، بە جۆرێک هەر سێ هەوشارە کۆنەکەمان؛ حەمە عەینە بۆر و حەسەنە گۆجی سێ قنگ و عوسە کوێری کرماشانی لەگەڵمدا تا بەرەبەیان بۆ ئەم کوردە داماوە، بۆ خوێنی ئەو پێشمەرگە گەنجانە لووراندمان کە لەبن کەورگ و چەم و لێڕەواڕە تووشەکان و بنار و نواکاندا کوژران. لەبرساندا مردن و لەسەرماندا ڕەق هەڵهاتن و کەس ئاوڕیی لێ نەدانەوە. لووراندم، بە جۆرێک هەرچی سەگی کۆشکەکانی دیکەیە بۆیان سەندمەوە، تەنانەت گورگ و چەقەڵ و ئاژەڵەکانی ڕیزە چیا سەختەکانی بەرامبەرمان بۆیان سەندمەوە. لووراندم و بۆ خاڵە گریام کە لەم ساڵانەی دوایدا هەموو ئەو کوڕە گەنجانەی دەبینی لەودیوو شووشەبەندیی ژوورەکەیەوە لە پەنجەرەکانیان دەدا و ئەویش قسەی لەگەڵدا دەکردن، بەچاوی پڕ فرمێسکەوە داوای لێبووردنی لێ دەکردن. تەنانەت دەهاتنە سەر جێگەکەی خاڵە و لەگەڵیدا دانیشتن، تا بەیانی خاڵە دەستی دەکردە ملی ئەو کوژراوانەی هێشتا ڕۆحیان ئاوارەی ئەم شاخ و دۆڵانە بووە، بۆ هیچ نا، چونکە نەیاندەزانی بۆچی و لەپێناوی چیدا کوژران.

# پاڵەوانە ترسنۆکەکان

# ١

ئاخ ســـەد ئاخ بۆ تۆ خاڵە گەورەی میهرەبان، تۆ لە خەســـتەخانە پاریســـییەکە، خەســـتەخانەی پیرســـێ، کەوتوویت و منت بۆ ئەم چیرۆکنوسینەوەیە بەجێهێشت. بەڵام هێشتا زۆرم ماوە، بەئاسانی هەناوی ئەم گەندەڵیەم بۆ بەیان ناکرێت. هێشتا بە قەد دوو ڕۆمانم زیاتر پێیە، بێگومان گەر دوای بڵاوبوونەوەی ئەم یادەوەریانەم نەیانکردمە ناو مەکینەی قیمەجنەکەی کۆشـــکەوە و دەرخواردی ماسییەکانیان نەدام. یاخود سەگە بێگانە ئەڵمانییەکانی کۆشکەکانی دیکەیان بۆ ئێرە نەهێنا و لە پرێکدا تێمبەربن و بەجۆرێک زامدارم بکەن کە بە ئازارەوە ڕۆحە ســەگانە پاکەکەم بەرەو دونیای خوای میهرەبان هەڵبکشێت و تەنانەت دەرزییەکی بەزەیی خەفەکردنم پێ ڕەوا نەبینن... ئاخر، ئەوەی من تا ئێســـتا نوســـیوومە کاری نەکردەیە، دەستبردنە بۆ ناو کوونە ماری ژەهراوی، دەستبردنە بۆ دیوویی ئەودیووی قێزەوەنیەکان لەناو گۆمێکی لیخنی پڕ دەعبای ســـەیر و بونەوەری ئاوەها بڵح، کە لە بڵحێتیدا ماناکانی بڵحی لەم جیهـانەدا دەگۆڕن. بڕوا بکەن بەدرێژایی ژیـانم لەم حیزبەدا بونەوەری وەهـام بینیوە کە هیچ پێنـاســـەیەک نـایگرێتە خۆی، بەجۆرێک قێزەوەنن کە هەموو پێناســـەکانی فەرهەنگی دووهەمی ئەم حیزبـانەی ئەم دەڤەرە کە لە ئەنـدامەکـانیـان دەنێن وەک؛ گووشـۆر، مەســینەخۆر، شــەش قوز، دەمگواویی، ئەناڵیی، ناوگەڵ

بۆگەن، قوزحیز، کەرگەوز، کەرتڕ، جلخوار...هتـد، نـایـانگرێتەوە. تەنانەت من بیرم لە زۆر پێناســـەی دیکە کردۆتەوە لەفەرهەنگە ئینگلیزی و ئەڵمانییەکاندا وەک؛ دەموچاو قنگ، کوونەقنگ، بارۆنی قنـگ، قەحبەی خـانەدان... بەڵام لە دواجـاردا بۆم دەرکەوت کە گەندەڵی لەم دەڤەرەدا جۆرێک مرۆڤی بەرهەمهێناوە کە هێشــتا لە فەرهەنگی جنێوی گەلانـدا بوونی نییە. جۆرێـک بونەوەری بڵح لەهەنـاوی حیزبەکـانمـانەوە لەدایکبووە کە هیچ فەرهەنگێکی پێناسەی پۆخڵی سەر ئەم زەویە، بەخۆیەوە نەبینیووە.
ڕاســـتی من تاوەکو ئێســـتا دیوە تراژیدیی و خوێناویەکەی ئەم گەندەڵیەم گێڕاوەتەوە، هێشـــتا زیاتر باســـی ڕەگەکانی شـــاخ و ســـەرەتای ژیانی میلیشـــیاکانم لە شـــاردا کردووە، بەڵام دیووە ســـینیکاڵ و گاڵتەجاڕەکەی زۆری ماوە. ئاخر ســـوبێکتی گەندەڵ وایە لەســـەر ئەوە دەژیت کە خوێنی ڕشـــتووە و چۆتە ململانێیە سەختەکانەوە، لەسەر ئەوە دەژیت کە لە گەنەکەی بۆ ئامادەکردوە و کوژراوە. ئەوانە میراتدزی باوکە کوژراوەکانیان، مێردەکانیان، براکانیان، خوشـــک و دایکەکانیان و تەنانەت دوورترین خزمی کوژراوی خۆیانن لە زەمەنی شـــۆڕشـــدا. ئەوانە تەنها دەتوانن لەگەنی میراتی مردووەکان بلێســنەوە، چونکە وەک خاڵە دەیگووت ``کرمی قوون هیچ پاشەڕۆژێکی لەناو خاکی پاک و تەمیزدا نییە``
تەنانەت لەسەر بەری ڕەنجی خیانەتکارانی دێرین دەژین و ژیانی خۆیـان وەک کرمێکی پیســـی ڕیخۆڵەی دوانزەگرێ لەنـاو گووی ئەوانیتردا درێژە پێـدەدەن. بەڵێ ئـازیزان، وەک خـاڵە دەیگووت ``ئەمانە لەسـەر ئەوانە دەژین کە سـەد کێری موخابەراتی دەوڵەتی بە قوونیاندا چووە`` ئێســـتاش گەندەڵکاران دێن و لەســـەر ئەو

قوونە گایراوانەی میت و موخابەراتی ئێراقی و سوریی و ساڤاک و ئیتلاعات، قوون و قوزیان بەر خۆری پیترۆدۆلار دەدەن. جاران من وەک مۆپسێکی دڵپاک لە بەرلینەوە هاتبوومە ئێرە، هێشتا لە ناو ئەم زۆنگاوە گەندەڵییەدا دڵم پڕ نەبوو لە ڕەشی و خیانەت و پەڕلە و کوتلەچێتی، فەرهەنگە ناشرینەکەی حیزب نەهاتبووە ناو ڕۆحە مۆپسیەکەمەوە. ئەوسات گلەیی خۆم لەخاڵە دەردەبڕی بەرامبەر ئەو هەموو ناوناتۆرە سەیرو سەمەرانەی لە کەسەکانی دەنا. دیارە من بە ناوناتۆرەی تێدەگەیشتم، قبوڵم نەدەکرد و دەکەوتمە وەڕینی نارەزایی و مڕەمڕ کردن. خاڵە گەورەی میهرەبان، هاوڕێی ئەبەدیم، لە جیاتی بێزاری دەربڕین لە سەگە بچوکەکەی کە ڕەخنەی لێ دەگرت، بەو ڕۆحە دیموکراتخوازە شۆڕشگێڕییە تەقلیدییەوە قاقا پێدەکەنی، بە جۆرێک ورگە حەزیاکەی دەکەوتە لەرزە و سەهۆڵی پێکە ویسکیەکەی لەیەکتری دەدا و دەیگووت ``مۆپسی پاشا گیان، هاوڕێی دێرینم، تەنها بارگیرەکان لە شەڕەکاندا دەگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵەکان، تەنها دەمپانکەرەوە و لەشفرۆش و قۆشمە و گەوادەکان لەسەر مێژوو دەژین``

دەبا لەزاری خاڵەوە ئەو تێزەی خاڵەتان بۆ ڕوونبکەمەوە، کە چۆن گەندەڵی تەنها لەسەر بەرهەمی حازری شۆڕشگێڕان ناژی، بەڵکو لەسەر بەرهەمی سیخوڕەکانیش دەژی. خاڵە لەو بڕوایەدا بوو؛ ئەوانەی لەزەمەنی بەعسیەکاندا سیخوڕ و جلخوار بوون لەسەر خوێنی خۆیان جلخوار بوون. ئەوانە وەک خاڵە دەیگووت ``لەزەمەنی پێکدادانە خوێناویەکانیدا چ شۆڕشگێر بووبێتن یان سیخوڕ یان جاش، ئەوا قوماریان لەسەر خوێنی خۆیان کردووە``

که دەکەوتمە مرەمرِ کردن، خاڵەی میهرەبان، خوا ئاگای لێ بێت، یەکسەر لە مۆپسەکەی خۆی تێدەگەیشت بەوەی، چۆن دەبێت خاڵە گەورە جاش و سیخورِ بخاتە رِیزی شۆرِشگێرِەکانەوە کە خۆی یەکێکە لە شۆرِشگێرەکانی رِۆژهەڵاتی ناوەرِاست. وەڵامی خاڵە سادەبوو ``ئاخر مۆپسی پاشای دڵ، هاورِێی تەمەن، گەر هەر یەکێک لەمانە ئاشکرا بوونایە بە زیندوویی پێستیان دەگوورا``

لەمەدا خاڵە برِوای وابوو کە گاڵتە نەبوو لە هەشتاکانی ئەم ئێراقەدا و بەتایبەت لەم کوردستانە خوێناویە لە هەر بەرەیەکدا بووبیت؛ بەرەی بەعسییەکان یان بەرەی شۆرِشگێرِەکان. شەرِی کوشتن و فرِاندنی یەکتر لە ئاستێکی ترسناکدا بوو. وەک خۆی دەیگووت ``شۆرِشکردن پیاسەی باخچەکان نەبوو، ماستاوچێتیش وەک ئەمرِۆ بێ خوێنرِشتن نەبوو. هەردووکیان پیاسەکردن نەبوون بە ناو باخچەکانی عەدەن، هەردووکیان گەمەکردن بوون بە مەرگی خۆت``

خاڵە لەو برِوایەدا بوو هەر لەو رِۆژەوەی برِیارِتدا بچیتە حیزبەوە یان بدەیتە شاخ، ئیتر خوێنی خۆت خستبووە کاسەی دوژمنەکانتەوە. خۆئەوانەی لە هەر بەریەکدا بووبێتن، حکومەتی بەعس یان شۆرِشگێرِەکان، بەردەست یەکتری بکەوتنایە پێستی یەکتریان بەدار بەرِووەکانەوە دەگووریی، یان لەژێرزەمینی ئاسایش و موخابەراتدا پێستیان بە قوولاپەکانەوە دەمایەوە تاوەکو بۆگەنی دەکرد. یەکتریان دەفرِاند، یەکتریان دەتەقاندەوە، یەکتریان تیرۆر دەکرد، ورگی یەکریان هەڵدەدرِی، رِیخۆڵەی یەکتریان دەدا بە سەگە بەرِەڵاکانی نیوەشەو، بەمجۆرە شەرِەکە بەردەوام بوو.

بەڵام لە دوای شــەڕی ســەدام و شــەڕی ناوخۆی حزبمان، حزبی سۆسیال لیبرال و حزبی کۆنزەرڤاتیڤی نوێی کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر، چیرۆکەکە ســەد و هەشــتا پلە قڵپ بۆوە. ئیدی چیتر شــەڕ و پێســت گۆورین و ســەدام نەما، چیتر نارنجۆک هەڵدان بۆ یەکتری و شــــەڕە ئاربیجی و شــــەڕە هاوەن و تۆپ نەما، ئەوەی مــایەوە تەنهــا پترۆ دۆلار بوو. لێرەوە بەڕای خــاڵە دووبــارە شۆڕشگێڕ و ماستاوچیەکان لە قۆناغێکی تردا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، بەڵام ئەمجـارە پێســــتی یەکتر نـاگۆرون، نەخێر، بەڵکو هەردووکیان شــــۆڕشــــگێڕەکان و جاشــــەکان لەبەردەم لەگەنی پیترۆدۆلاردا، ئاشــــتبوونەوە کولتوری ترســــنۆکەکان، کولتوری باگیرە ملکەچەکەکان، کولتوری دەمپانکەرەوە و قوزپانکەرەوەکانی زەمەنی بەعس زیندوو دەکەنەوە. بێگومان چرکەساتی لەدایکبوونی کولتوری ترســنۆکەکان چرکەســاتی ئاشــتبوونەوەی شــەڕکەرە دێرنەکانن لە هەردوو بەرەکەدا؛ شۆڕشگێڕەکان و جاشەکان...

بەمجۆرە بەناوی ئاشتبوونەوەی گشتی هەرچی پیاوکوژی قەدیمە و کۆنە ســیخوڕ و کۆنە جاش و کۆنە بەعســی و کۆنە پیاوکوژی موخابەراتەکان و کۆنە لەشــفرۆش و کۆنە گەوادی بەعســیەکان، لەبەردەم بەرماوەی یەکتردا لەگەڵ ســەرکردەکاندا ئاشــتبوونەوە. ڕاســــتی، لەبەردەم لەگەنی پارەی حیزبماندا ئاشــــتبوونەوە، بەو ســــیفەتەی ئێمە حزبێک بووین خـاوەنی شــــۆڕش و خـاوەنی هەزارەهــا کوژراو بووین. بەمجۆرە جـاش و کۆنە بەعســــی و دەمپانکەرەوەکانی بەردەم ڕەفیق حیزبییەکان، پیشــــە کۆنەکانی خۆیـان نوێکردەوە، وەک دەڵەکی بە کەڵ لەگەڵ ئەندام مەکتەب سیاسیە خۆگیەکانی وەک فیفی عەبدە و مەلا سەعیدی نەمساوی

ترکەن و زەبور ئەڵمانی کۆنە گەوادی بەعسیەکان و شازادی مچە گەڕی بوغزن و گەلاڕێزانی شـەش قوز، تەنانەت لەبەردەمی حسـە گووشـۆری خاڵە گەورە دا ئاهەنگی سـەرکەوتنی شـۆڕشـیان گێڕا. لە قۆناغی دووهەمدا تەنانەت شـــۆڕشـــگێڕە دێرینەکان، ئەوانەی کۆپتەرەکـانیـان بە قۆچـەقـانە ڕاودەنـا و لەتیڤیەکـانـدا فوویـان بە مایکەکەکانی زەرڕخانەکانی حیزبدا دەکرد، وایان لێهات، دەهاتنە بەردەم کۆنە جاشێکی وەک حسەگووشۆر کە ئێستا لە کەناڵەکان بە مامۆســتا حوســێن قارەمانی شــۆڕشــگێڕ ناســراوە و کتێبی یادەوەری نوســیووە بەناوی (ڕێگە ئاگرینەکان) کە شــنە قۆنەرە جارێک بانگی کرد و پێیگووت``حســـە گووشـــۆر ئەوە ڕێگەی ئاگرینە یان ڕێگە گوواویەکانە`` کەچی ئەو سووکە لە ترسی شنە قۆنەرەی ناوگەڵ پیسی حیزب، تەنها قاقا پێدەکەنی و گووتی``قەت لە قسەی خۆش ناکەویت شنە خانم``

ئاوەها تراژیدیای پاڵەوانەکانی هەشـــتاکان لە ناو کۆمیدیا و قەشـــمەریاتی ترســـنۆکەکانی نەوەدەکاندا توایەوە و هیچی لێ نەمایەوە. لەو ڕۆژەوەی شۆڕشگێڕەکان و جاشەکان ئاشتبوونەوە، لەو ڕۆژەوەی ئەم میللەتە ڕۆحی پـاڵەوانی تێـدا مرد، کولتوری دەمپانکەرەوە و ناوگەڵکەرەوەکان و ترسنۆکەکان چەندەها دەعبای ســەیر و ناشــرینی وەک حســە گووشــۆر و شــنە قۆنەرە و لیلۆ بۆتۆکس و ئەنـاڵ قەرەپۆزی بەرهەمهێنـا. بەڵێ، تەواو ئەو ئەنـاڵ قەرەپۆزییە کە لە بەشـــەکانی پێشـــووتردا باســـمکرد بۆتان. ئەو ئەنـاڵە، ئەو کۆنە موزیشـــنەی ســـروودەکەی ``پێشـــمانکەوە، پێشمانکەوە خاڵوانی`` بەڵێ خۆیەتی، ئەو ئەناڵ قەرەپۆزیەی وەک خاڵە وای ناو دەنا، کاتی خۆی لە بۆنەی لە دایکبوونی ســـەدام

حوســـێن، به زۆر کیژەکانی دەبردە شـــارۆچکە عۆجە، شـــاری لەدایکبوونی ســـەدام حوســێن تکریتی. ئەو کیژانەی لە قوتابخانەی موزیکدا دەستەبژێر دەکرد بۆ ئەو بۆنەیە، خۆ گەر ڕازی نەبوونایە ببن بە بوکەڵەی هەڵپەڕیویی بەردەم بەعســـیەکـان، ئەوا لەژێر زەبری هەڕەشـە لە خۆیان و کەسوکاریان، ڕاپێچی ئەو ڤیستڤاڵەی دەکردن. تەنانەت چەندەها کیژ و خانەوادە کە دژی ئەم فشـــارە دەوەســـتانەوە، ماوەیەک دوای بۆنەی لەدایکبوونی ســـەدامی دیکتاتۆر، بەڕۆژی نیوەڕۆ سێ پیکابی پڕ چەکدار لەبەردەم ماڵەکە دەوەســـتان، ئیدی بۆ ئەبەد لەهەوادا دەبوون بەهەڵم. نەک هەر ئەوە، بەڵکو خانووەکەیان بە شۆفڵ و گرێدەر وێران دەکرد.

هەر ئەم ئەناڵ قەرەپۆزیەی موزیشـــنی نیشـــتمان لەوێ لە بەردەم بەعســـیەکاندا ئەم کیژە منداڵانەیان هەڵدەپەڕاند و زۆرجار لە دوای بۆنەکەنیشـــدا لاقەیان دەکردن. یاخود باســـی کێتان بۆ بکەم، ئا، دکتۆر شادومان شازەمانی کۆنە بەعسی، کە ئێستا سەرۆکی یەکێتی نوســـەران و ســـەرۆکی یانەی جڕت و چەقەنەی شـــار و سەرۆکی سەندیکای پزیشکان و ئەندامی لیژنەی باڵای کەمئەندان و ئەندامی لیژنەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکانە. بەڵێ ئەویش یەکێکە لەو دەعبا بڵحانەی کە لە ڕاپەڕەوەکانی ئەم حیزبەدا مانیفاکتۆری دەمپانکەروەکانی بۆ حیزب داهێنا و ئێستاش مانگانە بەسەدەها دەمپانکەرەوە و مەســـینە هەڵگری نوێ بۆ حیزب بەرهەمدێنێت. وەک لەبەشـەکانی پێشـودا بۆم باسکردن چەندەها جار گەلاڕێزانی شـەش قوز منی لەباوەش ناوە و ڕوویان بەرامبەر بووە و میزیم پێداکردون. نەک بێزار نەدەبوون بەڵکو بەختەوەر بوون کە من، ســـەگی خۆشـــەویســـتی خاڵە گەورە، میزیان پێدادەکەم. بۆ

ڕیاییکردنی گەلاڕێزان خانم و هوما خانمی ژنی خاڵە گەورە دەیانگووت`` ماشەلا، میزی مۆپسی پاشا، سەگی خۆشەویستی خاڵە گەورە شیفایە بۆ ڕۆحی بریندار، مەدالیای شەرەفی حیزب و نیشتمانە``

ئاوەها وەک دەبینین گووشۆر و لەشفرۆش و دەمپانکەوەرەکان کولتوری حیزبە شۆڕشگێڕە قەدیمەکەی ئێمەیان بەرز ڕاگرتووە. بەمجۆرە هەر کە شۆڕشگێڕ و جاشەکان وازیان لە کوشتنی یەکتر هێنا، ئیدی شێوە و ڕووخساری یەکتریشیان تێکەڵ بەیەک بوو. دەموچاویان لەیەکتر دەچوو، تەنانەت وەک خاڵە گەورە لەم سالانەی دوایدا کە بووە سەرۆکی هەموو مەملەکەت بەمنی گووت`` بەجۆرێک دەموچاویانم لێ تێکەڵ بووە، کە نازانم حیزبەکەم لە چ فەوجی جاشێتدا دەست بەکاربووە``

بەمجۆرە ترسنۆکەکان هاتنەوە ناو کولتوری ئەم نەتەوە قارەمانە، زەمەنێکیان درێژکردەوە کە خاڵە بەزەمەنی ``قووندەر و قوزحیزەکانی مێژوو`` وەسفیدەکردن.

بەلام لێتانی ناشارمەوە کە بڵێم؛ خاڵە سەرسام بوو کولتوری ترسنۆکەکان، بەڕای ئەو چەندە ترسنۆکەکان لە ڕواڵەت و ئاستی بینراودا ناشرینن. لە مێژوودا وەلا دەخرێن، چونکە ئەو ئەسپە ترسنۆکانەن لەگەڵ سوارەکانیاندا نەپساون، بەڵکو لە ئەسپەوە بوونەتە بارگیر و تا کۆتایی ژیانیان لەسەر کەلاکی ئەو شکۆیە دەژین کە لە جەنگدا گەڕاونەتەوە ماڵەوە و بوونەتە بار بەسەر دونیاوە. ئەمە وەها دیارە، بەلام لە جەوهەردا شتەکی ترە، خاڵە گووتەنی`` ترسنۆکەکان سەرکەوتنەکانی شەڕە پڕ شکۆدارەکانی پاڵەوانە کوژراوەکان دەپارێزن و دەبنە پایە گرنگەکانی

ســــەرکەوتن`` هەربۆیە خاڵە ســــەرســـــامم بوو بە چیرۆکێکی دەمـاودەم کە دەڵێت؛ لە جەنگی چاڵدێران، کاتێک ئەفســــەرێکی تورکی عوســــمانلی کوژرانی پاڵەوانبازی ســــوارچاکە کوردەکانی بینیبوو. بینیبووی یەک لەدوای یەک وەک ســــێوی پێگەیوو بەتۆپە دوورهاوێژەکانی عوســـمانلیەکان لەســــەر زینەکانیان بەردبنەوە و وەک پـاڵەوان دەچنە نـاو مێژوویی جەنگەوە. بینی، پـاڵەوانێکی کوردیی وەک (دێو سـوڵتان) و شـۆڕەسـوارە کوردەکانی  هاوەڵی، ئامادە نەبوون لەســــەر زینی ئەســــپەکانیان بێنەخوارەوە و لەبن بەردەکـانـدا خۆیـان لە تۆپە دوورهـاوێژەکـانی عوســــمـانلیەکـان بپارێزن. هەر لەوێ بەســــەر زینی ئەســپەکانیانەوە، بە جەســــتەی خۆیـــان و کـوژرانی خـۆیـــان، ڕیـزەکـــانی پـێشــــەوەی تـورکـە عوســــمانلیەکان شــــکاند. کاتێک هەموو ئەمانەی بینی، بیری لەوە کردەوە کە ئەم پـاڵەوانـانە تەنهـا بیریـان لە پـاڵەوانبوونی خۆیـان کردۆتەوە، چونکە لە ڕووی ڕیالیســــتیەوە ســــوور دەیانزانی وەک کوردێک  لە هەردوو بەرەکەدا بەرەی سەفەوی و بەرەی عوسمانی کـامیـــان بیبـــاتەوە، کورد دۆڕاوێکی ئەبەدییە، کورد لاشــــەی گەمژەیەکە بەســــەر تەنافی شــــەڕێکی لەبیرکراودا. لە چاوی ئەم تورکە عوسمانلیەدا پاڵەوانبازی کوردیی جگە لە گەمژەیی مێژوویی نەبێت هیچیتر نییە. بەڵام ئەوەی ئەو نەیـدەزانی، جیـاوازی نێوان کولتوری پاڵەوانەکان لە کولتوری ترسنۆکەکان لەوەدایە؛ بۆ ئەوان مردن لەنــاو مێژوودا وەک پــاڵەوانێکی کورد، گرنگتربوو لە بردنەوەی جەنگێک وەک ترســــنۆکێکی مێژوویی. ئەوســــــا ئەم ئەفسـەرە قسـەیەکی بەناوبانگی کرد  و گووتی `` باشتر بوو تەنها ڕۆژێک ترســــنۆک بوونایە، وەک لەوەی بۆئەبەد وەک پاڵەوانێکی

مردوو قوونتان بچێته بەر کێری ئەســـــپەکانتان`` ئەم قســـــەیە لەدوایــدا بووە دروشـــــمی کولتورێـک کە خــاڵە بە کولتوری (ترسنۆکە مێژووییەکان) ناویدەبرد، و بەڕای خاڵە گەورە ``لەسەر بنەمای کولتوری ترسنۆکەکان حکومەتی مۆدێرنی تورکی بیناکرا``

خاڵە لەو بڕوایەدا بوو کە قســـــەی ئەو ئەفســـــەرە کاتێک بووە پاڵەوانە کوردەکانی بینی دەکەون لەســـــەر زینی ئەســـــپەکانیان و خۆشی وەک ترسنوکێک هەموو لەشی دەلەرزی نەبادا سوارچاکە کوردەکان ڕیزی دووهەمی سوارەکانیان بشکێنن و بگەنە سەری. بەڵام تۆپە دوورهاوێژەکان نەک هەر ئەم ترســـــەیان ڕەواندەوە و ئەوی پاراست لە ڕووبەڕووبوونەوە لە شەڕگەی پاڵەواناندا، بەڵکو وەک خاڵە دەیگووت ``کوردەکان ئەو خاکەشـــــیان لەدەســـــتدا کە ناویان نابوو لانەی شێران``

دوای کۆتایی شەڕەکە، ئەفسەرە وەک ترسنۆکێکی لوتبەرز چووە ســەر لاشــەی پاڵەوانە کوردەکان؛ لاشــەکانیان بە گوللەی تۆپەکان تێکەڵی کەلاکی ئەســـــپە پســـــاوەکانیان بوو بوو. کەس نەیدەزانی مۆخی کـامە پـاڵەوانە، قـاچی پەڕیوی کـامەیـانە چۆتە نـاو ورگی هەڵدڕاوی کامە ئەسپی کەوتوو. کامە قامکی ئەستوور چۆنە کەللە سەری شەقبووی کامە کەلاکی ئەسپێکی پساو. کامە قوونی ڕیزاڵ بوو لە ناوگەڵی کامە ئەســـــپی بریندارادیە... کە ئەم ســـــەرەنوێڵکە تێکەڵەیە لە کەلاکی ئەســـــپ و لاشـــــەی ڕیزڵ بووی مرۆڤی بینی، گووتی`` باشـتر بوو تەنها ڕۆژێک ترسـنۆک بوونایە، وەک لەوەی بۆئەبەد وەک پـــاڵەوانێکی مردوو قوونتـــان بچێتە بەر کێری ئەسپەکانتان``

خاڵە کاتێک ئەم چیرۆکەی بیستبوو، لە بەرلینی سۆسیالیست خوێندکاری زانکۆ بوو. لەو ڕۆژەوە تەواو بیروڕاکانی گۆڕابوو و بڕیارِی دابوو وەک خۆی دەیگووت ``وەک ترسنۆکێکی زیرەک بژیم، نەک وەک پاڵەوانێکی گەمژە بۆئەبەد بمرم``

خاڵە چەندەها جار باسی پاڵەوانبازی خۆی بۆ دەکردم، تەنها یەک پاڵەوانبازی و هیچیتر، بە سەدەها جۆر بۆمنی مۆپسی پاشای سەگی بەوەفای خۆی گێڕاوەتەوە. بێگومان لە کتێبەکانی مێژووشدا بە چەندەها شێوەی جۆراوجۆر و بە زمانێکی ئەفسانەیی ڕازێندراوەتەوە. تەنانەت فیلمێکیان لەسەر دەرکرد کە چوار ملیۆن دۆلاری تێچوو، چووە باخەڵی گەلاڕێزانی شەش قوز و ئەناڵ قەرەپۆزی موزیشنی نیشتمانە کارتۆنیەکەمان و دکتۆر شادومان شازەمانی سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی جڕت و چەقەنە و سەرۆکی یانەی هەزەلیەکانی کوردستان. کۆی فیلمەکە منێک، مۆپسی پاشا، سەگی بەوەفای خاڵە کە هیچ لە فیلم نازانم، دەمزانی لە ماتریاڵی هەرزان دروستکراوە، تەنانەت لە پارچە تەختە دیکۆرە کۆنە ڕزیوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ باخچە زەردکەی وەزارەت هێنرابوو، لەوێ زۆر ناشیانە پێکەوەنرابوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە جیاتی ئەکتەر و کۆمبارس، جلی عەمبارەپۆی گەنجینە کۆنەکانی سەرباز و پۆلیسیان بە نارێک و پێکی وبە دوو ڕەنگ، خاکی و سەوزی تۆخ، لەبەر کۆمبارەسەکان کرابوون، کە هەر لە حەبی گولاجی دووڕەنگ دەچوون لەناو دیکۆرە تەختەی شکاو و بۆیە پەڕیوودا و بەو ناوەدا وەربووبن. ئەوانەی بە تۆپزی کرابوونە کۆمبارس، ئەو باخەوان و فەڕاش و پاسەوانی کۆگا بەتاڵەکانی

وەزارەتی ڕۆشـنبیری و کرێکارە بێکارەکانی وەزارەتی کشـتوکاڵ بوون. هەموویـان وەک کۆمبـارسـی بەلاش حۆل و گێژانە دەجولانەوە و تفەنگی نـایـایلۆنی مندالانە و بڕنەوی شـکاویـان بەدەسـتە بوو و لەفیلمەکەدا تەقەیـان دەکرد و خۆیـان دەدا بە چیمەنەکەدا و لە بەردەم دیکۆری شـاخ و داخە ڕەنگ کالبۆوەدا خۆیان دەدا بەسـەر چیمەنەکدا و دەکوژران. لەو فیلمەدا ئەوەی ڕۆڵی خاڵە دەبینی بەپێچەوانەی خاڵە کە خڕو خەپان و ورگ زل بوو. بەپێچەوانەی خاڵە کە لە ماتریۆشکایەکی ڕووسی دەچێت و ورگە حەزیـاکەی و دەسـتە خرپن و ڕوومەتە خرپنەکەی لە گەنجیەوە سـیمـای دیـارێتی. ئەم ئەکتەرە لەم فیلمە هەرزانەدا بەپێچەوانەی ئەم وێنەیە گەنجێکی باریکەلەی قۆزی چوار شـانە بوو کە فیشـەک لغی ڕاسـت و چەپی لە خۆدا بوو و لە فیشـەکدا زەرد دەچۆوە. لەفیلمەکەدا دەمانبینی بە تاقی تەنێ و بە بڕنەوێکی مـاوزەرەوە ڕێگەی بە قـافڵەیەک لە هێزێکی سـەربـازی گرت و لەسـەر پیکابێکی قافڵە سـەربازیەکە ڕەشـاشـێک بەڕاسـت و چەپدا لەگەڵ دەرکەوتنی خاڵەی گەنجدا تەقەی کرد. دوای سێ خولەک لە تەقەکردن و تەپۆپز هەسـتان لەو ناوەدا، لەپڕ خاڵەی گەنج لەبن بەردەکە هەڵدەستا و بە بڕنەوەکەی هەموویان وەک تووپی گەیوو لەدار بکاتەوە، ئاوەها وەرین بەو ناوەدا و کوژران. فیلمەکە ئاوەها بوو، کە زۆری نەبرد هێزێکی پشـتیوانی دێت بەهـانـای تـاقە پاڵەوانەکەمـانەوە کە وەک هەڵۆیەک لەسـەر بەردێکی گەورەوە، وەک پاڵەوانێکی سەرکەتوو سەیری لاشەکان دەکات و ئاوڕێک بۆ هێزە پشـتیوانیەکە دەداتەوە و دەڵێت`` درەنگ هاتن، شـەڕەکە تەواو بوو``

ئاوەها پێشــمەرگەکان بە ســەرســوڕمانەوە ســەیری ئەو هەموو لاشــەیە دەکەن خاڵە بەریداونەتەوە. لێرەوە فیلمەکە بەرەو کۆتایی دێت کە خـاڵە ئـاوڕێک دەداتەوە دەڵێت``جارێکیتر زووتر وەرن، چونکە پاڵەوانەکان بێ سەبرن``

بیرمـدێـت، کە ئەم فیلمە بۆ خـاڵە لێـدرا، لە دوو دیمەنـدا حسـەگووشـۆر و ئەناڵ قەرەپۆزی و حسـەی ئەحە داس گوواویی وەزیری ڕۆشـنبیری و سـەرۆکی دەزگای حیزب و سـەرنوسـەری هەموو ڕۆژنامەکانی حیزب و دکتۆر شـــادومان شـــازەمان، ئەم ســـیـانە کە گەنـدەخۆری ســـەرەکی ئەم فیلمە هەرزانە بوون، هەڵستانە سەپێ و کردیانە چەپڵە ڕێزان و ژوورەکەیان پڕ کرد لە حەماس. منیش خێرا بۆنی ڕیاکاریم کرد و پێیانوەڕیم و لەترساندا لە شـوێنی خۆیان سـارد بوونەوە و خاڵەش قاقا پێدەکەنی... بەڵام ئەمە بۆ یەکەمجار بوو هەستبکەم خاڵە گەورە لە ناو خوماربوونی دەسـەڵاتدا تەواو خەڵەفا بێت، چونکە یەکمجار بوو لەژیانیدا کەیفی بەم ڕیاکارییە بێت، هەربۆیە ئاوڕی لێدامەوە و گووتی ``مۆپســـی گیان وازیان لێ بێنە، با خۆشـــی و دڵســـۆزیی خۆیان دەبڕن`` بیرمدێت، لە دیمەنی یەکەمدا کردیان بەهەرا و گریانی ڕیاکاری و چەپڵەلێدان، بەتایبەت کاتێک خاڵە بۆ ماوەی ســێ خولەک بە ڕەشـاشـەکەی ئەو ناوەی کردە بێژنگ. ئەمە جگە لەوەی لەناو ئەو تەپوتۆزە جەهەنەمیەدا لە شـــریـخەی بڕنەوەکـانی دیکە و کلاشـــینکۆف و هەڵدانی نارنجۆک بۆ خاڵە، هەرایەکی ســـووک و چرووکـانەی لەو نـاوەدا دروســـتکردبوو کە دیـاربوو مۆنتێری فیلمەکە دەنگەکانی زۆر ناشیانە مۆنتاژ کردووە. لە فیلمەکەدا دوای

بێدەنگیەکی یەک خولەکی کە هەموو بینەرێک چاوەڕێی ڕەوینەوەی ئەو تەپوتۆزەی دەکرد، بێگومان هەموو کەسێک چاوەڕێی لاشەی ڕیزاڵ بووی خاڵەی گەنجی دەکرد بەسەر گاشە بەردە زلەکەی کە پێشتر بەخۆی و ماوزەرەکەیەوە لەبەردەمیدا قووتبوو بۆوە. بەلاَم بەپێچەوانەی ئەم چاوەڕوانیە تراژیدییە، هەر لەگەڵ ڕەوینەوەی تەپوتۆزە جەهەنەمییەکەدا خاڵەی گەنج بەخۆی و ماوزەرەکەی لەبن بەردەکە هەڵدەستێتە سەرپێی و پەلاماری دوژمن دەدات، بەڕاست چەپ تەقە دەکات و ئەڵقەی نارنجۆک لە نێوان ددانەکانیدایە و نارنجۆک دەهاوێت. خاڵەی گەنجی بێ ورگ لەو دیمەنەدا دەیکاتە هەرایەکی کۆمیدی وەک کورد دەڵێت؛ سەگ ساحێبی خۆی نەناسێتەوە... بەجۆرێک، ئەو هەموو نارنجۆکە دەستیانە دەهاوێت، لەفیلمەکەدا دەنگی تەقینەوەکان دەنگی نارنجۆکی دەستی نییە، بەڵکو دەنگی تەقینەوەی گوللەی تۆپی قورسە. تەقینەوەکان ناوەستن تاوەکو هەموو سەربازەکان دەبنە لاشەی کەوتووی سەر پیکاب و بن بەردە تەپەدۆرییەکان، کە ڕەنگی بۆییە ڕەساسیە هەرزانەکەیان سپێتی فلینەکەی تەواو دەرخست بوو. بەتایبەت کاتێک زووم دەچووە سەر ئەو سەربازانەی بە جلی دووڕەنگەوە، لەسەرەوە سەوز و لە خوارەوە پانتۆڵی خاکیان تێکەڵی پەڵە خوێنی سووری کاڵ بوو. بەجۆرێک بوو، هەموو گەمژەیەک دەیزانی بۆییەکی ڕوونە و کراوە بەلەشیاندا. لە ناو ئەم شەڕە کارتۆنییەدا تاکە کەس بەپێوە مایەوە خاڵە بوو، بەخۆی ماوزەرەکەیەوە سەیری ئەو قەسابخانەیەی دەکرد کە خۆی قەسابە لەپڕەکەی بوو...

لێرەدا چرکەســـــاتە کارتۆنییە پڕ ڕیاکارییەکە دەســـــتپێدەکات، بەتایبەت کاتێک  زوومی کامێرا دەچێتە ســـەر دەموچاوی خاڵە و موزیکی  (پێشـــــمـــانکەوە، پێشـــــمـــانکەوە خـــاڵوانی، تۆ نووری چـاومـانی...) بەدەنگی دەریـا خـانمی قوز بـاغە، ئەو چرکەســــــاتە ڕادەوەستێنێت... ئاوا، لەفیلمەکەدا خاڵەی گەنج  هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشـــت و موزیکەکە هاوشـــانە لەگەڵ زوومی کامێرا لەســـەر کەلاکی دوژمنان و ئەو سەربازە سمێڵ زلەی بەسەر ڕەشاشەکەوە شۆڕبۆتەوە و فیشەکێک ناوچەوانی سمیووە...

دیمەنی دووهەم  چەنـد چرکەیەک بوو دوای ئەوەی  هێزی پشـــتیوانی خاڵە دەگەنە شـــەڕگەکە، خاڵە بە ئاوڕێکی پڕ خێســـە و تووڕەیی پـاڵەوانەنەوە ئـاوڕ لەو هێزە پشـــــتیوانەیە دەداتەوە کە لەبەرامبەر ئەم هەموو لاشـــەدا واقیان وڕما بوو، خاڵە پێیاندەڵێت`` جارێکیتر زووتر وەرن، چونکە پاڵەوانەکان بێ سەبرن``

ئیدی لەم کـاتەدا کۆڕاڵی دەمپـانکەرەوەکـانی حیزبمـان، هەردوو حســـەکە؛ حســـە گووشـــۆری گۆرەوویی شـــۆری خاڵە و  حســـەی ئەحە داس گوواویی وەزیری ڕۆشـــــنبیری  و دکتۆر شـــــادومان شـــازەمانی کۆنە بەعســـی کە لیســـتی ئیعدامی منداڵانی شـــاری لە چواردە ســـاڵەوە دەکردە هەژدە و ئێســـتاش بیرەوەیەکانی شـــاخی دونیای پڕ کردووە و ئەناڵ قەرەپۆزی کۆنە قۆشمەی بەعسیەکان. ئـاوەهـا، هەموو ئەم بونەوەرە بڵحـانە کەوتنە هـاوار و چەپڵە، بە چاوی پڕ فرمێســـکەوە هاواریان دەکرد؛ بژی خاڵە گەورە، نەمری بۆ خـاڵە گەورە... هەرچەنـدە من لەو کـاتەدا لەبەر خۆمەوە هەر مڕەمڕم بوو بەڵام ئەمجـارە من بێ فەرمـانی خـاڵەم نەکرد و نەوەڕیم پێیـان، چونکە ئەوە دوادیمەنی کۆتـایی فیلمەکە بوو کە

هەستانە سەرپێی و کەوتنە قوولە قوول و بژی سەرۆکی ئەبەدی و تەنانەت بۆ مەراییکردن ناوی منیشـیان هێنا و گووتیان ``بژی سەرۆک، بژی مۆپسی پاشا``

بەینی خۆمان بێت، منیش کەیفم بەو ڕیارکارییە هات کە ناوی منیان هێنا، لەو ڕۆژەوە بۆم دەرکەت نەک مرۆڤ، بەڵکو هەموو بونەرێکی سەر ئەم زەویە، ئاگای لەخۆی نەبێت میوەیەکی ڕزیوی گەندەڵییە. ڕاستیتان دەوێت من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد خاڵە گەورە چرچەکانی نێو چەوانی لێکنێت و بشـیرینێت بەسەریاندا، کەچی خاڵەم بینی چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و لەگەڵیدا هەموو لەشی نیشتە سەر ئارەقەی حەماسەت. ئارەقەیەکی پڕ کەفوکوڵی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ ئەو چرکەساتە مقەباییەی کە بەمسەری پیرییەوە لێی بوو بوو بەڕاست. بەهەقەت ئەوەندە کاریگەر بوو بەم فیلمە هەرزانە کارتۆنییە، بەجۆرێک، دەستیکرد بە گریان. ئیدی منیش لەگەڵیشیدا بەرگەی دڵی تواوەی خاڵەم نەکرد، کەوتمە لوورە لوور. ئیدی لەدوای گریانی خاڵە، کۆڕاڵی دەمپانکەرەوە و ماستاوساردەکەرەوە و گووشۆران بۆیان سەندەوە. بەمجۆرە حسە گووشۆری گۆرەوویی شۆری خاڵە کە ئێستا پێدەڵێن `مامۆستا حوسێن قارەمان` و `ئەناڵ قەرەپۆزی` موزیشنی نیشتمان و `دکتۆر شادومان شازەمانی` سەرۆکی یەکێتی نوسەران و یانەی جرت و چەقەنەی کوردستان و `حسە دەم گوواویی` وەزیری ڕۆشنبیری، هەردووکیان هەردوو حسەکە، گەرمتر لەهەمووان کەوتنە زوڕە زوڕ و گریانێک ئەوسەری نەبێت... لەو چرکەساتەدا هەستمکرد خاڵە بەورگەوە کەوتۆتە ناو

گۆلاوەکانی خەڵەفاویی، بە قوونەوە وەک خۆی دەیگووت، لەناو گوویی ڕۆژەکانی خۆیدا دانیشتووە و خەون دەبینێت.

بیرمدێت هەر ئەو ڕۆژە کە فیلمەکە تەواو بوو، خاڵە سێ کوردی ڕۆژهەڵاتی بانگهێشتکرد، تەنانەت ئەو کوڕە گەنجەیان بانگهێشت کرد کە ڕۆڵی ئازایەتی مێژوویی خاڵەی دەبینی. لەوێ هەر لەژوورەکەی خاڵەدا، مەدالیای پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی پێبەخشین کە بەرزترین مەدالیای ئەم مەملەکەتە بوو. دوایش هەر چواریان لە ژێر زەمینی مەکینەی قیمەجنەکە گەورە ئادەمیەکەدا بەڕێز بەدەمانچەی بێدەنگ کوژران، هەر لەوێ لەگەڵ بیست مریشکی سەربڕاو و کەلاکی سەگێکی هاردا کە هەر لەو ژێرزەمینەدا بەرفیشەکیاندا، هەموویانیان خستە ناو مەکینەی قیمەجنەکە زەبەلاحەکەوە. ئەو مەکینە زەبەلاحەی کۆپییەکی ئەڵمانی قیمەجنە دێرینەکەی عودەی سەدامی دیکتاتۆر بوو. ئاوەها چوارگەنجی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ڕۆشنیان هێنا، بە پەلە فیلمەکەیان پێ کردن، دوایش نەیانهێشت دوای دەرهێنانی فیلمەکە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان، کە هیچیتر نەبوو جگە لە ژیان نەبێت لە هۆتێلێکی هەرزانی هەژارانی نێوەڕاستی بازاڕی سەوزەفرۆشان. هەر لەو کۆشکدا فیلمەکەیان پێ مۆنتاژکردن و هەر لەوێش خاڵە پێی سەرسام بوو. دوای بەخشینی پارە و مەدالیا لەلایەن خاڵەوە، بەپێی فەرمانی گەلاڕێزانی شەش قوز لە ژێرزەمینی قیمەجنەکەدا، کە ڕێک دەکەوتە ژێر کولانەی هەوشارەکانمان کە ئێستا لە خەڵەفاوی و کۆنیدا گوێچکەیان گران بووە. لەوێ، بۆئەبەد لەگەڵ کەلاکی سەگێکی هار و مریشکە

سەربڕاوەکان لە قیمەدران و پاشان دران بە ماسییەکانی چەمە بە خوڕەکەی بەردەم کۆشکەکەی خاڵە.

بەڵێ بەڕێزانم، لەم ســــالانەی دوایی پێش جەڵتە یەک لەدوا یەکەکانی، خاڵە کەوتبووە نێو گۆلاوەکانی دەســەلاتەکانی خۆیەوە، تەنانەت پەیوەندیشـــی لەگەڵ مندا گۆڕابوو، وەکو جاران گوێی لێ نەدەگرتم و نەدەهات بۆ ژوورەکەم. من ئەوەم دەزانی چونکە کە مرۆڤ پیر بوو وەک گەماڵی لێ دێت، بەشـــە ســـەگییەکەی زیاتر دەردەکەوێت، حەزدەکات لە ســـووچێکدا خەفە بێت و کەس نەیەت بەلایدا. ئا لەوەدا من، مۆپسی پاشا، گلەییم لە خاڵە نەبوو، دڵم لێی نەدەتۆرا، چونکە لەوەدا من و ئەو یەکمـانـدەگرتەوە، من وەک سەگێکی ڕاستەقینە و خاڵەش وەک سەگێکی کۆن. هەربۆیە سالانی پێش ڕیزە جەڵتەکەی خاڵە، سالانی بەربوونەوەی سێوە گەیوەکانی دەسەلاتەکانی خاڵە بوو بۆ ناو کۆشی ژنەکەی و خەسووە عەیار و کوڕەکانی، ســـالانی چینینەوەی ئەملا و ئەولای برازاکانی بوو کە لەژێرەوە دژایەتی ئامۆژنیان دەکرد و خۆیان خزاندبووە نێو دەزگا ئەمنیەکانی حیزبەکەوە. لەو فڕکان فڕکانی سێو چینینەوەی درەختی دەســــەلاتی خاڵە گەورەی میهرەبان، دونیایەک کرمی جۆراوجۆر لە سێوە ڕزیوە بەجێهڵدراوەکان بەناو زەوی حیزبماندا لەدایکبوون؛ حیزبی قارەمانەکانی دژە دیکتاتۆر، حیزبی گەنجە خەونبینەرە کوژراوەکان، حیزبی شەڕە کوتلە و شەڕە ئاربیجی و خوێن. ئێستاش بۆتە حزبی شەڕە جڕت و شەڕە ڤیدیۆیی ڕووت و شـــەڕە جنێوی ســـەری تۆڕە کۆمەلایەتیەکان... ئاوەها، ســـێوە گەییوەکانی خاڵە، بەشی شێری بەر کۆمپانیا موڵتی ناشناڵی نەوتی

ئیســـپانی و فەڕەنســـی و ئەمریکی و بریتانی و ئێرانیی دەکەوت، دەچووە نـاو ســـەبەتەی کوتلەکەی هومـا خـانی ژنی خـاڵە و گەلاڕێزانی شەش قوزەوە. ئەویتر کە دەمایەوە، بۆ کرمەکان بوون، ئەو ئەندام مەکتەب ســیاســیە خەڵەفاوانەی وەک کرمی پیســـی گەندەخۆر بۆی دەکشـــان و هەریەکەی دەیویســـت لەناو ســـێوی ڕزیووی هەڵدراوی شــەش ناوگەڵەکەی  گەلاڕێزانی شــەش قوزدا جێگەی بێتەوە.

تەنانەت وەک بۆم باســـکردن، پیاوە قارەمەنەکەمان، پەیامبەری هەژاران، دکتۆر شـــابـازی مچە گەڕی نەمســـــاویی، ڕۆژانە بەســـکەخشـــێ خۆی دەگەیاندە گەلاڕێزان، بە کاژێری بێزارکەر لە ئۆفیســی مامۆســتا  حســەگووشـۆری خاڵە کە ئێستا بە مامۆستا حوســێن قارەمان ناوی دەبەن، دادەنیشــت. دوای چاوەڕوانی دوو کاژێر بەوســـــەری پیرییەوە ئەوەندەی چا و قاوە دەخواردەوە، ئەوەندە ســـەیری تیڤیە بێماناکەی ئۆفیســـەکەی شـــنەقۆنەرەکەی دەکرد کە بەردەوام لەســـــەر کەناڵی جڕت و چەقەنە عەرەبییەکانی هەیفا وەهبی و فیفی عەبدە بوو. ئەوەندە بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو یان دەهاتە دەرەوە جگەرەی دەکێشـــا تاوەکو ڕەشـــایی پێســتی تاریکتر دەینواند. ئاخر ئەوێک کە هەموو کورد لە تیرۆری دەترسـا، ئێسـتا بۆی نەبوو لە ئۆفیسـەکەی شـنە قۆنەرەدا جگەرە بکێشـێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو جارجارە حسـە گووشـۆر و شـنە ســـەریان بە ئۆفیســـەکەدا دەکرد، وەک جۆرێک چاودێریکردن و ســـووکە دەرکردنێک، پێیاندەگووت؛ هیچی تر ناخۆیتەوە... ئەویش بەناچاری  دەهاتە بەر بالکۆنەکە دەســـتیدەکرد بە جگەرەکێشـــان، لەو کاتانەدا منیش چەندەها جار بۆ بوغزاندنی دەچوومە بەردەمی

دوژمنە دێرینەکەم، ئەوەندە مرمرم لێدەکرد کە جگەرە کێشانەکەیم لێ دەکردە زەهری مار. دیارە دەمزانی گەلارێزان و هوما خان لە پەنجەرە تەڵخەکانی دیکەوە ئەم بەزمەی من و شیروانی مچەگەڕی پیریان دەبینی. هەموو جارێکیش کە وامدەکرد لەباوەشیان دەنام و ئێوارەکەی جەمێک نانی تێریان دەدامێ. ئاخر دەبێت ئەوەش بڵێم، لەوەتەی خاڵە چووبووە ناو زێرابەکانی دەســـەڵاتی خۆیەوە و خەڵەفابوو، من نەک هەر فەرامۆشــکرابووم بەڵکو بە شـــەو و بە ڕۆژ لەســـەر پاشــماوەی موبەق و تەنەکە خۆڵەکان دەژیام. دیارە حاڵی من لە حاڵی هەر سـێ هەوشـارە ئەزیزە کۆنەکەمان باشـتر نەبوو، کە یەکێکیان تەواو خەفە بوو، و دووانەکەی تریشـــیان هەم چاویان کز بوو، هەم گوێچکەیان گران بوو بوو، هەم ئێسقانیان بۆ نەدەشــکا. ئاوەها ســەگێکی خەڵەفاوی ئادەمیی وەک خاڵە و چوار ســـەگی کۆنی وەک من و ســـێ هەوشـــارەکەی لەناو تراژیدیای فرانبوونی زۆنگاوەکانی دەســەڵاتی خاڵەدا، لەترســی نقووم بوون، پێمەلەمان بوو...

بەڵام بگەڕێمەوە سەر چیرۆکی ئەم فیلمە و ئەوەی خاڵە نەیدەزانی ئەوە بوو، کە ئەم فیلمە جگە لە خـاڵە خۆی، بەپێی ڕێنمـایەکـانی گەلارێزانی شـــەش قوز، بۆ کەســـیتر نمـایش نەکرا و لە هیچ شـــوێنێکی تر لێ نەدرا. فیلمەکەش تەنها لە قاســـەی گەلارێزان خانمدا پارێزرا و دوایش هەموویی فەوتێنرا. لەگەڵ ئەوشـــدا ئەم فیلمە ســـەرەتایەکی باش بوو بۆ زیاتر خەڵەفاندنی خاڵە گەورە و دوورخســـتنەوەی لەهەموو کۆبوونەوەکـانی کەرگەوزەکە و ئامـادەبوونی هومـا خـان وەک نوێنەری خـاڵە لە کۆبوونەوەکـانی

مەکتەب ســـیاســـیدا. بێگومان ئەو ڕۆژانەش بەهەمان نەریت، بەهەمان شـێوازی خاڵە من دەشـۆرام و لە لیمۆزینەکەی خاڵەدا لە بـاوەشـــی هومـا خـانـدا خۆم دەبینییەوە. لە هۆڵی کۆبوونەوەی کەرگەوزەکەدا، وەک چۆن خاڵە ئاوەها ناوی لە هۆڵی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دەنا. بە شێوازی خاڵە، هوما خان دەچووە سەر کورســییە تایبەتەکەی خاڵە، کە لە کورســی ئەوانیتر زەبەلاحتر و بەرزتر بوو، قەراغەکـانی بە ئـاڵتون ڕووکەش کرابوو، بەهێمنی دادەنیشـــت و منی لەبەردەم خۆی دادەنـا، دووکەڵی جگەرەکەی وەک پەڵە هەورێک ڕەشەبا هێنابێتی، ئاوا بەنێو سەروچاوی ئەندام مەکتەب ســـیاســـیە دایکخۆگێیە پیرەکاندا تێدەپەڕی. جا هەر کە بۆڵەبۆڵی مەکتەب ســـیاســـیەکان دەســـتی پێدەکرد، نامەیەکی بە ئیمزای خاڵە، لەبەردەمیان دادەنا و دەخلیســـکاندە ناوەڕاســـتی مێزە مـاهـاگۆنییە گەورەکە کە تێدا خـاڵە گەورەی میهرەبـان، هومـا خانی وەک نوێنەری خۆی دەســتنیشــانکردبوو بۆ ســەرپەرشــتی کۆبوونەوەی مــانگــانەی حیزب. هەروەهــا بۆ هێورکردنەوەی بۆڵەبۆڵی ئەو دایکخۆگێیانە وەک چۆن لەفەرهەنگی خاڵەدا مەکتەب سیاسیەکان ئاوەها ناودەبران، هوما خان دەستێکی دەنا بەسەرما و ئیدی لەو کۆدە تێدەگەیشـتم و دەکەوتمە مرمرکردن، ئیدی خێرا هەموویان وەک دڕەندەیەکی زەلیل،ماڵیی و خامۆش دەبوونەوە. بەمجۆرە سـاڵانی پێش سـێ جەڵتەکەی خاڵە، کۆی بونیادی حیزب لەو کۆبوونەوە کـارتۆنیـانەدا بە ئـارەزووی هومـا خـانم لەبنەوە گۆڕانی بەسـەردا هات، ئیدی کاتی فەرامۆشـکردنی ئەم پێنج سـەگە کۆنە هاتبوو؛ من و خاڵە و سێ هەوشارە دڵسۆزەکانمان...

بەمجۆرە خـاڵە لەنـاو بڵقە هەواییەکەی خۆیـدا گیربوو بوو. بە هاوکاری شـــێفی موبەقەکەی خاڵە، کە ئەڵمانێکی ئۆســـتەرایخی ڕەنگپەڕیوو بوو، یادەورییە ســـەگانەکەم خیانەتم لێ نەکات ناوی (ماتیاس ڤاگن هۆیســـە) بوو. ماتیاس لە بنەڕەتەوە وەک هەموو ئەڵمـانێـک وەک ســـلێمـانیەکـان دەڵێن``پێنج فلســـی بە قنـگ هەڵدەگرتەوە`` یەکێکی بۆگەنبوو بوو لەناو تووڕەیی و بوغزێکدا کە من نەمدەزانی لەچیی تووڕەیە و بۆچی دونیا لای ئەو ئەوەندە تاڵە. لەوەش تێنەدەگەیشـــتم گەر دونیا ئەوەندە تاڵە و بێزارکەر و هیچە وەک لە دەموچاوی و شێوەژیانیدا دەردەکەوت، ئیدی بۆچی ئەوەندە حەزی لە پارە بوو... لەوەش تێنەدەگەیشتم، هەرچی شێفی موبەقی دونیایە کەســـانێکی ورگن و ڕووخۆش و پڕ شـــادومانین، کەچی ئەم پیاوە لە ڕەگێکی ڕزیوویی فڕێدراوی نێو جۆگەلەیەکی وشکی دەکرد کە پێیەکانی ژیژکێک بتوانێت وردوخاشی بکات. من نەمدازنی خەیار پاکردن و کولەکە لێنان و شـپاگێتی دروسـتکردن، ئەم دەموچاوە ڕژد و مۆنەی بۆچییە... ئەوەی دوایی بۆم دەرکەوت برژاندنی گۆشتی ئاسک بە سۆسی ئەڵمانی کە خاڵە گەورە زۆری حەز لێ دەکرد، مانگانە لە کۆمپانیاکانی ناوچەی بایەرەوە دەهات، لەگەڵ گۆشـتی کەو و سـوێسـکە و کۆترەکێویی شـاخەکانی ئەلب، کە بە کۆتری تورکی بەناونگە، هەموویان لەم موبەقەدا دەنیشتنەوە. ئەمە جگە لە گۆشـــتی ئاســـک و کەڵەکێویی لە وەرزی تایبەتی ڕاوکردنیدا، هەروەها گۆشتی گۆلەکەی شاخەکانی ئەلبی سنووری ئۆستەرایخ لەگەڵ وەسڵە بەتاڵەکان بە فڕۆکەی تایبەت دەگەیشتنە کۆشـــک و لەلایەن شـــنە قۆنەرەوە پڕ دەکرایەوە و ماتیاســـی ڕەنگپەڕیوویی بوغزن، شـــیرینی خۆی وەردەگرت. ئەویش وەک

هەموو ســــپیەکانی ئەم کوردســــتانە لە ئەمریکی و ئیســــپانیی و بریتانیی و زۆریتر لە مرۆڤی ســــپی ئەم دەڤەرە، کە بەخۆیان و کۆمپانیا و ڕێکخراوە مولّتی ناشناڵەکانەوە هاتوون، شیرینی نەوتی ئەم وڵاتە ئەوەنــدە تێری کردوون، بەجۆرێـک لە قوونیـانەوە دەچۆڕیە خوارێ. ئەم مـاتیـاســـە بوغزن و ئەڵمـانە هەمیشـــە ترشــــاوەش هەمـان جۆر بوو، بەنـاوی بەرنـامەڕێژی خواردنی تەندروســـت بوو هاتبووە ئەم کۆشـــکە، بەڵام دوای ئەوەی کوڕە نەمســــاویەکانی خاڵە بە دیالەکتیکە ئۆســـــتراخییەکانیەوە لەگەڵ ماتیاســدا بوونە هاوڕێ و دووجار بلیتی تایبەتیان بۆ بڕی هەر لە کوردســـــتـانەوە بەرەو ئەســــتنبول و لەوێوە بەرەو دوورگە ڕۆشنەکانی کاریبی و لە هۆتێلی حەوت ئەستێرە سویتیان بۆگرت. دوای هـاتنەوەی بێئەوەی هیچ ڕێنمـاییەکی بـدەنێ، وەک هەموو ئەوروپیەکی ســـــپی وەک خـاڵە دەیگووت``لە قوونەوە بۆنی پارە دەکەن`` ئـاوەهـا هەموو ئەو خواردنـانەی بۆ دروســــتدەکرد کە خــاڵەی تووشــــی ئـالوودەیی دەکرد بەخواردن و خواردنەوە. خواردنەکانی بە جۆرێک بوون کە وەهای دەکرد ورگە حەزیاکەی بەرگەی ویســـکی خواردنەوەی زۆر و چەوری بگرێت. بەمجۆرە بەرنامەی تەندروســــتی خێرا، لەدوایی ســــەفەریی یەکەمی بووە بەرنـامەی قەڵەوبوونی خێرا و دڕکردنی ورگە حەزیاکەی خـاڵە و ئامادەکردنی بۆئەوەی خاڵە گەورەی میهرەبان قووت بدات.

دیارە ئەمە یەکەم شــــێفی ئەڵمان نەبوو کە بێتە ئەم موبەقە و لە ماوەی ئەم چەند ســــاڵەدا ئەم کارەی پێ بســــپێرن، بەڵام ماتیاس وەک ئەوەی پێش خۆی نەبوو کە هەمیشــــە خواردنی تایبەتی بۆ من دروســــتدەکرد و خۆی لەمن نێزیکدەکردەوە. بە پێچەوانەی

ئەم سـوورفلە مشـەمشـەکارە پیدۆفایلە کە زۆر ڕقی لە من بوو و منی فەرامۆشـدەکرد، شـێفە ئەڵمانیە قەڵەوەکە لێم دەترسـا، چونکە دەیزانی من  بۆنی ڕژێنەکـانی ژێرپێســـتیم دەکرد کە لەنـاخیـدا دەترســـا، بەتایبەت، کاتێک دەگەیشـــتە بەردەم خاڵە و خواردنی دادەنا. هەموو جارێکیش، بەتایبەت، لە کاتی ویسـکی خواردنەوەی خاڵە مەزەی تایبەتی دادەنا و نەیدەوێرا سـەیری چاوی خاڵە بکات و سووردەبۆوە...

بەڵام خـاڵە دەمێـک بوو لە نـاو بڵقەهەوابیەکـانی خۆیـدا، لەنـاو بڵقەهەوابیەکانی خۆیدا دەژیا و ئاگای لە دونیای دەرەوە نەبوو. ئەم ترســەی وایکرد دوای ماوەیەک بچێتە ژوورەکەی گەلاڕێزانی شـــەش قوز و داوای کۆتاییهێنان بە خزمەتی خۆی بکات، بەلام پێشـــئەوەی بڕوات، بردیانە ژێرزەمینی قیمەجنە گەورە ئەڵمانیەکە کە بۆنی دڕنی کولانەی سـەگە هاوشـارەکانی سـەرەوە بە چەندەها بۆری هەوایی دەهاتنە ناو ژێرزەمینەکەوە و تێکەڵی بۆنســـاردی گۆشـــتەئادەمیەکـان دەبوون. لە ژێر قولاپەکـاندا لاپتۆپەکیـان بۆ شێفەکە دانا و لەسەر کورسیەک دایانیشاند. مۆنتاجی کورتخایەنی چەنـدەهـا گرتە ڤیـدیۆیی ئـامـادەکردنی ڕۆژانەی خوارنەکـانیـان نیشاندا کە لە هەموویاندا زوومکرابووە سەر ئەو سۆس و دەرمانە چێژبەخشـانەی  کە نەدەکرا بکرێتە خواردنی خاڵە گەورەوە. ئەمە جگە لە ڤیدیۆیی ئەوەی خەریکی منداڵێکی نیپاڵی دەســـاڵییە، کە منداڵی باخەوانە نیپاڵیەکەی کۆشـــکی چوارەمی ســـەر ئەم ڕیزە کۆشـــکە بوو. ئەو منداڵەی هەموو جارێک کە لە ئەڵمانیا دەهاتەوە تازەترین یاریی ئەلکترۆنی بۆدەکڕی و جارجارەش ڕەزیلانە پەنجا یۆرۆیی دەخســـتە گیرفـانی بـاوکە زەلیلەکەیەوە کە لە ترســـی

دەســـــەڵاتی ئەم ســــوورفله ئەڵمانییە، تەنها دەیتوانی ســــەری بســـوڕێنێت، کە مرۆڤ نەیدەزانی ســـەرســـوڕانی ســـوپاســـە یان ڕەتکردنەوە. هەروەها ڤیدیۆی حەشـــــیشـــــەکێشــــان و هیرۆین هەڵلوشینی نیشاندا، ئەمە جگە لە کۆپی ئەو وەسڵانەی کە چەندی وەرگرتووە و چەندی نوســیووە وەک مووچە لە فەرمانگەی باجی ئەڵمانی. کۆی ئەمانە زامنی ئەوەبوون لانی کەم چواردە ســــاڵ بچێتە زیندانەوە، بەڵام وەک هوما خانم پێیگووت`` ئێمە کاتێک ئازادت دەکەین کە شێفی موبەقێکی ترمان بۆ پەیدا بکەیت، یەکێکی گوێڕایەڵ وەک خۆت``

هەربۆیە کە مــاتیــاســــە ڕەق و بوغزنی ئۆســــترایخی هــات، بەپێچەوانەی ئەو لەســـەرەتاوە وەک ئۆســـترایخیەکی گوێڕایەڵ بۆ فەرمانەکان، خۆی لەسەر گەندەخۆریی بەرنامەڕێژ کردبوو. ئاوەها زۆری نەبرد شـــێفە قەڵەوە بـایەرییەکە بە زەلیلی و دیـارییەکی دەهەزار دۆلارەوە ڕۆیشت. پێشئەوەی لە ئۆفیسـەکەی هوما خانم بچێتە دەرەوە، پێیگووت``وەک دەبینیت ئێمە دڵســـۆزەکانی خۆمان لە یاد ناکەین`` لەو کاتەدا ئەو فایلە ئامادەکراوەی نیشاندا کە پڕی بوو لە وەســــڵی پڕکراوەی ســـاختە، کە یاریکردن بوو بەنرخی خواردنەکان، هەموویان لەگەڵ لیســـــتی نرخی ئۆرگینالدا بەراورد کرابوون. نەک هەرئەوە، بەڵکو هومـاخـان ئـامـاژەی کرد بۆ ئەو فایلەی چەند ســـــیدیەکی تێدابوو و گووتی``گەر پێتخۆشــــە ئەوا کۆپیت بۆ دەنێرین``

بەڵام زەمەنی ماتیاســــی ئۆســــتەرایخی جیاواز بوو، نە ســــوور دەبۆوە و نە خۆی لەچاوە تیژەکانی خاڵە دەدزیەوە، بەڵکو وەک ئەوەی ئەفسەرێکی نازیی بێت و سوستماتیک بیەوێت جولەکەیەک

لەناوبەرێت، ئاوەها بەهێوریی هەر دەرمان و سۆسێکی دەیکردە خواردن و خوارنەوەکان، خانەیەکی لە مێشکە چالاکەکەی خاڵە تەمەڵ دەکرد. تەنانەت دەرمانێکی دەکردە ویسیکەکەوە کە ڕێژەی شەکری زیاد دەکرد و تامی ویسکیەکەی دەگۆڕی بۆ بۆنێکی خۆش کە لووتە هەستیارەکەی من بە ئاسانیی بۆنی دەکرد، بەجۆرێک، هەر کە خاڵە دەیویست قوومی لێ بدات من پێی دەوەڕیم خۆم دەخستە سەر دەستی، کە خاڵەش ماتیاسی بانگکرد و لێیپرسی چی کردۆتە ویسیکەیەوە، زۆر زۆڵانە باسی لەوە دەکرد کە دەرمانێکی بۆنخۆشە بۆ سفرکردنەوەی ڕێژەی شەکر لە ویسکەیەدا بەجۆرێکە کە تاموبۆ و کەشی ویسیکەکە تێک نادات. یاخود ئەو مەزانەی بۆ دروستدەکرد کە ورگەکەی لە ورگە سیاسیە نیشتیمانیەکەیەوە دەکردە ورگە حەزیاکەی زەمەنی نوێی حیزب و حکومەتی نوێی شادومانی شازەمان و حسە دەم گواوویی وەزیری ڕۆشنبیری و ساجیدە کوێری ئیسلامی وەزیری کۆمەڵایەتی کە لەژێرەوە پارەی لە وەهابیەکانی کەنداو وەردەگرت و خاوەنی دوو ئاپارتمانی ئیسلامی بوو لە دوبەی و قەتر. یاخود زەمەنی وەزیرە قەڵەکەوەی گردە غەمبارەکە، کە ئێستا هەر ڤیلای یەکەمی نرخەکەی پێنج ملیۆن دۆلارە، یاخود وەزیرەکانی دیکەی سەر لیستی حزبی ئێمە و حزبی کۆنزەڤاتیڤی نوێیی کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەری بالادەست. بەڵام سەیر لەوەدا بوو هەموویان لەگەڵ کردنەوەی ناوگەڵە بۆگەنەکەی شنە قۆنەرە، یاخود کردنەوەی نامەی چوکلێتی ئەو نوسراوانەی گەڵاڕێزانی شەش قوز لەسەر سیمی پاکەتە جگەرە بە خوێندەوارییە لاوازەکەیەوە بۆی دەنوسین و لەترسی گرتە ڤیدۆکانیان هەموو

پڕۆژه و بودجه و پاره ســـەرفکردنێکیان بەبێدەنگی و زەلیلی ڕایی دەکرد...

دەمبینی کوڕه ئۆسترایخیەکانی خاڵە، لەڕێگەی ماتیاسی ڕەقەڵەوه تۆڵەی ئەو زەمەنه لە خـاڵە دەکەنەوه کە کـاتی خۆی لە ســـێ چارەکی حەفتاکاندا به پلانی موخابەراتی ئێراقی و لەڕێگەی موراد نەقشـەزەدییەوه، خۆی به کۆپتەری تورکەکان بەرەو کوردستان و هوماخانم بەرەو لەندەن و ئەوانیشـــــی بەرەو کاتدرالیەکی تەنیا و تەریک و نسرمی وڵاتی ئۆسترایخ، ڕەوانەکرد. لەوێ له قوتابخانەی دڵڕەقی سـەر بەو کاتدرالیەدا، قەشـەکان ئەو دوومنداڵە و چەندەها منداڵی دیکەی ئۆرســـتۆکراتە ئەڵمانی و فەڕەنســـی و بەلجیکی و هۆڵەندیەکانیان ناچاردەکرد له زســـتاندا به ئاوی ســـارد خۆیان بشـــۆن، جلی تەنـک لەبەربکەن و لەژێر لێـدانی دار و فەلاقەدا تەورات و ئینجیل به لاتینی لەبەربکەن. بێگومان خاڵە و هوما خانم جـارجـارە دەهـاتنەوه بۆ ســـــەردانیـان، بەڵام ئەمـان لە نـاو خوماریيەکانی دەســـەڵاتی خۆیان و پارەی ڕژاوی موخابەراتەکاندا بۆ ناو ژمارە بانقیەکانیان بەناوی یارمەتیدانی شـۆڕشـی کوردیی، ســـەرحاڵ و خوماربوون. تەنانەت لەو ســـەردانە کورتانەدا لەگەڵ پاڤان و قاپاندا بوون، سەرحاڵی گفتوگۆی خۆیان بوون و ئەو دوو منداڵەیان فەرامۆشـــــدەکرد. لێرەوه ئەم دوومنداڵە ڕقێکی ئەوتۆیان لە دڵیـانـدا چەکەرەی کردبوو نەک لەدایـک و بـاوکیـان، بەڵکو لەهەموو شـــتێک بوو کە ناوی کورد بێت و ئەوانی فڕێدابێتە ئەم قوتـابخـانە نـاوخۆییەوه. ئێســـــتاش بـاجەکەی ئەم میللەتی کوردە دەیدات، چونکه لەم ســـــاڵانەی دوایی کە هـاتنەوه، پێدەچوو بەو بەرنـــامەڕێـژیـیە ئەقـڵانـیەوە هـــاتـبـێـتـنەوە. بەو هەمـوو ئەو

هەسـتمردووییە ئەقڵانییەی لە قوتابخنەی ناوخۆیی سـەر بە کاتدرالیە ئۆسـتراخیەکە فێری بوو بوون، لێرە و لەناو ئەم میللەتە داماوەدا، لەسـەرخۆ پراکتیزەیان کرد. سـەرەتا هاتن ئەو پەت و ڕایەڵەیان کۆکردەوە کە هوماخانم و گەلاڕێزانی شـەش قوز وەک تەونی جاڵجاڵۆکە بەدەوری دەسـەلاتەکانی خاڵەدا تۆڕچینیان کردبوو. ئیدی من، مۆپسی پاشا، پێش هەموو کەسێک لەم وڵاتەدا، چـارەنوسـی ئەم حیزبەم بەتەواوەتی دەدی کە چۆن وەک پارووپەکی جووراو دەکەوێتە گەدەی کوڕەکانی خاڵە ``پاڤان و قاپان`` و ئەو ئامۆزایانەی کە لە تەمەنی خۆیدا بوون و زۆری نەبرد ئەوانیش لە لەندنەوە هاتنەوە بۆ کوردسـتان. ئیدی گەمەی کۆپیەکانی خاڵە دەسـتپێکرد، کە ئەمجارە بە خوێن نا، بەڵکو بە قوز و پـارە و گرتە ڤیـدیۆیی نوێ و دامەزرانـدنی دەزگـای ڕۆشـنبیریی نوێ و پەیچی سـاختە و شـەڕی ڕیپۆرتاژی سـەر تۆڕە کۆمەلایتیەکـان و دروسـتکردنی سـکەنداڵە گەورەکـان، دەسـتپێکرد... زەمەن یار بێت، لە کتێبی دووهەمدا باسی ئەم نەوە نوێیەیی خانەوادەی خاڵەتان بۆدەکەم.

## ٢

هەر لەناو ئەم بازنە جەهەنەمیەی تەندراو بە لاولاوە ئاگرینەکانی دەسـەلاتی نوێی گەلاڕێزانی شـەش قوز و شـنە قۆنەرە و حسـە گووشـۆر و حسـە دەمگواوویی وەزیری ڕۆشـنبیری حکومەت و

سەرۆکی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب و دکتۆر شادومان شازەمانی سەرۆکی یەکێتی نوسەران و ئەندامی باڵای دەزگای شارەداری و سەرۆکی یانەی جڕت و چەقەنە کە بەتەنز ناودەبرا و ئەندامی باڵای لیژنەی پێشمەرگە دێرینەکان و تەنانەت ئەندامی لیژنەی کۆمەڵەی پاراستنی پەلەوەران، زۆریتر لەو یانە و دەزگایانەی سەری مانگ فریای کۆکردنەوەی مووچەکەی نەدەکەوت. خاڵە گەوەرەی میهرەبان لەناو ئەم سێرکی مەیمونە ئادەمیانەدا، لەناو کۆڕاڵی جڕتلێدەر و گووشۆر و دەمپانکەرەوە و گەواد و قوزحیزانەدا، باوە خولەی بوو.

هەر لەناو ئەم ئێرا نوێیەی حیزب و حکومەتی پیترۆ دۆلاردا، خاڵە تاقە ڕۆژنامەیەکی بۆ چاپدەکرا و ئەو هەواڵانەی دەخوێندەوە کە خۆی حەزی دەکرد ببیبیستێت و ببیبینێت. لە دوای ئەوەی خاڵە فیلمەکەی خۆی بینی کە وەک لە ڕۆژنامە تایبەتەکەی خاڵەدا نوسرابوو``تەنها باسی بەشێکی بچوک دەکات لە خەباتی نەپساوەی خاڵە گەورەی میهرەبان`` لە پاشکۆی هونەریی و ئەدەبی ڕۆژنامەی حیزبماندا، حیزبی سۆسیال لیبرال، ڕۆژانە هەواڵی جۆراوجۆریان دادەبەزاند. باسی درەوشانەوەی تاقانە فیلمێکیان لە سینەمای جیهانیدا کە لەژێر ناوی (ڕۆژگاری قارەمانێک) دا بەرەو ئەوە دەڕوات ساڵی داهاتوو خەڵاتی ئۆسکار وەربگرێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم فیلمە هیچیتر نەبوو جگە لە بەکاریکاتۆرکردنی خاڵە نەبێت لە ڕۆژە مقەبابییەکانی دوورەکانی خۆیدا. هیچیتر نەبوو جگە لە فیلمێکی هەرزان نەبێت، سێ هونەرمەندی کوردی ڕۆژهەلاتی لەم کۆشکەدا مۆنتاژیان کرد و دەرئەنجام خۆیان لە مەکینەی قیمەجنەکەدا بینییەوە. بەڵام تازە

خاڵەش بە قنگەوە کەوتبووە نێو ڕۆژە خرفەکانی خۆیەوە، چیتر وەک جاران ئەم نەدەچووە ژێر بنجوبناوانی ئەم هەواڵانە، گەر جاران بوایە هەر لە دوورەوە بۆنی درۆ و ڕیاکاری دەکرد و سەرنوسەرەکەی بانگدەکرد و پێدەگووت ``دەتەوێت خاڵە کەر بکەیت`` هەر لە ئۆفیسەکەی خۆیدا بە گۆچانەکەی فەلاقەی دەکرد. نەخێر، چیتر خاڵە وا نەمابوو، تازە لە ڕۆژە گووابییەکانی دەسەڵاتی خۆیدا گینگڵی دەدا، لەژێر کاریگەریی دڕبوونی ورگە حەزیاکەی کە بە بەرنامەڕێژیی کوڕە نەمساویەکانی و هوماخان و گەلاڕێزانی شەش قوز بەجۆرێک دڕو هەراش بوو بوو، کە مرۆڤ هەستیدەکرد خاڵە لە ورگەوە لەدایکبووە. لەگەڵ فراوانبوونی سنووری فیزیکی ورگەکەی خاڵە، خاڵە نەک نەیدەتوانی پێیەکانی خۆی ببینێت، بەڵکو چیتر دەموچاوی ئەندامە بێشومارەکانی حیزب و حکومەتیشی بۆ جودا نەدەکرایەوە. ڕاستە عەیامێک بوو، دوای دابەزینیان بۆ ناو شارەکان چیتر خۆی پێڵاو و گۆرەویی خۆی لەپێ نە دەکرد، چونکە حسەگووشۆری کۆنە دەرپێ کورت شۆر و قووندەری ئامر لیوای چواری هێزی حەرەس جمهوری سەدام حوسێن، دوای کشانەوەیان لە کوردستان، ئەویان لەگەڵ خۆیاندا نەبرد، بەڵام لەجیاتی ئەوە ئامر لیواکە نامەیەکی دابوویێ بۆ لای خاڵە گەورە و ئەویش بێ سێ و دوو یەکسەر وەک گۆرەوویی شۆر و پێڵاوسڕ، لای خۆی دایمەزراند. لەو زەمەنەوە خاڵە پێیەکانی خۆی نەبینی بوو، بەڵام لەگەڵ فرانبوونی ورگە حەزیاکەی بە خواردنە جۆراوجۆرەکانی ماتیاسە لەڕی ئۆستەرایخی، گەر حەزیشی بکردایە پێیەکانی خۆی ببینێت ئەوا چاوەکانی دەکەوتە سەر ورگە شۆڕبووەکەی کە بەری بینینی پێیەکانی لێ دەگرت.

بەجۆرێک، ڕۆژێک داوای ئەوەی کرد وێنەی پێیەکانی بۆ بگرن و نیشـــانی بدەن، کەنیشـــانیان دا گووتی ``ئەمە قاچی مریشـــکێکە، ورگی فیلێکی ڕاگیر کردبێت``

بەڵام کێشـەکە هەر لەودا نەمایەوە بەڵکو لەگەڵ هەرسـکردنی ئەو هەموو خواردنە بوو کە بەپێی زلبوونی قەبـارەی ورگی قووتی دەدا و هەمیشـــەش برســـی بوو. لە دواجاردا چارنەما جگە لەوەی کورســـی ئۆفیســـەکەیان بۆ گۆڕی، دانەیەکی پانتر و گەورەتر و پتەوتریـان بۆ هێنـا کە بەرگەی شـــۆڕبوونەوەی ورگە زلەکەی بگرێت. هەر لە گێژبوونی خاڵە لە ناو کێشـــەکانی دڕبوونی ورگە حەزیاکەی، چوونە سـەر تەوالێت و گۆڕینی سیفۆنەکە بە دانەیەکی گەورە و پتەوتر، بووە پێوسـتیەکی تر. هەروەها  دانانی شـیشـی پتەو بۆ هەسـتان  و دانیشـتن لەسـەر سیفۆنەکە، ئەمە جگە لەوەی خاڵە تەواو لەناو تێورەکەی خۆیدا باوەخولەی بوو، کە بە تێوەرەی ``قوون و دەم`` نـاویـدەبرد. خـاڵە بە جۆرێـک لە نـاو بـاخچە پێچاوپێچە ونبوەکـانی ورگە حەزیـاکەیدا  گێژبوو بوو بوو،  کە تەنها فریای خواردنی شـــیرینی و میوە و چەرەســـیاتی تایبەت دەکەوت کە مـاتیـاس بۆی دەهێنـا، بەتـایبەت ڕۆبیـانی ســـوێری ســـوورۆکراو بە دووگی مەڕی هۆڵەندیی کە پڕی بوو لەچەوریی بەتام، بەجۆرێک دەیڕازاندەوە کە بتوانێت  لەگەڵ پێکێک براندی و قاوەدا بیخوات. خاڵە لەناو دەم جوڵان و تســـلێدانی بەردەوام و تڕی دەرچوویی لەپڕ کە دەردەفرتـایە نـاو دەرپێ کورتە زلەکەی، پـچکە گـووی لەگەڵ خـۆیـدا دەرپەڕانـدە دەرەوە، بەجـۆرێـک نـاچاربوون  بیکەن بەدایبی بۆیی. لە نـاو پێچی برســـێتی لەپڕ و زیادبوونی پێچی ورگ و گرفتی  دانیشـتن لەسـەر سیفۆنە نوێیەکە

دا ژیانی بچوک و بچوکتر دەبۆوە و دەخزایە ناو بڵقەکەی خۆی کە پڕی بوو لە هەوای تس و قرقێنە و خەوبردنەوە و گووکردنی لەپڕ و بەلەفیرەی لەپڕ... بۆ زیاتر خزاندنی بۆ ناو بڵقەکەی خۆی، تـازەترین مۆدێلی تی ڤی یـان لە دیواری تەوالێتە گەورەکە بۆ هەڵواسـی بوو، لەتەنیشـتیەوە مێزێکی بچوکیان بۆ دانابوو، جگە لە بوتڵێک ئـاوی خواردنەوە و بوتڵێـک ویســـکی و دوو پەرادخی کریســـتاڵ، ئەو ڕۆژنامانەی حیزبیان بۆ دانابوو کە تەنها بۆ ئەو چاپدەکران و ئەو کەناڵانەشـی دەبینی کە تەنها بە کابڵێکەوە پابەند بوون بە ژوورێکی مۆنتـاج و ســـتۆدیۆیەکی دیکە لە کۆشـــکی چوارەم بۆ بەرهەمهێنـانی ئەو هەواڵانەی لەلایەن هومـا خـان و گەلاڕێزانی شـــەش قوزەوە پێیاندەگوترا. ئەم خزاندنەوەی خاڵە لەژێر ناوی ئەوە بوو؛ کاتە ئاڵتونیەکانی خاڵە، تەنانەت لەســـەر ئـاودەســـتیش بێـت نـابێـت بەفیڕۆ بچێـت... کە منیش گوێم لەم قســـەقۆڕانە دەبوو دەمڕاند و خاڵە لە وەڵامدا دەیگووت``مۆپیســـی پاشا گیان نابینینی چەندیان خۆشدەویێم، ئاخر من ئەو کەڵەشێرەم کە هێلکەی ئـاڵتونیـان بۆ دەکەم``  ئیـدی دەمزانی خـاڵە ئەوەنـدە لەنـاو هەڵاوی بۆنگوویی خۆی و بۆنگوویی دەســـەڵاتەکـانی و بۆگەنی پیترۆدۆلاردا خەڵەفاوە، بیریچۆتەوە کە کەڵەشـــێر هێلکە ناکات.

لەناو ئەم بازنە شـەیتانیەدا، خاڵەم دەبینی  فرمێسک بەچاویدا هاتە خوارەوە، بەتایبەت کاتێک ئەو هەواڵەی خوێندەوە گوایە لەژێر پاڵە پەســـتۆ و فڕکان فڕکانی دەســـتکەوتنی بلیتی فیلمەکەی، چەندەها کەس لە ژێر دەســت و قاچدا بووراونەتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەو هەفتەیەدا ڕۆژنامەکانی نیشـــتمان هەواڵی بوورانەوە و جەڵدە

لێدانی دڵی چەندەها کەسیان کردە مانشێت کە بەرگەی چرکەساتە پاڵەوانبازیەکانی فیلمی (ڕۆژگاری قارەمانێک)یان نەگرتبوو، لە حەژمەت و هوتافکێشاندا بۆ کوردستان و قارەمانە ئەبەدییەکەی، کە وەک ئەستێرەیەکی نەیزەکی سەد ساڵ جارێک خۆی نیشانی مرۆڤ دەدات، ئاوەها، لە خۆشـــی بوونی خاڵە گەورەی میهرەبان لەژیانیاندا، زۆر لە بینەران دەســـتیان کردبوو بە گریان. بەپێی ڕۆژنامەکە، دەبوایە فیلمەکە چەند جارێک بوەســـتێنن تاوەکو ئامبۆلانس زۆر لە خانمان و پێشمەرگە دێرینانەکان بەرەو بەشی فریاگوزاری ببەن کە لە حەژمەتی چرکەســـاتە هەژێنەرەکانی فیلمەکە دڵیان لەخۆیان بوو بۆوە. نەک هەرئەوە، بەڵکو لە تاقانە کۆپیەکی ڕۆژنامەکەی حســـەی ئەحە داس گوواویی وەزیری ڕۆشنبیری و ئەندامی سەرکردایەتی نوێی حیزبمان و سەرۆکی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب و ســـەرنوســـەری هەموو ڕۆژنامەکانی نیشتمان، باسیان لە مردنی کچێکی ئاشق کردبوو بە جەڵدەی دڵ، چونکە وەک لە ڕۆژنامەکەدا یەک ژمارەکەدا نوســـرابوو؛ چرکەساتی ناسینی ئەو پاڵەوانە لە فیلمەکەدا، چرکەساتی وێنەی ئەشـــقێکی ناموراد بوو کە هەردەبوایە بۆ خۆکوشـــتن لە پێناو ئەشـــقدا کۆتایی پێ بێت... خاڵە لەبەردەم ئەم هەواڵەدا چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێســـک و فەرمانی دا خانەوادەی ئەم کچە ڤێلایەک وەربگرن، دوو باخیش بۆ ڕەوینەوەی غەمباریان، ئەمە جگە لە خانەنشینیەکی ئەبەدیی بۆ خانەوادەکەی بە پلەی لیوای پێشمەرگە. بێگومان هەر ئەو ڕۆژە هەموو ئەم بەخشینە بە نوسراوی فەرمی ئۆفیسی سەرۆک تۆمارکراو و لەلایەن سەید ماجیدی قاسەگری پیر و خەڵەفاو بە بۆڵە بۆڵەوە دایە دەست شنەقۆنەرە و ئەویش

دوای ئەوەی لە ئۆفیســـەکەی ســـەید ماجید هاتەوە دەرەوە، لە ڕارەوەکەدا جنێوێکی بەدەنگی بەرز بە سەید ماجید داو بە ``کەڵتە کۆنی تســن`` ناوی هێنا، بەجۆرێک جنێوی دا کە دەیزانی ســەید ماجید لە گوێ گرانیدا گوێی لێ نابێت و گەر گوێشـــی لێی بێت وا خۆی نیشـــاندەدات کە گوێی لێ نییە. بەڵام شـــنە بۆئەوە بەدەنگی بەرز جنێوی دا بۆئەوەی کۆی کارمەندانی ئیدارەی گشتی حیزب گوێیان لەوە بێت، کە زەمەنی نوێ لەم ئیدارەی گشـتییەی حیزبدا، چیتر جەنگاوەرە دێرینەکانی شـــاخ نەماون بەخۆیان و کەتافی و دەمانچە چواردەخۆرەکانیەوە، نەخێر، ئێســـتا وەک میوەی ڕزیوو لە ئۆفیســـەکاندا کەوتوون و کرمی ڕابوردوو تێیداون. ئێســـتا زەمەنی گەلاڕێزانی شەش قوز و شنە قۆنەرە و هوما خان و پاشان و قـاپـان و برازا لەنـدەنییەکـانی خـاڵە و کوڕە ئەمریکیەکـانی کـوڕەکـانـی مەلاگەورەی دەمـگەوهەر و خـانەوادە ئەمـریـکـی ڕووســـیەکەیەتی.... ئاوەها شـــنەقۆنەرە بە مەمکە پڕ ســـلیکۆن و سـمتە پڕ بۆتۆکس و لێوە مراوییە پڕ فیلەرەکانیەوە بەناو ڕاڕەوی ئیدارەی گشـتی حیزبماندا؛ حیزبی سـۆسـیال لیبرالی کوردسـتان، حیزبی شەهیدان و حزبی دێرینی مارکسیزم لینینزمی کوردستان، تەقە تەقی بوو، تەقەتەقێـک وەک خۆی دەیگووت`` ڕاگرتنی ســـەروەریەکان و بەرهەمی خوێنی شـــەهیدان لەناو گەڵی منەوە دەستپێدەکات``

شنە قۆنەرە هەر ئەو ڕۆژە بەخۆی و پاسەوانە گۆرێلاکانی بەرەو وازەرەتی دارایی چوو، کە وەزیرەکەی لەسەر لیستی ئۆپۆزیسیۆنە غەمبارەکەی دکتۆر شـــابازی مچەگەڕ دامەزرا بوو. وەک پیشـــەی هەموو جارێکی هەر لەگەڵ دانیشـــتنی تەنوورە کورتەکەی، لایەکی

تانگە سوورەکەی نیشاندا. بەتایبەت، کاتێک قاچی خستە سەرقاچی و دوکەڵی جگەرەکەی کرد بە دەموچـاوی وەزیرە قەڵەوەکەی ئۆپۆزیسیۆندا. نەیهێشت قسە بکات، خێرا ناوی خانەوادەی ئەو خانمەی دایێ کە لە تاو ئەشقی خاڵە گەورەی گەنج لە فیلمەکەدا خۆی کوشتبوو و بە (شەهیدی سەرکردە) تۆمار کرابوو. ناوی ئەو خانمەش کەسیتر نەبوو جگە لە خۆی نەبێت لە ژێر ناوی سیانی``شنە ئەحمەد موستەفا`` کە باوکی ناسراوە بە `زەبور ئەڵمانی` ئەندام مەکتەب سیاسی. ئەو شنەیەی لێرە لەناو کۆشک و حیزبماندا، لە فەرهەنگی حیزب و کوتلەدا، بە شنە قۆنەرە ناسراوە. وەک دەڵێن، زەبور ئەڵمانیش تا ئەمڕۆ نازانێت ئەم کچە هی کامە دۆستی بەناو ژنە کۆنەکەیەتی، کە هیچیتر نەبوو جگە لەو ژنە بێکار و حەشیشکێشانەی نەبێت ئەم دەیکردن بە هاوڕێیی خۆی، دوایی لە ئاهەنگی سێکسی بەکۆمەڵدا دەیبەخشی بە بەعسیەکان. بەڵام ئەم شنەیە کورد گووتەنی لە دەستدەرچوونێک بوو کە خۆی بە `` کێر دەرچوون`` ناویدەبرد، چونکە دوای ماوەیەک کچە سربیەکەی هاوڕێی بەزۆر یەخەی پێگرت و لەژێر هەڕەشەدا لە فەرمانگەی تۆماری خێزانی فۆرمی دانپێدانانی باوکایەتی پێ ئیمزا کرد. کە دایکە سربیەکەی شنەش مرد، ئیدی فەرمانگەی کۆمەڵایەتی تاوەکو شانزەساڵی بەخێوکردنی شنەیان لە خانەی نەوجەوانان گرتە ئەستۆ. کۆتایی هەفتەکانیش لە خانە سێ ژووریەکەی باوکی بەسەردەبرد کە بۆ کچێکی منداڵ دوورگەیەکی ئازاد بوو لە چاو خانەی نەوجەوانانی ئەڵمانی کە دەبوایە لە کاتژمێر هەشتی شەو بخەون و ژیان تێدا بەپێی میلی کاتژمێر بەڕێوەدەچوو. بەڵام لەوێ دەیتوانی تابەیانی نەخەوێت،

تەنانەت لە نۆ ساڵیەوە دەستیکرد بە تاقیکردنەوەی جگەرەکێشان و قوومی بچوکی بیرە خواردنەوە، نەفسی بچوک حەشیش کە دەیڕشاندەوە. تاوەکو گەیشتە چواردە ساڵی چەندەها جار هاوڕێکانی باوکی شەوانە دەستیان بۆ ناوگەڵی بردبوو، لەگەڵیشیدا بیست مارک یان سی مارکیان بۆ دەسخستە ژێر سەرینەکەیەوە. لە شانزە ساڵیەوە بەتەواوەتی گەڕایەوە بۆ ماڵی باوکی کە هیچیتر نەبوو جگە لەلانەی سیخوڕیی نەبێت، ماڵێک بەردەوام وەک بازاڕێک هاتوچۆی لەسەر بوو، پڕبوو لە بەعسیەکانی سەفارەتی ئێراقی و ئەوانەی بەسەردان دەهاتن بۆ دەرەوەی وڵات. پڕی بوو لە ژنە حەشیشکێشی لەشفرۆش کە لە ژوورەکانی تردا لەگەڵیاندا دەخەوتن. ئاوەها ئەم کچە هەرزەکارە لە منداڵیەوە لەگەڵ پیشەکەی باوکی دەژیا، کە پیشەی گەوادی و سیخوڕی و ڕاپۆرتنوسین بوو بۆ سەفارەتی ئێراقی و حیزبمان و خاڵە گەورە و موراد نەقشەزدەیی کە جگە لەیەکجار نەبێت بە هەڵە ناوی لە دۆکۆمەنتی دامەزراندنی حیزبماندا هاتبوو، چیتر کەس نە ناوی بیستوو نە دەموچاوی بینیبوو... دەڵێن؛ موراد نەقشەزەدیی لەم ساڵانەی دوایی بە نەخۆشی شێرپەنجە لە خانەی پیرانی شاری بازلی سویسرا وەک بەعسیەکی قەدیمە، و جاشێکی کورد سەری نایەوە.

بەمجۆرە شنە لەو خانە چوار ژووریەدا گەورە بوو کە پڕ بوو لە ژنی جۆراوجۆر، پیاوی منداڵباز و پیدۆفایل، سیخوڕیی بەعسی و ئێرانی و تورکی. هەر لەو خانەیەشدا بوو کاتی خۆی کە خاڵە لە شاخەوە بە ئێراندا گەیشتە ئەڵمانیا و لە ماڵەکەی زەبور ئەڵمانی

مایەوە و شەوانە لەگەڵ سیخوڕەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کۆدەبۆوە کە لەبیرەوەرییەکانیدا بە ``دۆستەکانی کورد`` ناویدەبردن. هەر لەو خانە پڕ گەواد و سیخوڕ و منداڵباز و پیاوکوژانەدا بۆ یەکمجار خاڵەگەورەی میهرەبانی بینی، بەجۆرێک شەوێک خاڵە لەژوورەکەی شنەی منداڵدا خەوت و بەیانییەکەی لەگەڵ زەبوری ئەڵمانی باوکیدا چوون بۆ بازاڕ، لەولاوە دیاریەکی گرانبەهای بۆ کڕی.

شنە لەوێ فێری جۆرێکی تر لە کوردناسی بوو، کە چیتر وێنەیەکی دیکەی کوردی نەدەچوو بە ئەقڵدا، ئەویش کوردێک لەسەر مۆدێلی باوکی بۆ پارە هەموو سینی و لەگەنی ئەو عەرەب و تورک و فارسانەی دەلستەوە کە بۆیان فڕێدەدا. کوردێک وەک گەوادێکی دێرین لە قاپی هەموو ماڵێکی بێگانەی دەدا تەنها ماڵی کورد نەبێت. کوردێک ئامادەیە خۆی بۆ پووچترین بێگانە بەکوشتبدات، بەڵام کوردبوونی خۆی لەلا قێزەوەنترین شت بوو. کوردێک حەزی دەکرد نانی زەلیلی بۆ فڕێدەنە ناو بەرماوەی بۆگەنەوە، نەک لەسەر سینی خوشک و برا کوردەکەیدا بە شکۆوە و بەپاکی ویژدانەوە دابنیشێت. کوردێک هەموو تف و جنێو سووکردنێکی بێگانەی لەلا مەزن بوو، هەموو کتبێکی بێگانەی لەلا درەوشاوە بوو، هەموو جلوبەرگێکی بێگانەی بۆ لەشە زەلیلەکەی لەلا جوان بوو، هەموو موزیکێکی بێگانە دەیهەژاند، جگە لە موزیک و کتێب و جلوبەرگی کوردی نەبێت. زەبور ئەڵمانی لەو جۆرە کوردە بوو، وەک خاڵە هەموو جارێک باسی زەبور ئەڵمانی بۆ دەکردم، بەتایبەت کاتێک فایلەکانی موخابەرات بەردەستی

ڕۆژنامەنوسـان کەوتبوو، خاڵە دەیگووت``وەک بەراز وایە تاوەکو نانی بۆ فڕێنەدەیتە زێرابی سیخوڕییەوە، نایخوات``

بەمجۆرە شـــنە لە منداڵییەوە فێرە هونەرەکانی زماندرێژیی و فیتنەیی و پەڕلەدانان و ناوگەڵکردنەوە بوو بوو. هەر لە سـەرەتای هەرزەکارییەوە هونەرەکانی گاندان بەرامبەر دیاری و حەشـــیش کێشـان. ڕاوکردنی پیاو و ناوگەڵکردنەوەی بەرژەوەندیخوانە بووە ســـتایلی ژیانی، تاوەکو باوکی هێنای بۆ ئەم کۆشـــکە و چووە خزمەتی هوما خان و گەلاڕێزانی شـەش قوزەوە. لەو ڕۆژەوە، لەم جووت حیزبەدا، حیزبی سـۆسـیال لیبرالی کوردسـتان و حیزبی کۆنزەڤـاتیڤی نوێی کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر کـارامەترین گەواد و جنێوفرۆشـــترین و ســـاختەچیترین ژن بوو لە هەردوو ســـوپای قوزە ترســـناکەکانی گەلا ڕێزانی شـــەش قوز و هەردوو حیزبە دەســـــەلاتدارەکە. بەڵێ، تەنانەت زۆرجار کاری تایبەی بۆ کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەریش دەکرد، بەجۆرێـک دەیتوانی لە ڕێگەی نـاوگەڵییەوە مەترســـیدارترین زانیـاری لە نەیـارانی خـانەوادەی خـاڵە و هـاوپەیمـانیـان لە کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر بەدەســتبهێنێت و قورســترین پێشــنیاری حکومەت بەسـەر سـەرۆکی فراکسـیۆنە جیاوازەکانی پەڕلەماندا، تێپەڕێنێت... بەمجۆرە بۆ یەکەمجار بوو شــنە ڤۆنەرە بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی پێشـمەرگە و دارایی، ناوی بچێتە لیسـتی خانەنشـینی پێشـمەرگە دێرینەکانەوە، و بە پلەی لیوای سەربازی خانەنشین بکرێت.

دەبێت ئەوەش بڵێم، کە خاڵە لەم ســـالانەی دوایدا تەنها لەســـــەر وەرەقەی سـپی ئیمزای دەکرد، لەدوایدا سـتاڤەکەی وەرەقەکانیان دەبرد بۆ ئۆفیسەکەی گەلاڕێزان خانم و بەپێی فەرمانی هوما خانم

و گەلاڕێزان خـــانم، پڕدەکرانەوە. بەمجۆرە خـــانەنشـــــینیەکەش بەخشرا بە شنە قۆنەرە، کە ئێستا بە (لیوا شنە ئەحمەد موستەفا) ناونوسکراوە و باخەکانیش یەکێکیان بۆ حسە دەمگواویی وەزیری ڕۆشــنبیری بوو، ئەویتریش بۆ دکتۆر شــادومان شــازەمانی کۆنە بەعسی تەرخانکرا...

ئــاوەهــا خــاڵە لە ڕۆژە مقەبــاییەکــانی خۆیــدا ئەو ڕۆژنــامە و ســـــەردێڕانەی لەمەڕ فیلمەکەی دەخوێنــدەوە کە تەنهــا بۆ ئەو چاپدەکران و دوای خوێندنەوەشـی حسـە گووشـۆر دەیسـووتاندن. بەمجۆرە  خـاڵە گەورەی میهرەبـان لەم ســـــاڵانەی دوایـدا وەک بۆقێکی ئەفســـــانەیی  وەها بوو لە ناو زۆنگاوەکانی ترســــنۆکی و پـاڵەوانبـازی وەهمیـدا قیڕە قیڕی بوو. ئەوەی ئەو نەیـدەزانی ئەوە بوو کە هیچی لێ نەمـابۆوە جگە لە قـاوغێکی بەتـاڵی ســـــەرۆکی وڵاتێک نەبێت، کە هەموو کەسـێکی گووشـۆر دەتوانێت فووی پێدا بکات...

چیرۆکی ئەم شەڕەی لەو فیلمەیدا، تەنها  بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی خەڵەفاویی خاڵە دەرهێنرا، چونکە هەر خۆیی و من، مۆپسـی پاشـا و حســـە دەمگواویی ڕاگەیاندن و وەزیری ڕۆشـــنبیری و دکتۆر شادومان شازەمان و حسە گووشۆری خاڵە کە ئێستا بە مامۆستا حوسـێن قارەمان ناسـراوە و کتێبی بیرەوەریەکانی شـاخی هەیە، تەنهـا ئەمـانە بووین بە دڵگەرمییەوە بۆ ئەم فیلمە لوورانـدمـان... ئێستا کە بیر لەم پاڵەوانبازیەی خاڵە دەکەمەوە، دەزانم کە خاڵە لە ساتە وەئاگاکانی خۆیدا گێڕانەوەیەکی تری هەبوو بۆ ئەم ڕووداوە. بە جۆرێکی ترە کە خاڵە تەنها بۆ منی ســـــەگی بەوەفای خۆی،

مۆپســـی پاشـــای گێڕاوەتەوە. بیرمدێت، ســـەرەتاکەی باســـی سەرکێشیەکانی خۆی بۆ کردم کە چۆن لە سەرەتای شەستەکاندا پاڵەوان بووە، بە بڕنەوەی ژەنگاویەوە پەلاماری قافڵەی سـەربازی ئێراقی داوە. دوای ئەم ئەزموونە هاتۆتە سەر ئەو بڕوایەی ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها ترســنۆکانن کە لەبەری ڕەنجی ســەرکەوتنەکان دەخۆن و دەیکەنە دەستکەوتی سیاسی. چەندەها جار باسی ئەو ئەزموونەی خۆی بۆ کردم کە لە ڕیزەکانی شۆڕشی مەلا گەورەی دەمگەوهەردا وەک ســـەرکردیەکی پێشـــمەرگەی گەنج دەســـت بەکـاربووە. چۆن یەکەم چـالاکی پەلامـاردانی هێزێکی حکومەتی ئێراقی بوو کە پـارەیـان دەگوازتەوە بۆ شـــــارۆچکەیەک. چۆن هەڵیانکوتاوەتە ســـەر قافڵەکە و کوشـــتوویانن. چۆن بەتەنێ لەبن بەردێکدا بەرگری کردووە، تـاوەکو بەڕێکەوت هێزێکی شـــۆڕش بەهانایەوە هاتوون، دەنا نەک هەردەیانکوشت، بەڵکو لاشەکەشیان بە شـــار و گوندەکاندا ڕادەکێشـــا. وەک خاڵە دەیگوت ``چیرۆکی خاڵە لەو چرکە ساتە کۆتایی پێ دەهات``

بەڵام ڕاستی ئەو شەڕە بەوجۆرە بوو کە تەنها ئەو ڕزگاری بوو، چونکە لەبن بەردێکدا خۆی حەشـار دابوو. ڕاسـتە سـەرەتا چەند فیشـــەکێکی بەملاو بەولادا تەقـانـدبوو بەڵام کە دوایی بۆی دەرکەتبوو بەرگریکردن ســـەخت دەبێت خێرا خۆی لەبن بەردێکی زەبەلاحدا شـــاردبۆوە. خۆ ئەگەر دەمودەســـت هێزی پشـــتیوانی خۆیان نەکردایە بە شــــەڕەکەدا، ئەوا خاڵە وەک خۆی بە قاقـای پێکەنینەوە دەیگووت``منیان وەک مریشـــکی تۆقیوو پەلبەســـت دەکرد، لەجیـاتی ڕیقنە زەردەیێنەم دەکرد بەخۆدا....هـاهـا... بەڵام ئەوان مردن و منی پاڵەوان لەژیاندا مامەوە. دونیاش هەروا بووە،

ئەوەی پاڵەوانبازی دەگێڕێتەوە ئەوە پاڵەوانە، نەک ئەوەی وەک پاڵەوانێک گیانی خۆی بەختکردووە``

ئیدی لەو ڕۆژەوە خاڵەی گەنج وەک تاکە زیندوویی دەستەکەیان، بووە پاڵەوانی چیرۆکی نەبەردییەک خاڵە بەچەندەها شێوە کردییە ئەفسانەی ئازایەتی خۆی، بەجۆرێک، کەس چیتر بیری لە پاڵەوانە ڕاستەقینە کوژراوەکان نەدەکردەوە و تەنانەت لە کتێبەکانی مێژوودا وەها باسکراوە کە خاڵە خۆی بەتەنێ هاتۆتە سەر ڕێگەی قافڵەکە و لەدوایدا بەفەردەیەک پارەی خوێناویەوە لە ناو دۆڵەکەدا ونبووە... کە خاڵە کەدەگەیشتە ئەم شوێنەی چیرۆکەکە قاقا پێدەکەنی، بە جۆرێک، ورگە حەزیاکەی وەئاگا دەهاتەوە، لەناو گەدەیدا ورگە حەزیاکەی ڕژێنەکانی بەسەر قەل و مریشکە هەرسنەکراوەکانی دەڕژاند، خاڵەش لەگەڵیدا قرقێنەی دەدا یاخود تسێکی وردی پیسی لێدەدا کە تەنها منی سەگ بۆنم دەکرد و دەکەوتمە وەڕین. خاڵەش قاقا دەکەوتە پێکەنین و دەیگووت ``کەس وەک پاڵەوان باسی کوژراوەکانی شەڕەکان ناکات ، لەبەر هۆکارێکی سادە، چونکە ئەوانە بۆ ئەبەد مردوون و ناتوانن بەدرۆم بخەنەوە`` خاڵە هەمیشە دەیگووت ``پاڵەوان زیندووەکەیە نەک مردوو، چونکە تەنها ئەوەی چیرۆکی پاڵەوانەکان دەگێڕێتەوە، ئەو دەبێتە پاڵەوانی زیندوو. کەس بیر لەوەناکاتەوە کە تەنها ترسنۆکەکانن بەسەلامەتی دەگەڕێنەماڵەوە`` لەدواجاردا خاڵە گووتی`` دەزانی مۆپسی پاشا، ئێستا کە بیر لە قسەی ئەو ئەفسەرە عوسمانلیە دەکەمەوە، کەرێتیە کوردییەکەم بیردەکەوێتەوە، بەوەی لەناو بێگانەدا وەک پاڵەوان بکوژرێیت``

ڕاسـتی من لەم ڕسـتەیە تێنەدەگەیشـتم، وەهام هەسـتدەکرد خاڵە خەڵەفاوە، ڕســـتەکانی و مەبەســـتەکانی بۆ فۆرمولە ناکرێت. بەڵام دوای نوســـــینەوەی ئەم یادەوەریانە و جارێکیتر ڕۆچوون بە ناو ئەم زۆنگاوی گەندەڵییەدا، ئێســتا لەمەبەســتی خاڵە باش تێدەگەم. وەک جارێکیتر بۆم باســـکردن، خاڵە بە زۆربلێی بەناوبانگ بوو، بەڵام لەو زۆربلێیانە نەبوو کە هەموو شـتێک بلێت، بەڵکو زۆربلێی ئەو بۆ ســـەرلێشـــوانـدن و نەگووتن و پەردەپۆشـــکردن و بەلاڕێدابردنی ئەوی بەرامبەردا بوو. هەربۆیە هەموو ئەو وەفدانەی هەژماری خۆیـان لەســـەر ئەوە دەکرد کە خاڵە زانیاری لە دەم دەربچێت یان لە غەفڵەتی زۆربلێیدا ئیمزایەکیان بۆ بکات، بەر ئەو ژاوەژوە دەکەوتن لە نوکتە و پێکەنین و چیرۆک گێڕانەوەی سەیر و سەمەرە و دوایی وەک خاڵە خۆی دەیگووت `` دەستێکم نا بە قوونیاندا و ئەو ئیمزایەم پێ کردن کە من دەمویســـت`` هەربۆیە تێگەیشـــتن لەو ئەزموونەی خاڵە کە دەیگووت ``وەک پاڵەوانێک بکوژرێیت لەناو بێگانەدا`` گرێیەک بوو دوای ئەم ڕۆچوونەم بە هەنـاوی گەنـدەڵی بۆم کرایەوە. تێگەیشـــتم بۆچی هەموو ســـەرکردەکانی وەک خاڵە و شـابازی مچەگەڕ و فەریدون عەزیز، یـان بلێین فیفی عەبـدەکەی خۆمـان، فەتـاحە وســـوە کوێر، و عەبدوڵای حاجی کوران کە ئێستا بە فەقێ عەبدوڵای دەرمانفرۆش ناسـراوە، یان ئەوانەی کە ئەندامی مەکتەب عەسکەری بوون وەک مولازم عەلی کوونیی چونکە لە شـــاخەوە فێربوو منداڵەورکەی سـوار خۆی دەکرد، یان حەمە چاوسـەوزی سـەرتیپ، یان شـێخ جەلالی مەکتەب عەسکەری کە ئێستا کاری سـەرانە سـەندنە لەو لەشـفرۆشـانەی لەسـنوورەکانەوە دێن و سـەودای خاوەی پارەی

گاندانیان لەگەڵدا دەکات، بێگومان نیوە بەنیوە. یاخود جەمالی تەور کە کاری سەرانە سەندن بوو لە بازرگانەکانی شار، و زۆریتریان کە خۆیان وەک پاڵەوانی شۆڕش وێنا دەکرد و دەکەن. هەموویان، مەگەر وەک خاڵە دەیگووت``مەگەر لاقە مریشـــک لە قوونیان بگیرێت یان بە هیرۆین و حەشـیش کێشـان مردار ببنەوە`` دەنا هیچ یەکێک لەم پاڵەوانە دێرینە مقەبایانە، ئەوەندە تەندروسـت ژیاون کە تاوەکو ئێسـتاش خەریکی ئاهەنگێڕان و ویسـکی خواردنەوەن، بەجۆرێک کە لەسەر تیڤیەکان قسەدەکەن ڕوومەتیان شـەوق دەداتەوە... ئەوانەی کە کوژران پـاڵەوانەکـان بوون، ئەوانەشـی بۆ حوکمکردن و دروسـتکردنی حکومەت و دەزگاکان مانەوە ترسنۆکەکانی تەنیشتیان بوون؛ ئەوانەی کوژران سوارە و وێنەکانی سـوارەی گەنج بوون لەم شـۆڕشـەدا، یاخود گەنجە خەوبینەرەکان بوون کە شـیروانی مچەگەڕ لە پشـتەوە بە غەدر دەیکوشـتن یاخود دەیناردنە ناو بۆسـەی بەعسـیەکان... ئاوەها پاڵەوانەکان کوژران و باگیرەکان ئێسـتا لەم تەویلەی حکومەتەدا لەگەڵ ماکەرەکانی حیزبدا شـەو و ڕۆژ لەم کۆشـکانەدا جرت و فڕتیانە. ئێستا لەو قسـەیەی سـەربازێکی نەمسـاوی تێدەگەم کە دەڵێت`` پێنج چرکە ترسنۆک بیت، باشترە لەوەی بۆ ئەبەد مردوو بیت``

بەڵێ ئازیزانم، ئەوەی تا ئێسـتا من باسـمکردووە کولتوری ترسـنۆکەکانە، ئەو کولتورەیە خاڵە لە ورگە حەزیاکەیدا گەرای بۆ خسـت و لە ورگیدا ترەکین، لەدواجاریشـدا بەچکە دوپشـکی وەک گەلاڕێزانی شـەش قوز و هوما خانی ژنی و کوڕە نەمسـاویەکانی

پاڤان و قاپان و برازا دوورەکانی ورگیان هەڵدری. ئێســـتاش بەتەنێ لە ژوورێکی ســـاردی خەســـتانەی ســـەربازی پاریســـی، خەســـتەخانەی پیرســـێ، بۆ چارەنوســـی خۆی بەجێیانهێشـــتووە. ئەوانە ئەو گەرا ترەکیوانە  بوون خاڵە لەشـــەڕی ناوخۆوە لێرە و لەوێ لەم حیزبەدا و لەم نیشتمانەدا خستنی و دوایش کە تروکان لەســـەر  هەناوی خاڵە گەورە بوون، بەجۆرێک، هیچی تریان بۆ نەهێشتەوە جگە لە قاوغێک نەبێت لەسەر کورسیەکی زەبەلاح  کە دەمپانکەرەوەکانی حیزب دەهاتن لەگەڵیدا وێنەیان دەگرت و ئێوارەش لە بلۆگە تایبەت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاویان دەکردەوە. هەموومان دەمانزانی ئەو قاوغە بەتاڵە قۆقزییە بە ورگە حەزیاکەیەوە، ئەو پیرە خەڵەفاوەیە ئەبەدییە یە کە لە کتێبەکانی مێژووی ئەم نیشـــتمانەدا بە بڕنەوێکەوە قافڵەیەک ســـەربازی پڕ چەکی قەڵاچۆکردووە و خۆیشـــــی شـــــوختێکی بەرنەکەوتووە. هەموومان دەمانزانی لەناو ئەم ســـێرکی مەیمونە ســـیاســـیانەدا، گەمژەترین ســـــەرۆک بوو، وڵاتێک بە خۆیەوە بینبێتی. تەنانەت ســـەگە هەوشـــارە ئەزیزەکانمان ئەو ڕاســـتیانەیان دەزانی و دوای لاوزبوونی دەســـــەڵاتەکانی، ئەوانیش ملیان بۆ خاڵە نەدا، چونکە لەپێســـتیەوە  بۆنی ئەو  دەســـەڵاتەیان  نەدەکرد کە ئەوان خاڵەیان پێ دەناســـــیەوە، بەڵام دوایی کە خاڵەیان ناســـــییەوە لەبەردەمیدا وەک هەوشارێکی دڵسۆز ڕاکشان و قروسکە قروسکیان بوو.

ئاخ ســـەد ئاخ، ئێســـتا ئەوانیش لە دووری خاڵە خرف و بەجێماو ماون لە قەفەسەکانیاندا و دواڕۆژەکانی خۆیان دەژمێرن. ئەوانیش لەم دواییەدا دەرکیان بەوە کردبوو کە خاڵە جگە لە قاوغێکی بەتاڵ و گەمژەیەک نەبێت لە ژێر ڕەحمەتی شنە قۆنەرە و هومای ژنی و

گەلاڕێزانی شەش قوز، تەنانەت حسەگووشۆر نەبێت، هیچیتر نییە. تەنانەت دواجار پێش دواجەڵدەی کە لە خەســـتاخەنەی پێرســـی گەڕابۆوە، وردە وردە کەوتبووە  ژمـاردن و ڕامـان لە چۆلەکە و بولبولە وەهمیەکانی ناو ژوورەکان، کە زاق و زریق و خۆکێشانیان بە پەنجەرەکاندا تەنها ئەو دەیبینین و تەنها ئەو گوێی لە زاقوزیق و خوێندنیان بوو. لە بەیانیەوە ڕا، بە ئاماژە بە نێرسە ئەڵمانیەکانی دەگووت؛ پەنجەرە گەورەکە بکەنەوە بۆئەوەی پۆلە ڕیشـــۆڵە، یان هەنگەخۆرە یاخود پەپوسـلێمانەکان بێنە ژووریَ و بەســەر قەنەفە گرانبەهاکەی و مێزی نوســـین و کتێبخانەکەیدا بنیشـــنەوە. کاتێک گوێی بۆ فڕکەفڕکی باڵەکانیان هەڵدەخســـت، بزەیەکی پڕ هێوریی بەســـەر لێوەکانیەوە دیار بوو. زۆرجار، لەپڕ وەئاگا دەبۆوە و داوای شـــتێکی دەکرد، پاشـــان کە بۆیان دەهێنا بیری دەچۆوە، ئەوەی لە داواکەی دەمایەوە تەنها چاوەکانی بوو کە لە بۆشـاییەک ڕادەمـا، ڕامـانێـک، بەتـاڵایی ڕۆحی قووڵ و قووڵتر دەکردەوە. بیرمدێت بۆ ماوەیەکی کورت تەنها منی دەناســـیەوە، ئەویش وەک خێویێکی دوور لە یادەوریدا مـابێتەوە ئـاوەهـا منی دەنـاســـیەوە، دەســـتی بەســـەرمدا دەهێنا بەڵام بەتەواوەتی نەیدەزانی من کێم. تەنانەت بەزمانە ئیفلجەکەشی نەیدەدواندم، بەجۆرێک، هەستمدەکرد ئەوە تەنها ڕۆحە دێرینەکەیەتی لەناو پەنجەکانیدا ماونەتەوە و من دەناســنەوە. خاڵە وەک ئەوەی هەســتیکردبێت پێش ڕۆچوونی بۆ ناو زۆنگاوە پڕ خومارەکانی مردن، تەنها شـــتێک ماوە کەم لەم دونیایەدا نەیکردووە و نایەوێت لە دەســـتی بچێت، تێڕامان بوو لە باڵندەکان...

بە پێچەوانەی جاران کە هێشـــتا ورگە حەزیاکەی نەیکردبووە کۆیلەی خۆی، کاتێک لە هەڕەتی چالاکیدا بوو، بەیانیان لەگەڵ قاوە خواردنەوە منی لە باوەش دەنا و هەر ســێ هەوشـارە بەوەفاکەی (حەسـەنە گۆجی سێ قنگ) و (عوسـە کوێری کرماشانی) و (حەمە عەینە بۆرە) دەهاتنە بەردەمی و لەبەردەم قاچی دا ڕادەکشـــان و دەقروســـکان، ئەویش یەکی یەک پارچە گۆشـــتێکی دەدانێ و دەیدواندن. پاشـــان لەگەڵ قاوەی دووهەمدا فەرمانی دەدا لە چیمەنەکەدا دەست بە یاریکردن بکەن، ئیدی هەر سێ هەوشارەکە دەکەوتنە ڕمبازێن و خۆگەوزاندن و گازگرتنی نەرم لەیەکتری. خاڵە قاقا پێدەکەنی و ورگە حەزیاکەی دەکەوتە لەرزە، بەتایبەت کاتێک منی دەبینی لەم بەزمەدا دەموچاوم مچ و مۆڕ کردووە و مڕەمڕمە، چونکە دەیزانی ئەو گەمەی گازگرتن و یەکتر گەوزاندنە بە دڵی سـەگەکەی خۆی، سـەگی ڕێنیسـانس، مۆپسـی پاشـا نییە. وەک ئەوەی بیەوێت نۆبڵێتی من تاقیبکاتەوە، ئاوەها هەر هەفتەی جارێک گەمە و گەپی بەیانیان بە جۆرێکی تر کۆتایی پێدەهات... بیرمدێت، هەموو هەفتەیەک حســـەگووشـــۆر ســـندوقێکی ئاژەڵی پلاســتیکی یان مەتاتی نوێی دەهێنا و لە تەنیشــت خاڵەوە دایدەنا. ئەم ســـندوقە تازەترین ئاژەڵی مەتاتی تێدا بوو کە کۆمپانیای (بیســیگە هوند، گێ ئێم ها – کۆمپانیای ســەگی گازگر)ی ئەڵمانی هەموو مانگێک یان دوو مانگ جارێک لە میونشـــنەوە دەیانهێنا بۆ ئەم کۆشـکە. هەر سـندوقێک بە گواسـتنەوەی تایبەت دەهات و بە ئامادەبوونی نوێنەری (کۆمپانیای ســـەگی گازگری ئەڵمانی) پێشکەشی ئۆفیسی خاڵە دەکرا، کە کەسی تر نەبوو جگە لە هوما خانی ژنی و گەلاڕێزانی شـــەش قوز نەبێت. تەنانەت ئەڵمانەکی

ڕەنگپەڕیوویی نوێنەری کۆمپانیاکە لە کۆشـــکدا دەمایەوە تاوەکو بزانێت خاڵە کامە هەڵدەبژێرێت و کامەی بەدڵە، بێگومان مەسرەفی گەڕانەوەی نوێنەرەکە بە بلیتی کلاســـی یەکەم و ناردنی یەکێک لە لەشــفرۆشــەکان بۆ ئیمزاکردنی وەســڵە بەتاڵەکان، ســپێردرابوو بەیەکێک لە شـــەش قوزەکەی دەزگاکە ئەمنیەکەی حیزبمان، کە گەلاڕێزان خانم سەپەرشتی دەکرد. بەجۆرێک، تێچوویی ساڵانەی چوار کارتۆنی یاریی مەتاتی هەوشـــارەکانمان دەیکردە زیاتر لە بیســت ملیۆن دۆلار. بیســت ملیۆن دۆلار لە بودجەی گشــتی ئەم نیشــتمان و میللەتە جینۆســایدکراوە بۆ گەمەیەکەی پلاســتیکی هەرزان ســـەرفدەکرا کە زۆری نەدەبرد بەر کەڵبەی هەوشـــارە دڕەکەمان حەمە عەینە بۆر یان حەســەنە گۆجی ســێ قنگ یاخود عوسە کوێری کرماشانی دەکەوتن، و هەر لەوێدا لەتوپەت دەبوون، خاڵە گەورەش قاقا پێدەکەنی و کەیفی پێ دەهات.

لە ســاڵانی جیابوونەوەی دکتۆر شــاباز یان وەک خاڵە ناوی دەنا شابازی مچەگەڕ و چەند مەکتەب سیاسیەک وەک چۆن خاڵە بەبێ پاشـــگری (دایکخۆگێ) نـاوی نەدەهێنـان، ئەوانەی لە دژی خـاڵە بەرەو گردە غەمبارەکە کۆچیانکرد و هەر زووش پەشیمانبوونەوە، بەڵام لە ترســـی تۆپخانەی پڕ جنێو و کادێرە جنێوفرۆشـــەکانی دەوری شـــابازی مچەگەڕ و ســـووکردنیان، نەیاندەوێرا گردە غەمبـارەکە بەجێبهێڵن. خـاڵە هەموو جـارێـک کە لە میـدیـای ئۆپۆزیســیۆنەوە، کە خۆی و شــاباز بە زەڕخانەی ناویاندەبردن، گوێی لە لێداوانی یەکێک لەوانە دەبوو خێرا حســـەگووشـــۆری ڕادەسپارد کە لە بووکەشـووشـەی داهاتوودا سـێ دانەیان لەسـەر

شـــێوەی و دەموچاوی ``ئەو حەرامزادانە بێت کە ئەو دەســـتە دەکرۆژن بۆیان درێژکراوە``

ئیـدی لە هەفتەی داهـاتوودا هەموو کـارتۆنەکە پڕی دەبوو لە بووکەڵەی مەتاتی شـــابازی مچە گەڕ و مەکتەب ســـیاســـیە دایکخۆگێیەکـانی ئەوبەر، وەک چۆن خـاڵە وەهـای نـاودەنـان. کە مانگ تێدەپەڕی، ژمارەیەکی زۆر لە ســـەری قرتاوی شـــاباز و عولەی حاجی تولەمار و قالەی عەبە نانەوا و ســـەرگوڵ عەزیزی جەواڵـدڕ و خەرامـانـی دەمـهەراش، لەونـاوەدا بەر کەڵـبەی هەوشـــارەکانمان کەوتبوون. بەیانیانی خاڵەی خومار بوو بە ژیان لەناو ســـەدیمەکانی دەســـەڵاتی ڕەهای خۆیدا و گەمەی پێدەکردن، هەر کە منیش دەســـتمدەکرد بەوەڕین و لەم گەمە ناشـــرینەی لەتوپەتکردنی ئەم بوکەڵانە بێزار دەبووم، خـاڵە منی بەرز دەکردەوە و مـاچی دەکردم و دەیگووت``تەنهـا جـارێـک چێژ لە قێزەوەنی دونیا وەرگرە مۆپســی پاشـا گیان، چونکە دونیا لە گوو دروســـتبووە. مرۆڤ وەک دەڵـێن ئەو کرمە بۆگەنـانەن لە لەتەپەنێرێکی خواوە هاتوونەتە دەرێ، کە خوا لە بێزاریدا فڕێداوەتە ســەر ئەم زەویە چۆڵ و هۆڵە`` خاڵە ئەمانەی دەگووت بۆئەوەی ڕازیمبکـات بچمە نـاو هەوشـــارەکـانەوە و بوکەڵەیەک کە کۆپی تەواوی شـــابازی مچە گەڕ بوو، لەتو پەتبکەم. یان چ نەبێت بچمە ناو شەڕە سەگەکەی بەیانیانەوە، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوون هەر بۆیە بەیانیەک گووتی`` مۆپســـی گیان گەر مرۆڤ بوویتایە لەم حیزبەدا جێگەت نەدەبۆوە``

بەڵام ئاخ سـەد ئاخ، لە دوا جەڵدەیدا چیتر خاڵە چێژی لە شـەڕە سـەگ و تەنانەت دواندنی منیش وەرنەدەگرت، لە جیاتی ئەوە لە بەیانیەوە ڕا سـەرقاڵی سـەمای پۆلە ڕیشـۆڵە و بولبول و تووتیە کـاریبیەکـان بوو کە هەر پـۆلە بـاڵنـدەیەکی لەوجـۆرە لە پەنجەرەیەکەوە دەهاتنە ژوورەوە و تەنها من بووم وەک سـەگێک دەمتوانی گوێم لەو دەنگانە بێت کە لە ناو گوێچکەی خاوەنەکەمدا دەزرنگـانەوە. دەمزانی تەنهـا دەنگی بـاڵنـدە دوورەکـانن ئەم ژوورەیان کردۆتە دارسـتان و هێلانەی خۆیان، تا خاڵە ڕۆنەچێتە نـاو زۆنگـاوەکـانی مردنەوە ئەوان ئەم ژوورە جێنـاهێڵن. ئـاخر بیرتان نەچێت، ئێمەی سـەگ نەک هەر هەسـتی بۆنمان بەهێزە بەڵکو بۆنی ئەو خەونـانەش دەکەین لە بن پێسـتی خـاوەنە میهرەبـانەکـانمـانەوە، جۆرێک ڕژێنی سـۆزداری دەڕژێننە نـاو ئـارەقەیـانەوە. من، بۆنی بەختەوەریەکم دەکرد لە ژێر پێسـتی خـاڵەوە بە ژێر لووتمـدا دەهـات و دەچوو، بەجۆرێـک گوێم لە بـاڵەفڕکەی ئەو بـاڵنـدانەی بەختەوەری بوو کە ڕۆژانە خـاڵە لە بۆشـایی ژوور و هۆڵ و ڕاڕەوەکـانـدا دەیبینین و پەنجەی بۆ ڕادەکێشـان. هەندێک جار لەپڕ قسـەی دەکرد و دەیگووت`` ئەو تووتیە کاریبیە، ئاها لەوێیە...`` پاشـان بێدەنگ دەبوو. جارێکیان کـاتێک بەردەوام دوو کـامێرای کەنـاڵی زەڕخانە ئـاسـمـانیەکەی حیزبی لەسـەر بوو، لە گەرمەی چرکـانـدنی وێنەی حیزبییە دەمپـانکەرەوەکـانـدا، لەپڕ لێوی جوڵا و لەگەڵ جوڵەی لێوی هەمـووان بێـدەنـگ بـوو، سـەیـرێـکی بـنـمـیـچەکەی کـرد و گووتی``ڕیشۆڵەکان چیان لێ هات``

ئیدی زۆری نەبرد خێرا نێرسە ئەڵمانەکان هاتن و خاڵەیان لەسەر کورسیە زەبەلاحەکە لابرد و خستیانە سەر کورسیە پێچکەدارەکە. گەڵاڕێزان خانم و هوما خانم بەخۆی و جگەرەکەی لێوی و چواردە بۆدیگاردی تورک و ئێرانی هاتنە ژوورەوە و بێ سڵاو پێیانڕاگەیاندن گەر هەر یەکێک باسی ڕیشۆڵە و تەیرەکانی خاڵە بکات، ئەوا دەیکەین ڕیشۆڵە، پاشان یەکی زەرفێکی هەزار دۆلاریان بەسەردا دابەشکردن.

ئاوەها، خاڵە پێش ڕۆچوونی تەواوەتی بۆ ناو تەمتومانی مردن، لەپڕ ڕستەیەکی دەگووت، ئەو ڕستەیەش لەسەر من هەژمار کرا، بەوەی گەر من لەباوەشی خاڵەدا بم، خاڵە یادەوەریی چالاک دەبێتەوە بەڵام بە ڕێڕەوێکی خوار و هەڵەدا. هەربۆیە، ئەوە چەند جارێک بوو، ئیدی من لەلایەن حسە گووشۆر و شنە قۆنەرەوە لە سووچێکەوە تا ئەویتر ڕاو دەنرام، تاوەکو ئەو ڕۆژەی خاڵە لەم کۆشکەوە بە هەلیکۆپتەری ئەمریکیەکان بەرەو فرۆکەخانە فڕێندرا و پاشان بەرەو پاریس و خەستەخانەی پێرسێ. لەو ڕۆژەوە، من لە گەمەی مشک و پشیلەدا بووم بەدەست حسە گووشۆر و شنە قۆنەرەی ناوگەڵ بۆگەنەوە...

بیرمدێت جارێکیان خاڵە داوای هەوشارەکانی کرد، جاران سێ هەوشارەکەمان کە دەهاتنە بەردەمی خاڵە یەکسەر پاندەبوونەوە لەبەر قاچی، بەڵام ئەم جارە وەک ئەوەی خاڵە بوونی نەبێت، و تەنها قاوغێکی مرۆیی بەتاڵ بێت لەسەر کورسییە پێچکەدارەکە ئاوەها مڕەیان لێ کرد، تاوەکو لێی وردبوونەوە، ئەوسا زانیان خاڵەیە و لەبەر قاچیدا بەزەلیلی پەلیان ڕاکێشا و کەوتنە لستنەوەی

پێیە ئاوساوەکانی. ئەو زەمەنە هێشتا حەمە عەینەبۆر نەچوو بووە سـوورِی خەفە بوونەوە و دووانەکەی تریش چاویان کز نەبوو بوو. بیرمدێت ئەوانیش وەک من لەو پۆلە باڵندانەیان دەڕوانی کە ژوورەکەیان کردبووە دارسـتانی خۆیان و جارجارە لەخاڵەیان دەڕوانی، پاشـان لە پەنجەرە و بنمیچەکە، پاشـان دەسـتیانکرد بە قروسکە قروسک بۆ ئەو پاڵەوانەی گەراکانی ترسنۆکی ناوسکیان هەڵدڕییوە و جگە لەقاوغێکی بەتاڵی شـکۆدایەکی درۆینە نەبێت، هیچی تریان وەک گەمژەترین سەرۆک، بۆ نەهێشتۆتەوە.

٤

پێش ئەوەی بۆ ئەم کتێبە ماڵئاواییتان لێ بکەم دەمەوێت ئەوە بڵێم کە جێگرە ئەبەدییەکەی خاڵە گەورە دکتۆر شـابازی مچەگەڕ، بە پێچەوانەی خاڵە، تا ئێستاش خۆی بە پاڵەوان تێدەگات. لەبەرئەوەی کاتی خۆی چەندەها پێشـمەرگە و کادێری خۆی، بە فێڵ و تەڵەکە بانگهێشـت کردبوو بۆ لای خۆی و دوایی چەکی کردن، لە چاڵ و بن کەند و کادێنەکاندا بەتەور و فیشـەک کوشـتنی. شـاباز و پیاوەکانی و تەنانەت ڕەدووکەوتوەکانی، ئەم چالاکییەیان لێ بووە بە پاڵەوانبازی. لەبەرئەوەی ژنی دیلی کوشـتووە ئەمەیان لێ بووە بە دلێرەقی شـۆرشـگێران و تەنانەت خۆشـی خۆی بە پاڵەوانی شـۆرش تێدەگات. بەڵام ڕاسـتی ڕووداوەکان لە شـوێنەکی ترە،

چونکە خاڵە بارەگاکانیان لەهەر شـــوێنێک بوایە، بەعســـیەکان بۆمبابارانیان نەدەکرد، شـــەڕ لە شـوێنێکی ترەوە دەسـتیپێدەکرد، شـاباز ئەمەشـی بۆ خۆی کردۆتە دەسـتکەوت و خۆی لێ بۆتە سـەرکردەیەکی زیرەکی خاوەن سـتراتیژ کە دەیتوانی لە هەموو ئاگرێک بدات و پڕیشـکی بەرنەکەوێت. وەک خاڵە گەورەی میهرەبان دەیگووت`` شـــاباز لەوانەیە کە زۆر زوو لەبیریان دەچێتەوە کە قوون بۆ گووکردنە نەک بۆ قسەکردن``

بە پێچەوانەی شـــابازەوە، خاڵە گەورەی میهرەبان ڕازی بوو بە قەدەری خۆی وەک ترسنۆکێک، چونکە کولتوری ترسنۆکەکان لای ئەو، کولتوری پارێزەرانی دەسـتکەوتە مێژووییەکانە. بەڵام شـاباز هەر لەگەڵ دابەزینینان بۆ شـــار خۆی بە تاکە پاڵەوانی مێژوو دەهاتە بەرچاو کورد بەخۆیەوە بینیبێتی، وەک خاڵە دەیگووت ``گووشۆرەکان وان، خۆیان بە پاکەرەوەی دونیا دەبینین``

هەر واش بوو، شـــاباز تاوەکو ئەمڕۆش لەو وەهمەدا دەژی کە پاڵەوانە، بیریدەچێتەوە کە وەک گەمالێکی گەڕ قرخەقرخێتی و بۆنی تەپڵەکی جگەرەی لێ دێت. ئەم دۆنکیشـــۆتە بوغزنە ڕۆژانە دێت بۆ ئەم کۆشـــکە بۆئەوەی موڵکە گشـــتیەکانی ئەم شـــارە و کارگەکانی موڵکی گشـتی تاپۆبکات لەسـەر خۆی و دوایی بیخاتە سـەر ناوی منداڵە لەندەنییەکانی. دێت وەک قەیتولێکی زەلیل لەبەردەم شنە قۆنەرە و حسەگووشۆردا دەنیشێت، و هێشتا لەو وەهمەدا دەژی کە هوما خانم و گەلاڕێزانی شـــەش قوز و منداڵە نەمســـــاویەکانی خاڵە وەک پاڵەوانێک پەلی دەگرن و دەیخەنە شـــوێنەکەی خاڵە گەورەی میهرەبان. بەڵام مەکتەب ســیاســیە

دایکخۆگێکان تیزاڵێکیان لە کراســـی خاڵە گەورە دڕیووە و دەزانن کوێی دێشـــێ، هەربۆیە هوماخان و گەلاڕێزان خانم و مەکتەب ســـیاســـییەکان بەناوی شـــەڕی نێوانیانەوە وەک تۆپی تێنس ئەوەندەیان هێنا و برد، تاوەکو وەرەقەی ئاشتییان بە شابازی پیر ئیمزاکرد، وەرەقەیەک کە جگە لە ڕادەســـتکردنی دوکـانی ئۆپۆزیسیۆن نەبێت بەخۆیان و کادێرە باشـەکانیانەوە بەخشکەیی بۆ نـاو حیزبمان، هیچیتر نەبوو. ئەم دایکخۆگێیانە کە وەک خاڵە دەیگووت هەموویـان `` گووی منن لە دونیـادا`` تـاوەکو ئۆپۆزیسیۆنەکەیان وەک مانگا نە دۆشی دانەنیشتن، کە زانیشیان هیچیتری لێ نامێنێتەوە، ئەوانیتریان مەرەخەس کرد بۆ تەویلەکانی حکومەتەکەی کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر. هەر بۆ زانینتان لە فەرهەنگی ئەم حیزبەدا بە وەزارەت دەڵێن؛ تەویلە...

ئیدی لەم گەمەیەدا وەهایان نیشـــاندا کە ســـەرکردایەتی حیزب دووبەشـــە، بەشـــی مەکتەب ســـیاســـی و بەشـــی خانەوادەی خاڵە گەورە، هەردووکیان شـــەڕیانە لەگەڵ یەکتری و پێ نـاچێت تا کۆنفراســـی داهاتوو کە کەس نازانێت کەی دەبەســـترێت، ئاشـــت ببنەوە. لەم نێوانەدا هوما خانم و گەلاڕێزانی شـــەش قوز دوای ئیمزاکردنی پەیماننامەکە، هەموو ڕۆژێک پەیمانێکیان دەدایە شاباز، لە ڕۆژانی داهاتووشـــدا ئەوەیان پێ ڕادەگەیاند کە پێ نـاچێت خانەوادەی خاڵە گەورە بتوانن هەموو پەیمانەکانیان ببنە ســـەر، دەبێـت چـاوەڕێ بکـات تـاوەکو ئەم زۆرانبـازییە یەکلادەبێتەوە. ئاوەها شـــاباز هەمان گەمەی بەڕوودا تەقییەوە کە لە گەنجێتیەوە وەک گەرای پیس لەم حیزبەدا چـانـدبووی، ئەویش گەمەی کوتلەچێتی بوو. بەجۆرێک مەکتەب سیاسـی و خانەوادەکەی خاڵە

زۆرانبازییە وەهمیەکەیان خەستکردەوە، کە دکتۆر شاباز بەدەست شاگردەکانیەوە خەڵەفاو و هیلاکتر دەردەکەوت لە جاران. ناچار لە پەیامەکە گەیشت و وەک زەلیلێک هاتەوە ئەو کۆشکەی کە خەونی بەوە دەبینی وەک سەرکەوتویەک دەستی بەسەردا بگرێت. لەو ڕۆژەوە هاتوچۆی ئەم کۆشکەی دەکرد، ناچاربوو حسەگووشۆر بە مامۆستا حسێن قارەمان بانگ بکات و شنە قۆنەرەش بە؛ شنە خانم ناوزەد بکات. ئیدی ئەم پاڵەوانە، ئەم وەهمەی ڕەویەوە کە دەتوانێت بەم کۆتایی تەمەنەوە لە ڕێگەی قوونبادانیەوە بۆ کوتلەی هوماخانم و خانەوادەکەی ببێتە شوێنگرەوەی خاڵە. ناچار ڕازی بوو بەوەی کلیلی ئۆپۆزیسیۆن و کۆی فراکسیۆن و وەزیرەکانیان پێبەخشێت، بیانخاتە خزمەتی منداڵە نەمساویەکان و برازا لەندەنی و سوپا بێشومارەکەی گەلاڕێزانی شەش قوزەوە.

بێگومان، من مۆپسی پاشا، هەرگیز وەک ئەوانیتر لەو وەهمەدا نەژیاوم کە ئەم دکتۆر تەڕەماشە لەپیاوە ئازا و بوێرەکانی مێژوویی ئێمەیە، هەر لەسەرەتاوە وەک ترسنۆکێک بۆنمکردووە. بۆیە هەرگیز لە دەموچاوە درێژ و چاوە تیژەکانی نەترساوم. ئەو خۆی وەک پاڵەوانێک دەهاتە بەرچاو، بەڵام من بۆنی ترسنۆکێکی ئەبەدیم دەکرد لە پێستیەوە دەگەیشتە لووتی هەستیاری من. ئاخر سەگ بۆنی پاڵەوان و ترسنۆک، بە بنباڵیانەوە دەگاتە لووتی، ئەم ڕژێنانە لای هەموو سەگێک ترس و هەیبەتێک دروستدەکات، یاخود ترسنۆکی و سڵکردنەوەیەکی تێدا دەهاروژێنێت. ئەو بۆنەی لە پێستی دکتۆر شابازەوە بەرزدەبۆوە، جگە لەبۆنی ترسنۆکێک نەبێت، هیچیتر نەبوو، جگە لە بۆنی مرۆڤێکی لاواز نەبێت لەناخدا

و ترسـنۆک  و پەڕڵەچی و جنێوفرۆش لەهەڵسـوکەوتدا، هیچیتری لێ بەرز نەدەبۆوە کە ســـەگێکی وەک من لێی بترســـێـت. بەپێچەوانەوەی شـــابازەوە،  نهێنی ســـەرکەوتنی خاڵە گەورەی میهرەبان لەوەدا بوو کە دەیزانی ســـیاســـی هیچیتر نییە جگە لە ترسـنۆکێک نەبێت کە وەک گەنەی خوێڕی لەسـەر ئەوانیتر دەژی؛ لەسـەر جەسـتەی سـەرکەوتنەکان، جەسـتەی شـەهیدان، جەسـتەی پاڵەوانانی شۆڕش، پاڵەوانانی وەرزش، لەسـەر جەسـتەی  زانسـت، کولتور، ئەدەب، هونەر و هەموو شـــتێـک دەژی کە مرۆڤ بەرهەمیدەهێنێت. ســـیاســـی هیچیتر نییە، جگە لە گەنەیەکی پیس نەبێت خوێنی هەموو شـــتێک دەمژێت کە زینـدوو بێت. بەڵام لوتبەرزی شـــاباز مچەگەڕ وەک ســـیاســـیەک شـتێکی تر بوو، لە ڕووکەشـــدا بەهەیبەت بوو، بەڵام  وەک خاڵە دەیگووت`` فس فس پاڵەوانێکی  فووتێکراوی تسی منە و هیچیتر``

دەمەوێـت پێش کۆتـایی هێنـان بەم کتێبی یەکەمە، دوا کەرێتی دەمپـانەکەرەوە و ترســـنۆکەکـانی ئەم مێژووە درۆینەتـان بۆ ئـاشـــکرابکەم، بەو هیوایەی خوای میهرەبـان تەمەنێکی کورتر ببەخشـێت بە ئەم ســـەگە بەوەفایەی کە ناوی مۆپســـیە، بۆئەوەی بتوانم وەســـیەتەکەی خـاڵە گەورە بەجێبهێنم و لە کتێبی دووهەمیشدا باسی زۆر بونەوەری بڵحی ئەم زۆنگاوە گەندەڵەتان بۆ بکەم. چ نەبێت، بتوانم وەســـیەتەکەی خاڵە گەورە جێبەجێبکەم کە لەســـەردانەکەی عەرەفاتدا پێیگووتم`` دەخیلتم مۆپســی پاشـا، هەمووی بگێڕەوە و لەمنەوە دەســتپێبکە و مووی لێ مەپەڕێنە. بێ ســـڵکردنەوە لە خاڵەوە دەســـتپێبکە.`` ئێســـتاش باســـی پەیکەری

پۆتینەکەی شابازی مچە گەڕتان بۆ دەکەم. شابازێک وەک دەڵەکی پیر ڕۆژانە بە کاژێری دوورو درێژ، لە ژووری شـــنە قۆنەرە لە چاوەڕوانی گەلاڕێزانی شـەش قوز و هوما خانمدا خەو دەیباتەوە. بۆ هیچ نا، تەنها بۆئەوەی پلانی شەڕی سیاسی مەکتەب سیاسیە خرفە دایکخۆگیەکـان بۆ ئەوان دابنێـت، بێگومـان لە بەرامبەر تـاپۆکرنی هەموو گردە غەمبـار و کـارگەکـانی لە موڵکی ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ سەر کوڕە لەندەییەکانی، کە هێشتا ``ئینگلیزییە کۆکنیەکەیان`` لەناو کوردییەکە شکاوەکەیاندا، پاک نەبۆتەوە...

وەک لە ڕاڕەوەکانی مەکتەب سیاسی لە ڕۆژە زێڕینەکانی خاڵەدا مـووشـــەم کـردووە و گـوێـم لە غەیـبەت و پەڕلەدانـان و حەیـاچوونەکـانی ئەم هەموو دایکخۆگێیـانە بووە، دەڵێن؛ دوای دابەزینی حزبمان بۆ ناو شـارەکان، دوای پاکسـازی و کوشـتنی زۆربەی کادێرە چەپەکانی حیزب بەدەسـتی شـابازی مچە گەڕ، دوای کارەساتی چاڵدێران کە تەنها شاباز و خاڵە وەک سەرکردەی تاقانە بە سـاغی مانەوە. دوای ڕژانی پارەی گومرەکان و پارەی پترۆدۆلار کە دەچووە قاسـەی حیزبەوە. شـاباز نەک خۆی بە بەشێک لە میراتگری هەموو ئەو قۆناغە تێدەگەیشت، وەک چۆن لە ڕۆژنامەکاندا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، بەڵکو خۆی بە دروستکەری هەموو قۆنـاغەکە تێـدەگەیشـــت، بەجۆرێـک نـاوی ئەو وەک (ئەندازیاری شـــۆڕش)ی بەناو کوتلەکەیدا بڵاوکردبۆوە. تەنانەت ئەو زەمەنە خۆی وەها دەنواند کە ئەو ئەندازیاری شـــۆڕش و ســـەرکەوتنەکـانە و خـاڵە گەورەش جێگرێتی. هەمووجـارێکیش کەبـاســـی ڕابوڕدووی دەکرد دەیگووت ``کە ڕاپەڕین کرا من لە

شاخەکانەوە هاتم، بەڵام خاڵە لە پشووی چەند ساڵەی لەندەنەوە، لە ڕێگەی دیمەشقەوە هاتەوە``

ئەو زەمەنە، کە مەکتەب سـیاسـیەکان و کادێرە باڵاکانی حیزب ئەمەیان بیستەوە، بە پۆل هاتن بۆ لای خاڵە و گلەیی و گازندەیان کرد. خاڵەش وەک سـیفەتی هێمنی خۆی پێکەنی و گووتی`` پەتم بۆ شـلکردووە، چونکە دەزانم شـۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو گەندوگووی خۆی``

یەکێک لەو پەت شـلکردنانەی خاڵە، چاونووقاندنی بوو لە زۆر هەڵسوکەوتی، لە هەموویان دیارتر دەستکاریکردنی پلانی ناوشار بوو، لووتژەنین بوو لەهەموو شـتێکی خەڵک و ژیانی گشـتیدا. بەوەی شاباز بەردەوام خەریکی خۆ نمایشکردنی خۆی بوو وەک پاڵەوانێکی شـۆڕش، هەر وەک ئەوەی ئەو بووبێت سـوپای ئێراقی وەدەرنابێت، نەک خۆیان لە ژێر فشـاریی دەوڵەتاندا کشـابێتنەوە. ئیدی لەهەموو شـوێنێک دەبینرا؛ لەبەردەم فەرمانگەی ئاو ئاوەڕۆ، لە بەردەم فەرمـانگەی هـاتوچۆ، فەرمـانگەی شـەهیـدان و کەمئەندامان، لق و هۆبە و مەکۆکان. تەنانەت لەپڕ خۆی دەکرد بە کۆڕە شـیعرییەکـانـدا و گەر شـاعیرەکەی بەدڵ نەبووایە لە نیوەشـەودا چـاوبەسـت دەکرا و دەبرا بۆ ژێرزەمینی مـاڵە ترسـناکەکەی کە لەسـەر گردێکی شـار بەکرێی گرتبوو، لەوێ ئەشکەنجەی دەدا. تەنانەت کەوتە کوشتنی زۆر لەو ژنە جوانانەی کە دەیفڕانـدن، خۆی دەکرد بەمـاڵەکـانـدا و لە ژوورەکەی تر دەسـتدرێژی دەکردە سـەریان. هەندێکیان ژن و کچی ژنی ئەو پێشـمەرگە و کادێرانە بوون کە خۆی لە شـاخ کوشـتبوونی. کە گلەیی و گازندەش دەگەیشتە ئۆفیسی خاڵە، خاڵەی میهرەبان تەنها

یەک وەڵامی هەبوو بۆ سەید ماجیدی قاسەگر و تسلیدەری حیزب و هەموو کـادێرانی کوتلەکەی خۆی``وازی لێ بێنن، گەر خۆی سەرقاپی زێرابەکەی خۆی هەڵبداتەوە، ئێمە بۆچی بۆی دابخەین`` شـاباز هەر بەوە نەوەسـتا، وەک ئەوەی خواوەندێکی جەنگ بێت، دەیویسـت جوگرافیایەکی تر، شـارێکی تر بۆ خۆی دامەزرێنێت. هەربۆیە من پێموایە ئەو زۆر پێشـتر لە خاڵە گەورە خەڵەفا، گەر خـاڵە بەهۆی ورگە حەزیـا و پیلانی کوڕ و ژن و خەسـووە قـاڕییەکەی خەڵەفـا بێـت، ئەوا دکتۆر شـابـاز بەهۆی وەهمە نەخۆشـەکانیەوە خەڵەفا بوو. ئەم خەڵەفانەش کاتێک دەرکەوت کە کەوتە پەلاماردانی پلانی شـار و گۆڕینی ڕێچکەی ڕێگەوبان و فولکە و گۆڕینی شوێنە گشتیەکان.
یەکێـک لەو گۆڕانکـاریـانە، تێکـدانی گەڕەکی ڕووتەکـانی زێـدی لەدایکبوونی خۆی بوو. هەمووی لەژێر نـاوی ئەوەی تـاپۆی عوسـمـانلی کۆنی هەیە و موڵکی بـاوکێتی، ڕووخـانـد. هەموو ئەوانەشـی ویسـتیان دادگای لێ بگرن، لە ڕۆژی دووهەمدا، لەژێر هەڕەشـەی جەمالی تەور و بەکرە شـەل و تالەی حەبێ و حەمەی کوبە و عزەتی حەمە نـانە چەورە و زۆریتر لە پیـاوەکـانی، سکاڵاکەیان کشاندەوە و پەیمانیان لای دادنوسی گشتی تۆمارکرد کە ئەوان هەموو ئەو سـاڵانەی لەو خـانووە گڵێنەنـانەدا بوون، نەیانزانیوە کێ خاوەنەکەیەتی. ئەوانەشـی خانووی دووقات و سـێ قـات و دوکـان و بـازاڕیـان بینـا کردبوو، لە شـەو و ڕۆژێکـدا چۆڵیانکرد. بەمجۆرە هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەلایەن شـارەوانی نوێیەوە هێنرابوو، دەیسـەلماند کە لەسـەدا هەشـتای گەڕەکی ڕووتەکـان، موڵکی موسـتەفـا بەگی بـاوکی شـابـاز بووە. لە

ڕۆژنامەکانی حیزبیشدا وەها نوسرابوو؛ لەبەرئەوەی لە حەفتاکانەوە لە شاخ خەباتی کردووە و شاری جێهێشتووە، خانەوادەکەی بەدەستی بەعسیەکان کوژراون، دکتۆر شاباز وەک تاکە میراتگری خانەوادەکەی نەیتوانیووە ئەم شەڕە یاساییە بۆ سەندنەوەی مافەکانی خۆی بکات. ئەوانەشی لێرە و لەوێ بیریان لە هەڵمەتێک کردەوە لە دژی ئەم داگیرکردنە، زۆری نەبرد خۆیان لەناو مەکینە قیمەکەجنەکەی ژێر کولانەکەی هەوشارەکانمان دۆزیەوە، دوایش لە ناو سکی ماسیەکانی ئەم چەمەوە بوون بە خۆراکی ئاهەنگێکی تری ماسی برژاندن.

بەمجۆرە خاڵە پەتەکەی بۆ شلکردبوو، گوێچکەی کەڕی خۆی بە هەموو ئەم کارانە بەخشی بوو. تەنانەت لەژێر ناوی مۆدێرنکردنی شار، چەند گەڕەکێکی تری بە شۆفڵی شارەوانی تەختکرد، هەروەها لەسەر بودجەی حکومەت بەشێکی کردە مۆڵێکی گەورەی مۆدێرنی چوار قات بەناوی (شاباز مۆڵ) و بەشەکەی تری کردە پارکی ئۆتۆمبێل و کۆی قازانجی مانگانەی مۆڵ و پارکەکە دەگەیشتە دوو ملیۆن دۆلار. تەنانەت فولکە بچوکەکەی جارانی تازەکردەوە، لە شوێنی فولکە کۆنەکە سکلپتورێکی ناشرینی برۆنزی بڵحی بە هونەرمەندێکی بەناو ئەبسوردی فەرەنسی بە ناو (ڕافائێل دوشامب) بەدروستکردندا...

شاباز خۆی خستە ناو تونێلکی داخراوی داخراو کە بڕیاڕی دا سکلپتورێکی گەورە لەو فولکەیەدا دابنێت، کە هیچیتر نەبوو جگە لە پەیکەری خۆی نەبێت وەک پاڵەوانێکی شۆڕش. بۆ ئەم مەبەستەش زۆری نەخایاند `ڕافایل دوشامب`ی پەیکەرتاش و

سـكلپتوريسـت بەخۆی و سـەرە کەچەڵ و سـمێڵە باریک و قاتە کەتانی و موویی لووتیەوە هات، کە جارجارە چڵمی وشـکی پێوە شۆڕدەبۆوە. وەک هەموو فەڕەنسیەکی ئەبسوردیستی نمایشکار، بۆن تسی دەڵەکێکی پیسی لێدەهات. دەڵێن، کە ڕافائێل گەیشتۆتە گەڕەکی ڕووتەکان، بەرامبەر مزگەوتی نەقشەبەندییەکان وەستاوە، بەلای چەپی خۆیەوە فولکە بچوکەکەی بینیوە کە دەکەوێتە سـەر مەزادخانە ناشـرینەکە. ئەو مەزادخانەیەی خەڵک لەسـەر جادە بە سەفتە دۆلار و دینارەوە خەریکی فرۆشتن و کڕینی دۆلار و دینار بوون. یەکەمین شـت کە بە مێشـیکدا هاتبوو لە جیاتی پەیکەری پێشـمەرگە کە بڕیاڕ بوو لەوێدا لە شـێوەی دکتۆر شـابازدا دروسـتبکرێت، ئەو پۆتینە قوڕاویانە بوون لە پێی خەڵکدا بوون. ڕافائیل دوشامب، بەخۆی و هەورێک لە بۆن پێستی چڵکن و جلی نەشۆراوی ناو کەنتۆر و بۆنگۆرەویی فەڕەنسیی بۆگەنەوە، وەک هەموو فەڕەنسـیەکی ئەبسـورد و ناتوارلیسـت، شـانازی بە خۆنەشـۆردنەوە دەکرد، چونکە بەمەزندەی ئەو، بۆنی پێسـت و تووکی درێژی بن باڵ و ناوگەڵ خۆش و سروشتییە. ئاوەها، وەک کیسەیەک لە بۆگەنی بن باڵ و ناوگەڵ و بۆنی جلەکۆن و گۆرەویی نەشـۆرایی چەند مانگە، بە بازاڕەکەدا دەڕۆیشـت و سـەرنجی ئەو پێڵاو لاسـتیکە قوڕاویانەی دەدا لەگەڵ لێزمە باراندا شـێوەیەکی تریـان وەردەگرت، فۆرمێـک، کە پووچێتی ژیـانی نیشـاندەدا. دوشـامب لە ئێوارانیشـدا کە لەگەڵ شـابازدا دادەنیشـت، شـاباز بە ئینگلیزی و ئەڵمانییە شـکاوەکەی باسـی ئەوەی بۆ دەکرد چۆن ڤێنای ڕۆشـنی بۆ شـۆڕشکردن لە شـاخەکان جێهێشـبوو. بەمجۆرە هەردووکیان وەک دوو کەمانچەژەنی نەشـاز و ناشـی ئەم ژیانە،

باش لە یەکتر تێدەگەیشـــتن؛ ئەم وەک هونەرمەندێکی پلە چوارییی
کەم بەهرە، ئەویش شـــۆڕشـــگێڕێکی فووتێکراوی تســـی خاڵە
گەورەی میهرەبان. پاش ئەم گفتوگۆیانە، دوشـــامب دەگەڕایەوە
ژوورەکەی لەماڵە غەمبارەکەی دکتۆر شـــابـازدا، دەکەوتە
ســـکێچکردن وســـێکچەکانی هەڵیدەواســـی بەدیوارەکەوە. ئەو
ژوورەی، ژوورێک بوو بۆ بیرکردنەوە لەو پەیکەرەی بڕیارِ بوو
لە جیاتی فولەکەکە و بە قەبارەی گەورە دروستبکرێت، بۆ ئەمەش
دیوارەکانی پڕ کردبوو لە ســکێچەکان بۆئەوەی نیشــانی بدات کە
خەریکی کـارکردنە، کە لەڕاســـتیـدا هیچیتر نەبوون جگە لە
شـــقلوپقلی ناشـــرین نەبێت، بەناوی هونەری ئەبســـتراکتەوە بە
شـــابازی دەفرۆشـــتەوە، تاوەکو ئێوارەیەکی کارەبا بڕانی شـــار،
پێشـئەوەی جەنەرەیتەری کارەباکە دابگرسـێنن، سـەرنجیدایە ئەو
پەڵە ڕونـاکییەی فـانۆســـی ژوورەکە کە دەیـدا لە پۆتینی
پێشـــمەرگەکانی بارەگەکە، کە لەحەوشـــەکەدا دەهاتن و دەچوون.
لەو ڕۆژەوە بڕیارِی دا پۆتینێک دروستبکات دڕاو و هیلاک و بێزار
و قێزەوەن، کە لەڕاسـتیدا هیچیتر نەبوو جگە لە لاسـاییکردنەوەی
پۆتینەکەی (ڤنسنت ڤانکوخ)ی نیگارکێشی ئیمپرشینیستی سەدەی
نۆزدە نەبێت، بەڵام بەدەســـتکـاریەکی کەمەوە، ئەویش ئەوەیە،
دەمەکەی لە جیاتی ئەوەی شـــۆڕبێتەوە، هەڵگەڕاوەتەوە و کەمێک
کراوەتەوە بەرەو سەرەوە. دوایش کە بیرۆکەکەی بۆ دکتۆر شاباز
ڕوونکردەوە و ســکێچەکانی دایێ، بۆ ڕۆژی ســێهەم داوای لێکرد
کە ئەم پۆتینە دڕاوە بەجۆرێک لەســـەر پایەی کۆنریتی دابنێت کە
ڕووی بەرەو منارەکەی مزگەوتە دێرینەکەی نەقشبەندییەکان بێت.
پێیگووت با برۆنزێکی گەورە بێت کە تیشـــک لێی بدات، شـــەوق

بداتەوە، گوتبووی ``با شار لە پۆتینەکەی منەوە ڕۆشن بێتەوە`` ئیدی زۆری نەبرد لە ژێر ناوی (پۆتینی دڕاو) وەک ڕەمزێک بۆ دڕاندنی پۆتینی پێشمەرگە لە زەمەنی شاخدا، بڕیاڕی لەسەردرا.

وەک لە ڕاڕەوەی ئەم کۆشکانەدا ئەم چیرۆکەم بیستووە، دەڵێن؛ زۆری نەبرد لەگەڵ ڕووخاندنی گەڕەکی ڕووتەکان، فولەکە بچوکەکەی لای مەزادخانەکەش ڕووخێنرا، لەجیاتی ئەوە تەنێکی کۆنکریتی زەبەلاحیان وەک پایەی سکلپتورەکە ئامادەکرد، بۆ ئەو کاتەی پۆتینەکە دەگات و بۆئەوەی برغووە زەبەلاحەکان بە پایەکەوە توند بکەن، شوێنای چوار برغووەکە لەناو سەبە کۆنکرێتیەکەدا هاتبوونە دەرێ. جگە لەوە، کەس نەیدەزانی ئەم پەیکەرە لە چی پێکهاتووە و چۆنە... نەک هەر ئەوە دوای ئەم ماوەیە ڕۆژی پەردەلادان لەسەر پۆتینەکە دیاریکرا، بەڵام تاوەکو ئەو وەختە هیچ کەسێک جگە لەخۆی و پاسەوانانی پەیکەرەکەی نەبینی بوو، چونکە بە فڕۆکەیەکی بارهەڵگری تایبەت لە سندوقێکی تایبەت و لە فڕۆکەخانەی کۆنی سەربازیی دەرەوەی شار نیشتەوە، لەوێوەشەوە هەر ئەو شەوە لەسەر پایەکە کۆنکریتیەکە گیرکرا. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانی هەموان بوو ئەوەبوو، خاڵە بانگهێشتی ئەم بۆنەیە نەکرابوو، تەنانەت گوتاری حیزب لەلایەن دکتۆر شابازەوە ئامادەکرابوو بەڵام خاڵە لە بەرنامەکەدا هیچ شوێنایەکی تایبەتی بۆ دیاری نەکرابوو. تەنانەت داوەتنامەکان بۆ هەموو ئەندام مەکتەب سیاسیەکان چوو بوو، جگە لەخاڵە گەورەی میهرەبان نەبێت... کە دواییش هەموو مەکتەب سیاسییە دایکخۆگێیەکان بە خاڵەیان ڕاگەیاند کە ئەوانیش ئامادەی پەردە

لادانەکە نـابن، خـاڵە بەپێچەوانەی چـاوەڕوانیەکـانیـانەوە داوای لێکردن ئـامـادەبن، ئەمەش بۆ جـاری دووهەم بووە جێگەی سەرسوڕمانی مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیەکان...

ڕۆژی پەردە لادانەکە شـاباز کەوتە گوتار خوێندنەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئیـدی ئەمە بۆ یەکمجـار و دواجـار بوو دکتۆر شـــاباز ببینرێت بە دەنگە زیقنەکەی گوتـاربدات. گوتـارەکەی بە جۆرێـک بوو کە هەوڵیـدەدا لاســـایی خـاڵە گەورە بکـاتەوە و جەمـاوەر جۆشـــبـدات، بەڵام کە غەڵبەغەڵـب و هـاتن و چوون بەدەوری فولکەکە دەســتیپێکرد ناچار بوو بە کورتی باســی ئەو پۆتینانە بکـات، کە پارتیزانـان بەقەد بالآی شـــاخەکان لە پێناوی نیشـــتماندا دڕاندویانە. دوای ئەوە کۆڕاڵێکی نەشـــاز، ســـرودیی شـــەهیدانیان گووتەوە، زۆری نەبرد چرکەســاتە گرنگە کە ڕوویدا کە لادانی پەردەکە بوو لەســـەر پەیکەرەکە. کە پەردەکە لابرا نە کەس چەپەڵەی لێدا، نەکەســـیش هـاواری کرد بۆ خوێنی پـاکی شـــەهیدان، نە کەســـیش گووتی بژی پێشـــمەرگە. لەجیاتی ئەوە، خامۆشیەکی قورس باڵی بەسەر دەوروبەری ئەو فولکەیەدا کێشـا، وەک ئەوەی لەپڕێکدا ئـاســـمـان هەموو دەنگەکـانی قووتـدابێت، ئـاوەهـا، تەنهـا گوێیـان لە فڕکەفڕکی ئەو کۆترانە بوو، کە کۆتربـازەکـان لەگەڵ لادانی پەردەکە هەڵیـانفڕانـدن. تەنـانەت موزیکژەنکانیش لەپڕێکدا وەستان و خامۆشـبوونەوە، لە پەخشـی زیندوویی کەناڵی حیزبیشـــدا بێژەرەکە زمانی تەتەڵەی تێکەوت، چونکە زوومی کامێرا چووە ســـەر پۆتینێکی ناشـــرینی بڵح کە دەمەکەی داپچڕا بوو بەرەو ئاسمان. وەک دەڵێن؛ لەو چرکەساتەدا

خاڵە پێکەنی وە و گوتوویەتی`` پۆتینەکە لە دەمە شـڕەکەی دایکی دەچێت``

ئەم خامۆشـــییە زۆری نەخایاند کە پیاوەکانی شـــاباز لەپشـــتەوە شـــەقیان لەقاچی موزیکژەنەکان داو، دیســـانەوە ســـێرکی پۆتینە غەمبـــارەکە دەســـــتپێکردووە. هەمووپـــان بەدەوری ئەو پۆتینە زەبەلاحەدا لە کۆمەڵێک قالۆنچە و سیسرکی تۆقیوو دەچوون کە دەترســـــان تاوێک نەبات پۆتینە زلەکە بیانفلیقێنێتەوە... پاشـــــان ڕافائیل دوشـــــامب و وەرگێڕێکی کوردیی هاتنە بەردەم مایکەکان، دوشـامب هەر وەک ئەوەی پێشـتر قسـەکانی بۆی نوسـرابێتەوە و لەبەری کردبێـت لە گوتـارە کورتەکەیـدا ئـامـاژەی بۆ پۆتینە دڕاوەکەی پێی شـاباز کرد کە تەنها بۆ ئەو بۆنەیە لەپێی کردبوو، بـاســـــی ئەوەی کرد کە ئیلهـامی لەو پۆتینە دڕاو و ســـــادەیە وەرگرتووە کە دکتۆر شـــــاباز لەم زســـــتانەدا وەک پارتیزانێکی ئەبەدی لەپێیدایەتی... لەگەڵ ئەم وشانەدا کۆڕاڵی دەمپانکەوەرەکانی شـــاباز کەوتنە چەپڵە لێدان و بژی بژی دکتۆر شـــاباز. پاشـــان ڕافائیل دوشـــامب ئاوڕیدایەوە بۆ شـــاباز و بەدەمپانکردنەوەوە گووتی`` دکتۆر شـاباز لە هەشـتاکانەوە دەناسـم، کاتێک لە ڤێنا خوێندکاری دکتۆرا بوو. چەندەها جار هاتووە بۆ ئاتیلێرەکەم لە پاریس، ئەوەی سەیرە لام دکتۆر شاباز هەر وەک جارانە، جلەکانی ســـادە و ژیانێکی عوســـامی و هەژارانەی هەیە و دەســـەڵات نایگۆڕێت. ئەو وەک شـۆڕشـگێڕێکی بەناوبانگی ئینتەرناسـیونالی نـایەوێـت لە هەژارانی میللەتەکەی و هەژارانی دونیـا جیـابێتەوە، هەربۆیە پۆتینە دڕاوەکانی سەرنجی ڕاکێشام کە پۆتینی پێشمەرگە و پەیامبەرێکی هەژارانە``

دوای ئەم قسانە شریخەی چەپڵە و هوتاف کێشان دەستپێکرد و سروودی ئینتەر ناسیونال لێدرا. کامێراکان زوومیان خستە دەموچاوی شاباز کە فرمسێک بەچاویدا دەهاتە خوارەوە و دەستی چەپی خستبووە سەر دڵی... لەو ڕۆژەوە شاباز بە `پەیامبەری هەژاران` بانگدەکراو کەیفی پێ دەهات، خاڵەش چەندەها جار کە لەم کۆشکەدا کە تووڕە دەبوو دەیگووت ``مەگەر پەیامبەری قوونشۆران بێت``

وەک دوایی لە گفتوگۆی نێوان زەبور ئەڵمانی لیلۆ بۆتۆکس و حەمەی بلیخانۆف و مەلا سەعیدی نەمساوی ترکەن بیستم؛ ڕافائیل دوشامب دوا ئەوەی پارەی خۆی وەرگرتبوو، نەک هەر ونبوو، بەڵکو پاریسیشی چۆڵکرد. دوایی کە کوتلەکەی خاڵە لە پاریس بەدواداچوونیان بۆ کردبوو، زانیبوویان ئەمە نەک هەر شاباز ناناسێت بەڵکو لەڕێگەی نوێنەری حیزبەوە کە سەر بە کوتلەی شابازە ئەم مەسەلەیەی بۆ دۆشینی پارەی حیزب و حکومەت ڕێکخستووە. دوشامبیش جگە لەپەیکەرسازێکی پلە چوار نەبێت هیچیتر نەبوو. کۆی کارەکەش کۆمپانیایەکی تر کردوویەتی بە چل هەزار دۆلار و بەماتریاڵی زۆر هەرزان کە توانەوەی سکراب و شتێک مس و زەرد و تەنکە بووە کە تەنها بەرگەی چەند ساڵێک دەگرێت. دوای ئەوە لەو ملیۆن و نیو دۆلارە، سەد و پەنجا هەزار دۆلاری بەر دوشامب و سی هەزاری بەر نوێنەرەکەی شاباز و ئەویتر خرا بوونە سەر ژمارەی بانقی شاباز لە سویسرا.

ئەم جوڵەیەش بۆ خاڵە باش بوو، چونکە زۆری نەبرد لە ڕێگەی سەفیری سویسرییەوە ژمارە بانقیەکەی شابازیان وەستاند و نەیاندەهێشت جوڵە بەو ژمارە بانقیە بکات، تاوەکو ئەو سکالآیەی پارێزەرە فەڕەنسیەکانی خاڵە گەورە لەسەر ئەم ژمارەیە هەیانبوو ڕوونبکرێتەوە. بێگومان پارێزەرەکان بەناوی خاڵەوە ئەم سکالآیەیان پێشکەشی بانقەکە نەکرد، بەڵکو بەناوی حکومەتی کۆنفیدرالی و لەڕێگەی نوێنەری سەفارەتەوە پێشکەشکرابوو. خاڵەش ئەم مەسەلەیەی لە هەوادا هێشتەوە تاوەکو جەولەیەکی تری زۆرانبازیەکانی نێوان خۆی و شاباز دەستپێدەکاتەوە و وەک کارتی فشار بەکاری بهێنێت. ئاوەها وەک خۆی گووتی `` لە سویسرا وە کەوتە ناو زێرابەکەی خۆی، ئاوا، پۆتینە دڕاوەکەم خستە دەمیەوە``

ئەم پۆتینە لە سەرەتای  هەفتەی یەکەمدا سەرنجی کەسی ڕانەدەکێشا، چونکە لەیەکەم شەوی  ڕەشەبای ئەم شارەدا هەرچی عەلاگەی ڕەش و کارتۆن و نایلۆن و پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ هەبوو لە پێچەکانی ئەم پۆتینە ئالآن، لە دوورەوە گەر سەیرت بکردایە لە شێخە پەڕۆینەیەکی گەورەی دەکرد لە نێوان ئاسمان و زەویدا گیری خواردبێت. لەگەڵ یەکەم تاوەبارانی ناوەختیشدا کە پۆتینە زلەکە شۆرایەوە و خۆر لێیدا، لە دوورەوە شەوقیدەدایەوە، ئەوسا، دەمی پۆتینەکە بەجۆرێک دیاربوو کە هەر پیادەڕەوێک بیویستیایە بپەڕێتەوە بۆ شەقامی ئەوبەر یان ئەو نوێژکەرانەی بەپەلە لە بازاڕی مەزادخانەکە بەلایدا تێپەڕدەبوون، لەهاتنەوەیاندا دەمی پۆتینەکەیان دەبینی لە ئاستیاندا دەمی کردۆتەوە...

پۆتینەکە ڕێک لە ئاڕاســـتەی منارە تاقانەکە بوو، کە کاتی خۆی مەلاگەورەی دەمگەوهەر بۆ مزگەوتی `ڕووتە نەقشـــبەندیەکان` بەدروســتکردنی دابوو، لەلای ڕاســتی منارەکە کە دەکەوتە ســەر کۆلانی `ســینەمای بەختەوەری` پارچە مســێکی جوان لەســەری هەڵکۆڵرابوو `` لە ساڵی ۱۹۷۳ لەسەر ئەرکی باوکی سەرکردەمان مەلا گەورەی دەمگەوهەر بیناکراوە`` ئـاوەهـا هەم لەســـەری کۆلانەکە و هەم لەبەردەمی منارەکە لەســـەر ئاســـتی ڕاســـتە شـەقامەکە و هەم لەناوەڕاستی دەرگای سەرەکی مزگەوتی ڕووتە نەقشــبەندییەکان دەمی پۆتینەکە تەواو لەو ئاڕاســتەدا پێشــوازی لەهەموو چاو و ڕوانەرێک دەکرد. ڕووتە نەقشــبەندیەکان ئەمەیان بە ســـووکایەتی بە منارەکە و مزگەوتە مێژوویەکەیان لەقەڵەمدا. وەک لە ڕۆژنامەی ئیسلامیەکاندا نوسیبوویان؛ چۆن دەبێت پۆتینی کافرێکی سەرخۆش و نێربازێکی فەڕەنسی بەناوی دوشامبەوە لە تەنیشـــت مزگەوتەکەی ڕووتە و متەســـەوفی گەورەوە بێت. شــابازیش تاکە وەڵامی ئەوەبوو`` نە متەســەوف و نە تەڕەماش، ئەمانە خەمی ئەوەیانە پۆتینە دڕاوەکە ڕووی لەو منارە حیزەیە کە لە حەفتاکاندا مەلا گەورەی دەمگەوهەر بەردی بناغەی داناوە``

تاوەبارنی ناوەخت کە دووبارە ســـکلپتوری پۆتنیەکەی شـــۆری هیچی تری لێ نەمایەوە جگە لە پۆتینێک کە بەجۆرێک دانرابوو لە کوێی ئەو فولکەیەوە ئۆتۆمبێل بیویســتایە بچێتە فولەکەوە دەبوایە بە ژێریـدا تێپەڕیت. لە هەفتەی ســـێهەمەوە نـاڕەزایی خەڵک و حزبەکانی دیکەی لێ کەوتەوە. چونکە کۆی شار بە ژێر پۆتینەکەی شـــابازدا دەهات و دەچوو، شـــابازیش کەیفی بەم بەزمەدەهات،

بەســـەرخـۆشـــــی بە دەمــپـانـکەرەوکـانــی کـوتـلەکەی گوتبوو``چارەنوسیانە کە  بەژێر قۆنەرەکانمدا بێن و بچن``

وەک خاڵە گەورە جارێکیان  بۆی باسکردم؛ چەند جارێک بێئەوەی تێبینی ئەوە بکەن کە مەبەســـت چییە لەو پۆتینە، مەوکیبی خاڵە و لیمۆزینە بەناوبانگەکەی بە ژێریدا تێپەڕ بوون. لە جاری ســێهەمدا خاڵە کە لە شــوشــەبەندی  ســەرەوەی لیمۆزینەکەی ڕوانی، بینی دەمی پۆتینەکە ڕێک بەســـــەر دەموچاویەوەیە. لەو ڕۆژەوە خاڵە فەرمـانی دابوو کە چیتر بە ئەوێـدا تێنەپەڕن. ئەم فەرمـانە بەپێی فەرمانی خاڵە بەنێهنی مایەوە، بەڵام دوای چەند مانگێک مەکتەب ســــیاســــیە دایکخۆگێیەکانی خاڵە تێبینیان کرد کە دوو مەوکیبی ئۆتۆمبێل بەو فولەکیەدا تێناپەڕن؛ مەوکبی خاڵە گەورە و مەوکیبی دکتۆرشابازی مچە گەڕ و پیاوەکانی...

بەمجۆرە  پۆتینەکە، کوتلە و کـادێرەکـانی  حیزبە نوێیەکەمـانی حیزبی سـۆسـیال- لیبرال بەخۆیەوە ســەرقاڵ کردبوو، بەجۆرێک زۆربەیان بۆ گەیشــتن بۆ ئۆفیســەکانیان دەبوایە ڕێگەی پێچاوپێچ بگرنەبەر، لەبەر هیچ نا، تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە بەژێر پۆتینەدا تێنەپەڕن. بەڵام بەڕای خاڵە ئەم نارەزاییە باشـــییەکەی لەوەدابوو هەموو حیزبی لە ژێر ســـێبەری ئەودا کۆکربۆوە، تەنـانەت ئەو کادێر و لێپسراوە عەسکەریانەی سەر بە کوتلەکەی دکتۆر شاباز بوون چیتر نەیـانـدەویســـــت هەموو ڕۆژێـک بە ژێر پۆتینەکەی شــابازدا تێپەڕن، ئەوانیش لەســەرخۆ بایاندایەوە بۆ ژێر سـێبەری کوتلەکەی خاڵەگەورەی میهرەبان. هەر کاتێکیش مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیەکانی حزبمان بە بۆڵەبۆڵ خۆیان بکردبا بە ئۆفیســـــی خاڵەدا، پێشــتر خاڵە، حســەگووشـۆری بۆ دەناردن و پێشـئەوەی

بچنە ژوورەوە بۆ لای خاڵە پێی ڕادەگەیاندن؛ کە بەهیچ شێوەیەک باســـی پەیکەری پۆتینە دڕاوەکە نەکەن. خاڵە گەورەی میهرەبان وەک بۆی گێڕامەوە گووتی`` شـــاباز ئەوەی بیرچوو بوو، ئەوەی گووشـــۆری ســـیاســـی بێت تەنها یەک هونەر دەزانێت، ئەویش خزمەتکردنی قوونی ئاغاکەیەتی``

لەم پڕنســـیبەوە خـــاڵە ئەم دەنگی نـــاڕەزاییەی لێرە و لەوێ بەرزدەبوونەوە، وەک جۆگەی تووڕەبوونێک لە قەڵەمدەدا کە دێتە نـاو ژمـارەی بـانقی کوتلەکەیەوە و لەوێوە خـاڵە دەتوانێـت ئەم تووڕەییە بکاتە ســـەرمایەکی ڕەمزی و ســـیاســـی، ماڵی حیزب و دەرەوەی حیزبی پێ ڕێکبخاتەوە. خاڵە دەیگووت`` ســـیاســـەت هیچیتر نییە جگە لە هونەری ڕێڕەوخوازکردن و پاشـــکەوتکردنی تووڕەیی نەبێت، وەک سـامانێکی لەبن نەهاتوو`` هەربۆیە، کە مەلا سەعیدە پیری نەمساوی لە هۆڵی مەکتەب  سیاسی پێی بە جەرگی خۆیدا هێنا و گووتی`` کوو وەدەبی خارە گەورە، پێراوی شـــابازە فەندی هەموو  بەیانیەک بەســـەر سـەرمانەوە حەیران برێت`` خاڵە گەورە بێئەوەی ســـەیری مەلا ســـەعیدی تڕکەن بکات، گووتی`` کە گەمژە ســـیاســـەت بکات هەر پێڵاوی دڕاو دەچنێتەوە`` ئەوەی گووت و کۆبوونەوەی کەرگەوزەکەی بۆ بەجێهێشتن. ئا، با بیرتان بهێنەمەوە لە فەرهەنگی دووهەمی ئەم حیزبەدا بە مەکتەب سیاسی دەڵێن؛ کەرگەوز...

دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە حیزبمـان تـازە لە کۆنفراســـی یەکەم هاتبۆوە دەرەوە، هەر ســـێ حیزبەکە، بەرەی مارکســـی لینینی بە ســـەرکردایەتی دکتۆر شـــاباز و دوو حزبە بچوکەکەی تری ناو یەکێتی ڕەنجبەران، لەژێر ناوی حزبی سـۆسـیال - لیبرال توانەوە

و بوون بەیەک حیزب. ئەو زەمەنە، هێشتا هوما خانمی هاوسەری خاڵە و ڕەعنا خانمی خەسوویی خاڵە دەسەڵاتیان نەبوو، بەمانای پێش ئێرای گەلاڕێزانبوونی ڕەعنا و دامەزراندنی دەزگا ترسناکە شەش قوزەکەی حیزب بوو. یان باشتر وایە بڵێین؛ هێشتا دەمپانکەرەوەکان شوێنەکانی خۆیان لە حیزبدا نەگرتبووە دەست، مەسینەخۆرەکان هێشتا ئەندامی بچوک بوون، لەشفرۆشەکانی حیزبیش هێشتا بە ژمارەی زۆر نەترووکا بوون...

هەر لەم هەرایەدا، کوڕانی مەلا گەورەی دەمگەوهەر کە لەم پۆتینەی دۆشامب یان بڵێین پۆتینەکەی دکتۆر شاباز نیگەران بوون، ئەوانیش وەک مەکتەب سیاسیەکان شکاتی خۆیان بردە لای خاڵە. خاڵە نەک هاوسۆزی خۆی بۆ ئەوان دەربڕی، بەڵکو بۆ یەکەمجار بوو لەبەردەم کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەردا لە دژی شاباز قسەبکات و گووتی``لەداخی ئەوەی لە کۆنفراسدا دەرنەچووە، پۆتینەکەی وەک تۆڵەیەک، لە فولکەکەی تەنیشت منارەکەی باوکی گەورەمان داناوە. دەزانن بۆ؟ چونکە لە شەستەکاندا کە مەلا گەورەی دەمگەوهەری باوکتان لە ڕووسیا و منیش لە بەرلینی سۆسیالستی هاتمەوە خزمەتی، مەلا گەورەی دەمگەوهەر، بەهەشتی بەرین جێگەی بێت، پێڵاوە پیرۆزەکەی گرتە من و فرسەتی ئەو قۆنەرە تێگرتنە مێژووییە بەر ئەو نەکەوت`` کە کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەریش ئۆفیسەکەی خاڵەیان بە سەرسوڕمانەوە بەجێهێشت، سەید ماجیدی قاسەگری حیزب بەدوویاندا هات و بەهێمنی پێیگووتن``خاڵە مەبەستی ئەوە بوو کە موخلیسی ئێوەیە و پێی لادەبات``

ئەم فوو لەخۆکردنەش بە هەوای پاڵەوانبازییە کاغەزییەکان لەوەدا کۆتایی نەهات کە پۆتینەکەی خۆی بەناوی پۆتینی پێشـــمەرگە بە شـاردا هەڵبواسـێت، بەڵکو سـەری زێرابەکەی خۆی هەڵدایەوە کە خاڵە نەیدەویسـت سـەرەکەی دابخاتەوە، تاوەکو خۆی بەسـەردا تێیدەکەوێت. ئەم سـکلپتورە دوای دوو هەفتە وەک ئەوەی ژەنگی گرتبێت ئاوەها لە پارچەیەک سکرابی دەکرد لە ئاسمان و زەویدا گیربووبێت. ئەو زەمەنە دەزگای ئەمنی حیزب بەوجۆرەی ئێسـتا کە گەلاڕێزان خـانم و برازاکـانی خـاڵە سـەرپەرشـتی دەکەن، نەبووبوو بە ئاژەڵێکی حەوت سەر. هێشتا ڕاپۆرتەکان لە جەستەی حیزبەوە بۆ سـەرە گەورەکەی حیزب بەرزدەکرایەوە، خاڵە هەم سکرتێری گشـتی و هەم سـەرۆکی هێزە چەکدارەکان و دەزگای ئەمنی ناوحیزب بوو. خاڵە هەموو ئەندامەکانی حیزبی ڕاسپاردبوو هەرچی دەربـارەی ئەم پۆتینە دەگوترێت لە بـاش و خراپ بۆی بەرزبکەنەوە. بە زەبور ئەڵمانی ڕاگەیـاندبوو، کە ئەوسـا وەک ئەندام مەکتەب سیاسیەکی دایگخۆگێ لێپسـراوی بەشـی هەواڵ و زانیاری بوو ``تەنانەت کێهاش لە تەنیشـت ئەم پۆتینەوە دەپژمێت، تڕ لێدەدات، تف دەکات و جنێو دەدات بۆمی وەسف بکەن بێئەوەی هیچ وردەکاریەکتان لەبیربچێت``

زۆری نەبرد ئۆفیسـی خـاڵە پڕبوو لە ڕاپۆڕت دەربـارەی ئەو هەولانەی دراوە بۆ شکاندنی پۆتینە برۆنزیەکە و سەری نەگرتووە. بۆنمونە ئەو گەنجەی لە نیوەشـەودا بە سـکلپتورەکەدا هەڵگەڕاوە و بۆئەوەی لەسـەرەوە هەویرێکی تی ئێن تی و تەرەقەیەکی ڕاوەماسی بخاتە ناو لۆچەکانی پۆتینەکەوە، لەپڕێکدا هەڵخلیسکاوە، لەدەمی پۆتینەوەکەوە بەربۆتەوە سەر تەنەکۆنکریتەیەکە و کەللەی

پژاوە. یاخود ئەو سەرخۆشانەی شەو لەبن پەیکەرەکەدا دەیانخواردەوە، پاشان میز و ڕشانەوەیان بەجێدەهێشت، یان ئەو فەقێ نەقشبەندیانەی بەنزینیان پێدا کردبوو بەو هیوایەی پەیکەرەکە بسوتێت، بەڵام بەنزینەکە بەسەر تەنە برۆنز و مسەکە جۆگەی بەستبوو لەگەڵ چەرخ لێداندا یەکێک لەو سیانە، گڕی گرتبوو بەجۆرێک ڕایکردبوو تاوەکو لەبەردەم مزگەوتی نەقشبەندیەکان کوژاندیانەوە... هەموو ئەمانە وایکردبوو شەوانە مەفرەزەیەک بەدەوری ئەم سکلپتورە تاوەکو بەیانی پاسەوانی بکات، ئەفسەری مەفرەزەکە و کۆی مەفرەزەکەی پۆلیس سەر بە کوتلەی شابازی مچە گەڕبوون. شاباز بەمەزندەی ئەقڵی خۆی ئەو مەفرەزەیە ئەگەری ئەوەی نەدەهێشت لەلایەن کوتلەکەی خاڵەکەوە پەیکەرە مێژووییەکەی هەڵبتەکێنرێت، وایدەزانی خاڵە گەورە دێت و دەیکاتە خاڵی زۆرانبازی و چ نەبێت لە کۆبوونەوەی کەرگەوزەکە داوای ڕوونکردنەوەی لێدەکات؛ ڕوونکردنەوە دەربارەی ئەوەی بۆچی دەبێت هەموو شار بەژێر پۆتینەکەی ئەودا بڕوات؟ بۆچی دەبێت خەباتی ئەم میللەتە لە پۆتینی دڕاودا سمبولایزە بکرێت؟ بۆچی ڕووی کردۆتە مزگەوتی ڕووتە نەقشبەندییەکان؟ بۆچی سێ چارەکی گەڕەکی ڕووتەکانی شاربەدەرکرد؟ بۆچی پارەی شاباز مۆڵ ناچێتەوە قاسەی حیزبی نوێی دوای کۆنفراس، حیزبی سۆسیال - لیبرال؟ ئەم هەموو ژنکوشتنە چییە لەماوەی ئەمساڵەدا؟ گەر سەر بە بەعسی و کۆنە ئەمن و ئیستخبارات بووبێتن، بۆچی هەموویان بەر لێخۆشبوونی گشتی نەکەوتن، ئیدی ئەم ژنانە بۆ کوژران؟ بۆچی تەنها ژنە جوان و سەرنجڕاکێشەکان کوژراون؟ کێ لە پشت ئەم

کوشتنانەوەیە بەو سیفەتەی هەموو کەسێک جەمالی تەور و بەکرە شـەل و تالەی حەبێ و حەمەی کوبە و عزەتی حەمە نانەچەورە و تـالەی ئەردەبێلی و نەوەی قنگ حیزیـان، لەو کۆلانـانە بینیوە کە ژنەکانیان تێدا کوژراوە؟ هەندێکیشـــیان بەســـەرخۆشـــی باســـی ئەوەیان کردووە کە سەگ و تولەکانیان ناردووە بۆ کوشتنیان...

هەموو ئەم پرســـیارانە چاوەڕوانیەکانی شـــاباز بوون، کە لە کوبوونەوەی داهــاتوودا بەڕوویــدا بتەقێتەوە. چــاوەڕێی ئەوەی دەکرد خالە هەسـتێتە سـەرپێی و پەلاماری بدات، پڕ جنێوی بکات، کۆنترۆلی خۆی لەدەســـتبدات و ئەمیش ئەمە بکاتە حونجەتێک بۆ لە تکردنی حیزبە نوێیەکە وەک ســـێوێکی گەیوو. بەلام نەک هەر ئەوە ڕووی نەدا، بەڵکو لەکۆبوونەوەی داهـاتوودا، نـامەیەکی بە مەلا ســـەعیدی نەمســـاوی ترکەندا بۆ ناردبوو داوای لێ کردبوو لەجیـاتی ئەو ئەو ســـەرپەرشـــتی کۆبوونەوەی داهــاتووی کەرگەوزەکە بکات، لە نامەکەدا نوسـیبووی `` کاکە شـێرە تۆ نەک جێگری منی، تۆ برای منی، دەسـتکراوە لە بڕیاڕ و دەسـەلاتەکاندا تاوەکو باری تەندروسیم دێتەوە سەرخۆ``

خالە پەتەکەی بەجۆرێک بۆ شـلکردبوو، بەجۆرێک کە شـاباز لەو وەهمەدا ژیـا کە ڕووخـانی گەڕەکی ڕووتـان و دانـانی پۆتینەکە و تیرۆری دوو سـاڵ و نیوی ژنکوشـتن، تەواوی کوتلەکەی خاڵەی سـڕکردووە و ئیفلیجی کردوون، چونکە ئەو کە سـەیری پیاوەکانی خۆی دەکرد و بەراوردی دەکردن لەگەڵ ئەوانەی بەدەوری خاڵەوە بوون، هەرگیز لەوبڕوایەدا نەبوو کە خـاڵە بەم کوتلە ســـەیر و ســـەمەرەیەوە بتوانێت دژایەتی بکات. کوتلەکەی خاڵە پڕی بوو لە کەسانی وەک لیلۆ بۆتۆکس و عایشـە قەڵەوی مالیە و مەلا فەتاحی

نوستوو و زەبور ئەڵمانی گەواد و مەلا سەعیدە نەمساوی ترکەن و زۆریتر، کە بەڕای شاباز نەک هەر هیچیان پێ ناکرێت بەڵکو لە ترِی خۆشیان دەترسن. کوتلەکەی شاباز و پیاوەکانی هەمووی خەڵکی ساختەچی و پەڕڵەچی و کوتلەچی پلە یەک بوون، جگە لەدەستە کۆنەکەی شاخی وەک سەرداری شفتە و حەمە کەچەڵ، عەزەی مامە تەتە، حەمە قنگدڕاو، مچەی خوشک حیز. جەمالی تەوری لەگەڵدا مابۆوە، بەڵام ئەویش بە یارمەتی خاڵە لەژێرەوە خەریکی دروستکردنی کارتێلێکی میلیشایی خۆی بوو و ڕۆژانەش بۆ خۆڵکردن لە چاوی شاباز لەبەیانییەوە تا ئێوارە لەماڵەکەی شاباز کە نێزیک مەیتخانەی دووهەمی شار بوو، لە چیمەنەکەدا دادەنیشت و یاری بەدەمانچە تۆپلیەکەی دەکرد. بەشێکی زۆری دەستە کۆنەکەی چۆن کاری پیسیان کرد لە شاخ ئاوەهاش لە کوونە ئاودەستەکانی ئەم شۆڕشەدا قووتدران و فەوتان.  ئەوانەی تر کە لەزەمەنی دوای شۆڕش و وەک دەیانگووت زەمەنی جادەی قیر، کۆمەڵێک مرۆڤی شکاوی پەراوێزەکانی تاوان و دەستدرێژی و منداڵبازی و پیاوکوشتن بوون، بەڵام  ئەو حەزە دێرینەی شابازیان تێردەکرد بەوەی هەمیشە دەوردرابێت بە سەرسەریی و کۆنە لگاوچی و چەقۆکێش و قنگێ و کوونی لاکۆڵانەکان. کەسانی وەک؛ بەکرە شەلەی گومرگ، تاریقی حەبێ، خەپەی ڕەئیس عورفا،  حەمەی کوبەی ئاسایش،  عزەتی حەمە نانەچەورە و تالەی ئەردەبێلی و نەوە قنگ حیز و مەریوانە گۆج و سالە فسە، زۆریتر بوون. ئەمانیش چەندەها پیاوی هاوشێوەی خۆیانیان دوای خۆیان خستبوو. دوای چەند ساڵێک لەگەڵ جیابوونەوەی لە خاڵە و دامەزراندنی ئۆپۆزیسیۆنە پڕ هەراو جنێوخانەکە، ئەوانیش

لەگردە غەمبارەکەدا لێرە و لەوێ دەلەوەڕان. بەڵام لەو  دوو ساڵ و نیوەی دوای کۆنفراسی یەکەم، کە بە ساڵی شەڕە سەگ ناویان دەبرد، ڕۆژانە هەڕەشـــەیان لەو ئەندام کۆمیتە و لێپســـراوی هۆبەکان دەکرد، کە دژی دکتۆر شـــاباز قســـەیان دەکرد. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لە ناوەڕاستی بازاڕ و  چایخانەکاندا بە پێلەقە لەبەرچاوی پۆلیسدا دەچوونە سەر سکی ئەو کادێرە دێرینانەی لێرە و لەوێ ڕەخنەیان لە شـــابـاز گرتبوو. ئەمە جگە لەوەی ســـەرانەیان لە دەوڵەمەند و بازرگان و بەنزیخانەکان دەســـەند، تەنانەت دەچوونە بانقەکانی حکومەت، پارەی فەرمانگەی کارەبا و باج و زۆرجار پارەی فەرمانگەی تاپۆو زەوی و زاریان  بە فەرمانێکی دکتۆر شاباز دەبردە دەرەوە، کە هیچیتر نەبوو جگە لە ژمارەیەک نەبێت لەســـەر دیووی ســـپی ســـیمی پاکەتی جگەرە نوســـرابوو؛ دوو ملیۆن و نیو دۆلار ، ســـەد هەزار، یان میلونێک دۆلار...

هەموو ئەمانە بە بەرچاوی خاڵە گەورەی میهرەبانەوە ڕوویدا، بێگومان تۆڵەی ئەو چرکەســـاتە بوو کە حزبەکەی خۆی، ئەو حزبەی دوای کوشـــتنی ســـوارە، بەپەڕلەی ئەو و موخابەراتی ئێراقی، لەســـەر ســـینیەک پێشـــکەشـــی ئەو کرا. لەبەرامبەر پێشـکەشـکردنی  بەرەی مارکسـی لینینیەکان لەسـەر سـینیەکی خوێناوی، ئەویش وەک گووشـــۆری خاڵە هەرچی ئیشـــی پیس هەبوو ل ەشاخ بۆ خاڵەی دەکرد. بەتایبەت، خاڵە هەر لەسەرەتاوە خۆی بە سۆسیالیستێکی کۆنزەرڤایتڤ و لیبرال تێدەگەیشت، هیچ یەکێکیش لەم حیزبەدا تاوەکو ئەمرۆ نازانێت سۆسیال و لیبرال و کۆنزەرڤاتیڤ چییە... بەڵام گرنگ ئەوەبوو بەدرێژایی ژیانی لە

شــــاخ لەناو حزبە مارکســـــیەکەی خۆیدا، خەریکی پاکتاوکردنی دوژمنەکانی خاڵە گەورە بوو. ئیدی دوای ئەم هەموو ســـــاڵە لە گووشـــــۆری بۆ خاڵە و ڕازیبوونی بە توانەوەی حزبەکەی لەناو حزبە نوێیەکەدا، حزبی سـۆسـیال لیبرالی کوردسـتان، بڕیاڕ بوو ببێتە سکرتێری گشتی و خاڵەش ببێتە مەرجەعی کوردان.

لە کۆنفراســـی یەکەمی حیزبە نوێیەکە، حزبی سـۆسـیال- لیبرال، دوای ڕووخانی بلۆکی ســـۆســـیالیســـتی، لە ســـێ ڕۆژەدا زۆر ڕووداوی گرنگ ڕوویاندا، کە دوایی ڕەگەکانیان قووڵ زۆر قووڵ لە مێژووی گەنـدەڵی ئەم وڵاتە ڕادەکێشـــــن. لە ڕۆژی یەکەمـدا شـــابازی مچە گەڕ بەیەک ڕســـتە حزبەکەی توانەوە، هەموویان، مێژووی چەپبوون و زۆرانبـازیە خوێنـاویەکـانیـان لەبیرکرد و چوونە ناو حزبی نوێیی سـۆسـیال لیبراله نوێیەکە. بێگومان وەها ڕێکەوتبوون لەگەڵ خـاڵە، کەوەک عورفی هەموو کۆنفراســـێـک ســەرەتا هەردووکیان خۆیان کاندید بکەن بۆ سـەرۆکایەتی حیزب، گەر دکتۆر شـــــاباز یەکەم بوو، ئەوا خـاڵە بەهێمنی حیزبی بۆ بەجێدەهێڵێت بۆئەوەی ببێتە مەرجەعێکی گەورە لە مەملەکەتدا. خۆ ئەگەر خاڵە یەکەم و شـــاباز دووهەم بێت، بەو سـیفەتەی وەک دوو جمکی مێژوویی بەناو دونیای شـــۆڕش و ســـیاســـەتدا تێپەڕیوون، و ئەم ئەگەرە زیاتر دێتە پێشـــەوە، ئەوا ســـیناریۆیەکی ئامادەکراو لەنێوانیانی ئەم دوو هاوڕێی تەمەن و خەباتدا قســـەی لەســـەر کرا. هەر واش بوو، لە سـێهەم ڕۆژدا خاڵە یەکەم دەرچوو و شـابازیش دووهەم، لێرەوە دەبوایە سـیناریۆ نوێیەکەی نێوانیان دەستی پێ بکردایە؛ دەبوایە خاڵە گەورە بچێتە سەر مایکرۆفۆنەکە،

هەر لەویَ دەســـت لە کارکێشـــانەوەی خۆی ڕابگەنێت و هەموو دەنگەکانی خۆی ببەخشـێت بە دکتۆر شـاباز موسـتەفای هاوڕێیی خەبـاتی. کـاتێـک هۆڵی کۆنفراس بووە چەپڵەڕێزان خـاڵە گەورە چووە ســـەر مـایکرۆفۆن و بزەیەکی بۆ هـاوڕێی تەمەنی دکتۆر شاباز موستەفا کرد کە لەلای دەستە چەپەوە دانیشتبوو، ئاوەها لەناو بێدەنگی لەپڕی هۆڵەکەدا بزەیەک کەوتە ســـەر لێوی دکتۆر شـــاباز مســـتەفای جێگریی کە بۆ جاری حەوتەم لەم حیزبەدا ببێتەوە بە جێگری خاڵە، بەڵام جاران سەرۆکی حزبێک بوو پاشان جێگری ســـکرتێری گشـــتی لەبەرەیەکی فراواندا، بەڵام ئەمجارە جێگری تەنها حیزبێکە و هیچیتر و لەســـەر لێواری ئەوەدایە ببێتە ســـەرۆکی حیزبە نوێیەکە. ئەم بزەیە بە یەکەمین بزە دەژمێردرێت لە مێژوویی سیاسیدا بەسەردەموچاوی دکتۆر شابازەوە ببینرێت، چونکە بزەیەکی پڕ هیوا بوو لەوەی لە لێواری چەندەها ســـاڵەی کەســـی دووهەمەوە بازهەڵدەداتە ناو پێســـتی کەســـی یەکەمەوە. بزەیەک بزەی کەســـی دووهەم بوو لە پاکردنەوەی پاشـــماوەکانی کەســـــی یەکەم ڕزگـاری دەبێـت و دەچێتە جێگەکەی. هەربۆیە هەرچی زوومی کامێرا هەبوو چووە ســـــەر ئەو بزەیە و زیاتر لە ســـەد و پەنجا جار لەلایەن بیســـت کامێرای ڕۆژنامەنوســـانی حیزبەوە چرکێنراو، تاوەکو ئێســـتاش لە ئەرشـــیفدا پارێزراوە. ســـاڵانی دوایی، فۆتۆی ئەو بزەیە لە هەر کوێیەکدا بڵاوبکرایەتەوە، شاباز شـەلاتیەکانی بۆ دەنارد، زۆرجاریش لە ژێرزەمینی ماڵەکەی خۆیدا دەرخواردی هەوشـــارەکانی دەدا. لەمەدا شـــاباز لاســـایی خاڵەی دەکردەوە بەوەی هەر یەکەی لە هاوشـــارەکانی بەناوی ســـێ پیاوکوژ ناونابوو، یەکێکیان بە نـاوی (عەلی ڕەزا باوە) کە

شـــــەقاوەیەکی کوردی فەیلی بوو لەبەغدا و پیاوی بۆ قەومییە عەرەبەکان دەکوشت و دواجار لەکۆڵانەکانی قەمبەرعەلی بەغدادا حەوت کەس بۆی چوون و بە تەور و ســــــاتور و قیمەکێش لەتوپەتیان کرد. دووانەکەی تر دوو جەلادی عەرەبی بەناوبانگی زەمەنی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بوون، هەردووکیان لێپسراوی ئاسـایشـی گشـتی و ئەویتر سـەرۆکی موخابەراتی ئێراقی بوون، دووپیاوی ترسناک و بەناوبانگ بوون بەوەی زیندانییە سەرسەختە سـیاسـیەکانیان بەزیندویی بە مشـار دەبڕیەوە، یاخود لەسـەرخۆ نقوومی بـانیۆیی پلاســـتیکی پڕ ئەســـیدیـان دەکرد و هەموو جەستەیان لەناو حەوزی پلاستیکی ئەسیدا دەتوایەوە، یەکەمیان (نازم گوزار) بوو لە شـــەســـتەکاندا و دووهەمیان (فازڵ بەراک) بوو، کە تاوەکو ئەم ســــاڵانەی دوایی لەژیاندا مابوو، بەڵام وەک دەڵێن ڕۆژێک لەماڵ هاتبووە دەرەوە و چیتر نەگەڕابۆوە...

ئاوەها، گردەکە غەمبارەکە لەسەر مۆدێلی کۆشکی یەکەمی خاڵە و ژێرزەمینی مەکینەی قیمەجنە گەورەکەی عودەی بینـاســــازی کرابوو، ژێرزەمینەکان و ژوورەکانی ئەشکەنجەدان و بەندکردن بە ئیسفنجی ئەستور و ئەزبێز داپۆشرابوون، بەجۆرێک هیچ دەنگێک لەژوورەکانەوە نەدەهاتنە دەرێ. شـابازیش لەســەر هەمان مۆدێل ژێرزەمین و ژووری ئەشـــکەنجەی دانـابوو. لەو ژێرزەمینەدا چەندەها ژن و پیاو دەرخواردی ســێ هاوشــارەکەی (عەلی ڕەزا باوە) و (نازم گوزار) و (فازڵ بەراک) دەدرا...

ئەم قسانەم بە خەیاڵی سەگێک تێمەگەن کە لە بوغزو کینەدا چاوی کوێر بووبێت و تۆمەتی ناڕەوا و فانتازیای خۆی شــــلکردووە و

کەوتۆتە بوختانکردن. نەخێر، گەر ســـەیری کۆی ئەم مەلەمکەتە بکەیت نەک هەر لێپســراوە ســیاســیە کوردەکان، بەڵکو شــیعە و سونە وتەنانەت بازرگانەکانیش، خاوەنی ژێرزەمینی ئەشکەنجە و کوشتنن. گەر نەخشەیەکی سەتەلایتی هەبێت ئەم زیندانە نهێنیانەی ناو کۆشــک و ماڵەکان ئاشــکرا بکات، ئەوا بۆتان دەردەکەوێت کە هەر ســەدو پەنجا کەس لەم مەملەکەتەدا زیاتر لە شــەش زیندانی حکومی و بیســت ژێرزەمینی ئەشــکەنجەدانی ناو کۆشــکەکانی بەردەکەوێت. تەنانەت مەلاســەعیدی ترکەن و نازە بۆتۆکســاوی ئەندام مەکتەب ســیاســیش ژێرزەمین و زیندانی تایبەت بەخۆیان هەیە...

بەڵام با بگەڕێینەوە سەر فۆتۆی بزەکەی دکتۆر شاباز کە سەری بەلاری بەلای چەپدا بۆ لای خاڵە وەرچەرخاندبوو و بزەیەکی ڕۆشــنی لەســەر لێو بوو. ئەو فۆتۆیە وەک گووتم گەر ســاڵانی دوایی لەســەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان یان میدیاکاندا بڵاوبکرایەتەوە ئەوا خاوەنەکەی تووشــی گرفتی گەورە دەبوو، خۆ ئەگەر خۆی بەردەست نەکەوتایە ئەوا لەسەر نەریتی ستالین و بەعسیەکان، خانەوادە دوورەکانیشــی تووشــی گرفت دەبوون. فۆتۆیەک کاتی خۆی لە وێب ســاتێکەوە بڵاوکرایەوە کە خاوەنەکەی لە مەنفای ئەڵمانی دەژیا، ئەم فۆتۆیە بووە هۆی کوشــتنی خانەوادەکەی بەدەســتی تالەی ئەردەبێل و نەوەی قنگ حیز، لاشــەکانیان لە شــیودۆڵی خۆڵە عەمەلەکەی شــاردا فڕێدا و هەر ئەو بەرەبەیانە فۆتۆکانیان لە تۆڕەکۆمەڵاتی و ماڵپەڕە ســاختەکاندا بۆ بڵاوکردەوە... بەڵام وە نەبێت حەســرەتی ئەو بزە تۆمارکراوە بە کامێرای ڕۆژنامەنوســەکانی حیزب فەوتابێت و ملیان بۆ

هەڕەشـــەکانی شـــاباز و شـــەلاتیەکانی دابێت، نەخێر، کۆی ئەم فۆتۆیانەی بزەکەی کە لە سەد لای جیاوازەوە چرکێنراوە، هێشتا لەناو ئەرشـــیفەکانی حیزب و خاڵە گەورەدا ماوە. چرکەســاتێکە هەرگیز لەمێژوویی شـاباز دا لەبیرناکرێت، هەربۆیە تا ئێسـتاش کە وەک گەماڵێکی پیر قاچە هیلاکەکانی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشـت و لە چاوەڕوانی گەڵاڕێزانی شەش قوز و هوما خانمدا لە ئۆفیسەکەی شـــنە قۆنەرە یاخود حســـەگووشـــۆردا خەویدەباتەوە، بزەکە حەســــرەتێکە لەگەڵ هەموو یادێکی خاڵە و ســــەیرکردنی فۆتۆ بەناوبانگەکەی هانزشنایدەردا بیری دەکەوێتەوە. فۆتۆی ئەو ڕۆژە باراناویەی بەرلین کە من و خاڵە گەورە لەســــتۆدیۆکەی هانزدا سەیری چاوی کامێرکەیمان دەکرد و فۆتۆی دوو هاوڕێی ئەبەدەی کە بزە دەکەین بۆ کامێراکە، فۆتۆیەک، پێدەچێت شــاباز خۆزگەی ئەوەی خواســتبێت کە ئەو بچوایەتە جێگەکەی من، و لە باوەشـــی خاڵەدا بۆ کامێراکە بزەی بهاتایە...

بەڵێ دەکرا ئەم بزەیە هەمیشـە لەسـەر لێوی بمێنێتەوە، گەر خاڵە لەو چرکەســاتەدا وازی لە کەســی یەکەمی حیزب بهێنایە و حزبە نوێیەکەی ســـۆســـیال لیبرالی لەســـەر ســـینیەکی ئـاڵتون پێشـــەکەشـــبکردایە، بەڵام ئەم بزەیە زۆر زوو کوژرایەوە کاتێک خاڵە ڕووی کردە شـابازی جێگری و گووتی``هێزی ئێوە و دەنگی ئێوە ئەوەندە مەزنە کەتەنها دەتوانم بڵێم؛ هەوڵدەدەم لە ئاســـتیدا بم...`` پاشـان خاڵەگەورە قورگی پڕبوو لەگریان و قســەکەی بۆ تەوا نەکراو بە دەســتە خرپن و قەڵەوەکانی دەســتەســڕە سـپییە ئاوریشـــمیەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و فرمێســکەکانی ســڕیەوە،

هەوڵیدا بۆ جاری دووهەم ڕســـتەکەی تەواو بکات، بەڵام دووبارە قورگی پڕبوو لە گریان...
ئیدی هۆڵەکە وەک دەریایەک شـــێت و هاربوو لە چەپڵە و گریان، شـــەپۆلی دەدا. هەموو چەپڵەلێدەران بە چاوی پڕ فرمێســـک و هەندێکیش لەدەمپانەکەرەوە و مەســـینەخۆر و گەوادە نوێیەکانی حیزبە نوێیەکەمـان بە قوولە قوولەوە هۆڵەکەیـان بەجێهێشـــت، هەندێکیشـیان لەبەردەم هۆڵەکەدا لەتاو گریاندا لە هۆش خۆچوون، زیـاتر لە پێنج دەمپـانکەرەوە و شـــەش مەســـینە خۆر و چوار ســـۆزانی نوێی حیزب و دوو پێشـــمەرگەی دێرینی ناو هۆڵەکە بەرگەی فرمێســـک و گڕوتینی ئەو چرکەســـاتانەیان نەگرت و لەشـــوێنی خۆیان بوورانەوە... لەناو ئەم پڕمەی گریان و چەپڵە و لەهۆش خۆچوونی نەوە نوێیە دەمپانکەرەوەکەی حیزبمان، حزبی سۆسیال لیبرالی کوردستان، شاباز لەسەر کورسیەکەی خۆی سڕ بوو بوو. ســـڕبوونێـک خـاڵە دوایی بۆی گێڕامەوە و گووتی ``خۆزگە دەتبینی وەک سـیســارکە کەچەڵە لووتی شـۆڕ کردبوو، ئاوا تێمەگەیاند؛ هەرگیز ترسنۆک نابێتە پاڵەوان``
بەمجۆرە خاڵە کڵاوە مێژووییەکەی لەســـەر نا، و بە زۆرینەی گشـتی دیســانەوە هەڵبژێردرایەوە بە ســـەرۆکی حیزب و ئەویش وەک جاران، وەک گەڕاوەیەک بۆ پێســتی کەســی دووهەم و لە ئاودەســـتی ســـیاســـیدا مایەوە، خاڵەش لە موبەقەکەیدا خەریکی کوڵاندنی چەندەها جەمی نوێی دەســـەڵاتەکانی بوو. ئێوارەکەی شـــاباز گوتبووی``خاڵە لە ناوەڕاســـتی حەفتاکاندا حزبێکی پڕ ئاژاوەی لەســـەر ســـینیەکی خوێنین پێ بەخشـیم، حزبێکی چەپی پـارتیزان و ڕێکخراوێکی پڕ تیرۆر و ئـاژاوە و کوشـــتن، هەم

شەڕمان بۆکرد و هەم پاکسازییم بۆکرد، کەچی کە دەسەڵات بووە سـیـنیەکی ئـاڵتونی پترۆدۆلار، نەک هیچی لەسـەر سـیـنیەکە نەهێشتەوە، بەڵکو سینیەکەشی برد بۆ خۆی``

بزەکەی شـابازی مچە گەڕ هێشـتا لێرەو لەوێ بڵاودەکرێتەوە، کە سەیری دەکەیت، بزەیەکەی ڕۆشـنە لەسـەر دەموچاوێکی تاریک، وەک ئەسـتێرەیەکی کلکدار وەهایە کشـابێت، بزەیەک وەک خاڵە گووتبووی ``بزەی ترسنۆکێکە دەیەوێت بیەوێت بە پاڵەوان``

بەمجۆرە خاڵە گەورەی میهرەبان شابازی لە ئاودەستە دێرینەکەی کەسـی دووهەمدا بە جێهێشـت و خۆشـی لە موبەقە نوێیە سـیاسـیەکەیدا لەسـەر سـینی ئاڵتونی پترۆ دۆلاردا، بەهاریکاری گـریـنـگـۆکـان، کە وردە وردە بە دەمـخـوارکـردنەوە و دەنـگە زلەکانیانەوە بە``مستەر پرسیدێنت`` بانگیان دەکرد، جەمەخواردنی سـیاسـی نوێیان بۆ ئێرایەکی دیکەی ئەم مەملەکەتە لێ دەنا، کە لە دواجاردا خاڵە بووە سەرۆکی داهاتوویی ئەم مەملەکەتە. بەمجۆرە ئەمریکیەکان، فەڕەنسـیەکان، ئەڵمـانە تۆقیوو و ڕەنگپەڕیوەکان، چینیەکان و ڕووسـە هیلاکەکانی زەمەنی پۆسـت سـۆڤێت، بە پۆل دەهـاتنە ئۆفیسـەکەی خـاڵە گەورە، و لەم هەرای زەمەنە نوێیەی حیزبدا کەس ئاوڕی لە شـابازی جێگری نە دادەدایەوە. شـاباز لە ئاودەستی سیاسی خاڵەدا بەجێما، و خاڵە گەورەی میهرەبانیش لە موبەقە نوێیەکەی دوای کۆنفراسـی یەکەم، خۆی بۆ سـەرۆکایەتی مەملەکەت ئامادەکرد و ئامادەش نەبوو سـەرۆکایەتی حیزب وەک پاشـماوەی خۆی بداتە جێگرە دێرینەکەی. خاڵە لە موبەقە نوێیە سـیاسـیەکەیدا خەریکی لێنانی جەمی سـیاسـی نوێ بوو بۆ

مەملەکەتێکی نوێ کە چیتر شۆڕشگێڕە دێرینەکان حوکمی ناکەن، بەڵکو دەمپانکەرەوە شیعە و سونە و کورد و پۆپ ئیسلامیەکان، دەبوونە ڕاگری پایە نوێیەکانی...

هەموو ئەمانە لە ڕقی ئەوە ڕوویدا، کە هێشتا ساڵ و نیوێک تێنەپەڕی بوو بەسەر کۆنفراسی یەکەمدا کە شاباز دەستیکردبوو بە دنەدان و نەقیزەکردن بە کوتلەکەی خاڵەدا. لێرەو لەوێ ڕق و ئاژاوەی دەنایەوە، و کە گلەیی و گازندەکانیش ڕووبەرووی خاڵە دەکرانەوە بەهێمنی دەیگووت`` لە ئاودەستەکەی شابازەوە هەر ئەمە دێتە دەرێ`` پاشان گوێچکەی کەڕی خۆی دەدانێ. خاڵە لەو زەمەندا خەریکی ڕێکخستنەوە و هەڵاوێردکردن و پاکژکردن پاشماوەکانی توانەوەی حزبەکانی شاخ بوو لە مەنجەڵی لیبرالیزم و سۆسیالیزمی نوێدا. بێگومان لەم کەرخانە گەورەیەی ئەم حزبەماندا، کەس تاوەکو ئەمڕۆ نەیدەزانی لیبرالیزم چییە و نەشیاندەزانی چۆن سۆسیالیزم و لیبرالیزم لەیەک مەنجەڵدا دەکوڵێن...

لەو ڕۆژەوە شاباز وەک شێتی لێ هاتبوو، ژنی دەکوشت، خەڵکی دەفڕاند، هاوڕێ دێرینەکانی خاڵەی پڕ جنێو دەکرد، سەرانەی دەسەند، شۆفڵی شارەوانی و سۆنەر و تەنانەت ئامێری بەرزکەرەوەی بینای خەستەخانەی کرد بەدیووی ئێراندا و بە پارەی سەلکە توور، وەک خۆی دەیگووت، دەیفرۆشتەوە بە ئێرانیەکان... هەموو ئەمانە هێمنی خاڵەی تێکنەدا و جوڵەی بۆ نەکرد تاوەکو شاباز پۆتینەکە مەزنەکەی دانا، ئەوسا

گووتی``دومەڵەکەی خۆی لەناوەڕاستی شـاردا دانا، خەریکە پێ دەگات و زۆر نابات دەیتەقێنن``

بەڵام خاڵە ئەوەندە لەم قســـانەی فڕێدابوو و هیچی نەکردبوو، تەنانەت مەکتەب سیاسیە دایکخۆگیە دڵسۆزەکانیشی بڕوایان بە خاڵە لەق بوو بوو، جگە لە سەید ماجیدی تسلیدەری حیزب نەبێت کە دەیزانی خاڵە هەرگیز قســـەی وەها بەبێ بنەما فڕێناداتە بەردەمی دایکخۆگێی و دەمپانکەرەوەکانی، گەر تەواو پلانێکی توند و تۆڵی لە بن سەردا نەبێت.

هەر بۆزانینتان، کەس نەیدەزانی ســـەید ماجید لە چ خێزان و خانەوادە و عەشـیرەتێکەوە هاتووە، وەک باسـتاردێکی ئەبەدی بە لەشـە لاواز و ڕەقەڵە و دەموچاوە باریک و چاوە ساردەکانیەوە، هەموو تەمەنی بەدووی خاڵەوە بوو، هەموو تەمەنی هیچ پلەیەکی حیزبی نەبوو، بەڵام لەهەموو مەکتەب ســـیاســـیەکان و تەنانەت لەدوای دکتۆر شابازی مچە گەڕ وەک کەسی سێهەمی ناو حیزب ســـەیر دەکرا. ئەو هەرگیز بڕوای بە خاڵە گەورەی میهرەبان لەق نەبوو، هەربۆیە کە خاڵە وەها خۆی نیشـــاندا تەواو لەژێر تیرۆری دکتۆر شـــــابـازدا ســـڕ بووە، وەک چۆن کوتلەکەی شـــــابـاز پڕوپاگەندەیان کردبوو، گوایە خاڵە لەســـەر لێواری ئەوەیە نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی ئاشکرا بکات. لە گفتوگۆیەکی مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیەکان لەگەڵ سەید ماجیدی قاسەگر و تسلیدەر و هاوڕێی دێرینی خاڵە، مەکتەب ســیاســیە دایکخۆگێیەکانی وەک مەلاســـەعیدە ترکەنی نەمســـاوی، زەبور ئەڵمانی، فەتاحی وســـوە کوێر، فیفی عەبدە و قەدری تاپۆ و عەبە خێلی دەرمانفرۆش و نازە بۆتۆکســاوی جیکن، لە ژوورەکەی سـەید ماجیدا کە لە بینای

بەڕێوبەرایەتی گشتی حیزبدا کۆبوونەوە و دووبارە ئەم بابەتەیان هارووژاندەوە و باسیان لە تیرۆری ئەم دووساڵە کرد و ڕایان وەهابوو؛ کە خاڵە تەواو لەژێر گوشاری ئەم تیرۆرەی شاباز دا ملی داوە. هەر کە باسی ئەوەشیان کرد گوایە بیستوویانە خاڵە لەژێر گوشاری ئەم تیرۆرەدا ئەگەری وازهێنان و دەستلەکاریشانەوەی هەیە، یان بڵێن دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنی یەکەمی پێش کۆنفراسی یەکەمی حیزب، سەید ماجید بە بزەیەکەوە قوومێکی لە قاوە تاڵەکەی داو و گووتی`` مرۆڤ لەگووی خۆی ناترسێت``

ئیدی لەگەڵ ئەم دێڕە بروسکەییەدا، مەلا سەعیدی نەمساوی لە خۆشیاندا تڕێکی لێ بەربۆوە. مەکتەب سیاسیەکان و سەید ماجید وەک هەورە بروسکە بەسەریدا گرماندیان و کەوتنە جنێوپێدانی، نازە بۆتۆکساوی یەکەوڕاست بە جیکەجیک ڕایکردە دەرەوە و ئەوانیتریش دەستیان بەلووتەوە گرت و ئۆفیسەکەیان جێهێشت. سەید ماجیدیش لەو ڕۆژە ساردەدا بە ناچاریی بۆ ڕاونانی ئەو تڕە پیسە نەمساوییەی مەلا سەعید پیرە، پەنجەرەکانی بۆ ماوەی نیو کاژێر والاکردەوە و لەڕارەوەکەدا مایەوە تاوەکو تڕە بۆگەنە بەعسیەکەی پیرە نەمساوی، لە ژوورەکەیدا ڕەویەوە. تڕێک سەید ماجید گوتبووی``تڕی پیاوێکە فێرە خواردنی گوویی بەعسیەکان بووە و بۆی تەرک ناکرێت``

لە گەرمەی ئەم هەرایەدا خاڵە گەورەی میهرەبان ڕۆژانە لە ژوورەکەیدا دەرگای بەسەر خۆیدا کلۆمدەدا، تەنها ئەو ڕاپۆڕتانەی دەخوێندەوە کە ژوورە داخراوەکەی پڕ کردبوو لە جریوەی فیتنە

و زمانلێدان و درۆ و ڕاســـتیە پێچاوپێچەکانی شـــارێک نەک بە ڕەشـــەبا بەناوبانگە، بەڵکو وەک خاڵە دەیگووت ``بە ڕابواردن بە قوزی دایکیشیان`` ڕاپۆڕتەکان وەک باڵندەی ناوەخت هەر یەکەی بە جۆرێک دەیجریواند، دەیقاژاند، دەیقیڕاند، هـاواریـان دەکرد و جرتیان لێدەدا و جنێویان دەدا بەو ڕۆژەی تێدا لە دایکبوون. هەر یەکەی بەجۆرێک باڵە فڕکەی بوو بە نـاو تۆزی مـانگە لەپڕەکانی ئەم گۆلاوی گەندەڵی و خیـانەتە لاولاوییەی بەهەموو شـــوێنکدا هەڵدەگرا. هەر یەکێک لەم باڵندانە بەجۆرێک دەنیشـــتەوە؛ لەســـەر مێز و تەپڵەکە ماهاگۆنیەکە، لەســـەر قەنەفە چەرمە گرانبەهاکە، تەنانەت لەســـەر فەڕشـــە کاشـــانییەکەی زەمەنی قاجاریەکان کە نرخی دەگەیشـتە زیاتر لە دووسـەد هەزار دۆلار چونکە لە ڕایەڵی ئاوریشـمی چنرابوو و ئێرانیەکان لە کاتی ئینقلابی سـاڵی ١٩٧٩ لە قەسری ڕەزا شای پەهلەوی دزیبوویان. تاکە کەس کە بۆی هەبوو خەڵوەتگەکەی خاڵە تێکبدات زەبور ئەڵمانی بوو، کەدڵی بەوە خۆش بوو خەریکە دەبێتە کەسـی متمانە پێکراوی یەکەمی خاڵە و هەموو ڕۆژێـک بە چەنـدەهـا فـایلی پڕ راپۆڕت دەهـاتە ژوورەوە و لەو شوێنە دادیدەنا کە خاڵە بۆی دیاری دەکرد؛ لەسەر مێزەکە، لەسەر فەڕشـــە کاشـــانییەکە، لەســـەر تەپڵەکە بچوکەکە، مێزەپێچکدارە لە تەنیشـت ویسـیکەکان، یان لەسـەر قەراغی کتێبخانە ماهاگۆنیەکەی کە لە هیندســـتانەوە بۆی بەکردن درابوو، تەنانەت بزمارەکانیشـــی بەتەختەی تـایبەتی دارســـتـانە شـــێدارەکـانی هینـدوســـتـان دروســـتکرابوون. یاخود لەســـەر تاقی دیوارە شـــوشـــە بەندییەکە دایدەنان کە بەشـــی چەپی دەکەوتە باخچەکە و بەشـــی ڕاســـتی

دەکەوتە ڕووی زنجیرە  شاخەکە دڵگیر و چەمەکە شێتوهارەکەی بەردەم باخچە فراوانەکە...

ئەو ڕۆژەی خاڵە بە ئاماژە پێیگووت فایلەکان لەسەر تاقی بەشە کەوانییەکەی دیوارە شووشەبەندیەکە دابنێ کە دەکەوتە سەر باخچەکەی لای دەستە چەپ، هەر سێ هەوشارە ئەزیزەکەی خاڵەی بەدیکرد، حەمە عەینە بۆر و حەسەنە گۆجی سێ قنگ و عوسە کوێری کرماشانی لە باخچەکەدا گەمەیان دەکرد. سەگەوانەکانیان خەلیل بەگی ئامۆکیان و نەوشیروانی کەتەر و شێخ حسە چەقۆ کوول  چاودێریان دەکردن و بووکە شوشەی مەتاتیان بۆ فڕێیدەدان  لە شێوەی قۆڵ و دەست و قاچ و سەری مرۆڤ بوون، پێکهاتبوون لە مەتاتی تایبەت  بۆ ڕاهێنانی سەگی دڕ. بۆ شۆکی زەبور ئەڵمانی تێبینی کرد ئەمانە هیچیتر نەبوون جگە لە کەللەی مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیەکان و ژمارەیەکی زۆری کەللە سەری مەتاتی شابازی مچە گەڕ نەبێت. هەربۆیە کە زەبور ئەڵمانی دوو دەستە فایلەکەی لەسەر تاقەکە دانا و تاوێک وەستا و سەرنجی هەوشارەکانی دا چۆن خەریکی پارچە پارچەکردنی کەللەسەرە مەتاتیەکەی شابازی مچەگەڕ بوون، هەر کە هەوشارەکان دەموچاوی ئەویان بینی لەودیوو شووشە بەندییەکەوە سەیریان دەکات، بەجۆرێک خۆیان کێشا بەشوشە ئەستوورەکەدا کە زرمەکەی ئەوی ڕاچڵەکاند و لەشوێنی خۆیدا وشک بوو. هەوشارەکان ئاگر لەچاوەکانیان پڕیشکەی دەدا، تینوبوون بۆ لەتوپەتکردنی زەبور ئەڵمانی دایکخۆگێ. هەوشارەکان چنگیان لە شووشەکە خلیسکا و کەڵبەکانیان لیکی پێدا دەهاتە خوارەوە، پاشان هەرسێکیان لەبەر شوشە بەندییەکە کەوتنە

وەڕین بەجۆرێک کە خەلیل بەکی ئامۆکیان، سـەگەوان و هاوڕێیی دێرێنی خاڵە کە لە شــاخیش وەک ســێبەرێکی بێدەنگ بەدووی خاڵەوە بوو، هات و دوو کەللەســەری مەتاتی بەدەســتەوە بوو، یەکێکیان کەللەی زەبور ئەڵمانی و ئەویتر کەللەی مەلا ســەعیدە پیرەی نەمســاوی بوو، ســەیرێکی کرد و بە بزەوە هەڵیدا بۆ ســەگەکان، زۆری نەبرد بە چنگ و کەڵبەکانیان ڕیزاڵ ڕیزاڵیان کرد. کاتێک زەبور ئەڵمانی ئاوڕیدایەوە خاڵەی بینی ســەیری کەللەســەرە مەتاتیەکان دەکات چۆن لەماوەیەکەی کورتدا لەژێر کەڵبەی هەوشارەکانیدا لەتوپەت دەکرێن و بزە لەسەر لێویەتی. کە زەبور ئەڵمانی ویســتی دەم هەڵبهێنێتەوە خاڵە گووتی`` هەوشارەکانم تا دێت خێراتر کەللەسەرەکان لەتوپەتدەکەن، دەبێت هەمیشە لە کەللە سەرەکانەوە دەستپێبکەین`` پاشان دەستی نا بەسەر شانیدا و کردیە دەرەوە و دەرگاکەی لە دوای خۆی کلۆمدا، لەو دیوو دەرگاکەوە هاواری لێ کرد``هێی قووندەر ئەڵمانی تا سبەی دوو سەد ڕاپۆڕتی ترم دەوێت``

هەر کە زەبور ئەڵمانی دیمەنی کەللەسەرە مەتاتیەکانی بۆ مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیەکان گێڕایەوە، هەموویان ڕەنگیان پەڕی بوو، تەنها نازە بۆتۆکساوی نەبێت کە بەم سەری پیرییە حەزدەکات بە شەونم خان یان لیلۆ خانم بانگی بکەن. نازەوە دەستی نا بە قژە ســەناعیەکەدا و گووتی ``خاڵە منی خۆش دەوێت و تەنها کەللە سەری ئێوەی بێ نەزاکەتە، زوو زوو دڵە گەورەکەی دەڕەنجێنن`` زەبور ئەڵمانی بە پێکەنینەوە گووتی ``ڕاستە کەللەسەری تۆی تێدا نەبوو بەڵام لە سەبەتەکەی تردا نیوەی لەشی تۆ بینی بەم بیچمە بۆتۆکساویەی ئێستاتەوە، بە دوومەمکی زلەوە تێکەڵی کەللەسەری

دکتۆر شـاباز و مەلا سـەعیدە پیرە بوو`` مەلاسـەعیدی نەمسـاوی لەوکـاتەدا دووترِی لیَ بەربۆوە و گووتی`` وەڵا درۆ دەکەی مـار خەرا، چما کەللەســــەری من چ دەکا لەبەر ســـینە و مەمەی لیلۆ پیرەیی`` لەو کاتەدا نازە جیکەجیکێکی لێ بەرزبۆوە و ویســـتی لێوە پرِ فیلەرەکەی بۆ جنێودان بکـاتەوە، کە لەو کـاتەدا زەبور ســـەیرێکی فەتاحە وســـوە خەواڵوی کرد و گووتی`` عەبە کوێری دەرمـانفرۆش و تۆشـــی تێدا بوویت مـام فەتـاح، خـاڵە کەســـی نەپارِاندبوو، خۆ ئێســـتا دەزانن کێ کێها سـرِ دەکات، شـاباز خاڵە سـرِدەکات، یان خاڵە هەموو مەملەکەت، خۆ ئێسـتا ئێسـتا دەزانن کێ بۆســـــە`` وەک هەموو جارێک بۆنی ترِکەی مەلا ســـــەعیدی نەمساوی کۆبوونەوە کورتەکەی بڵاوەپێکرد...

ئاخ ســەد ئاخ، بۆ رِۆژە شـکۆدارەکانی خاڵە گەورەی میهرەبان، بۆ ئەو رِۆژانەی هەوشـــارەکان و ســـەگەوانە دڵســـۆزەکان لە هەر سووچێکی ئەم کۆشکەوە دەربکەوتنایە، ئەم دایکخۆگێیانە تووشی میزە چرِکە دەبوون و تف لە قورِگیاندا وشـــکدەبوو. نەک ئێســـتا، شـــنە قۆنەرەی کچە قەحبەکە باســـتاردەکەی زەبور ئەڵمانی کە خۆشـی نازانێت لە چ کێرێکەوە تفکراوەتە قوزی دایکە سـرِبیەکەی و خۆی بەســـەر گەوادەکەی، زەبور ئەڵمـانی، وەک بـاوکێـک سـاغکردۆتەوە و ئێسـتا بە یەکێک لەو ژنانە دەژمێردرێت کە پیاوە ســـمێڵ بابرِەکان، پێشـــمەرگە و رێکخســـتنە دێرینەکان لەبەردەم ئۆفیســـکەیدا لەترســـی توورِەبوونی تف لە قورِگیاندا وشـکدەبێت... ئاخ ســـەد ئاخ، ئێســـتا رِەعنا دەمشـــرِی خەســـووی خاڵە، بۆتە گەلارِێزان خانم و سـوپایەک لە سـیخورِی لەشـفرۆشـی بە حیزبدا

بڵاوکردۆتەوە، هیچ کەسـێک  لەم حکومەتەدا ناوێرێت لەبەردەمیدا بڵێت؛ بڵێت لەل... گەڵاڕێزان ڤیدیۆی ڕووتی سـوپای شـەش قوزە ترسناکەکەی دەدا بە برازاکانی خاڵە کە چەند هەرچی و پەرچی و کۆنە سـیکیورتیەکی بەردەم باڕی گەی و لیسـبەکان بوون، لە کۆڵانە سـوورەکانی (سـۆهۆ)ی لەندەن، وەک خاڵە دەیگووت؛ قوونیان دەدا و  ئێسـتاش دەزگا ئەمینیەکانی حیزب و حکومەت بەڕێوەدەبەن... ئاخ سـەد ئاخ، بۆ ئەو ڕۆژانەی نەک هەر حکومەتی لۆکالی بەڵکو کۆی ئەم مەملەکەتە ئێراقییە گوواویە لەژێر دەسـتی خاڵەدا بوو. ئەو ئێراقەی بە گوویی مس بیلی قەحبە و سێر پرسی کوکس و مێجەر لۆرانسی عەرەب و مێجەرسۆنی حاکمی سلێمانی دامەزرا،  کە شـاعیری گەورەمان  فایەق بێکەس لە شـیعرە بەناوبەنگەکەیدا بە جرج  ناوی بردووە و لەکۆتایی قەسـیدەکەیدا دەڵێت؛ جرجیش ئەدمۆنز...

ئاخ سـەد ئاخ، ئەم مەملەکەتە لەژێر دەسـتی خاڵەدا وەک تەزبیحە ئەبڵەقەکانی دەستی گەمەی پێدەکردن، بەجۆرێک، تاوەکو ئێستاش کە خاڵە لە دوا بێهۆشـیەکانی سـەرەمەرگیدایە، و لەترسـی وەئاگاهاتنەوەی ناوێرن میراتی دەسـەڵاتە چنگەپشـیلە لاولاوییە هەراشـەکەی دابەشبکەن... ئاخ سـەد ئاخ، بۆ ئەو زەمەنەی زیاتر لە ملیۆن و نیوێک وێنەی من و خاڵە گەورە بەسـەر دیوارەکانی ئەم مەملەکەتەوە بوون، کەس نەیدەوێرا لەخەونیشـدا دای بگرێتە خوارەوە، بەجۆرێک ڕۆژنامەی تایمسی ئەمریکی نوسیبووی؛ گەر ژمارەی دانیشـتوانی مەملەکەت بیسـت ملیۆن بێت ئەوا دەبێت ملیۆن ونیوێک  فۆتۆی خاڵەگەورە و مۆپسـی پاشـای بۆ زیاد بکەین...

ئاخ ســـەد ئاخ، بۆ ئەو زەمەنە درەوشـــاوەیە کە هەمیشـــە خاڵە لەســـەردانە مێژوویەکەیدا بۆ بینای نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەی گوتارە گاڵتەجاڕییەکەی قەزافی بوو کاتێک بە هەر ســـەد و نەوەد و ســێ نەتەوەکانی ئەم دونیایەی گووت `` لە کۆمەڵێک قەرەقۆز زیاتر، هیچیتر نین لەم هۆڵەدا، چونکە بڕیارە گرنگەکان لە هۆڵە بچوکەکەی تەنیشـتانەوە، لەلایەن پێنج دەوڵەتەوە بڕیاڕی لەســـەر دەدرێت و ئێوەش لێرە خەریکی خوتبەدانن`` هەر ئەو ڕۆژە کە خـاڵە و قەزافی یەکتریـان بینینی وەک دوو هـاوڕێی ڕێبـازی سۆسیالیستیە دێرینەکان باوەشیان کرد بەیەکتردا و گووتی`` ئەو تەویلە ئێراقییە بە تۆ نەبێت بەکەس ئیدارە نـاکرێت`` هەر ئەو ڕۆژە فۆتۆ ســـێ قۆڵییە بەناوبانگەکە گیرا کە تێدا من لەباوەشـــی موعەمەر قەزافیدام و خاڵەش کتێبی ســـەوزی بەدەســـتەوەیە کە داوادەکات نەک تەنها کورد دەوڵەتی ســـەربەخۆی هەبێت، بەڵکو هەموو دەوڵەتێک توانای ئەوەی هەبێت بەشـــێک بێت لە بڕیاڕی نێونەتەوەیی، نەک تەنهـا پێنج دەوڵەت بەســـەرۆکـایەتی گرینگۆ ئەمریکیەکان سەرۆکایەتی دونیا بکەن...

ئاخ ســـەد ئاخ، لە دانیشـــتنی دووهەمدا قەزافی پەیڕەوی ناوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکانی دڕاند و کتێبی ســـەوزی لەبەرامبەر ســـەدو نەوەدو ســـێ نەتەوەی ئەم دونیایە بەرزکردەوە. بیرمدێت، لەو چرکەســـاتەدا خاڵە ئەوەندە پێکەنی و بە حیکمەتە درێژبووەکەی بەناو مێژوویی دیکتاتۆرەکاندا، بەچرپە بەمنی گووت``ئاخ، ســـەد ئاخ، تازە موعەمەر دارەکەی لە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆخۆی چەورکرد، بۆئەوەی بیکەن بە قوونیدا``

ئەمەی گووت و بێئاگا لە چاوی کامێرەکان ئەو چرپاندنەی بەگوێچکەی مندا و دەربڕینە مۆپسانەی من کە لەگەڵ خاڵەدا سەگانە پێدەکەنم، بە مانشێتی گەورە لە فرانکفۆرتە ئەلگماینەدا نوسرابوو`` مۆپسی پاشا، لەگەڵ میری نارنجی کوردیدا`` بەڵام واشنتن پۆست فۆتۆ سێ قۆڵەکەی من و خاڵە و قەزافی یان لەسەر یەکەمین لاپەڕەیان بڵاوکردبۆوە و نوسیبوویان ``دوا فۆتۆی مۆپسی پاشا، لە باوەشی پاشای پاشاکانی ئەفریقیا``

بیرمدێت، من و خاڵە گەورە ئەو شەوە چووینە ناو خێمەکەی قەزافی کە لەچیمەنی تەنیشت نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر نەریتی ڕەوەندییە سارانشینان هەڵیاندابوو، چواردەوری خێمەکە پڕ بوون لەو ژنە چاو ڕەش و مەمک زل و باڵابەرزانەی بە چاوە ڕەشە گەورەکانیانەوە سەیری منیان دەکرد چۆن لەباوەشی خاڵە گەورەکەدا خۆم خڕوخەپان کردووە و خاڵە گەورە دەستە خرپنەکانی بەسەرمدا دێنێت. هەر ئەو شەوە، دوای خواردنەوەی سێ قاوەی عەرەبی تاڵ لەسەر یەک، خاڵە ڕۆژنامەکەی نیشانی قەزافی داو گووتی `` زەعیمی گەورە، مەلیکی مەلیکەکانی ئەفریقا، سەیری ئەم فۆتۆیە بکە چۆن دەیانەوێت لە ڕێگەی مۆپسی پاشاوە هەڕەشە لە تۆبکەن`` قەزافی دەستی درێژکرد و منی لەباوەشی خۆی نا و بە بزەوە گووتی`` هاوڕێی شۆڕشگێڕم هەڕەشەیەک لە ڕێگەی مۆپسی گیانەوە بێت، قبوڵمە`` پاشان قاقا دەستیکرد بەپێکەنین و منیش بە لوورەیەک بۆم سەندەوە، بەجۆرێک کە قەزافی سەیری خاڵەی کرد و گووتی``بەخیلیت پێ دەبەم خاڵە گەورە کە لەناو ئەم دایک قەحبانەی دەسەڵاتدا، هاوڕێیەکی وەک

مۆپسی پاشات هەیە`` کە هاتینە دەرەوە خاڵە گووتی`` ئاخ سەد ئاخ، موعەمەر لەو دێڕەی ئەو ڕۆژنامەنوسانە نەگەیشت کە هیچیتر نین جگە لەبەرماوە خۆری سی ئای ئەی نەبێت، تێدا، وشەی دوا فۆتۆیان وەک پەیامێک نارد بۆی، لەجیاتی ئەوەی دوای ئەم سەردانە لەپڕەم بیربکاتەوە بۆچی من بەم نیوەشەوە بەخۆم و ئەم ڕۆژنامەیەوە هاتووم، کەچی ئەو باسی گەوادەکانی چواردەوریم بۆ دەکات`` هەر ئەو شەوە خاڵە بە مۆبایلە تایبەتەکەی زەنگی لێدا و بە ئینگلیزییە شاخاویەکەیەوە گووتی`` بێ سوود بوو سەردانەکەمان، موعەمەر ئاگای لە قوونی نەماوە`` بەمەش خاڵە لەگەڵ ئەمریکیەکان دواو و دیسانەوە گەڕایەوە بۆ فەلسەفە دێرینەکەی قوون و دەم.

٥

وەک خاڵە لە بۆی گێڕامەوە چیرۆکی پۆتینەکەی شاباز و هەڕەشەکانی دووساڵ و نیو بوو، پێش ئەوەی من و ئەو لە ماڵی عەبدولڕەحمان زەردەکی، خاڵە گەورەی میهرەبان ببینم. دوای هەفتەیەک لەو دیدارە، جەڵدەیەکی کوشندە لە دڵی پرۆفیسۆر عەبدولڕەحمان زەردەکی دا، کە لە منداڵەیەوە لە خۆشەویستیدا بە (پاشا) ناسرابوو.

پرۆفیســـۆر عەبـدولڕەحمـان زەردەکی خـاوەنی دووهەمم بوو، بێگومـان دوای خـاوەنی یەکەمم، کە دکتۆر بنـامین ئیبرهـاردی جوولەکە بوو. ئاخ ســـەد ئاخ، پرۆفیســـۆری کۆردۆلۆژیســـت و میهرەبان، عەبدولڕەحمان زەردەکی لەناو پاســـێکی بەرلینی (هێڵی ئێم ژمارە ١٤٠) تەواو پێش ئەوەی بگاتە وێســـتگەی (پرنســـن شتراسـە – جادەی میران) لای چەپی دەکەوێتە ژان، کە شـۆفێر و سەرنشینان دایدەبەزێنن، لەوێستگەی میرەکان، لەسەر کورسیەکی ئاسـنین دایدەنێشـێنن. پرۆفیسـۆر زەردەکی بە ئەڵمانییە نەرمەکەی دەڵێت ``قومێک ئاو پێش مردن`` دوای ئەو قومە ئـاوە دڵی لە لێدان دەکەوێـت... ئەوەی دەمێنێتەوە لەم دڵە کوردییە میهرەبـانە، ئەو بزە هەمیشییە کە بە مردوویش لەسەر دەموچاوی نەکوژابۆوە. بیرمدێت، هەر ئەو ڕۆژە خاڵە هات و منی بردە سویتە تایبەتەکەی خۆی لە هۆتێلی ئینتەر کۆنتینێنتال، بێگومان هەموو قاتی هۆتێلەکە لەســـەر حســـابی ئەم میللەتە جینۆســـایدکراوە بۆ حاشـــیەی ســـەرۆکایەتی تەرخانکرابوو، ئەوســـا زانیم من لەگەڵ کەســـێکی تـایبەتدا مـامەڵە دەکەم. کەســـێک، جـاران کە فەرخەیەکی بچوک بووم، لەگەڵ دایک و باوکم و خوشـک و براکانمدا دەژیام، لە زۆر بۆنەدا خـــاڵەی گەنج دەهـــات، بەخۆی دەموچـــاوە خرپن و بزە هەمیشەیەکی سەر لێوی، دەهات بۆ سەردانی دکتۆر ئیبرهارد.

دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە شـــەســـتەکانی ســـەدەی بیســـت، زەمەنی گەشـــانەوەی مرۆڤ بوو لەناو ئایدیاکاندا، زەمەنی خەونبینین بوو، زەمەنی ڕۆمانسیەتێکی شۆڕشگێڕی بوو بەناو هەوادا تێپەڕدەبوو، تەنانەت مۆپســـێکی وەک منیش هەڵیدەمژی... بەڵام لەوێ، کاتێک خاڵە منی لەســـەر قەنەفە چەرمەکە دانا، بۆنی ژێرپێســـتیم کرد و

زانیم خاڵە چیتر ئەو خەوبینەرە گەورەیە نەمابوو کە شـەسـتەکان دەهـاتە ئێوارانی ویسـکی خواردنەوەی دکتۆر ئیبەرهـاردی کۆمەڵناس و دامەزرێنەری سایکۆدراما لە بەرلین. ئەو دانیشتنانەی ئەو و دکتۆر عەبدولڕەحمان زەدەکی کوردۆلۆژیسـتی هاورێی خـاڵەی کۆدەکردەوە. نەخێر، چیتر ئەو گەنجە پڕ خەونە نەمـابوو چونکە جـاران بۆنی ئەو گوڵەمێخەک و بەیبونـانەم لێـدەکرد کە ئێسـتا لە قەراغ ئەم چەمە شـێتەدا هەموو ڕۆژێک لەم ئاوارەیی بێ خـاڵەییەدا، بەدوویـانـدا دەگەڕێم و سـیەکـانم پڕ دەکەم لە بۆنە خەوبینەرەکەیان. نەخێر، خاڵە کە منی لەسـەر قەنەفەکەی سـویتە تـایبەتەکەی هۆتێل ئینتەرکۆنتینێنتاڵ دانا بۆئەوەی هەواڵی مەرگی پاشـام پێ ڕابگەیەنێت. بۆنێکی سارد لەبن پێستیەوە دەهاتە دەرێ کە وای لێکردم خێرا دەسـتبکەم بەوەڕین. وەڕینی سـەگێک  کاتێک بۆنی خوێنی سـاردی مرۆڤ دەکات کە بە پێسـت و جلەکانیەوە نوسـاوە. وەڕینی مۆپسـێکی ڕۆمانسـی خەوبینەر کاتێک مرۆڤێکی دڕندە و پیاوکوژ دەبینێت، وەڕینی خۆم کاتێک بۆنی ترس و خوێن و خیـانەتم دەکرد، وەک هەڵمی سـەدەیەکی دووبـارەی مێژووی کوردان، بە ژێر پێستیدا دەهات و دەچوو...

بەڵام ئەو زەمەنە منیش گەنج بووم، فەرخە سـەگەکانی وەک ئێمە دەیانەوێت ژیان وەک گوڵ و گوڵزارێک ببینین، هەربۆیە زۆر زوو ئەو بۆنە خوێنەم فەرامۆشـکرد و هێوربوومەوە. خـاڵە گەورەی میهرەبان تا من هێوربوومەوە پێکێک ویسـکی بێ سـەهۆڵی بۆ خۆی تێکرد و لەبەردەم دانیشت  و بەکوردییە ڕەوانەکەی گووتی ``دەزانم مۆپسـی، پرۆفیسـۆر زەردەکی خاوەنت تۆی کردووە بە کورد، چیتر تۆ مۆپسـە بەرلینیەکەی مـاڵی ئیبەرهـارد نەمـاویت،

هەربۆیە دەمەوێت پێت بڵێم کە پاشـــامان ڕۆی و لەئەمڕۆوە تۆ ناوی ئەو هەڵدەگریت، لە ئەمڕۆوە تۆ هاوڕێی و هادەمی منیت و ناوت مۆپسی پاشایە``

دوای ئەو قســانە من تەواو خاوبوومەوە، چونکە بۆنی مردنم کرد لە ژێر پێســتی خاڵە گەورەی میهرەبانەوە بەرزدەبۆوە، دەمزانی ئەم مرۆڤە تەنهــا یەک بۆنی هەڵگرتووە، ئەویش بۆنی مردنی خۆیەتی، هەربۆیە وەک مردوویەکیش بەناو دونیای سـیاسـەت و خەونی کوردان‌دا تێدەپەڕی. ڕاسـتی لەو چرکە سـاتە سـەگییەمدا بەزەیم پێدا دەهاتەوە و چاوم پڕ بوو لە فرمێســـک کاتێک بینیم فرمێســـک بە بەچـاواکـانیـدا هـاتە خوارێ. زانیم، لەگەڵ مردنی عەبدولڕەحمان زەردەکی پاشا دا، بەشێکی گەورەی ڕۆحی خاڵەش مردووە، ئەو بەشەی حەزیدەکرد هەیبێت، بەڵام گۆلاوە زەردەکانی دەســـەڵات دەمێک بوو ئەو ڕۆحە کوردییەیـان تێـدا مرانـدبوو. بەجۆرێک، لە دوا سەردانیدا کە خۆی کرد بە ماڵەکەی پرۆفیسۆر زەردەکیدا، کاتێک خاڵە باسی شۆڕشە مەزنەکە و خەباتی شاخ و شـــاریی کرد، زەردەکی بەنەرمییە هەمیشـــییەکەیەوە کە وەک خەنجەری دەبان ئەوی بەرامبەری دەبڕی، بەخاڵەی گووت ``خاڵە گەورە لەماڵی کورداندا کەس دەرناکرێت، هەربۆیە باســی شــاخ و شارم بۆ مەکە``

بیرمـدێـت خـاڵە بەدڵشـــکـاویی چووە دەرەوە. دوایی کە بەو دڵشـــکاوییەوە بینیم ویســـتم دوای کەوم و خۆم لە قاچەکانی هەڵســـوم، بەڵام زەردەکی ڕایگرتم و لە قادرمەی بـالاخەنەکەوە گەڕاندمییەوە. خاڵەم بینی لەناو ئەسـانسـۆرەکە چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک و بەدڵشکاوی لەناو بۆری لیفەتەکەدا ڕۆچووە خوارێ.

دوایی کە گەڕامەوەی بەسـەرسـوڕمانەوە سـەیری پڕۆفیسـۆر زەردەکیم کرد، پاشـا سـەیرێکی کردم و گووتی ``مۆپسـی گیان، ڕاستە لە ماڵی کوردا کەس دەرناکرێت، بەڵام ئەوەی خاڵە گزگل و شـابـازی مچەگەڕ بەکوردیـان کردووە، هیچ داگیرکەرێـک نەیکردووە`` لەو چرکەسـاتـانەدا کە من و خـاڵە بۆ یەکمجـار بەرامبەر یەکتر دانیشتبووین، هەموو ئەمانەم بیرکەوتەوە و گریام بۆ چارەنوسی خۆم. ئاوەها من و خاڵە گەورە تا نیوەشەو پاشای کوردانمـان لاوانـدەوە، ئەو دەگریـا بۆ کۆچی ڕۆحی کوردان و منیش دەملووراند.

هەفتەیەک دوای ئەوە دکتۆر عەبـدولڕەحمـان زەردەکی لە (گۆڕسـتانی دۆرۆتێ مێژوویی) نێژرا، ئەو گۆڕسـتانەی` هێگڵ و فۆنتانێ و بێرتۆڵد برێخت و هێلینی هاوژینی` لێ نێژراوە، چەند مەترێکیش بە دەسـتە چەپدا لە دوورەوە، ماڵی برتۆلد برێختی دامەزرێنەری شانۆی داستان، لە گۆڕستانەکەوە دەبینرێت. لەوێ، بە ئامادەبوونی بەشێکی زۆری پڕۆفیسۆرەکانی زانکۆی بەرلین و کوردۆلۆژیسـت و نوسـەر و و هونەرمەندان، باوکی کوردبوون پڕۆفیسـۆر عەبدولڕەحمان زەردەکی نێژرا. ناشـتنەکەی مێژوویی بوو، هەرچی خوێندکارانی دکتۆرا و ماسـتەر و دبلۆمی باڵای زانکۆی بەرلینی ئـازاد هەبوو، لەوێ ئـامـادەبوون. تەنـانەت پارێزگاری بەرلین و ئەندامانی حزبی سـۆسـیال دیموکرات و کریست دیموکرتەکان و سەوزەکان، ئامادەبوون. جگە لە چەپەکان نەبێت کە مافی سـەربەخۆیی و کوردبوونیان بە ناسـیونالیزم دەزانی و قسـەکردنیان بە کوردی و شـوناسـی کوردییان لەلا شـەرم بوو، هەم چەپە نوێیە کوردەکان و هەم چەپە ڕەنگپەڕیوە

چەنەبــازە ئەڵمــانەکــان کە زۆربەیــان پــاشـــمــاوەی ڕژێمە سـۆسـیالیسـتیەکەی هۆنیکەر بوون، کە جەلادەکانی سـەدامیان بەدرێژایی شەست و حەفتاکان لەسەر ئەوە مەشق پێدەکرد چۆن بەکورترین ڕێگا ورەی زیندانە سیاسیەکانی کورد بڕوخێنن. لە ڕۆژنامەکەیاندا نوسـیبوویان؛ باوکی تاوانبارە ناسـیونالیزمە پڕ شەرمەکەی کورد مرد... جگە لە حزبە ئەڵمانیەکان، نوێنەری حزبە کوردیەکان لەبەرلین ئامادەبوون، هەروەها چەندەها ڕۆژنامەنوس و کەناڵی `ئاڕ دی ئێف و `تێست دی ئار` و کەناڵی `ئارتی ئاینس` و `بی سـی جی` ئامادەبوون. پڕۆفیسـۆر لەو کاتەوەی بە پلانی زەبور ئەڵمانی و موخابەراتی ئێراقی لە سـویسـرا دەرکرا، بۆ یەکمجار بوو لە مێژووی سـویسـرادا یەکێک ئاوا بە ئاشـکرا بەهۆکاری بیروڕای سیاسی و نەتەوەیی کە داوای سەربەخۆیی بۆ میللەتی خۆی دەکرد، وەک قوتابیەکی دکتۆرا لە بواری کوردۆلۆژی و زانسـتە ڕۆژهەلاتەکان، لە سـویسـرا دەربکرێت. لەو ڕۆژەوە بۆ هەموو مەسـەلەیەکی کورد چاوی کامێرا و ڕۆژنامەکانی لەسـەر بوو، بەڵام ئەو هەمیشـە لە خانە دوو ژوور و هێمنەکەیدا ژیانێکی ڕەبەنیانە دەژیا و تا دەیتوانی دووردەکەوتەوە لە چاوی کامێرا و ڕۆژنامەبازان. پرۆفیسـۆر عەبدلڕەحمان زەردەکی هاوڕێیەکی ژیانی هەبوو کە ئەویش خانمێکی نازدار و خانەدان بوو ناوی `شارلۆتە ڤۆن ڕاین بێرگ` بوو، ئەویش هاورێیەکی میهرەبانی من و پرۆفیسـۆر بوو، لە زانسـتە ڕۆژهەلاتەکان و مێژووی کورد لەگەڵ خاڵەدا کاری دەکرد...

ناشـتنی پاشـای زەردەکی کەرنەڤاڵێکی جوان بوو کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە، لەسەر قەبرەکەی ڤیۆلینیستێک و چەلۆیستێک و خانمێک

وەک سوپرانیست و دوو هاوەڵی لە `فیل هارمۆنیکای بەرلین`ەوە هاتبوون، لەگەڵ کۆتایی گوتارەکان پارچە موزیک و لاواندنەوەی مۆتزاردیان نمایشکرد کە بە `ڕکڤێم` ناسراوە و بەتایبەت `ڕکڤێم ئێتەرنام` کە بەکوردی `کۆچی ئەبەدی` دەگەیەنێت، من و پرۆفیسۆر زەردەکی خاوەن و هاوڕێم پێکەوە گوێمان لێ دەگرت. کاتێک کیژە سوپرانیستەکە لاواندنەوەکەی دەچڕی، منیش لەتەنیشت تابوتەکەیەوە دەملوراند بۆی، بەجۆرێک، هەمووان بەتایبەت خاڵە دایە پڕمەی گریان...

ئاخ سەد ئاخ، دەستم بشکێ بۆ دڵە گەورەکەت خاڵە گەورەی میهرەبان، سەد ئاخ بۆ دڵە گەورەکەت کە ئێستا تۆ لەخەستەخانە چەپەکەکەی پاریس بەتەنێ لەگەڵ سێبەرەکانی مردندا لە ژوورێکی تەریک و ساردا فڕیانداویت و چاوەڕێیی مردنت دەکەیت. ئاخ سەد ئاخ، بۆ ئەو ڕۆژە کە من دەملوراند خاڵە کە تازە بووە سەرۆکی مەملەکەت هاتمە تەنیشتمەوە لەباوەشی نام، من کە بۆنی فرمێسکەکانم کرد بۆ عەبدولڕەحمان زەردەکی باوکی کوردان، بۆنی هەناسە گەرمەکانی، بۆنی قەدرێکم دەکرد کە هەردووکمانی لەم قەبرستانە کۆکردبۆوە. بیرمدێت زیاتر لوورواندم کاتێک حەیرانبێژێکیان لە شاری بۆکانەوە لەسەر زەمانەتی خاڵە گەورەی میهرەبانی سەرۆکی نوێی مەمەلەکەت هێنابوو، ڤیزەی خێرایان پێدابوو. ئەوڕۆژە دوای ڕیکڤێمەکەی مۆتزارت، کاتێک تابوتەکە لە قووڵایی قەبرەکەدا جێگیرکرا، پێشئەوەی قەبرەکەی گوڵباران بکرێت، دوا حەیران لەلایەن `عەلی کەردار`ی حەیرانبێژی بۆکانی وەک باڵندەیەکی ئەفسانەیی، داستانی دە خولەکی ئەو بەیتەی چڕی کە پێکەوە گوێمان لێ دەگرت، ئەویش `بەیتی سەیدەوان`

بوو. بەیتی باوکێک کە لەشــاخی داســنیانی کوردســتان کوڕەکانی بەهەڵە دەکوژێت، بەیتی کوردێک لە دژی خواکان شـــەڕدەکات، بەیتێک حەیرانبێژانی کورد لاواندنەوەیەکایان دەماودەم گوتووە. حەیرانەکە بە خوێندکارە ئەڵمان و ئینگلیز و سربی و ئەفریقیەکانی کوردۆلۆژیی نـامۆ نەبوو. دوای خولەکێـک لە بێـدەنگی، دەنگی (خدریی قادری) حەیرانبێژی ناوچەی ئالانی ســـەردەشـــت، لە بڵندگۆکانەوە بەرزبۆوە، حەیرانێک، عەلی کەرداری خســـتە گریان. ئـاوەهـا دەنگی دوو ڕۆحی گەورەی زمـانی کوردی تێکەڵی یەکتردەبوون، بۆ دە خولەکی تر (بەیتی ئازیزێی) کۆی قەبرسـتانی کردە هەنـاســـەیەک بۆ قووڵبوونەوە لە ڕۆحی بەیبون و کنێر و نێرگزەجاڕی کوردسـتان. بەیتێک پرۆفیسـۆر زەردکی بە (حەیرانی دڵ) ناوی دەبرد... ئاوەها. لەگەڵ حەیرانەکاندا منیش دەملوراند و خـاڵە گەورەی میهرەبـان منی لەبـاوەش نـابوو، هەر ئەو ڕۆژەش بوو پێکەوە لە ســـتۆدیۆ بەرلینیەکەی هــاوڕێی دێرنی خـــاڵە، ســـتۆدیۆکەی هـانز شـــنـایدەر، لەو ڕۆژە بـارانـاویەکەدا فۆتۆ بەناوبانگەکەمان گرت، کە ئێسـتا بەسـەر دیواری هەموو وەزارەت و فەرمانگە و شوێنێکی ئەم وڵاتەوەیە.

بەڵام با لە ئەم یادەوەرییە سـەگانە پێچاوپێچەم لەم چرکەسـاتە دەردڵ و ڕۆمانسـیانەی مەرگ و خۆشـەویسـتی دەرتان بهێنم، با لەم فرمێســـکە دوورانەم بۆ هەوری کۆچکردوویی کوردان بتانپارێزم و بگەڕێینەوە بۆ قەرەباڵغیەکانی ئەم زەلکاوە گەندەڵییە کە هەمووتان قاچتان لەناو ئەم گۆلاوەدا گوواویی بووە، بەجۆرێک چیتر زمـانی گوڵ و فرمێســـک بۆ کۆچکردنی گوڵەکـان فریـاتـان ناکەوێت. چیتر پیاسـەکردنی نیوەشـەوانی شـار و جگەرە کێشـان و

شـــەقهەڵدان لە قوتوو و مقەبـای ســـەرجـادەکـانی ئەم مەرزە ناشـرینەی ناوی شـارە، نابێتە فریادڕەسـی ڕۆحە بۆگەنەکەتان بە زێرابی گەندەڵی. چیتر ڕەشـەبایەک لەم شـارەدا نەماوە بۆ ئەوەی دەسـتەملانی درەختەکان بێت، چیتر تاوە بارانێک نەماوە لە ژێریدا چۆلەکە و ڕیشـۆڵەکان لەسـەر دارتێل و درەختەکانی ئەم شـارە خۆیان هەڵبخەن. چیتر نە ڕەشـــەبا و نە ڕیشـــۆڵە بزێوەکان و نە تـاوە بـارانی لەپڕی دڵ، لەم مەمەلەکەتەدا بوونی نەمـاوە تـاوەکو ڕۆحی ڕۆمـانتیـک خۆی بخـاتە ژێر نەزمە لەپڕ و نەرمەکـانی... نەخێر، ئێوە وەک ئەو بۆقە بۆگەنـانە وەهـان تەنهـا لەنـاو ئەم زەلکاوەدا نەبێت لە شـوێنی تردا قیرەتان نایەت، جا بتانگەڕێنمەوە بۆ نـاو ئەو زۆنگـاوە دوورانەی کە نـاختـانی بە بۆنی ئەو هەموو گەندەخۆری و زمانلێدان و جنێو فرۆشـــیە پەروەردە کردووە و ڕۆژانە لەم سەمفۆنیای بۆقە ژەهراویانەدا قیرە قیرتانە....

باتـانگەڕێنمەوە بۆ نـاو زەلکـاوەکە، چونکە ئێوە زۆر لەوە نزمترن لەو ڕۆحە کوردییە تێبگەن کە لە ڕۆحی دونیـادا ســـەمـای خۆی دەکـات. ئێوە زۆر لەوە گزگلترن لە کوردبوون تێبگەن، وەک چۆن من لە پرۆفیســـۆر عەبدولڕەحمان زەردەکییەوە فێری بووم. ئێوە زۆر لەوە بچوکتر و زەلیلترن لە ڕۆحی جیهان تێبگەن، وەک چۆن دکتۆر بنـامین ئیبەرهـاردی جولەکەی ئەڵمـان پێش خۆکوشـــتنی لەنامەکەیدا بۆ دونیای نوسـیبوو ``ڕۆحی جیهان لەسـەر ئەسـپی ڕۆشـــنگەری نییە، ڕۆحی جیهان لەســـەر دەســـتمانە و هەموو ڕۆژێک فڕێیدەدەینە ئاودەستەکانەوە``

ئێوە پەروەردەکراوی پۆتینە بینراو و نەبینراوەکەی شـــابازی مچەگەڕ و چەنەبازیەکانی خاڵە گەورە و دەروێشـانی مەلاگەورەی

دەمگەوهەر و کوڕەکانین. ئێوە جگە لە گەلاڕێزانی شـــەش قوز و زەبور ئەڵمانی و کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەور و مەلاسەعیدە پیرەی نەمساوی ترکەن نەبێت، شـایەنی کەسیترن نین حوکمتان بکات. ئێوە تەنانەت شـــایەنی حوکمکردن نین، بەڵکو شـــایەنی لێخوڕین و تێخوڕین و گاڕانکردنن و هیچیتر... هەربۆیە باشـــترە بتانگەڕێنمەوە بۆ ئەو دووسـاڵ و نیوەی پێشـئەوەی من و خاڵە لەبەرلین یەکترمان تێدا ناسی و چارەنوسم بە چارەنوسی خاڵە و ئێوەی گەمژەوە گرێدرا.

وەک لەبەشەکانی تردا باسمکرد، زەبور ئەڵمانی سەرپەرشتی ئەو ڕاپۆڕتانەی دەکرد کە دەربارەی پۆتینەکەی شـــابازە، ڕۆژانە ڕەوانەی ئۆفیســـەکەی خـاڵەیـان دەکرد. ڕاپۆڕتەکـان لەلایەن ڕاپۆرتچیە بێشـــومارەکانی حیزب و دەرەوەی حیزبمانەوە وەک کۆتر دەفرێندران و لەسەر مێز و پەنجەرە و فەڕەشە کاشانییەکەی ژوورەکەی خاڵە دەنیشتنەوە. خاڵە شەو و ڕۆژی بۆ ئەو ڕاپۆڕتانە تەرخانکردبوو، تەنانەت چرپە و سـرپە و ترِی ئەوانەشـی تێدابوو بەلای ئەم پۆتینە زەبەلاحەی ڕافائیل دوشـــامب دا تێپەڕدەبوون. مانگێک تێپەڕی و خاڵە لە گۆشـەگیرییەکەی خۆیدا قووڵ بووبۆوە، وەک خۆی بۆی باســـکردم کە ئەم گۆشـــەگیرییە تەنها بۆ لێدانی شـاباز نەبوو وەک زۆربەی مەکتەب سـیاسـیە دایکخۆگێیەکان بە مێشـــکە بچوکە فیلییەکەیان مەزندەیان دەکرد. نەخێر، بەڵکو وەک خۆی دەیگووت ``بۆ زیاتر تێگەیشـــتن بوو لەو زەلکاوەی خۆمان دروســـتمانکردبوو`` بۆ تێگەیشـــتن بوو لەوەی خەڵکی لەژێر دەســـەڵاتی ئەم حیزب و دەســـەڵاتەدا گەیشـــتوونە چ ئاســـتێکی

بۆگەنبوونی ڕۆحی. ئاستێک کە خاڵە هەم دەگریا و هەم پێدەکەنی، چونکە دەیزانی گەر جاران سیاسەت لەسەر شانی پاڵەوانەکان بوایە، ئەوا لە زەمەنی نوێدا لەناوگەڵ و قوونی ئەو بدەرە نوێیانەن کە خیانەت لەو ناوگەڵەش دەکەن، لێیی بەربوونەتەوە. دەگریا بۆ زەمەنی پاڵەوانانی کوردایەتی و پێدەکەنی بەزەمەنی دەمپانکەرەوە نوێیەکانی ئەم مەملەکەتە پڕ جنێو و حەیاچوونە... دواجار تەنها ڕاپۆرتێکی کورت سەرنجی خاڵەی ڕاکێشا کە باس لە ناوناتۆرەی خەڵکی ئەمشارەی دەکرد. ڕاپۆرتەکە باسی لەوە دەکرد کە پۆتینەکەی ڕافائیل دوشامب، لەناو خەڵکی ئەمشارەدا، نە بە پۆتینی دڕاوی پێشمەرگە و نە پۆتینی ئەبستراکتی دوشامب ناودەبرێت. بەڵکو کردوویانە بە قەشمەریات و ناوناتۆرە.

دەمەوێت لێرەدا بیرتان بهێمنەوە کە شاباز لە دایکییەوە ڕقی لە ناوناتۆرەیە، هەربۆیە وەک پەرچە کرادێکی دەروونی هەمیشە حەزی دەکرد ناوناتۆرە و سیفەتی ناشرین لەهەموو کەس بنێت، بەڵام ناوناتۆرەی لە خۆی قبوڵ نەبوو. لە شۆڕشدا ناوناتۆرەی لەهەموو کەس دەنا، تەنها خاڵە نەبێت، چونکە وەک خاڵە دەیگووت`` گووشۆرەکان پڕژە گوویان بۆئەوانیترە و گووی ئێمە دەشۆنەوە`` بەڵام کاتێک ناوناتۆرەی دەبارەی خۆی دەبیستەوە تەواو دەهری و پەست دەبوو. کەم نین ئەوانەی تەنها لەبەر ئەوەی پێیانگوتووە `` شابازە لووتە`` لەبن بەرد و دۆڵەکاندا خنکێنراون و فڕێدراونەتە ناو چەمەکانەوە. کەم نین ئەوانەی شاباز ناردبوونی بۆ شارۆچکەکان و لەوێ کەوتنە ناو بۆسەی بەعسیەکانەوە. کەم نین ئەوانەی نوکتەیان لەسەر لووتی کرد لە دەست شاباز هەڵهاتن و سالانێکی زەلیلیان لە پاکستان بەسەربرد و لەم سالانەی دوایی

له گرده غەمبارەکه و لەسەر شاشەکان شابازیان به حەسەن و حوسێنی ئیمامی عەلی لەقەڵەمدەدا. ئەو لووتەی له دواجاردا وەک خاڵه پێیگوتبوو``ئەو مەسرەفەی له کوشتنی جنێودەری لووتەکەتدا سەرفرتکردووە، له کورتکردنەوەیدا سەرفی بکه و ئەم سەرئێشیه له کۆڵ ئەم شۆڕشه بکەرەوه`` هەربۆیه کاتێک ئەو له شاخەوه چوو بۆ ڤێنا بۆ جوانکاری لووتی، لەبن و شاخ و گوندەکانی ئەم مەلەکەتەدا برینداراني ئەم شۆڕشه شکسته، لەبەر نەبوونی لەفاف و دەرمان قاچ و دەستیان تووشی گانگرین دەبوو و دەبڕدرانەوه و لەژێر نەزیف پیسبوونی برینەکانیاندا دەمردن... ئاوەها ئەوەی شابازی دەهری دەکرد ئەو هەموو ناوناتۆرەیه بوو که دایکی کاتی خۆی لەهەموو شتێکی دەنا، لەبراکانی، له خۆی، لەباوکی له دەرودراوسێیەکان، له مامۆستاکانی، تەنانەت لەو ڕیشۆڵانەی له زستاندا بەرێکەت لەسەر بانیژه گڵینەکەیان دەنیشتنەوه. بەڵام چارنەبوو، چونکه ئەمشاره شاری جنێو و قەشمەریات و ناوناتۆره و ڕەشەبا بوو. وەک خاڵەی دەیگووت ``شاری حیز و دزان، لەجیاتی شیری دایکیان به جنێومژین دێنه دونیایەوه``

بەمجۆره ڕاپۆڕته کورتەکه باسی زمانه پیسەکەی خەڵکانی ماڵ زەوتکراوی گەڕەکی ڕووتەکانی دەکرد، که له داخ و خەفەتدا ئەو سکلپتورەیان به `سەلەگووەکەی شاباز` ناودەبرد. وەک لەڕاپۆڕتەکەدا هاتبوو؛ ئەم ناولێنانه ڕۆژ بەڕۆژ چووبووه سەر زاری خەڵک و خەڵک بۆ ئەدرێسکردنی شوێنەکه له نێوان خۆیاندا بەکاریاندێنا، بەڵام لەترسی شەلاتیەکانی شاباز هێشتا لەناو بازنەیەکی بچوکدا بەچرپەوه دەگوترا. لێرەوه خاڵه گەوره `سەلەگووەکەی شاباز` لەسەر دەفتەره بچوکەکەی بەرباخەڵی

نوسـی، ئەو دەفتەرە سـەرەقەڵەمانەی تەنها نیو دێڕ و ژمارە گرنگەکانی لەسـەر دەنوسـین و لەدوای ئەنجامدانی کارەکان دەیخسـتە نـاو کوورەی ئـاگرەکەی ژوورەکەیەوە. لەهەمـان بەرەبەیانی ئەو شەوە درەنگەی خاڵە ئەم ڕاپۆڕتەی تێدا خوێندەوە، لە کۆبوونەوەی هۆڵی کۆبوونەوکەی ئەم کۆشـکەدا بووە بابەتی سـەرەکی سـەرانی دەزگا سـیخوڕییەکەی زەبور ئەڵمانی کە هەموویان بەچاوی خەواڵو و دەموچاوی ترشاوەوە بەرامبەر خاڵە دانیشـتن کە چواریان لە ژنە پیرە هەرە دەمشـڕ و دەمپیس و ڕاپۆڕتچیەکانی ئەم حیزبە بوون. ئاوەها لەبەرەبایندا سـێ ژن و چوار پیـاوی دەزگـا سـیخوڕیەکەی زەبور ئەڵمـانی لەم هۆڵەی کۆشکدا، لەبەرامبەر خاڵە دانیشتن. دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە ئەو هۆڵە هەموو کۆبوونەوە گرنگ و وەک دەڵێن چارەنوسـازەکانی تێدا ئەنجامدەدرا، بەڵام هۆڵەکەی مەکتەب سـیاسـی تەنها ئەو کۆبوونەوە ڕۆتینـانەی تێـدا ئەنجـامـدەدرا کە بە تڕلێـدانـت مەلا سەعیدر پیرەی نەمساوی و جوکەجوکی نازە بۆتۆکساوی کۆتایی دەهات، کە ئێستا لەژێر سایەی زەمەنی شەش قوزەکەی گەلاڕێزان سەرۆکی سێ دەزگای حیزبی ڕێکخستنە جەماوەریی و نەقابی و ژنانە، لەهەمانکاتیشـدا بەپلەی وەزیر خانەنشـینکراوە، خۆ ئەگەر لە هەموو کۆبوونەوەکاندا بە شـەونم خان بانگی نەکەن ئەوا هەموو ئەو پۆسـت و پلە حیزبی و حکومیـانە لە ئەوی بەرامبەر دەسـتێنێتەوە. وەک خۆی گوتبووی سـەری دەکەمەوە بەناوگەڵی دایکی… ئاخ سەد ئاخ، ئیدی وایە، لە زەمەنی پاڵەوانانی شۆڕشەوە ئێسـتا نازە بۆتۆکسـاوی فێرە هەڕەشـەکردن بووە بە بردنەوەی پیاوەکان بۆ ئەو شوێنەی لێوە هاتوونەتە دنیاوە.

ئاخ ســـەد ئاخ، دونیا ئێســـتا وای لێ هاتووە، دونیای ژن و پیاوە ئازاکانی ئەو زەمەنە گوزەشـت کە بەعسـیەکان لە سـێبەرەکانیان دەترسـان... بەهەرحاڵ، با واز لەدردەڵ بهێنم و باسـی ئەوەتان بۆ بکەم کە چۆن خـاڵە ئەو بەردەی بینییەوە کە نەک تەنهـا ``تەیرە ماقووڵەکە`` کە مەبەسـتی شـاباز بوو، دەکوژێت، بەڵکو تەواوی پەنجەرەکـانی مـاڵی کوتلەکەی شـــابـاز بۆئەبەد بۆ گەمەی ڕەشـــەباکانی خاڵە و کوتلەکەی، دەشـکێنێت. خاڵە ئەم وشـــەی سـلەگووەی بەدڵ بوو چونکە وەک پێشـتر بۆم باسـکردبوون، ئەو هەمیشـــە پابەند بوو بە تیۆرەی شـــیکاری دەروونی فرۆیدییەوە، بەتـایبەت `قۆنـاغی ئەنـاڵ` کە `قۆنـاغی قوونییە` تێدا منداڵ فێرە ئەوە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو شـتە سـەیرە بکات کە لە قوونیەوە دەکەوێتە خوارێ. دەبینێت دایک و باوکی هەوڵی لەگەڵدا دەدەن دابنیشـێت و بەریبداتەوە، خاڵە هەمیشـــە دەیگووت`` قوون و دەم مۆپســی پاشـای هاوڕێم، دوو شـتی گرنگن لە سـیاسـەتدا، گەر نەتزانی لە کوێ گووبکەیتە نەیـارەکەت، ئەوا نەیـارەکەت گووت تێدەکات. خۆ ئەگەر نـاغـافڵ بیت و گوو لەدەمت بێتە دەرێ ئەوا گووت دەرخوارد دەدەن. ئەم دوو کوونە قوون و دەم دووشـــتن مرۆڤ دەبێت بزانێت چیـان لێوە بەردەبێتەوە`` بەمجۆرە خـاڵە بەپێی ``قۆنـاغی قوونی`` وەک خۆی وای نـاودەنا، مامەڵەی خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا دەپێوا. تەنانەت بۆ هەڵســـەنگاندنی ســیاســەتی دەولیش هەمان ڕای هەبوو...

بیرمـدێت کە لە خێمەکەی قەزافی نێزیـک بینـای نەتەوە یەکگرتووەکـان هـاتینە دەرەوە گووتی``ئەو گووەی قەزافی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەدەمی هـاتە دەرەوە، ئەوروپیە ســـپی و

ئەمریکیەکان لە لیبیا دەرخواردی خۆی دەدەنەوە. دەبینت لیس دەکەن بە قوونیدا بۆ ئەوەی لە گووی خۆیدا بخنکێت``

خاڵە ئەو شەوە قاقا بە `سلەگووەکەی شاباز` پێکەنی و سەری بادا، سەیری لێ هات کە ئەهلی ئەمشارە لەگەڵ ڕەشەبادا جنێوی خۆیان دەدەن لە چڕوچاوی ئەوەی بەدڵیان نییە، وەک خۆی دەیگووت`` من هەمیشە دڵیان ڕادەگرم، لەم دەڤەرەدا جنێودانم بەخۆم و خانەوادەکەم ئازاد کردووە، تەنانەت چەند گرد و دۆڵێکم بۆ دەستپەڕچی و گاندەر و گانکەر و کەرگاین تەرخانکردووە و چەندەها گردەمژەم بۆ بەرەڵاکردوون بە ئارەزووی خۆیان سواری یەکتر بن. ئاخر منێک کە خەڵکی ئەمشارە نیم ئەوەندە لەناویاندا ژیاوم کە دەزانم کەی ئەمانە یەکێک بکەنە نوکتە و قەشمەریات، ئەوا مێژووی بۆئەبەد لەناو کوردندا وەک تڕی ناو ڕەشەبا ئەسەری نامێنێ`` هەربۆیە وەسفی پۆتینەکەی بە سلەگوو لەم ڕاپۆڕتەدا بە سادە و ئاسان دەبینی بێتە سەرزاران لەجیاتی وەک لە وشەی `پۆتینی بەجێماویی پێشمەرگە` کە بەو تۆنە شیعریی و ڕۆمانسیەوە نامۆ بوو بە شارێک لە بەیانییەوە تا ئێوارە جنێودەدەن بەو ڕۆژەی تێدا لەدایکبوون. ئیدی خاڵە هەر ئەو نیوەشەوە زەبور ئەڵمانی بانگکرد کە بەسەرخۆشی و لەژێر کاریگەری حەشیشی نیوەشەودا لەبەر قاچی خاڵە چەند مەترێک دوور لە ئەوەوە لەسەر زەویەکە دانیشت و خاڵە بەخۆی و پەرداخە ویسیکیەکەیەوە پێیگووت`` قووندەر بۆنی حەشیشت و ئەلکحولیت لێ دێت، ماکەر، خواردنەوە وادەبێت`` کە زەبور ئەڵمانی ویستی دەم بکاتەوە خاڵە پێیگووت ``گوێ بگرە قووندەر،

تۆ لێپســـــراوی بەشـــــی هەواڵ و ســــــیخوڕیی و پڕوپاگەندەیت، لەسبەینێ وە ڕا هەموو ئەندامەکانت دەخیتە بازاڕەوە، با پێنج سەد کەس ســــواری تـاکســـــی ببن و بە شــــۆفێرەکە بڵێن بۆ لای سلەگووەکەی شاباز`` کە زەبور ئەڵمانی ویستی دەمبکاتەوە خاڵە نەڕاندی بەســــەریدا ``چی دەکەیت لێرە، هەســــتە قووندەر بەلای گاندانی خۆتەوە و هەر حەوت لێپسراوی دەزگاکەتم بۆ بانگ بکە``
بەو بەیانی زووەوە پێنج سەد کەس لە ژن و پیاو و کوڕی گەنج و منداڵی چەتوون و مێرد منداڵ و کچی مەکتەبلی و ژن و پیاوی بەسـالاچوو، سـواری تاکسـیەکان بوون و یەکەم ڕسـتەیان بۆ لای ئەوەبوو؛ بۆ لای سـلە گووەکەی شـاباز... کە شـۆفێری تاکسـیەکە لێیدەپرسن بۆکوێ؟ دەیان گووت؛ سلەگووەکە کوڕە بۆ لای شاباز مۆڵ. ئیدی ناونیشـانی پۆتینەکەی دۆشـامبیان بۆ هەڵدەدا، تەنانەت ئەو شــۆفێری تاکســیانەی ســەر حیزب و دەزگا ئەمنیەکان بوون لەبەیانیەوە تا ئێوارە دەبوایە هەر لەگەڵ ســـواربوونی نەفەرەکان، بابەتی سلەگووەکەی شاباز بکەنەوە، کە سەرنشینیان دەیانپرسی ســـــلەگووەکەی شــــاباز لە کوێیە؟ بەزۆڵێتی ڕێگەکەیان دەگۆڕی بەبەردەم پۆتینەکەی دۆشـامب دا دەیانبردن و دەیانگووت؛ ئەمەیە. ئەو ڕۆژە تـا خۆرئـاوا زیـاتر لە پەنجـا ڕاپۆڕت هـاتبووە ســــەر مێزەکەی شــــاباز ودەڵێن ئەو شـــەوە بەناچاری گووتویەتی ``ئەو دەمەی لەم شـــــارەدا لەیەکێک کرابێتەوە بە خواش داناخرێت`` هەربۆیە بیر لەوە کرایەوە پەیکەرەکە لاببرێـت، بە لابردنیشــــی تەواوی شکۆی شاباز لەناو کوتلەکەیدا دەشکا. شاباز ئەو ڕۆژانە تەنها هەواڵی ئەو سلەگووەی خۆی بۆ دەهات کە وەک دەنگدانەوە لە بەیـانیەوە تـا ئێوارە لەســــەر زاری خەڵک بوو، وەک تووتی

دارستانە شێدارەکانی کاریبی زیق و زاقیان لە گوێچکەی شابازدا دەنگی دەدایەوە. لە ڕۆژی دووهەمەوە پەیکەرەکە بووە ناوناتۆرە، وەک چۆن کاتی خۆی پەیکەرەکەی پیرەمێردی شاعیر لەم شارەدا بەر زمانی پیرێژنێک کەوتبوو کە لە پاسێکدا گوتبووی ``لای مەیمونەکە دابەزین هەیە`` و لەو ڕۆژەوە پەیکەری ئەو شاعیر و منەوەرەی زەمەنی خۆی، ژیانی ئەستنبولی ڕۆشن و کەنار دەریاکەی بەجێهێشت، هات لە شارێکی پڕ خانی کەر و ئێستردا چاپخانە و ڕۆژنامەی بۆ دامەزراندن و فێریکردن لە نەورۆزدا بچنە سەر گردی مامەیارە و سەیران بکەن، کەچی دوای ئەم هەموو ساڵە کە پەیکەرێکی بۆ دروستدەکەن، شارەوانی بە ناچاری پەیکەرەکە لادەبات، چونکە ڕۆژانە لەلایەن دەمی پیسی ئەم شاری ڕەشەبا و جنێوەوە، بەمەیمونەکە ناودەبرا؛ لای مەیمونەکە دابەزین هەیە... لەسەروو مەمیمونەکەوە بەدەستە ڕاستدا یەکەم کۆڵان بچۆ ناوەوە، یان دەیانگووت؛ یەکەمین ڕیزە دوکانی دوای مەیموەنەکە، فولەکەکەی سەروو مەیمونەکە، فەرمانگەی توتنەکە تۆزێک دوای توتنەکە یەکەم کۆڵانە بەدەستە چەپدا.... ئاوەها لەدوای دابەزینی حیزب بۆ ناو شارەکان، شابازی مچە گەڕ بۆ سووکردنی ناوی (سوارە) لەهەمان شوێنی پەیکەرەکەی پیرەمێرد پەیکەرێکیان بۆ سوارە لەهەمان شوێن دانا، چەندە هەوڵیان دا بەهەمان شێوەی پەیکەرەکەی پیرەمێرد ناوی سوارە و مەیمونەکە پێکەوە گرێبدەن. بەڵام دەمی پیسی ئەمشارە لە ئاست سوارەدا، دەمێک بوو بە پیاوەکانی حیزب نەکرایەوە، تەنانەت فێربوو بوون لە ڕقی حیزب دەیانگووت لای سەرکردە، لای سوارە، دابەزین هەیە. ماوەیەکی نەبرد هەموو شار بە پەیکەری سەرکردە ناویاندەهێنا وەک ئەوەی

مێژووی ڕاسـتەقینەی شـۆڕش چۆن لە کۆڵان و شـەقامەکانی ئەم وڵاتەوە دەسـتپێکردبێت ئاوەهاش هەر لە یادەوەری سـەرکردە کوژارەکانیدا مابێتەوە، و ئەو بێگانانەیان لە یادەوەریاندا فڕێداوە کە لە قاهیرە و نەمسا و ئەڵمانیا وە بە فیتی موخابەراتەکانی دونیا و ناوچەکە، سـواری شـەپۆلەکە بوون. وەک ئەوەی مێژووی ڕاسـتەقینە بۆ دوو مانگ هەناوی خۆی بەر خۆری هەقیقەت دابێت ئاوەها سوارە وەک ڕەمزی سـەرکردەیەکی ڕاسـتەقینە خۆری ئەم شـارە لێدەدا. بەناچاری شـارەوانی لە نیوەشـەوێکدا بە خشـکەیی لایانبرد...

چارەنوسـی پۆتینەکەی دۆشـامب زۆر زوو وەک پەیکەرەکەی پیرەمێردی لێهـات، بەڵام خـاڵە دوو ڕۆژ دوای کۆبوونەوەکەی بەرەبەیانی لەگەڵ زەبور ئەڵمـانی و ژنە دەمشـڕ و گەوادەکانی حیزب بە پێکەنینەوە گووتەکەی مـارکسـی هەڵگەڕانـدبووە گووتی``مێژووی پەیکەری پیاوە ناودارەکانی ئەم شـارە یەکەمیان تراژیدیا بوو، دووهەمیشیان کۆمیدیەکی پڕ جڕت دەبێت``

لەو ڕۆژەوە بە شـۆفێری تـاکسـیت بگووتـایە بۆلای پەیکەری پۆتینەکەی دوشـامـب، پۆتینی بەجێمـاو، پۆتینی پێشـمەرگە، شوێنەکەیان پێ نەدەزانی تا نەتگووتایە؛ سلەگووەکەی شاباز، یان ئەوانەی لەناوهێنانی شـاباز بترسـابان دەیانگووت؛ سـلەگووەکەی لای مۆڵەکەی شابازەوە...

ئاوەها، لەسـەرخۆ ناوی سـلەگوو و شـاباز پێکەوە گرێدران. هۆکارەکەشـی ئەوە بوو سـکلپتورە زەبەلاحەکە ناوەکەی بەتاڵ بوو، بە تەنەکەی زەرد و ڕووکـاری برۆنزی هەرزان کرابوو، ڕەنگەکەشـی بەرەو قاوەییەکی پیس دەچۆوە. زۆریشـی نەخایاند

لەگەڵ یەکەمین باوبۆراندا لەهەموو لایەکەوە قووپانی تێکەوت و هیچی نەمایەوە جگە لەدەمەکەی نەبێت کە لەدەمی پۆتینێکی دەکرد بەرەو ئاســـمان هەڵگەڕابێتەوە، بەڵام بەشـــی ســـەرەوەی تەواو شێوەی تەپە گوویەکی وەرگرتبوو لەنێوان ئاسمان و زەویدا گیری خواردبێت. بەمجۆرە بەختەوەریی و ئاهەنگێرانی شـــکۆمەندیی دکتۆر شـــابازی مچەگەڕ کورتخـایەن بوو، ئـاهەنگی بەوەی زۆربەی شـــار بەژێر پۆتینەکەیـدا دەهـاتن و دەچوون، بەوەی تیشکدانەوەی پۆتینکە دەیدا لە منارەکەی مزگەوتی نەقشبەندییەکان و چوار دەورەبەری، وەک خۆی گوتبووی`` شـاری جنێوفرۆشـان هەر ئەم پۆتینەی قابیلە`` هەموو ئەم ئاهەنگ گێڕانەی کورتخایەن بوو.

هەنگاوی دووهەمی خاڵە بۆ لێدانی شـاباز و شکاندنی لەناو حیزب و بێدەنگکردنی، هەنگاوێک بوو وەک خۆی دەیگووت بەپێچەوانەی پرۆسـە مێژووەکەی مارکسـەوەیە، چونکە مێژوویی گووشـۆرەکان وەک خـاڵە دەیگووت ``دەبێـت چوون بێـت لە کۆمیـدیـا وە بۆ تراژیدیا نەک بە پێچەوانەوە`` هەربۆیە پیلانی خـاڵە ئەوە بوو کە پۆتینە زەبەلاحەکە کارەســـاتێک بقەومێنێت. ئەم کارەش لە کارە پیسـەکانی زەبور ئەڵمانی بوو کە لەژێر دەسـتی وەسـتا بەعسـییە دێرینەکانی، دەسـتڕەنگینی خۆی سـەلماند بوو. سـەرەتا بیر لەوە کرایەوە مەفرەزەی پـارێزگـاری پۆتینەکە بگۆڕن، بیکەن بە مەفرەزەیەکی ســـەر بە کوتلەکەی خـاڵە، بەڵام خـاڵە ئەوەی بە پلانێکی گەمژانە تێگەیشـــت، داوای کرد کـار لەســـەر هەموو مەفرەزەکە بکەن بەوەی لەژێرەوە پەیمـانی پلەبەرزکردنەوە و پـارچەیەک زەویـان پێ بـدەن، پـاشـــان ســـێ هەزار دۆلار بۆ

پۆلیسـیەکان و چوار بۆ ڕەئیس عورفای مەفرەزەکە و حەوت هەزار دۆلاریش بە ئەفسـەرەکە ببەخشـن. هەفتەیەکی نەخایەند هەموو مەفرەزەکە سـەنگەری کوتلەیان گواسـتەوە بۆ سـەنگەری خاڵە گەورەی میهرەبان. کارەکە لە بەرەبەیانێکی سـاردا، لەلایەن دکتۆرێکی زانکۆوە جێبەجێکرا کە لە ئۆتۆمبێلێکی جـامڕەش دابەزی، بەدلەیەکی پلاسـتیکی لەبەردابوو و ماسـکێکی کیمیاوی بەسـتبوو و دەسـتکێشـی زەردی تایبەتی لەدەسـتدابوو. کەس لە مەفرەزەکە دەموچاوی ئەم دکتۆرەی نەدەبینی، تەنانەت سڵاویشی لەکەس نەکرد. بە جلیکـانەیەکەوە هـاتە بەردەم پەیکەرەکە، زۆر بەهێمنی پەیژەیەکی بچوکی پێ بوو چووە سـەر کۆنکریتە زەبەلاحەکە. لەسەرخۆ سەری پەمپەکەی پڕ دەکرد لە شلەمەنییەک، بەپێی پێوانەیەکی تایبەت کردیە ژێر یەک بە یەکی ئەو شـەش برغووە زلانەی کە سـکلپتورە زەبەلاحەکەی بەپێوە ڕاگیر کردبوو. تێبینی کرا لەشـێوەی دوکەڵێکی سـپی یان هەڵمێک لە ژێر برغووە زەبەلاحەکانەوە هەڵدەسـتا. کارەکە وەها ڕێکخرابوو کە `نایترۆیک ئەسـید` بەکـارنەهێنن کە لەمـاوەیەکی زۆر کورت و خێرادا برغوەکان دەتوێنێتەوە و ڕەشـاییەک بەجێدێڵێت. پڕۆفیسـۆرە کیمیاگەرەکەی سـەر بە کوتلەکەی خاڵە کە دوایی بووە ئەندامی سـەرۆکایەتی زانکۆ و سـەرۆکی بەشـی کیمیا و بنکەی سـەرەکی لابۆرەکانی زانکۆی نیشـتمان. لەم کارەیدا `دیلوتد ئەسـید`ی بەکارهێنا، بەڵام بڕێک ئەسـیدی نایترۆیکی تێکەڵ کرابوو. کۆی پرۆسـەکە پێوانەکاری کرابوو بەپێی کاریگەریی لەسـەرخۆ، کاتی پچڕاندی برغووەکان یەک لەدوای یەک ڕوویدەدا. بەمەش پرۆسەی توانەوەکە چەند کاژێرێکی تری دەخایەند، کە دواجار پێشـبینی

دەکرا لەنێوان کـاتژمێر حەوت بۆ  نۆی بەیـانی هەر شـــەش برغووەکە بپچڕێن و پەیکەرەکە بڕوخێت...

 لە کاتژمێر هەشتی بەیانی برغوی یەکەم شل بوو لاربوونەوەیەک بەدیدەکرا، بەڵام لەبەرئەوەی پۆتینەکە خۆی دەمەکراوەکەی ناڕێک بوو کەس هەســـتی پێ نەکرد، پێنج خولەک دوای ئەوە، برغووی دووهەم پچڕا و لەگەڵیدا بەهۆی تێکچوونی هاوســـەنگی هەردوو برغووە زەبەلاحەکە پچڕان. پۆتینەکە بەو قەبارە گەورەیەوە وەک کێوێک لەئاســمانەوە بەربێتەوە ئاوەها لەناوەڕاســتی فولەکە کەدا پێنج ئۆتۆمبێلی پانکردەوە کە دووانیان تویتای پیکابی بوون و دە کرێکاری مەیدانی کرێکارانیان هەڵگرتبوو. ئەوانە یەکڕاست  خوێن و گۆشـــت و ئێســـقانیان پرژا بەلای چەپی پۆتینەکە. هەر لەوێدا چەندەها ئۆتۆمبێل بەیەکدادران، تەنانەت چەند کەسێک کە بەڕێگەی پۆتینەکە دەیانویست قەدبڕ ببپەڕنەوە ئەوانەش لە نێوان پێکدادانی ئۆتۆمبێلەکـاندا پلیشـــانەوە. فولکەکە لەنێوان دوکەڵ و خوێن و هـاواری برینـداران تراژیـدیـایەک بوو کە خێرا کەنـاڵەکـان بە تراژیدیای نیشتمانی وەسفیان کرد. دیارە پێشتر کوتلەکەی خاڵە لە بالاخانە و ماڵەکانی دەوری فولەکەکە لە زۆر ســـووچەوە زوومی کامێرای ڤیدیۆیان لەســـەر پۆتینەکە دامەزراندبوو، کە گوایە ئەمە کامێرای گەشـــتیارێکە کە لەو چرکەســـاتەدا لەوێ ئامادەبووە. چرکەســـاتی کەوتنی پەیکەرەکە و کێشـــانی بە ئۆتۆمبێلەکاندا و پێکدادانی ئۆتۆمبێل و هاواری خەڵک و ناڵەی برینداران، نەک هەر کەناڵی حیزبەکەی خاڵە بەڵکو لە هەموو کەناڵە زەڕخانەکانی وەک زەرخانە ئیسلامی و زەڕخانەکەی کوڕانی مەلاگەورەی دەمگەوهەر، چەندەها جار لێدرایەوە. ئەوە باســـی ئەوەش ناکەم کە کەناڵی

حیزبە نوێیەکەمان، حیزبی سۆسیال لیبرال، لە هەموویان گەرمتر لایقی لەسەر ڕووداوەکە کردبۆوە. بەپێی ئاماری سەرەتایی بیست کەس لەوێدا کوژران و پەنجاو شەش کەس بریندار بوون، چواریان سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە لە خەستەخانە گیانیان لەدەستدا و ژمارەی کوژراوان و بریندارانی ژێر پۆتینەکە هێشتا نەزانراو بوو، چونکە هێشتا پۆتینەکە لاسەر ڕیزە ئۆتۆمبێلەکەی ژێری هەڵنەگیرابوو. قورەکە زیاتر بۆ شاباز خەستبۆوە کە دەبوایە دەستەی بەرگری شارستانی و ئامبۆلانسەکان، کوژرا و بریندارەکان لە ژێر پەیکەرەکە دەربهێنن، بەڵام زەبەلاحی و قورسایی پەیکەرەکە ڕێگر بوو لەوە، چونکە بەشێکی زۆری نەک لە برۆنز بەڵکو لەناوەوە ئاسنی ڕاست و چەپ بوو بۆ ڕاگیرکردنی تەنەکە ڕووپۆشە برۆنزیەکەیە، کە ئەمەش دوو شێلمانی قورس بوون بە درێژی و پانی لە شێوەی خاچێک لەناوەوە پێکەوە لەحیمکرابوون. بۆ بەرزکردنەوەی ئەم دێوە ئاسنینە دەبوایە بەرزکەرەوەیەکی تایبەت بێت، لەم شارەشدا بەرزکەرەوەی وەها بوونی نەبوو. لە نێوان تەلفۆن و تەگبیری پەیداکردنی بەرزکەرەوەیەکی ئاوەها زەبەلاحدا، هەموو شار لە دەوری فولەکەکە کۆبوونەوە، پاڵەپەستۆ و گریان و هاواری ژنان و منداڵان دەگەیشتە ئاسمان، چونکە گومانیان هەبوو لەوەی ئەو کوژرا و بریندارانی ئەم ڕووداوە لە ژێر پۆتینەکەدان، کەسوکاریان بن، بەتایبەت ئەوانەی لەو ئێوارەیەدا نەگەڕابوونەوە ماڵەوە. دەستەی بەرگری مەدەنی و دەزگاکانی فریاگوزاریش لەو بەینەدا بە پەشۆکاوی دەهاتن و دەچوون و نەیاندەتوانی کەس ڕزگاربکەن تاوەکو بەرزکەرەوەی تایبەت دێت. لەم کەلێنە پڕ ترس و گومان و

دڵەڕاوکێیەدا، کەناڵە بیرۆکراتیەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە بەرزکەرەوەی ئاوەها دەبێت لە شارێکی ترەوە بێت کە تەنها بە خێرایی پەنجا کیلۆمەتر دەتوانێت لێ بخورێت، تا دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە زیاتر لە شەش کاژێری دەوێت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئاپۆڕەی خەڵک و حەزتەماشاکاران زیاد بکات، بەجۆرێک چواردەوری فولەکەکە شەپۆلی دەدا لە خەڵک و لەسەر باڵاخانەکانەوە تەلفیزۆنەکان بە مەبەستەوە ئەم ئاپۆڕە تووڕەیان زوومدەکرد. وردە وردە تووڕەیی و گریان و هاوار و چاوەڕوانی، خەڵکی تووڕە و دەهری دەکرد. دەرئەنجام لە پڕێکدا شەپۆلێک لە خەڵکی تووڕە بەرەو مۆڵی دکتۆر شاباز هەڵمەتیان برد و کەوتنە شکاندنی جامی شوشەبەندی مۆڵەکە. زۆری نەبرد تاوەکو پۆلیس بەئەنقەست دوو دوو و سێ سێ لەملاولەولا بەتەمەڵی هاتن، ئەوان تەنها ڕۆڵی تەماشاکاری شەپۆلی تورەیی خەڵکیان دەبینی، ئەمەش مێگەلەکەی هاندا بێ ترس خۆیان بکەن بە دەروازەی مۆڵەکەی شابازدا و پەلاماری سکیورتیەکان بدەن کە لە ترسی مێگەلە تووڕەکە هەریەکە و بەلایەکدا هەڵهاتن. دەبینرا چۆن فوارەی ناو مۆڵەکە دەشکێنن، چۆن جامخانەی دوکانی جل و عەتر و مۆبێلات و ئەنتیک و سوپەر مارکێتی شاباز دەشکێنن و تاڵانیان دەکەن. چۆن گڕ بەردەدەنە وێنەکەی شاباز کە لەپشت فوارەکەوە بزە مێژووییەکەی لەسەر لێوە. چۆن خاوەن دوکانێک دەهێننە دەرەوە و بەرچەقۆی دەدەن چونکە یەکێکە لە پیاوەکانی شاباز، چۆن مەمکی ئەو کیژانە دەگرن و لە سووچەکاندا دەستدرێژیان دەکەنە سەر کە لە بوتیکەکاندا کاریان دەکرد، چونکە لەسەر لیستی کوتلەکەی شاباز ئەم کارەیان دەستکەوتووە.

سەدەها ئاژاوەگێڕی شارەزا لە کاری خۆیان لە هەموو شوێنێکەوە دەرپەڕینە نـاو مۆڵەکەوە، تەنـانەت پۆلیس و هێزە ئەمینەکـانیش نەیاندەزانی کێن و چۆن هـاتوون و بۆچی فەرمـانی ڕێگریکردن و تەقەکردنی ترســـــاندنیـان پێ نییە. لەمـاوەیەکی کورتـدا مۆڵەکەی دکتۆر شاباز بووە کەلاوەیەک و گڕ لەهەموو دوکانەکان بەرزبۆوە و بەدوویدا ئاپۆڕەی تاڵانچی و فەرهودچیەکانی شـار ئەو کراســە ئاوریشــمیانەیان دەدزی کە نرخەکەی لە شـاباز مۆڵدا دوو ســەد دۆلار بوو، یان بە تورەکە عەتری شـــــانێل و ئۆدۆریان پێ بوو دەهـاتن لەلای فولەکەکەوە دەیـانفرۆشـــــتەوە بە ئەو جەمـاوەری هاتبوون بۆ ســەیری پۆتینە خوێناویەکە. ئاوەها، لەنێوان مزگەوتی نەقشـــبەنـدیەکـان و مۆڵەکەدا ئـاپۆڕەی جەمـاوەری کڕیـاڕ و فەرهودچی لە کۆڵانەکانـدا خەریکی مـامەڵە و ســـــەودای کڕین و فرۆشـــــتن بوون. لاپتۆپەکــان بەنرخی کیلۆیەک گۆشـــــت دەفرۆشــــرانەوە، گۆرووییە ئاوریشــــمیەکان بە نرخی کیلۆیەک تەمامەتە، و ڕیکۆڕدەر و ســـــی دی پلێرەکان بە نرخی دوو کیلۆ چای ســــیلان دەفرۆشــــرانەوە. لەنێوان قەرەباڵغی فەرهودچی و مامەڵەکارانی شــــتومەکەکان لە کۆڵانەکەی ئەودیوو فولەکەکە، لە پشـــت مزگەوتی نەقشــبەندیەکان شـــەڕە چەقۆ و شـــەڕە تێڵای هەنـدێک فەرهودچی و شـــەقـاوە و چەقۆکێشـــەکـانی گەڕەکی ڕووتەکـان هەڵگیرســــــابوو. ئەمە جگە لەوەی لەنێوان ئـاپۆڕەی تووڕەی فولکەکە و مزگەوتی نەقشـبەندییەکان و شـاباز مۆڵدا بە لیس و خاکەناز و پاچ و دار و چەقۆی دەســــتیانەوە چوونە ناو ئاپۆڕەی دەوری فولەکەکە و شــــەپۆلەکە شـــێت و هارتر دەبوو. ماوەیەکی زۆر ئەم سـێرکە ئادەمییە بەدەوری پۆتینە خوێناوییەکە

ڕوویدا، لەگەڵیشـــیدا پیاوانی حیزب بە کامێرای ڤیدیۆ هەموو ئەم ڕووداوەیـان چرکەگیر دەکرد، تـا دوومـانگیش بووە مـاتریـاڵی بەردەوامی ڕیپۆڕتـاژ و ســـەر دێڕی هەواڵەکـان، هەر جـارەی بابەتێکیان لێ چێ دەکرد.

دوای ئەوەی تەواوی شـاباز مۆڵ بووە وێرانە و بەشـێکی زۆری دوکانەکان سووتان و ئاگرکوژێنەوەکان دوای ڕەوینەوەی شـەپۆلی تـالانچیەکـان ئـاگرەکەیـان کوژرانـدەوە. شــــابـاز مۆڵ جگە لە کەلاوەیەکی ســـووتاو نەبێت هیچ باوبریقێکی جارانی نەما. چەند ساڵێک بەدەستی ئەنقەست بە سووتاوی هێڵرایەوە. چەندەها ساڵ دوای ئەو ڕووداوە کرا بە سـێنتەری کۆنە و بالە فرۆشـی. بەمەش دوا پرۆجێکتی شاباز هیچی لێ نەمایەوە جگە لە بینایەکی ناشرین نیمچە ڕەش نەبێـت کە دوکـانەکـانی بە نرخێکی ڕەمزی بە کۆنەفرۆشـــــان بە لایەنگرانی خـاڵە گەورە بە نرخێکی ڕەمزی، بەکرێدران...

هێزە ئەمنیەکان ئەو ڕۆژە چاویان لەم مێگەلە توورەیە نووقاند تـاوەکو تەواو دڵنیـابوون کە تـالانچیەکـان کـاری خۆیـانکردووە، پاشــــان بۆ زیاتر توورەکردنی ئاپۆرەی دەوری فولەکەکە کەوتنە تەقەکردن بەسـەر خەڵکدا، لەوەشدا چەندەها بریندارى لێ کەوتەوە و ئەمەش زیاتر ئاژاوەکەی زیاتر گڕدا. تاوەکو بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی دەنگی هـاوار و قیژە و دەنگی دەســـترێژ و ســـیرینی ئامبۆلانس دەبیسترا. لە ڕۆژی دووهەمدا کە پۆتینەکە بەرزکرایەوە، فۆتۆی خوێنـاوی پۆتینەکە یەکێک بوو لەو فۆتۆیـانەی کە میدیای زەرخانە و ڕۆژنامەبازەکانی ئەم دەڤەرە بە `` پۆتینە خوێناویەکەی دکتۆر شــاباز``وەســفیان کرد. هەروەها فۆتۆی ئەوانەی لە ژێر

پۆتینەکەی شـــابازدا پلیشـــابوونەوە لەســـەر ڕووبەڕی هەموو ڕۆژنامەکان بوو...

ئـیـدی چـاودێـرە ســــیـاســــیەکـان کە خـاڵە گەورە بە ``پاشـــماوەخۆرەکان`` ناویدەبردن چونکە بەڕای ئەو ``لەجیاتی ئەوەی ســیاســەت بکەن، دێن چەندەها ســاڵ دەخوێنن بۆئەوەی لەســەر پاشـماوەی سـیاسـیەکان بژین و بلەوەڕەن و باسـی ئەوە بکەن سـیاسـیەکان چۆن تڕی دبلۆماسـی لێدەدەن`` ئەوانە وەک پیشەی خۆیان هاتن و قووڕەکەیان بۆ دکتۆر شاباز خەستکردەوە؛ ئیدی تێچوونی پەیکەرەکە و ماتریاڵە هەرزانەکەی، ئاستی هونەری پۆتینەکە و کەســـێتی دوشـــامب وەک هونەرمەندی پلە چوار لە بەرنامەکاندا کەوتە بەر باس و ڕەخنە. چاودێرە ســـیاســـیەکانی ســـەربە کوتلەکەی خـاڵە بە وردی کۆی تێچوونی پەیکەری پۆتینەکەیان بە چل هەزار دۆلار خەمڵاند، بەمەرجێک ئەم پۆتینە زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلاری تێچوو بوو. باسـی ئەوەی، دوشـامب ناوی ڕاســـتەقینەی خۆی نییە و ئەمە یەکێکە لەو هونەرمەندە پلە چوارانەی لێرەو لەوێ ئەم نـازانـاوەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە بۆئەوەی لە نـاوی (مـارســـێل دوشــــامـب)ی هونەرمەنـد و ســـکلپتوریســـتی بەناوبانگی دادائییەکان بچێت. کۆی ئەم کارە لەلایەن دوشـــامبی ســـاختەوە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو ئایدیاکەی بەکۆمپـانیـایەک دراوە کە بەهەرزانترین مـاتریـاڵ ئەم کـارەی جێبەجێکردووە. هەروەهـا بـاســـیـان لەوە کرد کە ئەو زەمەنەی دوشـــامب کە لەڕاســـتیدا ناوی (ڕینێ بێرنارد)ە، ئەو زەمەنە ئەو خوێندکاری لیسـێ بووە کە دەکاتە ئامادەیی گشـتی، ئیدی لە کوێ شـــابازی خوێندکاری دکتۆرای ناســـیووە... ئەمە و زۆریتر وێنەی

شـــــابـاز و پۆتینە خوێنـاوییەکەی پشـــتە وێنەی بەرنـامەی چەلەحانێیەکان بوو.

وێنەی شـــــاباز و پۆتینە خوێنـاویەکە بەجۆرێک بڵاوبوبۆوە، کە شـاباز و شــەلاتیەکانی خسـتبووە بارێکی شـڵەژانەوە، بەجۆرێک خاڵە گەورە هێزێکی تایبەتی نارد چواردەوری ماڵی شـــابازیان دا، کە دوایی پاســەوانانی ماڵەکەی شـاباز پرسـیان ئەم هێزە بۆچییە، لەوەڵامدا گووتیان بۆ پاراســـتنی دکتۆر شـــــابازە لە پەلاماری جەماوەری تووڕە، بەڵام لەڕاسـتیدا دەسـتبەسـەرکردنی شـاباز و شەلاتیەکانی بوو. بەمجۆرە ئاوی ڕژاوی کوتلەکەی خاڵە لەسەرخۆ هێز و شـکۆی شـابازی تواندەوە. شـابازیش خۆی لە ژوورەکەی قایمکردبوو، لە تی ڤی یەکانەوە ڕەدووی هەواڵی کارەســـــاتەکە دەکەوت، ئەوەنـدەی جگەرە کێشـــــا بوو، وەک دەڵێن دوکەڵ لەپەنجەرەکانەوە بەرزدەبوونەوە. لە دواجاردا کە بەتێکشـــــکاوی ویســـــتبووی بچێت بۆ لای خاڵە، نەیتوانی وەک جاران یەکســــەر خۆی بکات بەژوورکەیدا، چونکە خەلیل بەگی ئامۆکیانی سـەگەوان و سێبەری خاڵە لەژووری سکرتێرەکەی خاڵە چاوەڕەیی دەکرد و پێگووت؛ کە خاڵە نـایەوێت بیت بینێت برۆ ماڵەوە تاوەکو جەنابی دەنێرێت بە شوێنتدا... کە شاباز ویستی دەنگی بەرزبکاتەوە خەلیل بەگ لێی ڕاپەڕی و گووتی`` نابینیت چ کارەسـاتێکت قەوماندووە، یەکێکی تر بوایە خاڵە دەرخواردی هەوشارەکانی دەدا``

ئەمە بۆ یەکمجار بوو لە مێژووی چل ساڵەی ئەم دووپیاوەدا، خاڵە وەک هەر ئەنـدامێکی تری حیزب مـامەڵەی لەگەڵـدا بکـات و بە قەیتولەکـانی دەری بکـاتە دەرەوە. کە شـــــابـاز بەتووڕەییەوە ئۆفیســەکەی خاڵەی جێهێشــت، خاڵە بە پێکەنینەوە بە خەلیل بەگی

گووت`` شـــابازمان گەڕاندەوە بۆ ئاودەســـتی جێگری ســـکرتێری حیزب``

ڕۆژانی دواییش، ڕۆژانی گوتارە بەناوبانگەکەی خاڵە گەورە بوو کە تێدا ئەم کارەســـاتەی بە کارەســـاتێکی نیشـــتیمانی لەقەڵەمدا و کوژراوانی بە شـــەهید ناســـاند و پەیمانی دا لیژنەیەکی لێپێچینەوە پێکبهێنێت کە خۆی سەرپەرشتی دەکات. ئاماژەیەکی دا بەوەی کە چیتر لەمەدا میهرەبانی نانوێنێت و گووتی`` ئەو دەستە دەبڕینەوە پۆتین لە ئێوەی هاونیشتیمانان، بڵند دەکاتەوە ``

یەکەمین هەنگاوی خاڵە دەســـتگیرکردنی پیاوەکانی شـــاباز بوو بەتۆمەتی ژنکوشـتن و دەسـتدرێژیکردنە سـەر خەڵکی، پاشـان پلە لێســـەندنەوەی هەموو ئەوانەی ســـەر بەکوتلەکەی شـــاباز بوون. بەجۆرێـک ئێوارە ئـاپۆڕەیەکی گەورە لەبەردەم ئۆفیســـی خـاڵە کۆبوونەوە و داوایـاندەکرد خـاڵە لێیـان خۆش بێت. زۆری نەبرد خـاڵە گەورەی میهرەبـان هـاتە دەرەوە و گووتی`` کـاتی ئەوە هـاتووە بزانن دەم و قوونتـان لە کوێیە، لەکوێش قســـەدەکەن و لەکوێش گوو دەخۆن`` کە خاڵە کۆتایی بەم ڕستەیە هێنا ئاپۆڕەکە کەوتنە چەپڵەلێدان و شـەپۆلی دەمپانکردنەوە لەمسـەر بۆ ئەوسـەر وەک شـەپۆلێکی دەریایەکی هار شـەپۆلیان دەدا، بەجۆرێک خاڵە بە قێزەوە سەیریکردن و گووتی``بڕۆنەوە بۆ هۆبە و مەکۆ و مەڵبەند و لقەکانتان و کار بۆئەوە بکەن بچینە سەرۆکایەتی ئەم مەملەکەتە و چیتر خۆتان بە گووخواردنەوە خەریک مەکەن``

لەگەڵ ئەم قســـانە شـریخەی چەپڵە و هاواری پڕ چاو فرمێسـکی دەمپانکەرەوەکانی حیزب کە تاوەکو دوێنێ تیروشـــیریان لەخاڵە دەســـوو، گەیشـــتە کەشـــکەلانی فەلەک. وەک دەگێڕنەوە تاوەکو

کاژێرێک بەردەم ئۆفیسـەکەیان بەردەنەدا و چەپڵە و بژی بژی خاڵە گەورەیان بوو، تاوەکو سـێ سـەگەوانەکەمان؛ خەلیل بەگی ئامۆکیان و نەوشـیروانی کەتەر و شـێخ حسـە چەقۆ کوول لەگەڵ هەوشـارەکانی خاڵەدا، حەسـەنە گۆجی سـێ قنگ و عوسـە کوێری کرماشـانی و حەمە عەینە بۆرە، بە کەڵبە تیژکردنەوە و گەڤە و وەڕینەوە هـاتنە گۆڕەپـانەکە و لەگەڵ هێزێکی تـایبەتـدا، مێگەلی ئەندام مەڵبەند و ئەندام مەکتەب عەسکەری و سەرۆکی لق و هۆبە و مەکۆ و بنەکە جۆراوجۆرەیـان ڕاونـا، کە بەگریـانەوە تـاوەکو سەرجادەکە ڕایاندەکرد و دروشمی بژی خاڵەیان دەگووتەوە.

شـاباز دوای مانگێک لەبەردەم خاڵە خۆی بینیەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی خاڵە سـەرزەنشتی بکات، پێکێک ویسکی بۆ تێکرد و داوای لێکرد بۆ هێوربوونەوەی ناڕازەییەکان چەند سـاڵێک بڕواتەوە بۆ خانووەکەی لە ناوجەرگەی لەندەن، کە نرخی دەگەیشتە زیاتر سێ ملیۆن پـاونـد و خـاڵە بۆی کڕی بوو. پێیگووت``خەمـت نەبێـت هەمیشە جێگری منی و لەکاتی پێویستدا دەنێرمەوە بەدووتدا``

ئەم گەمەیە زیاتر لە شەش ملیۆن دۆلار و خوێنی شەست هاوڵاتی و ماڵوێرانی سەدەها خێزانی تێچوو، کە کچ و کوڕ و مێرد و برا و خوشـکەکانیان بەناوی بەشـداریکردن لە ئاژاوەکەی ڕۆژی پۆتینە خوێنـاویەکە لە زینـدان تونـدکران و هەنـدێکیـان تـا ئەمڕۆش بێ سەروشوێنن. کە کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسیە دایکخۆگێیەکانیش بەسـەرۆکایەتی خاڵە دەسـتپێکرد، خاڵە ڕووی کردە مەلا سـەعیدە پیرەی تڕکەن و گووتی`` هەواڵێکتـان پێ ڕادەگەیەنم بەس مەلا لە

خۆشــیدا تڕ لێ نەدەیت`` مەلا ســەعیدش لەخۆشــی ئەوەی خاڵە ڕووی دەمی کردە ئەو گووتی``مـارت ئـاوابێت خـارە گیـان، کێهـا هەیە لە هەیبەتی تۆدا تڕ لێ بەرنەبتەوە، ئەوەیە ئەوی من قیچەک بۆنی ناخۆشـــە، ئەمان پێشـــە کۆبوونەوە، ڕوبحە کیلۆیەک گور دەخۆن لۆ ئەوەی تڕیـان لە بۆنی عەتران بچێـت`` خـاڵە قـاقـا دەستیکرد بە پێکەنین و گووتی`` ئیتر دوای پاکردنەوەی حیزبمان لە گەندوگووی کوتلەکەی شـــاباز، من وەک ئەو نیم، ئەو هەر جێگرە دەمێنێتەوە، بەڵام من ئەمجارە تەنها ســەرۆکی حیزب نیم، بەڵکو دۆســتە ئەمریکیەکانمان پێیانڕاگەیاندم کە دەبمە ســەرۆکی مەملەکەت. دەبرۆ مەلا پیرەی نەمســاوی هەر تڕی خۆشــی لێدە`` وەک هەموو جارێک کوبوونەوەکە دوای چەند تڕێکی دیکەی مەلا سەعیدی نەمساوی هەڵوەشایەوە.

ئەمە یەکەمین جەولەی شـــەڕە کوتلەی نێوان خاڵە و جێگرەکەی بوو، کە بێگومان ســالانی دوایی کە خاڵە منی لەبەرلینەوە هێنا بۆ ئەم کۆشکە، چەند جەولەیەکی تر لەم شـەڕی سـاردە دەسـتپێکرد، تاوەکو دواجار شاباز لەگردە غەمبارەکە خۆی بینییەوە و ئێستاش کە خاڵە لەخەســتاخەنە پاریســییەکە لە دواســاتەکانی گیانەڵایەتی، وەک دەڵەکێکی بەزیوو ڕۆژانە دێتە ئۆفیسـەکەی شنە قۆنەرە و بە کاژێر چاوەڕێی هوما خان و گەڵاریزانی شـــەش قوز دەکات، بەو هیوایەی گردە غەمبارەکە و کارگەکانی موڵکی گشـتی لەسـەر تاپۆ بکەن... منیش ئەمرۆ کە لەم دێڕانە بوومەوە، چوومە بەردەمی و نەمهێشـــــت جگەرەکەی ژەقنەبووت بکـات، ئەوەنـدە وەڕیم پێی تاوەکو لە تاوا ڕایکردە ژوورەکەی حسە گووشۆر، کە لەم زەمەنە

ئاڵتونییەی حیزبدا ناوی خۆی کردووە بە مامۆســـــتا حوســـــێن قارەمان...

دیـارە دەزانم دەڵێن؛ ئـاهـا بۆ ژوور و تەختە خەوی ئـاڵتونی و حەمامی شـــامپۆی گرانبەها وادەکەم... نەخێر، ئێوە لەمەدا بەهەڵدا چوون، تازە سەگێکی کەونی وەک من تەمەنی ئەوەندەی بە بەرەوە نەمـاوە تـاوەکو ئەم کلکەلەقێیە بکـات. بڕوابکە جـاران وامـدەزانی کلکەلەقێ هونەرێکی تـایبەت بەســــەگە، بەڵام دوای ئەم تەمەنە ســەگییەم بۆم دەرکەوت مرۆڤ بەدرێژایی ســەدەکان لە کلکەلەقێ زیاتر هیچ هونەرێکی تر نازانێت؛ کە منداڵە کلکە لەقێ بۆ دایک و بـاوکی دەکـات، کە گەنجە کلکەلەقێ بۆ دڵـدارەکەی، کلکەلەقێ بۆ گان، بۆ خاوەن کارەکەی، بۆ خوا و ئاینەکان و حزب و کۆمپانیا و مامۆســــتا و پرۆفیســــۆر و تەنانەت ئایدیا و کتێبەکانیش. مرۆڤ بونەوەرێکی کلکەلەقە، بوونی لە جیهاندا نییە. نەخێر، بەڵکو بوونی لە کلکەلەقێ و قوزکەشــیدا بۆ هەموو شــتێک... بەڵام کلکەلەقێ بۆ منی ســــەگ ســــروشــــتی خۆمە و لە خۆم جوانە و لە گەڵمدا لەدایکبووە و کلکەلەقێی مرۆڤ نەک نامۆیە بە ســروشــتی بەڵکو دەیکاتە بڵحترین بونەوەری سـەر ئەم زەویە. بەڵام با ئەوەش بڵێم؛ ئەوەندەی من ســوپای کلکەلەقێکارەکانم لەم دەڤەرەدا بینووە، لەو بڕوایەدا نیم لە هیچ شــــوێنێکی دونیادا، بوونیان هەبێت... بەهەر حاڵ، من دەبێت ئەو کلکەلەقێیە بکەم چونکە ســروشــتی بەوەفایی خۆمە نەک کلکەلەقێی ڕیاکاری مرۆڤانە بێت. هەر وەک ســــەرەتا بۆم گێڕانەوە ماوەیەکە دووبارە گەڕاومەتەوە ژوورەکەی خۆم و بەشــامپۆ دەمشــۆن، ئەو کاتەشــم پێویســتە بۆ ئەوەی ئەم کتێبە بەزمانی پیســـی گەندەڵی بنوســـمەوە. جگە لەوە پێدەچێت مردنی

خـاڵە نێزیـک بووبێتەوە، ومنیـان وەک ڕەمزێکی  خـاڵە، بۆ جەولەیەکی یەکلایکـارەوەی دوای مردنی خـاڵە پێویســـت بێت. پێـدەچێـت دووبـارە منیـان بوێـت بۆئەوەی  لەســـەر مێزە ماهاگۆنیەکەی مەکتەب سـیاسـی هەمان ڕۆڵیان بۆ بیینم کە چۆن خاڵە منی لەبەردەم خۆی دادەنا و کاتێک بۆنی هۆڕمۆنی تووڕەیی یان بێزاری خـاڵەم دەکرد خێرا دەوەڕیم و بەوەش کۆبوونەوەکە کۆتایی دەهات. ئەوەیە ئێســـتا دەبێت بۆنی هۆڕمۆنی هوما خانمی ژنی خـاڵە بکەم و بەپێی ڕژانی هۆڕمۆنە پڕ نیکۆتین و عەرەقی لوبنانیەکەی، مرە و گەڤە و وەڕینم دەستپێبکات.

پێدەچێت جەولەیەکی تر لە ململانێ دەسـتپێبکاتەوە، بەڵام هەمیشـە لەســـەر هەژماری ئەم میللەتە داماوە جینۆسـایکراوە ڕوودەدات و دەشـزانم هەمیشـە  ملیۆنەها دۆلار و سـەدەها خەڵکی بێتاوان لەو نێوەندەدا دەبنە قوربانی. شتێک فێربووم لەم کوردستانەدا، بەوەی هیچ سـیاسـەیەک نییە، سـیاسـەت بکات بێئەوەی پەنجەکانی خۆی نەخاتە گووی خوێناوی گەندەڵییەوە، هیچ ســـیاســـیەک  پلەیەکی بەرز وەرنـاگرێت  گەر بە پلەکانی گەوادیی و لەشـــفرۆشـــیدا سەرنەکەوێت. هیچ وەزیرێک نابێت بە وەزیر گەر نەبێتە قەشمەری بنەماڵە ســـیاســـیەکانی ئەم حیزبانە. هیچ پەڕلەمانتارێک ناچێتە کەرگەوزە پەڕلەمانیەکەوە گەر ڕۆژانە نەبێتە کیســـەی تڕ و تس و میزی زوهری ژن و پیـاوەکـانی حیزب. ئـاوەهـا بـاش دەزانم کە گرنگیدان بەمنیش دوای ئەم چەند مانگە ئاوارەییەم لەم کۆشـکەدا، جەولەیەکی تری نوێیە، کە لەو بڕوایەدام ئەو شـــەڕەیە کاتی خۆی خاڵە گەورەی میهرەبان لەسـەردانماندا بۆ لای عەرەفات، لەڕاڕەوی خەستەخانەی پێرسێی پاریسی، پێگووتم ``دەخیلتم مۆپسی پاشا،

گەر منیان هێنا بۆ ئێرە، زانیت چیرۆکەکەی عەرەفاتیش لە مندا دووبارە دەبێتەوە. دەخیلتم پاشا گیان، هەر کەزانیت شەڕە سەگی مەکتەب سیاسیەکان و خەسوو و ژنەکەم هەڵگیرساوە، ئەوە بزانە دوای ماوەیەک سەرەی تۆش دێت. پێش ئەوە تۆ دەست بوەشێنە و هەموو شتێک بگێڕەوە کە من بۆتم گێڕاوەتەوە. دەخیلتم مووی لێ مەپەڕێنە وەک خۆی بەهەموو پیس و پۆخڵیەوە بیگێڕەوە. ئاخر گەندەڵی بۆگەنە، شتی بۆگەنیش بە زمانی ڕازاوە باسناکرێت. وەک خۆی بیگێڕەوە، گۆشتی لاشەکەی منیان لێ بکە بەقوزەڵقۆڕت. ئا، مۆپسی گیان، بیرت نەچێت لە ئاهەنگی ماسیی برژاندنەکانمانەوە دەستپێبکە.``

ئێستاش شەڕی نێوان مەکتەب سیاسییە دایکخۆگێیەکان و هوما خانم و گەلاڕێزان خانم دەمێکە دەستپێکردووە، بەلام هەموویان باش دەزانن گەر خاڵە گەورەی میهرەبان ئەمجارە تابووتەکەی بێتەوە، ئەوا شەڕی جرجی ئاودەستەکان لە دژی خانەوادەی خاڵە دەستپێدەکات. جرجی ئاودەستەکان لە فەرهەنگی خاڵە هیچیتر نییە جگە لە شوێنای کەسی دووهەم نەبێت، کە جێگرە چاوەڕوانکراوەکانن، ئەوانەش لەدوای دەرپەڕاندنی جێگرە ئەبەدییەکەی خاڵە، شابازی مچە گەڕ بۆ گردە غەمبارەکە، دابەشبوون بەسەر سێ جێگر کە چاویان لە شوێنەکەیەتی؛ یەکەمیان هوما خانمە و دووهەمیان دکتۆر شادومانی شازەمانە و سێهەمیان عەبەکوێری دەرمانفرۆشە.... دووان لەم جێگیرانە لە پێش ڕیزە جەڵدەکەی خاڵە لەلایەن خاڵ خۆیەوە دەستنیشانکران. هوما خانمیش لەگەڵ کەوتنی خاڵە و جەڵدەکانیدا خۆی کردە

جێگر و قسەکەری مێردەکەی. دیارە شتەکان گۆڕاون، بۆ نموونە دکتۆر شادومان شازەمان وەک جاران نەماوە، لەوەتەی خاڵە لەدەست قاچ کەوتووە، ئەویش بە پارەی پترۆدۆلار سنووری مەملەکەتەکەی لە دەمپانکەرەوە و لەشفرۆش و جنێوفرۆش و جرتلێدەکانی فروانتر کردووە بەجۆرێک وەک خۆی بەخۆی دەڵێت؛ کە بووە بەژمارەیەکی قورس لە هاوکێشەی ئەم حیزبەدا. بەڵام هوما خان لەوبڕوایەدایە کە ``دکتۆر شازەمان میزڵدانێکی فشە و بە میزی مۆپسی پاشا دەیخەینەوە شوێنی خۆی، بەڵام وەک ڕکابەری وەهمی بوونی هەبێت باشە``

ئەویتر کە جێگەی مەترسیە عەبەکوێری دەرمانفرۆشە کە وەک ئەختەبوتێک پەلوپۆیی لەناو بازرگانی دەرمان و مافیای تورکی و ناوچەکە تێکەڵ کردووە. تەنانەت ئیسلامیەکانی قاعیدە بە ئۆتۆمبێلی هێزەکەی ئەو، لە کوردستانەوە بەرەو بەغدا و لە ناوچەکانی باشوورەوە بۆ بەغدا بە جلی پێشمەرگەکانی هێزەکەی ناوچەی دەشتی قەراج، لە نێوان موسڵ و بەغدا دا دێن و دەچن. ئەمە جگە لەوەی ئەمریکییەکان دوای کەوتنی خاڵە لەخەستەخانەکەی پاریس، بەردەوام سەردانی دەکەن و کۆبوونەوەی لەگەڵدا دەکەن. بەڵام وەک لە ڕاڕەوی لەشفرۆشەکانی ئەم کۆشکەوە، تەنانەت لە قسەکانی نازەبۆتۆکساوی و مەلا سەعید و زەبور ئەڵمانی و فەقێ بلیخانۆفەوە بیستوومە، کە دکتۆر شادومانیش ئەو کەسە ئاسانە نەماوە کە هوما خانم و گەلاڕێزانی شەش قوز بەخۆی و دەزگا ئەمنیەکەیەوە وەها مەزندەی دەکەن. نەخێر، عەبەکوێری دەرمانفرۆش زۆربەی کات لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ ئەمریکی و مارێنزەکان زەنگ بۆ دکتۆر شادومان لێدەدات،

پێدەچێت ئەویش تەماعی کردبێتە شوێناکەی خاڵە وەک سەرۆکی مەملەکەت. ئاوەها جەولەیەکی تر لە ململانێی و ملشکاندن بەڕێوەیە، شەڕێکە لەسەر جەستەی خاڵە و پێدەچێت شەڕیش بێت لەسەر ڕاگرتنی سۆزی من و چ نەبێت فۆتۆگرتنێک لەگەڵ من بەهای خۆی هەبێت، بۆئەوەی جێگە فۆتۆ بەناوبانگەکەی هانز شنایدەر بگرێتەوە کە لە ستۆدیۆ بەرلینییەکەیدا چرکێندرا.

٦

ئێستاش شابازە پیر ڕۆژانە بۆ سەردانی هوما خانم و گەلاریزانی شەش قوز دێتە ئۆفیسەکەی حسە گووشۆر، بەلام ئەمجارە گەلاڕێزانی شەش قوز گەڕاندیەوە بۆ بازنەی یەکەم. بازنە دێرینەکەی خۆی وەک گووشۆری خاڵە، وەک کۆپی ترسنۆکی یەکەم، وەک گووپاکەرەوە سیاسیەکەی نێو مێژوو، وەک کەسی دووهەم، کە لە کەسی دووهەمدا بۆگەنی کردبێت. لەوەش سەیرتر ئەوەیە شاباز تائێستاش لەو وەهمەدا دەژی کە ئەو پاڵەوانێکی ئەم شۆڕشەیە، بەلام نازانێت نمایشکاری کولتوری پاڵەوانانی شۆڕش لە کۆنەستی ئەم میللەتەدا تەنها لەسەر پاڵەوانە کوژاوەکانی وەک سوارە هەژمار دەکرێت، نەک ئەوانەی بەڕێگەدا دەڕۆن. کورد دەمێکە ئەوە دەزانێت تەنها ئەوانە پاڵەوانن کە کوژراون، تەنها

ئەوانە لەنـاو کورد دا پـاڵەوانن، کە بڕوایـان وابووە؛ پێنج خولەک پاڵەوان بیت باشترە لەوەی بۆ ئەبەد وەک ترسنۆکێک بژیت.

ئاوەها بە پێچەوانەی شابازەوە کە تا ئێستا لەو وەهمەدا دەژی کە وەک پـاڵەوانێکی پیری غەمبـار دەمرێت، خـاڵە گەورەی میهرەبـان بـاش دەیزانی کە قەدەری مردنی ســـەر جێگە لەم شـــەڕی کوردبوونەدا تەنها بۆ ترســـنۆکەکانە. کوشـــتنی ناو شـــەڕگە و لاکۆڵان و بن بەرد و لێڕەوارِ و زیندانەکان، تەنها بۆ پاڵەوانەکانە و کەسیتر.

خـاڵە بەپێچەوانەی هەموو دەڵەکە ســـیاســـیەکـانی ئەم دونیـا کوردییەمان، کۆدی ئەم گۆلاوە ســـیاســـیەی دۆزیبۆوە. دەیزانی گۆلاوەکان بۆ پاڵەوانەکان نییە، گۆلاوەکانی دەســـەڵات تەنها بۆ ئەوانەیە کە دەزانن لەســـەر لەگەنی مردووەکان بژین، لەســـەر لێســـانەوەی ســـەرکەوتنە شـــکۆدارەکان خۆیان قەڵەو بکەن. هی ئەوانەیە وەک کرمی نـاو ڕیخۆڵەی دوانزە گرێ لەســـەر گوویی مێژوو دەژین و لێی نایەنە دەرەوە. لەمەدا خاڵە گەورەی میهرەبان، ئەو وانـانە فێربوو بوو، کە لەســـەردانەکـانیـدا بۆ لای خـاوەنی دووهەمم دوای دکتۆر ئیبەرهارد، پرۆفیســـۆری کوردلۆژیســـت عەبـدولڕەحمـان زەردەکی کە بە پـاشـــا نـاســـرابوو، ئـامـادەی دانیشـــتنەکانی دەبوو... دەبێت بیرتـان بهێنمەوە کە خاڵە گەورەی میهرەبـان، پرۆفیســـۆر زەردەکی وەک پـاڵەوانێـک دەبینی کە کوردبوون لای ئەو پـابەنـد بوو بە گرفتە قووڵەکـانی ڕۆحی جیهـانەوە، چونکە لای ئەو کوردبوون و پـاڵەوانبوون جودا ناکرێنەوە لەیەکتری. کوردبوون ئەو خەیاڵەیە ڕاپێچی شـەڕکردنت دەکات لەگەڵ جیهاندا. شـــەڕێک لە دژی دەموچاوە شـــاراوەکەی

دونیای مۆدێرن کە هیچیتر نییە جگە لە دونیای ئەو کۆلۆنیستە دێرینانە نەبێت، کوردی باشیان لەگەڵ کوردی کۆیلە و کوردی مردوودا، لەناو دۆکۆمێنتەکانی سیڤەر و لۆزاندا جێگیر کردووە. لێرەوە کوردبوون ئەو پاڵەوانبوونەیە لەدژی خەیاڵی کۆیلەبوون، لەدژی بوونت بە کەسی دووهەم لە جیهانی کەسە یەکەمەکاندا. لە دژی ئەو هەموو موخابەراتە هەمەڕەنگ و هەمە زمان و هەمە دەسەڵاتدا کە بەدووی کوردبوونەوەن، دەیانەوێت لەدواجاردا وەک کۆیلەیەکی بێ زمان، وەک ترسنۆکێکی بێ شوناس لە ناو مێژوویەکی ساختەدا درێژە بە ژیانی ڕیالستی خۆت بدەیت. لێرەوە `ڕیالیستی بوون` ئەو دەرمانە ئەقڵانیە مۆدێرنەیە کە دەیەوێت نەخۆشی کوردبوون لەناوببات، وەک عەبدولڕەحمان زەردەکی جارێکیان لە خانەکەی دکتۆر بنیامین ئیبەرهاردا گووتی`` کوردبوون ناسیونالیزمبوون نییە، بەڵکو پاڵەوانبوونێکە لە دژی تاریکی دونیا``

بیرمدێت، باشم بیردێت، ئەوسا کە خاڵەی گەنج لەبەرلینی ڕۆژهەڵات دەیخوێند، جارجارە بەسەردان دەهاتە بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەو زەمەنەش منیش وەک تاولەیەکی زیرەک و ئاقڵ لەباوەشی دکتۆر ئیبەرهاردی تەنیادا گوێم لەم قسانە دەگرت، ڕاستە ئەو زەمەنە من لە ئاستی تێگەیشتنیدا نەبووم بەڵام بۆنی ئەم قسانە لە لووتمدا، لە یادەوەریی بۆنکردنمدا، بۆ ئەم زەمەنەی ئێستای ئەم گۆلاویی گەندەڵیە، هەڵگرتبوو. ئەو بۆنە خۆشەی کوردبوون ڕۆحی منی لە گەندەڵبوون و گەندەبوونی ناو ئەم گۆلاوە پاراستووە. بۆنی کوردبوون لە باوەشی پرۆفیسۆر زەردەکیدا بۆنێکی پڕ ئارامی بوو. ئارامی پاڵەوانێکە، کە باش دەزانێت

کوردبوون وەک ئەو بەردەی سـیزیف وەهایە بەڵام بە دڵنیاییەکی ڕۆحییەوە لەسـەر شـانی دەنێت، کە دەکوژرێت ئاسـوودەیە بەوەی وەک پاڵەوانێک زۆر کورت ژیاوە بەڵام وەک ترسنۆکێک دەمی پان نەکردۆتەوە بۆ ژیـان. بۆنی کوردبوون سـەختە، چونکە خوێنی کوردیی سەخت و پڕ هەرا و کێشـەیە؛ کێشـەیە لەگەڵ هەموو دونیا، لەگەڵ خواکانی عەرەب و تورک و عەجەم و خواکانی ڕۆشـنگەری و مۆدێرنە. بیرمدێت جارێکیان پرۆفیسۆر عەبدولڕەحمان زەردەکی بە خاڵەی گووت ``خواکان کوردیان بەجێهێشـتووە بۆ چارەنوسـی خۆی، ئەوانەشـی بەدووی خواکانەوەن ئەوانەن بەدووی گۆلاوی ئەو دوژمنانەوەن، کورد تێدا، کۆیلەیەکی هەرزانە``

هەر بۆیە ئێسـتا دەزانم دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە ئەگەری ئەوە هەیە دەرخواردی هەوشـارەکانی کۆشـکەکانی دیکەم بدەن و وەک سـەگێکی کورد بمرم و نەبمە بەشـێک لە گۆلاوی دوژمنان. یاخود بە زیندوویی بەنزینم پێدا بکەن وەک چۆن چەند جارێک وایان لە پاسـەوانێکی گەلاڕێزانی شـەش قوزدا کردبوو، دوایش وەهایان بڵاوکردبۆوە کە لە خەمەکۆیدا خۆی سـووتاندووە و گەورەترین ماتەمینیان وەک قارەمانێکی شـۆڕش و حیزب، بۆ سازکرد. یاخود وەک ئەو پاسەوانە چاو شین و سوورکەلە قۆزەم لێ بکەن کە لە ژوورەکەی خۆیدا بۆی چوونە ژوورەوە و کوشـتیان، چونکە فێربوو بوو لەملاولەولا باسـی ئەوەی دەکرد کە چۆن هوماخانمی ژنی خاڵە گەورەی میهرەبان بەسـەرخۆشـی لە کاتی گانکردندا جنێوی بە خاڵە گەورەی میهرەبان دەدا و گوتوویەتی ``دەمێکە ورگە حەزیاکەی کێرە بچوکەکەی قووتداوە`` یاخود دەرزیەکی خامۆشبوونەوەم لێ دەدەن و خەفەم دەکەنەوە...

من ئێستا ڕۆحی پاڵەوان، ڕۆحی کوردبوونم لە خۆمدا هەڵگرتووە، چونکە دەزانم گووتنی ئەم هەموو ڕاســـتیە هیچیتر نییە جگە لە ئیمزاکردن نەبێت لەســەر وەرەقەی مردنی خۆم، بەڵام بەختەوەرم بەو مردنە چونکە وەک سەگێکی مۆپس، قەدەرم چووە ناو قەدەری کوردبوونەوە و لەوە تێگەیشـــتم، ئەوەی وەک کوردێک نەمرێت، بۆئەبەد وەک ترسنۆکێک لە قەبری بێگانەیەدا دەتۆپێت.

بیرمدێت دوای جیابوونەوەی دکتۆر ئیبەرهاردی جولەکە لە ژنە ئەڵمانەکەی، من و ئەو لە خانە بەرلینییەکەیدا پێکەوە ژیاین، تاوەکو ئەو ڕۆژی خۆی کۆشـــت و دکتۆر عەبدولڕەحمان زەردەکی منی بردە خـانەکەی خۆی و بوو بە خـاوەنم. ئیبەرهـارد وەک جوولەکەیەکی تەنها مرد، لە دوا نامەیدا بۆ دکتۆر عەبدولڕەحمان زەردەکی نوســـیبوویی ``قەدەری جوولەکە بوون و کوردبوون ژیانە بەتەنیایی وەک پاڵەوانێک لە دژی جیهان`` پاڵەوانانیش لەگەڵ دوو قەدەردا دەســـــتوپەنجە نەرمـدەکەن؛ مـردن و ترسنۆکەکان...

که باســی مردن دەکرێت، هەمیشــە بیر لەوە دەکەمەوە لەوەتەی من لەم ســـەر ئەم دونیایەم ئەوەم بۆ دەرکەوتووە، کە بۆچی خوا تـەمـەنی ئێمـەی کورت کردۆتـەوە و داویـەتی بـە مرۆڤ، چونکـە مرۆڤ پیسترین بونەوەری ئەم زەویەیە، تەنها لە مردنیدا، لە دوای شـــیبوونەوەی لە ڕێگەی کرم و مێرووەکـانەوە کـەرامـەتی پێ دەبەخشـــرێتەوە. ئەوە مێرووەکانن لاشـــەکەی شـــیدەکەنەوە و کەرامەتی هاوســەنگبوونەوەی لەگەڵ ســروشــت پێ دەبەخشــن.

مرۆڤ بە مردنی بۆ یەکەمین جار لەژیانیدا دەبێتە بەشـــێک لە ژیان و بەشـێک لە سـروشـت، دەبێتە پارچەیەک لە هاوسـەنگ ڕاگرتنی ئـەم زەویـە و چیتر ئەم زەویە بۆگەن نـاکـات بە کـارە ناقۆڵاکانی. من ئێسـتا دەزانم بۆچی خوا لە تەمەنی ئێمەی سـەگی کەم کردۆتەوە و سـاڵێکی سـەگ، حەوت سـاڵی مرۆڤە. بەمانای سـەگێکی دە سـاڵ بە پێوەری سـاڵی سـەگ، حەفتا سـاڵی تەمەنی مرۆڤە. خوا ئێمەی کردۆتە هاوەڵی مرۆڤ بۆئەوەی هاوسـەنگی دونیا ڕابگرێت، بۆئەوەی ئەو بونەوەرەی خوا کە ناوی مرۆڤە، لە سـاتەکانی غەفڵەتدا لەدەسـتی دەرچوو و خەڵقی کرد، کە وەفای ئێمەی بینی شـەرم لەخۆی بکات و تەریق بێتەوە. خوا ئێمەی لە خانەوادەکەمان، لە گورگ و چەقەڵ و ڕێوی و سـەگی کێویی جیاکردەوە بۆئەوەی ببینە هاوەڵی مرۆڤ. بۆئەوە بوو کە مرۆڤ لە ڕێگەی ژیانی لەگەڵ وەفاداری ئێمەدا، هاوسـەنگی مۆڕاڵی خۆی بدۆزێتـەوە، بـەڵام حـەیف، ئـەوەی لـە گـەندوگووی مـەخلوقاتی تر دروسـت بووبێت، هـەر دەبێتـەوە بـەگـەندو گوو. مرۆڤ ئـەو بونەوەرەیە لە پاشـماوەی قوڕ و گەندوگوویی بونەوەرانی دیکە دروست بووە و خوا ناوی نا مرۆڤ، هەر کە کەوتە سـەرپێیەکانی بەدفەڕ و بێمانا و بەد ئەخلاق بوو.

دیارە ئەوەی خوا خەڵقی بکات و لەساتێکدا ئیرادەی ئەوی لەسـەر بێت گەڕانەوەی نییە، وەک ڕووبارێک وایە بەیەک ئاڕاسـتەدا دەڕوات. بیرمدێت، کاتێک گوجیلەیەکی نەرم و خڕ و ناسـک بووم لە ماڵی دکتۆر ئیبەرهارد، زەمەنێک هێشـتا غەمباری نەهاتبووە ژیانمـەوە، دڵ سـاف و منداڵ بووم و گوێم لـە ئامۆژگاریی و

چیرۆکـەکـانی دایکم دەگرت کـە بۆ من و براو خوشـــکـەکـانمی دەگێڕایەوە، دایکم دەیگووت؛ لە کۆنەوە دەڵێن کە خوای میهرەبان تەمەنی بەسـەر هەموو بونەوەرەکاندا دابەشکرد، تەنها مرۆڤ بوو گلەیی هەبوو. گلەیی کرد کە بیسـت و پێنج سـاڵ بۆ ئەو لەسـەر زەوی زۆر کەمە، خوا گووتی؛ تازە ئەوەی بەخشـــیومە و خەڵقم کردووە گـەڕانـەوەی بۆ نییـە. بـەڵام مرۆڤ زۆر دەگری و دەپـاڕێتـەوە، هـەربۆیـە خوای میهرەبـان چـارەســـــەرێکی بۆ دەدۆزێتـەوە، پێیدەڵێت؛ بڕۆ بۆ لای هـەر بونـەوەرێکی تر، چـەندە تەمەنی خۆی بەخشـی بەتۆ، من دەیخەمە سـەر تەمەنت... مرۆڤ دەڕوات بۆ لای ئەسـپ و لێی دەپاڕێتەوە، ئەسـپی ئیشـکەر و ئازا بیست و پێنج ساڵ تەمەنی خۆی دەداتێ. دەچێت بۆ لای سـەگ و سەگیش بیست و پێنج ساڵی تەمەنی خۆی پێ دەبەخشێت، دەچێت بۆلای مەیمون و ئەویش بیست و پێنج ساڵی دیکەی بە دیاریی پێ دەبەخشـێت، بەمەش سـەد سـاڵ تەمەن بۆ خۆی زامن دەکات. مرۆڤیش خۆی بکوژێت هەر سـەد سـاڵ بڕ دەکات، ئەویتر لە ناو زۆنگـاوەکـانی پەکەوتەییـدا بـەســـەر دەبـات. ئـاوەهـا مرۆڤ بـەخۆشــــحاڵیەوە دەگـەڕێتـەوە بۆ لای خوا و پێیدەڵێت ``ئـەوە حەفتاو پێنج سـاڵی ئەسـپ و سـەگ و مەیمون، بەوەی خۆمەوە دەکاتە سـەد ساڵ`` چیرۆکەکە بەمجۆرە بەردەوام دەبێت بەوەی، خوای میهرەبـان داوا لـەم مرۆڤ دەکـات بیربکـاتـەوە، چونکـە کـە تـەمـەنی بونـەوەرانی تری خســـتە ســـەر تـەمـەنی مرۆڤ، ئیدی بەخشـین و قەدەری خوا ناگەڕێتەوە. مرۆڤ بەتەماعە، سپڵە و بێ وەفایە، بێ وەفایە و خڵتەیەکی ناشـرینە لە پاشـماوەی بونەوەرانی دیکە، هـەربۆیـە تـەمـاع چـاوی کوێرکردووە و مردن نـابینێت، ڕۆح

نـابینێت، بوون نـابینێت... وەک دەڵێن؛ خوا هـەر ســـەد ســـاڵ تەمەنەکەی بەمرۆڤ بەخشی، بەڵام کاتێک مرۆڤ دەیەوێت بڕوات، خوا پێیدەڵێت وەرە با دوا قسـەی خۆمت پێ بڵێم `` ئیدی تۆ تەنها بیســت و پێنج سـاڵ وەک مرۆڤ دەژیت، لە بیســت و پێنجەوە تا پەنجا سـاڵی وەک ئەسـپ کاردەکەیت و ڕەنجدەدەیت بۆ ژیانت، لە پەنجاوە وەک ســـەگی هار بە ئەم و ئەو دەوەڕیت، لە حەفتا و پێنجەوە وەک مەیمون هەڵقوونە دەکەیت و دەمریت``

جا من لەو بڕوایەدام، خوای گەورە جودا لەهەموو بونەوەرەکان تەمەنی سـەگی هاری بەخشـیووە بە ئەم گووشـۆرە سـیاسـی و دەمپـانکەرەوانەی حیزب و مەکتەب ســـیـاســـیە دایکخۆگێ و لەشــفرۆشـــە پیســـخۆرانەدا. ســـەیر نییە مرۆڤ لە گەندوگووی ئاژەڵانی تر دروستبووبێت، بەجۆرێک کە خۆشی بووبێتە پاشماوە فڕێدراوەکەی هەموو ئەوم بونەرانە، بەجۆرێک نە کەس هاوڕێی بێت و نـەخۆشـــی هـاوڕێی خۆی بێت، بیســـتوومـە شـــابـاز گوتوویەتی``لە بەیانەوە تا نیوەڕۆ ڕقم لەخۆمە، لە نیوەڕۆشەوە تا خـەوتن ڕقم لـە خـاڵـە یـە `` چ نەبێت خوا بەهرەیەکی بە ئێمەی ئـاژەڵان بەخشـــیوە کە لە مرۆڤدا بوونی نییە، ئەویش ئەوەیە، چ نەبێت ئێمە هاوڕێی خۆمانین.

بە پێچەوانەی ئەو گەنجە ڕۆمانسـیە خەوبینەرانەی لە حەفتاکان و هەشـــتاکاندا لەو ســـنوورە ســـەخت و بن شـــاخ و نوا و زیندانە نسرمەکاندا کوژران. گەر من، مۆپسی پاشـا، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم یـادەوەریـانەم کوژرام، ئەوا منیش وەک ئەو پـاڵەوانـانە، وەک وەک هــاوڕێی خودی خۆم، دەکوژرێم. بەڵام ڕێگەم بـدەن ئەم

ماوەیە چێژ لە گەڕانەوەم بۆ ژوورەکەم وەربگرم. چونکە چەند ڕۆژێک لەوبەر گوێم لە گەلاڕێزان و هوما خان بوو لەگەڵ خەستاخەنە پاریسیەکە قسەیان دەکرد، زوو زوو ناوی پرۆفیسۆر (ڕۆبەرت پێریی)یان دەبرد، ئەوەندەی لە ئینگلیزییە شکاوەکەیان تێگەیشتم ئەوە بوو، کە باسی چەند ملیۆن دۆلاریکیان دەکرد لە بەرامبەر ئاشکرا نەکردن و هێشتنەوەی لاشەکە لە بەفرگری مردووندا بۆ ماوەیەکی دیکە تاوەکو خۆیان ئاگاداری دەکەنەوە. تەلفۆنەکە لای ئەوان باسێکی غەمبار نەبوو، بەڵکو مژدەیەک بوو بزەی خستبووە سەر لێوانیان. چەند ڕۆژێکی تر تێپەڕی و دیسانەوە (پرۆفیسۆر پێریی) بەرێوبەری خەستەخانە تەلفۆنی دەکردوە و کەوتنەوە ڕەدەڵ و بەدەڵ لەسەر ئەو نرخەی جارەکەی تر لەسەری ڕێکەوتبوون. ئێستاش لەگەڵ تێپەڕبوونی کات پرۆفیسۆر پێریی داوای پارەی زیاتری دەکات، ئەوانیش بیر لەوە دەکەنەوە چەند سەد هەزار دۆلاریکی دیکەی بۆ زیاد بکەن...

ئیدی لەوەتەی گوێم گوێم لەو تەلفۆناتە بووە ئارامم لێ براوە، چونکە دەزانم تازە خاڵە گەورەی میهرەبان، هاوڕێی تەمەنم، ڕۆحی گەورەی دونیای فانی بەجێهێشتووە. هەربۆیە خۆم پێ ناگیرێت و ماوەیەکە زۆر دەلورێنم بەجۆرێک کە شنە قۆنەرە دوێنی هاتە ژوورەوە بۆم و پاژنە بەرزییەکەی داکەند و تێیگرتم، منیش لە پەنجەرەکەوە ڕامکردە دەرەوە. ئیدی دەزانم ئاوارەییەکەی تر یان چ نەبێت جەولەیەکی تر سەر مێزە ماهاگۆنیەکەی کەروگەوزی مەکتەب سیاسیە دایکخۆگییەکان چاوەڕێم دەکات. هەربۆیە ئێستا کە دوا بەشی ئەم یادەوەرەیەتان

بۆ دەگێڕمەوە خۆم لە ســـــووچێکدا خپکردووە، بۆ خۆم و بۆ ئەم کوردە داماوە، بۆ خاڵە گەورەی  میهرەبان دەگریم.

 ئاخ سـەد ئاخ، کە نازانم ئێسـتا لاشـەکەی خاڵە گەورەی میهرەبان لە چ بەفرگرییەکەدایە، بەڵام ئەوەندە  تێگەیشـتم کە خاڵە گەورە لە من  هەوشارەکان ڕۆیشت، هەربۆیە لە سووچەکەی خۆمەوە وەک ئەوجارە کە بۆ گەنجە کوژراوەکانی چاڵدێران لوراندم، ئاوەها ئەمجارە بۆ خاڵە دەلورێنم، بەجۆرێک، هەوشارە پیرەکان لە کۆدی ئەم  لورەیەم تێگەیشـتن کە لورەیە بۆ خاڵە گەورەی میهرەبان، بۆ ورگە حەزیاکەی، بۆ پێکەنینەکانی، بۆ ویســـکی خواردنەوەی و بۆ ئـاخ ســـــەد ئـاخەکەی و  ئەو ڕۆژەی  من و ئەو کە لە بەرلین یەکترمان ناســی. بۆ ئەو ڕۆژە باراناویە بەرلینیەی  من و ئەوە لە ســـــتۆدیۆکەی هـــانز شـــــنـــایـــدەری هـــاوڕێی خـــاڵە کە فۆتۆ بەناوبانگەکەمان گرت. ئەو فۆتۆیەی خاڵە منی لەباوەشـــــدایە و هەردووکمان بە بزەوە ســــــەیری کامێراکە دەکەین. ئەو فۆتۆیەی تاوەکو ئەم چرکەســــاتە زیاتر لە چوار ملیۆنی بەســــــەر دیواری فەرمانگە و دەزگا و قوتابخانە و بارەگای حیزبەکان و تەنانەت بەسەر دیواری ئاوەدەستخانەکانی ئەم نیشتمانەوەن.

بێگومان گەر زەمەن ئەم مۆپسـی پاشـایە بهێڵێتەوە ئەوا لە کتێبی دووهەم و سێهەمی ئەم یادەوەریانەمدا یەکدەگرینەوە. وەک گووتم گەر خەفەم نەکەن بەشـێوەیەک لەشـێوەکان، کە دەشـزانم لەگەڵ منیشــــدا هەر ســـێ هەوشــــارە پیرەکەی هاوڕێی من و خاڵەش دەکوژن و چیرۆکی من و خاڵە و فۆتۆکەش بۆئەبەد دەچێتە گۆمی

لەبیرچوونەوە. بەڵام تا هەناســـەم مابێت من وەســـیەتەکەی خاڵە جێبەجێدەکەم و هەمووی دەگێڕمەوە وەک خۆی. باشـــتریشـــە لە ســـــەگێکەوە هەقیقەتی خۆتان و گەندەڵیەکەتان بزانن، چونکە لەو بڕوایەدام هیچ ژن و پیاوێک لەم مەملەکەتەدا توانای ئەوەیان نییە وەک من بەزمانی گەندەڵی ڕووداوەکان بگێڕنەوە کە تەنها زمانێکی پیس و پۆخڵە و هیچیتر. نەک لەبەرئەوەی کەس ئازایەتی ئەوەی نییە لەم مەملەکەتەدا و تەنها ســـەگێک پاڵەوانێکە، خوێنی خۆی خســـتۆتە کاســـەی ســـیاســـیە دایکخۆگێ دەمپانکەرەوەکانی ئەم گەندەڵســـــتانەوە. نەخێر، هۆکارەکەی ئەوە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە کۆی ئەم میللەتە تاوەکو بینەقاقایان لەناو زەلکاوی گەندەڵیدا نقوومبووە. تەنانەت نانێک نەخەنە گوواویی گەندەڵییەوە بۆیان قووت ناچێت، ئاوێک پڕ نەبێت لە میزی زوهری گەندەڵی، تینوێتیان ناشکێنێت. هەربۆیە من، مۆپسی پاشا، وەک پاڵەوانێک بەتاقی تەنێ ماومەتەوە و بە ڕۆحی کوردبوونەوە ســـــەرقاپی ئەم زێرابە هەڵدەدەمەوە. وەک خاڵە دەیگووت؛ ئەم میللەتە جگە لە بۆڵەبۆڵ و گووخۆری نەبێت، هیچی تریان پێ ناکرێت.

تەواو

ئەڵمانیا – بۆن - زەمەنی کۆرۆنا ` ســەرەتا نەورۆزی ٢٠٢٠ – ئاپریلی ٢٠٢١`

# Corruption

Ismail Hamamin Hamalaw

Novel

## چاپکراوەکانی نووسەر

ئەودیوسنوور، ڕۆمان، ٢٠١١

گۆشەگیری، ڕۆمان، ٢٠٢٠